# مێژووی ئەدەبی کوردیی

## قوناغ و قوتابخانەکانی

# ١

## قوتابخانەی ئەدەبی پەهلەویی

# مێژووی ئەدەبی کوردی

## قۆناغ و قوتابخانەکانی

# ١

## قوتابخانەی ئەدەبی پەهلەوی


بە سەرپەرشتی: پ.د.عوسمان دەشتی

د. فەرهاد عەزیز خۆشناو
ئەندازیار: ڕزگار جەباری

د. ئارمان حوسەینی ئاباریکی
د. پەروین مەحمود وەیسی



٢٠٢٥زایینی
٢٧٢٥کوردیی

- ناوی کتێب: مێژووی ئەدەبی کوردیی _ قۆناغ و قوتابخانەکانی
- بابەت: مێژووی ئەدەب
- نووسەر: د. عوسمان دەشتی و هاوکارانی
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
- نەخشەسازی: عیسام موحسین
- چاپ: چاپخانەی تاران
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٩٧٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی کەسایەتیی ڕووناکبیر و نیشتیمانپەروەری کورد**
**بەڕێز فاروقی مەلا مستەفا چاپکراوە.**

## ناوەرۆک

**پێشەکیی** ........................................................................ ل ١٥

**دەروازە**

**د. عوسمان دەشتی**

**(١)**

**یەکەم: سێ پلەی مێژوویی ئەدەبیاتی کوردیی**.................................. ل ٢١

١.١. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی .

١.٢. ئەدەبی میللی کوردیی .

١.٣. ئەدەبی نووسراوی کوردیی .

**دووەم: دوو سەردەم لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا** ..................... ل ٢٤

٢.١. ئەدەبی کۆنی کوردیی .

٢.٢. ئەدەبی کلاسیکیی کوردیی .

**قوتابخانەکانی ئەدەبیی کوردیی** ........................................................... ل ٢٥

پاساوەکانی ئەم جۆرە دابەشکردنە .

**مێژووی ئەدەبی کوردیی لە چوارچێوەی چوار قوتابخانەی ئەدەبیدا**...ل ٣٤

**(٢)**

**لەبارەی ڕاستی و دروستی ئەم میتۆدەوە** ........................................ ل ٣٥

**قوتابخانەی ئەدەبیاتی : پەهلەویی : گۆرانیی : کرمانجیی: بابانیی**.. ل ٣٦

**(٣)**

**چوارچێوەی مێژوویی و ساڵنامەی قوتابخانەکان** ............................ ل ٤٤

**سێیەم: قۆناغی ئەدەبیاتی نوێی کوردی** ............................................ ل ٤٦

٣.١. قۆتابخانەی ئەدەبیی نوێی کوردیی/١٩٠٠ – ١٩٧٠ .

٣.٢. قۆتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی کوردیی/ ١٩٧٠ – ١٩٩٠

٣.٣. قۆتابخانەی ئەدەبیی کوردیی سەردەم / ١٩٩٠ –

سەرچاوەکان ............................................................................................ ل ٤٩

## بەشی یەکەم

## مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا

**د. فەرهاد عەزیز خۆشناو**


**پێشەکیی** .................................................. ل ٥٥

**پێشینەی مێژوویی زمان و ئەدەبی کوردیی** ..................... ل ٥٨

**قۆناغی کۆنی زمان و ئەدەبی کوردیی** .......................... ل ٦٠

دەورەی یەکەم: سەردەمی زار و ئەدەبی سۆمەریی .................. ل ٦٣

دەورەی دووەم: ئەدەبی زاری گوتیی .............................. ل ٧٤

دەورەی سێیەم: ئەدەبی هیتیی – میتانیی ........................ ل ٧٧

دەورەی چوارەم: ئەدەبی میدیایی (ئاڤێستایی) .................... ل ٨٣

قۆناغی زار و ئەدەبی ئاڤێستایی ................................ ل ٩٦

**زمان و ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی ناوەڕاستدا** ................. ل ١٠٥

**دەقی درەختی ئاسووریک** ..................................... ل ١١١

**دەقی ڤەرەهرامی هەرژیوەن** ................................... ل ١١٥

**قۆناغی نوێی زمانی و ئەدەبی کوردیی** .......................... ل ١١٩

**سەرچاوەکان** ................................................. ل ١٢٢


## بەشی دووەم

## شیعری فەهلەویات – قۆناغێک لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی

**ئەندازیار: ڕزگار جەباری**


**پێشەکیی** .................................................. ل ١٢٩

**فەهلەویی** .................................................. ل ١٢٩

**شیعری فەهلەویات** ........................................... ل ١٣١

**زمانی شیعریی فەهلەویات** .................................... ل ١٣٣

**کێشی شیعریی فەهلەویات** ..................................... ل ١٣٨

**جۆرەکانی شیعری فەهلەویات** .................................. ل ١٤٠

ئەورامەن .
شەروینان.
**ناوەرۆکی شیعری فەهلەویات** ........................................................ ل ١٤٤
**شێوازی ساغکردنەوەی شیعری فەهلەویات** .................................... ل ١٤٧
**بەشی یەکەم: شیعری فەهلەویاتی هەرێمی پەهلە:** ........................... ل ١٤٩
١. ئەبولعەباسی نەهاوەندی (؟ - ٩٣٤ز) .
٢. بونداری ڕاژیی (؟ - ١٠١٠ز) .
٣. کافیی کەرەجیی (سەدەی ١٠ و ١١ز) .
٤. موڕشید سیمینە (سەدەی ١٠ و ١١ز) .
٥. خوجەندیی (؟ - ١١٥٧/١٢/٤ز) .
٦. کەمالەدین ئیسماعیل ئیسفەهانیی (؟ - ١٢٣٨ز) .
٧. نەجمەدین دایە (١١٧٧ – ١٢٥٦ز) .
٨. مەولانا شێخ فەخرەددینی لوڕ (سەدەی ١١ و ١٢ز).
٩. ئەبولماجیدی ڕایگانیی (سەدەی ١٣ز) .
١٠. هەمگەر (١٢١٠ – ١٢٨٧ز) .
١١. ئەسیرەددینی ئومایني (سەدەی ١٢ و ١٣ز) .
١٢. ئوتایج (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
١٣. عیزەدین هەمەدانیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
١٤. چەشنیی (١٣١٩ز لە ژیاندا بووە) .
١٥. ئەوحەدی مەراغەیی (١٢٥٧ – ١٣٣٨ز) .
١٦. جولاهە ئەبهەریی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
١٧. جەمالەدین رستق القطنی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
١٨. عوبەیدی زاکانیی (١٣٠٠ – ١٣٧١ز) .
١٩. پیر جەمالی ئەردستانیی (؟ - ١٤٧٤ز) .
٢٠. مەحویی هەمەدانیی (١٥٢٤ – ١٦٠٧ز) .
٢١. شێخی بەهایی (١٥٤٧ – ١٦٢١ز) .
٢٢. خواجە شادان (؟) .

٢٣. میرزا حیسابیی (سەدەی ١٧ز) .
٢٤. نەزری شای ڕەزایی (سەدەی ١٧ز) .
٢٥. میرزا قولی مەیلیی (سەدەی ١٧ز) .

**بەشی دووەم: فەهلەویاتی هەرێمی ئازەربایجان: ............................ ل ١٩٢**

١. کوجو جانیی (؟ - ١٢٧٩ز) .
٢. شێخ سەفیدینی ئەردەبیلیی (١٢٥٢ – ١٣٣٤ز) .
٣. پیرە چەنگیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
٤. هومامی تەبرێزیی (١٢٥٨ – ١٣٣٦ز) .
٥. بانووی باغەبان (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
٦. مەهان کەشفیی (١٣٣٤ – ١٣٩١ز) .
٧. عەبدولمەجیدی تەبرێزیی (سەدەی ١٤ز) .
٨. حاج ئەمینەدین بلەی تەبرێزیی (سدەی ١٤ز) .
٩. ماما عیسمەت (سەدەی ١٤ و ١٥ز) .
١٠. شەمسی مەغریبیی (١٣٤٨ – ١٤٠٦ز) .
١١.پیر حاجی حەسەنی زەهتاب تەبرێزیی (سەدەی ١٤ و ١٥ز).
١٢. بەدر شێروانیی (١٣٨٧ – ١٤٥٠ز) .
١٣. مەولانا یەعقوبی ئەردەبیلیی (سەدەی ١٦ز) .
١٤. مەعالیی (؟) .
١٥. ئادەم (؟) .
١٦. خەلیفە سادق (؟) .
١٧. ڕاجیی (؟) .

**بەشی سێیەم: شیعری فەهلەویاتی هەرێمی فارس: .................. ل ٢١٩**

١. شێخ ئەبوو ئیسحاقی کازروونیی (٩٦٣ – ١٠٢٣ز) .
٢. شێخ ڕوزبەهانی بەقەلیی (١١٢٨ – ١٢٠٩ز) .
٣. سەعدی شیرازیی (١٢١٠ – ١٢٩٢ز) .
٤. قوتبەدین شیرازیی (؟ - ١٣١٠ز) .

٥. سەید جەلالەدین تەبیبی شیرازیی (؟ - ١٣٤٣ز) .
٦. ناسرەدین خەتیب شەفعەویی (سەدەی ١٤ز) .
٧. پوس ناسر (؟ - ١٣٦١ز) .
٨. حافیزی شیرازیی (١٣١٥ – ١٣٩٥ز) .
٩. بوسحاق ئەتعیمە (؟ - ١٤٣٦ز) .
١٠. قاری یەزدیی (١٤٦٢ز لە ژیاندا بووە) .
١١. پور فەرەیدوون (سەدەی ١٤ و ١٥ز) .
١٢. شاهـ داعیی (١٤٠٧ – ١٤٦٥ز) .
١٣. ئەبولفتوحی تاوسیی (١٣٨٨ – ١٤٦٦ز) .

**فەهلەویاتی خاوەننەزانراو:** ........................................................ ل **٢٤٠**

١. نامەکانی عەینولقوزاتی هەمەدانیی (١٠٩٨ – ١١٣٠ز) .
٢. دەستنووسێکی (سەدەی ١٤ز) .
٣. مونس العشاق (سەدەی ١٢ و ١٣ز) .
٤. فەهلەویاتی "صار" (سەدەی ١٤ز) .
٥. ڕاژی (سەدەی ١٥ز) .
٦. راحة الصدور و آیة السرور (سەدەی ١٣ز) .
٧. التدوین فی أخبار قزوین (سەدەی ١٣ز) .
٨. مجمع الفوائد (سەدەی ١٣ز) .
٩. المعجم فی معاییر أشعار العجم (سەدەی ١٣ز) .
١٠. تذکرة الشعرا (سەدەی ١٣ز) .
١١. شیعرێکی تەورێزیی (سەدەی ١٣ز) .
١٢. سەفینەی تەبرێز (سەدەی ١٣ز) .
١٣. جامع الألحان (ساڵی ١٤١٥ز) .
١٤. کتێبێکی عیرفانیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) .
١٥. دەستنووسەکەی قۆنیە (سەدەی ١٥ز) .
١٦. دەستنووس .

**تاک – دێرە خاوەننەزانراوەکان** ............................ ل ٢٦٦
**تێکستی دیکەی پەیوەندیدار بە زمانی کوردییەوە** .................... ل ٢٦٩
١. دەقێکی کۆن (سەدەی ١٢ز) .
٢. دوو چامە (سەدەی ١٤ز) .
سەرچاوەکان ........................................ ل ٢٧٣

## بەشی سێیەم
## باباتاهیری هەمەدانیی – پیری شاعیرانی کورد
**د. آرمان حسینی آبباریکیی          وەرگێڕانی: د. قادر وریا**

**١. پێشبار** ........................................ ل ٢٨٧
أ. بابەتایەر و "طاهر جصاص همدانی" ..................... ل ٣٨٨
ب. وێنەی بابەتایەر لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا .................. ل ٢٩١
**٢. ناو و ناوبانگ** ........................................ ل ٣٠٣
**٣. بابەتایەر و پووری فەرەیدوون** ............................ ل ٣٠٨
**٤. ساڵی لەدایکبوون و وەفاتی بابەتایەر** ..................... ل ٣١١
**٥. بابەتایەر لە بەرهەمەکانی نووسەرانی پێشتردا** ................. ل ٣١٦
**٦. زێد و شوێنی وەدیارکەوتنی بابەتایەر** ...................... ل ٣١٩
**٧. مەزارگەی بابەتایەر** ........................................ ل ٣٢٤
**٨. بەرهەمەکانی بابەتایەر** .................................. ل ٣٢٨
٨. ١. دوو بەیتییەکان ........................................ ل ٣٢٨
٨. ٢. کلمات قصار ........................................ ل ٣٢٨
٨. ٣. سەرئەنجام ........................................ ل ٣٣٢

**توێژینەوەیەک لەسەر کێشی فەهلەویات** ............................ ل ٣٣٦
**١. دەروازە**
**٢. پێشەکیی**
**٣. شارەکانی پەهلەوییەکان** .................................. ل ٣٣٧
**٤. پانتایی بڵاوبوونەوەی فەهلەویات** ............................ ل ٣٣٨

**٥. کێشی فەهلەویات** ........................................ ل ٣٤١
٥. ١. کێشی شیعر لە پێش ئیسلامەوە ........................................ ل ٣٤١
٥. ٢. کێشی شیعر پاش ئیسلام ........................................ ل ٣٤٢
٥. ٢. ١. فەهلەویات بە کێشی عەرووزی ........................................ ل ٣٤٧
٥. ٢. ٢. فەهلەویات بە کێشی بڕگەیی ........................................ ل ٣٥٠
٥. ٢. ٢. ١. هۆنراوە کوردییەکان ........................................ ل ٣٥٠
٥. ٢. ٢. ٢. تەبەریی (دوازدە هەتا چواردە بڕگەیی) ........................................ ل ٣٥٤
٥. ٢. ٢. ٣. گیلەکیی (دوازدە و سێزدە بڕگەیی) ........................................ ل ٣٥٦
**٦. قسەی کۆتایی** ........................................ ل ٣٥٧
**پەراوێزەکان** ........................................ ل ٣٥٨

**تایبەتمەندییە زمانی و ڕێزمانییەکانی دووبەیتییەکانی بابەتایەر .... ل ٣٥٩**
**١. پێشەکیی** ........................................ ل ٣٥٩
**٢. زمانی بابەتایەر** ........................................ ل ٣٦٠
**٣. ناسینەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر** ........................................ ل ٣٦١
٣. ١. دووبەیتی شاعیرانی دیکە لەناو شیعرەکانی بابەتایەردا . ل ٣٦٢
٣. ٢. جێناوی کەسی یەکەم تاک (بکەر و نابکەر) .
٣. ٣. کاری ڕابردووی تێپەڕ .
٣. ٤. کردارەکانی زاری گۆرانی .
٣. ٥. کردارە لەکییەکان .
**٤. دەستکارییکردنی دووبەیتییەکانی بابەتایەر** ........................................ ل ٣٨٠
٤. ١. گۆڕانی "ان" بە "ون" و "ام" بە "وم" .
٤. ٢. گۆڕانی "مە" (جێناوی کەسی یەکەم) بە "مو" و "م"ی پێش کەسرە (ژێر/ مکسور) بە "م"ی پێش "مضموم" (بۆر).
٤. ٣. گۆڕانی ئامرازی "اژ . اج" بە "از" .
٤. ٤. گۆڕانی واوی مەجهول بۆ نیمچە بزوێنی "ە" .
٤. ٥. گۆڕانی جێناوی "تە" بۆ "تو" .

٤. ٦. بێژەکردنی "ڵ"ی خەست بە شێوەی "ل"ی ئاسایی .
٤. ٧. بێژەکردنی بزوێنی "أی" (Ü)بە شێوەی بزوێنی درێژی"و" (û)
٤. ٨. بێژەکردنی "ی" مەجهولە(ê)بە شێوەی بزوێنی درێژی"ای" (آ).
**کتێبناسیی بابەتایەری هەمەدانیی ............ ل ٣٨٧**
١. پێشەکیی ............ ل ٣٨٧
٢. وتارەکان ............ ل ٣٨٨
٣. کتێبەکان ............ ل ٤٠٩
**کتێبنامە............ ل ٤١٥**
أ. کتێب ............ ل ٤١٥
ب. توێژینەوە ............ ل ٤٢٠

## بەشی چوارەم

## کاریگەری باباتاهیر لەسەر ئەدەبیاتی گۆران و بیروڕای یارسان

**د. پەروین مەحمود وەیسی**

**پێشەکیی ............ ل ٤٣١**
**پێشینەی باباتاهیر ............ ل ٤٣٣**
**دەستنووسەکان ............ ل ٤٣٧**
**ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ............ ل ٤٣٩**
**ئیشی زمانەوانیی مێژوویی لەسەر شیعرەکانی باباتاهیر ............ ل ٤٤١**
**زمانی گۆرانیی و سەرهەڵدانی ئەدەبی گۆران ............ ل ٤٤٨**
**پیر شالیار ............ ل ٤٥١**
**تایبەتمەندیی کولتووریی و زمانەوانیی فەهلەویی، ئەورامە و ئەورامەنان............ ل ٤٥٩**
**وەزنی هۆنراوەکانی گۆرانیی ............ ل ٤٦٤**
**ئەورامە و ئەورامەنان ............ ل ٤٦٨**
**نووسینەوەی کەلامەکانی یارسان ............ ل ٤٧٥**

جێپێی گۆران لەناو کتێبە مێژووییەکاندا ........................ ل ٤٧٨
باز و شاباز لە هۆنراوەکانی باباتاهیر و یارساندا ........................ ل ٤٩٢
دوا وتە ........................................................................ ل ٤٩٨
سەرچاوە فارسیی و کوردییەکان ........................................ ل ٥٠٠
سەرچاوە ئینگلیزیی و ئەڵمانییەکان ........................................ ل ٥٠٣


## بەشی کۆتایی

### د. عوسمان دەشتی


بابەتاهیرناسیی کوردیی ........................................................ ل ٥٠٧
یەکەم: بابەتاهیرناسیی ئەوروپیی .............................................. ل ٥٠٩
دووەم: بابەتاهیرناسیی ئێرانیی ............................................... ل ٥١٠
سێیەم: بابەتاهیرناسیی کوردیی ................................................ ل ٥١١
بابەتاهیری هەمەدانیی لە کتێبەکانی (مێژووی ئەدەبی کوردیی)دا ل ٥١٩
بابەتاهیری هەمەدانیی لە کارە زانستییەکانی د. ئیبراهیم ئەحمەد شواندا........................................................................ ل ٥٢٧
مامۆستا هەیاس کاکەیی و کار و خەبات و نووسینەکانی لەمەڕ بابەتاهیر........................................................................ ل ٥٣٠
سەنتەری لوڕ و فێستیڤاڵی بابەتاهیری لوڕیی هەمەدانیی ............ ل ٥٣٢
وتار و بابەت و لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتاهیر.............................. ل ٥٣٤
وتار و لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتاهیر بە زمانی عەرەبیی ............. ل ٥٣٨
بابەتاهیرناسیی بە زاری کرمانجیی و ڕێنووسی لاتینیی ............... ل ٥٣٩
چەند وتەی کۆتایی ........................................................... ل ٥٤٣
سەرچاوەکان ................................................................... ل ٥٤٨

## پێشەکیی

سەد ساڵ بە سەر کۆچیدوایی (ئەمین فەیزی بەگ/ ١٨٦٢-١٩٢٥)دا ڕادەبورێت، وەکو یەکەمین مێژوونووسی ئەدەبی کوردیی و زیاتر لە سەد ساڵیش بە سەر چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەیدا (ئەنجومەنی ئەدیبان/ ئەستەمبوڵ ١٩٢٠) تێدەپەڕێت، وەکو یەکەمین کار و دەستپێشخەریی پێویست لە بابەتی مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە. بەر لە ئەویش دەبێت ئەو نامەیەیش لەبەرچاوبگرین، کەوا (مەلا مەحمودی بایەزیدیی/ ١٧٩٧-١٨٦٧) لەمەڕ ژیان و شیعر و بەرهەمی هەشت شاعیری کوردی سەر بە قوتابخانەی کرمانجیی، بۆ (ئەلێکساندەر ئۆگەست ژابا/ ١٨٠١-١٨٩٤)ی دۆستی نووسیوە، وەکو یەکەم هەوڵی سەرەتایی بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیی ئەژماردەکرێت، کە (ژابا) لە ساڵی (١٨٦٠)دا لە (پترسبۆرگ) لە کتێبی (جامیعی ریسالیان و حیکایەتان)دا چاپ و بڵاویکردووەتەوە.

ئەنجومەنی ئەدیبان، هەنگاوی یەکەم بووە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیی بە شێوەیەکی ڕەسمیی بە پێی پرۆگرامێکی تایبەتیی. لە درێژەی ماوەی ئەم سەد ساڵەدا هەوڵ و تێکۆشانی زۆر دراوە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە تاراوگەدا هەنگاوی گرنگ بە مەبەستی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی هەڵگیراوە و بە دەیان کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆر لە بواری مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردییدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

(د. مارف خەزنەدار/ ١٩٣٠-٢٠١٠) لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێت: زیندەیاد (تۆفیق وەهبیی بەگ/ ١٨٩١-١٩٨٤) دەیگوت حەزمدەکرد هەموو نووسینی جوانی کوردییت کۆبکردایەوە. نابێت تەنیا یەکێک یان دوان مێژووی ئەدەبی کوردیی بنووسنەوە، تۆ تەماشای میللەتان بکە و بزانە

چەنـد مێـژووی ئەدەبییـان لە نـاوەوەیە. لێـرەوە ئەو مەسـەلەیە هەر بەوەنـدە تەواونابێـت بگوترێـت کەوا کتێبگەلێکـی زۆرمـان لە بـواری مێژوونووسیی ئەدەبی کوردییدا لە بەردەستدا هەیە، بەڵکو پرسیارێکی گرنگ و بنچینەییش دێتەپێشـەوە، کە ئـاخۆ کتێبەکانی تـایبەت بە بواری مێژوونووسـیی ئەدەبییمـان بە پەیڕەویـی لە کـام شـێوە و ڕەوت و ڕێبازێـک ئەو مێژووەیـان تۆمـارکردووە؟ یـان لە ژێـر ڕۆشـنایی کـامە پڕۆگرام و تیۆر و میتۆدی زانستییدا ئەم کارەیان ئەنجامداوە، تـاوەکو لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدان پەرەسەندن و پێشکەوتن و تەکامولی دنیای ئەدەبیاتی کوردییدا بگونجێت و ڕێکبێتەوە؟

مەسـەلەی پەیڕەوکـردن لە پڕۆگـرام و میتـۆدی ڕاسـت و گونجـاوی زانستیی بۆ مەبەستی مێژوونووسـیی ئەدەبیاتی نەتەوەییمـان، تـا لەگەڵ واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی مێژووی ئەدەبی کوردییدا ڕێکبکەوێت، مەسەلەیەکی گرنگە و نابێت فەرامۆشبکرێت. ئەو کتێبانەی بە ناونیشانی (مێـژووی ئەدەبـی کـوردیی) تـاوەکو ئەمـڕۆ چـاپ و بڵاوبـوونەتەوە، لە بارەی پەیڕەوکردن لە میتۆدێکی تایبەتی زانستییەوە، هەر هەموویـان لە ژێر هەژموونی ڕێباز و میتۆدە نەریتییەکانی مێژوونووسـیی ئەدەبیاتی گەلانـی دراوسـێ لە (عەرەب و تـورک و عەجەم) تۆمـارکراون، بەڵام ئەوەی ئاشـکرایە ئەوەیە، کە (مێـژووی ئەدەب) وەکـو لقەزانسـتێک لە بواری ئەدەبیاتناسییدا بوارێکی تایبەتە و گشتیی نییە، بە واتـای ئەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک مێژوویەکـی ئەدەبیـی تـایبەت و سـەربەخۆی هەیە، کە زادەی باری مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و شارستانیی ئەو گەل و نەتەوەیەی خـۆیەتی. لێـرەوە هەبـوونی ڕێبـاز و میتۆدۆلـۆژییەکی تـایبەت و نەتەوەیـی بـۆ مێژوونووسـیی ئەدەبیـاتی کـوردیی کـارێکی پێویسـت و حەتمییە، تـاوەکو کورد بـۆ خـۆی پەیڕەوییلێبکـات لە بریـی ئەوەی بچێــت شــوێنپێی مێژوونووســانی ئەدەبــی عەرەب و عەجەم

هەڵبگرێت، چونکە ئەوان مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی خۆیانیان نووسیوەتەوە، کە تایبەتە بە خۆیان و نەوەک بە خەڵکانی دیکە.

لە لای ئینگلیزەکان مەسەلەیەک لە ئارادا هەیە، کە دەڵێت: "لە بریی ئەوەی ئەسپەکە بەرێت بۆ لای عەرەبانەکە، دەچێت عەرەبانەکە دەهێنێتەلای ئەسپەکە!" مێژوونووسانی ئەدەبی کوردییمان لە پۆلێن و قۆناغبەندیی مێژوویی ئەدەبی کوردییدا، لە بریی ئەوەی قۆناغی یەکەمی مێژووی ئەدەبییمان بەرنەوە بۆ لای (بابەتاهیری هەمەدانیی/ سەدەی یازدەهەم) و (ئەدەبی فەهلەویات)ی ئەو سەردەمە، کە هێما و سومبولەکەی هەر بابەتاهیر خۆیەتی، بکەن بە قۆناغ و قوتابخانەی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردیی، هاتوون بابەتاهیریان هێناوەتە چوارچێوەی قۆناغی ئەدەبی کلاسیکي کوردیی لە سەدەی شازە تا نۆزدە و لە پاڵ (مەلای جزیریی/ ١٥٧٩–١٦٤٠) و (نالیی/ ١٧٩٧–١٨٧٧)یان داناوە! بیانووشیان ئەوە بووە، کە بابەتاهیر وەکو تاقەسوار و قووچەکێکی ئەدەبیی دوور و دابڕاو هاتووەتە پێشچاو. بۆ ماوەی (٢٠٠–٣٠٠ ساڵ) لە شاعیر و زانا و ئەدیبانی کورد، نە لە پێش و نە لە دوای ئەو، کەسی بە دەورەوە دیارنەبووە تاوەکو درێژە بەو ڕەوت و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییە بدات. هۆکاری دیار و بەرچاویش دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی زانیاریی پێویست و کەمیی سەرچاوە لەو بارەیەوە.

لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی ژیان و زانست و شارستانیەت لە لایەکەوە، هۆشیاربوونەوە و دەستبەخۆڕاگەیشتنی نەتەوەی کوردیش لە لایەکی دیکە، هەروەها بەردەستبوونی بەڵگە و دیکۆمێنت و زانست و زانیاریی_گەلێکی فرەیش لە بواری مێژوو و زمان و ئەدەبیات و کولتووری کۆنی کوردیی، ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆشبووە تاوەکو مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەییمان لە سەر بنچینەیەکی زانستیی ڕاست و

گونجاو و واقیعیی بنووسینەوە. ئەمەیش بە هۆی پەیڕەوییکردن لە پڕۆگرام و تیۆر و میتۆدۆلۆژییەکی تایبەت بە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی نەتەوەیی کورد دەبێت، جیاواز لە پڕۆگرام و بەرنامەی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە.

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی بەردەستت بەشێکە لە پڕۆژەیەکی هاوبەش، بە پشکداریی کۆمەڵێک توێژەر و پسپۆری بواری ئەدەبیاتناسیی کوردیی بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بیر و بەرنامە و لێکدانەوەیەی پێشەوە تایبەتکراوە بە بەشی یەکەم لە قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردیی، کە بریتییە لە (قوتابخانەی ئەدەبی پەهلەویی)، ئەگەر خودا یار بێت و تەمەن و تەندروستیی هاوکار بێت، ئەوا بەشەکانی دواتر تەرخاندەکەین بۆ قۆناغ و قوتابخانەکانی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردییمان. وەک ئەوەی بەشی دووەمی تایبەتدەبێت بە (قوتابخانەی ئەدەبی گۆران) و بەشی سێیەم بۆ (قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجیی) و هیی چوارەم و کۆتاییش بۆ (قوتابخانەی ئەدەبی بابانیی) تەرخاندەکرێت. ئەمە هەوڵێکی خاکەسار و خزمەتێکی بچووکی کاڵا بە قەد باڵایە، لە دیوانی شکۆداری مێژووی ئەدەبی کوردیی، هیوادارین سوودبەخش بێت.

**هەولێر/ نیسانی ٢٠٢٥**

# دەروازە

د. عوسمان دەشتی*

## (١)

بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی لە کوێوە دەستپێبکەین؟

بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، چەند ڕاستییەک هەیە پێویستە پەنجەیان بۆ ڕابکێشرێت، کە ئەمانەن:

**یەکەم:** ئەدەبیاتی کوردیی[١]، بە شێوەیەکی گشتیی لە سەر بنەمای مێژووی پەیدابوون و پەرەسەندن و پێشکەوتنی خۆیدا، بە سەر سێ بەشی سەرەکیی و سێ پلەی مێژووییدا دابەشدەبێت:

### ١. ١. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی

قۆناغی یەکەم و دێرینی ئەدەبی کوردییە، لە لای کورد و لە لای میللەتانی دیکەیش وەکو بناغەی ئەدەب سەیردەکرێت. لەم بوارەدا بە شایەتیی هەموو نووسەر و توێژەرانی بێگانە و خۆمانە، گەلی کورد لە هەموو دیالێکتەکانی خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە لە هەردوو بوارە سەرەکییەکەی ئەدەبدا؛ بواری شیعر و بواری پەخشان.

خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی:

- ئەدەبی زارەکیی خەڵکی ڕەشۆکییە، دەماودەم و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراوەتەوە.
- لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە سادەیە و نزیکە لە تێگەیشتنی گشتیی.
- شەقڵ و سیمای ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو گەل و نەتەوەیەی پێوەیە لەگەڵ ئەو دەوروزەمانەی تێیدا بەرهەمهاتووە.
- بە درێژایی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەرداهاتووە، شتی تازەی خراوەتەپاڵ

---

[١] هەردوو دەستەواژەکە (ئەدەبی کوردیی و ئەدەبیاتی کوردیی)، دەمێکە لە بواری نووسینی کوردییدا، بە تایبەت لە بواری مێژوونووسیی ئەدەبی کوردییدا ڕۆیشتوون و بوون بە باو، لەگەڵ ئەوەی دووەمیان ئاماڵ عەرەبییە، بەڵام لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەکو عەرەبیی و تورکیی و فارسییدا، هەروەها لە کوردییشدا لە بریی یەکتر بەکاردەبرێن.

و لێی کەم و زیاد کراوە.

– خاوەنەکەی دیار نییە، بۆیە بە ئەدەبی گەل دەناسرێت، بە دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیی لە ناو خەڵکیدا بڵاوبووەتەوە.

– ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی، سامانێکی فرەڕەنگە و ئەم بەشانە دەگرێتەوە: ئەفسانە، داستان، حیکایەت، گۆرانیی، پەندی پێشینان، گاڵتەوگەپ، مەتەڵ و یاریی.

### ١. ٢. ئەدەبی میلیی کوردیی

ئەمەیان بەشی ناوەند و ناوەڕاست دەگرێتەوە، لە سەر هێڵی پەرەسەندنی ئەدەبی کوردییدا، خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە لە هەردوو بەشەکەی دیکە جیایدەکاتەوە. ئەدەبی میلیی کوردیی قاچێکی لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی و قاچەکەی تری لە ناو ئەدەبی هونەریی کوردییدایە.

تایبەتمەندییەکانی:

– لە سەر دوو پایە هەڵدەستێت، یەکێکیان لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆرە و ئەوەکەی دیکەیان لە ناو ئەدەبی هونەرییە. بۆ نزیکیی لە ئەدەبی فۆلکلۆریی دەگوترێت هۆنەرەکانی لە ناو خەڵکەوە هاتوون، ئەدەبێکی سادەیە، زۆر جار دانەرەکانیان وندەبن و دەبن بە بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆریی.

– خاوەنەکەی تاقە کەسێکی دیار و دەستنیشانکراوە و زۆر جاریش بە هۆی تۆمارکردنەوە ناوی خاوەنەکەی دەپارێزرێت.

– گۆڕانکاریی بەسەردانایەت و وەک خۆی دەمێنێتەوە لە ڕێگەی نووسین، یان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بە خەڵک دەگەن.

– ئەدەبی میلیی زۆر جار ئەدەبی خەڵکی خوێندەوار دەبێت، واتە دانەرەکەی کەسێکی ڕۆشنبیر دەبێت.

– لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە، واتە لە ڕووی بیر و ناوەڕۆک و زمان و داڕشتنەوە لە ئاستی ئەدەبی فۆلکلۆر بەرزترە و لە ئاستی ئەدەبی هونەرییش نزیکدەبێتەوە. لە ئاستی ئەدەبی و هونەرییدا لە چوارچێوەی (نەزم)دا پۆلێندەکرێت.

- جاری وا هەیە شاعیران بۆ خۆنزیککردنەوە لە خەڵک و لە تێگەیشتنی گشتیی پەنا بۆ زمان و هۆنینەوەی ساکار دەبەن، لە وێنەی (قانع) لەو شیعرانەیدا، کە گوزارشت لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی دێهاتی کوردستان دەکات (موکری، ١٩٨٤، ٧).

### ١. ٣. ئەدەبی هونەریی، یان ئەدەبی نووسراوی کوردیی

لە زمانی عەرەبییدا بە (ئەدەبی دیوان) دەناسرێت، مەبەست لێی ئەو بەرهەم و سامانە ئەدەبییە بەرز و هونەرییەیە، کە لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا داهێندراون و تۆمارکراون و نووسراونەتەوە. تاوەکو ئێستا بە ناوی سامان و بەرهەم، یان دەق و تێکستەوە لە بەردەستدان و وەکو خۆیان ماونەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی:

- ئەدەبێکی بەرز و پاراوە، زادەی عەقڵ و شارستانیەت و زانیاریی رۆشنبیرییە. لە ڕووی بنیات و واتا و دەربڕینەوە ئەدەبێکی توکمە و هونەرییە.

- لە ڕووی پلەبەندیی مێژوویییەوە لە دوای ئەدەبی میللییەوە دێت.

- خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و دەستووری هونەرییە، لە ڕووی کێش و سەروا و وێنە و قاڵب و ڕەوانبێژییەوە، بە تایبەت لە بواری شیعردا.

- زادەی بیر و بەرهەمی کەس و لایەن و دەستەبژێرێکی کۆمەڵایەتییە لە ناو خەڵکدا، کە بە نووسەر، شاعیر، ئەدیب و شارەزایان دەناسرێن.

- لە ڕۆژگاری داهێنانیەوە دەنووسرێتەوە و تۆماردەکرێت، بۆیە لە سەر دەقی خۆی دەمێنێتەوە و دەبێتە میرات و سامانێکی نەتەوەیی.

لە ڕاستییدا کە باس دێتەسەر مەسەلەی مێژووی ئەدەب، ئەوە بە پلەی یەکەم مەبەست لێی بەشی سێیەمە، واتە ئەدەبی هونەریی و نووسراو، کە لە کۆنترین تێکستەکانەوە دەستپێدەکات، ئینجا دێتەسەر چۆنیەتیی و ڕێڕەوی گۆڕان و پێشکەوتنی ئەو ئەدەبە و ئەو قۆناغ و ئەو سەردەمانەی پێیاندا تێپەڕیوە لە کۆنەوە بۆ تازە.

**دووەم:** دووەمـــین ڕاســـتیی ســـەبارەت بە ئەدەبیـــاتی کـــوردیی[٢] و مێژووەکەی، ئەوەیە کەوا پێویستدەکات هەر لە سەرەتاوە هێڵێک بکێشرێت، بۆئەوەی دوو قۆناغ و دوو بەش و دوو سەردەم، لە مێژووی نزیک بە هەزار ساڵەی ئەدەبیاتی کوردیی لێکجیابکەینەوە، بەم جۆرە:

### ٢. ١. ئەدەبی کۆنی کوردیی

ئەو بەشـەیە لە سامان و کولتووری ئەدەبی میللەتەکەمان، کە خاوەنی مۆرکێکی خۆڕسک و خۆماڵیی و ڕەسەنایەتیی تایبەتە، کە هەڵقوڵاوی واقیعی مێژوویـــی و کـــۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیـــی نەتەوەی کـــوردە و بە درێژایـــی ســـەردەمەکان پێڕەوییلێکـــردووە و پاراســـتوویەتی، دوور لە هەر چەشـــنە کاریگەریی و بەرزفتکردنێکی کولتووریی و ڕۆشنبیریی بێگانە، بە تایبەتییش کولتوور و ڕۆشـنبیریی عەرەبیی و ئیسـلامیی[٣]. ئەم قۆناغە لە دەسـتپێکی ئەدەبیـــاتی نووســـراوی کوردییـــدا، لە ســـەرەتای ســـەدەی یـــازدەهەمەوە دەستپێدەکات و تاوەکو سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکی کوردیی، تا کۆتایی سەدەی شازدەهەم درێژەدەکێشێت. ئێمە ئەم سەردەمە بە (قۆناغی ئەدەبی کـــۆنی کـــوردیی) نـــاودەبەین، مەبەســـتیش لەم دەســـتەواژەیە، ئەدەبیـــاتی سەردەمی دێرینی کوردییە بەرلەوەی تانوپۆی ڕێبازی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیـی لە عەرەبیـی و لە ئیسـلامیی قەد و بـاڵای ئەدەبیـاتی کـوردیی دابپۆشێت.

---

[٢] وەکو بابەتێکی سەلمێنراو هەمیشە دەگوترێت، کە یەکەمین بەش و گەورەترین بەش لە ئەدەبی کوردییدا، بریتییە لە شیعری کوردیی، بە واتا لە قۆناغەکانی سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردیی پەخشانی کوردیی لە ئارادا نەبووە، بۆیە ئەم ناونیشانە گشتگیرەی (ئەدەبی کوردیی) هەر لە سەرەتاوە بە پلەی یەکەم بە باڵای شیعری کوردییدا بڕاوە.

[٣] مەبەست لایەنەکانی هونەری ئەدەبییە، لە کێش و سەروا و نیزامی عەرووز و هونەرەکانی ڕەوانبێژیی نەوەکو وەکو فیکر و ئایدیا و بیروباوەڕ.

## ٢. ٢. ئەدەبی کلاسیکی کوردیی

ئەمەیـان بەشـی دووەم و سـەرەکیی سـامان و ئەدەبیـاتی کـوردییە، بە ئـاوێزانبوون و موتـوربەکردنی ئەدەبـی کـوردیی لەگەڵ بنەماکـانی ئەدەبیـاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیی (عەرەبیی و فارسیی و تورکیی) دەستپێدەکات، کە لە ژێر تاو و لە ژێر کاریگەریی لایەنی ئەدەبی کولتوور و ڕۆشنبیریی عەرەبیی و ئیسلامییەوە هاتووەتەئاراوە. ئەم بەشـەیان لە سـەدەی شـازدەهەمەوە و لە تەک قوتابخـانەی ئەدەبـی کوردیی کرمـانجییەوە دەسـتپێدەکات تـا سـەرەتای سەدەی بیست دەخایەنێت. ئەم سەردەمەیش لە لای ئێمە بە (قۆنـاغی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی) دەناسرێت، وەکو بەباڵابڕینێک لە تەک ئەدەبیاتی کلاسیکی گەلانی ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵات.

**سـێیەم:** ڕاسـتیی سـێیەم لەم دەروازەیەدا ئەوەیە، کەوا هەر کـام لەم دوو قۆنـاغ و لەم دوو بەشـە سـەرەکییە لە مێـژووی ئەدەبیـاتی کوردییـدا، لە نـاو خۆیاندا دابەشـدەبن بە سـەر دوو لق و دوو بەشـی بچووکتردا، وەک ئەوەی ئەدەبـی کـۆنی کـوردیی هەر لـە دەسـتپێکەوە (سـەدەی یـازدە) تـا دوامەنـزڵ (سەدەی شازدە) لە دوو لق و دوو بەش و دوو قوتابخـانەی ئەدەبیی جیـاواز پێکهاتووە:

**٣. ١. قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی (سەدەی ١٠ تاوەکو ١٤).**

**٣. ٢. قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی (سەدەی ١٤ تاوەکو ١٨).**

هەروەهـا سـەبارەت بە سـەردەم و قۆنـاغی ئەدەبیـاتی کلاسـیکییش هەر وایە، کە لە دوو لـق و دوو قوتابخـانەی ئەدەبیـی جیـاواز لە دوو سـەردەم تەنانەت دوو مەڵبەندی جیاوازیش پێکهاتووە:

**٣. ٣. قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی (سەدەی ١٦ تاوەکو ١٨).**

**٣. ٤. قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی (سەدەی ١٨ تاوەکو ٢٠).**

لێـرەدا هەوڵـدەدەین کۆبەنـدی قسـە و بۆچوونەکـان بەم شـێوەیە چڕبکەینەوە.

ئەدەبی کوردیی لە سەر هێڵی مێژوویی پەرەسەندنی لە کۆنەوە بۆ تـازە

به سـەر دوو قۆنـاغی سـەرەکییدا دابەشـدەبێت، هەر کـام لەم دوو قۆنـاغە سـەرەکییەیش لە نـاو خۆیانـدا دەبـن بە دوو بەشـی بچـووکترەوە، کە هەر یەکێک لەم بەشـانەی دوایی لە شـێوەی قوتابخـانەیەک و ڕێبـازێکی ئەدەبیـ جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**قۆناغی یەکەم: ئەدەبی کۆنی کوردیی:**

١. قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی.

٢. قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی.

**قۆناغی دووەم: ئەدەبی کلاسیکی کوردیی.**

١. قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی.

٢. قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی.

یان بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت بگوترێت، مێژووی ئەدەبی کوردیی لە تەمەنـی نزیـک بە هەزار سـاڵەی خۆیـدا (١٠٠٠ تـاکو ١٩٠٠ ز)، بە گـوێرەی پلەبەندیی مێژوویی لەم چوار قوتابخانە و چوار ڕێبازە ئەدەبییە پێکهاتووە لە ژێر چەتری دوو سەردەم و دوو قۆناغی جیاوازدا.

**پاساوەکانی ئەم جۆرە بۆچوون و دابەشکردنە**

١. ئەم جۆرە لە قۆناغبەندیی و دابەشکردنە ڕەنگدانەوەی هێڵی مێژوویی و پەرسـەندنی خـودی سـامانی ئەدەبیـاتی کـوردییە. بە واتـای ئەوەی دابەشـبوونەکە لە نـاوەوەی ئەدەبەکە خـۆیەوە هەڵقـوڵاوە وەکـو ڕاسـتیی و پێویسـتییەکی زانسـتیی و بـابەتیی، نەک لە شـێوەی تیـۆر و میتـۆدێکی هـاوردەکراوی داسـەپاو، بە چـاولێکەریی لە دابەشـکردن و قۆناغبەنـدیی مێژووی ئەدەبی میللەتانی تر.

ئـێمە لە شـوێنی دیـکە نووسـیومانە و جەختمـان لە سـەر ئەو ڕاسـتییە کردووەتەوە، کەوا مێژووی ئەدەبیی وەکو لقێک لە ئەدەبیاتناسیی بابەتێکی نەتەوەیی تـایبەت و جیـاوازە لە لای هەر گەل و نەتەوەک ڕێڕەوێکـی تـایبەت دەگـرێتەبەر بە گـوێرەی پێـودانگی مێـژووی سیاسـیی و کـۆمەڵایەتیی و ئـابووریی و فەرهەنگیـی ئەو گەل و ئەو نەتەوەیە. بە جیـا لە دوو لـقەکەی دیکەی ئەدەبیاتناسـیی، کە ئەوانیش تیـۆری ئەدەبیـی و ڕەخـنەی ئەدەبیـن،

ئەمـانە لە کۆمەڵێـک تیـۆر و میتـۆدی سـتانداردی گشـتیی و نێـونەتەوەیی پێکهاتوون، کە لای هەموو میللەتان چۆنیەکە و تەنیا لە کەرستەی شیکردنەوە و لایەنی پراکتیکدا لێکدادەبڕێن[٤].

٢. هەر یەکێـک لەم ڕێبـاز و قوتابخـانە ئەدەبییـانە سـەر بە ڕۆژگـار و سـەردەمێکی مێژووییە لە کۆنەوە بۆ تازە، کە لە وێنەی ئەڵقەکانی زنجیرە یەک بە دوای یەکتریدا دێن و یەکتر تەواودەکەن، بەم جۆرە:

- قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی لە ٩٠٠ز بۆ ١٣٠٠ز
- قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی لە ١٣٠٠ز بۆ ١٨٠٠ز
- قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی لە ١٦٠٠ز بۆ ١٨٠٠ز
- قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی لە ١٨٠٠ز بۆ ١٩٠٠ز

دیـارە مێـژوو و سـاڵنامەی هەر قوتابخـانەیەک لە شـێوەی خەملانـدنێکە نزیـک لە ڕاسـتیی، چـونکە هـیچ دیـوارێکی چینیـی، یـان هێڵـی جیـاکەرەوە و سـنووردارکردن لە نێـوان ئەو ڕێبـاز و قوتابخانـانەدا دانانرێـت، چـونکە زۆر

---

(٤) ئێمە لە زنجیرە وتار و لێکۆڵینەوەیەکی پێشووترماندا بە وردیی پەرژاوینەتەسـەر تیۆر و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبیی لە لای میللەتان بە شێوەیەکی گشـتیی و ڕێبازەکـانی مێژوونووسـیی ئەدەبیـی کـوردیی بە شـیوەیەکی تـایبەتیی، لێـرەدا ئاماژە بە ناونیشان و بە سەرچاوکانیان دەکەین:

ا. لە بـارەی مێژوونووسـیی ئەدەبیـاتی کـوردییەوە، ٢٠١٢، ئەزمـوونی شـیعریی موکریـان و شـوێنی لە مێـژووی ئەدەبـی کوردییـدا، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کوردیی، ل: ٩-٦٠.

ب. مەلایـێ جزیریـی مامۆسـتای یەکەمـی شـیعری کلاسـیکی کـوردیی، ٢٠٢٢، لە ئاستانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییدا، ئەکادیمیای کوردیی، ل: ١٠٧-١٣٥.

ج. مامۆسـتا سـجادیی و ڕێبـازی لە مێژوونووسـیی ئەدەبییـدا، ٢٠٢٢، یـازدەمین کۆنفرانسی زانستیی زانکۆی گەرمیان، ٢٠-٢٠٢٢/٦/٢١.

د. ڕۆڵـی میرگەهێن کوردیی لە سـەرهەڵدانی شـیعری کلاسـیکی کوردییـدا، ٢٠٢٣، دەوڵەت و میرگەهێن کوردیی ل سەردەمێن ناڤەڕاست و نوودا، سەنتەری زاخـۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردیی، ل: ٣٢٥-٣٤٥.

جــار دەبینـــین لە ســـەروبنی دەســـتپێک و کۆتـــایی قوتابخـــانەیەک لەگەڵ قوتابخانەکەی دوای خۆی جۆرێک لە بەناویکداچوون و دوورەگیی لە ڕێباز و قوتابخانەیەکدا بەدیدەکرێت، لە نموونەی قوتابخانەی پەهلەویی (لوڕ و لەک و کـەلهوڕ) لەگەڵ گۆرانـدا، یـان ئەوەتـا یەکێکیـان درێـژدەبێتەوە شانبەشـانی ئەوەی دواتـر دەڕوات لە وێنەی قوتابخانەکانی گۆران لـە تـەک کرمـانجیی و بابانییدا.

٣. هەر کام لەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە پشتیوانەیەکی سیاسیی و مێژووییشیان هەبووە، کە لە سایەیدا بوژاونەتەوە و لێیبەهرەمەندبوون. ئەم پشتیوانە سیاسییە بریتیی بووە لە قەوارە و میرنشینە کوردییەکان. مێژوو پێماندەڵێت کەوا دەسـەڵاتداریەتیی ئەتـا بەگەکـانی لوڕسـتان لە سـەدەی دە و یـازدەدا پشـتیوانەیەکی بەهێـز بـووە بـۆ پـایەداربوونی قوتابخـانەی ئەدەبیـی کوردیی لوڕیی پەهلەویی.

هەروەهـا میرایەتـی ئەردەڵان لە ئاسـت قوتابخـانەی ئەدەبیـی گۆرانـدا و میرایەتیی جزیـر و بۆتـان بـۆ قوتابخـانەی ئەدەبیی کرمـانجیی و لە دواییشـدا میرایەتیی بابـان پشـتیوانەیەکی بەهێـز بـووە بـۆ سـەرهەڵدان و پـایەداربوونی قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی.

بەرقەراربوونی ئەم میرگە و قەوارە سیاسییانە هەریەک لە نـاوچەیەک و هەریەک لە سـەردەم و ڕۆژگارێکـدا، بـووەتە مـایەی بەرقەرابـوونی ئـارامیی سیاسـیی، کە ئـاوەدانیی شـار و بـاژێڕ و سـەقامگیریی ژیـان و گـوزەرانی بە دوای خۆیدا هێناوە، لە ئاکامدا ژیانی زانستیی و ڕووناکبیریی بوژاوەتەوە و لە سایەی میرە کوردەکاندا مەدرەسە و مزگەوت و مەڵبەندی خوێندەواریی ئاواکراونەتەوە و پەرەیانپێدراوە، تاوەکو لە ئەنجامی ئەمانەدا نەریت و ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبییش پەیدابوون[٥].

کەواتە بوونی ئەم میرایەتییە کوردییانە هەریەکە و لە شوێنی خۆیدا و لە ڕۆژگـــار و ســـەردەمێکی جیـــاوازدا ڕۆڵێکـــی مەزنیـــان لە ســـەرهەڵدان و

---

[٥] الادب الکـوردی المکتـوب – جـۆیس بلـو، قـراءة وترجمـة: عبـدالکریم عـنە، موقـع مدارات.

پێگەیشتنی ئەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانەدا هەبووە.

٤. هەر یەکێک لەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە خاوەنی سامانێکی ئەدەبیی بەپیت و دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگە، کە بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە. وەکو چۆن ئەم سامان و میراتە ئەدەبیی و هونەرییەی هەر یەکێک لە قوتابخانەکان خاوەنی مۆرک و خەسڵەت و تایبەتمەندیی هونەریی تایبەت بە خۆیەتی لە بوارەکانی فیکر و زمان و داهێنانەوە، واتا لە ڕووی بنیات و فۆرم و ناوەڕۆکەوە.

٥. هەر یەکێک لەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە خاوەنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی تایبەت بە خۆیەتی. واتە لە سنووری جوگرافیی هەر کام لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردیی، لە نێوان بنزار و شێوەزارەکانی ئەو سنوورە، یەکێکیان هەڵبژێردراوە و بووە بە زمانی ئەدەبیی ئەو قوتابخانە ئەدەبییە و تەواوی سامانی داهێنانی هونەریی لە شیعر و هۆنراوەدا پێنووسراوەتەوە. بە نموونە لە مەڵبەندی قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەوییدا لە نێوان شێوەزارەکانی دیالێکتی کوردیی باشووری (خوارین) لوڕیی هەڵبژێردراوە و بووە بە زمانی ئەدەبیی ئەو قوتابخانەیە. لە سنووری قوتابخانەی ئەدەبیاتی گۆراندا، شێوەزاری (گۆران - هەورامیی) بووە بە زمانی ئەدەبیی و داهێنانی ئەم قۆتابخانەیە. لە قوتابخانەی ئەدەبیاتی کرمانجییدا لە سنووری میرایەتیی جزیر و بۆتاندا، لە نێوان شێوەزارەکانی سەر بە دیالێکتی کوردیی باکوور بۆتانیی کراوە بە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی و لە قەلەمڕەویی میرایەتیی بابانیشدا زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی شێوەزاری (بابانیی - موکریی) بووە. لەم بارەوە پێویستە بە ڕاشکاویی بڵێین کەوا زمانی ئەدەبیی بە گوێرەی تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی، وەکو بنیاتێکی سەرەکیی بۆ هەموو بەرهەم و داهێنانێکی ئەدەبیی دەژمێردرێت، بۆیە زۆریش ڕەوایە بۆ ئێمە تا بیکەین بە پایەیەکی سەرەکیی لە دابەشبوونی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییدا لە پاڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییە هونەریی و ئەدەبیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا.

٦. بوونی کەسایەتییەکی ئەدەبیی داهێنەر و دیار و ناسراو لە هەر

یەکێک لەم قوتابخانە ئەدەبییانەدا، سیمایەکی دیکەی جیاکاریی لە نێوانیاندا پێکدەهێنێت، بە جۆرێک کەوا کەسایەتیی و شەقلە ئەدەبییەکەی بووەتە ناسنامە و ناونیشان و قوتابخانە ئەدەبییەکەی پێدەناسرێتەوە. وەک ئەوەی بابە تاهیری هەمەدانیی (عوریان/ ٩٣٧-١٠١٠ز) بووەتە ناونیشان و سەرامەدێک بۆ قوتابخانەی یەکەم و دێرینی ئەدەبی کوردیی (قوتابخانەی ئەدەبیاتی پەهلەویی). هەروەها بەرهەمەکانیشی کە بریتیین لە (دوو بەیتیی یان فەهلەویاتەکانی باباتاهیر) بوون بە مۆرکی زاڵ و شەقڵی دیاری تەواوی ئەو سامان و بەرهەمانەی لەم قوتابخانەیەدا وەبەرهەمهاتوون. ڕەنگە بۆ قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران لە نێوان (ئەدەبیاتی ئاینی یارسان) و شاعیرانی گۆران زەمین (لە بێسارانییەوە بۆ مەولەویی) مرۆڤ نەتوانێت یەکێکیان بە سەر ئەوەی دیکەیاندا زاڵبکات، بەڵام هەر کام لەمانەی گوتران دەشێت وەکو سیمای دیاری ئەدەبیاتی ئەم قوتابخانەیە بدرێتەقەڵەم. بۆ قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجیی، ئەوا مەلای جزیریی وەک چۆن بووە بە ڕەچەشکێنی ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردیی، هەر بەو پێیەش بووە بە ڕابەر و مامۆستای یەکەمی ئەو قوتابخانە ئەدەبییە. سەبارەت بە قوتابخانەی بابانیش ئەوا مەلا خدری شارەزووریی (نالیی ١٧٩٧-١٨٧٧ز)، لە سەر تەختی شاعیریی یەکەمینی بێڕکابەری ئەو قوتابخانەیە ڕوونیشتووە و لە وێنەی مانگی چواردە لە ئاسمانی ئەدەبیاتی قوتابخانەی باباندا دەدرەوشێتەوە.

بۆیە دەشێت و زۆریش ڕەوایە هەر کام لەم نەریت و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانەی مێژووی ئەدەبی کوردیی بدرێتەپاڵ یەکێک لەم کەڵەشاعیرانە و بە ناوی ئەوەوە ناوببرێت. وەک ئەوەی لە بریی قوتابخانەی پەهلەویی بگوترێت قوتابخانەی ئەدەبیی باباتاهیر، لە بریی قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران بگوترێت قوتابخانەی مەولەویی و لە بریی قوتابخانەی کرمانجیی بڵێین قوتابخانەی جزیریی و لە شوێنی قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیش بگوترێت قوتابخانەی نالیی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەر یەکێک لەم کەڵەشاعیر و داهێنەرانە، لە چوارچێوەی ئەو قوتابخانە ئەدەبییەی کەوا نوێنەرایەتیدەکەن، ڕاستە شاسوارن، بلیمەت و داهێنەرن، بەڵام تاقەسوارە نیین، بەڵکو

پێشسواری دەستەیەک لە شاعیران و داهێنەرانی سەر بەو قوتابخانەیەن، کە بە شێوەیەکی هەرەوەزیی و دەستەجەمعیی لە چوارچێوە و سەردەمانێکی دیاریکراودا تانوپۆی بەرهەم و ئەدەبیاتی ئەو قوتابخانەیەیان پێکهێناوە. لە ئێستادا بە گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەی سەرەتای باسەکەمان دەتوانین وەڵامێکی مەنتیقیی و ڕاست و دروست گەڵاڵەبکەین:

ا. مەبەست لە مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردیی، نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی نووسراو، یان ئەدەبیی، هونەریی کوردییە و پێویستە لەوێوە دەستپێبکەین. ئەمە بەو واتایە نییە کەوا هەردوو بەش دێریین و بنچینەییەکەی دیکە (ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی میلیی کوردیی) فەرامۆشبکرێن، بەڵکو وا پێویستدەکات ئەمان لە ڕێگەی کار و کۆشش و لێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆوە بەسەربکرێنەوە و توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت. بەو هۆیەی ئەم دوو بەشە ژێرخانی بنچینەیی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیی پێکدەهێنن.

ب. بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبییمان پێویستە پەنا بۆ بەرهەم و دەق و تێکستی ڕاستەقینە و باوڕپێکراو ببەین، کەوا لە کات و ساتی خۆیدا تۆمارکرابن و نووسرابێتنەوە.

ج. ئەم بەرهەم و دەق و تێکستانە بایی ئەوەندە هەبن کەوا توێژەری بواری مێژووی ئەدەبیی بتوانێت شتیان لە سەر بنیاتبنێت و تەلاری مێژوونووسییە ئەدەبییەکەی لە سەر دابمەزرێنێت. نەوەک چەند دێڕە هۆنراوەیەکی گوماناویی لاتەریک و دابڕاو، یان کۆپلێتێکی هەتیوی سەر بەردەنووسێک، یان لاپەڕەی بەیازێک بێت، بەڵکو پێویستە بەرهەمێکی ئەدەبییانەی توکمە و پتەو و بەڕێوجێ بێت، زەمان و زەمین و خاوەن و بەرهەمهێنەریشی دیار و ئاشکرا بێت.

د. پێویستە لە کۆنترین بەشی ئەو بەرهەمانەوە دەستپێبکرێت، کە شیاوی ئەوەن ببن بە سەرەتا و دەستپێکی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی. دیارە کەوا شیعری کوردیی کۆنترین و بەبرشتترین بەشی ئەدەبیاتی کوردیی پێکدەهێنێت، لە شیعریشدا دەبێت بە دوای کۆنترین فۆرم و دەقە

دێرینەکانی شیعری کوردییدا بگەڕێین.

هـ لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پوختەکەی بەم جۆرەیە: کۆنترین بەشی ئەدەبیاتی کوردیی، ئەو سامان و بەرهەمە ئەدەبییانەیە، کە سەر بە ڕێباز و قوتابخانەی پەهلەویاتی لوڕە، شەقڵی دیار و ناسراوی ئەو سامان و بەرهەمەیش، کە سەر بەم قوتابخانە ئەدەبییەیە، بریتییە لە جۆرێکی دێریینی شیعری کوردیی، کە بە (فەهلەویات) دەناسرێت. شاعیری دیار و بەرجەستەی ئەو ئەدەبیاتەیش بابەتاهیری هەمەدانییە. دوای ئەوەی وەڵامێکی قایلکەرمان بۆ پرسیارەکەی گۆڕین دەستگیربوو، پرسیارێکی دیکە دێتەپێشەوە، کە پوختەکەی بەم جۆرەیە:

- کەوابێت چۆن و بە چ شێوەیەک مێژووی ئەدەبیاتی کوردییمان بنووسینەوە؟

بە پێی ئەو شیکارییەی ئەنجامدرا و ئەو قۆناغبەندیی و دابەشکارییە مێژووییەیش کە لێیەوە بەدەستهاتووە، دەتوانین بڵێین کەوا ڕێڕەو و میتۆدی دروست و گونجاو بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی چوار ڕێباز و چوار قوتابخانەی ئەدەبییدا بنووسرێتەوە، بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی

١. قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی.

٢. قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی.

قۆناغی دووەم: ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیی

٣. قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی.

٤. قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی.

لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە تیۆر و میتۆدە زانستییە بۆ قۆناغبەندیی و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیی بە گونجاو و بە ڕاست دەزانین، نابێت چاومان لە ئاست چەند کەلێن چەند دیاردەیەکدا بنوقێنین، کە لەم ڕێبازی مێژوونووسییەدا بەدیدەکرێت، وەک ئەوەی:

- واقیعی مێژوویی و سیاسیی دابەشبوون و لێکدابڕانی نەتەوەی کورد

و خاکی کوردستان کاریکی کردووه هەر کام لەم نەریت و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە، لە مەڵبەندێکی خاکی کوردستاندا، لە ناو بەشێک لە گەلی کورد و بە پێی دیالێکت و زمانێکی ئەدەبیی تایبەت و لە ڕۆژگار و سەردەمێکی دیاریکراودا بێتەئاراوە، کە یەکێکیان لە سەر بناغەی ئەوی دیکەیان دانەمەزرابێت و وەکو چەند دوورگەیەکی دوور و لێکدابڕاو بێنەبەرچاو، کەوا پەیوەندیی نێوانیشیان لە هەندێک حاڵەتدا کاڵ و کەمڕەنگ بەدیاردەکەوێت. داننان بەم واقیعەدا ئەو ڕاستییە ڕەتناکاتەوە، کەوا ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە:

- هەر یەکێکیان درێژەپێدەر و تەواوکەری ئەوی دیکەیانە، وەکو ئەڵقەکانی زنجیرەیەک لە سەر هێڵێکی مێژوویی دوابەدوای یەکتری هاتوون و بەشەکانی ئەدەبی یەک گەل و یەک نەتەوە پێکدەهێنن.

- یەک چوارچێوەی گشتیی ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە کۆدەکاتەوە و سنووریان بۆ دەکێشێت و یەکیاندەخات، کە لە سەر دوو بنەما دامەزراوە: یەکیان ئەوەیە، کە ئەم خەرمان و سامانە ئەدەبییە بە هەموو ڕەنگەکانییەوە ئەدەبیاتی نەتەوەی کوردە، دووەمیش ئەوەیە کە بە زمانی کوردیی داهێندراوە.

لە پێشەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کەوا ئەم جیاکردنەوە و قۆناغبەندییەی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە سەر بنەمای مێژوویی خودی ئەدەبەکە خۆیەتی. ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشە و گۆڕان و فرەڕەنگیی و پێشکەوتنی مێژوویی ئەدەبەکە دەیسەپێنێت، هەر قۆناغێک و قوتابخانەیەک لە یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە بە پێی بنەما و فاکتەرەکانی داهێنانی ئەدەبیی لە ڕووی بنچینە و بنیاتی هونەرییەوە، واتە لە لایەنی زمان و فۆرم و ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە.

## مێژووی ئەدەبی کوردیی
## لە چوارچێوەی چوار قوتابخانەی ئەدەبییدا

| قۆناغ | قوتابخانەی ئەدەبی | مەڵبەندی جوگرافی | پشتیوانەی سیاسی | سەردەمی مێژوویی | دیالێکت | زمانی ئەدەبی | شاعیری بەرجەستە | فۆرمی ئەدەبی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- ئەدەبی کۆنی کوردی | ١-پەهلەوی | لوڕستان | میرایەتی ئەتابەگی لوڕستانی | سەدەی ١٠ بۆ ١٣ | کوردی باشووری | لوڕی | بابەتاهیر | فەهلەویات |
| | ٢- گۆرانی | - کرماشانی<br>- ئیلام<br>- هەورامان<br>- شارەزوور<br>- گەرمیان | میرایەتی ئەردەلان | ١٣٠٠ - ١٨٠٠ | گۆرانی | گۆرانی هەورامی | مەولەوی | پارچەی لیریک |
| ٢- ئەدەبی کلاسیکی کوردی | ٣- کرمانجی | -باکووری کوردستان<br>- ڕۆژئاوای کوردستان<br>- بادینان<br>- باکوری کوردستانی ڕۆژهەلات | میرایەتی جزیر و بۆتان | ١٦٠٠ - ١٨٠٠ | کوردی باکوور | بۆتانی | مەلای جزیری | غەزەل و قەسیدە |
| | ٤- بابانی | - خوارووی کوردستان<br>- ڕۆژهەڵاتی کوردستان | میرایەتی بابان | ١٨٠٠ - ١٩٠٠ | کوردی ناوەڕاست | بابانی/موکری | نالی | غەزەل و قەسیدە |

## (٢)

له بـارەی ڕاسـتیی و دروسـتیی ئەو میتـۆد و ڕێبـازەی کەوا مێـژووی ئەدەبـی کـوردیی پێدەنووسـینەوە، (لە چوارچێـوەی چـوار قوتابخـانەی ئەدەبییدا)، دوو خاڵی گرینگ لە ئارادا هەیە، پێویستە لەبەرچاوبگیرێن:

یەکەم: ئەو دابەشبوونەی لە سـەرەتای باسـەکەمان ئامـاژەی بۆ کـراوە، واتە جیـاکردنەوەی سـێ بەش و سـێ قۆنـاغ لە سـامانی ئەدەبـی کوردییـدا (ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردیی، ئەدەبـی میللیـی کـوردیی، ئەدەبـی نووسـراوی کوردیی)، ئەم دابەشبوونە لە سەر بنەمای پلەبەندیی مێژوویـی سـەرهەڵدان و گـۆڕان و پێشـکەوتنی ئەدەبیـاتی کـوردیی ئەنجامـدراوە. واتە بەشـی یەکەم بەشـی هەرە کۆن و دێرینـی ئەدەبـی کوردییە و بـوونی بە بـوونی نەتەوەی کـوردەوە پەیوەسـتە، ئەمە بـۆ گەلانـی دیکەیـش هەر وایە، بـۆیە نـاونراوە بە قۆناغی بناغە و بنچینەیی و لە کاتی نووسـینەوە و تۆمارکردنی مێژوویەکـی گشـتگیر بـۆ ئەدەبیـاتی نەتەوەی کـورد، پێویسـتە وەکـو قۆنـاغ و سـەردەم و جـۆری تـایبەتی ئەدەبیی، بـاس و لێکـۆڵینەوەی لە بـارەوە بکرێـت و کتێـب و بەرهەمی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت، دواتر بەشـی دووەم دێت، ئەدەبـی میللیـی کوردیی، کە بە گوێرەی پلەبەندییە مێژووییەکە و هەروەها بە گوێرەی ڕەوتی گۆڕان و گەشەسەندنی ئەدەبەکەیش لە ڕووی هـونەرییەوە، قۆنـاغی ناوەند و ناوەڕاسـت دەگـرێتەوە لە نـاو دوو بەشـەکەی دیـکەدا، کە جیـاوازییە سـەرەکییەکەی لەوەدایە ئاسـتی هـونەریی لە ئەدەبـی فۆلکلـۆریی بەرزتـرە و بەڵام نایشـگات بە ئاسـتی هـونەریی ئەدەبـی نووسـراو، بـۆیە ئەم قۆنـاغەیش پێویسـتە بە جیـا خوێنـدنەوە و لێکـۆڵینەوەی لە سـەر بکرێـت و لە کتێـب و دانـراوی تایبەتـدا ژیـان و بەرهەمـی شـاعیرانی، خەسـڵەت و تایبەتمەنـدییە هونەریی و ئەدەبییەکانی تۆماربکرێت. ئەنجا بەشی سێیەم، بەشـی هەرە نوێ و پێشکەوتوو (ئەدەبی نووسراو)، دێتەپێشـەوە، کەوا مێژوونووسـیی ئەدەبیـی کوردیی لە سەر دادەمەزرێت.

بەشی سێیەم:
ئەدەبی نووسراوی کوردیی

بەشی دووەم:
ئەدەبی میللیی کوردیی

بەشی یەکەم:
ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی

ئێمە لە بەرایی باسمان لە خاسیەت و تایبەتمەندیی هەر یەک لەم بەشانە و لایەنی لێکچوون و جیاوازییمان لە نێوانیاندا کرد، بۆیە ئەم بۆچوونە وەکو یاسایەکی گشتیی (بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی بەشەکانی ئەدەبی کوردیی لە سەر هێڵی مێژوویی)، وەک چۆن بۆ کۆی سامان و میراتی ئەدەبیاتی کوردیی ڕەوایە و ڕاستە، بۆ هەر کام لە چوار قوتابخانە ئەدەبییە مێژووییەکەیش هەریەک بە تەنیا ڕاست و دروستە. ئەنجا ئەگەر بێت و بمانەوێت لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و مێژوویی لە بارەی سەرهەڵدان و گۆڕان و پێشکەوتن بۆ هەر کام لە قوتابخانە ئەدەبییەکان ئەنجامبدەین، پێویستە پەیڕەویی لە ڕەوت و ڕێبازێکی لەو جۆرە بکەین:

١. قوتابخانەی ئەدەبیاتی پەهلەویی:
بەشی یەکەم: ئەدەبیاتی فۆلکلۆر (عامیانە)ی شێوەزارەکانی (لەک، لوڕ، کەلهوڕ، بنزارەکانی زمانی پەهلەویی و... هتد). گۆرانیی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان: چەمەریی (کە لە لوڕستاندا باوە)، سروودە ئاینییەکان (مەنزوومەی چل سروە (چل سروود)، کە بە شێوەزاری لەکییە). لە پەیوەندیی بەم لایەنەوە د. محەمەد موکریی کاری زۆری لەم بارەوە کردووە، لە نموونەی: "تنظیم طبقە بندی شعر هیجایی درترانها، بازیها اشعار عامیانە، محمد مکری، چاپ دووەم، پاریس، ١٩٩٤". هەروەها سەرچاوەی دیکەیش لە بارەی گۆرانیی و مۆسیقای ناوچەکانی لوڕستان لە بەردەستن: (پیشینە تاریخی موسیقی

لرستان، سید محمد سیف زاده، انتشارات افلاک، چاپ اول، ١٣٧٧/ ١٩٩٨).
بەشی دووەم: ئەدەبی میللیی ناوچەکانی لوڕستان، شیعر و بەرهەمی شاعیرانی میللیی بە شێوەزارە ناوچەییەکانی وەکو (لوڕیی، لەکیی، کەلهوڕیی و... هتد)، کە لە بەردەستدان. لەم ساڵانەی دوایی سێ سەرچاوەی بایەخدار چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە شیعر و بەرهەمی زیاتر لە (٥٠) شاعیری سەر بەم شێوەزارانەی گرتووەتەخۆی، لە نێوان شاعیرانی میللیی تا دەگاتە شیعر و شاعیرانی ئاستبەرزیش، کە ئەمانەن:
- گلزار ادب لرستان، اسفندیار غضنفری امرائی، چابخانە دانش، چاپ اول، خرم اباد، ١٣٦٤/ ١٩٨٥). ئەم کتێبە بۆ جاری دووەم بەم ناونیشانە چاپ و بڵاوکراوەتەوە: (گلزار ادب لرستان، مجموعە اثار شاعران و نگارندگان لرستان، ١٣٧٨/ ١٩٩٩).
- دیوان ملا حقعلی سیاهپوش (فیلی)، جلداول، شعرهای لکی با ترجمە فارسی، بکوشش و تصحیح : عبد السعید حقیقی مقدم، چاپ دانش، خرم اباد، ١٣٧٩/ ٢٠٠٠.
- سرود بادیە - در احوال و اثار شعرای کرد و لک و لر، استاد ملا محی الدین صالحی، چاپخانەی ڕستمخان، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٨٠/ ٢٠٠١.
نوێترین شاعیرانی میللیی قوتابخانەی لوڕیش بریتیین لە (شامی کرماشانیی) و (عەلی ئەشرەفی نەوبەتیی - پەرتەوی کرماشانیی).
بەشی سێیەم: ئەدەبیاتی نووسراوی قوتابخانەی پەهلەویی لوڕیی: فۆڕمە شیعرییە باو و ناسراوەکەی بریتییە لە دووبەیتیی، یان (فەهلەویات)، کە بووەتە ناسنامە بۆ قۆناغ و بۆ قوتابخانە ئەدەبییەکەیش (ئەدەبیاتی فەهلەویی). ئەم تێرمە (فەهلەویی، یان فەهلەویات) بۆ ئەو شیعرە دووبەیتییانە بەکاردەبرێت، کە لە ناوچەکانی پەهلەنشین، کە بە زێد و نیشتیمانی مادی گەورە ناسراوە لە مێژوودا و بەرهەمهاتوون. واتە ئەو شیعرانە کە بە شێوەزارەکانی ڕۆژئاوایی و ناوەندیی و باکووری ئێران هۆنراونەتەوە لە کۆندا (کاکەیی، ٢٠٢٢، ٨).

لەم ناوەدا دووبەتییەکانی باباتاهیر، لە باری فۆڕم و زمانی شیعرییەوە بە (فەهلەویات) ناودەبرێت و لە شیعری خۆیشیدا ئاماژەیپێداوە:

زبان پهلوی ڕا اوستادم　　　　کتاب عاشقی ڕا مسطر ستم
خدایا عشق طاهر بی نشان بی　　　　که از عشق بتان بی پا سرستم

(دستگردی، ١٣٨٧، ٦٢)

جگە لە هەردوو شاعیر (پووری فەریدوون و باباتاهیر)، کە ئەمڕۆ گومان لە هاوسەردەمیی و کوردبوونیان ناکرێت، سیروس شمیسا لە بەشێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (فهلوی گویان)، ناوی زیاتر لە (٢١) شاعیری بردووە، کە سەر بەو سەردەمە مێژووییەن و بەشێکیان ناسناوەکانیشیان هەمەدانیی، یان لوڕییە (شمیسا، ١٣٨٧، ٢٧٧-٢٩٧). دیارە بوونی شاعیرگەلێکی فەهلەویی_نووسی کورد بە شێوەزارە کوردییە کۆنەکانی ڕۆژئاوای ئێران وەکو لوڕیی، لەکیی، ڕازیی و... هتد، بەر لە باباتاهیر و لە دوای باباتاهیریش، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە پێشتر وەکو تاقەسوارێکی تەنیا و دابڕاو لە قوتابخانەی ئەدەبیاتی لوڕ سەیردەکرا، کە گوایە تا دوو-سێ سەدە دواتر هاتنەپێشەوەی شاعیرانی قوتابخانەی گۆران (لە وێنەی مەلا پەرێشان لە سەدەی چواردە) بۆشاییەک لە مێژووی ئەدەبی کوردیی و لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیەدا هەیە.

ئەم بابەتەی (زمان و ئەدەبی کوردیی فەهلەویی) لە بەشەکانی ئەم بەرهەمەدا بە فراوانیی باسکراوە[٦].

سەبارەت بە قوتابخانەی گۆرانیش هەر هەمان ڕەوت و ڕێبازی پێشکەوتنی هەیە، سەرەتا بە ئەدەبیاتی زارەکیی ناوچەکانی (کرماشان و ئیلام و هەورامان + دێرسیم و زازا) دەستپێدەکات. دواتر ئەدەبیاتی میللیی لە

---

[٦] نووسەرانی ئێرانیی لە بە فارسیی و ئازەریی_دانەقەڵەمی فەهلەویی_نووسانی کوردیی (فەهلەویی_زمان) درێغییاننەکردووە. ئەوەتا توێژەرێکی وەک (ادیب طوسی) فەهلەویاتەکانی یەکێکی وەک (شیخ صفی الدینی اردبیلی) کە باپیرە گەورەی حەیدەرییەکانە، بە (ئازەریی) دەداتەقەڵەم. هەرچەندە زمان و شێوەزاری فەهلەویاتەکانیشی ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە بە زمان شێوازێکی کۆنی کوردییە.

بەرهەمـــی شـــیعر و شـــاعیرانی گـــۆران و هەورامـــان و بـــاجەڵان و زازا ڕەنگدەداتەوە. ئەنجا دەپەرژێینەسەر سامانی شیعر و ئەدەبیاتی قوتابخانەکە کەوا مۆرکێکی هونەریی بەرز و پاراویان هەیە و زیاتر پەڕەویی لە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی (گۆرانیی) دەکات، کە لە سێ سەرچاوەوە بەرهەمهاتووە:

ئەدەبیاتی ئاینی یارسان، شاعیرانی گۆران زەمین لە نێوان کەرکووک و هەمەدان، ئەنجا بەرهەمی بەبڕشت و بەپێزی شاعیرانی هەورامان دێت لە بێسارانییەوە بۆ مەولەویی تاوگۆزیی، لەگەڵ ئەدەبیاتی زازاکیی.

هێڵی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەدەبی کرمانجییش بە ئەدەبی فۆلکلۆری ناوچەکانی (بۆتان و بایەزید و هەکاریی و شەمزینان و عەفرین و بادینان) دەستپێدەکات. گۆرانیی و سترانی (دیلانکی و دیوانکی)، لاوژە و حەیرانۆک و داستانی فۆلکلۆریی و... هتد.

لە قۆناغی ئەدەبی میللییدا دەبێت بچین بە سۆراغی شاعیرانی لە وێنەی عەلی حەریریی و فەقێی تەیران و ئەحمەدێ نالبەند و تەنانەت شاعیرێکی وەک (جگەر خوێن)یش لە شیعرە میللییەکانیدا.

بۆ قۆناغی ئەدەبی نووسراوی قوتابخانەی کرمانجیی لە حزووری مەلای جزیرییدا دەوەستین، وەکو شاسواری بەلاغەتی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی، شاعیرانی ئەو قوتابخانەیە کە بۆ ماوەی دووسەت-سێسەت ساڵ دەیان شاعیری بەرجەستەیان تێدا هەڵکەوتووە.

هەمان پەیڕەو و هەمان نەریتیش بۆ قوتابخانەی ئەدەبیی بابان لە ئارادایە، بەشی یەکەم و دێرینی ئەو ئەدەبیاتە، سامانی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی ئاخێوەرانی ناوچەکانی کوردیی ناوەڕاستە (موکریان، ئەردەڵان، بابان، سۆران، گەرمیان). گۆرانیی بە هەموو جۆر و لقەکانیەوە، داستان و بەیت و حەیران و حەکایەت و... هتد، بە شیعر و پەخشان سامانێکی فرەڕەنگ و دەوڵەمەندە. پلەی پێشکەوتووتری بریتییە لە ئەدەبیاتی میللیی و شاعیرانی ئەو دەورەیە، عەلی بەردەشانیی، حاجی بەنگینە، سلێمان ساڵحی هەمەوەند، مەلا نامدار، تەنانەت (قانع)ی شاعیریش لەو شیعرانەیدا کە بە زمانێکی سادە و ڕەوان لەمەڕ ژیان و گوزەرانی لادێنشینان و جوتیاراندا

نووسراون (ڕەسول، ٢٠١٢، ٢١-٢٨).

بەشی سێیەم: پلەی بەرز و باڵا و پێشکەوتووی هونەری ئەدەبیاتی نووسراوی ئەم قوتابخانەیەیە، کە بە ناوی نالیی و دەستەیەک لە شاعیرانی هاوسەردەمیەوە لە وێنەی سالم، کوردیی، نەفعیی، مەلا وەسمان، خاکیی و... هتد) ناوزەددەکرێت. وەکو پێشقەرەوڵ و زەمینەسازیی بۆ چەسپین و ڕەگداکوتانی قوتابخانەکە، شاعیرانێکمان هەبوون بەر لە نالیی و هاوڕێکانی بەو زمانە ئەدەبییە (بابانیی – موکریی) شیعر و بەرهەمیان لە بەردەستدا هەیە. لە نموونەی ڕەنجووریی، ئیبنولحاج، مەلا عەبدوڵڵای بێتوشیی.

دووەم: لەم خاڵەیشدا پێویستە ئەوە ڕەچاوبکرێت:

ا. هەر شاعیرێک کە سەر بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەبیی تایبەت بوو، لە سەر تەوەرەی ستوونیی لە خانە و چوارچێوەی خۆیدا (ئاستی ئەدەبی میللیی، یان ئاستی ئەدەبی هونەریی) باس و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت. واتە ناشێت شاعیرانێک لە ئاستی ئەدەبی میلليی قوتابخانەیەک بن (بە نموونە بەردەشانیی و حاجی بەنگین) لە قوتابخانەی بابان، لە پاڵ شاعیرانێک ڕیزبکرێن و دەستەبەندبکرێن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە، لە وێنەی (جزیریی و خانیی)، کە سەر بە ئاستێکی ئەدەبیی جیاواز و قوتابخانەیەکی ئەدەبیی جیاوازن.

ب. بەڵێ، دەشێت کەوا بەش و ئاڕاستە ئەدەبییەکان لە سەر تەوەری ئاسۆیی لە هەر قوتابخانەیەک بن لە پاڵ یەکتر خوێندنەوە و بەراورد و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت. وەک ئەوەی لە سەر ئاستی ئەدەبی میللییدا قسەی لە سەر ئەدەبیاتی میلليی کوردیی لە هەموو قوتابخانەکاندا بکرێت، خەسڵەت و تایبەتمەندیی و لایەنە هونەرییەکانیان ئاشکرابکرێت، چونکە هەموویان سەر بە ئەدەبیاتی کوردیین و لە قۆناغێکی مێژوویی وەک یەکدا هیچ شورە و دیوارێک لێکیانهەڵنابڕێت، تەنها لە زمان و شێواز و دەربڕیندا لێکهەلاوێردەبن.

ئەمە لە ئاست ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی و تەنانەت شیعر و ئەدەبیاتی

نووسـراویش (هەر کامەیـان لە ئاسـت و قۆنـاغی خـۆی) هەر وایە. وەکـو لەم خشتەیەدا بەدیاردەکەوێت:

**مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردیی**

**لە چوارچێوەی چوار قوتابخانەی ئەدەبییدا**

| قوتابخانە ئەدەبییەکان ← / بەش و ئاستە ئەدەبییەکانی هەر قوتابخانەیەک ↓ | (١) قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی | (٢) قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی | (٣) قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی | (٤) قوتابخانەی ئەدەبیی بابانیی |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی سێیەم ٣. ئەدەبی نووسراو | شاعیرانی ئەدەبی پەهلەویی، پووری فەرەیدوون، باباتاهیر... | ئەدەبی یارسان، ئەدەبیاتی گۆران، - شاعیرانی هەورامان | مەلای جزیریی، خانیی، مەلای باتەیی، پرتەوی هەکاریی... | نالیی، سالم، کوردیی، نەفعیی، مەلا وەسمان... |
| ئاستی دووەم ٢. ئەدەبی میلیی | شاعیرانی میلیی لەک و لوڕ و... لە نموونەی: - شامی کرماشانیی - نەوبەتیی... | بەرهەمی شیعر و شاعیرانی میلیی ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و هەورامان و زازا | شاعیرانی میلیی ئاخێوەرانی زاری کرمانجیی: عەلی حەریریی، فەقێ تەیران، ئەحمەدێ ناڵبەند | ئەدەبیاتی میلیی کوردیی ناوەڕاست: عەلی بەردەشانیی حاجی بەنگینە عەلی عاشق |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی یەکەم ١. ئەدەبی فۆلکلۆریی (زارەکیی) ئاخێوەرانی کوردیی ناوەڕاست | ئەدەبی عامیانەی لوڕ و لەک و کەلهوڕیی... | ئەدەبی زارەکیی گۆرانیی، هەورامیی، باجەڵانیی، زەنگەنە، زازاکیی... لە وێنەی (هۆرە و سیاچەمانە و...) | ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردیا کرمانجیی (ستران، لاوژە و داستان و حەیرانۆک...) | ئەدەبی زارەکیی ناوچەکانی کوردیی ناوەڕاست: شیعری گۆرانیی، بەیت، داستان، حیکایەت... |

جا بۆ دروستیی لێکۆڵینەوە و بەدەستەوەدانی ئەنجامێکی ئەرێنیی، یان ئەوەتا لە سەر تەوەرەی ستوونیی لە بەرهەمی ئەدەبیی هەر قوتابخانەیەک لێکۆڵینەوە بکرێت، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ ئاست و بەشە ئەدەبییەکان. وەک ئەوەی بۆ قوتابخانەی گۆران سەرەتا لە ئەدەبی زارەکییەوە دەستپێبکەین ئەنجا بچینەسەر ئاستی دووەم واتە ئەدەبیاتی میلیی، لە کۆتاییشدا بچینەسەر ئاستی سێیەم واتە ئاستی ئەدەبی هونەریی و نووسراوی قوتابخانەکە، یان بەو شێوەیەی کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا ئاستە ئەدەبییەکان لە سەر تەوەرەی ئاسۆیی وێکڕا تاوتوێبکرێن.

ئەم ڕێباز و ڕێوشوێنەی کە بە چاکی دەزانین بۆ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی ئاست و قۆناغ و قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردیی، جۆرێکە لە میتۆد و پڕۆگرامسازیی زانستیی بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆر و قۆناغ و قوتابخانەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی، تاوەکو لە چنگی هەڕەمەکیی و بێپڕۆگرامیی دەربازیبێت.

لە ناو مێژوونووسانی ئەدەبی کوردییدا د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بە نزیک لەم میتۆدانە کاریکردووە:

- کتێبێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیی تەرخانکردووە. واتە لە سەر ئاستی یەکەم لە سامانی مێژوویی ئەدەبی کوردیی کۆڵیوەتەوە.

- کتێبێکی تایبەتی بۆ ئەدەبیاتی میللیی کوردیی تەرخانکردووە. (شیعری عەلی بەردەشانیی و فەقێی تەیران). واتە لە سەر ئاستی دووەم کاریکردووە، بەڵام شتی نەگونجاو ئەوەیە باسێکی لەمەڕ (بەختیار زیوەر)یش هیناوە لە پاڵ دوو شاعیرە میللییەکەدا شەتەکیداون، کە ئەمانە سەر بە دوو قۆناغی زۆر جیاوازن لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا.

- کتێبی تایبەتی بۆ هەریەک لە شاعیرانی کلاسیک (مەلای جزیریی) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانیی) تەرخانکردووە. ئەمە ئاستی سێیەمە، بەڵام خودی کارەکان بە شێوەیەکی مەنهەجیی یەکگرتووی ڕێکوپێک ئەنجامنەدراون، لێکۆڵینەوەکانیش گشتگیر نیین، واتە لە هەر ئاستێکدا بە گشتگیریی هەموو قوتابخانەکانی نەگرتووەتەوە.

لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردییدا زیاتر مەبەست ئاستی سێیەمە، واتە ئەدەبی نووسراوی کوردییە، بە تایبەتییش مێژووی شیعر و شاعیرانی هەر قوتابخانەیەک.

ئەوەی تا ئێستا لە کتێبەکانی بواری مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردییدا بەدیدەکرێت ئەو تێکەڵاویی و پشێوییەیە کە لەگەڵ ڕۆحی هیچ میتۆد و بەرنامەیەکی زانستییدا یەکناگرێتەوە. وەک دەبینین شاعیرانێکی وەک (علی حەریریی، مەلای جزیریی و فەقێ تەیران و خانی)یان لە ژێر ناوی شاعیرانی کلاسیک، یان شاعیرانی سەر بە یەک سەدە و سەردەمیان بە یەکەوە کۆکردووەتەوە و حەشریانکردوون. لە کاتێکدا (حەریریی و فەقێ تەیران) سەر بە ئاست و قۆناغی دووەمن، واتە ئەدەبیاتی میللیین. (جزیریی و خانی)یش سەر بە قۆناغ و ئاستی سێیەم، واتە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیین. ئەوان با لە چوارچێوەی گشتییدا سەر بە هەمان قوتابخانەی ئەدەبییش بن، بەڵام سەر بە دوو ئاستی ئەدەبیی جیاوازن لە مێژووی ئەدەب و داهێناندا.

لە نموونەیەکی دیکە وا دەبێت، بابە تاهیر و مەلای جزیریی و مەولەویی وەکو ئەڵقەکانی یەک زنجیرە بە یەکەوە شەتەکدراون و لە یەک چوارچێوەدا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرێت. (بە نموونە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی).

له کاتێکدا تایبەتمەندیی و خاسیەتە ئەدەبیی و هونەرییەکان وادەخوازن هەرکامیان لە سیاقی قوتابخانەکەی خۆیدا (پەهلەویی، گۆران، کرمانجیی) لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت، ئەنجا شیکردنەوە و بەراورد و هاوسەنگیی لە نێوان قوتابخانەکانیشیاندا بکرێت، کەوا سەر بە یەک قۆناغ و یەک ئاستی ئەدەبیی و مێژوویین.

(٣)

ئێمە کاتێک باس لە قۆناغبەندیی و سەردەمەکانی قوتابخانە ئەدەبییە کوردییەکان دەکەین، جۆرێک لە چوارچێوەی مێژوویی و ساڵنامەیشیان بە قەڵەمی درشت بۆ دیاریدەکەین. وەک ئەوەی دەگوترێت قوتابخانەی ئەدەبیاتی پەهلەویی سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوانی سەدەی دە بۆ سێزدەهەم، واتە لە نێوان (٩٠٠ بۆ ١٣٠٠ز) لە ئارادا بووە. بۆ قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران دەگوترێت لە نێوان سەدەی چواردەوە بۆ نۆزدە، واتە لە نێوان سالانی (١٣٠٠ بۆ ١٨٠٠ز) لە برەودا بووە. بۆ قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی لە نێوان سەدەی حەڤدە بۆ نۆزدە (١٦٠٠ بۆ ١٩٠٠ز) و بۆ قوتابخانەی بابانیش لە نێوان سەدەکانی نۆزدە و بیست واتە (١٨٠٠ بۆ ١٩٠٠ز)مان دەستنیشانکردووە. ئەم چوارچێوە مێژوویی و ساڵنامەیە بۆ هەر یەکێک لە قوتابخانەکان پێویستی بە ڕونکردنەوە هەیە لە دوو خاڵدا:

**یەکەم**: ئەم چوارچێوە و ساڵنامە زەمانییە بۆ هەر کام لە قوتابخانە ئەدەبییەکان بە شێوەی خەملاندن و مەزەندە دەستنیشانکراون. بەو واتایە دێت کەوا قوتابخانەکە لەم سەردەم و پانتاییە زەمانییەدا لە ئارادا بووە و کارابووە، بەڵام مێژووی دەستپێک و کۆتاییەکەی بە شێوەیەکی گردەبڕ نییە، واتە نە لە مێژوویەکی دیاریکراودا و لە هیکڕا دەستپێدەکات و نە بەو جۆرەیش دەبڕێتەوە. قوتابخانە ئەدەبییەکانیش وەکو هەر دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی سەرەتا بە شێنەیی چەکەرەدەکەن و نەشونمادەکەن، تا پێدەگەن و زاڵدەبن، ئەنجا بەرە بەرە پاشەکشێدەکەن و کزدەبن تا ئەوەی نەریت و قوتابخانەیەکی دیکە دێتەپێشەوە و تاودەسێنێت، بەڵام شوێنەواری قوتابخانە کۆنەکەیش لە پەراوێزدا هەر دەمێنێت و درێژە بە بوون و

مانەوەی خۆی دەدات. جاری وا هەیە قوتابخانە تازەکە لە ڕێگەی گۆڕان و وەچەرخانەوە لە سەر بنەمای ئەوەی پێشوو پەیدادەبێت و گەشەدەکات، وەک ئەوەی پەیڕەوانی قوتابخانەی لوڕ و ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی لوڕ و لەک و کەلهوڕیش لە سەدەی سێزدە بەولاوە لە ژێر کاریگەریی کەلام و سروودەکانی ئاینی یارساندا بایانداوەتەوە سەر زاری گۆران، کە زمانی ئەدەبیی سەردەمەکە و قوتابخانە تازەکە بووە و شیعر و بەرهەمیان بەو دیالێکتە هۆنیوەتەوە، یان ئەوەتا نەریت و قوتابخانە تازەکە بە هۆی هەلومەرجی سەختی جوگرافیی و مێژوویی و سیاسیی بە دوور لە هەر چەشنە کاریگەرییەک، لە هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەتدا پەیدادەبێت و پێدەگات، لە وێنەی قوتابخانەی کرمانجیی کە بە جۆرێک لە دابڕاویی دوورەدەست لە قوتابخانەی گۆران دروستبووە. ئەنجا بۆ نموونە ژیان و بەردەوامیی قوتابخانە کۆنەکە، باشترین نموونە ئەزموونی شیعریی مەولەویی تاوگۆزیی (١٨٠٦-١٨٨٢ز)، کە هەر لە سەرتادا بە پەیڕەویی لە قوتابخانەی گۆران شیعری بە گۆرانیی گوتووە، کە زمانی ئەدەبیی باوی دەرباری میرانی ئەردەلان و قوتابخانە ئەدەبییەکەیشەوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا قوتابخانەی ئەدەبیی بابانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەبێتە باو و پەرەدەسێنێت، بەڵام مەولەویی تا کۆتایی دەستبەرداری زمان و قوتابخانە شیعرییەکەی خۆی نەبووە و شانبەشانی بزوتنەوەی ئەدەبیی بابانی درێژەی بە ئەزموونەکەی خۆی داوە و تا چارەکی کۆتایی سەدەکەیش هەر بەردەوامبووە.

**دووەم**: لەگەڵ ئاوابوونی خۆری سەدەی نۆزدەهەم و کازیوەی سەدەی تازەدا (سەدی بیستەم) و لە پەراوێزی گۆڕانکارییە ڕیشەییەکانی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە جیهاندا، بەرە بەرە لە ڕۆژهەڵات و لە ناو گەلانی تورک و فارس و عەرەبدا، ئەدەبی کلاسیکیی بە شێوەیەکی گشتیی دایەکزی و وردە وردە شوێن و پێگەی خۆی لەدەستدا. لەو ناوەدا ئەدەبی کلاسیکی کوردییش لە سەرەتاکانی سەدەی بیست بە دواوە هەم وەکو قۆناغی مێژوویی هەم وەکو نەریت و قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبیی زاڵ کەوتەدواوە

و تا به تەواوەتیی لەکارکەوت. ئەم کارەی ئێمەیش تاوەکو ئێرە بڕدەکات و دوابەدوای بەسەرچوونی قوتابخانەی ئەدەبیی کلاسیکی کوردیی کۆتایی دێت و دەوەستێت، بە پێی ئەو پلان و پرۆژەیەی لە سەرەتا لە سەری ڕێککەوتووین. لە کاتێکدا گۆڕان و گەشەکردنی ئەدەبی کوردیی پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ لە دنیای تازەدا، لێرەدا بە کورتییش بێت ئاماژە بەو قوتابخانە ئەدەبییە نوێ و تازانە دەکەین، کە لەم قۆناغەدا بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا هاتوونەتەئاراوە وەکو درێژەپێدەر و تەواوکەری قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەبی کوردییمان.

## سێیەم: قۆناغی ئەدەبیاتی نوێی کوردیی:

### ٣. ١. قوتابخانەی ئەدەبیی نوێی کوردیی/ ١٩٠٠–١٩٧٠

دیارە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەرەتا و دەستپێکی قۆناغێکی تازەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا، بە تایبەتییش کە لەو ماوەیەدا ئەدەبیاتی پەخشانیش بە گورجیی دێتەمەیدان. لە ئەنجامی بزاڤێکی تازەکردنەوەدا کە بە (نوێکردنەوەی یەکەم لە ئەدەبی کوردییدا) دەدرێتەقەڵەم، ئەدەبی کوردیی لە هەردوو دیوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، لە لایەنی ئەدەبیی و هونەرییەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەرداد‌ێت. ئەم ئاڵوگۆڕە لە سەر دەستی دەستەبژێرێکی پێشەنگ و ڕۆشنگەر لە شاعیر و نووسەرانی کورد لە کوردستانی باشوور لە وێنەی (پیرمێرد و گۆران و شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و ئاوڕەحمان بەگی نفووس و مامەند کەرکووکیی) هەروەها (قەدری جان و کامەران بەدرخان) لە شام لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیست لە ژێر ناوی قوتابخانەی شیعری نوێی کوردیی (ڕۆمانتیک و ڕیالیزم) دێتەئاراوە. دیارە ئەم بزاڤی تازەکردنەوەیە لە ڕۆژگارێکی زووتر و لە سەردەمی بوژانەوەی ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە ئەستەمبووڵ (١٩٠٠–١٩٢٠) پێشینەی هەبوو، شاعیرانی وەکو عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاریی و قازی زادە مستەفا شەوقیی و پیرەمێرد و خەڵکانی تریش ڕۆڵیان هەبووە و دەستپێشخەرییانکردووە لە نوێکردنەوەی شیعری

کوردیی له هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکیەوە، بەڵام ڕوداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و دابەشبوونی خاکی عوسمانیی، کەوا دابەشبوونی کورد و خاکی کوردستانیشی لێکەوتەوە، ئەم جووڵانەوەیەی ناکامکرد، تا ئەوەی لە دوای یەکلاییبوونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ له (١٩٢٥) و گرێدانەوەی کوردستانی باشوور به دەوڵەتی عێراقەوە سەرلەنوێ به گوڕوتینێکی تازەوە هەتە مەیدانەوە. ئەم جووڵانەوەیە نوێکردنەوەی یەکەم لە ئەدەبی کوردییدا لە باشووری لە ژێر کاریگەریی جووڵانەوەکانی نوێگەریی و تازەکردنەوە لە ئەدەبیاتی تورکییدا سەریهەڵداوە و بوژاوەتەوە لە ئەنجامدا ئەدەبیاتی کوردییش لە عێراق و لە شام بە ئاڕاستەی نوێبوونەوە ڕۆیشتووە. لە ئاکامدا یەکێکی وەکو (گۆران)یش دەبێت بە لوتکەی بڵند و ڕەمز و هێما بۆ قوتابخانەی ئەدەبیاتی نوێی کوردیی، کە تاوەکو کۆتایی شەستەکان درێژەیدەبێت[٧].

### ٣. ٢. قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی کوردیی/ ١٩٧٠-١٩٩٠

ئەمەیان قۆناغی نوێکردنەوەی دووەمە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردییدا. هەردوو بزوتنەوە نوێگەرییەکەی (کفریی کەرکووک ١٩٦٩) و (ڕوانگە ١٩٧٠)

---

[٧] کۆمەڵێک کتێب و نووسراو و نامە و تێزی ئەکادیمیی سەبارەت بەم قۆناغە لە مێژووی ئەدەبی کوردیی و هەوڵەکانی تازەکردنەوەی لەم ٢٠-٣٠ ساڵە لە ئارادا هەن، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردیی، ئاوارە، سلێمانی، ١٩٦٧.
- کاروانی شیعری نوێی کوردیی، حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح)، بەغدا، ١٩٧٨.
- ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە ئەدەبی کوردییدا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، بەغدا، ١٩٨٩.
- ئەدەبیاتی نوێی کوردیی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، هەولێر، ١٩٩٠.
- سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردیی ١٨٩١-١٩٣٢، یادگار ڕەسووڵ باڵەکیی، دهۆک، ٢٠٠٥.
- کامەران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردیی، جیهان عەبدولوەهاب.

تانوپۆی ئەم قۆناغە پێکدەهێنن. ئەم بزاڤی نوێگەرییە لە ئەدەبی کوردییدا لە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەی نوێگەریی لە شیعری عەرەبییدا (حرکة الحداثة) هاتووەتەئــاراوە و بە کــاریگەربوون بە ڕێبــازی (مــۆدیرنیتە)ی ئەوروپیــی، هاوکاتیش بووە لەگەڵ بزاڤی نوێگەریی (الشعر ٦٩)ی عەردەبیی لە عێراق و بزاڤی نوێگەریی (حەجم)ی فارسیی لە ئێران.

**٣. ٣. قوتابخانەی ئەدەبیی کوردیی سەردەم/ ١٩٩٠ - ٠٠٠**

لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە باشوور و کرانەوەی دەرگاکان و ڕێگاکانی گەیشتن بە دنیا و دەستپێڕاگەیشتن بە دەستکەوتەکانی زانستی جیهانی پێشکەوتوو، ئەنجا لە ژێر ناوی شەپۆلە ئەدەبییە نوێخوازییەکانی پاش نوێگەریی (ما بعد الحداثە) لە ئەوروپا و ئەمریکا لە نموونەی پارناسیزم و سیمبۆلیزم و دادایزم و هتد...، ئەم قۆناغە ئەدەبییە هاتووەتەئاراوە، کە گۆڕانێکی چۆنایەتیی لە جیهانبینیی و بنیاتی ئەدەبی کوردییدا خوڵقاندووە. لەم قۆنــاغە ئەدەبیــیەدا کۆمەڵێــک شــەپۆل و بــزاڤ و ئاڕاســتەی ئەدەبیــی نوێخوازیی لە کوردستانی ساڵانی دوای ڕاپەڕین لە گۆڕەپانی جووڵانەوەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی کوردییدا بەرپابوون لە وێنەی بزوینەوەی ڕەخنەیی پــڕۆژە ١٩٩٢، گرووپــی ویــران ١٩٩٢، بزاڤــی نــوێکرن هەر و هەر ١٩٩٤، گرووپی زناک و تەغریبیی و... هتد، کە بە هەموویان ناسنامە و چوارچێوەی ئەم قۆناغ و قوتابخانە تازەی ئەدەبی کوردیی پێکدەهێنن.

بەم شــــێوەیە قۆناغبەنــــدییە مێــــژووییەکەی ڕێنسانســــی ئەدەب و ڕووناکبیریی کوردیی لە بابەتاهیرەوە بۆ ئەمڕۆ ئەم قۆناغ و قوتابخانانەی بە خۆیەوە بینیوە:

١. قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردیی:

ا. قوتابخانەی ئەدەبیی پەهلەویی.

ب. قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانیی.

٢. قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی:

ا. قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی.

ب. قوتابخانەی ئەدەبیی بابان.

٣. قۆناغی ئەدەبی نوێی کوردیی:

ا. قوتابخانەی ئەدەبیاتی نوێی کوردیی.

ب. قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی کوردیی.

ج. قوتابخانەی ئەدەبیی کوردیی سەردەم.

**سەرچاوەکان:**


- دەستگردی، وحید، ١٣٨٧، دیوانی شیعر بابا طاهر عریانی همدانی، چاپ و انتشارات اقبال، تهران.
- ڕسول، عیزەدین مستەفا، ٢٠١٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- شمیسا، دکتر سیروس، ١٣٨٧، سیر ڕباعی، چاپ سوم، نشر علم، تهران.
- کاکەیی، هەیاس مەحمود، ٢٠٢٢، بابا تاهیری هەمەدانی، ئەنستیتۆی فەرهەنگی یاراسان، سوید.
- موکری، کامەران (محەمەد ئەحمەد تەها)، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

## د. عوسمان دەشتی



پ. د. عوسمان حەمەد خدر (دەشتی)
ساڵی ١٩٥٢ لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر هاتووەتە دنیاوە.
قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٢) لە هەولێر تەواوکردووە.
لە ساڵانی (١٩٧٠) بە دواوە سەروکاری لەگەڵ نووسین و ئەدەبیات و ڕۆژنامەنووسییدا پەیداکردووە.
ساڵی (١٩٧٥) بڕوانامەی (دیبلۆم)ی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بەدەستهێناوە.
لە ساڵی (١٩٩٦)دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیی لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە هەمان ساڵدا بەکالۆریۆسی یاسای لە کۆلێجی مافی ئێوارانی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.
لە ساڵی (٢٠٠١)دا بڕوانامەی ماستەر و لە ساڵی (٢٠٠٧)دا دکتۆرای لە پسپۆریی ئەدەبی کوردییدا لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.
تاوەکو ئەمڕۆ (٢٤) کتێبی لە بوارەکانی شیعر و ئەدەبیات و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبییدا بڵاوکردووەتەوە.
تا ئێستا (٢٦) بابەت و تویژینەوەی زانستیی سەربەخۆ و (٩) تویژینەوەی زانستیی هاوبەشی لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
لەگەڵ دەیان وتاری ڕووناکبیریی گشتیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
سەرپەرشتیی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە و لە دەیان لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکانی ماستەر و دکتۆرادا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

بەشداریکردووە.
لە چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستاندا بەشداربووە.
ئەندامی سەندیکای نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسانی جیهانیی (IFJ)، یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان بووە.
لە خولی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٤ ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردیی بووە.

# بەشی یەکەم

# مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی
# لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا

**پ. ی. د. فەرهاد عەزیز خۆشناو***

**پێشەکیی**

نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا بابەتێکی یەکجار ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. هۆکارەکانی ئەم ئاڵۆزییە بۆ مێژووی گەلی کورد دەگەڕێتەوە. لە سەد ساڵی ڕابردوو و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کورد وەکو نەتەوە و کوردستان وەکو جوگرافیا بە سەر ئەم دەوڵەتە تازەدامەزراوانەدا دابەشکرا و لەگەڵ ناسنامەی نوێی ئەم دەوڵەتانەدا لەچوارچێوەدرا و ناسنامەیەکی تا ڕادەیەکی ساختە و دوور لە کەتواری دێرینی مێژوویی بۆ گەلی کورد داتاشرا. لەم ماوەیەدا گەلی کورد و زمان و جوگرافیا و کولتوور و شارستانیەتی دێرینی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریاوە بە پێی ویستی سیاسیی و هەڵوێستی داگیرکەرانە، دەستی بەسەرداگیرا و بە ویستی خۆیان و بەم چەشنەی خۆیان ئارەزوویان بووە، پێناسەی کوردیان کردووە.

لەم ناساندنەدا هەوڵدراوە مێژووی کورد بشێوێنرێت و شوێنبزربکرێت و کورد بە نەتەوەیەکی نوێ بناسێنن. بۆ ئەم مەبەستە دەستیان لە هیچ شتێک نەپاراستووە و تەنانەت کورد بە نەوەی جن و دڕنج یان تورکی شاخیی یان فارسی کێویی و... هتد، ناساندووە. لە ناو ئەم شەپۆلەی سڕینەوە و نەخوێندنەوەی گەلی کورددا، لابردنی ئەم هەموو گەرد و تۆزە لە سەر مێژوو و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی لە سەر بناغەی کەتواری شارستانیەت لە جوگرافیای بەرفراوانی کوردستاندا، کارێکی یەکجار ئاستەمە؛ بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم هەوڵە هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی سەرجەم کۆسپ و ئاستەنگەکان.

بە پێی سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارییەکان، کوردستان لانکەی شارستانیەت بووە و لە کۆنترین سەردەمەوە مرۆڤی تێداژیاوە و خەریکی بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانیەت و بنیاتنانی کولتوور بووە. شانەدەر، هەزارمێرد، ئەشکەفتا، گرێ مرازان، چەرموو و شوێنەواری سەدان شاری مێژوویی لە سنووری خاکی کوردستانی دێرین، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

بێگومان لە هەموو سەردەم و لە دەوری هەر میر و پاشا و میرایەتییەکدا زمان وەکو ئامرازێکی پەیوەندیی لە ئاستی سیاسیی و بازرگانیی و لەشکریی و لە ئاستی ئەدەبیی و نووسین و لە ئاستی دواندن و گفتوگۆی ڕۆژانە کارییپێکراوە. لە دەوری میرنشینە دێرینەکانی کوردستاندا هەریەک لە میرەکان شێوەزاری ناوچەیی یان شێوەیەکی دیاری زمانی دێرینی کوردییان بە مەبەستی ڕاییکردنی کاروباری میرایەتی بە فەرمیی ناساندووە. هەر ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی لە چوارچێوەی میرنشینە دێرینە کوردییەکان لە ڕۆژگاری کۆندا بە شێوەزاری جیاوازی زمانی کوردیی کۆن ئەدەب بەرهەمبێت.

ئەم بەرهەمە ئەدەبییانەی بە شێوەزارە جیاوازەکان نووسراون، بە پێی جوگرافیای ئاخێوەرانی زمانی ئەوسای کورد، کۆمەڵەیەکی زار و شێوەزاریی پێکدێنن و لە چوارچێوەی زاری باکووریی یان ناوەڕاست یان باشوورییدا بە گوێرەی ڕێڕەوی گەشەی زمان لە کۆنترین ڕۆژگارەوە بۆ سەردەمی نوێ بۆ سێ قۆناغی کۆن، ناوەڕاست و نوێدا پۆلیندەکرێن. ڕێک وەکو هەمان ئەم دابەشکردنەوەی بۆ زمانی کوردیی لە سەرەمی ئیسلامییدا کراوە، کە بە سەر چوار زار و هەریەک لە زارەکان بە سەر چەندین شێوەزار دابەشدەکرێن، کە لە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراودا بەربڵاون.

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە ڕێگەی ئەزموون و ژیانی تاک و کۆمەڵ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەیدا، خەریکی بەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانیەت و کولتوور بووە. ئەم شارستانیەت و کولتوورەیش بە هۆی زمانەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەرەمێکی دیکە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە و لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی دیکە گواستراوەتەوە، جا ئەم گواستنەوەیە بە شێوەی زارەکیی یان بە شێوەی نووسین بووبێت. بێگومان گواستنەوەی ئەم بەرهەمە مرۆییانە بە هۆی داهێنانی نووسین بە سەر دوو قۆناغی پێش مێژوو و پاش مێژوو دابەشبووە. ئەوەی پێش داهێنانی نووسین بە شێوەی زارەکیی گواستراوەتەوە و دواتر بەشێکی لە قۆناغی مێژوویی نووسراونەتەوە و گەشەیانپێدراوە و بۆ سەردەمەکانی دواتر گوازراونەتەوە.

ئەدەب کە بەرهەمــی خەیـاڵ و ئەزمـوونی مـرۆڤە، لە ڕێـگەی زمـانەوە تۆمـــارکراوە و هەر لە ڕێـــگەی زمـــانەوە گواســـتراوەتەوە. کــۆنترین دەقە ئەدەبییەکـــانی زمـــانی کـــوردیی بـــۆ ســـەردەمی پـــێش داهێنـــانی نووســـین دەگەڕێنەوە، بەڵام بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەردەمی مێژوویی و لە پـاش داهێنـانی نووسـین، بەشـێکی زۆری نووسـراونەتەوە و بـۆ نەوە و سەردەمەکانی داهاتوو گواستراوەتەوە. هەروەها هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا بە شـــێوەی زارەکیـــیش درێـــژەی بە خەبـــاتی خـــۆی داوە و بە کۆمەڵگـــادا بڵاوبـووەتەوە. کۆنترین دەقە ئەدەبییەکانی جیهـان بە زمـانی کۆنی کـوردیی نووسراون، کە ئەمڕۆ بە زمـانی سـۆمەریی و ئەدەبیاتی سـۆمەریی ناسـراوە. سـۆمەرییەکان کە بەشـێکی گرنـگ لە پێکهـاتەی شارسـتانیەتی کۆمەڵگـای دێرینــی کــورد پێکــدەهێنن، لە دەوروبەری هەزارەی چــوارەمی پــێش زایــن نووســینیان داهێنــاوە و ئەمەیــش ســەرەتایەک بــووە بــۆ تۆمــاری ئەدەبــی نەتەوەیی، کە بە وەرچەرخانێکی مێژوویی شارستانیی دادەنرێت.

ئەدەبـی کـۆنی کـوردیی لە ڕۆژگـاری پـێش ئیسـلامدا بە ئەدەبیـاتی ســـۆمەریی دەســـتپێدەکات. لە دەوروبەری دوای (٣٢٠٠ی پ. ز) ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبییەکان تۆمارکراون. ئەفسانەی خواوەندەکان وەکو ئەفسانەی ئان، ئینانا، ئینکیی و داستانی پاڵەوانیەتیی گەلگامێش و ئەنکیدۆ و ئێنمێرکار و دەقـــی ئافرانـــدنی مـــرۆڤ لە نمـــوونەی هەرە دیـــاری ئەم ئەدەبەن، کە کاریگەرییان لە سەر ئەدەبی نەتەوەکانی دواتر هەبووە و ڕەوتێکی ئەدەبیی و فەرهەنگیی لە نـاو ئەدەبی میللەتـانی دیکەدا بەدیهێنـاوە. بـۆ نمـوونە شـێوازی ئەدەبـــی نووســـراو و شارســـتانیەت و کولتـــووری گەلـــی کـــورد لە دەوری سـۆمەریی، کـاریگەریی ڕاسـتەوخۆی لە سـەر زمـان و ئەدەبـی ئەکەدیـی، ئاشووریی و بابلی داناوە. ئەم کاریگەرییە لە سـەر زمـان و ئەدەبی ئەکەدیی بە ڕادەیەکە کە ئەکەدییەکـان بـۆ مـاوەی چەنـد سـەدەیەک هەمـان زمـانی سـۆمەرییان بـۆ ڕاییکردنـی کـاری میریـی، هەروەهـا بەرهەمهێنـانی ئەدەبیـی بەکارهێناوەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەدەبی ئەکەدیی، بابلیی و ئاشووریی بە لاساییکردنەوەی ئەدەبی سۆمەریی بەرهەمهاتووە.

زمانی کوردیی له دەورەی سۆمەریی له باشووری میزۆپۆتامیا هەمان ئەم زمانه بووه، که دواتر له باکوور له دەورەی هیتییەکان و له ناوەڕاست له دەورەی گوتییەکـــان بەکارهـــاتووه و نووســـینی پێتۆمـــارکراوه. هەرچەنـــده جیـــاوازییەک له نێوانیانـــدا بەدیـــدەکرێت، بەڵام ئەم جیـــاوازییه له ئاســـتی جیاوازیی شێوەزار، هەروەها تێپەڕینی کاتدا خۆی دەنوێنێت. ئەم دەقانەی به شێوەی بزماریی/چیلکەیی و بەم شێوەزاره فەرمییانه نووسراون، ئێستا له مۆزەخانه و زانکۆکانی جیهاندا پارێزراون و به بەراوردکردنی ناوەڕۆکی ئەم دەقانه، پەی به هاوبەشیی کولتووریی و فەرهەنگیی میللەتێک دەبرێت، که له بـاکوورەوه له نزیـک قەوقازیـا و له باشـوورەوه تـاکو کەنـداو به درێژایـی هەردوو پێدەشتکانی ئەمدیو و ئەودیوی زنجیره چیاکان زاگرۆس ژیاون و خەریکی بەرهەمهێنانی کولتووریی و شارستانیی بوون.

شارستانیەت و فەرهەنگی دێرینی کورد به درێژایی چەندین هەزار ساڵ به هەوراز و نشێوی جیا جیادا تێپەڕیوه، هەنـدێک جـار له لـوتکه بـووه و هەنـدێک جـار به ئاسـتەم و به مانـدووبوون و تێکۆشـانی ڕۆڵەی کـوردەوه بەرەو لـوتکه هەڵکشـاوه و جاری وایش بـووه لاوازبـووه و و داڕمـاوه، بەڵام هەرگیـــز نەوەســـتاوه و نەســـرەوتووه و لەنـــاونەچووه. هەر به هـــۆی ئەم گەشـــتوگوزارەوەیه که ڕێـــڕەوی گەشـــه و پێشـــوەچوونی زمـــان و ئەدەبـــی کـوردیی به سـەر چەنـدین قۆنـاغی جیـاوازدا دابەشـدەکرێت و هەریەک لەم قۆناغـانه نیشـاندەری ڕادەی گەشـه و گـۆڕانی زمـانی کـوردیی له قۆنـاغی پێشـوو بـۆ قۆنـاغی دواتـره. قۆناغەکـانی گەشـه و گـۆڕانی زمـان و ئەدەبـی کـوردیی به گـوێرەی بەرهەمه نووسـراوەکان، به سـەر سـێ قۆنـاغی کـۆن، ناوەڕاست و نوێدا دابەشدەبن.

### پێشینەی مێژوویی زمان و ئەدەبی کوردیی

زمانی کوردیی به درێژایی مێژووی چەندین هەزار ساڵەی به چەندین قۆنـاغ و سـەردەمی جیـاوازدا تێپەڕیـوه و له سـەردەمێکەوه بـۆ سـەردەمێکی دیکه له گەشه و گۆڕان و پەرەسەندندا بووه. ڕێڕەوی ئەم گەشـه و گۆڕان و

پەرەسەندنە لەم کۆمەڵە دەقە دینیی، ئەدەبیی، سیاسیی و بازرگانییانەوە بەدیاردەکەوێت، کە لە جوگرافیای بەرفراوانی کوردستانی دێرین دۆزراونەتەوە و لە مۆزەخانە و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ناوەوە و دەرەوە پارێزراون. بەڵگە مێژوویی و شوێنەواریی و زمانناسییەکان دەیسەلمێنن زمانی کوردیی لە لایەن میرنشینە دێرینەکانی زاگرۆس و سۆمەرستانی مێژووییەوە تاکو سەردەمی ماد و ئەخمینییەکان، دەقی ئەدەبیی و دینیی و... هتدیان پێتۆمارکراوە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان زمانی کوردیی لە دێرزەمانەوە تاکو ئەمڕۆ بە هێڵێکی ڕاست و دروستی مێژوویی، بە ئاڕاستەی گەشە و گۆڕانی زمانیی و دواجار ئەدەبییدا تێپەڕیوە و گەشەیکردووە. لە هەریەک لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەی زمان و ئەدەبی کوردییدا، بە پێی هەرێمی جوگرافیایی و میرنشینە جیاوازەکان، شێوەزارێک یان زارێکی زمانی کوردیی دەقی دینیی و ئەدەبیی و سیاسیی و بازرگانیی پێنووسراوە و ئەم ڕەوتە لە کۆنترین ڕۆژگارەوە تاکو ئەمڕۆ هەر بەردەوامبووە و بە گرنگترین تایبەتمەندیی زمانی کوردیی لە مێژوودا دادەنرێت. لە سەر بنەمای ئەم دەقانەی بە شێوازی نووسین و ئەلفوبێی جیاوازی بزماریی، ئاڤێستایی و پەهلەویی و... هتد تۆمارکراون، ڕێڕەوی ئەم گەشە و گۆڕانە بە سەر سێ قۆناغی خوارەوە دابەشدەکرێت:

یەکەم: قۆناغی کۆن

دووەم: قۆناغی ناوەڕاست

سێیەم: قۆناغی نوێ (حەسەن، ٢٠٢٣، ٧).

لەم بەشەی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردییدا قۆناغی یەکەم و دووەمی مێژووی زمانی کوردیی بە وردیی باسدەکرێن و بە مەبەستی پتر ڕونبوونەوەی ئەم پرسە، بەڵگەی نووسراوی دێریین بە زمانی کوردیی لەم دوو قۆناغە تاوتوێدەکرێن و دەسنیشانی ڕادەی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردیی بە درێژایی ئەم ڕۆژگارە دەکرێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە مەودایەکی یەکجار بەرفراوانی زەمەنیی لەخۆدەگرێت. بەم چەشنە لە سەر بنەمای ئەم دابەشکردنەی سەرەوە مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی لە ڕۆژگاری کۆن و بە پێی بەڵگە زمانیی و ئەدەبییەکان بەرباسدەخرێن.

**قۆناغی کۆنی زمان و ئەدەبی کوردیی**

زمان و ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی کۆندا بە پێی دەسەڵاتە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی سنووری جوگرافیای کوردستانی دێرین، بە سەر چوار دەورەی مێژوویی دابەشدەکرێت، کە هەریەک لەم دەورانە نیشاندەری ڕەهەندەکانی گەشە و گۆڕانی مێژووی شارستانیی گەلی کوردن. دەورەی یەکەم لە ڕووی مێژووییەوە بۆ کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. ئەم دەورەیە هاوتەریبە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتشار و میرنشینە سۆمەرییەکان، هەروەها میرنشینی ئیلام، لە باشووری کوردستانی دێریندا کە بە خوارووی میزۆپۆتامیا ناسراوە. لەم دەورەیەدا سۆمەرییەکان نووسینیان داهێنا و بە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا ئەم داهێنانە لە لایەن ئیلامییەکانەوە سوودیلێوەرگیرا و ئەفسانە و دەقی دینییان پێنووسییەوە. ئەمەیش هەنگاوێک بوو بۆئەوەی بۆ یەکەمین جار ئەدەبی زارەکیی بە هۆی ئەم داهێنانەوە بنووسرێنەوە و بپارێزرێن و ئاسانتر بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێنەوە. ئەدەبی نووسراوی ئەم دەورەیە لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردیی ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا لە ڕیزی ئەدەبی زاری خواروو پۆلێندەکرێت.

دەورەی دووەم بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین و بۆ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی گوتییەکان دەگەڕێتەوە، کە بە میراتگری ڕاستەوخۆی ئەدەب و فەرهەنگی سۆمەریی دادەنرێن. ئەدەبی دەورەی دووەم لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردیی ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا بە ئەدەبی زاری ناوەڕاستی زمانی کۆنی کوردیی دادەنرێت.

دەورەی سێیەم بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. ئەم دەورەیە هاوتەریبە لەگەڵ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی هیتیی و میتانییەکان، کە لە باکووری کوردستانی دێریندا فەرمانڕەوایەتییاندەکرد. ئەم دەورەیەیش بە ئەدەبی زاری سەروو هەژماردەکرێت.

دەورەی چوارەم لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زاین دەستپێدەکات و تاکو کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش زاین بەردەوامدەبێت. لەم دەورەیەدا

چەندین میرنشینی جیاوازی وەکو لوولوویی، ئۆرارتیی، مانایی، میدیی و ئەخمینیی، کە دەسەڵاتی بەشێک یان سەرجەم خاکی کوردستانی دێرینیان لە ژێردەستدا بووە، بە زار و شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کۆنی کوردیی بەرهەمی ئەدەبییان تۆمارکردووە. ئەدەبی ئەم دەورەیە بە پێی گۆڕانکارییە سیاسیی و فەرهەنگییەکان بە سەر دوو پۆلدا دابەشدەبێت. یەکەم: ئەدەبی شێوەزارە جیاوازەکان. دووەم، ئەدەبی زمانی یەکگرتوو.

هۆکاری ئەم دابەشکردنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی یەکگرتووی گوتیی، لە لایەن نەتەوە بیانییەکان بە سەرکردایەتیی ئەکەدییەکان، بۆ ماوەی نزیکەی شەش سەدە لە خاکی کوردستانی دێریندا کۆمەڵێک میرنشینی بچووک و گەورە دامەزران و هەریەک لەم میرنشینانە، شێوەزاری هەرێمی جوگرافیایی خۆیان بۆ ڕاییکردنی کاروباری سیاسیی و فەرهەنگیی بەکارهێنا و بەم چەشنە هەریەک لەم شێوەزارانە بە پێی ژینگەی جوگرافیایی و سیاسیی و بازرگانیی، گەشە و گۆڕانیان بەسەرداهات. لێرەدا ئێمە ئەم دەورەیە بە دەورەی شێوەزارەکان دادەنێین. بێگومان هەریەک لەم شێوەزارانە سەر بە یەکێک لەم سێ زارە سەرەکییەی دەورەکانی پێشوو، واتا زاری باشووریی (سۆمەریی)، زاری ناوەڕاست (گوتیی) و زاری باکووریی (هیتیی – میتانیی) بوون. ڕەنگاڵەیی فەرهەنگیی و ئەدەبیی لە کوردستانی دێریندا لێرەوە سەرچاوەدەگرێت و هۆکارێکیش بووە بۆ بەهەڵەداچوونی زۆربەی زانایانی بواری مێژووناسیی و فەرهەنگناسیی جیهانیی، کە لە شارستانیەتی دێرینی زاگرۆس و میزۆپۆتامیایان کۆڵیوەتەوە. لقی دووەمی دەورەی چوارەم، کە بە سەردەمی زمانی یەکگرتوو دادەنرێت، هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا کە بۆ یەکەمین جار ئیمپراتۆریەتێکی یەکگرتوو لە سەر بنەمای ڕەگەز و زمان و خوێن بە سەرکردایەتیی میری هەرێمی ماد لە ئەنجامی یەکگرتنی بەشێکی زۆری میرنشینە کوردییەکانی جیهانی ئەوسا دامەزرا. لەم سەرەمەدا بۆ یەکەمین جار دەستنیشانکردنی شێوەزارێکی کۆنی زمانی کوردیی وەکو زمانی فەرمیی ئیمپراتۆریەتی یەکگرتووی مادەکان بە پێویستییەکی سەردەم

و ڕۆژهەڤ زانرا، بۆیە یەکێک لە شێوەزارە هەرە گرنگەکانی زمانی کۆنی کوردیی لەم سەردەمەدا بە زمانی فەرمیی دین و دەوڵەت و میللەت دیاریکرا و بە پێی بەڵگە مێژووییەکان هەمان ئەم شێوەزارە بووە، کە دەقی ئاڤێستای پێنووسراوەتەوە. ئەوەی ڕاستیی بێت ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی کۆندا لە دەورەی چوارەم و لە سەردەمی ئەدەبی زمانی یەکگرتوو، سامانداترین سەردەمی مێژووی گەشە و گۆڕانی زمان و ئەدەبی کوردییە و لەم کتێبەدا بە وردیی باسیلێوەکراوە و دەقە ئەدەبییەکانی ئەم دەورەیە خراونەتەڕوو. لێرەدا پێوسیتە ئەم چوار دەورەیە بەم چەشنەی خوارەوە پۆلینبکرێن:

دەورەی یەکەم: سەردەمی زار و ئەدەبی سۆمەریی

دەورەی دووەم: سەردەمی زار و ئەدەبی گوتیی

دەورەی سێیەم: سەردەمی زار و ئەدەبی هیتیی – میتانیی

دەورەی چوارەم: سەردەمی زمانی میدیا (ئاڤێستایی)

**دەورەی یەکەم: سەردەمی زار و ئەدەبی سۆمەریی**

دەورەی یەکەمی ئەدەبی کۆنی کوردیی لە باشووری کوردستانی دێریین و لە هەرێمی سۆمەرستانەوە دەستپێدەکات. لە ڕووی مێژووی شارستانیەتەوە ئەم سەردەمە بە یەکێک لە گرنگترین سەردەمەکانی مێژووی شارستانیی لە جیهاندا دادەنرێت، چونکە لە دەوروبەری هەزارەی چوارەمی پێش زاین سۆمەرییەکان بە هۆی هۆش و ژیریی لەڕادەبەدەرەوە، سیستەمێکی گرنگی تۆماری زانیارییەکانیان داهێنا و بۆ یەکەمین جار ئەلفوبێی بڕگەییان بۆ نووسینی دیاردە فەرهەنگییەکانی بەکارهێنا (Jacobsen, 1987, xi). ئەم داهێنانە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بوو و دەروازەیەک بوو بۆ چوونەناو سەردەمێکی تازە لە بزاڤی شارستانیەتدا، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بە سەر گشت فەرهەنگ و ژیاری مرۆڤایەتییدا هەبوو. سۆمەرییەکان تۆمارە ئەدەبیی و دینییەکانیان لە سەردەمی پێش داهێنانی نووسین لە چوارچێوەی دەقی ئەفسانەکانیاندا بە شێوەی زارەکیی پاراستبوو، بەڵام لەگەڵ داهێنانی نووسین ئەم بەرهەمانە بۆ یەکەمین جار تۆمارکران (حەسەن، ٢٠٢٣، ٢١). لەم دەورەیە بە دواوە ئیتر ئەم تۆمارانە لە سەر ڕووپەڕی گڵی خۆشکراو تۆمارکران و بۆ هەتایەهەتایە پارێزران.

ئاشکرایە کۆنترین دەقی نووسراو بە زمانی کوردیی بۆ ڕۆژگاری سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، کە دانیشتوانی باشووری کوردستانی دێریینن و لە ڕووی شارستانیەتەوە بە یەکێک لە بەهێزترین کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهانی کۆن دادەنرێن و لە بواری فەرهەنگیی و ژیارییدا داهێنەر و سەرقافڵە بوون. داهێنانی نووسین، دامەزراندنی سیستەمی ئاودێریی، دامەزراندنی شار و بنیاتانی قەڵا و پەرستگە بە نموونەی هەرەبەرزی پێشکەوتنی جڤاتی سۆمەریی دادەنرێن. سەرەڕای ئەم داهێنانە گرنگانە، سۆمەرییەکان کۆنترین ئەفسانەکانیان سەبارەت بە ژیان و گەردوون داهێناوە. ئەفسانەی سۆمەریی بەرهەمی ئەدەبیی و فەرهەنگیی و بیروباوەڕی دینیی سۆمەرییەکانە، کە بە درێژایی چەند هەزار ساڵ لە گەشە و گۆڕاندا بووە و دواجار لە دوای ساڵانی دەوروبەری (٣٢٠٠ی پ. ز) و دوای داهێنانی سیستەمی نووسین، لە

ســـەر دەب یـــان قـــوڕ نووســـراونەتەوە و بەم شـــێوەیە بـــۆ کولتـــوور و شارستانیەتەکانی دواتر گواستراونەتەوە.

سۆمەرییەکان بۆ نووسینی داهێنانە ئەدەبیی، هەروەها فرمانە سیاسیی و گرێبەســتە ئـابووریی و ســەرژمێریی و ژمێریـایریی و... هتـد سیســتەمێکی نووسینی ئاڵۆزیان داهێنا، کە بە چەند قۆناغی نووسینی وێنەیی، هزرنووسین و دواجار ئەلفوبێ تێپەڕی. سیستەمی نووسینی ئەلفوبێی سۆمەریی یەکجار ئـاڵۆزە و لە ســەردەمی خـودی سـۆمەرییەکاندا بە مەبەسـتی فێربـوونی ئەم شـێوازە نووسـینە لە شـارە گرنگەکانـدا ناوەنـدی فێرکـاریی دامەزران. ئەم سیســتەمە لە لایەن تیرەیەکـی دیـکەی گەلـی کـورد بە نـاوی ئیلامییەکـان بەکـــارهێنرا، کە لە ســـەردەمی ســـۆمەرییەکان لە ناوچەکـــانی ســـنووری ڕۆژهەڵاتـی سۆمەرسـتان، فەرمـانڕەوایەتییەکی بچووکیـان دامەزرانـدبوو. سـۆمەریی و ئیلامییەکـان بـۆ نووسـین سـوودیان لە قـامیش وەردەگـرت و قامیشـەکانیان بە شـێوەیەکی تـایبەت دەتاشـی و لە سـەر ڕووپەڕی قـوڕی ئامادەکراودا هێمای دەنگەکانیان دەکۆڵی. هێماکان بە هۆی چیلکەی قامیش بە شـێوەی بزمـار دەردەکەون، بـۆیە پسـپۆڕان نـاوی خەتـی (بزماری)یـان بـۆ هەڵبژاردووە.

پڕۆسەی نووسین و خوێندنەوە لە لای سۆمەرییەکان گرنگییەکی زۆری پێـدراوە، بـۆیە هەر وەک لە سـەرەوە ئاماژیپێـدرا، سـۆمەرییەکان لە شـارە جیاوازەکانیاندا ناوەندی فێربوونی نووسین و خویندنەوەیان ئاواکردبوو. بە زمانی سۆمەریی ئەم ناوەندانە پێیگوتراوە (ئی دوب / ) یان (ئی دەب)، واتە (مـاڵی نووسـین)، کە لە کوردییدا ئەمڕۆش هەر ئەم ڕۆنانە بەم شێوەیە بەدیـدەکرێت: (دەبسـتان)، واتە شـوێنی نووسـین. وشـەی (دوب/دەب )ی سـۆمەریی، یـان کـوردیی کـۆن لە کۆمەڵێـک وشـەی کـوردیی نوێـدا تـاکو ئێسـتایش هەر بە هەمـان واتـا بەکـاردەبرێتەوە وەکـو ئەدەب، دەبسـتان، دەبیـر، دیـوان و چەنـدین وشـەی دیـکە. لە کـوردیی کـۆن (سـۆمەریی)دا ئەو کەسانەی خەریکی کاری نووسین دەبن (دوبسەر/ )یان پێدەگوترێت، کە هەمان وشەی (نووسەر)ی ئێستای زمانی کوردیی لێوەدرووستبووە. بۆ

نموونە لە دەقێکی سۆمەریدا هاتووە:

| |
|---|
|  |
| Dub-sar eme-gi nu-mu-un-zu-a a-na-am nam-dub-sar-ra-ni<br>دوب سەر ئێمەگی نومونزووا ئانەئەم نەمدوبسەرانی |
| ئەو نووسەر (قوتابیی)ـەی سۆمەریی نەزانێت، ئا ئەمە نەنووسەرە. واتە نووسەر یان (قوتابیی) نییە. |

لەم دەقەدا بەدیاردەکەوێت سۆمەرییەکان بە زمانی خۆیان گوتووە: (ئەمە گی )، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، (ئەمە/ئێمە) جێناوی سێیەم کەسی کۆ، (گی) بە واتای (قامیش/چیلکە/خامە). هەروەها (گی) بە واتای گۆکردنیش دێت. کەواتە پێکەوە دەبێتە (ئەمەگۆ) یان (ئەمەی چیلکەگۆ)، واتە ئەوەی ئێمە بە هۆی چیلکەوە دەیڵێین. لێرەدا دەردەکەوێت سۆمەرییەکان بە زمانی نووسینی خۆیان گوتووە (ئێمە گی) و بەم چەشنە لە زمانی ئاخاوتن جیایانکردووەتەوە. ئێمەگی واتە زمانی سۆمەریی، دوو شێوەی باوی هەبووە کە بە ئێمەگال () و ئێمەسال () ناسراون و پەیوەندیی بە شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزی نێر و مێوە هەبووە. بە واتایەکی وردتر شێوەی ئاخاوتنی نێر و مێ، کاریگەریی لە سەر بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان هەبووە و بەم چەشنە بۆ سیستەمی نووسینی زمانی سۆمەرییش گواستراوەتەوە. ئێمەگال شێوەی نێرانەی ئێمەگۆ بووە و دەقی سیاسیی، ئابووریی، ژمێریاریی و یاسایی پێتۆمارکراوە، بەڵام ئێمەسال کە شێوەی ئافرەتانەی ئێمەگۆیە، بە هۆی ئەوەی زمانێکی ناسک و شاعیرانەتر بووە، دەقی ئەدەبیی پێتۆمارکراوە.

ئەگەر سەرنجی ڕستەی سەرەوە بدرێت، دەبینین کۆمەڵەوشە و دەربڕینێکی زمانیی وەکو دوبسەر، ئێمەگی، نوومونزووا، ئانە، ئەم، نە، لە زمانی ئێستای کوردییدا بەکاردەبرێن. بۆ نموونە وشەی (نومونزووا  ) بە واتای (نەزانێت) هەتا ئێستایش لە شێوەزارەکانی سەر بە زاری خوارووی زمانی کوردیی لە هەرێمی پەهلەنشینانی ئیلام، کرماشان، لوڕستان نزیک بەم شێوەیە (نەموزانای، نەموزانی، نەموزانوو)

بەکاردەبرێت، یان وشەی ئانە وەکو جێناوی ئاماژە بۆ سێیەم کەسی تاک، لە زارەکانی زمانی کوردیی و بە تایبەتیی لە شێوەزاری هەورامیی و هاوچەشنەکانیدا بە هەمان شێوە گۆدەکرێن. هەر چەشنێک بێت ئێستا ئاشکرایە، کە هەزاران (دەبوی) سۆمەریی بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهاندا توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت، بەڵام لەم توێژینەوانەدا بایەخێکی ئەوتۆ بە پەیوەندیی زار و شێوەزارەکانی سۆمەریی بە زمانی کوردییەوە نەدراوە. هۆکارەکان زۆرن و گرنگترینیان بۆ ئامادەنەبوونی توێژەری کورد لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە. ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەیە بە پێی دەقە کۆنەکان لە مێژووی گەشەی زمان و ئەدەبی کوردیی لە کۆنترین ڕۆژگارەوە بۆ ئەمڕۆ بکۆڵێتەوە و لەم ڕێیەدا بە پشتبەستن بە زانستی زمانناسیی، هەوڵدەدات دەقی سۆمەریی و دەقەکانی دیکەی قۆناغی کۆنی زمانی کوردیی بە مەبەستی نیشاندانی ئەم گەشە و گۆڕانە بە نموونە بگوازێتەوە.

یەکێک لە کۆنترین دەقە دێرینەکانی قۆناغی کۆنی زمانی کوردیی بە زاری سۆمەریی، دەقی ئەفسانەی بەهەشتی سۆمەریی (دیلمون)ـە، کە بە زمانێکی ئەدەبیی نووسراوە و تێیدا وەسفی کوێستانی دیلمون واتە بەهەشتی هەمیشەیی کراوە. لە ئەدەبی سۆمەرییدا دیلمون بە کوێستانێکی خۆش و ڕازاوە وەسفکراوە، کە مرۆڤ تێیدا بە ئاسوودەیی و نەمریی لەگەڵ خواوەنداندا دەژی. هیچ نەخۆشیی و پیسییەکی تێدا بەدیناکرێت. لە سەرجەم دەقە سۆمەرییەکاندا دیلمون بەردەوام لەگەڵ وشەی (کوور) بەم شێوەیە (کوور دیلمون  ) هاتووە، کە واتای کوێستانی دیلمون دەدت. دیلمون لە بنەڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە، (دیل) یان (تیل) بە واتای ژیان و (مون) بە واتای مانەوە. پێکەوە واتە (مانەوە لە ژیان)، کە ئەمەیش واتای نەمریی دەدات. بەم چەشنە (کوور دیلمون) واتە (کوێستانی نەمریی) یان (هەرێمی نەمریی) و مەبەست لێی بەهەشتە.

ئەم دەقەی خوارەوە بەشێک لە دەقی بەهەشتی سۆمەرییە، کە یەکێک لە جوانترین دەقە ئەدەبییەکانی جیهانی کۆنە و بە زاری سۆمەریی قۆناغی

کۆنی زمانی کوردیی نووسراوە. دەقە ڕەسەنەکەی ئەم ئەفسانەیە لە زانکۆی پێنسیلڤانیای ئەمریکا بەم ناونیشانە (P469514=CDLI) پارێزراوە. ئەم دەقە لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە واتە ئاستی دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی و واتاناسییەوە تەواو نیشاندەری ڕێڕەوی گەشەی زمانی کوردیی لە قۆناغی کۆنەوە بۆ قۆناغەکانی دواترە. بە پێی زانستی زمانناسیی دەردەکەوێت زاری خواروو و ناوەڕاستی زمانی کوردیی قۆناغی نوێ، شێوە گەشەسەندووەکەی زاری سۆمەرییە. لە ئاستی دەنگسازییەوە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی زاری سۆمەریی لەگەڵ ئەم دوو زارەی زمانی کوردییدا لە قۆناغی نوێدا هاوتەریبە. لە ڕووی وشەسازیی و ڕۆنانەوە زاری سۆمەریی هەمان ئەم یاسایانەی هەیە، کە لە ڕۆنانی وشە لە زارە کوردییەکانی قۆناغی نوێدا پەیڕەودەکرێن وەکو وشەی سادە، لێکدراو، ئاڵۆز، وەرگرتنی پێشگر و پاشگر و... هتد. لە ڕووی ڕستەسازییەوە هەمان یاسای (بکەر + بەرکار + کردار)ی تێدا پێڕەودەکرێت و ئەمەیش تایبەتمەندیی زارە کوردییەکانی قۆناغی نوێیە. لە ڕووی واتاوە زۆرێک لە وشە و دەستەواژەکان بە هەمان فۆڕمی دێریین یان بە کەمە گۆڕانێک وەک خۆیان لەم دوو زارە و بە گشتیی لە زارەکانی دیکەی زمانی کوردیی قۆناغی نوێدا ماونەتەوە. هەندێک لە وشەی سۆمەریی بە ڕێگەی زانستی ئیتمۆلۆژیی و دەستنیشانکردنی ڕەگی وشە، هاوشێوەکانیان لە زارەکانی ئێستای زمانی کوردییدا دەبینرێنەوە، بەڵام کۆمەڵەوشەیەکیش لە زمانی سۆمەرییدا هەن، کە لە زمانی کوردیی قۆناغی نوێدا هاوشێوەیان ڕەنگە نەدۆزرێنەوە، هۆکاری ئەمەیش بۆ مردنی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە.

بە مەبەستی پتر ڕونبوونەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە بەشێک لە دەقی ئەفسانەی (کوور دیلمون) بە خەتی بزماریی و شێوازی خوێندنەوە و واتاوە دەخرێتەڕوو، تاکو بە وردیی ڕێڕەوی مێژوویی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردیی لە قۆناغی کۆن، زاری سۆمەریی بۆ قۆناغی نوێی زمانی کوردیی ڕونببێتەوە.

| واتا | شێوازی خوێندنەوە | نووسینی سۆمەری |
|---|---|---|
| ئەوانەی بمێنەوە، ئەوانەی بمێنەوە مەزنن. | e – ne ba – am e-ne ba – am me – en – ze – en<br><br>ئێنێ بائەم ئێنێ با ئەم مێئێنزێەن. |  |
| کوێستانی دیلمون جێیەکی کۆکە. | kur – dil – mun ki ku – ga – am<br>کور دیلمون کی کوگام. |  |
| ئەم شوێنە کۆکە ئەوانەی ئامادەیانکردووە، مەزنن. | ki – ku – ga e – ne ba – am me – en – ze – en<br>کی کووگا ئێنێ بائەم مێئێنزێەن. |  |
| کوێستانی دیلمون جێیەکی کۆکە. | kur – dil – mun – ki ku – ga – am<br><br>کور دیلمون کی کوگام. |  |
| کوێستانی دیلمون کۆکە، کوێستانی دیلمون ژێکەلەیە (پاکە). | kur – dilmun – ki ku – ga – am kur – dil – mun sikil – am<br>کور دیلمون کی کوگائەم کور دیلمون سیکیلام. |  |

| | | |
|---|---|---|
|  | kur – dilmun – sikil – am kur – dilmun zalag – zalag – ga – am<br>کور دیلمون سیکیلام کور دیلمون زالاگ زالاگ گائەم. | کوێستانی دیلمون ژیکەڵەیە، کوێستانی دیلمون زوڵاڵ و پاکە. |
|  | as – ni – ne dilmun ki – a u – ne – in – nad<br>ئاسنینێ دیلمون کی ئا ئونێ ئین ناد | جێی ئاسودەییە دیلمون و ناخۆشیی [تێدا] نییە. |
|  | ki en – ki dam – an – ni – da ba – an – da – nad – a – ba<br>کی ئینکی دامانیدا بائەندانەد ئەبا | جێیەک ئینکی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بەندن پێی (تێیدا دەمێننەوە.) |
|  | ki – bi sikil – am ki – bi zalag – zalag – ga – am<br>کی بی سیکیلام کی بی زالاگ زالاگ گائەم. | ئەم جێیە ژیکەڵەیە، ئەم جێیە زۆر زوڵاڵ و ڕووناکە. |
|  | ki en – ki nin – sikil – la ba –an – | ئەو جێیەی ئینکی لەگەڵ نینسیکیلی تێیدا |

| | | |
|---|---|---|
| | da – nad – a – ba<br>کی ئینکی نینسیکیلیلا بائەندانەدئەبا | دەمێننەوە. |
|  | dilmun – ki uga dug – dug nu – mu – ni – bi<br>دیلمون کی ئوگا دوگ دوگ نوومموونیبی | لە کوێستانی دیلمون جێی دووگەدووگ نابێتەوە. (گوتە گوت). |
|  | dar – e dug – dar – ri nu – muni – ib – bi<br>داری دوگ داریری نووموونی ئیببی. | باڵندە لە سەر دار دووگەدووگی نابیستریێت. |
|  | ur – gu – la sag – gin – nu – ub – ra – ra<br>ئوورگالا ساگ گین نوو ئوو براڕە<br>ur – bar – ra – ge sil nu – ub – kar – ri<br>ئووربارڕاگی سیل نوو کارری<br>بەوری دڕندە هیچ کارێک نادڕێ. (بەور بەرخ نادڕێ.) | دڕندەی گەورە سەری گیانلەبەران نابڕنەوە. |

| | | |
|---|---|---|
|  | ur – ku mas – gam – gam nu – ub – zu<br>کوور کوو ماس گام گام نووئووبزوو | کسۆک (ڕێویی) نازانێت مامز هاموشۆدەکات. |
|  | dun se – ku – ku – e nu – ub – zu<br>دوون سی کوو کووئێ نووئووبزوو | ئەسپ چەرین نازانێت. (واتە پێویستی بە چەرین نییە، هەردەم تێرە). |
|  | tu sag – nu – mu – un – da – sub – e<br>تووساگ نوومووئوون داسووبێ | تاوس ناتوانێت نائاسودە بێت. |
|  | igi – igi – e igi – igi – me – en nu – mu – ni – bi<br>ئیگی ئیگی ئێ ئیگی ئیگیمێ ئین نووموونیبی | چاو، چاوی من نابینا نابێت. |
|  | sag – gig – gi sag – gig –gi – me – en<br>ساگ گیگی ساگ گیگی مێ ئین | ژانەسەر ژانەسەرم نابێت. |

| | | |
|---|---|---|
|  | um – ma – bi um – ma – me – en nu – mu – ni – bi ab – ba – bi ab – ba – me – en – nu<br>ئووم مابی ئووما مـی ئـین نوومـوونیبی ئەبابی ئەبامی ئین نوو | داپیرەیەک نالێت من پیرەژنم، باپیرەیەک نالێت من پیربووم. |
|  | ki – sikil a – nu – tu – a – ni uru – a nu – mu – ni – ib – si – gi<br>کـی سـیکیل ئـانووتووانی ئـووڕووا نووموونی بی سی گی | ئەو کیژۆڵەی نەیتوانی بڕوێت (شـووبکات) لەویَ ئاوها نـامێنێتەوە. (واتە هاوسەرگیریدەکات). |
|  | lu id – da bal – e – mi – de nu – mu – ni – be<br>لـوو ئیـدا بـاڵی میـدیَ نوومـوونی بی | ئەو کـوڕەی بـاڵای نەداوە (پێنەگەیشتووە) ئاوها نامێنێتەوە. |
|  | ligir – e zag – ga – na nu – um – nigin<br>لیگیـریَ زاگ گانـا نوومو نیگین | گێڕەوەکـان ئەرکەکانیان نەگۆڕی. (لە ئەرکـی خۆیـان لایاننەدا). |

| | | |
|---|---|---|
| پیاوی لێڵی [درۆزنی] لێنامینێتەوە. | lul – e e – lu – lum nu – mu – ni – bi<br>لـوولی ئیلوولـووم نوومموونی بی |  |
| لە هــیچ گۆشــەیەکی واری کەس شـــــین ناگیرێت. | zag – uru – ka i – lu – nu – mu – ni – bi<br>زاگ ئوورووکا ئی لوو نوومموونی بی |  |

ئەدەبی سۆمەریی لە سـەرەتاوە بە شـێوەیەکی بەرفراوان بە سـەرتاپای سنووری جوگرافیای کوردستانی دێریندا بڵاوبووەتەوە و زۆربەی میرنشینە دێرینەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس لە باکوورەوە تاکو باشوور لە سـەردەمە جیاوازەکانـدا هەمـان زمـان و ئەدەبیـان بەکارهێنـاوە و بە پێـی سـەردەم و بارودۆخی گەشەی زمان برەویانپێداوە و لەگەڵ نەریت و کولتوور و باوەڕی خۆیاندا گونجاندوویانن. میرنشـینی میتانیی و هیتیی لە باکوور و میرنشـینی گـوتیی لە ناوەڕاسـت و میرنشـینی ئـیلام لە باشـوور، بە پێـی سـەردەمە جیاوازەکـان بـۆ مـاوەی چەنـدین سـەدە بە کـاریگەریی زمـان و ئەدەبـی سۆمەریی، ئەدەب و کولتووریان بەرهەمهێنـاوە و ئەم کاریگەرییە لە زمان و ئەدەبەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

## دەورەی دووەمی قۆناغی کۆنی زمانی کوردیی

## ئەدەبی زاری گوتیی

دەورەی دووەمـی قۆنـاغی کـۆنی زمـانی کـوردیی لە ڕووی مێـژووییەوە گرنگتـرین دەورەیە و بە خـاڵی وەرچەرخـانی مێـژووی گەشـەی زمـان و ئەدەبی کـوردیی دادەنرێت. هۆکـاری ئەم گرنگییە بۆ دەرکەوتنی دەسـەڵاتی گوتییەکـان دەگەڕێـتەوە، کە بـۆ یەکەمـین جـار بـاکوور و باشـووری میزۆپۆتامیایـان لە ڕووی سیاسـیی و فەرهەنگیـی پێکەوەبەسـتەوە. لەم دەورەیەدا و لە دەوروبەری کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین گوتییەکان توانییـان کۆتـایی بە دەسـەڵاتی داگیرکـارانەی ئەکەدییەکـان بە سـەر خـاکی سۆمەردا بهێنن و بۆ یەکەمین جار جڵەوی دەسەڵاتی سـەرجەم هەرێمەکانی بـاکوور و باشـووری میزۆپۆتامیـا و زنجیـرە چیاکـانی زاگـرۆس بەدەستەوەبگرن. لەم سەردەمەدا زاری گوتیی، کە بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیی لە قۆناغی کۆنی زمانی کوردیی دادەنرێت، دەقی ئەدەبیی و دینیی و سیاسیی و بازرگانیی پێتۆمارکرا. لە مێژوودا ئەم سـەردەمە تـاکو سـەرەتای هەزارەی دووەمـی پێش زایـن بە قۆنـاغی نیوسـۆمەریی ناسـراوە و سـەدان پـارچەی شـوێنەواریی و دەبـۆی نووسـینی سـەر بەم مـاوەیە ئێسـتا لە بەردەسـتدان. گرنگتـرین دەقەکـانی ئەم سـەردەمە بـۆ ڕۆژگـاری دەسـەڵاتداریەتیی (گودییـا)ی پاشـای شـاری لاگـاش دەگەڕێتەوە، کە لە ژێر فرمـانی گوتییەکانـدا بـووە. گودییـا بە پاتیشـی واتە پاشـا یـان دەسـەڵاتداری لاگاش خۆی ناساندووە.

گوتییەکـان لە ڕووی فەرهەنگیـیەوە میراتگـری ڕاسـتەوخۆی فەرهەنگـی سـۆمەریی بوون و هەمـان شێوازی نووسینیان لە تۆمـاری ئەدەبیی، دینیی، سیاسـیی و بازرگانییـدا پەیڕەوکـردووە، کە لە لایەن سـۆمەرییەکانەوە داهێنرابـوو و برەوپێدرابوو. سـەرجەمی ئەفسـانە سـۆمەرییە دێرینەکـان چ ئەوانەی بە شێوەی زارەکیی یان بە شێوەی نووسـراو بوون، لەم سـەرەمەدا جـارێکی دیـکە لەبەریـانگیرایەوە و نووسـرانەوە. بە پێـی نەریـت و ڕێسـا پەروەردەییەکانی سۆمەرستان، دبستان واتە قوتابخانە و ناوەندی فێرکارییان

دامەزراندەوە و ئەدەبیاتی سۆمەریی دوبارە زیندووکرایەوە. گرنگترین دەقە ئەدەبییەکانی ئەم دەورەیە بۆ سەردەمی پاشایەتیی گودیا و کوڕ و نەوەکانی دەگەڕێتەوە، کە هۆکاری بوژاندنەوەی زمان و ئەدەبی سۆمەریی بوون و دواتر بە هۆی دەسەڵاتی بەرفراوانی گوتییەکانەوە ئەم ئەدەبیات و فەرهەنگە بەرەو باکووری میزۆپۆتامیا گواسترایەوە.

لە خوارەوە دەقێکی ئەدەبیی ئەم قۆناغە دەگوازرێتەوە، کە بە بۆنەی ڕێزگرتن لە خواوەند گێشتینانا و ئاواکردنی پەرستگە بۆ ئەم خواوەندە نووسراوە. ئەم دەقە بە شێوەی شیعر لە سەر پەیکەرێکی لەبەردداتاشراوی گودییا نەخشێنراوە و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:



وێنەی نووسراوی سەر پەیکەری گودییا

وێنەی پەیکەری گودییا

| ڕیزی یەکەم | ڕیزی دووەم | ڕیزی سێیەم |
|---|---|---|
|  |  |  |
|  |  |  |
|  |  |  |
|  |  |  |

| | | |
|---|---|---|
|  |  | |
| |  | |
| |  | |

| ڕیزی سێیەم<br>شێوازی خوێندنەوە | ڕیزی دووەم<br>شێوازی خوێندنەوە | ڕیزی یەکەم<br>شێوازی خوێندنەوە |
|---|---|---|
| موو.دوو | نین.ئا.نی | گێشتین.ئان.نا |
| نام.شیتا.ئێ با.گووب | گوو.دێ.ئا | نین ئا.ژی مو.ئا |
| موو.شێ موو.نا.سا | پا.تی.شی | دام کی.ئاگ |
| ئی.ئا.نی.ئا | لاگاش.کی.کێ | نین.گیش.زی.دا.کا |
| موو.نا.نی | ئی گیر.سوو.کی.کا.نی | |
| | موو.نا.دوو | |
| | ئالا.نا.نی | |

| ڕیزی سێیەم<br>واتا | ڕیزی دووەم<br>واتا | ڕیزی یەکەم<br>واتا |
|---|---|---|
| دانا | سەروەری ڕێزلێگیراوت | بۆ (خواوەند) گێشتینانا |
| بۆئەوەی نزای پێشەوا گیرابێت | گودییا | خاتوونی ژیانئاوا |
| بە ناوی خۆی ناساندی | پاشای نیشتمانی لاگاش | هاوسەری گیانیی |
| لە پەرستگەی دانا | پەرستگەی ئەو لە گیرسووی | (خواوەند) نینگیشزیدا |
| | بۆ ئاواکرد | |
| | ئەم ئالا (پەیکەرە)ی خۆی | |

لە ڕۆژگاری گوتییەکاندا جارێکی دیکە ئەدەبی سۆمەریی بوژایەوە و لە ژێر هەژموون و کاریگەریی زمانی گەلانی ئامووریی واتە ئەکەدیی و بابلییەکان دەربازیبوو و سەرلەنوێ هەمان ئەم شێوازەی لە ڕۆژگاری

سۆمەرییەکان باو و بڵاوبوو، برەوپێدراوە. لەم دەورەیەدا زمان و شێوازی نووسین و سیستەمی ئەلفوبێی چیلکەیی، یەکدەستکرا و لە دەبستانەکانی کوردستانی دێریندا ئەم شێوازە ستاندەرەی سیستەمی نووسینی سۆمەری جێگیربوو، کە ئێستا لە جیهاندا ناسراوە.

## دەورەی سێیەمی زمان و ئەدەبی کوردیی

دەورەی سێیەمی زمان و ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی کۆندا هاوتەریبە لەگەڵ دەسەڵاتداریەتیی کۆمەڵێک میرنشینی جیاوازدا، کە لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین لە سنوورەکانی خاکی کوردستانی دێریندا فەرمانڕەوایەتییاندەکرد. زۆربەی ئەم شانشینانەی کوردستان هەمان ئەم شێوازە نووسینەیان لە تۆماری ئەدەبیی و دینیی و سیاسیی و بازرگانییدا بەکارهێنایەوە، کە لە لایەن گوتییەکانەوە لە سەرجەم خاکی میزۆپۆتامیا و زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا باو و بڵاوبووبوویەوە. هەر وەک پێشتر ئاماژەیپێدرا گوتییەکان لە نووسیندا هەمان شێوازی ئەدەبیی و هەمان ئەلفوبێیان بەکاربردووە، کە لە لایەن سۆمەرییەکانەوە جێگیرکرابوو. ئیمپراتۆریەتی گوتیی، لە کۆتایی هەزاری سێیەمی پێش زاین توانیبووی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی خۆی بە سەر سەرتاپای کوردستانی دێریین لە باکوورەوە تاکو باشوور، واتە لە میزۆپۆتامیا و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بسەپێنێت و دەوڵەتێکی بەرفراوان و تا ڕادەیەک یەکگرتوو و ناوەندیی بە پایتەختی ئەرەبخا دابمەزرێنێت. بەم چەشنە دەبێنین لەم سەردەمە بە دواوە، زمان و ئەدەبی سۆمەریی لە ڕێگەی دەوڵەتی گوتییەوە بە بەشێکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاودەبێتەوە. کاریگەریی ئەم فەرهەنگ و شارستانیەتە لە زمان و ئەدەب و ئەفسانە دینییەکانی ئەم شانشینانەوە بەدیاردەکەوێتەوە، کە دوای ڕووخانی گوتییەکان لە هەرێمە باکووریی و باشوورییەکانی کوردستانی دێریندا دەوڵەت و میرایەتیان دامەزراندووە. هەریەک لەم شانشینانەی دواتر لە هەزارەی دووەمی پێش زاین وەکو هیتیی، میتانیی، ئۆگاریتیی، لوولوویی و...

هتد و دواتر لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین وەکو ئۆرارتیی، مانایی، میدیا، ئەخمینیی دامەزران، لە ڕێگەی گوتییەکانەوە وەکو میراتگری زمان و ئەدەب و میتۆلۆژیای سۆمەریی دەردەکەون.

### ئەدەبی هیتیی – میتانیی

دەورەی سێیەمی ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی کۆندا لە باکووری کوردستان لە چوارچێوەی میرایەتیی و دەسەڵاتی دوو میرنشینی دێرینی کورد گەشەدەکات و بە هۆی سنووری جوگرافیایی ئەم شانشینانە ئەدەبی ئەم دەورەیە بە ئەدەبی زاری باکووریی دادەنرێت. میرنشینی میتانیی و هیتیی دوو میرنشینی کوردیی سەردەمی کۆنن، کە لە نووسین و تۆماری فەرهەنگییدا هەمان شێوازی نووسینی سۆمەرییان بەکارهێناوەتەوە و بەرهەمەکانی ئەم دەورەیە بە ئەدەبی زاری باکووریی لە قۆناغی کۆن دادەنرێن و بە پێی دوزینەوە شوێنەوارناسییەکان لە باکووری کوردستان، ئەدەبێکی یەکجارساماندار و بەنرخیان لێبەجێماوەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتیی ئەدەب و نووسین بە زاری باکووریی لە قۆناغی کۆنی زمانی کوردییدا لە ڕووی سەردەمەوە پاش زاری ناوەڕاست (زاری گوتیی) دەکەوێت، بێگومان زاری باکووریی بە هۆی دەرکەوتنی دەسەڵات و میرنشینە دێرینەکانی باکووری کوردستان وەکو میتانیی و هیتییەوە گرنگییەکی مێژوویی، سیاسیی و ئەدەبیی لە سەردەمی خۆیدا هەبووە. شێوەزاری میتانیی و هیتیی لە بنەڕەتدا دوو شێوەزاری باوی زاری باکووریی قۆناغی کۆنن، کە لە چەندین بنزاری دیکەی وەکو (هووریی، لۆڤیی، هەتتیی و پالیی) پێکهاتوون.

ئەم دەقەی خوارەوە بەشێک لە دەقێکی (هیتیی)ـە، کە دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ، هێشتا وشە و دەستەواژە و ڕستە و ڕۆنانەکەی بە ڕادەیەکی زۆر و چاوەڕواننەکراو، مۆرکی زمانی کوردیی پێوەدیارە (Suel, 1985, 23-26).

| واتا | شێوازی خوێندنەوە | نووسینی هیتیی |
|---|---|---|
| ڕووناکیی دەمێنێت، لەبەرئەوەی خـــودا هەیە. | ئیش کی دوو مانوو مائەن دینگیر لیم |  |
| هەیە شـــــادیی و خۆشـیی ئەودەمەی نانی پیرۆز [هەیە] | مـائەن شـا شـاتی مـائەن نینداکوور ڕا ئودمی |  |
| مشـتێک جۆ لەگەڵ دوو [هیـــزە] ڕۆن، یەک [هیـــزە] ڕۆن، نیو [هیزە] ڕۆن. | شـــا ٢ ئـــوپنی ١ ئوپنی نیَ ئوپنی |  |
| جـــــــــۆیەکەش هاڕاوتراو بێت | شـــوونوومێش ئـار تیان |  |
| بــۆ ئاشــکردن ژی لای ئاش مابێتەوە. | پی ئاش کەن ژی نا ئاش مائەت |  |
| بەم چەشـــــــنە دڵخۆشیی هاتووە. | نائەت شارا ئاتییا |  |
| ئیگیـــری پێـــدابکەن بەس تەنیا (ئیگیـــــر ڕەنـــــگە کونجی بێت). | ئیگیــر پەی ئـــاکەن لییَ تەنی |  |
| ئەم کۆشــکە بەبــیَ ئـاش نامێنێـت تێیـدا ئاوەدانیی و ژیان. | ئانە ئیَ گال نائاش ما ئەپیدانی ئەنژی |  |
| بـۆیە پێی تێدامەنیَ بێئاشـتییە کۆشـکێک بێئاش بێت. | لیـیَ پـائی تـانی نـا ئاشـــتە ئیگـــال نـــا ئاشەنی |  |
| لە ئـاوەدانیی شـاردا خــۆ هێنـدەیش بـۆ | دی ئامێـــــــدەنی شـــارخوهەنداژ لیـیَ |  |

| | | |
|---|---|---|
| خواردن نییە. | خارنیک تەنی | |
| ئەودەمەی ئەوانەی خواردنی پیرۆزی لە ئاش دەکەن، ئاشانژی نابێت پۆخڵ بێت لە کاری ئاشلێناندا (ئاشانژی واتە چێشتلێنەر، ئاشکەر) | نام مە نیندا کوور ڕا هیائودمی کوئی ئاش ئی ئاشانژی نائەت پارکووائیش ئاشاندوو |  |
| ئەوان دەبێت بتاشن [مووەکانیان] ئاش ئامادە دەکەن. هەنییەی خۆی بکات ئەوەی چێشتلێدەنێت | ئووار پائەن تیشائەت کەرتەن تێش ئاشاندوو ئیش هینی ئووش ما ئاش کەن |  |
| نینۆکی نەبێت ئەوەی ئەم کارە دەکات. پۆشتە بن بە بەرگی شیاو ئەوانە. | دوب بین مێشی دائەن ئی ئێش دوو پارکووایە تووگ شیا ئوواشەن هەرکەندوو |  |
| ئەگەر ئاوهانەبێت نابێت ئەم چێشتلێنەرە بکوڵێنێت ئەم ئاشە و خودا ژیانی لێدەستێنێتەوە. | ما ئەن ئوول لیێ ئی ئاشانژی کووی ئی ئاش زا دینگیرمێشەش ژی ئان نیتیانە |  |

| | | |
|---|---|---|
| ئەوانەی پـاکن و بە بژوونـی کـاردەکەن، ئەم نـانە پیـرۆزە لە ناندینیماڵی پیاوی [پیرۆز] ئامادەبکەن. | شـی نووش کەنژی نائـاش ئەپووئووش ئـی ئاشـاندوو ئیـنە ئـــــی لوونینـــــدا دوودوومـــا ئـــاش کەن |  |
| کـۆک و جـوانە ئەو نانی پیرۆزە ئەوەی چێشــتلێنەر نــاردی بۆ خواردن. | کــوو ئــی دا ئــاش ئاندەن ئی ئاشانژی نــــاتکەن شـــانان خۆرنوان |  |
| لە نـــاو ئەم مـــاڵە ناکرێت ڕێگەبـدرێت بەراز و سەگ تێیدا بژین. | ئــی ئاشــدوو نــام مـــــــــــاکەن پارشـوئوراش پیدی شــــــــــاخەش ئــوورگیەش کــاش لیێ تی ئاژی |  |

ئەم دەقەی سـەرەوە بە پێـی زانسـتی زمانناسـیی دەیسـەلمێنێت لە ڕووی ئاسـتەکانی زمـانەوە زمـانی کـوردیی لە قۆنـاغی کـۆن بـۆ قۆنـاغی نـوێ، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە. لە ئاستی دەنگسازییدا سەرجەم دەنگەکـان لە سیسـتەمی گـۆکردنی زمـانی کـوردیی قۆنـاغی نوێدا گـۆدەکرێن، بەڵام لە نووسینی چیلکەیی ئەم قۆناغەدا تایبەتمەندییەکی دەنگسازیی بەدیدەکرێت، کە بـریتییە لە دەربڕینـی دەنـگ بە شـێوەی بڕگەیـی، ئەم تایبەتمەنـدییە تەنیـا لە نووسیندا باوبووە و ڕەنگە لە خوێندنەوەدا ڕەچاوی ئەم بابەتە نەکرابێت. بۆ نموونە لەم ڕستەیە بڕوانە:

| | | |
|---|---|---|
| ئەگەر ئاوهانەبێـــــت نابێـــــــــــت ئەم چێشتلێنەرە بکوڵێنێت ئەم ئاشــە و خـــودا ژیانی لێدەستێنێتەوە. | مـا ئەن ئـوول لیـێ ئی ئاشانژی کووی ئــــی ئـــاش زا دینگیرمێشــەش ژی ئان نیتیانە |  |

له کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕستەیەدا، ئەگەر ڕەچاوی سیستەمی نووسینی دەنگ/بڕگەیی زاری هیتیی بکرێت، ئەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ما.ئان ئوول لی.ئێ

ئی.ئاش.ئان.ژی

کوو.ئوو.ئی ئاش.زا. ئان(دینگیر).مێش.ئەش

ژی.ئان.نی.تی.ئان.نا

ئەم تایبەتمەندییە لە ئاستی دەنگسازییدا بە هۆی سیستەمی نووسینی ئەلفوبێی بزمارییەوە لە کاتی نووسینی دەقی هیتیی و میتانییدا جێبەجێدەکرێت و لە خوێندنەوەدا بەم چەشنە دەخوێندرێتەوە، کە لە دەقی سەرەوەدا شیکراوەتەوە. لە بنەڕەتدا میتانیی و هیتییەکان بە ئەلفوبێی بزماریی دەقەکانیان تۆمارکردووە و هەمان ئەم شێوازە نووسینەیان پەسندکردووە، کە دەقە سۆمەرییەکانی پێتۆمارکراون، بەڵام لە چەند قۆناغێکی جیاوازی سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەکەیاندا شێوازی نووسینی (بابلیی - ئاشووری)یان بەکارهێناوە. خاڵی یەکلاکەرەوە لە دەستنیشانکردنی بنیاتی نووسین، هەروەها ئەدەب و زمانی هیتییدا ئەم دەقانەن، کە لە پایتەختی میرنشینی هیتیی واتە لە (هاتووسا)دا دۆزراونەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری دەقەکان بە سیستەمی نووسینی سۆمەریی و بە زاری هیتیی نووسراون و کاریگەریی ڕاستەوخۆی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی سۆمەریی بە سەر فەرهەنگی هیتییدا بە ئاشکرا بەدیاردەکەوێت.

یەکێکی دیکە لە گرنگترینی ئەم دەقانەی بە زاری باکووریی و بە شێوەزاری میتانیی نووسرابێت، دەقی (کەیکوولی)یە. ئەم دەقە لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی کەیکوولیی نووسراوە، کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی میتانە. ئەوەی دەبێتە هۆی سەرنجپێدانی دەقەکە، ئەوەیە دەقەکە لە هەرێمی هیتیی و بە شێوەزاری میتانیی نووسراوە، ئەمەیش بەڵگەیە بۆئەوەی بیسەلمێنێت شێوەزاری ئاخێوەرانی ئەم دوو هەرێمە لێکنزیکبووە و دوو شێوەزاری سەر بە یەک زاری کۆنی زمانی کوردیین، بۆیە کەیکوولیی بە مەبەستی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەسپ و پێدانی زانیاریی بۆ

شـێوازەکانی مـاڵییکردن و ڕاهێنـانی ئەسـپ بە خەڵکـی هەرێمـی هیتیـی، بە شێوەزاری میتانیی دەقی ڕاهێنانەکانی نووسیوە.

کۆمەڵە دەقێکی جیاواز بە شـێوەزاری میتـانیی لە بەردەسـتدان و یەکێک لە گرنگترینەکـان بـریتییە لە دەقـی ڕێککەوتننـامەی نێـوان هەردوو هەرێمـی میتانیی و هیتیی بە مەبەسـتی وەسـتاندنی شـەڕ و بەرپاکردنەوەی ئاشـتیی و ئـارامکردنەوەی سـنووەرکانی نێوانیـان. ئەم دەقە لە سـەر تاشـەبەرد لە سنووری نێوان هەردوو هەرێمەکە دانراوە و تەنیا بە یەک شـێوازی زمـانیی ئەویش زاری باکووریی نووسراوە. ئەمەیش دیسان بۆ سەلماندنی لێکچوونی شـێوەزاری میتـانیی و هیتیـی بەڵگەیەکـی بەهێزە. واتە نووسـراوی سـەر ئەم تاشـەبەردە لە لایەن دانیشـتوانی هەردوو هەرێمەکەوە خوێندراوەتەوە، بۆیە هەر بە یەک شێوەزار نووسراوە.

**دەورەی چوارەمی زمان و ئەدەبی کوردیی**

لەم سـەردەمەدا بە هـۆی هێرشـە بەرفـراوان و خوێناوییەکـانی ئاشـوورییەکان بـۆ ناوچەکـانی کوردسـتان، پرسـی ناسـنامەی نەتەوەیـی و دەوڵەتـی نەتەوەیـی لە هـزری میـر و دەسـەڵاتدارانی هەرێـمە جیاوازەکـانی کوردستاندا سەریهەڵدا. لەم دۆخە هەستیارەدا میرنشینەکانی سنووری خـاکی کوردستانی دێرین ڕووبەڕووی مەترسییەکی دەرەکیی ببوونەوە و "دەوڵەتی ئاشـوور بە مەبەسـتی بەرفراوانکردنـی سـنووری دەسـەڵات و زیـادکردنی سـەرچاوە ئابوورییەکـانی هەوڵـی داگیرکردنـی ئەم ناوچـانەی دەدا و لە دەورووبەری سـاڵانی نێـوان ١٢٥٠ی پ. ز تـاکو ٨٥٠ی پ. ز بەردەوام هێرشیان بۆ سنووری کوردستان دەبرد" (علی‌یف، ١٣٨٨، ٢٣٨). لەم ماوەیەدا میرنشـینە زاگرۆسـییەکان بە مەبەسـتی ڕووبەڕووبـوونەوەی هێرشـی هێـزە داگیرکەرەکان، لێکنزیکبوونەوە و لە کۆتاییدا ڕێککەوتن و "لە نێوان خۆیاندا یەکێتییەکیـان دامەزرانـد، کە دواتـر دامەزرانـدنی ئیمپراتـۆریەتی مادەکـانی لـێکەوتەوە" (مشـکور، ١٣٧٥، ٨٩). سـەبارەت بەم میرنشـینانە حەبیبـوڵڵای تابـانیی دەنووسـێت: "ئەم میرنشـینانە لە ڕووی نەژاد و زمـانەوە سـەر بە

نەتەوەیەکی دێرینن، کە لە مێژوودا بە گوتییەکان ناسراون. گوتیی ناوێکی گشتییە و ڕێک بەرانبەر ناوی کوردی ئێستا بەکاربراوە" (تابانیی، ٢٠١٠، ٦٨). کەواتە گوتیی لە جیهانی کۆندا هەمان ئەم واتایەی هەبووە، کە ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا ناوی کورد هەیەتی. بەم چەشنە مادەکان تیرەیەکی سەر بە نەتەوەی گوتیی بوون و بە هۆی پێگەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لە ناو میرنشینە جیاوازەکانی دیکەی سنووری جوگرافیای کوردستانی ئەوسا، توانییان یەکێتییەکی سیاسیی و نەتەوەیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنن.

لە دەوروبەری (٧١٢ی پ. ز) میری ناوچەی میدیا، بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ڕێکخستنی سیستەمی حکومڕانیی و یەکخستنی هێزی هەرێم و میرنشینەکان، دەوڵەتێکی یەکگرتووی لە سەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزراند. دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا یان ماد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم قۆناغەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو، چونکە بەدامەزراوەییکردنی کاروباری دەوڵەتداریی، پێویستی بە دەستنیشانکردنی زمانی فەرمیی دەوڵەت هەبوو. هەریەک لەم میرنشینانەی ناو یەکێتییەکە لە دەورەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیان شێوەزار یان زاری باوی هەرێمی دەسەڵاتداریەتیی خۆیان بۆ کاروباری فەرمیی و ئەدەبیی و دینیی بەکاربردووە، وەکو شێوەزاری ئۆرارتیی، مانایی، مادیی و ئەوانی دیکە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ماد، بڕیاردرا یەکێک لەم شێوەزارانە بە زمانی فەرمیی دەوڵەت دەستنیشانبکرێت.

بێگومان زمانی فەرمیی دەوڵەت یەکێک لە شێوەزارە باوەکانی سنووری جوگرافیای ئاخێوەرانە، کە دەرفەتی بەفەرمییبوونی بۆ دەڕەخسێت. لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی نزیکەی پتر لە سێ سەدە، لە ناوچە بەرفراوانەکانی کوردستانی دێریندا بە هۆی دینی زەردەشتییەوە، دەقە پیرۆزەکانی ئاڤێستا بە ناو خەڵکیدا بڵاوبووبوویەوە و بەشێکی هەرە زۆری هۆز و هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان، شوێنی ئەم دینە کەوتبوون. ئەم شێوەزارەی دەقی ئاڤێستای پێتۆمارکرابوو بە یەکێک لە گرنگترین شێوەزارەکانی ناو هۆزە

یەکگرتووەکانی یەکێتیی مادەکان دادەنرا. لێرەوە بوو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد، شێوەزاری ئاڤێستایی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا وەکو زمانی دەوڵەت، دین و میللەت دەستنیشانبکرێت. هیرۆدۆت لە کتێبی (مێژوو)دا ئاماژە بەم بابەتە دەکات و دەڵێت: دیاکۆ دوابەدوای یەکخستنی هۆز و تیرەکانی ماد و دامەزراندنی یەکێتییەکی بەهێز، وەکو پاشای مادەکان دەستبەکاربوو و کۆمەڵێک یاسای سەبارەت بە کاروباری میریی و فەرمیی دەوڵەتەکەی دانا. یەکێک لەم یاسایانە سەبارەت بە بابەتی دادگەریی بوو و بە پێی ئەم یاسایە دادخوازان دەبوایە داواکانیان بە نووسین پێشکەش بە دەزگای میریی بکەن و ئەم دەزگایەیش دوابەدوای بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی داواکان، بە شێوەی نووسراو وەڵامبدرێنەوە (هردوت، ١٣٨٤، ج١، ٨٩). ئەم گێڕانەوە مێژووییە بەڵگەیە بۆئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دیاکۆ بۆ ڕاییکردنی کاروباری دەوڵەت پەنای بۆ نووسین بردووە و لێرەوەیە پێویستیی دەستنیشانکردنی شێوەزار یان زارێکی هاوبەش وەکو زمانی فەرمیی دەوڵەت دێتەپێشەوە. ئیقرار علی‌یف ئاماژە بەوە دەدات لە ناو هۆزەکانی ماددا ئەو شێوەزارەی کە بەهێزتر بوو توانی وەکو زمانی فەرمیی دەوڵەت کارپێبکرێت (علی‌یف، ١٣٨٨، ٣٤٥). بە پێی تێڕوانینی زۆربەی توێژەران، زمانی مادیی هەمان ئەو زمانەیە، کە ئەمڕۆ بە زمانی ئاڤێستایی ناسراوە.

دیاکۆنۆف لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بە زمانی ماد، باوەڕی وایە کە بێگومان ئاڤێستایی زمانی مادەکان بووە (دیاکونوف، ٢٥٣٧، ٦٤). هەروەها زەبیحی سەفا ئاماژە بەوە دەکات، کە زەردەشت خەڵکی وڵاتی ماد بووە و زمانی ئاڤێستا هەمان زمانی مادەکانە (صفا، ٢٥٢٥، ١٠). بەم چەشنە ئاشکرادەبێت، کە ئاڤێستایی گرنگترین شێوەزاری ناو هۆزە یەکگرتووەکانی یەکێتیی ماد بووە و بە تێڕوانینی ئێمە ئاڤێستایی لە بنەڕەتدا شێوەزاری ئەم هۆزە کوردییانەن، کە لە هەرێمی میرنشینیماننا لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ و وردتر لە ناوچەی تەڕگەوەڕ و مەڕگەوەڕ نیشتەجێبوون. زەردەشت خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە و هەر لەم شوێنە خۆی بە پێغەمبەر دەناسێنێت و

ئامۆژگـاریی و بنەمـا دینییەکـانی لە کتێبێکدا بە نـاوی ئاڤێسـتا پێشـکەش بە خەڵکـی نـاوچەکەی خـۆی و دواتـر ناوچەکـانی دیـکەی کوردسـتانی ئەوسـا دەکات (خۆشناو، ٢٠١٣، ٩٤-٩٦). بە هـۆی نـاوی ئەم کتێبەوە ئەم شـێوەزارە بە زمـانی ئاڤێسـتایی ناسـراوە، کەچـی هەر وەک ئاماژەیپێـدرا لە بنەڕەتـدا شێوەزاری هۆزی دەسەڵاتدار و میرانی ماننا بوو.

شێوەزاری ئاڤێستایی لەگەڵ زار و شـێوەزارەکانی دیکەی نـاو سنووری فەرمانڕەوایەتیی میدیا لە ڕووی پێکهاتە و تایبەتمەندیی زمانییەوە هاوڕیشـە و سـەر بە کۆمەڵەیەکی زمانیی فراوانترن، کە دواتر لە ژێر ناونیشـانی خێزانە زمـــانییە زاگرۆســـییەکان پـــۆلینکراون، کە بـــریتیین لە: گـــوتیی، لوولـــوویی، ئـــۆرارتیی، ماننـــایی، میـــدیی، ئەخمینیـــی و... هتـــد. دەقـــی کتێبـــی ئاڤێســـتا کە بەرهەمێکی دینیی – ئەدەبییە، بە پێودانگی هەڵسەنگاندنی سەرجەم ئەم زار و شـــێوەزارانە دادەنرێـــت، کە لەگەڵ کۆمەڵێـــک زمـــانی دیـــکەی وەکـــو ئاســـیی، گیلەکیی، تاتیی بە خێزانی زمانە زاگرۆسییەکان دادەنرێن. هەرچەنـدە زانایـانی بـــواری زماننـاســـیی ئەم زمانـــانە بە خێزانـــی هینـــدوئێرانیی و بە شـــێوەیەکی وردتـــر ئـــاریی نـــاودەبەن، بەڵام ئەم بۆچـــوونە کەموکـــوڕیی تێـــدایە. ئـــاریی وشەیەکی کۆنی کوردییە و بە واتـای هـاوڕێ و دۆسـت دێت. ئەم وشـەیە بۆ یەکەمـین جـار لە دەقـی ئاڤێسـتادا بە هەمـان واتـای هـاوڕێ تۆمـارکراوە و بـارێکی واتـایی کۆمەڵایەتیی هەیە و ئامـاژەیەکە بۆ ئەم کۆمەڵە هـۆزانەی لە سنوورێکی جوگرافیایی هاوبەشدا یەکیانگرتووە و لە ڕووی ڕەگەز، خوێن و زمانەوە خزمایەتییان هەیە.

ئەم جوگرافیـــایەی ئەم کـــۆمەڵە هـــۆزە تێیـــدا یەکیـــانگرتووە، لە دەقـــی ئاڤێستادا بە نیشتمانی (ئەئیریەنڤەئیچە) واتە هەرێمی هاوڕێیـان هـاتووە. ئەم هەرێمە بەشێکی گرنگ لە دەوڵەتی میدیا پێکدەهێنێت و ئەمەیش ئاماژەیەکە بـۆئەوەی بگوترێـت، بە پێـی دەقە ئەفسـانەییەکان ڕەگوڕیشـەی دامەزرانـدنی دەوڵەتی یەکگرتووی مـاد مێژووەکەی بۆ دەوروبەری کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پێش زاین بگەڕێتەوە، یان یەکێتیی هـۆزە هـاوخوێن و هاوزمانەکانی ناوچەکانی نێوان حەوزی دەریاچەی ورمێ تا دەگاتە ناوچەکانی شـارەزوور

بە ناوی (ئەئیریەنڤەئیچە) واتە نیشتمانی ئارییەکان، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە بۆ میرایەتییەکانی ئەوسای کوردستانی دێریین، تاکو بنەماکانی دەوڵەتی یەکگرتووی مادی لە سەر بنیاتبنێن. بەم چەشنە دەردەکەوێت ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی ئاریی و زمانە ئارییەکانەوە بەکاردەبرێت، هەر زۆر لە واتا بنەڕەتییەکەی دوورکەوتووەتەوە و بێگومان ئاریی یان هاوڕێی ئەم کۆمەڵە هۆزە کوردانەن، کە لە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراودا یەکیانگرتووە و یەکێتییەکی هاوڕێتییان دامەزراندووە، تاکو لە هێرش و دەستدرێژیی بێگانەکان پارێزراوتر بن. ئاریی بە واتای ئەم کۆمەڵە نەتەوانە نییە، کە لە کۆندا لە باکووری ئەورووپا و سیبیریا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆچیانکردبێت و ئەم سنوورە جوگرافییە نوێیەیان ئاوەدانکردبێتەوە. زار یان هەندێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیی ئێستا، شێوە گەشەسەندووەکەی ئەم زمانەیە، کە لە هەرێمی (ئەئیریەنڤەئیچە)ی دێریندا قسەیپێکراوە، ئەدەبیاتی پێنووسراوە و دەقی دینیی پێتۆمارکراوە.

ئاڤێستا گرنگترین بەرهەمی ئەدەبیی دەورەی چوارەمی قۆناغی کۆنی زمانی کوردییە، کە دەیان ئەفسانە و پارچە شیعری جوان و گرنگی تێدا تۆمارکراوە. لایەنە هونەریی و ئەدەبییەکانی دەقی ئاڤێستا خۆی لە کێش و سەروا و ناوەڕۆکە ئەفسانەییەکەیدا بەرجەستەدەکات. لە ڕووی هونەرییەوە دەقی ئاڤێستا خاوەنی کێش و سەروای تایبەتە. ئاڤێستا لە ڕووی بنیاتی بابەتەوە بە سەر پێنج بەشی جیاوازدا دابەشبووە، کە بریتیین لە: یەسنە، یەشتە، ڤی دەئێڤەداتە، خورتەک ئاڤێستا و ڤیسپەرەتوو (خۆشناو، ٢٠١٣، ٩٩). سەرجەمی بەشی گاتاکان و بەشێکی زۆری یەشتەکان بە شێوەی شیعر داڕێژراون و کێش و سەروایان هەیە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەشی یەشتەکان و ڤی دەئێڤەداتە، بنیاتی ئەدەبیی دەقی ئاڤێستا پێکدەهێنن وەکو ئەفسانەی خواوەندان، ئەفسانەی پاڵەوانان، ئەفسانەی ئافراندن و ئەفسانەی مەرگ و ژیانەوە و... هتد (حەسەن، ٢٠٢٣، ٢٤-٢٦). سەرجەمی ئەم ئەفسانانە بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز داڕێژراون و بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژگاری پێش ئیسلام پێکدەهێنن، کە دواتر بە هۆی

بەردەوامیـــی و گواســـتنەوەی فەرهەنگیـــی بـــۆ ئەدەبـــی ئەم قۆنـــاغە گواستراونەتەوە.

بە وردبوونەوە لە مێژووی گەشەی زمان و ئەدەبی کوردیی و پرۆسـەی نووســینەوەی مێــژووی ئەدەبــی کــوردیی دەردەکەوێــت،ئەم دەورەیە واتە دەورەی چـوارەمی قۆنـاغی کـۆنی زمـانی کـوردیی، گرنگتـرین سـەردەمی مێژووی گەشـە و گۆڕانی زمـان و ئەدەبی کوردییە. لەم دەورەیەدا بە هـۆی دەستنیشـانکردنی زمـانی فەرمیی و میریی، بنەڕەتەکـانی زمـانی یەکگرتـووی کوردیی بنیاتنراوە و دواتر بووە بە بنەمـایەک بۆ شـوێنهەڵگرتنەوەی ڕێڕەوە فرەڕەهەندەکانی گەشـە و گۆڕانی زمـان و بەرهەمهاتنی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەیــی، کە کــاریگەرییەکەی بــۆ قۆناغەکــانی دواتــری زمــانی کــوردیی گواستراونەتەوە.

دەورەی چوارەمی زمان و ئەدەبی کوردیی لە ڕووی پێکهاتە و مێژووی تۆمــاری ئەدەبیــیەوە تــا ڕادەیەک ئــاڵۆزە، لەم دەورەیەدا دوو جــۆر ئەدەب بەردەستن. یەکەم ئەم ئەدەبە زارەکییەی، کە دواتر لە سەردەمی ئەشکانیی و دواجــار ســەردەمی ساســانیی نووســراوەتەوە، کە بە ئەدەبیــاتی ئاڤێســتایی ناسـراوە و دووەم ئەم ئەدەبەی لە سـەردەمی مـاد و ئەخمینیی تـاکو کۆتـایی ســەردەمی سـلووکییەکان بـاوبووە. ئەم ئەدەبەی بە ئەدەبیـاتی زارەکیـی لەم دەورەیە دادەنرێت، ئەدەبێکـی شـکۆدار و ڕەسـەن و پڕبـایەخە و بە شـێوەی لەبەر، لە نەوەیەکەوە بـــۆ نەوەیەکـــی دیـــکە گواســـتراوەتەوە و دواتـــر لە ســـەردەمی ساسـانییەکاندا لە کـۆمەڵەیەکی بیسـتویەک نەسـک (بەرگـی)دا بە نـاوی ئەدەبیـاتی مەزدایـی و دەقـی ئاڤێسـتا کـۆکراوەتەوە. پێشـەوایانی دینـی زەردەشـتیی لەم سـەردەمەدا بە داهێنـانی ئەلفـوبێیەکی ورد بە نـاوی (دیـن دەبیرییە)، سـەرجەمی ئەم دەقە دێرینانەیـان نووسـییەوە، کە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی مەزداییدا پۆلینکرابوون.

لە سەرەمی مادەکاندا دەقی ئەدەبیی، دینیی، بازرگانیی، ڕامیاریی و... هتد بە خەتـی بزمـاریی لە سـەر دەبەقـوڕ و تاشـەبەرد تۆمـارکراون و بەشـێکی زۆریان لە کنەوپشکنینەکانی پاشماوەی قەڵاتی (ئێگباتـان) لە هەمەدانی ئێستا

و قەڵاتی سەقز و ناوچەکانی مەهاباد دۆزراونەتەوە، بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستا ئەم تۆمارە گرنگە مێژووییانە لە لایەن وڵاتی ئێرانەوە دەستی بە سەردا گیراوە و ئاشکراناکرێن. بەشێکی زۆری توێژەرانی بواری مێژوو و شوێنەوار لەم وڵاتەدا پێیانوایە جگە لە چەند وشەیەک نەبێت هیچ نووسراوێک لە سەردەمی مادەکان دەستنەکەوتوون و هیچ زانیارییەک لە بارەی زمانی مادەکانەوە بەردەست نییە. بێگومان هەر لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕای هەندێک لە توێژەرانی بواری زمانناسیی تاوتوێکران و زۆربەیان لە سەر ئەوە کۆکن، کە ئەم زمانەی دەقی ئاڤێستای پێتۆمارکراوە، زمانی مادەکان بووە، کەچی هەندێک لە توێژەرانی ئێرانیی هەبوونی هەر بەڵگەیەکی زمانی سەبارەت بە زمانی مادەکان ڕەتدەکەنەوە. کۆنترین تێڕوانین سەبارەت بە زمانی مادەکان، گێڕانەوەکەی هیرۆدۆتە، کە ئاماژە بە تۆماری فەرمیی لە دامودەزگای میریی دەوڵەتی ماد دەکات. پرسیار ئەوەیە ئایا ڕاستە مادەکان نووسینیان نەبووە؟ بێگومان هەڵەیە و ڕاست نییە، چونکە یەک سەدە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ماد، هیرۆدۆت ئاماژە بە تۆماری فەرمیی لە سەردەمی بەرایی دەسەڵاتی مادەکان دەکات. بێگومان شاردنەوە و بنبزرکردنی ئەم بابەتە مەرامی سیاسیی لە پشتەوە بووە، چۆن دەبێت مانایی و ئۆرارتیی و تیرەکانی دیکەی کورد، کە میرنشینی بچووک بوون و دواتر لە پێکهێنانی یەکێتیی ماددا بەشداربوون، نووسینیان هەبووبێت، بەڵام ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی وەکو ماد بیری لە تۆمار نەکردبێتەوە. هەروەها چۆن لە دوای ڕووخانی ماد و دەستبەکاربوونی ئەخمینییەکان لە سەر تەختی پاشایانی ماد، لە پڕ تۆماری فەرمیی بە خەتی بزماریی سەریهەڵدا؟ لە کاتێکدا ئەخمینییەکان وەکو میراتگر سەرجەمی بنەماکانی دەوڵەتی مادیان بە میرات بۆ مایەوە. کەواتە بێگومان نووسین و تۆماری بزماریی لە سەردەمی مادەکان وەکو گشت بوارەکانی دیکەی حوکمڕانیی بۆ ئەخمینییەکان گواستراوەتەوە.

شێوەزاری تۆماری بزماریی لە سەردەمی ئەخمینییدا هەمان ئەم شێوەزارەیە، کە دەقە ئەدەبیی و دینییەکانی ئاڤێستای نوێی پێداڕێژراوە،

ئەمەیش بەڵگەیە بۆئەوەی بیسەلمێنێت ئەم زمانەی ئەخمینییەکان بۆ تۆماری ئەدەب و کاروبــاری میریــی بەکاریانهێنــاوە، هەمــان ئەم زمــانەیە کە لە ســەردەمی مادەکانـدا وەکـو زمـانی فەرمیـی و زمـانی یەکگرتـووی دەوڵەت دەستنیشانکراوە. بۆیە دەڵێین ئەم شێوازە ڕێکوپێکەی مادەکان بۆ نووسین بە خەتــی بزمــاریی دایانهێنــابوو، لە لایەن ئەخمینییەکــانەوە وەرگیــرا و پەسندکرا. بێگومان خزمایەتیی و هـاوخوێنیی لە نێوان ئەخمینیی و مادەکاندا هەبـــووە و ڕەچەڵەک و نەژادی ئەخمینییەکـــان بە ڕەچەڵەک و نەژادی ئەم کۆمەڵە هۆز و تیرە کوردییانەوە گرێدراوە، کە دەوڵەتی یەکگرتووی مادیان دامەزراندووە و لە ڕووی نەژادەوە تیرەیەکی ڕەسەنی کۆمەڵەی مادەکان لە ســەدەی هەشــتەمی پــێش زایــن بــوون، کە دەســەڵات و فەرمــانڕەوایەتیی ئیمپراتۆریەتی مادیان لە دەورووبەری (٥٥٠ی پ. ز) بە میرات بۆ ماوەتەوە.

ڕەچەڵەکـی کـوردانی لـۆڕ کە تـاکو ئێستایشـی لەگەڵـدا بێـت لە نـاوچە ڕەسەنەکەی خۆیـان لە هەرێمی پشتکۆ، بەختیـاریی، کرمـان، شـیراز، ئیلام، کرمانشــان، خـانەقین و بەدرە و جەســان و... هتـد نیشـتەجێن، بـۆ تیـرەی ئەخمینییەکـــان دەگەڕێـــتەوە. ئەم دەقە بزمارییـــانەی لە لایەن پاشـــاکانی ئەخمینیی وەکو داریوش، خەشـایار، ئەردەشێر و ئەوانی دیکە نووسـراون، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. هەندێک لە توێژەران ڕایـان وایە ئەخمینییەکان دوای ئەوەی دەسـەڵاتیان وەرگـرت، هەوڵیانـداوە مێـژوو و شارسـتانیەتی مادەکـان بسـڕنەوە. ئەوەی ڕاسـتیی بێـت ئەم بۆچـوونە هەڵەیە و تەواو پـێچەوانەی تۆمــارە ئەخمینییەکــانە، چـونکە لە تۆمــاری داریــوش و پاشــاکانی دیــکەدا مادەکـان دوابەدوای نـاوی ئەخمینییەکـان ناویـان تۆمـارکراوە و هەمیشـە لە ڕیزی پێشەوە بوون. دیمەنە نەخشێنراوەکانی سەر دیواری کۆشکی پاشایانی ئەخمینیـی بە تەواویـی ئەم تێـڕوانینە پشتڕاسـتدەکەنەوە. کەواتە دەبێـت دان بەوەدا بنرێــت، کە ئەخمینییەکـــان لە ڕووی زمـــان و ڕەگەزەوە تیرەیەکـــی دێرینی کوردن و کوردانی لۆڕ و لەک و کەلهوڕ نەوەی ئەمانن. بە مەبەستی ڕونبوونەوەی ئەم تێروانینە و هاوخوێنی نێوان ماد و ئەخمینیی ئەم دەقانەی خـوارەوە تاوتوێـدەکەین، کە لە سـەردەمی پاشـایانی ئەخمینیـی لە قەدپـاڵی چیاکانی کوردستان و لە دڵی کێوی بێستوون لە تاقوەسان، هەروەها لە سـەر تاشەبەرد و دیواری کۆشکەکان نەخشێنراون.

| ژ | دەقی مادیی-ئەخمینیی | شێوازی خوێندنەوە | واتا |
|---|---|---|---|
| ١ |  | ئی/<br>ئەڕۆڤەستەم/<br>تیامەیایی/<br>تنۆئووش/<br>تاڤەیەتی/ | ئەوە<br>دەروەستی<br>ئی منە<br>تەنی من<br>بەتوانایە |
| ٢ |  | هەمەڕەنکەرە/<br>ئامەئییا/<br>ئوشهەمەڕەنکەرە/<br>هەکەرەمچەئییا/ | لە کێبڕکێدا<br>ئەمن<br>کێبڕکێکارێکی<br>کارامەم |
| ٣ |  | ئوش ئییا/<br>گاتەڤا/<br>ڤەئیناتییا/<br>یاچەئیا/ | بە هۆشەوە<br>گاڤەک<br>ببینرێت،<br>چ شتێک |
| ٤ |  | ڤەئینامەئییا/<br>هەمەئیثرەیی/<br>یاچەئییا/<br>نەئییا/<br>ڤەئینامەئییا/ | ببینم<br>لە هەموو لایەک<br>چ شتێک<br>نە<br>بینم |
| ٥ |  | ئووتا/<br>ئوشەیی بەییبا/<br>ئووتا/<br>فەرەمانائییا/ | ئەوەتا<br>هۆشیارانە<br>ئەوەتا<br>فەرماندەیانە |
| ٦ |  | ئادەکییا/<br>فەرەترە/<br>منەئیائیا/<br>ئارۆڤەئائییا/<br>ئیدێ ئیا/ | هەڵسوکەوت<br>دەکەم<br>یەکەمین<br>منم<br>ئەڕوانم لە<br>کردەوەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| که ببینم.<br>لێزانانه<br>دەردەکەوم | ڤەئینامەئییا/<br>یائوومەئینە/<br>ئامەئییا/ | 𐎺𐎡𐎴𐎠𐎶𐎡𐎹𐏐<br>𐎹𐎠𐎢𐎷𐎡𐏁𐏐<br>𐎠𐎶𐎡𐎹𐏐 | ٧ |
| ئەوەتا<br>بەدەست<br>ئەوەتە<br>بەپێ<br>سوراچاک | ئووتا/<br>دەستەئیبەئییا/<br>ئووتا/<br>پادەئیبەئییائا/<br>ئاسبارە/ | 𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎭𐎿𐎫𐎡𐎲𐎡𐎹𐏐<br>𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎱𐎠𐎭𐎡𐎲𐎡𐎹𐎠𐏐<br>𐎠𐎿𐎲𐎠𐎼𐏐 | ٨ |
| لەکاتی<br>سوارچاکیدا<br>دەردەکەوم<br>بەتێنم لە کەوان<br>کەمان کێشی<br>بەهێز | ئووڤەئاسبارە/<br>ئامەئییا/<br>ثنۆئووڤەنییا/<br>ئووثنۆئووڤەنەئییا/ | 𐎢𐎺𐎠𐎿𐎲𐎠𐎼𐏐<br>𐎠𐎶𐎡𐎹𐏐<br>𐎰𐎵𐎢𐎺𐎴𐎡𐎹𐏐<br>𐎢𐎰𐎵𐎢𐎺𐎴𐎡𐎹𐏐 | ٩ |
| دەردەکەوم<br>ئەوەتا<br>بە پێ<br>ئەوەتا | ئامەئییا/<br>ئووتا/<br>پستەئیش/<br>ئووتا/ | 𐎠𐎶𐎡𐎹𐏐<br>𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎱𐎿𐎫𐎡𐏁𐏐<br>𐎢𐎫𐎠𐏐 | ١٠ |
| بە سوارە<br>ڕمهاوێژ<br>دەردەکەوم<br>لە کاتی<br>ڕموەشانندا | ئاسبارە/<br>ئارەشتیک/<br>ئامەئییا/<br>ئووڤەئارەشتەئیک/ | 𐎠𐎿𐎲𐎠𐎼𐏐<br>𐎠𐎼𐏁𐎫𐎡𐎣𐏐<br>𐎠𐎶𐎡𐎹𐏐<br>𐎢𐎺𐎠𐎼𐏁𐎫𐎡𐎣𐏐 | ١١ |
| ئەوەتا<br>بە پێ<br>ئەوەتە<br>سوارە<br>ئەوەتا<br>ئەم هونەرانە | ئووتا/<br>پستەئیش/<br>ئووتا/<br>ئاسبارە/<br>ئووتا/<br>ئووڤەنەرەئا/ | 𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎱𐎿𐎫𐎡𐏁𐏐<br>𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎠𐎿𐎲𐎠𐎼𐏐<br>𐎢𐎫𐎠𐏐<br>𐎢𐎺𐎴𐎼𐎠𐏐 | ١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ |  | تیائا/<br>ئائوورەمەزدا/<br>ئووپەرەئییا/<br>م ئام/<br>نەئییاسەیا/<br>ئووتادیێیش/ | دایتی<br>ئەهوورامەزدا<br>بە من<br>ئائەمەی<br>ناردوویەتی<br>بەکارمبردوون |
| ١٤ |  | ئاتاڤەیام/<br>برەتەنەئییا/<br>ڤەشەنئا/<br>ئائوورەمەزداهیا/ | توانیومە<br>بەرەو پێشیان<br>بەرم<br>ئەوەی<br>ئاهوورامەزدا |
| ١٥ |  | یامەئییا/<br>کرەتم/<br>ئیمەئی بەئیش/<br>ئووڤەنەرەئی بەئیش/<br>ئاکۆئوونەڤەم/ | لێمیویستووە<br>کردم<br>لە ڕێگەی<br>ئەم هونەرانەوە<br>کردوومن |
| ١٦ |  | تیائا/<br>م ئام/<br>ئائوورەمەزدا/<br>ئووپەرەئییا/<br>نەئییاسەیا/ | دایتی<br>ئائەمە<br>ئەهوورامەزدا<br>و بۆ منی<br>ناردووە |
| ١٧ |  | مەرەئیکەئا/<br>دەرەش/<br>ئازەدئا/<br>کۆئووش ئووڤەئا/<br>چەئییائاکەرەم/ | ئەی مرۆ (ئەی<br>پیاو)<br>چاک<br>بزانە<br>چۆن کەسێکم<br>و چی ئەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨ | [illegible] | ئامەئییا/<br>چەئییائاکەرەمچەمەئیید<br>ا/ ئووڤەنەرەئــــا/<br>چەئییاکەرەمەچەمەئییا<br>/ | دەردەکەوم<br>بە چۆنیەتیی<br>کردەوە و<br>هونەرەکانم<br>و چۆنیەتیی<br>کارەکانم |
| ١٩ | [illegible] | پەرەئییانەم/<br>مەئاتەئییا/<br>دووئوورۆئووخۆتم/ | کە چۆن<br>هاتوون<br>بە درۆ و قسەی<br>ناڕاست |
| ٢٠ | [illegible] | تەدەیا/<br>تیاتەئییا/<br>گووشئایا/<br>خشنۆتەم/<br>ئاڤەشچەئییا/ | تۆ مەزانە<br>تۆ کە ئەمانەت<br>بە گوێ<br>شنەفتووە<br>ئەو فرمانانە |
| ٢١ | [illegible] | ئەخشنۆئوودێ ئییا/<br>پرەتەمەئییا/<br>ئاستەئییا/ | بشنەڤە<br>کە بەتۆ<br>سپێردراوە |
| ٢٢ | [illegible] | مەرەئیکا/<br>مەئاتەئییا/<br>ئاڤەشچەئییا/<br>دۆئوورۆئووخۆتم/ | ئەی مرۆ<br>ئەوەی بە تۆ<br>فرماندراوە<br>بە درۆ مەزانە |
| ٢٣ | [illegible] | کۆئوونەڤەئاتییا/<br>تییا/<br>مەنەئا/<br>کەرتم/<br>ئاستەئییا/ | و ئەم کردەوانەی<br>لە لایەن<br>منەوە<br>کراون<br>و سپێردراون |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فرمان دراوه<br>لێیبنواڕه<br>یان چی شت<br>نووسیومن<br>من | ئاڤەشچەئییا/<br>دیَ ئیدیَ ئییا/<br>یاچەئییا/<br>نەئی پەئیشتم/<br>مەئا/ | 𐎠 𐎺 𐏁 𐎨 𐎡 𐎹 𐏐<br>𐎮 𐎡 𐎮 𐎡 𐎹 𐏐<br>𐎹 𐎨 𐎡 𐎹 𐏐<br>𐎴 𐎡 𐎱 𐎡 𐏁 𐎫 𐎶 𐏐<br>𐎶 𐎠 𐏐 | ٢٤ |
| تۆ<br>ئاگاداربه<br>/+++++++<br>هی من<br>++++ فەرامۆش<br>نەکرێن | تەئییا/<br>دئات ئا/<br>/+++++<br>مەئا/<br>++++++ ئات ئییائا/ | 𐎫 𐎡 𐎹 𐏐<br>𐎭 𐎠 𐎫 𐎠 𐏐<br>+++++𐏐<br>𐎶 𐎠 𐏐<br>++++++𐎠 𐎫 𐎡 𐎹 𐎠 𐏐 | ٢٥ |
| هیچ کەسێک<br>له خۆوه کارزان<br>نابێت<br>ئەی مرۆ<br>پاشا | ئایائیووم(م)ئیش/<br>کڤەئاتەئییا/<br>مەرەئیکەئا/<br>خشەئایاتەئییا/ | 𐎠 𐎹 𐎠 𐎢(𐎶)𐎡 𐏁 𐏐<br>𐎣 𐎺 𐎠 𐎫 𐎡 𐎹 𐏐<br>𐎶 𐎼 𐎡 𐎣 𐎠 𐏐<br>𐎧 𐏁 𐎠 𐎹 𐎰 𐎡 𐎹 𐏐 | ٢٦ |
| نەبێت<br>ناچار سزا<br>+++++++++++++<br>/<br>بدا | مه ئا/<br>ڕه ختووئووڤه/<br>/+++++++++++++<br>ئی نه/ | 𐎶 𐎠 𐏐<br>𐎼 𐎧 𐎰 𐎬 𐎢 𐎺 𐏐<br>𐏐 +++++++++++++<br>𐎡 𐎴 𐏐 | ٢٧ |

**قۆناغی زار و ئەدەبی ئاڤێستایی**

زاری ئاڤێستایی لە دوو شێوەزاری سەرەکیی پێکهاتووە، کە بریتییە لە ئاڤێستایی کۆن و ئاڤێستایی نوێ (خۆشناو، ٢٠١٣، ٩٥). شێوەزاری ئاڤێستایی کۆن بۆ سەردەمی هەرێمی ئەئیریەنڤەئیچە دەگەڕێتەوە. واتە بۆ قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا. ئەم شێوەزارە لە دەقی کتێبی ئاڤێستادا لە بەشی گاتاکاندا تۆمارکراوە و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. ئاڤێستای نوێ هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمی پێش زاین. لەم سەردەمەدا ئاڤێستای کۆن بە هۆی ئەوەی دەقی دینیی پێداڕێژرابوو و بە زمانی پیرۆزی دین دادەنرا، لە لایەن پێشەوایانی دینی زەردەشتییەوە بە هۆی ڕاست و دروست_خوێندنەوەی ئاڤێستاوە گرنگییەکی زیاتری پێدەدرا و هەوڵی پاراستنی دەدرا، بەڵام ئەم هەوڵانە ڕێگرنەبوون لە بەردەم گەشە و گۆڕان لە ئاستە جیاوازەکانی ئەم زمانەدا.

لە قۆناغ و سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی مادەکاندا وردە وردە زاری ئاڤێستایی کۆن گۆڕانی بەسەرداهات و ئەم گۆڕانەیش بە هۆی دەقی بەشە نوێیەکانی ئاڤێستا وەکو یەشت، یەسن، خورتەک ئاڤێستاک و ڤی دەئێڤەداتە دەستنیشاندەکرێت. بە مەبەستی پتر ڕونبوونەوەی تایبەتمەندییە زمانەوانیی و ئەدەبییەکانی ئەم دەورەیە دەبێت بۆ دەقی ئاڤێستا بگەڕێینەوە. بێگومان گاتاکان کۆنترین بەشی ئاڤێستایە و بە شێوەزاری کۆنی ئاڤێستایی هۆنراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەقێکی دینیی یەکجار گرنگە، هاوکات دەقێکی ئەدەبییە و خاونی کێش و سەروایە. شیعری گاتایی لە سەر بنەمای کێشی پەنجەیی دانراوە و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئەفسانەی ئافراندنی گەردوون و بوون و ژیان و ڕێکخستنی سووڕی دیاردە سروشتییەکانی وەکو ئاسمان، ئەستێرە، مانگ، شەو و ڕۆژ، وەرزەکان و... هتد.

لە دەقی ئاڤێستادا ئاماژە بە ئەدەبییبوونی ئەم دەقە کراوە و هەریەک لە بەند و کۆپلەکانی گاتاکان لە ناو ئاڤێستادا بە پێی (بەندی ١١ی های ٢٨ و بەندی ١ی های ٢٩) (ڤەچەس تەشتی 𐬬𐬀𐬗𐬀𐬯⸱𐬙𐬀𐬱𐬙𐬌) پێگوتراوە. ئەم

ناوە لێکدراوە و لە دوو بەشی (ڤەچ یان ڤاچ) بە واتای ڤاچە، وێژە، بێژە و گوتە و (تەشتی) لە ڕەگی تاش بە واتای تاشین، بڕین و دروستکردن پێکهاتووە. بەم پێیە (ڤەچەس تەشتی) واتە ئەو پەیڤ و گوتەیەی بە پێوانە تاشرابێت، بە واتایەکی تر واتای (پەیڤی کێشدار) دەدات.

هەر دێڕەشیعرێک لە ئاڤێستادا بە پێی (بەندی١٧ی های٤٦، بەندی ١٦ی یەسنەی١٩ و بەندی٤ی یەسنەی٧١) (ئەفسمەن [illegible])ی پێدەگوترێت. ئەفسمەن لە ڕەگی (پەس [illegible]) بە واتای بەستن و پێشگری (ئە/ [illegible]) پێکهاتووە و پێکەوە بە واتای (بەستنەوە)، (هەڵبەستراو) و (پێکەوەبەستراو) دێت. بەم جۆرەی لە (بەندی ١٨ی های٥٠ی گاتاکان)دا هاتووە یەک نیوەدێڕ لە شیعری ئاڤێستایی (پەدە [illegible])ی پێدەگوترێت. پەدە بە واتای بەند یان پێ لە شیعری ئاڤێستاییدا ڕادە و پێوانەیەکی شیعریی دەستنیشاندەکات. ئێستا بۆ ڕونکردنەوەی پتر سەبارەت بە بابەتی قاڵبی شیعری ئاڤێستایی (ڤەچەس تەشتی)یەک لە بەشی گاتاکان کە بریتییە لە (بەندی١ی های٢٨) بە نموونە وەردەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٧ بڕگە |
| شێوازی خوێندنەوە | ئەهـ / یا . / یا / سا. / نێ / مەنگ / ها. | |
| واتا | نها ویستم وایە نوێژ بکەم | |
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٩ بڕگە |
| شێوازی خوێندنەوە | ئوس / تا / نە / زەس / تۆو. / ڕە / فێز / ڕەهـ / یا. | |
| واتا | دەستەوەستاو بەوپەڕی بەختەوەری (لەبەر دەرگای) | |
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٧ بڕگە |

| | | |
|---|---|---|
| شێوازی خوێندنەوە | مەن / یۆش. / مەز / داو. / پە / ئور / ڤیم. | |
| واتا | نادیاری مەزن بەرلە هەموو شت | |
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٩ بڕگە |
| شێوازی خوێندنەوە | س / پێنت / ئەهـ / یا / شا. / ڤیس / پەنگ. / شوو / تینا | |
| واتا | بەوپەڕی پاکی و ڕاستی لە گشت کردەوەکانم | |
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٧ بڕگە |
| شێوازی خوێندنەوە | ڤەنگ / هۆش. / خرە / تێم. / مە / نەنگ / هۆۆ. | |
| واتا | بە پیرۆزیی ژیریی و هزری پاک | |
| دەقی ئاڤێستایی |  | ٩ بڕگە |
| شێوازی خوێندنەوە | یا. / خش / نوی / شا. / گۆش / چا. / ئور / ڤا / نیم. | |
| واتا | تاکوو دڵخۆش بکەم گیانی ئافراندن. | |

ئەم بەندە لە سێ دێڕەشیعر (ئەفسمەن) پێکهاتووە و هەریەک لە دێڕەشیعر (ئەفسمەنەکان)یش لە دوو نیودێڕ (پەد) پێکهاتوون. نیودێڕ (پەد)ی یەکەمی هەریەک لەم سێ دێڕەشیعرە (٧) بڕگەیین و نیودێڕی دووەمی هەریەک لە دێڕەشیعرەکانیش (٩) بڕگەیین. لە ڕووی سەروابەندییەوە (پەد)ی یەکەمی (ئەفسمەن)ی یەکەم لەگەڵ (پەد)ی دووەمی (ئەفسمەن)ی یەکەم و دووەم هاوسەروایە. هەروەها (پەد)ی یەکەمی (ئەفسمەن)ی دووەم لەگەڵ (پەد)ی دووەمی ئەفسمەنی سێیەم هاوسەروایە. لە ڕاستییدا ئەم جۆرە سەروابەندییە بە شێوەیەکی گشتیی لە سەرجەم (ڤەچەس تەشتی)یەکانی

گاتاکان پەیڕەونەکراوە و دەتوانین بڵێین هەر کام لەم (ڤەچەس تەشتی)یانە خاوەنی سەروابەندیی تایبەت بە خۆیانن. ئەم دەقانەی خوارەوە نموونەیەکی دیکەن لە دەقی گاتاکانی ئاڤێستا و بە هەمان شێوە لە ڕووی هۆنەرە ئەدەبییەکانەوە خاوەنی کێش و سەروان.

| ئاڤێستایی | شێوازی خوێندنەوە | واتا |
|---|---|---|
| 𐬐𐬄𐬨· 𐬥𐬆𐬨𐬋𐬌· 𐬰𐬄𐬨·<br>𐬐𐬎𐬚𐬭𐬁· 𐬥𐬆𐬨𐬋𐬌· 𐬀𐬌𐬌𐬈𐬥𐬍· | کام نێمۆی زائووم<br>کووترا نێمۆی<br>ئیەنێ | ڕێ بنێمە کام زەوی<br>کێ ڕێنماییم<br>پێدەدا |
| 𐬞𐬀𐬌𐬭𐬍· 𐬓𐬀𐬉𐬙𐬆̄𐬎𐬱·<br>𐬀𐬌𐬭𐬌𐬌𐬀𐬨𐬀𐬥𐬀𐬯𐬗𐬁·<br>𐬛𐬀𐬛𐬀𐬌𐬙𐬍· | پەئیرێ خوەئێتووش<br>ئەئیرییەمنەچا<br>دەدەئیتیی | خزم و خوێش لە پەرگەنە<br>لە هاوڕێیانم<br>دوورم دەکەنەوە |
| 𐬥𐬋𐬌𐬙· 𐬨𐬁·<br>𐬑𐬱𐬥𐬀𐬎𐬱· 𐬫𐬁·<br>𐬬𐬆𐬭𐬆𐬰𐬆̄𐬥𐬁· 𐬵𐬉𐬗𐬁· | نۆئێت ما<br>خشنەئووش ئیا<br>ڤێرێزێینا هیێچا | نایێ بۆ<br>خۆشییەک لەلایەن<br>هاوکارانم هیچ |
| 𐬥𐬀𐬉𐬛𐬁· 𐬛𐬀𐬑𐬌𐬌𐬆̄𐬎𐬱·<br>𐬫𐬋𐬌· 𐬯𐬁𐬯𐬙𐬁𐬭𐬋·<br>𐬛𐬭𐬆𐬔𐬎𐬎𐬀𐬧𐬙𐬋· | نەئێدا دەخیووئووش<br>ئۆوی ساستارۆو<br>درێگڤائەنتۆو | نەیاندا هەروەها کوێخای دێ<br>ئەوانەی سەرداری<br>درۆ بوون |

| | | |
|---|---|---|
| 𐬐𐬀𐬚𐬀· 𐬚𐬡𐬀· 𐬨𐬀𐬰𐬛𐬀·<br>𐬑𐬱𐬥𐬀𐬊𐬱𐬁𐬌· 𐬀𐬵𐬎𐬭𐬀· | کەتۆ توا<br>مەزدا<br>خشنەئۆشایی ئەهورا | چۆن تۆ<br>ئەی مەزدائەهورا<br>دڵخۆش بکەم |

| ئاڤێستایی | شێوازی خوێندنەوە | واتا |
|---|---|---|
| 𐬙𐬀𐬝· 𐬚𐬡𐬀·<br>𐬞𐬆𐬭𐬆𐬯𐬀· 𐬆𐬭𐬆𐬱· 𐬨𐬋𐬌·<br>𐬎𐬀𐬊𐬗𐬀· 𐬀𐬵𐬎𐬭𐬀· | تات توا<br>پێرێسا ئێرێش مۆئی<br>ڤەئۆچا ئەهورا | ئەوەم لە تۆ<br>پرسی ڕاستی بۆ منی<br>بێژە ئەهورا |
| 𐬐𐬀𐬯𐬥𐬀· 𐬰𐬀𐬚𐬀·<br>𐬞𐬙𐬁· 𐬀𐬴𐬀𐬵𐬌𐬌𐬁·<br>𐬞𐬊𐬎𐬭𐬎𐬌𐬌𐬋· | کەسنا زانتوا<br>پەتا<br>ئەشەهییا<br>پئۆورویۆ | چ کەس بەدیهێنەر<br>و پێدەری<br>ڕاستییە<br>لە ڕۆژی بەریێ |
| 𐬐𐬀𐬯𐬥𐬀· 𐬓𐬆𐬧𐬔·<br>𐬯𐬙𐬀𐬭𐬆𐬨𐬗𐬀· 𐬛𐬁𐬙·<br>𐬀𐬛𐬬𐬁𐬥𐬆𐬨· | کەسنا خوەئەرەنگ<br>ستەرێمچا<br>دات ئەدووانێم | چ کەس بە خۆر و<br>ئەستێران<br>دای دووان |

| | | |
|---|---|---|
| کێ ڤیای مانگ<br>بخشێ (ڕاکشێ)<br>هەروا فس بێتەوە<br>جارجار | کێی ئیا ماونگ<br>ئوخشییێیتیی<br>نێریفسەیتی<br>تووەت | 𐬐𐬇. 𐬫𐬁. 𐬨𐬂.<br>𐬎𐬑𐬱𐬌𐬌𐬈𐬌𐬙𐬍.<br>𐬥𐬆𐬭𐬆𐬟𐬯𐬀𐬌𐬙𐬍.<br>𐬚𐬡𐬁 |
| هەموو تشتان مەزدا<br>دەمەوێ<br>ئەوانی دیش<br>بزانم | تەچیت مەزدا<br>ڤەسێمی<br>ئەنیاچا<br>ڤیدئویێ | 𐬙𐬁𐬗𐬍𐬙. 𐬨𐬀𐬰𐬛𐬁.<br>𐬬𐬀𐬯𐬆𐬨𐬍. 𐬀𐬥𐬌𐬌𐬁𐬗𐬁.<br>𐬬𐬍𐬛𐬎𐬌𐬌𐬉. |
| ئەوەم لە تۆ<br>پرسی ڕاستی بۆ منی<br>بێژە ئەهورا | تات توا<br>پێرێسا ئێرێش مۆئی<br>ڤەئۆچا ئەهورا | 𐬙𐬀𐬙. 𐬚𐬡𐬁. 𐬞𐬆𐬭𐬆𐬯𐬁.<br>𐬆𐬭𐬆𐬱𐬨𐬋𐬌. 𐬬𐬀𐬊𐬗𐬁.<br>𐬀𐬵𐬎𐬭𐬁. |
| چ کەس ڕایگرتووە<br>زەوی لە ژێر<br>ئاسمان (لەسەر) | کەسنا دێرێتا<br>زائومچا ئەدێ<br>نەبئاوسا | 𐬐𐬀𐬯𐬥𐬁. 𐬛𐬆𐬭𐬆𐬙𐬁.<br>𐬰𐬄𐬨𐬗𐬁. 𐬀𐬛𐬇.<br>𐬥𐬀𐬠𐬂𐬯𐬗𐬁. |

| | | |
|---|---|---|
| [illegible] | ئەڤەپەستئۆئیش<br>کێ ئاپۆ<br>ئورڤەراوسچا | بەرەو پەستی نێت<br>کێ ئاو و<br>ڕووەکەکان |
| [illegible] | کێ ڤاتای<br>دووانمەیبیەسچا<br>ئیەئۆگێت ئاسوو | کێ با و<br>هەوری ڕەشی<br>توندڕەو دەگێڕێ |
| [illegible] | تات توو<br>پێرێسا ئێرێش مۆئی<br>ڤەئۆچا ئەهورا | ئەوەم لە تۆ<br>پرسی ڕاستی بۆ منی<br>بێژە ئەهورا |
| [illegible] | کەسنا زانتوا<br>پەتا<br>ئەشەهییا<br>پئۆورویۆ | چ کەس بەدیهێنەر<br>و پێدەری<br>ڕاستییە<br>لە ڕۆژی بەرێ |

گرنگترین بەشی ئاڤێستای نوێ بەشی یەشتەکانە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەفسانە دێرینەکانی تێدا تۆمارکراوە وەکو ئەفسانەی خواوەند میترا، ئەناهیتا، ئاتوور، ڤەروونە، زۆرڤان، هەروەها دەیان ئەفسانە سەبارەت بە ئەژدیهاکوژی و پاڵەوانیەتیی وەکو ئەفسانەی کێرێسەسپە، کەڤی هەئوسرەڤەنگهە، ئیێمە و ئەفسانەی گەیومەرێتەن، ئەژیدەهاکە، سەئوشیانتە

و... هتد. زۆربەی ئەم ئەفسانانە لە ڕووی مێژووی گەشە و پەرەسەندنی کولتوورییەوە پەیوەندییان بە ئەفسانەی سەردەمی ئەدەبیاتی سۆمەر و هیتیی و میتانییەوە هەیە و درێژەپێدەری تێڕوانین و جیهانبینیی دانیشتوانی سنووری جوگرافیای دێرینی کوردستانن. پێشتر ئاماژە بەوە درا شێوەزاری ئاڤێستایی نوێ شێوە گەشەکردووەکەی ئاڤێستایی کۆنە، کە لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی فەرهەنگیی و شارستانییەوە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی مادا ئەدەبیات و دەقی دینیی پێتۆمارکراوە.

ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی یەکێک لە گرنگترین و باوترین جۆرەکانی ئەفسانەیە، کە لە دەقی ئاڤێستای نوێدا دوبارەبووەتەوە. بەهێزترین پاڵەوانی ئەفسانەیی لەم دەقەدا (کێرێسەسپە)یە، کە بەسەرهاتی پاڵەوانیەتیی و شۆڕەسوارییەکانی لە چەندین یەشتی جیاوازدا وەکو یەشتی پێنجەم، یەشتی یازدەم، یەشتی سێزدەم و یەشتی نۆزدەم تۆمارکراون. ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییە لە درێژەی کارە پاڵەوانێتییەکانی ڕووبەڕووی چەندین دێو و ئەژدیهای مەترسییدار دەبێتەوە. یەکێک لەم ئەفسانانە بەم شێوەیە گێڕدراوەتەوە، کێرێسەسپە ماندوو و شەکەت و برسیی، بڕیاردەدات لە مێرگێک پشووبدات. کاتی نیوەڕۆ خەریکی لێنانی چێشت دەبێت و بۆ ئەم مەبەستە ئاگرێکی گەورە دادەگیرسێنێت و قازانک لە سەر ئاگر دادەنێت. پاڵەوان بێئاگایە لەوەی ئەژدیهای (سرڤەرێ) واتە ئەژدیهای شاخدار خۆی لە بن_خۆڵدا مەڵاسداوە. سرڤەرێ ئەم ئەژدیهایەیە کە مرۆڤ و ئەسپ و گا و مەڕوماڵاتی لە جیهاندا نەهێشتووە و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ژینگە و مرۆڤایەتیی، ژەهرێکی زەرد و پیسی لێوە هەڵدەپژێت. ئەژدیها بە هۆی تینی ئاگر، ڕادەچەنێت و قازانکی سەر ئاگر بەرەداتەوە و ئاگرەکە بە هۆی ئەم ئاوەوە دەکوژێتەوە. کێرێسەسپە خۆی لەم جووڵەیەی ئەژدیها دەپارێزێت، بەڵام ئەژدیهاکە لێیهەڵدەستێتەوە و پەلاماریدەدات. کێرێسەسپە گورزەکەی دەستی ڕادەوەشێنێت و ئەژدیها ڕادەکات. پاڵەوان سواری ئەسپەکەی دەبێت و لە سەر پشتی ئەژدیهایەکە بۆ ماوەی نۆ شەو و ڕۆژان تاودەدات و لە کۆتاییدا دەگاتەسەر تەوقی سەری و بە گورزە گرانەکەی کاسەی سەری

دەپێکێت و مێشکی دەپژێنێت (حسن، ٢٠٢٢، ٧٠٤). ئەمەی خوارەوە بەشێک لە دەقی ئەم ئەفسانەیەیە، کە لە یەشتی تۆمارکراوە.

| دەقی ئاڤێستایی | شێوازی خوێندنەوە | واتا |
|---|---|---|
| 𐬫𐬋. 𐬘𐬀𐬥𐬀𐬙. 𐬀𐬲𐬍𐬨. 𐬯𐬭𐬎𐬎𐬀𐬭𐬆𐬨. | ئیۆ جەنەت ئەژیم سرڤەرێم | ئەوەی لێیدا (کوشتی) سرڤەرێ (ئەژدیهای شاخدار) |
| 𐬫𐬌𐬨. 𐬀𐬯𐬞𐬋.𐬔𐬀𐬭𐬆𐬨. 𐬥𐬆𐬭𐬆.𐬔𐬀𐬭𐬆𐬨. | ئییم ئەسپۆچەرێم نێرێ چەرێم | ئەوەی ئەسپی دەچەری (دەخوارد)، نێر (پیاو)ی دەگروی (دەخوارد) |
| 𐬫𐬌𐬨. 𐬬𐬍𐬱𐬀𐬎𐬎𐬀𐬧𐬙𐬆𐬨. 𐬰𐬀𐬌𐬭𐬌𐬙𐬆𐬨. | ئییم ڤیشەوەنتێم زەیریتێم | ئەو فشەفشکەرە (ژەهردار)ە زەردە |
| 𐬫𐬌𐬨. 𐬎𐬞𐬀𐬌𐬭𐬌. 𐬬𐬌𐬱. 𐬬𐬍𐬱𐬀𐬎𐬎𐬀𐬧𐬙𐬆𐬨. 𐬰𐬀𐬌𐬭𐬌𐬙𐬆𐬨. | ئییم ئوپەیری ڤیش ڤیشەوەنتێم ڕەئۆجەت | ئەوەی لە هەناو و لووتی ژەهری لێدەڕژێ |
| 𐬫𐬌𐬨. 𐬎𐬞𐬀𐬌𐬭𐬌. 𐬬𐬌𐬱. 𐬭𐬀𐬊𐬜𐬀𐬙. | ئییم ئوپەیری ڤیش ڕەئوچەت | ئەوەی لەدەمی ژەهری لێدەڕژێ |
| 𐬑𐬱𐬎𐬎𐬀𐬉𐬡𐬀𐬌𐬌𐬀. 𐬬𐬀𐬉𐬥𐬀𐬌𐬌𐬀. 𐬠𐬀𐬭𐬆𐬱𐬥𐬎. | خشەڤەئیپەیە ڤەئینەیە بەرێشنە | فشەی ژەهرەکەی هێندەی بەژن بڵندە |
| 𐬑𐬱𐬎𐬎𐬀𐬉𐬡𐬀𐬌𐬌𐬀. 𐬬𐬀𐬉𐬥𐬀𐬌𐬌𐬀. 𐬠𐬀𐬭𐬆𐬱𐬥𐬎. | ئییم ئوپەیری کێرێساسپۆ | ئەوەی کێرێساسپە |
| 𐬀𐬌𐬌𐬀𐬢𐬵𐬀. 𐬞𐬌𐬙𐬎𐬨. 𐬞𐬀𐬗𐬀𐬙𐬀. | ئەیەنگهە پیتییم پەچەتە | لەسەر پشتی لێیدەنا |

| | | |
|---|---|---|
| [illegible] | ئا ڕەپیتوینێم<br>زرڤانێم | ئا لەکاتی نیوەڕۆ |
| [illegible] | تەفسەتچە هۆۆ<br>مەیریۆۆ | تەفتایەوە و مڕبوو |
| [illegible] | خویسەتچە فرانش<br>ئەیەنگهۆۆ<br>فرەسپەرەت | خووسایەوە و<br>لەناکاو<br>دەرپەڕی |
| [illegible] | ئیێشیەنتییم<br>ئاپێم پەراوەنگهات | ڕژاندی<br>ئاوی ناو قازانک |
| [illegible] | پەرانش تەرشتۆۆ<br>ئەپەتەچەت | بۆ لاپەڕگەیەک خۆی<br>هەڵاویشت |
| [illegible] | نەرێمانۆۆ<br>کێرێساسپۆۆ | نەریمانی کێرێساسپە |

## مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی لە قۆناغی ناوەڕاستدا

هەر وەکو پێشتر باسکرا، مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی بە سەر سێ قۆناغی کۆن، ناوەڕاست و نوێدا پۆلیندەکرێت و هەر دوو قۆناغی کۆن و ناوەڕاست بۆ ڕۆژگاری پێش ئیسلام دەگەڕێنەوە و ئەوەی لە پێشتر باسکرا و هەڵوەستەی لە بارەوە کراوە، سەبارەت بە قۆناغی کۆنی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی بوو، کە لە کۆنترین ڕۆژگارەوە دەستپێدەکات و تاکو کۆتایی سەردەمی ئەخمینیی و سەرەتای دەرکەوتنی ئەشکانی بەردەوامدەبێت. ئێستا بە وردیی هەڵوەستە لە سەر قۆناغی ناوەڕاستی مێژووی زمان و ئەدەبی کوردیی دەکەین، کە لە سەردەمی ئەشکانییەوە دەستپێدەکا تاکو سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام و دەوروبەری سەدەی چوارەمی کۆچیی بەردەوامبووە.

زمـــان و ئەدەبــی کــوردیی لەم قۆنــاغەدا بە ســەر دوو دەورەی جیــاوازدا دابەشــدەبێت، هۆکــاری ئەم پــۆلینکردنە بــۆ دوو ســەردەمی جیــاوازی فەرمــانڕەوایەتیی ئەشــکانیی و ساســانیی دەگەڕێــتەوە، کە لە هەریەک لەم سەردەمانەدا زارێکی قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردیی بە زمانی فەرمیی دەوڵەت هەڵبژێـردراوە و دەقـی ئەدەبیـی و دینیـی و سیاسـیی و کـارگێڕیی پێتۆمــارکراوە. ئەم دوو زارە بــریتیین لە: زاری بــاکووریی (پەهلەویــی ئەشکانیی) و زاری باشووریی (پەهلەویی ساسانیی).

لە قۆنـاغی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردییـدا چ بە شـێوەی بـاکووریی چ بە شـێوەی باشـووریی، دەقـی ئەدەبیـی زۆر گرنـگ لە بەردەسـتدان، ئەمەیـش بەردەوامبوونی ڕەوتی ئەدەبیی لەم قۆناغەدا پیشـاندەدات. زمـانی دەقەکـانی ئەم قۆنـاغە شـێوە گەشـەکردووەکەی ئاڤێسـتاییە و بە بەراوردکردنـی وشـە و دەسـتەواژەکانی ئەم دەقانە لەگەڵ وشـە و دەسـتەواژەکانی دەقی ئاڤێسـتاییدا ئەم ڕاستییە بەدیاردەکەوێت. توێژەران و زمانناسـانی ئەوروپیی و ئەمریکیی ئەم دەقانەیان بە دەقی پەهلەویی نـاوبردووە و ئێرانییەکـانیش هەر بە هەمـان شـێوە بە دەقـی پەهلەویـی ناویـاندەبەن. بـۆ نمـوونە بە پێـی کتێبـی (مێـژووی ئەدەبی ئێران) نووسینی (زەبیحـوڵڵای سـەفا) ئەم دەقـانە بە زمـانی پەهلەویی ناسـراون (صـفا، ١٣٩١، جلد اول، ٥٥) و هۆکـاری ئەم ناونـانە بـۆ جوگرافیـای ئەم زمــانە دەگەڕێــتەوە. لە پــاش هــاتنی ئیســلام ئەدیــب و نووســەر و پێشــەوایانی دیـن، کە لە ناوچەکـانی (پەهـلە یـان فەهـلە) ئەرکـی نووسـین و پەروەردەیان لە ئەستۆ بووە، هەر بەم شێوە زمانە بەرهەمەکانیـان نووسـیوە. ناوچەی پەهلە یان فەهلە بە پێی جوگرافیای سەردەمی ئیسلامیی بەو ناوچانە گـوتراوە، کە زمــانی نووسـین و گفتوگـۆ هەمــان کـوردیی بــاکووریی و باشـووریی یـان پەهلەویـی ئەشـکانیی و پەهلەویـی ساسـانیی بـووە؛ زانایـانی بـواری زمانناسـیی ئێرانـی پێیـانوایە "وشـەی پەهلەویـی یـان فەهلەویـی لە بەرانـبەر وشــەی فارسـیی و دەریـی بەکاردەبرێـت و بە واتـای ئەو زار و شـێوەزارانەن، کە لە ناوەنـد و ڕۆژئـاوای ئێـران قسـەیانپێدەکرێت" (ناتـل خانلری، ١٣٦٥، جلد اول، ٢٠٥). بێگومان ئەم زار و شێوەزارانەی لەم ناوچانە

پێیدەدوێن، هەمان زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیی وەکو شێوەزارەکانی زاری خواروو و ناوەڕاست و گۆرانن.

لە دوای هاتنی ئەسکەندەر و دواتر لە سەردەمی ئەشکانیی و ساسانییدا ئەم ناوچەیەی دواتر پەهلەی پێگوتراوە بە هەرێمی مادی ئاترۆپات ناسراوبووە و مێژوونووسان بە مادی بچووک دەیناسێنن، کە ئەمڕۆ بەشێکی ئەم هەرێمە بە ئازەربایجان و بەشێکی دیکەی بە کوردستان ناسراوە. "لە سەردەمی ئەخمینییدا ماد دەیەمین ویلایەتی ئەم ئیمپراتۆریەتە بووە و جگە لە هەرێمی دەسەڵاتداریەتیی پێشووی ئیمپراتۆریەتی ماد، ناوچەکانی ئازەربایجان و هەرێمەکانی پاریکانیی و ئورتوکوریبیانیش دەگرێتەوە" (علی‌یف، ١٣٩١، ٧٧). (محمد جواد مشکور) لە کتێبی (نظری به تاریخ آذربایجان)دا دەنووسێت: "خەڵکی ئازەربایجان لە ڕۆژگاری ئیسلامدا زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە نووسەرانی ڕۆژگاری ئیسلام بە زمانی (فەهلەویی) ناویانهێناوە. فەهلەویی بە عەرەبیکراوی پەهلەویی و بە واتای (پارتیی) و ئەشکانییە و ئەم ناوە بۆ هەرێمی پەهلە دەگەڕێتەوە و لە ڕۆژگاری ئەشکانیی و ساسانییەکاندا لەم ناوچانە خەڵکی بە شێوە زمانی پەهلەویی باکووریی دەدوان، لەبەرئەوەی مادەکان لەم ناوچەیە دەسەڵاتدار بوون، دەشێت ئەم زمانە پەهلەوییە لە زمانی مادییە کۆنەکەوە سەرچاوەیگرتبێت" (مشکور، ١٣٧٥، ١٨٣). لە کتێبی (الفهرست)دا بەم چەشنە ئاماژە بە زمانی پەهلەویی و ناوچەی پەهلە کراوە: "پەهلەوی پەیوەستە بە ناوچەی پەهلە، کە لە پێنج شار پێکهاتووە: ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماەنهاوند و ئازەربایجان" (ابن ندیم، ١٣٨١، ٢٢). هەروەها ئەحمەد تەفەززوڵیش سەبارەت بە یەکبوونی نیشتمانی ماد و پەهلە دەنووسێت: "بەکاربردنی وشەی فەهلە یان پەهلە بۆ ناونانی نیشتمانی ماد بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە" (تفضلی، ١٣٨٥، ١١٩). جگە لەوە (مارکوارت)یش ئاماژەی بەم ڕاستییە داوە و زمانی پەهلەویی کە لە ناوی نیشتمانی مادەکانەوە وەرگیراوە بە زمانی ئەشکانیی ناودەبات و دەڵێت: "لە بنچینەدا زمانی پەهلەویی، زمانی ئەشکانییەکان بووە" (Marquart, 1901, 123).

بە کورتیی بە هۆی ئەوەی فەهلەویات پاشماوەی زارەکانی زمانی مادە، لەگەڵ زمانی ئەشکانیی یەکدەگرنەوە، هاوبەشییەکان یەکجار زۆرن بۆ نموونە: دوو شێوەی (ئەز، من: من)، (ژامن، جامن: یامن، هی من)، (هەژ، ئەژ و هەچ: هەژ، لە)، (ئەسر: ئەسرین و فرمێسک)، (بان: بەرز و سەر)، (گیان، گان و یان: گیان)، (کیژ، کوام: کیشک و کام)، (ڕێژ: ڕێشتن)، (ڕۆژ، ڕووژ، روو: ڕۆژ)، (ڤاژ، ڤاتن: بێژ، وێژ و گووتن)، (خوڤا: خودا)، (خڤاز: خواز، خواستن)، (زیڤەندە، زیوەندەگ: زیندەوەر) (تفضلی، ١٣٨٥، ١٢٢)، بەم پێیە ئاشکرایە لەم قۆناغەدا نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان زار و شێوەزارەکانی ئێستای زمانی کوردیی و هەردوو زاری پەهلەوییدا بەدیدەکرێن و زۆربەی هەرە زۆری وشە و زاراوە و تەنانەت ڕۆنانی وشە و هەروەها پێکهاتەی ڕستە لەم قۆناغەدا سنووری مەودای گەشە و گۆڕانی زمانی کوردیی و شێوەزارە دێرینەکانی بۆ زار و شێوەزارەکانی نوێی زمانی کوردیی نیشاندەدات و بە قۆناغی گواستنەوەی زمانی کوردیی لە ڕۆژگاری کۆن بۆ سەردەمی نوێ دادەنرێت.

لە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردیی بە هەردوو زاری باکووریی (پەهلەویی ئەشکانیی) و زاری خواروو (پەهلەویی ساسانیی) کۆمەڵێک دەقی گرنگی دینیی، ئەدەبیی، بازرگانیی، سیاسیی و... هتد، بە میرات ماونەتەوە. زۆریی و جۆراوجۆریی ئەم دەقانە پیشاندەری قۆناغی شکۆمەندیی زمان و ئەدەبی کوردیین. لێرەدا چەند دەقێکی ئەم قۆناغە وەرگیراون و نموونەی هەریەک لەم دەقانە بە خەتی پەهلەویی بە مەبەستی بەرچاوڕوونیی توێژەران و خوێنەران و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردیی دانراون. بە بەراوردکرنی دەقی نووسراوی ئەم دوو زارە دەردەکەوێت زۆر لێکدی نزیکن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئاستەکانی وشەسازیی، ڕستەسازیی و واتاسازیی لە نێوانیاندا بەدیناکرێت و پێدەچێت جیاوازییەکە پتر لە ئاستی دەنگسازییدا دابێت. جیاوازیی نێوان ئەم دوو زارەی قۆناغی ناوەڕاستی زمان و ئەدەبی کوردیی، وەکو جیاوازیی نێوان کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی خوارووە. ئەمەیش نیشاندەری ئەوەیە، کە زاری باکووریی (پەهلەویی ئەشکانیی) لە شێوەزاری ئاڤێستایی کۆن و زاری باشووریی (پەهلەویی

ساسـانیی) له شـێوەزاری ئاڤێسـتایی نوێـوه سـەرچاوەدەگرێت. جگه لەمه له سـەردەمی بەرایـی دەسـەڵاتی ساسـانییدا پاشـاکانی ئەم ئیمپراتۆریەته وەکو ئەردەشـێری پاپکـان و شـاپووری یەکەم له نووسـینی فەرمیـی و کـارگێڕیی دەوڵەتـدا هەمـان شـێوەزاری باکوورییـان بەکارهێنـاوه. بـۆ نمـوونه له دەقـی خوارەوەدا شاپووری یەکەم بەم چەشنه دەدوێت:

| | |
|---|---|
| دەقـــــــی پەهلەویـــی بە زاری باکووریی | פתכר זניי מזדין אלהא שהיפוהר מלכין מלכא אריאן ו<br>אנאריאן מנושהר מן יאותן ברי מזדין אלהא ארתחשתר מלכין<br>מלכא אריאן מנושהר מן יאותן בריי אלהא פאפך מלכא |
| شـــــێوازی خوێندنەوه | پیتکەری ئینیی مەزدەیەسن بەگی شـەهپوهری میرێن میرا ئەریان و ئەنئەریـــان ئەوی چیتـــری هەچ یەزتـــان بەری مەزدەیەســـن بەگـــی ئەرتهەشـێری میرێن میـرا ئەریـان ئەوی چیتـری هەچ یەزتـان نەپیی بەگ پاپەکی میرا |
| واتا | پەیکەری ئیی مەزداپەرستی بەگی شاپووری پاشای پاشایانی ئـاری و نائـاریی ئەوەی چەهر(خـوێن)ی له یەزدانه بەری(کوڕی) ئەردەشـێری پاشـای پاشـایانی ئـاری ئەوی چەهر(خـوێن)ی له یەزدانه نەوەی بەگ پاپەکی پاشایه |

ئەم ئەلفـوبێیەی له دەقـی ئەشـکانییدا بەکـاربراوه، جۆرێـک له ئەلفـوبێی هەمـــوارکراوی ئـــارامییه و یەکێـــک لەم حەوت شـــێوه نووســـینەیه، که له نووسـینی ئەدەبیـاتی پەهلەوییـدا بەکـاربراوه و به پێـی دەقه پەهلەوییەکـان به دەبیرەی میریی واته ئەلفوبێی پاشـایی ناسـراوه. هەر ئەم شـێوه ئەلفوبێیه له دەقـی مـانەوی که به پەهلەویـی بـاکووریی تۆمـارکراون بەکارهـاتووه. بـۆ نمـوونه: لەم دەقەی خـــوارەوەدا، که به شـــێوەی شـــیعر و له لایەن مـــانیی پێغەمبەری سـەردەمی ساسانییەکانەوه نووسـراوه، هەمـان شـێواز و نووسـین بەدیـدەکرێت. کتێبـی شـاپووهرەگانی مـانیی، که له لایەن خـودی مـانییەوه بـۆ

پاشای ساسانیی شاپووری یەکەم نووسراوە، بە زمانی پەهلە یان فەیلیی نووسراوە. (نیۆبێرگ) دەڵێت: مانیی ئەم کتێبەی بە مەبەستی ڕونکردنەوەی بنەما فەلسەفیی و ئاینییەکانی دینیەکەی داڕشتووە و هەر بە ناوی پاشای ساسانیی ناونیشانی شاپووهرەگانی بۆ داناوە و پێشکەشی ئەم پاشایەی کردووە. ئامانجی شاپووری یەکەم و مانیی ئەوە بووە، کە ئەم دینە گەشەپێبدرێت و شوێنی دینی زەردەشتیی بگرێتەوە (نیۆبێرگ، ١٣٥٩: ٤١٣). ئەم کتێبە یەکێک لە بەڵگە هەرە گرنگەکانی مێژووی زمانناسییە، کە دەیسەلمێنێت زمانی دایکیی پاشاکانی ساسانیی، زمانی کوردیی پەهلەویی بووە و هەر ئەم شێوەزارەی کە لە ناو ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە قسەپێیکراوە، بە زمانی فەرمیی دەوڵەت هەڵبژێردراوە. مانیی کە دینەکەی ڕادەگەینێت، داوا لە شاپووری یەکەمی پاشای ساسانیی دەکات دینەکەی پەسندبکرێت، شاپووریش داوادەکات بنەماکانی دینەکەی بۆ ڕونبکاتەوە، بۆیە مانیی کتێبێک دەنووسێت و پێشکەشی ئەم پاشایەی دەکات. دەقی شاپوورەگان پڕە لە هونەرە ڕازاوەکانی ڕەوانبێژیی، بۆیە وەکو دەقێکی ئەدەبیی گرنگ هەژماردەکرێت.



**دەقی درەختی ئاسووریک**

لە خوارەوە بەشێکی دەقی (درەختی ئاسووریک)، کە دەقێکی کوردیی ناوەڕاست و شێوەی باکوورییە و بە شێوەی شیعر داڕێژراوە دەگوازرێتەوە. ئەم دەقە بە زاری پەهلەویی ئەشکانیی تۆمارکراوە، بەڵام لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە ئەلفوبێی پەهلەویی باشووریی نووسراوە. ناوەڕۆکی ئەم دەقە شیعرییە بریتییە لە گفتوگۆی نێوان (بزن و دارخورما)، کە هەریەکەیان هێمای نەتەوە و کولتوورێکی جیاوازن. بزن هێمایە بۆ دانیشتوانی ناوچە چیاییەکان و دارخورما هێمایە بۆ خەڵکی دەشتایی و تێیدا گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە سەبارەت بە بەهرەمەندیی و سوودمەندیی هەریەکەیان گێڕدراوەتەوە و لە کۆتاییدا بزن بە سەر دارخورمادا سەردەکەوێت. ئەم دەقە شیعرییە کە بە شێوازی گفتوگۆیە، لە (١٢١) دێڕە شیعر پێکهاتووە. لە خوارەوە چەند دێڕە شیعرێکی ئەم پارچە شیعرە دووردرێژە، لە کتێبی (Corpus of Pahlavi Texts) بە مەبەستی بەرچاوڕوونیی و شێوازی ئەو وشانەی کە تێیدا بەکارهاتوون، بە شێوەی لاتین_نووس پێشکەشدەکرێن (Jamaspj Asana: 1913, 109-114).



| شێوازی خوێندنەوە | شێوازی نوێی |
|---|---|
| درەختێ ڕوویێت هەیتی<br>هندۆر هەمی شەتری ئاشوور | درەختێ ڕوواوە<br>لە هەموو شاری ئاشوور |
| بنیش هووشک هەیتی<br>سەرش هەیتی تەڕان | بنێکی وشکی هەیە<br>سەرێکی تەڕی هەیە |
| وەرکەش کەمیش مانیت<br>بەریش مانیت هەنگەوەر | گەڵاکانی وەکو قەمیشن<br>بەرەکەی وەکوو هەنگوین |
| شیرین بەر ئایتێنیت<br>هین مرۆتەڤان وەسەند | بەرهەمی شیرین دێنێ<br>لای مرۆڤان پەسەند |
| ئەوی درەختی بریند<br>پەژ ئەوی هاونەپەرێت | ئەو دارە بەرز و بڵندە<br>پەڕییە سەر بزن (بەگژ بزندا چوو) |
| کوو هەژ توو هاوەرتر ئەهینم<br>پە زۆر گوونەک چبی | کە من لە تۆ بەهات ترم<br>بە زۆر گۆنە و شێوە کە هەیە |
| هەپەم پا هونەرییە هەمەگ | ئابەم هونەرانە هەمووی |

| | |
|---|---|
| درەختێ نەیە هەمتەنم | دارێک هاوتای من نییە |
| شا هەژ من بخۆتین<br>هەکوو نووک هەیتانم بەر | شا لە بەری من دەخوا<br>کاتێک بەری نوێ دەگرم |
| پەزی پەیسیڤ کرت<br>سەری فیراز شانیت | بزن وەڵامی دایەوە<br>سەری بەرز کرد |
| کوو توو گەر من رانی<br>توو گەر من نەپەرتەئی | کە تۆ دێیە سەر من<br>و هەڵدەکوتییە سەر من |
| ئەوی هانێ هەژ من<br>کرتەکان ئەشنۆڤەت | ئەوەی سەبارەت بە<br>کردەوەکانی من ببیستێ |
| ببیت نووگ ئاوی ئەپاک<br>هۆ تەک خیوەت پیتکاریت | نەنگی و بێ ئابڕوویی دەبێ<br>کە بەو ناڕاستیانە هەڵبچم |
| بۆرژیانی دێو بریند<br>بەشنیت مانیت وە دێو | هەی پرچ درێژی وەکوو دێو<br>بەژنت وەکوو دێو درێژ |
| هەگەرت پەیسیڤ کەرم<br>نەنگیم بووبیت گران | ئەگەر وەڵامت بدەمەوە<br>نەنگییەکی گەورەیە بۆ من |
| چهـ ژیو هەژ من کریون<br>هەرڤان یەژشنی یەزدان | کە شیر لە من دەدۆشن<br>لە کاتی جەژنی یەزدان |
| مەشکیم کەرەند ئاپدان<br>پەت دەشت و ویاپان | مەشکەی من دەکەنە ئاودان<br>لە دەشت و بیابان |
| پەت گەرم نیم رۆچیهـ<br>سەرت ئاڤ هەژ من ئەهیەت | لە گەرمای نیوەڕۆ<br>ئاوی سارد لای منەوە دێت |
| هەنبان هەژ من کریون<br>واژیرکانان وەسنان | هەنبانەم لێ درووست دەکرێ<br>کە پەسندی بازرگانانە |
| پەز فیرۆزی ئۆزاری<br>هۆرماک هەندۆر ستابی | بزن سەرکەوت<br>خورما لە ژێرا وەستا |
| سرووتیم کوو نیساریت<br>ئەڤی نیپیشتی هەژ هووڤیش | ئەوەی سروودەکەم بڵێتەوە<br>ئەوەی بۆ خۆی نووسییەوە |
| دراج ژیوەت پە هەر سرووت<br>سەر دوژم مورت ڤینیت | درێژ بێ تەمەنی بە هەر سروودێک<br>سەری دوژمن بە مردوویی ببینێ |

| | |
|---|---|
| ئەڤی ئانیتی ئوو ئەڤی نیپیشت<br>ئەوژی پە هەماویین | ئەوەی بێنێتەوە(بیلێـــــــتەوە) و ئەوەی<br>بینووسێتەوە<br>ئەویش هەر بەم چەشنە |

ئاسـتی گەشــە و گـۆڕانی شـێوە و واتـای ئەم وشـانەی، کە لەم دەقەدا هـاتوون، ڕادە و ئاسـتی گەشـەی مێژوویـی زمـانی کـوردیی لەم قۆنـاغەدا پیشاندەدات. بۆ نموونە: (درەخت: دار)، (بن: بن)، (سەر: سەر)، (بریند: بڵند و بەرز)، (کەمیش: قەمیش)، (ڤەسەند: پەسندکردن)، (هووشک: وشک)، (پەز: پەز و بـزن)، (بەشـن: بەژن و بـاڵا)، (دیـو: دێـو)، (پەسـیڤ: بەرسـیڤ و وەرام)، (مەشک: مەشکە)، (ڕۆچ: ڕۆژ)، (ئاڤ: ئاو). هەروەها ئەو فرمانانە (ڕوویێتەیتی: ڕوواوە)، (هەیتانیت: هەیەتی)، (هین: هێن، هێنـان)، (بخۆتن: دەخوات)، (کریت: کـرد لە چـاوگی کـردن)، (شـانیت: ڕەوانەکـردن)، (بیبیـت: ببێـت)، (خیەڤـت: ئاخاوتن)، (بووپیت: بووبێت)، (وینیت: ببینێت). هەروەها جێناوی (من، تە) جگە لەوانە کۆمەڵێک ئامرازی جیا جیا بەکارهـاتوون وەکو (وە، پە: لە)، (هەندۆر: لە ناو)، (کو: کە)، (هەژ، ژ: لە) و (پەت: لە، بە). سەرجەمی ئەم وشـە و فرمـان و ئـامراز و ڕانـاوانە تـاکو ئێسـتایش لە نـاو زۆربەی زار و شـێوەزارەکانی زمانی کوردییدا بەکاردەبردرێن.

ئاستی هونەریی ئەم دەقە درێژەپێدەری شێوازی دەقی ئەدەبیی قۆنـاغی کۆنی زمـانی کـوردییە، کێشـی شـیعرەکە بـڕگەییە و هەر نیوەدێڕێـک لە (٧) بڕگە پێکهاتووە و لە هەندێک نیوەدێڕدا ئەم ژمـارەیە بە یەک یان دوو بڕگە زیـاد یـان کەمـدەبێتەوە، کە ئەمەیـش بـۆ هەڵەی لەبەرگرەوانـی ئەم دەقە لە ڕۆژگـاری کـۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام بە گـوێرەی پێکهـاتەی دەقەکە بێگومـان لە بنچینەدا سـەرجەم نیوەدێڕەکـان هـاوکێش بـوون. لە ڕووی سـەروابەندییەوە پابەندی بنەمایەکی دیاریکراو نییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی سـەروای تێدا بەکارهــاتووە. هۆکــاری ئەم نــاڕێکییەیش ڕەنــگە بــۆ هەڵە و کەموکــووڕیی لەبەرگرەوانـی دەق لە ڕۆژگـاری کۆنـدا بگەڕێتەوە، بەڵام لە بنچینەدا دەشـێت ســــەرنجی ئەوە بــــدرێت، کە لەو ڕۆژگـــــارەی کە ئەم دەقــــانەی تێــــدا بەرهەمهـاتوون، بنەماکـانی هـونەریی شـیعریی لە ڕووی ڕەوانبێژیـی و قـاڵبی

نووسین و کێش و سەرواوە، تایبەتمەندیی خۆی هەبووبێت و لەگەڵ پێودانگی ئەمڕۆدا جیابووبێت.

### دەقی ڤەرەهرامی هەرژیوەن

ئەم دەقە لە کتێبی (دەقە پەهلەوییەکان)ی جاماسپ ئاسانادا بە ناونیشانی ڤەرەهرامی هەرژیوەن تۆمارکراوە .(Jamaspj Asana, 1913, 160-161) ڤەهرام ناوی کەسێتییەکی دینی زەردەشتییە، کە لە جیهانبینیی و باوەڕی مەزداپەرستاندا وەکو پاڵەوانێک، نەمریی پێبەخشراوە تاکو لە ڕۆژی کۆتایی دەربکەوێتەوە و بە یاوەریی چەند کەسێکی دیکە جیهان لە ناپاکیی و ناپاکان پاکبکاتەوە. لەم دەقەدا ئاواتی دەرکەوتنی وەهرامی هەرژیوەن کراوە، چونکە نیشتمان و خاک و شکۆمەندیی و پاشایەتیی بەر هێرشی دڕندانەی عەرەب کەوتووە و شاعیر هیوای وایە، کە بە دەرکەوتنی وەهرامی هەرژیوەن (هەردەم زیندوو)، دەسەڵاتی پڕ لە ستەمی عەرەب کۆتاییپێبێت و سەرلەنوێ دینەکەیان ببوژێتەوە. بەم هۆیەوە دەردەکەوێت کە ئەم دەقە دوای هاتنی ئیسلام و لە ماوەی دوو سەدەی یەکەمی کۆچییدا نووسرابێت.



| شێوەی نوێ | شێوازی خوێندنەوە |
|---|---|
| کەی ببێ کە پەیکی بێ لە هیندوستانەوە | کەی بووێ کە پەیکی ئایۆ هەچ هیندووگان |
| کە هات ئەو وەهرام شای لە وەچەی کیانیانەوە | کە ئاما ئەوی شاڤەهرەم هەژ دووتەگ کەیان |
| کە هەزاران فیلی هەیە و بۆ هەموویان فیلەوان | کە پیل هەیتی هەزار ئەبەر سەران سەر هەیتی پیلوان |
| کە ئالاّ و درووشمی ڕازاوەی هەیە بە وێنەی پاشاکان | کە ئاراستەگ درەفش داریت پەت ئێوێنی هووسرۆگان |
| لە پێشەوەی لەشکر دەڕوا لەتەک سوپاسالاران | پێش لەشکەر ئەڕووت پەد سپەهسوواران |
| پیاوی بوێر دەبێ ئامادە بکرێ کە زیرەک و تەڕزمان بێ | مەرتی بووير ئەبییت کرتن زیرەک تەرگوومان |
| کە بڕوا و بە هیندییان بڵێ | کە شانێ مەرێمیت پەت هیندووگان |
| کە ئێمە چیمان بەسەر هات لە دەست عارەبان | کە ئەمە چێهـ دیت هەچ دەست تاژیگان |
| تێکڕا دینیان لێ لەناو بردین و کوشتیان پاشا و ئەوانەشی کە سەرفیراز بوون | ئەپەر ئووک گروا دین نیزار کرت ئوو بێ ئۆژییت ئەمە شاهانشاهـ ئوود کە ئاییڕ ئۆشیان |
| دینیان وەکوو دینی دێوانە و وەکوو سەگ دەخۆن نان | چیۆن دێوان دین دایرۆن چیۆن سەگ خوەرەنت نان |
| هەستاندیان پاشایەتی لە پاشاکان | بێ ئەستاندهێن پادیخشایی هەژ هووسرۆگان |
| نە بە هونەر و پیاوەتی بەڵکوو بە ئەفسوون و ڕووی ڕەش لێیان سەنرا. | نە پەد هوونەر نە پەد مەرتەگی بی پەد ئەپسوون ئوو ریاڕەش بێ ئەستهێند |
| ناهێڵن بە ستەم لە خەڵکی | نەئێرنت پەت ستەمبی هەچ مەرتمان |
| ژن و خواستە شیرینەکان و باخ و باخستان | ژەن ئوو خواستەگیها ئی شیرن باخ ئو باخستان |

| | |
|---|---|
| گەزیتەگ ئەبەر ئانیتەت بی بەخت ئاوەند ئەبەر سەران | جەزییەیان دانا بۆ بەخشینی سەر و ماڵ |
| ئەبەگ ئەسریگ بوویست هێند ئوو دیەی گریک | بە چاوی پڕ فرمێسک مانەوە و دیدەی بە گریان |
| بی نیگار کە چەند وات سارتە وەژیت ئەوی درۆجوەند ئیی گیهان | بنوارە کە چەند باسی ساردی وەشاند ئەو درۆزنە لەم جیهانەدا |
| نێیێ ڕوویت هەچ ئەی پیسیگ هەندۆر گێهان | نەڕواوە لە ئەو خراپتر لەم جیهانە |
| هەچ ئەمە بێ ئایۆ ئەوی شاوەهرامی هەرژیوەند هەچ دووتەگی کەیان | بۆ ئێمە بێ ئەو شاوەهرامی هەرژیوەند(نەمر) لە نەژاد و وەچەی کەیان |
| بی هەیستەنیت کێنی تاژیگان | تۆڵە لە تاژیی(عارەب)ان بکاتەوە |
| چیۆن ڕۆستەهم ئەیتێنیت دراگ کێنی سیاوەخشان | هەروەک چۆن ڕۆستەم بێ وەستان تۆڵەی سیاوەشی کردەوە |
| مەزگیتی پەرۆت هێلین بی نیشێنین ئاتوخشان | مزگەوتان چۆڵ و پەرپووت بکەین و ئاگر هەڵگیرسێنین |
| ئوزدێس زاریا بکەنێم ئوو پاک کەئیم هەژ گێهان | بتخانەکان هەڵکەنین و جیهانی لێ پاک کەینەوە |
| تاک وەنی بوویێت درۆژو ویشوودەگان هەژ ئەوی گێهان | تاکوو ونبن و لەناوبچن نەوەی درۆ لەم جیهانەدا |

ئەم پارچە شیعرە پەیڕەوی کێشی پەنجەیی دەکات، بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، تا ڕادەیەک نیوەدێڕەکان تێکەڵکراون و لە هەندێک دێڕدا برگەکان زۆر لە چاو نیوەدێڕەکەی بەرانبەری زیاترن. لە ڕووی سەروابەندییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو سەروایەکی ڕێک و ڕەوانی هەیە، کە لە سەرجەم نیوەدێڕەکان سەروای (ان) دوبارەدەبێتەوە. لە ڕووی بەکاربردنی وشە، دەستەواژە، ئامراز و فرمانەوە لەم دەقەدا کۆمەڵێک بابەتی سەرنجڕاکێش هەن، کە پیشاندەری ئاستی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردیی لە قۆناغی

ناوەڕاست بۆ قۆناغی نوێیە. بۆ نموونە کۆمەڵە وشەیەکی وەکو: (دووتەگ: دوا، نەژاد، نەوە)، (دین: دین)، (گێهان: گێتی، جیهان)، (مەزگیت: مزگەوت)، (پەرووت: پەرپووت)، (درۆژ، درۆج: درۆ)، یان هەندێک ڕاناوی وەکو (ئەمە: ئێمە)، (ئووشیان: ئەوان)، یان هەندێک ئاوڵناوی وەکو (بوێر: ئازا، بوێر)، (سارتە: سارد)، (درۆژەن: درۆزن) و هەندێک ئامرازی وەکو (هەچ، هەژ: لە)، (چیوون: چۆن)، (ئیی یان ئەوی: ئەو)، (چەند: چەند)، (چی: چی)، (کەی: کەی) و کۆمەڵە فرمانێکی وەکو (بوێ: ببێ)، (ئایۆ: بێ)، (ئاما: هات)، (هەیتی: هەیەتی)، (ئەڕووت: ئەڕوا، دەڕوا)، (مەرەمیت: مەرمۆ، ڤاچۆ، گوتی)، (وەنی بوێت: ون ببێ)، (بیهەیتانیتن: بهێنەوە)، (نائێرنت: ناهێڵن) و (بینیگار: بڕوانە).

ئاستەکانی گەشە و گۆڕانی زمانیی لە قۆناغی کۆن بۆ قۆناغی ناوەڕاست نیشاندەدەن هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕستەسازیی و وشەسازیی، بە هۆی تێپەڕینی کات گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە ڕادەیەکی زۆر وردەکارییە زمانەوانییەکانی قۆناغی کۆنیان تێدا بەدیدەکرێت. لە ڕووی ڕستەسازییەوە هەمان بنەڕەتە گشتییەکەی قۆناغی کۆن واتا بکەر، بەرکار، کردار پێکهاتەی ڕستەسازییەکە پێکدەهێنێت. ڕۆنانی وشە لە قۆناغی ناوەڕاست هەمان تایبەتمەندیی قۆناغی کۆنی هەیە و بە زۆریی بە هۆی لکاندنی پێشگر و پاشگر بە سەر وشە و ڕەگی فرمان واتا و دۆخی نوێ بەدیدێن. لە ڕووی واتاییەوە وشەکان هەندێک جار بەبێ هیچ گۆڕان و هەندێک جار بە کەمە گۆڕانێک لە قۆناغی ناوەڕاستدا بە هەمان واتاوە بەکاربراون.

بنەما هونەرییەکانی دەقی ئەدەبیی لە زمانی کوردیی پێش ئیسلامدا وەکو کێش و سەروا، ڕەوانبێژیی و واتاناسیی لە دەقی دینیی – ئەدەبیی لە قۆناغی کۆنەوە بۆ قۆناغی ناوەڕاست گواستراوەتەوە. بە دڵنیاییەوە دەشێت بگوترێت ئەم بنەمایانە لە قۆناغی کۆن سادە و ساکارن و لە قۆناغی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەک گەشەیانکردووە و ڕێکتر و دامەزراوترن.

**قۆناغی نوێی زمان و ئەدەبی کوردیی**

ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانیی و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسـلامەوە دەسـتپێدەکات و تـاکو ئەمـڕۆ بەردەوامە. لەم قۆنـاغەدا بە هـۆی نەبـوونی کیـانی سیاسـیی سـەربەخۆ و یەکگرتـووی کـوردیی و لە ژێـر کاریگەریی ڕەوشی سیاسیی و بەڕێوەبردنی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و دەرکەوتنـی میرنشـینەکان، زمـانی کـوردیی بە سـەر چەنـدین شـێوەزار و زاری جیـا جیـادا دابەشـدەبێت. هەریەک لەم شـێوانە وەکـو قۆنـاغی کـۆن بە هـۆی پشـتیوانیی میرنشـینە کوردییەکـانەوە گەشـەدەکەن. ئەم گەشـەکردنە گـۆڕانێکی یەکجـار زۆری لە نـاو زمـانی کـوردیی و زار و شـێوەزارەکانیدا لێکەوتەوە. لێکەوتەی ئەم گەشـە و گۆڕانە بوو بە هـۆی ئەوەی کە ترازان و دابڕانێک لە نێوان شێوەزارەکانی کوردییدا بێتەئاراوە (حسـن، ٢٠١٩، ٤٥٠)، بە چەشنێک کە زۆرێک لە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە هەندێک جار بە ئاستەم دەتـوانن لە یەکـدی تێـبگەن و ئەمەیـش بـوو بە هۆکـارێکی گرنـگ بـۆئەوەی نەیـارانی کـورد وەکـو هەل و دەرفەت بیقـۆزنەوە بـۆئەوەی هەوڵبـدەن ئەم شـێوەزارانەی زمـانی کـوردیی لەم زمـانە بـکەنەوە و بە زمـانی سـەربەخۆ دایانبنێن.

زمـانی کـوردیی لە ڕێـڕەوی گەشــە و گـۆڕانی مێژووییـدا بە هێڵێکـی دیاریکراودا لە پەرەسەندندا بووە و ئەوەی ئەمڕۆ بە زمانی کوردیی ناسراوە و لە چەندین زار و دەیـان شـێوەزاری جیـاواز پێکهـاتووە، بەری ئەم گەشـە و گۆڕانە مێژووییە بـووە، کە لە لاپەڕەکانی پێشـووی ئەم کتێبەدا تـاوتوێکران. قۆناغی نوێی زمان و ئەدەبی کوردیی هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانی کولتووریی و سیاســیی و ئــابووریی ســەردەمی ســەرهەڵدانی ئیســلامەتیی لە نــاوچەی ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاســتدا. لەم گــۆڕانە بنچینەیــیەدا زمــانی کــوردییش بە ئاڕاســتەیەکی دیــاریکراودا ڕێیکــردووە و بەر کــاریگەریی کولتــووری ئەم ســەردەمە کەوتــووە. لەم ســەردەمەدا و بە دیــاریکراویی لە دوای ســەدەی سێیەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیی و هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی هەلـومەرجی کۆمەلایەتیی – سیاسـیی نوێدا، بە پێی جوگرافیـای بەرفراوانـی

ئـاخێوەرانی کوردزمـان لە نـاوچە جیـا جیاکـانی کورسـتاندا بە هـۆی دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکانەوە، یەکێک لە زار یان شێوەزارە باوەکانی زمـانی کـوردیی دەرفەتـی خۆنیشـاندانی بـۆ ڕەخسـاوە. لە دوای سـەدەی سـێیەمی کـۆچییەوە هەمـان ئەم زارەی کە بە زاری پەهلەویـی ساسـانیی ناسراوە، لە ناوچە پەهلەنشینەکانی کوردستاندا ئەدەبی پێتۆمارکراوە و ئەم ئەدەبیاتە ئەمڕۆ لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا بە (فەهلەویات) ناسراوە. ئەم سـەردەمە بە گرنگترین دەورەی زمـان و ئەدەبی کـوردیی لە قۆنـاغی نـوێ دادەنرێت، چونکە نیشاندەری پەیوەندیی دانەبڕاوی نێوان زمانی کوردیی لەم سەردەمە و ڕۆژگارە مێژووییە دوورەکانە.

کوردیی فەیلیی یەکێک لە گرنگترین شێوەزارەکانی زمانی کوردیی لە قۆنـاغی نـوێی ئەم زمـانەیە. ڕیشـەی وشـەی فەیلیـی بـۆ وشـەی پەهـلە دەگەڕێـتەوە. پەهـلە نـاوی نـاوچەیەکی جوگرافیـاییە، کە دانیشـتوانەکەی بە زمـانی پەهلیـی، فەهلیـی، فەیلیـی دواون. (ابـن النـدیم) نـاوچەی پەهـلە بە ئەسـفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماهـ نەهاوەنـد و ئازەربایجـان دەستنیشـاندەکات (ابن الندیم،١٣٨١، ٢٢). هەروەها (طیب طاهری) دەڵێت: وشـەی فەیلیی شـێوە گۆڕاوەکەی فەهلەیە و هەر هەمان وشـەی پەهـلەیە، کە دواتر بە هۆی گەشـە و گـۆڕانی زمـانیی بە شـێوەی فەهلیـی، فیهلیـی و فەیلیـی دەرکەوتـووە و ناوچەی فەهلە هەمان لەکستانە (طاهری، ١٣٩٧، ٥). بەم پێیە ناوچەی پەهلە هەمـان نـاوچەی لەکنشـینی کوردسـتانە و شـێوەزاری ئەم نـاوچەیە لە کۆنـدا پەهلەویـی و لە سـەردەمی نوێـدا فەهلەویـی پێگـوتراوە. باشـتر وایە تەنیـا ناوچەی لەکنشین بە ژینگەی شێوەزاری فەیلیی دەستنیشاننەکرێت، چونکە بە پێی دەقە ئەدەبییەکانی زمانی کوردیی، کۆمەڵە شێوەزارێکی زمانی کوردیی وەکو هەورامیی، لوڕیی، لەکیی یان فەیلیی بە فەهلەویی دانراون، کە گشـتیان لە ڕووی ڕیشـەی زمـانییەوە شـێوە نـوێ و گەشـەکردووەکەی کـوردیی ئەشـکانیی و ساسـانیین. دەقـی فەهلەویـاتی کـوردیی وەکـو کـۆنترین دەقـی ئەدەبیی لە قۆنـاغی نـوێی ئەم زمـانەدا ئەم بـابەتە یەکلاییـدەکاتەوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانی کوردیی زار و شێوەزارەکانی خواروو وەکو فەهلەویاتی

باباتــاهیری هەمەدانیــی، مەلای پەرێشــان، قەترانــی تــاوڕێژیی و کەلامــی یارسانان، شانامەی کوردیی و... هتد، ئەم بۆچوونە پشتڕاستدەکەنەوە.

فەهلەویـات یـان دەقـی ئەدەبیـی قۆنـاغی نـوێی زمـانی کـوردیی خـاڵی پێکەوەگرێدانی زمانی کوردیی و زمانی پەهلەوییە. لەم قۆناغەدا سەرەتا تەنیا شـێوەی نووسـین واتە ئەلفـوبێ گـۆڕانی بەسـەرداهات، بەڵام بە درێژایـی چەنـدین سـەدەی دواتـر زمـانی کـوردیی بە هـۆی بـارودۆخی سیاسـیی، کۆمەڵایەتیی و جوگرافیایی بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەیکرد و لە ئەنجامدا لە هەناوی زمانی پەهلەویی، کە زمانی فەرمیی دەسەڵات و زمانی ستانداردی دەوڵەت بـوو، کـۆمەڵە شـێوەزارێکی نـوێ لەدایکبـوون. (محمـدتقی بهـار) ئەم بـابەتەی بەم جـۆرە خسـتووەتەڕوو: دوای هـاتنی ئیسـلام خەت و زمـانی پەهلەویی لەگەڵ ئەوەیشدا کە توشی گرفت بوو، بەڵام تـاکو سـەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیی هەر بەردەوام بەرهەمی دینیی و ئەدەبیی پێتۆماردەکرا و دواتریش کە زمان و ئەلفوبێی عەرەبی جێیگرتەوە، لە ڕۆژئـاوای ئێران کە خەڵـکەکەی بە زمـانی پەهلەویـی یـان بە شـێوەزاری نزیـک لە پەهلەویـی قسـەیاندەکرد، ئەفسـانە و کتێـب و بەرهەمـی ئەدەبیـان پێتۆمـاردەکرد (بهـار، ١٣٤٩، جلد١، ١٤٥). بەرهەمە تۆمارکراوەکـانی سـەرجەمی ئەم شێوەزارانە بە فەهلەویات ناسران و بە تێپەڕبوونی کات زمانی کوردیی پەهلەویی لە زمـانی فەرمیـی دەوڵەتەوە بـۆ چەنـدین شـێوەزاری جیـا جیـای نـاوچەیی گـۆڕا. لە بنچیــنەدا ئەم شــێوەزارانە بە گشــتیی لە زاری خــواروو و زاری گۆرانــدا پۆلینکراون، بەڵام تـاکو ئێستایشـی لەگەڵدا بێت، شێوەزاری فەیلیی بە هـۆی نزیکیــی لە زمــانی پەهلەویــی بە ســەرەکییترین شــێوەزار دادەنرێــت، هەر لەبەرئەوەیشە کە گشت ئەو بەرهەمانەی بە شێوەزارەکانی زاری خوارووو و زاری گۆران وەکو فەیلیی، لوڕیی، کەلهوڕیی، هەورامیی، بـاجەڵانیی و... هتد نووسراون بە فەهلەویات ناودەبردرێن. لە بەشـەکانی دیکەدا بە پێی بەڵگەنـامە مێژوویی و دەقی نووسراوی ئەدەبیی و دینیی، بە وردیی هەڵوەسـتە لە سـەر ئەدەبیاتی فەهلەویی و تایبەتمەندییە ئەدەبیی و زمانناسییەکەی دەکرێت.

## سەرچاوەکان

- ابن الندیم، محمدبن اسحاق(١٣٨١)، الفهرست، ترجمە محمدرضا تجدد، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران
- بهار، محمدتقی (١٣٤٩) سبک شناسی، جلد اول، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم،تهران
- تابانی، حەبیبوڵلا (١٣٨٩) هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی جەلیلی گادانی، چاپی دووەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- تفضلی، احمد(١٣٨٥) فهلویات، ترجمە فریبا شکوهی، نامەی فرهنگستان، دوره ٨، شماره ١ (پیاپی ٢٩)، صفحات ١١٩-١٣٠
- حسن، فرهاد عزیز (٢٠١٩) پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٤
- حسن، فرهاد عزیز(٢٠٢٢) ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، پەربەندا ١٠، ژمارە ٣.
- حەسەن، فەرهاد عەزیز(٢٠٢٣) دەروازەیەک بۆ مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- خۆشناو، فەرهاد عەزیز(٢٠١٣) ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- دیاکونوف، ا.م(٢٥٣٧) تاریخ ماد، ترجمە کریم کشاورز، چاپ دوم، انتشارات پیام، تهران.
- صفا، ذبیح اللە(٢٥٣٥) سیری در تاریخ زبانها و ادب ایرانی، چاپ اول، نشر زندگی، تهران.
- صفا، ذبیح اللە(١٣٩١)، تاریخ ادبیات ایران، جلد اول، انتشارات فردوس، چاپ یازدهم، تهران
- علی‌یف، اقرار(١٣٨٨)پادشاهی ماد، ترجمە کامبیز میربهاء، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران.
- علی‌یف، اقرار(١٣٩١)، تاریخ آتروپاتن، ترجمە مهناز صدری، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران
- طاهری، طاهری (١٣٩٧) شناسنامەی هویتی لک، هفتەنامەی غرب شماره ٥٨٥ و ٥٨٦

- مشکور، محمدجواد(۱۳۷۵)نظری به تاریخ آذربایجان، چاپ ؟، انجمن آثار و مفاخر فرهنگی، تهران.
- ناتل‌خانلری، پرویز(۱۳٦۵). تاریخ زبان فارسی، جلد اول، نشر نو، چاپ دوم، تهران
- نیبرگ، هنریک ساموئل (۱۳۵۹) دینهای ایران باستان، ترجمه‌ی سیف‌الدین نجم آبادی، مرکز ایرانی مطالعه‌ی فرهنگها، چاپ نخست، تهران
- هرودت(۱۳٦۲) تاریخ هرودت، جلد اول، چاپ دوم، انتشارات دانشگاه تهران.

- JACOBSEN, THORKILD(1987) THE HARPS THAT ONCE Sumerian Poetry in Translation, Yale University Press New Haven and London
- Jamasp-Asana. J (1913) Corpus of Pahlavi Texts, Bombay
- Literary artifact dated to the Old Babylonian (ca. 1900-1600 BC) periodcdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/469514
- Marquart. J. (1901). Eransahr, Weidmannsche Buchhandlung, Berlin
- Suel, Aygul (1985) Hitit kaynaklarinda, TAPINAK GöREVLILERİ Ile Ilgili BİR DİREKTİF METNİ, A.Ü. DİL VE Aı'IH CoĞı.AFYA FAKüLTESI BASIMEVı, ANKARA.

# پ. ی. د. فەرهاد عەزیز خۆشناو



فەرهاد عەزیز حەسەن

سـاڵی ١٩٨٣ لە تـاراوگە و ئـاوارەیی لە شــاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لەدایکبووە.

قۆناغەکــانی خوێنــدنی ســەرەتایی و ناوەنـدیی و دواناوەنـدیی لە وڵاتـی ئێـران خوێندووە.

ســـاڵی ٢٠٠١ گەڕاوەتەوە باشـــووری کوردســتان و هەر لەم ســاڵەدا لە بەشــی زمانی کوردیی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە خوێندنی بـاڵا/ ماسـتەر وەرگیـراوە و لە ٢٠١٠ بڕوانـامەی ماستەری بەدەستهێناوە، ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی (ئەفراندن و مردن لە ئەفسـانەی کوردییـدا بە پێـی ئاڤێسـتا و دەقە پەهلەوییەکـان) بە پلـەی نایـاب وەرگیراوە.

لە ساڵی ٢٠١٩ دکتۆرای لە زمانە کۆنەکان لە وڵاتی ئێران بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٢٢ پلەی زانستیی پرۆفیسۆری یاریدەدەری بەدەستهێناوە.

لە ئێســتادا ســەرقاڵی ئامــادەکردنی تێـزی دکتــۆرای دووەمیەتــی، بە ناونیشانی (ئەفسانەی سۆمەریی لە کوورەوە بۆ ئوور).

لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمییدا چەندین توێژینەوەی جیاوازی لە بواری ئەفسانەناسیی و زمانە کۆنەکان لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

چەنـدین تـوێژینەوەی زانسـتیی بڵاوکـراوەی هەیە لە بوارەکـانی بەراوردی ئەدەبیی و ئەدەبی کۆن و گێڕانەوەناسییدا.

چەنـدین کتێبـی چـاپکراوی هەیە، لە بـواری وەرگێـڕان و نووسـین و ڕاڤەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا.

# بەشی دووەم

## شیعری فەهلەویات
## قۆناغێک لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی

رزگار جەباری*

**پێشەکیی**

مێژوونووسانی ئەدەبی کوردیی، سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری کوردیی بۆ دوو سەردەم دەگەڕێننەوە. یەکەم: دەقە عیرفانییەکانی ئاینی یارسان، کە لە بالوولی ماهیی (سەدەی ٨ز)ەوە دەستپێدەکات. دووەم: شیعرە دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانیی (١٠ و ١١ز). بە نزیکیی تێکڕای مێژوونووسانی ئەدەبی کوردیی کۆکن لە سەر ئەوەی باباتاهیری هەمەدانیی شاعیرێکی کورد بووە و شیعرەکانی بە زمانی کوردیین، بەڵام لە دیاریکردنی زاری شیعرەکان بۆچوونی جیاواز هەبووە، بەڵام بە گشتیی لە سەر ئەوە کۆکبوون کە بە زاری لوڕییە. لە ڕاستییدا شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانیی لە جۆری شیعری فەهلەویاتە و شیعری فەهلەویاتیش ئەزموونێکی شیعریی هەرێمی پەهلەی کوردستانی دێریین بووە، کە بە زار و بنزارەکانی ئەو هەرێمە نووسراوەتەوە و هەندێک جاریش پەلیهاوێشتووە بۆ هەرێمەکانی دیکەی وەکو ئازەربایجان و شیراز. دواهەناسەکانی ئەم جۆرە شیعرە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش بڕدەکات، لەبەرئەوەی باباتاهیر بە کورد و بە سەرقافڵەی شیعری کوردیی دەزانین، کەواتە دەبێت هەموو شیعری فەهلەویات و ئەو شاعیرانەی شیعری فەهلەویاتیان نووسیوە بە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی کوردیی بزانین. سەرچاوە کۆنەکان ژمارەیەک شاعیر کە دەقی فەهلەوییان نووسیوەتەوە، وێڕای ژمارەیەک دەقی خاوەننەزانراویان پاراستووە. لەم توێژینەوەیەدا وێڕای ئەوەی هەوڵدراوە پەیوەندیی مێژوویی ئەو ئەدەبە بە زمان و ناسنامەی کوردەوە، ژمارەیەک لە شاعیرانی هەرسێ هەرێمی هەرێمەکە بناسێنین.

**فەهلەویی**

پەیڤی پەهلەویی، یان بە بێژە عەرەبییەکەی فەهلەویی، کە ناوێکە بۆ جۆرێکی شیعر ڕەگوڕیشەیەکی دێریینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ماد. لەو سەردەمانەوە تاکو سەردەمانی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بەم بێژانەدا تێپەڕبووە: "پەرتوە، پەرثوە، پەرهوە، پارتە، پەهلوە، پەهلونی،

پەهلو، پەهلە، فەهلو، فەهلویە" (طاهری، ٢٠٢٣، ٦١). ئەم پەیڤە جگە وەک ناوێک بۆ جۆرێکی شیعر، بووەتە ناو بۆ چەند شت و بابەتێکی دیکە، وەک: ناوی خەڵکانێک و ناوی دەڤەرەکەیان، کە هەمان ناوی هەبووە واتە هەرێمی پەهلە) و هەر ناوی ئەم خەڵک و دەڤەرەیشە لە جۆری شیعرەکە نراوە. بە واتای زمانی پاشایانی کەیانیی. بە واتای پاڵەوان و ئازا و دلێر و بوێر. لەبەرئەوەی پەهلە لە لای عەرەبەکان بووەتە فەهلە، ڕیشەی پەیڤی (فەیلیی) (کوردانی فەیلیی) دەبرێتەوەسەر فەهلەویی (طاهری، ٢٠٢٣، ٦١). تەیب تاهیریی نووسەری پەرتووکی (پهلویان) پێیوایە واتای پەیڤی (پەهلو) لە بنەڕەتدا بە واتای کێو و کوێستان بووە (طاهری، ٢٠٢٣، ٦٣-٦٤). ئەمەیش دەکرێت وەک بەڵگەیەک بێت بۆ کوێستانیبوونی هەرێمی پەهلە، بەڵام بۆچوونی دیکەیش هەیە لە بنەڕەتی واتای پەیڤەکە بۆ شتی دیکە دەگەڕێننەوە. وەک:

شپیگل زانای ئەڵمانیی، پەهلو بە واتای (پەرتە) دەزانێت، کە لە زمانی سانسکریتییدا هاوواتای مەزن و بەرفراوانە. هەروەها کامری فەرەنسیی دەڵێت: پەهلو یەکێکە لە ناوەکانی پاشاکانی ئەشکانیی، لەبەرئەوەی ئەشکانیی ئازابوون، بۆیە پەهلو و پەهلەویی بە واتای پیاوی ئازا بەکارهاتووە (طاهری، ٢٠٢٣، ٦٣).

جگە لەو ناو و واتایانەی سەرەوە، فەهلەویی بووەتە ناو بۆ "جۆرێکی ئەلفوبێ و نووسین و جۆرێکی ئاوازی مۆسیقیی و جۆرێکی بیروباوەڕی ئاینیی (طاهری، ٢٠٢٣، ٦٢-٦٣). جۆری نووسینەکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا داهێنراوە و جۆری ئاوازەکە لە سەرچاوە کۆنەکاندا زۆر ئاماژەپێدراوە وەک کتێبەکەی قەیسی ڕازیی. ئەم ناوە بەربڵاوبووە و بە درێژایی مێژووی ناوچەکە بەردەوامبووە، تەنانەت تا سەرەتاکانی سەدەی بیست وەکو ناو بۆ جۆرێکی ئاواز و گۆرانیی میلیی و زارەکیی عەرەبیی لە عێراقدا بەکارهاتووە، کە پێیوتراوە (البهلویه). بۆ نموونە کۆپلەیەکی ئەم گۆرانییە لە ژێر ناوی: بستە طقطوقە – البهلویە من تخم البیات، تنظیم و تلحین الاستاذ القبنجی:

**الحلــو لا بس بهلــوی     قصــده یدلل عـــلی**
**الحلو ناکس عل حواجب     بهلویه و زلفه حاجب**

هەروەها سەبارەت بە واتای ئاین و ڕەوتێکی دانایی، فەهلەوییەکان: بە زانایـانی چەرخـی ساسـانیی دەگوترێـت، کە خوسرەوانیشـیان پێگوتـوون و سوهرەوەردیی باسی بیروباوەڕی کردوون (اوشیدری، ١٣٨٦، ٣٨٠). حاجی سەبزەواریی لەو بارەوە دەڵێت:

**الفهلویون الوجود عندهم     حـقیقـة لا تشـکک لهـــم**
**مراتبا غنا و فقرا تختلف     کالنور حیثما تقوي و ضعف**

(علیخانی، ١٤٠٢، ٢٥).

ئێسـتایش لە نـاوی تیرەیەکی هـۆزی زەعفەرانلـو بە نـاوی پەهلەوانلـو و هەروەهـــا لە نـــاوی شـــارۆچکەیەک بە نـــاوی پەهـــلە لە پارێزگـــای ئیلامـــی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە.

**شیعری فەهلەویات**

فەهلەویـات، کە کـۆی پەیڤـی فەهلەویـیە: بە پێـی زانیـاریی نووسـەران و تـــوێژەرانی کـــۆن و مێژوونووســـانی چەرخـــی ئیســـلامیی، هەمـــوو ئەو دووبەیتییانەی بە زارە خۆجێییەکانی (کوردسـتان) و ئێران نووسـراونەتەوە، کە زۆرینەیـان هاوشـانە لەگەڵ ئـاوازێکی تـایبەت و دەدرێنەپـاڵ شـارەکانی هەرێمی پەهلە (مکری، ١٩٩٤، ١٤-١٥). ڕەنگە زاری ئەم هۆنراوانە پەهلەویی یـــان لەو دەســـتەزارانە بـــوون کە پەیوەنـــدیی و نزیکـــایەتیی لەگەڵ زمـــانی پەهلەویی پێش ئیسلامدا هەبووە (مکری، ١٩٩٤، ١٥). هەندێک فەهلەویی کە شـــەقڵی دیریینتریـــان مـــاوەتەوە، ئەو بۆچـــوونەی مـــوکریی دەســـەلمێنن. ئەو فەهلەویـانەی لە کتێبی (تـاریخ قـم)دا هـاتوون، ڕەگوڕیشـەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەقێکـی پەهلەویـی (سـودآور، ١٣٩٦، ١٨٠). جۆرەکـانی فەهلەویـی لە دوای بڵاوبـــوونەوەی ئـــاینی ئیســـلام، لە ڕووی زمـــان و کێشـــەوە یەک نیـــین. فەهلەویـاتی ئەم چەرخە لە ڕووی زمـانەوە دوو دەسـتەی کـۆن و تـازەن.

کۆنەکـان ئەو جـۆرەن، کە بە زمانێـک هـۆنراونەتەوە ئێسـتا مـردووە و هـیچ دەسـتەیەکی ئـاخێوەری نیـیە، بەڵام فەهلەویـاتی تـازە، بە زمـانێکی زینـدوو هۆنراونەتەوە. واتە ئەمڕۆ لای کەم دەستەیەکی کەمی ئاخێوەر بەکاریدەهێنن و لێیتێدەگەن (طیـب زادە، ١٣٩٢، ٦٧). شـیعرەکان بە نزیککراوەیـی لە ١٠ تـا سـەدەی ١٦ز بەرهەمهـاتوون، بەڵام کەم و زۆر تـا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم لە ژێـر کـاریگەریی زار و بنـزارە تازەکانـدا شـیعری لەم جـۆرە نووسـراون. بە پێـی زانیارییەکـان وادەرکەوێـت شـاعیرانێکی زۆر لەم جـۆرە شـیعرەیان نووسـیبێت، بەڵام تەنهـا نـاوی باباتـاهیر لە لـوتکەدایە، ئەمەیـش لەبەرئەوەیە کە زۆرتـرین شـیعری فەهلەویـی دەدرێتەپـاڵ باباتـاهیری هەمەدانیی، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە بەشێکیان هیی خۆی نیین و دراونەتەپاڵی. وێـڕای بابـا، شـاعیرانێک هەبـوون کە شـیعری فەهلەوییـان نووسـیوە و بەرهەمەکانیان نەماونەتەوە. وەک کاکای قەزوینیی و دەیانی دیکە.

یەکەمـین کەس قەیسـی ڕازیـی لە کتێبـی (المعجـم فـی معـاییر اشـعار العجـم)دا لە سـەدەی (١٢ز) ئەم جـۆرە شـیعرەی بە نـاوی (فەهلەویـات) ناساندووە. بە پێی زانیارییەکانی قەیسی ڕازیی، لە هەرێمی پەهلە خەڵکێکی زۆر شیعری فەهلەوییـان نووسـیوە: کـافەء اهـل عـراق را از عـالم و عـامی و شریف و وضیع بە انشا و انشـاد ابیات فهلوی مشعوف یافتم و بە اصغا و استماع ملحونات آن مولع دیدم، بل کی هـیچ لحن لطیف و تـالیف شـریف از طرف اقوال عربی و اغزال دری و ترانەهـای معجز و دسـتانها مهیج اعطـاف ایشـان را چنـان در نمـی جنبانیـد و دل و طبـع ایشـان چنـان در اهتـزاز نمـی آورد کی:

**لحن اورامن و بیت (پهلوی)     زخمەء رود و سماع خسروی**

(رازی، ١٣١٤، ١٦٦).

لە ڕابردوویشـدا کەسـانێک هەبـوون بایەخیـان بەم جۆرە شیعرە داوە و کۆیـانکردوونەتەوە. نمـوونەی ئەو خەمخـۆرانە، نەجمەدیـن دایە (١١٧٧-١٢٥٦ز) (خـاتمی و سـلمان سـاکت، ١٣٩٧، ٥٢) لە کتێبـی راحـة الصـدور (١٢٠٢ز)دا هـاتووە: نەجمەدیـن دووبەیتیـی دەخوێنـدەوە و شـتومەکی جوانی

هەبــوو، کە لە پێنــاو کــۆکردنەوەی دووبەیتییــدا خەرجیکــرد. ژن و مــاڵی پێکەوەنەنـا و میراتگرانــی و براکـانی پەنجـا مەن کـاغەزی دووبەیتییــان بــۆ مــایەوە (شمســیا، ١٣٧٤، ٢٨٤). نەبــوونی دەستنووســی کۆکــاری دایە ئەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت، کە سـامانێکی زۆری ئەم ئەدەبیاتە فەوتـاوە. سـامانی شــیعری فەهلەویــات ئەوەی تــاکو ئێســتا دۆزراونەتەوە و لە بەردەســتدان، هێشتا خاوەنداریەتیی بەشێکیان ساغنەکراوەتەوە و نازانرێت هیی کێن.

### زمانی شیعریی فەهلەویات و پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە

زمـانی کـوردیی مێژوویەکـی دێرینـی هەیە و ڕەگوڕیشـەی لە قـووڵایی نیشتمانەکەیدایە. پڕۆفیسـۆر ڤیلادیمێر مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسـیی، لە ســەر ئەو بــاوەڕەیە کە زمــانی کــوردیی بە شــێوەیەکی لێبــڕاوانە لە ڕەگوڕیشــەی زمـانی مـادییەوەیە. دواتـر لە لایەن ئیلیـا گرشـڤیچ زمانناســی ڕووسیی بەڵگەی زمانناسیی خستەڕوو بۆ سەلماندنی ڕیشەی مادیبوونی زمانی کوردیی. (هورامی، ٢٠١٣، ٤٠٢). بەڵگەی یەکبوونی ماد و کورد زۆرن، یەکێـک لەو بەڵـگە گرنگـانە، دۆزینـەوەی دەستنووسـێکی کڵێسـایی بـوو لە ئەرمەنســتان. ئەم دەستنووســە کە دێـرە و نزایەکـی مەسـیحانەیە، لە سـاڵی ١٤٤١ز بە حەوت زمــان نووســراوەتە، کە یەکێکیــان زمــانی کــوردیی زاری کورمانجییە. ئەوەی لەم دەستنووسەدا کورد دەبەستێتەوە بە مادەوە، ئەوەیە کە لە سەر ئەم دەستنووسە نەنووسراوە بە زمانی کوردیی، بەڵکو نووسراوە بە زمانی ماریی. (مار) لە فەرهەنگی ئەرمەنییدا واتە (ماد) (موکریانی، ٢٠٠٨، ٧٨).

ئیحسـان نووری پاشـا لە کتێبەکەیدا بە نـاوی (مێژووی ڕیشـەی نژادی کـورد) دەڵێت: زمـانی پەهلەویی گەلێک لەوە دەچێت بتـوانین بڵێین بنـاغەی زمانی کوردیی ئەمڕۆکەیە، چونکە زاراوەکانی گەلێک لە زاراوەکانی کوردیی دەچن (پاشا، ٢٠٠٣، ٨٨). ئەم بۆچوونەی ئیحسـان نووری لە لایەن پەرویزی ئەزکــایی شــارەزای مێــژوو و جوگرافیــای هەمەدان بە شــێوەیەکی دیــکە پشتڕاســتدەکاتەوە و لە ڕەدی نووســەرانی کــۆن، کە ڕەچەڵەکــی کوردیــان

گەڕاندووەتەوە بۆ عەرەب، دەڵێت: "مێژوونووسانی کۆن، وەک مەسعوودیی، کە باسی ڕەچەڵەکی کوردیان وەک تیرەیەکی عەرەب کردووە، دژ بە ڕوانینی خۆیان دێتەوە، کە دەڵێن: بە هۆی هاوسێیەتییانەوە لەگەڵ فارسەکاندا، زمانیان گۆڕاوە و بووە بە زمانێکی ناعەرەبیی. لاوازیی ئەم ڕوانینە لەوەدایە کە لە زمانی کوردیی کۆندا (واتە فەهلەویی)دا هیچ پەیڤێکی عەرەبیی نادۆزرێتەوە، کە بەڵگەیەک بێت بۆ پاشماوەی زمانێکی پێشووتر، کە دەرخەری شوناسی نەتەوەیی پێشیینی ئەوان بێت" (اذکائی، ١٣٦٧، ١١٩). کەواتە زمانی کوردیی لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە زمانی پەهلەویی ساسانیی ناسراوبووە. ئەم زمانە، شێوە گەشەکردووەکەی زمانی مادەکانە، بۆیە بە پێی توێژینەوە زمانییەکان، زمانی کوردیی بە سەر سێ قۆناغی مادیی-ئاڤێستایی، پەهلەویی و کوردیی نوێدا دابەشدەکرێت (حسن، ٢٠٢٠، ٦١).

هەرێمی پەهلە کە ناوەندی سەرهەڵدانی شیعری فەهلەویاتە، بەشێکی سەرەکیی نیشتمانی ماد بووە، کە بریتیی بووە لە مادی گەورە. هەژموونی ئەم شیعرە زۆر شوێنی دەوروبەری گرتووەتەوە، بە تایبەتی لە ئازەربایجان بە شێوەیەکی زۆر پەیڕەوییلێکراوە. ئەم هەژموونە تا هەرێمی فارس کە شیراز ناوەندیەتی گەیشتووە. فەهلەویات ناوێکە بۆ ئەو شیعرە دووبەیتییانەی، کە لە ناوچەکانی پەهلەدا هۆنراونەتەوە و... نیشتمانی ماد دەگرێتەوە. بە زارەکانی ڕۆژئاوا و ناوەند و باکووری ئێران هۆنراونەتەوە، (طاهری، ٢٠٢٣، ٢٧٠). بەشێک لە زار و بنزارەکانی زمانی مادیی نەماون و بەشێکیان لە ئەمڕۆدا لە شێوەی زمانێکی سەربەخۆدا ماونەتەوە. ئەگەر زارەکانی باکووری ئێران زۆر لەمێژتر لە زمانی دایک (مادیی) دابڕابن، ئەوا بەشێکی لە زارەکانی هەرێمی پەهلە تا درەنگانێک و پێش شەپۆلی هەژموونی زمانی دەریی هێشتا پەیوەندییان بە زمانی دێرینی کوردییەوە مابوو. لە سەرووی هەموویانەوە زاری ڕازیی، کە زاری ئاخاوتنی دەڤەرێکی بەرفراوانی ڕەی، قەزوین، ئەبهەر، زەنگان و هەمەدان بووە (شمسیا، ١٣٧٤، ٣٠٥). فەهلەویات هەرچەندە لە شێوەی ئێستای خۆیاندا لە ژێر کاریگەریی

زمانی فارسیی و کێشی عەرووزییدان، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە بەرهەمی زارەکانی زمانی مادیین و دواجار نزیکایەتییەکی زۆریشی لەگەڵ زمانی پەهلەویی ئەشکانییدا هەیە (طیب زاده، ١٣٩٢، ٦٠-٦١). نووسەرێکی وەکو ئەحمەد تەفەزەلیی، کە بایەخی بە شیعری فەهلەویات داوە و لەو بارەوە چەندین وتاری نووسیوە، دەڵێت: فەهلەویات هەرچەندە لە شێوەی ئێستایدا زۆر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسییدایە، لەبەرئەوەی پاشماوەی زارەکانی زمانی مادییە، بۆیە نزیکایەتیی لەگەڵ زمانی پەهلەویی ئەشکانییدا هەیە (تفضلی، ١٣٨٥، ١٢٢). لەو سۆنگەوە "لۆژیکییە بۆ باوانی شیعری فەهلەویات، لە ناو سروودەکانی فەهلەویی ئەشکانیی و پەهلەویی ساسانییدا بگەڕێین" (طیب زاده، ١٣٩٢، ١٣). دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: فارسەکان کە تەماشای شیعری فەهلەویات دەکەن و دەبینن لە زمانی فارسیی تازە ناکەن، ناچار پەنادەبەنەبەر دایکی ئەو زمانە کە پەهلەوییە، ئیتر کە پەهلەویی بوو واتای ئەوەیە فارسییە. ئەم ناوەڕۆکە بۆ پانئێرانیستەکان بوو بە بناغە بۆئەوەی هەموو شتێکی ڕەسەن ببنەوەسەر فارسیی (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٩١). بە نیازی نزیککردنەوەیان لە فارسیی گەلێک دەستکارییکراوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە بە شێوەی ئەو چوارییینە فۆلکلۆرییانەی، کە لەو سەردەمەدا بە ناوی فەهلەویی ناسراون، هۆنیوەتەوە (زەبیحیی، ١٤٠٢، ٥٤). ڕاستە ڕۆژگار و چارەنووس وایانکردووە کە شیعرەکان لە ئەدگاری بەراییان لە ڕووی دەنگەوە (فۆنێتێک) دووربکەونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک لە ئەدگاری بنچینەییان پارێزراوە و بە شانازییەوە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیی ڕەنگیندەکەن (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٩٣). بۆ بە شوێن زمانی ئەم شیعرانە لە ناو زمان و زارەکانی دیکەی زمانی بنەماڵەی ئێرانییدا وەکو زمانی کوردیی بە هەموو زارەکانیەوە نەگەڕێین (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٩١). ڕیشەی زمانی شیعریی فەهلەویی لە ناو زمانی مادییدایە، لە چەرخی ئیسلامییدا لە زۆر سەرچاوە بە زمانی (ڕایجیی، ڕاجیی، ڕازیی، ڕاژیی)دا هاتووە. ڕاژیی: خەڵکانی ناوچەیەکی زۆری دەڤەرەکانی ڕەی، هەمەدان، کاشان، ئەراک و چەند دەڤەرێکی دیکە بوون. لە سەرچاوەکانی وەک (ریاض

الشعراء ١٧٤٨ز) و (آتشكدهء آذر ١٧٧٩ز) ئاماژه به ڕاجی كراوه (پناهی، ١٣٧٩، ٢٥). بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٨٨٠ز پرۆفیسۆر ژۆكوفسكیی و پاشان لە ساڵی ١٩٠٧ز لە لایەن ئۆسكارمان توێژینەوە لە سەر زاری ڕاژیی كراوە. ئۆسكارمان پێیوابوو كە زاری ڕاژیی و زارەكانی ناوەندی ئێران درێژكراوەی زمانی مادییە و پەیڤی (ڕاژیی) پەیوەندیی بە ناوی شاری پایتەختی كۆنی مادەكانەوە (ڕەی) هەیە (پناهی، ١٣٧٩، ٢٦). شاری ڕەی پایتەختی دێرینی مادەكان كە لەو سەردەمەدا ناوی (ڕگا) هەر واتای (ڕێگای)ی ئێستا لە زمانی كوردییدا دەدات، بە مەڵبەندی سەرهەڵدانی نەتەوەی كورد دادەنرێت. لەبەرئەوەی زمانی ماد دایكی هەموو زار و بنزارەكانی زمانی كوردییە، لەبەرئەوە شیعری فەهلەویات نزیكایەتیی لەگەڵ هەموو زار و بنزارەكانی زمانی كوردییەوە هەیە، بۆیە هەر نووسەرە و دەڵێت شیعری فەهلەویی سەر بە فلان زارە. مینۆرسكیی لە سەر ئەو باوەڕەیە زاری شیعرەكانی باباتاهیری هەمەدانیی، (كە شیعری فەهلەویاتن) زاری لوڕیی كوردییە و شیعرەكانیش سەر بە ناوچەی لوڕستان و زمان و زارەكانی ئەو سەردەمەی هەمەدانن، (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٩٢). ئەدیب تووسیش پێیوایە كە شیعرەكانی باباتاهیر، نوسخەی قۆنیە بە زاری لوڕیین، كە بە تێپەڕبوونی سەردەمەكان و بە هۆی نەزانیی نووسەرەوەكانەوە، شێوەی بنەڕەتیی خۆیان لەدەستداوە، ئەگەرچی پێیوایە ئەم فۆڕمەی ئێستای لە فارسییەوە نزیكترن تا لوڕیی (طوسی، ١٣٣٧، ١). زەبیحیی دەڵێت: كۆنترین بەڵگەی نووسراوی كوردیی لە دەورەی تازەدا چوارییەكانی باباتایەری عوریانە (فەهلەویات)، كە لە سەرەتای چەرخی ١١ز لە هەمەدان پایتەختی مادەكان بە زاری باشووریی دایناون (زەبیحیی، ١٤٠٢، ٥٤). دكتۆر محەمەد ئەمین سەبارەت بە نموونەی شیعریی فەهلەویات بۆچوونی وایە كە پەیوەندیی بە زمانی كوردیی ناوچەكانی هەورامانەوە هەیە (هەورامانیی، ٢٠٠٥، ١٧). فەهلەویات تەنانەت لە زمانی تاتیشەوە نزیكن، بەڵام زمانی تات یەكێكە لەو زمانانەی كە لە زمانی مادیی كەوتووەتەوە. پێش ئەوەی وەكو زمانێكی سەربەخۆ بناسرێن، ناسنامەی كوردیی هەبوو. پەیڤی تات پەیڤێكی توركییە و لە زمانی توركییدا هاوواتای (عجم)ە لە زمانی

عەرەبییدا. لە لای تورکەکان ئەگەر کەسێک توانای تێگەیشتنی زمانی تورکیی نەبوایە، پێیدەگوترا (تات). لە دوای شاڵاوەکانی هۆزر تورکەکان بۆ ئێرانی ئێستا و کوردستان، بە خەڵکانی کورد و فارسیان وتووە تات. لەمەدا مەبەست ئەوەیە ئەگەر شیعری فەهلەویات لە سەدا سەد میراتی کورد نەبێت و میراتی هەموو ئەو زمانانەیە، کە ڕیشەیان لە زمانی ماددا یەکدەگرێتەوە، بێگومان کورد خاوەنی پشکێکی گەورەیە لەو میراتە. هەر چۆن سەدان ساڵە خۆمان بە میراتگری ئەدەبی باباتاهیر دەزانین، دەبێت زۆر بە باوەڕبەخۆبوونەوە خۆمان بە میراتگری هەموو ئەو سامانە ئەدەبییە بزانین، کە هاوشێوەی باباتاهیر شیعریان نووسیوە.

بەدەر لەو بەرهەمە شیعرییانەی لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا لە خانەی کلاسیک پۆلێندەکرێن، بە تایبەتیی ئەدەبیاتی گۆران، کۆمەڵێک بەرهەمی شیعریی دیکە هەن، کە توێژەرانی مێژووی شیعری کوردیی لە خانەی ئەدەبی کۆنیان دادەنێن. ئەم شیعرانەیش بە پلە یەک (فەهلەویات)ن. ئەم شیعرانە لە ڕووی زمانەوە پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە، بە تایبەتیی زاری گۆرانیی، لوڕیی، لەکیی ئینجا کورمانجییش هەڵقەی بەستنەوەی ئەم ئەدەبیاتەن بە فەرهەنگی کوردییەوە. شیعرەکان بە نزیکراوەیی لە ١٠ زایینیی تا سەدەی ١٦ز بەرهەمهاتوون. فەهلەویی ناوێکی گشتیی بووە بۆ ئەو سامانە ئەدەبییە، کە جگە لە زاری ڕاژیی، بە زاری ئازەریی لە هەرێمی ئازەربایجان و زاری ئیسفەهانیی و... هتد هۆنراوەتەوە. هاوواتاکانی فەهلەویات: شەروە، باهار کە بە واتای ڕێگایەکی خوێندنەوەی هاوشێوەی فەهلەویی و ڕامەندیی لێکدراوەتەوە (طاهری، ٢٠٢٣، ٢٧٠). دووبەیتیی کوردییش وەک فۆڕم هەر بە فەهلەویات ناونراوە (ذالفقاری و لیلا احمدی، ١٣٨٨، ١٤٦). شیعری فەهلەویی بە هەوای تایبەتیی وەکو گۆرانیی خوێندراوە و ئەو هەوایە جاروبار هەر فەهلەویی و هەندێک جاریش ئۆرامە، ئۆرامەن و ئۆرامەنانیان پێوتووە. هەوایەکی کۆنی مۆسیقایە...، ئۆرامەنان شێوەی فارسیی هۆرامەنانی کوردییە و دەگەڵ وشەی هەورامانددا یەکن (زەبیحیی، ١٤٠٢، ٥٥). وەک ئاماژەمانپێدا نووسەرانی پان_ئێرانیستیی هەمیشە هەوڵی

ئەوەیان داوە، کە شیعری فەهلەویات بە فارسیی ناوەندیی بناسێنن، مخابن ئەمە هەندێک نووسەری کوردیشی گرتووەتەوە. نووسەرێکی وەکو پەرهام دەڵێت: زمانی فارسیی سکەیەکی زێڕیینە کە ڕوویەکی دەریی و ڕووەکەی دیکەی پەهلەویی، یان فەهلەویاتە، کە داگری زارە خۆجێییەکانی وەک: کوردیی، لوڕیی، لاریی، بلوچیی، پشتو، ڕەشتیی، مازندەرانیی، ئازەریی و... هتد، کە لق و پەراوێزەکانی زمانی دەریی یان زمانی دایکن (پرهام، ١٣٩٥، ٦٢). لە بەرانبەردا نووسەرانی دیکەیش هەن، کە دان بەوەدا دەنێن زمانی ئەم ئەدەبە فارسیی نییە، بەڵکو زۆر هەوڵی شێواندنیشی دراوە. لەو نووسەرە کوردانەی کە هەموو شاعیرانی جوگرافیای ماد (کوردستانی دێریین) بە ڕەچەڵەک بە کورد زانیوە، دکتۆر عەبدولحەمید حیرەت سەجادییە. نموونەی شاعیرانی خاوەن_شیعری فەهلەویی، کە وەکو کورد باسیکردوون، ئەمانەن: ئەسیرەدینی ئومانیی، ئوتایچ زنجانیی، ئەوحەدی مەراغیی، جەمالەدین رستق القطنی، جولاهە ئەبهەریی، عیزەدین هەمەدانیی، عوبەیدی زاکانیی، کافی کەرەجیی. تەنانەت شاعیرانی دەیلەمییشی گرتووەتەوە.

**کێشی شیعری فەهلەویات**

وادیارە کە کێشی شیعری فەهلەویات، تا سەرەتاکانی چەرخی ئیسلامیی لە سەر بنەما و بنەڕەکانی شێوەی ساسانیی بووە، بەڵام فەهلەویی_نووسان، پەیتا پەیتا و لە ژێر کاریگەریی شیعری عەرووزی فارسیی، کێشی عەرووزی و بە تایبەتیی کێشی (هزج) و (مشاکل)یان بۆ ئەم جۆرە شیعرە هەڵبژاردووە و شیعری خۆیان پێنووسیوە. وادیارە ئەم شیعرانە تا نزیک سەدەی (١٤ز) برەوی هەبووە، بەڵام لەو سەدەیە بە دواوە، پەیتا پەیتا وەلادەخرێت، تەنها لە ئەدەبیاتی زارەیی و خۆجێیی هەندێک دەڤەری جیاواز درێژە بە ژیانی خۆی دەدات (طیب زادە، ١٣٩٢، ٦١). یەکێک لە سەرچاوە کۆنەکان کە باسی کێشی شیعری فەهلەویی بە تایبەتیی جۆری ئەورامەن دەکات، کتێبی (معیار الأشعار)ی نەسیرەدینی تووسییە. ئەبوجەعفور محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حەسەن تووسیی (١٢٠١ - ١٢٧٤ز) لە کتێبەکەی و لەو بەشەیدا

باسی ئەورامەن دەکات دەڵێت: از بحری کە اورامن بە زبان فهلوی بر آن بحر می‌گویند و شبیه است بە (هزج مسدس سالم)، رکن اول هم ثمانی است مؤلف از چهار سبب خفیف بر این وزن کە: مفعولاتن، و گاه سالم بە کار دارند و گاه مخبون بر وزن مفاعیلن، و گاه مطوی بر وزن فاعلاتن، و هر سە را با یکدیگر خلط می‌کنند و دو رکن باقی (مفاعیلن فعولان) یا (مفاعیلن فعولن) است (طوسی، ١٣٧٠، ٢٥٢).

هەروەها سەرچاوەی کۆنی دیکە، کە باسی کێشی شیعری فەهلەویی دەکات، بریتییە لە کتێبی (المعجم فی معائیر اشعار العجم) لە نووسینی قەیسی ڕازیی (سەدەی ١٣ز). ئەم کتێبە چەند جارێک باس لە کێشی شیعری فەهلەویاتیی و بابەتی پەیوەندییدار بەو جۆرە شیعرەوە دەکات. سەرەتا دەڵێت: بیشتر فهلویات کە اغلب ارباب طبع مصراعی از آن بر مفاعیلن مفاعیلن فعولن کی از بحر هزج است می گویند. و مصراعی بر فاعلاتن مفاعیلن فعولن کە بحر مشاکل است از بحور مستحدث می گویند. و گاه گاه فاعلاتن بە جای آن می نهند و بر مفعولاتن مفاعیلن فعولن فهلوی میگویند و آن را بر مفاعیلن مفاعیلن فعولن می آمیزند و مستحسن میدارند. (رازی، ١٣١٤، ٢٥-٢٦). لە باسی کێشی (مسدس محذوف)دا دەڵێت: "این وزن خسرو و شیرین نظامی و ویس و رامین فخری گرگانی است و خوشترین اوزان فهلویات کی ملحونات آنرا اورامنان خوانند." (رازی، ١٣١٤، ٩٧). واتە: ئەمە کێشی خوسرەو و شیرینی نیزامیی و وەیس و ڕامینی فەخریی کورگانییە و خۆشترین کێشەکانی فەهلەویاتە، کە بە ئاوازەکانیان دەگوترێت ئەورامەنان.

هەروەها جارێکی دیکە لە باسی کێشی بەحری (مشاکل)دا دەڵێت: شیعری فەهلەویی زیاتر لە شیعری فارسیی بەم بەحرە هەیە (رازی، ١٣١٤، ١٦٦). ڕازیی ڕەخنە لە شاعیرانی فەهلەویی_نووس دەگرێت، کە دوو کێش تێکەڵدەکەن:

و اگر چە بیشتر فهلویات بە معانی غریب آراستە است و بە نغمات مرق مطرب بیراستە بو واسطەء این بحر (هزج) کی میان خلق شهری ندارد و دو جز و آن ببحر هزج می ماند اغلب مقطعات آن مختلف الترکیب مختل الاجزا

می افتد و بدین سبب از منهج صواب و جادهء مستقیم منحرف مئ شود بیشتر شعرا بحر هزج و بحر مشاکل را در هم می آمیزند. (رازی، ١٣١٤، ١٦٦).

**جۆرەکانی شیعری فەهلەویات**

کۆنترین سەرچاوە کە باس لە جۆرەکانی شیعری فەهلەویی کردووە، بریتییە لە ڕیسالەی مەئالیی لە سەفینەی تەبریزدا کە لە نێوان نزیک بە (٧٠٠) ساڵ پێش لە لایەن ئەمینەدین حاج بولەوە نووسراوەتەوە. حاج بولە جۆرەکانی شیعری فەهلەویی بە پێی ژمارەی دێڕەکان بۆ سێ جۆری پۆلینکردووە، کە هەر جۆرە و ناوێکی تایبەت بە خۆی هەیە:

یەکەم: دوودێڕیی پێیدەڵێن: ئەورامەنان.

دووەم: سێ تا شەشدێڕیی پێیدەڵێن: شەروینان.

سێیەم: زیاتر لە شەش دێڕ پێیدەڵێن: شەبستان، کە شەوان دەخوێنرێنەوە. ئەڵبەتە ئەم پۆلێنە جگە لە پێوەری ژمارەی دێڕ، لە سەر ئاوازیش ڕاوەستاوە. نووسەر دەڵێت:

"جمیع بلاد عراق عجم را فهله می گویند و سخنان ایشان را فهلوی و قبیله‌ای بودند در همدان کی ایشان را اورامنان گفتندی کی همه دوبیتی گفتندی دوبیتی فهلوی را حسب آن اورامنان می گویند و از سه بیت تا شش بیت شروینان گویند و هم منسوب به قومی که ایشان این نمط گفته‌اند و از همدان بوده، و هرچه بالای شش هفت است آن شبستان گویند. جهت آنکه در شب آن را خواندنی. اونان و نادان و ناد و کیل محبوب زنان را گویند به زبان پهلوی و سرو و شروین محبوب مردان را گویند. گویند سرو و کیل برادر و خواهر بوده‌اند در همدان و عظیم صاحب جمال بوده‌اند و این شرویان که این زمان سلطانیه است منسوب است." (حسنی، ١٤٠٣، ١٤٤-١٤٥).

واتە:

هەموو وڵاتی عێراقی عەجەم فەهلەی پێدەڵێن و زمانیشیان هەر

فەهلەویی پێدەڵێن. هۆزێک لە هەمەدان هەبوون، پێیاندەگوترا ئەورمانەنان کە هەموان دووبەیتییان دەگوت، دووبەیتیی فەهلەویی بەو پێیە ئەورامەنانی پێدەڵێن و لە سێ دێڕ تا شەش دێڕ شەروینانی پێدەڵێن و دەدرێتەپاڵ بە تیرەیەک کە ئەم شێوازەیان گوتووە و لە هەمەدان بوون و هەرچی لە سەرووی شەش-حەوت دێڕەوە بێت، ئەوە شەبستانی پێدەڵێن، لەبەرئەوەی لە شەودا خوێندوویانەتەوە.

نووسەر جارێکی دیکە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەورامەنان هۆزێک بوون لە شاری هەمەدان و دەڵێت: "گویند اورامنان قبیلەای بودند در همدان کی زن و مردانشان همه عاشق بودەاند و در عشق مردە." (بلە، ١٣٢٣، ٣٦٥).

واتە: دەڵێن ئەورامەنان هۆزێک بوون لە هەمەدان، کە ژن و پیاویان هەموو ئەویندار بوون و لە ئەویندا دەمرن.

**ئەورامەن**

ئەورامەن وەک باسکرا جۆرێکی شیعری فەهلەوییە و لە دوو دێڕ پێکدێت و لە هەمان کاتدا جۆری ئاوازی خوێندنەوەی شیعرەکە بووە. کتێبی (معیار الأشعار)ی نەسیرەدینی تووسیی، یەکێکە لە سەرچاوە کۆنەکان کە دوو جار باسی ئەورامەن دەکات. لە جاری یەکەمدا وەک هونەرێکی چڕیین تایبەت بە فارسەکان دەیناسێنێت و دەڵێت: اورامن نوعی از گویندگی بود کە خاص پارسیان است و شعر آن بە زبان پهلوی بودە. (طوسی، ١٣٧٠، ١٦٠). ئەمە گێڕانەوەیە ڕاست نییە و ئەم هونەرە هەم ئاوازەکەی و هەم هۆنراوەکەی هەڵقوڵاوی فەرهەنگی هۆزی هۆرامەنانی هەمەدان بووە، کە دەتوانین بڵێین ئێستایش لە فۆڕمی هۆرەدا ماوەتەوە. تووسیی جاری دووەم سەبارەت بە کێشی شیعریی ئەورامەن دەڵێت: از بحری کە (اورامن) بە زبان فهلوی بر آن بحر میگویند شبیە است بە هزج مسدس سالم (طوسی، ١٣٧٠، ٢٥٢). هەروەها کتێبی (المعجم فی معائییر اشعار العجم)ی محەمەد کوڕی قەیسی ڕازیی (سەدەی ١٣ز)، لە باسی کێشی (مسدس محذوف) و دەڵێت:

"این وزن خسرو و شیرین نظامی و ویس و رامین فخری گرگانی است و خوشترین اوزان فهلویات کی ملحونات آنرا اورامنان خوانند" (رازی، ۱۳۱٤، ۹۷). ڕازیی و زۆرێک لە نووسەرانی کۆن، ئەورامەنان وەک (لحن) ئاوازێک بۆ چڕیین باسدەکەن، کە هۆنراوەکەی بریتیی بووە لە فەهلەویات.

بونداری ڕاژیی هاوچەرخ و هاوشاریی قەیسی ڕازیی بووە، لە شیعرێکدا کە زۆر بەناوبانگە، وەک ئاوازێک ئاماژە بە ئەورامەن دەکات:

**لحن (اورامن) و بیت فهلوی     زخمهء رود و سماع خسروی**

(رازی، ۱۳۱٤، ۱٦٦).

لە نامەکانی عەینولقوزاتی هەمەدانیی (۱۰۹۸ - ۱۱۳۱ز)دا بە شێوەکانی: ئەورامەن، ئەورامە و ئەوراما هاتوون (صادقی، ۱۳۸۲، ۱٤-۱٥).

لە ڕیسالەی مەئالیی حاج بولە سەدەی ۱۳ز لە شیعرێکی فەهلەوییدا هاتووە:

**وارو وادەران وێ کام خوەش بی**
**بادە چیاسە وێ جام خوەش بی**
**ئەرەت خازی کە بە (ئەورامەنان) شی**
**ئەوێ وەرە ئەوێ واشامە خوەش بی**     (بلە، ۱۳۲۳، ۳٦٦).

لە کتێبی (صفوة الصفا)دا کە (۱۳٥۷ز) نووسراوەتەوە، لە فەهلەوییەکی پیرە چەنگییدا پەیڤی (ئەورامەنە) هاتووە:

**هەرکە (ئەورامەنە) بە نامێ ئەو بخوەند**
**شەو و رۆ بەستە دارێ کامەر وەبەند**
**کار یا هەمی ڕەسی جەهنامەداران**
**خوداوەند بەندە بی بەندە خوداوەند**     (بزاز، ۱۳۷۳، ٥۸۹).

لە چاپی دیوانی پیر جەمالی ئەردستانیی (سەدەی ۱٥ز)دا ژمارەیەک شیعری فەهلەویی هاتووە، کە ناونیشانی دووەمی شیعرەکان لە ناو دوو کەوانەدا (ئەورامە) دانراوە (اردستانی، ۱۳۷٦، ۲۱٦). ئەوەمان بۆ

ڕوونەبــووەوە، کە ناونیشــانی دووەم لە دەستنووسەکانیشــدا هــاتووە، یــان ساغکەرەوە خۆی داناوە.

### شەروینان

هەر وەک ئاماژەیپێدرا، لە ڕیسالەی مەئالییدا ئەوە هاتووە، کە سێ دێڕ تــا شــەش دێــڕ پێیــدەڵێن شــەروینان و دەدرێتەپــاڵ تیــرەیەک ئەم شــێوازە شیعرەیان گوتووە و لە هەمەدان بوون. لە بۆچوونە تازەکاندا کە ئاگاداری ئەم سەرچاوە کۆنە نەبوون، ئەم جۆرە فەهلەوییە دەدرایەپاڵ شاری شروان (شێروان) لە وڵاتی ئازەربایجان، لەو حاڵەدا ڕیشەی پەیڤی شەروینانیان دەگەڕاندەوە بۆ شێروانیان. خودی پەیڤی شەروین، شەروینان لە شیعری فەهلەوییدا زۆر جار بەکارهاتووە. تەنانەت حەمدوڵڵای مستەوفییش (١٢٨١–١٣٤٩ز) باسی لەو بابەتە کردووە و دەڵێت: لەم شیعرانەدا ناوی (شەروین) زۆر هــــاتووە. (صــــادقی، ١٣٨٥، ٣٤)، بەڵام ڕیســــالەی مەئــــالیی ئەوەی بڕانــدووەتەوە، کە ســەرچاوەی شــیعرەکە لە شــاری هەمەدانە. شــەروین بە واتای خۆشەویست و گراوی پیاوان بووە. لە ڕابردوودا پەیڤی شەروە و شەروین لە ناو کورداندا ناوی پیاوانە بووە. بۆ نموونە لە سەر کێلی گۆڕی جەنگاوەرێکی کورد لە شاری ڕەمڵەی فەڵەستین و مێژووی (٥٨٧ ک.م \ ١١٩١ز)ی لە سەرە واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەیوبییەکان، نووسراوە: هذا قبر شروة بن داود بن ابراهیم الهكاري. وەک دیارە ئەم کەسە ناوی شەروە بووە. هەروەها لە دەستنووسی مەلایەکی کورد، کە ئێستا بە ژمارە (١/٧٧٥٥) لە دار المخطوطات العراقیە پارێزراوە، هاتووە: احمد بن علی السورانی سنە ١٠٢٦ فی بلدە بدلیس لدی الاستاذ محمد بن شروین فی المدرسە الاخلاصیە. (القرداغی، ٢٠١٤، ٢٥٥).

لە ناو هۆزە لوڕەکاندا جۆرێکی شیعر بە ناوی (شروە) باوبووە و ئێستایش هەر ماوە، کە پێدەچێت پەیوەندیی بە شیعری شەروینانەوە هەبێت. ئەمەیش بیر بۆ ئەوە دەبات بڵێین ڕەنگە ئەو تیرەیەی لە هەمەدان شیعری شــەروینانیان گوتــووە هەر تیــرەی لــوڕ بــوون. ئەگەرچــی ڕیشــەی واتــای

شـــەروە بە دەنگـــی پـــێ و ئـــاواز و بانـــگ لێكـــدراوەتەوە، بەڵام بۆچـــوونی جیاوازیش هەیە، كە دەڵێت شەروە بە واتای ئازار و دەرد و سۆزی دابڕان و دەربڕینی دووریی و دابڕان و ئەوین و ئارەزووی بەدینەهاتووەكانە. شـیعری شـــەروەی لـــوڕیی وەک گـــۆرانیی شـــیوەنە و تەنهـــا لە مەراســـیمی مردنـــدا دەخوێنرێتەوە، كە پەسنی جوامێریی و دلێریی و ئازایەتیی كەسێكە لە جەنگدا كوژرابێت.

**كەلی دا كەلوا یە موژدەگانییە   خان مەنسوور كوشتەی نەوجەوانییە**

(سمنانی، ١٣٨٤، ٣٩٣-٣٩٥).

لە چـــوارینەیەكی شـــاعیری یەزدیـــی، مـــوئمین یەزدیـــی (١٥٤١-١٦٠٩ز) ئامـــاژەی بە شـــیعری شـــەروەی لـــوڕیی كـــردووە. شـــاعیر لە داشـــۆرینی شاعیرێكی دیكەدا، كە شیعرەكانی پێخراپبووە، شەروەی لوڕیی پێباشتربووە:

**شعر تو كه (شروهء) لران بهتر از اوست**

**گوش خر و خرس و خوک را زیور از اوست**

**از وی اثری نماند بر صفحهء دهر**

**جز آن كه سیاه رویی دفتر از اوست** (یزدی، ١٣٩٤، ٤٧)،

واتە:

شیعری تۆ كە شەروەی لوڕەكان باشترە لەو

گوێی كەر و ورچ و بەرازی پێڕازاوەتەوە

شوێنەوارێكی لێنامێنێتەوە لە سەر پەڕەی گەردوون

جگە لەوەی كە ڕووڕەشی دەفتەری ئەوە

**ناوەڕۆكی شیعری فەهلەویات**

شیعری فەهلەویات بە هۆی ئەوەی زیاتر دووبەیتیی پێهۆنراوەتەوە، بۆیە زیاتر وەک فۆڕم و چوارچێوەیەكی شیعریی ناسراوبووە و بە گشتیی هەموو شیعرێكی دوودێڕیی لە سەر كێشی (هزج مسدس سالم) پێیوتراوە فەهلەویی، بەڵام شیعری فەهلەویی زیاتر بە هۆی جیاوازیی زمانەكەیەوە ناونراوە. وەكو زۆربەی فـــۆڕمە شـــیعرییەكان لە ڕووی نـــاوەڕۆكەوە چەنـــد بـــابەتێكی

لەخۆگرتووە. بە گەواهیی قەیسی ڕازیی، شیعری دڵخوازی خەڵکی گشتیی بووە، بێگومان وەکو ئاوێنەیەک بووە بۆ وێنەدانەوەی هەموو هەست و سۆزێکی زاتیی مرۆیی، بە تایبەتیی ئەوین و ئەویندارییی. ئەمەیش ڕیسالەی مەئالیی گەواهیی لە سەر داوە، کە هۆزی ئەورامەنان کە ئەم جۆرە شیعرەیان گوتووە، ژن و پیاویان ئەویندداربوون و لە پێناویدا دەمرن. یەکێک لە ناوەڕۆکە تایبەتەکانی شیعری فەهلەویی بریتیی بووە لە مژاری عیرفانیی و سۆفیگەریی و ئەوینی یەزدانیی. بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی کە ماونەتەوە و خاوەنیان دیارە، بابەتی عیرفانیین. لە هزری عیرفانییدا نزیکایەتیی و هاوچەشنیی لە نێوان بەشێکی شیعری فەهلەویات و کەلامی یارساندا هەیە. شاعیرێکی گەورەی وەکو باباتاهیری هەمەدانیی لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا بە سەرمەشقی شاعیرانی کورد دادەنرێت، لە هەمان کاتدا لە کەلەپووری عیرفانیی یارسانیشدا سیمبوڵێکی گەورەیە و لە یارانی شاخوەشینە. باباتاهیر هەڵقەیەکی گەورەی بەستنەوەی نێوان شیعری فەهلەویات و هزری عیرفانیی کوردیی و زمان و ئەدەبی کوردییە. یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی دیکەی شیعری فەهلەویات بریتییە لە هەست و سۆزی تایبەت بۆ سروشت. لەو دیمەنە سروشتانەی دەڤەری پەهلە کە وەک مۆتیڤێک لە شیعری فەهلەویاتدا ڕەنگیداوەتەوە، چیای ئەڵوەندە. ئەم چیایە دەکەوێتە پارێزگای هەمەدان، پایتەختی دێرینی کوردانی ماد. لە کتێبی ئاڤێستادا بە (ئەئورڤەنت) هاتووە. لە زمانی پەهلەوییدا بووە بە (ئەروەند) دواتریش بووە بە ئەڵوەند و ئەڵوەن. جگە لە شیعری فەهلەویات، لە شیعری فارسییشدا زۆر جار ناویهاتووە. چەند نموونەیەک لە شیعری فەهلەویات دەخەینەڕوو:

١. باباتاهیری هەمەدانیی (سەدەی ١٠ و ١١ز):

**بشەم بە (ئەڵوەند) دامان مو نشانۆم**
**دامەن ئەژ هەردوو گێتی هاویشانۆم**
**نشانۆم توولە وو موویەم بە زاری**
**بی کە بولبول هەنی وە ول نشانۆم** (خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٠١).

٢. له كتێبی (راحة الصدور) (؟-١٢٤٥ز):

**به واد (ئەروەند) کوهـ ئەج پا بەنەشی**

**(ئەروەند) (ئەروەند) بی واد ئایەد و شی** (راوندی، ١٣٨٦، ٣٦٥).

٣. کتێبی (نزهە القلوب) (١٣٤٩ز):

**کۆهێ (ئەڵوەند) خوەش بی با دەماوەند**

**ئەبێ رامەند کۆهـ چون می نمایەند** (صادقی، ١٣٨٥، ٤٠).

٤. له کتێبی (جامع الالحان) (١٣٥٣-١٤٣٥ز):

**(ئەڵوەند) واجی که خوەش بوو ئه من ئایه**

**دوورٍ و گەوهەر به دامان ئه من ئایه**

**هەر شەو ئادینه باری بوینید**

**گەر بەهەشت ئاوه بەش مان ئه من ئایه**

٥. له دەستنووسی ژماره (٣٤٢٣)ی ئەرشیفی نەتەوەیی پاریس:

**سیا مەرویجه ئه ئامێجت خەبەر شی**

**کەژین خوەشتەر به گێتی بووم و بەر شی**

**بەشی به (ئەڵوەند) دامان خانه بەساجی**

**ته باری خوەشەن پەرەکت بال و پەر شی** (گل دره، ١٣٩٢، ٥٤).

٦. مەحویی هەمەدانیی (١٥٢٤-١٦٠٧ز):

**بەشۆم تا چەشمەسارانی بوینم**

**چو سەحرا ئەور و وارانی بوینم**

**به کاشان تا بەکەی ئشکۆم چەرانۆم**

**بەشۆم (ئەڵوەند) دامانی بوینم**

٧. له گەشتنامەکەی ئەولیا چەلەبیی (١٦١١-١٦٨٢ز):

**(ئەڵوەند)ێ ما (ئەڵوەند)ێ ما**

**پاداش وه یار، ئەغیارێ ما**

**یەک جام بده ئین باده را**

**فەرزەندێ کوهـ (ئەڵوەند)ێ مه** (چلبی، ١٣١٤، ٣٥٠).

**شێوازی ساغکردنەوەی شیعری فەهلەویات**

ئەو سامانە شیعرییەی فەهلەویات کە ماوەتەوە، بە چەند هۆکارێک لە ئەمڕۆماندا ساغکردنەوەیان زۆر دژواربووە:

یەکەم: هۆکارێکی سەرەکیی بە هۆی ناشارەزایی نووسەرەوەکان لە زمانی پەهلەوییدا شیعرەکانیان بە هەڵە و شێویندراویی گواستووەتەوە. جیاوازیی نوسخەکان هێندە زۆرن، کە بە ئاسانیی نازانرێت شێوەی دروست و ڕاستەقینەیان کامەیە.

دووەم: هۆکارێکی دیکەی سەرەکییە کە شێوازی نووسینی کۆنە و نووسەروەکان، زۆر جار خاڵیان بۆ هەندێک پیت دانەناوە. بۆ نموونە پیتەکانی (خ، ج و چ) هەر بە شێوەی پیتی (ح) نووسراوەتەوە. هەروەها پیتی (ز) هاوشێوەی پیتەکانی (ز، ژ) نووسراوەتەوە.

سێیەم: هۆکارێکی دیکە بریتیی بووە لە گۆڕینی پیت. بۆ نموونە گۆڕینی پیتی (ژ) بۆ پیتی (ج).

چوارەم: گۆڕینی وشەی پەهلەویی بۆ وشەی فارسیی.

پێنجەم: بەشێکی شیعری فەهلەویات بە زارێکی فەهلەویی نووسراونەتەوە، کە لە ئەمڕۆماندا ئاخێوەری نییە، ئەمەیش وایکردووە کە واتای هەندێک پەیڤ بە ئاسانیی نەزانرێت.

شەشەم: نەمانی ئاخێوەرانی ئەو زار و بنزارانەی شیعری فەهلەویاتی پێنووسراوەتەوە، بۆیە بە دروستیی نازانرێت فۆنەتیکی پیتەکان و وشەکان چۆن بوون.

لەبەرئەوەی شیعری فەهلەویات وەک لە باسەکانی پێشوودا خرانەڕوو، بەشێکە لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی و نزیکایەتیی لەگەڵ هەموو زار و بنزارەکانی ئێستای زمانی کوردییدا هەیە، بە تایبەتیی: گۆرانیی، لەکیی، کەلهوڕیی، لوڕیی، کرمانجیی و تەنانەت سۆرانیی، بۆیە لە ساغکردنەوەنەوەی شیعرەکاندا هەوڵدراوە بە فۆنەتیکی زارەکانی ئێستای زمانی کوردیی ڕێنووس بکەین. تەنانەت مافمان بە خۆمان داوە تا بەشێک لە وشە فارسییەکان، کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی دەستکارییەوە گۆڕدراون، بکەینەوە بە

وشە ڕەسەنەکان، کە ئێستایش لە زارەکانی زمانی کوردییدا وەکو خۆیان ماونەتەوە. لە شیعرەکاندا ئەگەر پەیڤە ڕەسەکانی فەهلەویی هەبن و لە هەمان کاتدا لە شیعرێکی دیکەدا هەمان پەیڤ بە فارسیی هاتبێت، بێگومان ئەوە دەستکارییکراوە. بۆ نموونە لە شیعرەکانی باباتاهیردا نوسخەی قۆنیە کە کۆنترین نوسخەی شیعری باباتاهیرە، پەیڤی (اژ: ئەژ) بەکارهاتووە، کە واتای (لە) دەدات و ئێستایش لە زاری لەکییدا ماوەتەوە، لە دەستنووسی دیکەدا بووەتە (از: ئەز). کەواتە دەتوانین هەموو (از)ەکان بکەینەوە بە (ئەژ). ئەگەری بەهێز هەیە زۆرێک لە (اج: ئەج) کە هەر واتای (لە) دەدات هەر لە (ئەژ) بووە و بە هۆی نەبوونی پیتی (ژ) لە ئەلفوبێی عەرەبییدا پیتی (ج) بەکارهێنراوە. هەروەها پەیڤی (در: دەر) لەو فەهلەوییانەی دەستکارییەکراون بەکارنەهاتووە؛ بەڵکو بە زۆری (دە) بەکارهاتووە، کە ئێستا لە زارەکانی لوڕیی و فەیلیی و موکریانییشدا ماوەتەوە. ئەگەرچی ئاماژەمان بە سەرچاوەی شیعرەکان داوە، بەڵام مەرج نییە کتومت وەکو سەرچاوەکە بێت، چونکە بە هۆی هەوڵی ساغکردنەوە و گەیشتن بە تەواوترین فۆڕمی شیعرەکە، سوود لە سەرچاوە و دەستنووس و لێکدانەوەی دیکە وەرگیراوە. بابەتێکی دیکەی ساغکردنەوەی شیعرەکان، دەنگی بزرۆکەیە. لەبەرئەوەی لە ڕێنووسی ئەلفوبێی عەرەبییدا دەنگی بزرۆکە نییە، پیتی بزوێنی (ێ)مان بەکارهێناوە، کە لە ڕاستییدا دەنگەکە لەم پیتە کورتترە.

سەبارەت بە واتای شیعرەکان، ڕاڤە و لێکنەدانەوەمان بۆ نەرکردووە، لەبەرئەوەی بەشێکی شیعرەکان بە شێوەیەک شێوێندراون، کە هێشتا فۆڕمی ڕاستەقینەیان نەدۆزراوەتەوە و بەشێکیشیان لە سەر گریمانە ساغیانکردوونەتەوە. شیعرەکانی ئەم کتێبە، هەموو شیعری فەهلەویات نیین. هەوڵدراوە زۆرترین شیعر بخرێتەڕوو، بەڵام هێشتا دەقی دیکە ماون، کە دەستیانپێنەگەیشتووە یان نەتوانراوە وەک پێویست ساغبکرێتەوە. نموونەی شیعری فەهلەویی ئەو شاعیرانەی ساغنەکراونەتەوە، تاک_دێڕێکی بابا جەعفەری ئەبهەرییە کە هاوڕێیەکەی باباتاهیر بووە، لە کتێبێکیدا بە ناوی (آداب الفقراء)دا هاتووە (دماوندی، ١٣٨٨، ٩٦). دوو شیعری هومامی

تەبریزیی، دەیان شیعری پوس ناسر و شیعرە شیرازییەکانی ئەتعەمە، لەو شیعرانەن هێشتا ساغنەکراونەتەوە. هێشتا دەیان شیعری ڕیساله مەئالیی ساغنەکراونەتەوە. دەیان تاک_دێڕی شیعری فەهلەویی هەن، کە نموونەی شیعرە دێرینەکانن، بە هۆی شێواندنیانەوە بە ئاسانیی ساغنەکراونەتەوە. بۆ نموونە تاک_دێڕێکی فەهلەویی بابا جەعفەری ئەبهەری کە هاوڕێیەکەی باباتاهیر بووە، لە کتێبێکیدا بە ناوی (آداب الفقراء)، هێشتا ساغنەکراوەتەوە (دماوندی، ١٣٨٨، ٩٦). لەوانەیشی کە لەم کتێبەدا هاتوون، پیت و پەیڤ و ڕستە و دێڕی تێدایە، کە بە گریمانە خراونەتەوەڕوو.

## دەقی شیعرەکان

دەقی شیعرەکان لە پێنج بەشدا خراونەتەڕوو. یەکەم: دەقەشیعری خاوەنزانراوەکانی هەرێمی پەهلە بە هەموو شارەکانیەوە، لە کۆنترینەوە بۆ تازەترین. دووەم: دەقەشیعری خاوەنزانراوەی هەرێمی ئازەربایجان لە کۆنترینەوە بۆ تازەترین. سێیەم: دەقەشیعری هەرێمی فارس لە کۆنترینەوە بۆ تازەترین. چوارەم: دەقەشیعری خاوەننەزانراوی هەرسێ هەرێمەکە لە کۆنترینەوە بۆ تازەترین. پێنجەم: چەند دەقێکی دیکەی پەیوەندییدار بە زار و بنزارە دێرینەکانی زمانی کوردییەوە. هاوشان لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا، سەرچاوەی دەقەکە و پوختەی ناساندنی شاعیرەکە خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: شیعری فەهلەویاتی هەرێمی پەهلە

بە هۆی زمانی خەڵکەکەیەوە، هەرێمەکەیش هەمان ناوی وەرگرتووە. نووسەرانی چەرخی ئیسلامیی، بە "بلاد الفهلويين" ناویانبردووە، لە بریتیی بووە لە شارەکانی ئیسفەهان، ڕەی، نەهاوەند، دینەوەر، ماهسەبدان، هەمەدان. هەندێک جار شار و شوێنی دیکەیشیان وەک هەرێمەکە باسکردووە، وەک ئازەربایجان. بەڵام لە بنەڕەتدا پەهلە بریتیی بووە لە: "کرماشان، لوڕستان، ئیلام، هەمەدان، شارەزوور و خانەقین، کە بە مادی گەورە دەناسرا" (طاهری، ٢٠٢٣، ٦٤). نیشتمانی مادیش لە سێ هەرێم پێکهاتبوو: یەکەم مادی

گەورە، کە لە سەردەمی سەلجووقییدا پێیدەگوترا عێراقی عەجەم. دووەم: مادی ئاترۆپاتکان، کە ئازەربایجان و کوردستان (کوردستانی ئێستا)یە و پێیگوتراوە مادی بچووک. سێیەم مادی ڕاگیانا، کە شاری ڕەی و دەوروبەری بووە (طاهری، ٢٠٢٣، ١٠٩). مادی گەورە بە پێی سەردەمەکان ئەم ناوانەی وەرگرتووە، پەهلەویان، هەرێمی کوێستان (اقلیم الجال)، دواتر بە شێوەی ماهەین، ماهات، ماهان و کوردستان پێناسەکراوە (طاهری، ٢٠٢٣، ١١٠). زانایانی زمان و مێژوو ئەوەیان سەلماندووە کە ماد و کورد یەکن، مادەکان بەشێکی گەورەی پێکهاتەی کورد بوون و توانییان لە سەدەی (٦ پ. ز) دەوڵەتی گەورە و ئیمپراتۆریەت دابمەزرێنن، بۆیە هەرێمی پەهلە بەشێکی مێژوویی نیشتمانی کوردان بووە، کە تاکو ئەمڕۆیش بەشێکی ئەو هەرێمە وەک کوردستان ماوەتەوە. ئیبن حەوقەل (؟ - ٩٨٨ز) لە کتێبی (صورة الارض) و لە بەشی و (هذه صورة الجبال)دا ئەو شارانەی وەک هاوینەهەواری کوردەکان لە ناو چوارگۆشەیەکدا دەستنیشاندەکات، بریتیین لەمانە: شارەکانی ڕەی، تاڵەقان، قەزوین، ئەبهەر، زەنگان، کاشان، سپاهان، شاپورخاست، سەیمرە، سیروان، تەرز، خان لنجان لوڕ، حەلوان، شارەزوور، سوهرەوەرد، ساوە، ئاوە، بوستە، رودە، هەمەدان، رووداوەر، نەهاوەند، ئەشتەر، ڕامەن، بڕۆجەرد، کەرەج (ئەو شارەی ئێستای نزیک تاران نییە، بەڵکو شارێک بووە لە نێوان هەمەدان و نەهاوەند)، بەرج، خونجان، کرماشان، مەتامیر، مەرج، دینەوەر (حوقل، ١٩٩٢، ٤٠٥). محەممەد بەهجەت قوبەیسیی لە کتێبی (الاکراد و النبی)دا ئەگەرچی سەرپاکی کتێبەکەی دژ بە کوردە، دەڵێت تا سەدەی ١٢ز جوگرافیای کوردستان بریتیی بووە لە نەخشەکەی حەوقەل و شاری ڕەی بە پایتەختی هاوینەهەوارەکە و بە شوێنی سەرهەڵدانی کوردی دەزانێت (قبیسی، ٢٠١٤، ٢٩). حەمدوڵلای مستەوفیی (١٢٨١ – ١٣٤٩ز) لە کتێبی (نزهە القلوب)دا بەشێکی ئەم جوگرافیایە، کە شازدە ویلایەتن بە ناوی کوردستانەوە باسدەکات، کە ئەم شوێنانەن: ئالانیی، ئەلیستەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگیی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزوور، کرماشان، کرند و خۆشان،

کەنگاوەر، مایدەشت، هەرسین و دوایین شوێن وەستام (قزوینی، ١٣٦٢، ١٠٧). جەژنی نەورۆز، تا نزیک ساڵی ١٨٢٠ز لە داوێنی چیای دەماوەندا بە ناوی (جەژنی کورد)ەوە سازدەکرا. لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەرێمی پەهلە پیوەندییەکی لەمێژینە و دێرینی بە مێژووی نەتەوەی کوردەوە هەیە. "بە پێی دیاریکردنی دەقە کلاسیکییەکان بۆ جوگرافیای وڵاتی فەهلەویی، دەردەکەوێت بەشێکی بەرچاوی دەڤەر و ناوچە کوردنشینەکان دەچنە چوارچێوەی ئەم وڵاتەوە، بە تایبەت ناوچەکانی ڕۆژئاوای هەرێمی چیا، کە بە چیای کوردان ناسرابوو، وەک شارەکانی: هەمەدان، نەهاوەند، کرماشان، دینەوەر، ماهسەبدان و چەند شاری تر، ئەمەیش ڕێگە بەوە دەدات بڵێین، لەو پانتاییە بەشێک لە کوردان بەشدارن لە هێشتنەوەی کولتووری فەهلەویی و برەوپێدانی و بەکارهێنانی لە ئاستی میللییدا. خۆ مانەوەی هێندێک کورد تا درەنگ، لایەنی کەم تا سەدەی دەیەمی زایینیی، کە توانای خوێندنەوەی زمانی کۆنی پەهلەویی و ڕاڤەکردنی واتاکانیان هەبووە، پاڵپشتیی ئەم بۆچوونە دەکات" (لەشکری، ٢٠١٥، ١٢٦-١٢٧)، بۆیە ئەو جۆرە شیعرەی بە ناوی شیعری فەهلەویاتەوە لەم هەرێمەدا بەرهەمهاتووە، بەشێکە لە مێژووی ئەدەبی کوردیی.

### ١. ئەبولعەباسی نەهاوەندیی (؟ - ٩٣٤ز)

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی فەزڵ ناسراو بە شێخ ئەبولعەباسی نەهاوەندیی، شاری نەهاوەند بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست زۆربەی دانیشتووانەکەی کورد بوون. شێخی نەهاوەندیی بە زمانی لۆکاڵیی شارەکەی خۆی شیعری هۆنیوەتەوە (لەشکری، ٢٠١٥، ١٢٧). یەک چوارییەنەی لێماوەتەوە، کە بە کۆنترین شیعری فەهلەویی تۆمارکراوی خاوەنزانراو دادەنرێت. شیعرەکە لە پەرتووکی (مجمل التواریخ)دا هاتووە، کە ناسراوە بە (مجمل فصیحی) و لە نووسینی مێژوونووس و شاعیر ئەحمەد کوڕی جەلالەددین محەمەد ناسراو بە فەسیحی خەوافیی (١٣٧٥ هەرات - ١٤٤١ز). شیعرەکە بە تێپەڕینی ڕۆژگار ڕوخساری دێرینەی شێواوە:

**دڵا ئەر عاشقی یارت یەکی وەس**
**وەگەر ها دوو کنی یارت نەبۆ کەس**
**نەسیحەتێ رایگان ئەر ها پەزیری**
**هەر ئانکش دڵ یەکی بۆ یارش یەکی وەس** (لەشکری، ٢٠١٥، ١٢٧).

**٢. بونداری ڕاژیی (؟ - ١٠١٠ز):**

کەمالەدین ئەبولفەتح بوندار کوڕی ئەبی نەسر خاتری ڕاژیی ناسراو بە (ملک الکلام)، لە شاعیرانی پێشەنگی فەهلەویی_نووس بووە. خەڵکی قوهستانی ڕەی بووە. بوندار هاوچەرخی باباتاهیری هەمەدانیی بووە، بەڵام بە تەمەن گەورەتر بووە، بۆیە باوەڕ وایە پێش باباتاهیریش شیعری فەهلەویی نووسیوە. هەروەها مەنزوومەیەکی هەر بەزمانی فەهلەویی بە ناوی (چەموشنامە)ی هەبووە، کە جگە لە چەند دێڕێکی هیچی لێنەماوەتەوە. جگە لە فەهلەویی بە زمانەکانی عەرەبیی و فارسییش شیعری نووسیوە. بوندار شاعیرێکی زۆر بەناوبانگ بووە، زەهیرەدینی فارابیی لە شیعری خۆیدا ستایشیکردووە:

**شعر (بندار) که گفتی به حقیقت وحی است**
**این حقیقت چو ببینی بود آن پنداری**
**در نهانخانه طبعم به تماشا بنگر**
**تا ز هر زاویه ای عرضه دهم (بنداری)** (فاریابی، ١٣٨١، ١٧١).

لە مێژوودا چەند کەسایەتییەکی دیکە بە ناسناوی (بوندار) هەبوون. لە کتێبی (حبیب السیر في اخبار افراد البشر)دا، کە کتێبێکی مێژوویییە بە زمانی فارسیی و لە لایەن غیاسەدین کوڕی هومامەدین ناسراو بە خواندمیر (١٤٧٥ - ١٥٣٤ز) نووسراوەتەوە، لە باسی شێخ سەفیدینی ئەردەوێڵیی (١٢٥٢ - ١٣٣٤ز) ئاماژە بە شێخ بونداری کوردیی دەکات. مامۆستا (سەید عەبدولحەمید حیرەت سەجادیی) نووسەری کتێبی (شاعران پارسی گوی کرد) پێیوایە ئەم بونداری کوردییە هەمان بنداری ڕاژییە.

بونداری کوردیی دەکاتە باپیرەی شێخ تاجەدین ئیبراهیم کوردیی سنجانیی (١٢١٨ - ١٣٠١ز) ناسراو بە شێخ زاهید کوردیی و گەیلانیی، واتە شێخ زاهید کوڕی ڕۆشن ئەمیر کوڕی بابل کوڕی بونداری کوردیی سنجانیی. فەرمانڕەوایانی کوردیی بەختیاریی ئیلخانانیی، بەختیاریی لە سەردەمی شا تەهماسبی یەکەمی سەفەویی بە نەوەی شێخ زاهید دادەنرێن. شێخ زاهید مورشید و خەزووری شێخ سەفیدین بووە. هەروەها سنجان شارێکە لە خۆراسان (سجادی، ١٣٧٥، ١٣٤). بۆچوونەکەی مامۆستا سەجادیی جەخت لە سەر کوردبوونی بوندار دەکاتەوە.

سەبارەت بە ناسناویشی بە شێوەکانی بندار، بوندار، پندار و پەندار لێکدراوەتەوە. بوندار شیعری بە زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و فەهلەویی نووسیوە. دەوڵەتشای سەمەرقەندی (١٤٣٨ - ١٤٩١ز) نووسەری (تەزکەرەی شوعەرا) دەڵێت: بوندار بە زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و دەیلەمیی یان گیلەکیی شیعری نووسیوە، بەڵام لە کتێبی (مونس الاحرار في دقایق الاشعار) لە نووسینی محەمەد کوڕی بەدر جاجەرمیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز) شیعرێکی بوندار هاتووە، کە دەڵێت بە زمانی ڕاژییە هەمان زمان کە باباتاهیری هەمەدانیی شیعری پێنووسیوە. هەروەها قەیسی ڕازیی کە هاوشاریی خۆی بووە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المعجم في معاییر أشعار العجم)، شیعرەکانی بونداری لە ڕیزی شیعری فەهلەویی ناساندووە. ئەگەرچی دەڵێت زیاتر لە دەرییەوە نزیکە تا فەهلەویی. ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بووبێت، کە دەڤەری ڕەی لە یەکەمین ئەو دەڤەرانە بووە، کە بەر شەپۆلی هەژموونی بەفارسبوون کەوتووە. ئەمەیش بەشێکە لە شیعری فەهلەویاتی بوندار:

**تاک_دێڕەکان**

(١)

**وەقتێ دەر و دەشتە کە جیهان هەمچو وەهەشتە**
**ڕۆجێ مەیێ سورخە کە گولێ سورخ ببارە**

(٢)

**دیمێ من و دیمێ دوست ئان شایە ئین ئەج دەرد**
**چونان گول دوو دیمە نیمی سورخ و نیمی زەرد**

(٣)

**موشکین کلکی سەروین بالایی**

**وا دوو چەشمێ شەهلا وە چە شەهلایی**

(٤)

**ویم ئان رۆج کە دیمت بوینم**

**وەنەز ئان رۆج کە دیمم نمایی** (صادقی، ١٣٨٢، ١٣)

(٥)

ڕەزیدین بابا لە (سەدەی ١٣ز) ژیاوە لە خانەدانەکانی شاری قەزوین بووە. لە شیعرێکی فارسییدا دێڕێکی فەهلەویی بونداری تێهەڵکێشکردووە:

**وصف حال خویش را یک بیت تضمین می کنم**

**گفتەء بندار رازی کان ز بر می داشتم**

**تو خوەری و خوەر بە شەو دە سەرایێ مەردوم نەتوزی**

**ئەبلەهیجۆم من کە بە شەو گۆش بە خوەر می داشتەم**

(فیروزبخش، ١٤٠٢، ٥٥).

**دووبەیتییەکان**

(١)

**خوەری کەم زوهرە نی کەش سا ببوسم**

**نیوم ئان دەسترەس کەش پا ببوسم**

**بواژی گۆ کوامش خا نەها پا**

**وەش خوادا بەشۆم ئان خا ببوسم** (طوسی، ١٣٣٤: ٢٦٠)

(٢)

**ئەی هەمە فەڕ و تاییدێ زەمانە**

**ویلایەت بە تو ئەج هەروی موسەفا**

**سنانش دە دڵ دوشمن نشینە**

**دی دڵ و گیان را دەر نەننە پا** (رازی، ١٣١٤، ١٦٧)

(٣)

**جە من چەشمێ کنی خواوش بە گێتی**
**جە من دڵ کەد بەری لاوش بە گێتی**
**چو (بونداری) هەران مێهری کەشان کوشت**
**بە من واریج هەست ئاوش بە گێتی** (رازی، ١٣١٤، ٩٧).

(٤)

لە دەستنووسێکی کتێبخانەی ئەیاسۆفیای تورکیا دۆزراوەتەوە، کە ژمارەی دەستنووسەکە (٣٧٣٧)ـە و ساڵی (١٣٥٩ز) نووسراوەتەوە:

**بەندیە ئامێە بوو بە دینەت**
**وە ئان نیکوڕوو ویەن و پورسینەت**
**دەروان گوت کە نەتانی وینەش**
**کور ئەوا با کە نەتانەد وینەت** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٥٤).

لە نوسخەی دەستنووسی ژمارە (٥٢١) کتێبخانەی (کاخ گلستان) لە ئێران، کە لە مێژووی ١٤٤٥ز نووسراوەتەوە، بە جیاوازییەوە هاتووە:

**بەندە دی ئامەذە بوذ بەدیەنوت**
**بە دوعا گوتن و بە پرسیەنوت**
**دەربان گوت کە نەتانی دیەنوش**
**کور وە با کە نەتانەد دیەنوش** (فیروبخش، ١٤٠٢، ٥٤).

**پارچەکان**

(١)

**بە مزگەت دەبوومە رۆجێ بە ڕەی دەر**
**کە می گوت واعیزی زین هەرزەلایی**
**کە هەفت ئەندامێ مەردم رۆجێ مەحشەر**
**یەکایەک بدە وەر خود گەوایی**
**زەنی وەر عانە می زەد دەست و می گوت**
**وەسا ژاژا تە ئان رۆج خایی** (پناهی، ١٣٧٩، ٢٧).

(٢)

**له كتێبی (مجمع الفصحاء)دا هاتووه:**

**مەی فەرا ئاوەر كه بەهره می بەری**
**مەی نەشات ئەفزای شادی ئاوەری**
**هەركه را مەی نەبوو شادی نەبوو**
**ئین جیهان را خوڕەمی با مەی دەری**
**ئەبلەهان واژەند كه ئین مەی بی حەرام**
**ئەز نەدانم ئین حەرام ئەژ چه دەری**
**ئەر حەلالی ئەر حەرامی چاره نیست**
**مەی مه را ئەژ جان شیرین خوشتەری** (اقبال، ١٣٢١، ٣٤).

(٣)

له دەستنووسی (بەیازی ژ: ١٤٤٥٦ گەنج بەخشی پاكستان)دا هاتووه:

| | |
|---|---|
| **ئەج من گوڵ پەیامه** | **كه رۆج وه ڕەتڵ و جامه** |
| **به تەلحێ من كه جانه** | **ساقیێ من كه نامه** |
| **تا مەی خوەریم كه ئیمرۆج** | **رۆجێ نەشات و كامه** |
| **خوەش گوڵا كه جانه** | **خوەشبەخت ئین شامه** |
| **هەرچەند كه ڕاست گوت** | **ئانكەش كه مەی حەرامه** |
| **چه رۆجێ چین حەدیسه** | **چه جایێ چین كەلامه** |

(خاتمی و ساكت، ١٣٩٦، ٨٠-٨١).

(٤)

له كتێبی (مونس الاحرار)دا هاتووه:

**خوەر رەنگین و ماهەک سەروو باڵا**
**ئه باڵایێ توئەم بەر سەر و باڵا**
**كی ئەج دیمت نمۆ به كونجێ نافش**
**به باڵایەت نمۆ سەروو ئیچ باڵا**
**سوهایێ بەشن و باڵایێ تو داره**
**دڵ پڕ دەرد و میشم خیره باڵا**

وەنەفشە ڤەر شقاقت بەندە ڤەربەند
هەڵاڵە ڤەر دە هارت لایە وەرلا
بە ئان بەربەندت ئەسرم پۆشانید
بەڵا ڤەر لا تەیە لایەم پڕ ئەج لا
مەرا خانە کیش دو شارەر دە دڵ
تەرا ڤەر سیم زارە عەنبەر ئاڵا
هەمان دوو غالیە دەر سیمت ئاڵۆ
مەرا سی زەعفەران ڤەر زەرت ئاڵا
بیار دیمێ من کن دیمێ تو دەست
بە مێهر ئەج دڵ بهێل جەنگ و وەلالا
بە دامان عەنبەرین و بە خەت موشکین
بە دەستە نەرگسی بە چەشم شەهلا
بە بەشنێ تو کنە شمشاد نازش
بە چەشمێ تو کنە جادوو تەوەلا
تەوەلا بە تو کەردش ئین دڵ ریش
چەرا داری بە تیمارش تو وەلا
ڤەر ئەسرم گەر کونەند وەرزیگەران کشت
زەمی نەبهێڵند کامی بە کاڵا
نەختە چەشمەکان ڤا مانگ و پەروین
هەمە شەف می بەرەم تا رۆج وەیلا
ئەر ئەژ من کە دانستی بە گێهان
گەرەم دو شارنە کەردی بە دولا
چنین گوت مارەکی من رەفتەمی راست
ئەگەر بنەشە ئی دینم بە جولا
چو سویەیێ بوسین رازێ من ئیکن
ڤەر ئاوردە سوها بە سەهرش ئەلا

**مەرا بینەندە فەرخان واک مەدار**
**کە پڕ کەردش سوها مەولی بە مەولا**
**سوهای ڤا دڵم هەم خواب و خوردە**
**برۆش خەو ئەف چەشمانم دەکر لا**
**منی کم هەمنشین دە زومینە دو شار**
**کە چەشمش بە منە گوشش بە کاڵا**
**مەرا گوت دوست کەج من تەبع بەر**
**وەجینم دوو روویە لولویێ لالا**
**گوتم ببووس کیجی هەم کنی مەنع**
**گوتش من بکنم ئیکن تو می لا**
**منم چون کەشتی و مەوج و غەرقاب**
**تە بە لەنگەر شیە سەبرم سەجەلا**
**دە جەلای سوخەن چەشم قەوافی**
**یەکی دەهەم دگەر ضد نەعم لا**
**دڵا کەردیش حوسنت لا مەلەف نی**
**تەمامە بالف بکن تو مەبەرا**
**گونە هەر کەس نەباشەد دوڕ و یاقووت**
**دە شەهرش نەهێڵند ڤا روز دریغا**
**دریغا گوت هەڵاڵە سەر بە سەر کوهـ**
**دوشی گوتە بەنەفشە سەر بە سەر پا**
**بگرزن گەرد نەرگس جامێ زەرین**
**دوو گوڵ دیمە نمۆ ئەج مەهدێ مینا**
**هەناخوە جندە واپۆشی کە ئەبیون**
**بیرزە بە حەریر و وید بویا**
**وەنەفشە ڤا شقاق ئە رۆج هەم تست**
**عەقیق سورخە ڤا شیر وەجهـ هەمتا**
(سجادی، ١٣٧٥، ١٣٦-١٣٧).

(٥)

له کتێبی جامح الالحان-دا: لەژێر ناونیشانی لبندار الراژی:

**تە می تەرسی کت ئازەر بۆ بە دامان**
**چەرا خواهی کم ئازەر دەر جگەر بۆ**
**بە ڕوویێ من ڤا چەشمێ ئەسرین**
**مەی گوڵگۆنە کو دەر جامێ زەر بۆ**
**بەنەفشە بەند ئایا کە چە پەنداشت**
**کە با موشکین خەتت ئو را خەتەر بۆ**
**ئەگەر ئەو تورفەیێ بەر گوڵ کروفە**
**پەس ئان کو رووفە بەر تورفەتەر بۆ** (المراغی، ١٣٧٢، ١٤٢).

**٣. کافیی کەرەجیی (سەدەی ١٠ و ١١ز)**

ئەبو فەرەج ئەحمەد کوڕی محەمەد ناسراو بە (کافیی کەرەجیی)، لە سەردەمی مەجدەدین عەلائودەولەی هەمەدانیی (٩٩٧ – ١٠٢٩ز)دا ژیاوە و پەسنی ئەم پاشایەی کردووە. ئەم شاعیرە سێ فەهلەویی لێماوەتەوە. مەبەست لە کەرەج ئەم شارەی ئێستا نییە، کە لە نزیک شاری تارانە، بەڵکو شارێک بووە لە نێوان هەمەدان و نەهاوەند. ئەم دەڤەرە ئێستایشی لەگەڵدا بێت کوردن و بە زارەکانی لوڕیی و لەکیی دەدوێن.

(١)

ئەم شیعرە هی عوسمان کوڕی ئەمینەدین حاجی بولەیە:

**غوڵامێ کەیخوسرۆ می کە نیکش ئەندیشە بکا**
**ئەجین میانە بوەرت بەهرتش کال ئەرە دا**
**گێهان ئەرە میزەرە بۆ بەکشت کیجی نەرەسی**
**بە پایێ کیجی دە نەشۆ گێهان ئەرە بۆ لەلکا**

ئەم شیعرە لە ڕیسالەی (طریق الآخر)ی سەفینەی تەبرێز لە نووسینی شەرەفەدین عوسمانی کوڕی حاجی بولەدا بە پاشوپێشی دوو دێڕەکە لە ژێر ناونیشانی (زبان کرجی: زمانی کەرەجیی) لە لاپەڕە ٦٥٩دا هاتووە:

(٢)

**مەکەر وەدی کانە کە تە وەدی ئە جانان هەمسا**
**نە رەگشان مەند و نە سەنگشان مەند و نە سا**
**زەمانە کور و کویو بنیک و وەدشان شە بە سەر**
**جەزایێ نیکی و وەدی بە دیر و زووشام برەسا**
**جە تە کە واجی کە کوە هەزار دینار سەرە**
**جە ئان کلایی کە کوە منی هەری مەر تە کوا**
**بلیس ئان رۆ بلیس کە کلودی بەد بتەنی**
**کەرەش کوا کەرد وەدی بلیس کەردی تەنیا**
**ئەنۆن کە ئەج هەر کەدەیێ بلیس ئە بیرون وەزە سەد**
**کە ها وەزەند و بوزە بلیس وانش بە قەفا**
**بلیس بان دڵ بەنیا کەرش موسلیم نەکەرەند**
**بەتاش ریش و کلک و بتوتە سو بلە کەلا** (مستوفی، ؟: ٥٨٧).

(٣)

لە کەشکۆڵێدا هاتووە، کە لە سەدەی ٩ی کۆچییدا نووسراوەتەوە و لە ئەرشیفی نەتەوەیی فەرەنسا لە پاریس بە ژمارە (٣٤٢٣) پارێزراوە و هەروەها لە کتێبەی قەیسی ڕازییشدا هاتووە:

**ئەج تە وەدکەردەن و وەدبەردەن ئەج من**
**وەج تە خوناوە دادەن و خوردەن ئەج من**
**گەر بەناڵم تە وا ناڵەم مەکەر گوش**
**کەژ تە شمشیر خوەش بی گەردەن ئەج من** (گل درە، ١٣٩٢، ٥٤).

**٤. مورشید سیمینە (سەدەی ١٠ و ١١ز)**

تا ئێستا یەک شیعری فەهلەویی لەم شاعیرە دۆزراوەتەوە. لەبەرئەوەی لە شیعرەکەیدا کە باسی گرتنی مزگەوتی ئەقسا لە لایەن ئەورووپییانەوە (١٠٩٩ز) دەکات، دەبێت لە سەدەی (١٠ و ١١ز)دا ژیابێت. تەمەنی دەقەکە وەکو ساغکەرەوەی دەقەکە دەڵێت: سیمینە شارۆچکەیەکە لە نێوان بۆکان و

میاندواودا، که ئێستا خەڵکەکەی بە کوردیی ناوەندیی دەدوێن و پێیوایە ئەم ناسناوە پەیوەندیی بەوێوە هەیە، بەڵام ناوی سیمینە بۆ ئەم شارۆچکەیە تازەیە.

**ئاشیانێ سیمرو ئەنگان هاگرت**
**مەسجدێ ئەقسا فەرەنگان هاگرت**
**ئان مەزن دەلیا کە بە عوممان دە بود**
**کەفچلیزان ئەج نەهەنگان هاگرت**
**یا وو ماوایێ پڵنگانێ دلێر**
**بەدرە موشان ئەج پڵنگان هاگرت**
**مەجلسێ ئازادەئان و زیرەکان**
**ئەبلەهانێ دیوان و دەنگان هاگرت**
**نامیان وا چید وا خود دوودە شید**
**کین گێهان وێ نام و نەنگان هاگرت** (فیروزبخش، ١٣٩٠، ٤٣).

**٥. خوجەندیی (؟ - ١١٥٧/١٢/٤ز)**

سەدرەدین ئەبووشوجاع ئەبوبەکر محەمەد کوڕی عەبدوللەتیف کوڕی سابیتی خوجەندیی ناسراو بە ئیمام سەدرەدینی خوجەندیی. شاعیر و وێژەوان و وتاربێژ و فەقیهزان بووە. لە شاری ئیسفەهان و بەغداد خوێندوویەتی. لە مێژووی (٢٢ی شەوالی ساڵی ٥٥٢ ک.م/ ٢٦-١٠-١١٢٨) لە ڕێگەی گەڕانەوەی یەکێک لە گەشتەکانی، شەو لە گوندێکی نێوان هەمەدان و کەرەج دەخەوێت و بە مردوویی ڕۆژدەکاتەوە.

خوجەندیی شیعری بە زمانی عەرەبیی و فارسیی نووسیوە. لە دەستنووسێکدا چوارینەیەکی هاتووە، کە سێ کەرتی بە زمانی عەرەبییە و کەرتێک لە شێوازی فەهلەوییە:

**حرمت وصالي وفؤادي تسبي**
**حسنا و تراه من أجل الكسبي**
**ما رمت سوى وصلك حسبي حسبي**
**مەرگ ئەرچە نەبی دەردی جودایی وەس بی** (پناهی، ١٣٧٩، ١٨).

**٦. کەمالەدین ئیسماعیل ئیسفەهانیی (؟ - ١٢٣٨ز)**

خەڵکی ئیسفەهان بووە، شیعرێکی بە زاری ئیسفەهانیی لێماوەتەوە. تەنها نوسخەی ئەم شیعرە لە نوسخەیەکی دیوانەکەی لە کتێبخانەی ئایەتوڵلا مەرعەشیی پاریزراوە. ئەم شیعرە هێشتا لە لایەن شارەزایانەوە ساغنەکراوەتەوە. لێرە چەند دێڕێکی لێدەخەینەڕوو:

**هەز بەرش وات ئەسب ئوستادەن**
**دوعای ئەتکری جوز دە بەڵا هەن**
**شما کە دۆستان هەمە دە ئاخەن ئیرا**
**بە ئیمەت کێخوە دە مێهمەن شما هەن**

.....

**بە سەرمەست مزر هەرۆ دوو مەکب**
**کە ئەتکن کەت تەرن ئەزەد لقا هەن**
**ئەزیز بە دۆست واژەن یا بە دوشمن**
**کە شەش رۆ هو کە ئەژ یە ناشنا هەن**

.....

**نیکنش مەکری کەرد بەڵا هەن**
**بە حەق بین خود کەز دارەن با هەن**
**کەز ئەرچە وی بوا هەن وی ونا هەن**

....

**هەمە وات خورەند وشکی دە ئەسبە**
**وین نە ئەژ گفتە هو کەژ دەمشا هەن**

....

**بە ئین خورت و خورش دەهان سوکت**
**ئەر بەخت بە چەمەن کەز جا و جا هەن**

.....

**یە چی خوەند ئەر شماست ئوستاهی**
**تە وشکی خوەرت ئەجی هەم ئوستا هەن** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٥٠).

### ٧. نەجمەدین دایە (١١٧٧ – ١٢٥٦ز)

شێخ ئەجەل ئەبوبەکر عەبوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی شاهاور کوڕی ئەنوشێروان ئەبی نەجیب ئەسەدی ڕازیی ناسراو بە شێخ نەجمەدینی دایە، یەکێکە لە شاعیرانی ڕەی. شیعری فەهلەویی نووسیوە زۆر بایەخی بە کۆکردنەوەی شیعری دووبەیتیی داوە، کە فەهلەویاتیشی گرتووەتەوە. لە کتێبی (راحة الصدور ١٢٠٢ز)دا باسی ئەم بایەخە دەکات و دەڵێت: نەجمەدین دووبەیتیی دەخوێندەوە و شتومەکی جوانی هەبوو، کە هەمووی لە پێناو کۆکردنەوەی دووبەیتیی خەرجکرد. ژن وماڵی پێکەوەنەنا و میراتگران و براکانی پەنجا مەن کاغەزی دووبەیتییان بۆ مایەوە. (شمسیا، ١٣٧٤، ٢٨٤).

(١)

لە کتێبی (صحاح الفرس)دا شیعرێکی فەهلەویی هاتووە و ڕەنگە هیی نەجمەدینی دایە بێت. ئەم کتێبە لە وشەنامەیەکی فارسییەوە بۆ فارسییە و لە لایەن شەمسەدین محەممەد کوڕی فەخرەدین هندوشای نەخجەوانیی لە شاری تەورێز و لە ساڵی ١٣٢٧ز نووسراوەتەوە. نووسەر بۆ واتای وشەی ئەڵوەندی شیعرێکی فەهلەویی خستووەتەڕوو. لەبەرئەوەی لە شیعرەکەدا ئەڵوەند هاتووە، بۆچوون وایە ئەم فەهلەوییە هیی هەرێمی پەهلە بێت، چونکە ئەڵوەند چیایەکە لە هەمەدان.

**خێزە (دایا) کە زەمان وێ تە خوەش نی**
**کوهێ (ئەڵوەند) و دامان وێ تە خوەش نی**
**ئەر تە ئەویانێ خویش و نازەنینانی**
**چەما شامان و بامان وێ تە خوەش نی** (نخجوانی، ٢٥٣٥، ٧٣).

(٢)

لە کتێبی (مرصاد العباد) کە لە نووسینی خۆیەتی، ئەم شیعرە فەهلەوییە هاتووە، کە بۆچوون وایە هیی خۆیەتی:

**کە ئەو گیرێ نەو ئەبر و ساوم ئەو سەر**
**ئەژان مویەم کە گیرێ ئاوم ئەو سەر**

**شەهرم ئەج دەر برانەند بە تو ئایۆم**

**توچەم ئەژ دەر برانی لاوم ئەو سەر** (ساکت و مارشک، ١٣٩٦، ١٤٧).

ئەم شیعرە بە هەندێک جیاوازییەوە لە سەرچاوەی دیکەدا دراوەتەپاڵ مەهان کەشفیی. ئەمەیش یەکێکە لە شێوەکانی دیکە:

**یەر ئەوگیری تو ئیرۆ سایەم ئەج سەر**

**یەقین زانم کە لاوەم گیری ئەو سەر**

**وەرەم ئەج دەر برانی وا کیان شەم**

**میانێ ئەهنامەداران خاکەم ئەو سەر** (پناهی، ١٣٧٩، ١٢٨).

(٣)

لە دەستنووسی ڕیسالەی مەئالییدا ئەم دوو شیعرە هاتووە، کە بە هۆی ئاماژە بە (دایە)؛ دەشێت هیی ئەو بێت:

**(دایە) شەهران چو کیل [ئانریمە] نەویند**

**وێدون کە کیل بەر کی دیمە نەویند**

**چو سیمرو نشانە هەر نامە زانێند**

**وەرنە کیژی بە چەشم [ئەشیمە] نەویند** (بولە، ١٣٢٣، ٥٢٢).

(٤)

**بە ئاسمانت ڕەسی (دایە) چو من سۆژ**

**نەتایی چین دڵم پژمان ها پۆژ**

**بین دە زاری شەوی وێ چەشم بە ئاوان**

**وەهـ کە چونت کەرەم بەنگشتو ئە رۆژ** (بولە، ١٣٢٣، ٥٠٩).

(٥)

**(دایە) هەر رۆ جەمن بەوژوونە رەنجم**

**کەژ خو ئاوی بە کامێ دڵ نەهەنجم**

**هەرگەهـ ویرم گنی ئەج روژێ وینش**

**جەو چەشمان خون بوارم روژێ زەنجم** (بولە، ١٣٢٣، ٥١٣).

**٨. مەولانا شێخ فەخرەددینی لوڕ (سەدەی ١١ و ١٢ز)**

سۆفیی و عارفێکی بەناوبانگ بووە. لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە ناسناوی لوڕستانییش هاتووە. لە کتێبی (سلسله العارفین و تذکره الصدیقین)، کە لە بارەی خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحرار (١٤٠٣ - ١٤٨٩ز)ەوە و لە لایەن محەمەد کوڕی بورهانەدین سەمەرقەندیی (١٥١٥ز) نووسراوە؛ پوختەباسێکی مەولانا فەخرەدینی لوڕ هاتووە. لە نوسخەی دەستنووسی کتێبی (التوضیحات الرشیدیة) بە ژمارە (٢٣٢٢) لە کتێبخانەی تۆپقاپوسەرای تورکیا لە نووسینەوەی عەبدولکەریم کوچەک فەراهانی لە بەغداد و لە مێژووی (٧١٥ ک.م \ ١٣١٥ز) چەند چوارینەیەکی عەرەبیی و فارسیی و یەک شیعری فەهلەویی مەولانای لوڕ هاتووە:

**گیان و ئەویان دووزانستن ڕەوا نی**
**زانکە ئەویان و گیان ئەژ هەم ودا نی**
**گیان و ئەویان بە هەم وامینشانی**
**نەزانم گیان کیان و ئەویان کیانی** (صادقی، ١٣٨٢، ١٨).

**٩. ئەبولماجدی ڕایگانیی (سەدەی ١٣ز)**

ڕایگان گوندێکە لە ویلایەتی قەزوین. ئەبولماجد، زاهید و سەرناسێکی سەردەمی خۆی بووە. لە سەردەمی ئاباقاخانی مەغۆڵ (١٢٣٣ – ١٢٦٥ز)ی ژیاوە. لە کتێبی (تاریخ گزیده)دا شیعری فەهلەویی ئەم هاتووە:

**ئەی کە گێتی پەرست و گونهە وەرزی**
**شائی و خوڕەم بە گێتی تەکیە وەرزی**
**کیە ئە دەست ئاوەری وێمە بساجی**
**گیانش ئەو سەر نەهی واشان بە هەرزی** (سجادی، ١٣٧٥، ٢٣).

دێڕی دووەمی بە هەندێک جیاوازییەوە دەدرێتەپاڵ بونداری ڕاژیی (فیروبخش، ١٤٠٢، ٥٤).

**١٠. هەمگەر (١٢١٠ – ١٢٨٧ز)**

خواجە مەجدەددین کوڕی ئەحمەدی هەمگەر، باوکی خەڵکی یەزد بووە و خۆیشی بە زۆریی لە شیراز ژیاوە. نوسخەی چوارییەکانی لە مۆزەی بەریتانیا پارێزاوە، کە لە لایەن نەوەیەکیەوە نووسراوەتەوە. لەم نوسخەیەدا چوارینەیەک هەیە بە ناونیشانی (دوبیتی بە زبان و بیان سپاهانی):

**وە تەنگت کورەت دە برنی زار ئەی زار**
**وات چون بە گولت کە وات نەبوو وێکار**
**وات نەشجە هەی کەرۆ دە حال وات بو [سو]**
**دیم گەپ و ریش وێ بە سەر و چەشم دە کار** (برجیان، ١٣٩١، ٩٧).

**١١. ئەسیرەددینی ئومانیی (سەدەی ١٢ و ١٣ز)**

ئەسیرەددین کوڕی عەبدوڵڵای ئومانیی ناسراو بە (اثیر: ئەسیر)، لە دوا دەیەی سەدەی ١٢ز لە گوندی ئومان کە دەکەوتە سەر ڕێگای نێوان سنەی ئێستا و هەمەدان لەدایکبووە و لە نیوەی سەدەی ١٣ز مردووە. لە کوردستان و بەغداد ژیاوە و گەشتی ئیسفەهانیشی کردووە. لە چامەیەکی درێژیدا کە بە زمانی فارسییە، چەند دێڕێکی فەهلەویی تێدا تێهەڵکێشکردووە. لە دەستنووسەکەدا لە سەر هەندێک لە وشەکان، وشەی دیکە نووسراون وەک ئەوەی ڕاڤەکرابن.

**[وە کیە بەرکە]**
**رە کنم هرگە نانەکە نەخوەرم**
**[پەژیوارم]**
**مە کە گرد و پەس ئەز دڵوارم**
**گرچە از دست و بادە کم شان**
**سوست و موستی هەمیشە واچارم [واژارم]**
**بە خودائی کە نی شەیی دە تەنوم**
**وەر نەماند بە کەون وە شەلوارم**
**[رود اورخا]**

**گرچە مشکان و رود را درکار**
**تاکە ژیوم بە جان نەسپارم** (اومانی، ١٢٨٥، ١٥چپ).

**١٢. ئوتایچ (سەدەی ١٣ و ١٤ز)**

خەڵکی شاری زەنگان بووە. لە کتێبی (تاریخ گزیدە)دا شیعرێکی فەهلەویی وی تۆمارکردووە:

**بە من چەندان بەری شاها گومانی**
**ندە برارم خەسە ئی نەبدە زفانی**
**ئەز ئان تا کوننە سپیهرم دەرد چو**
**مەبەر تو لنگ و ریگم بە گومانی**
**بە ئاو و ئازەر و خا و بە وا**
**هەم زەمانی مەیەر قەدرۆم بدانی**
**بە ئان ڤو کەم ئەڤایە ئەش بارێ شەهـ**
**زیڤ گەهـ جیر ڤا سایەش پشانی**
**تە چەرە تدنینی و ڤە چە خوەری سوو**
**بە سوپێهرەت شەوان مانگ خاشانی**
**نشتم بەننە هونا دەلیاڤە بان دا**
**بشش لنژی کەری کیی تی تەڤانی**
**ئەتوون بم یەر زە دەلیاڤیم بوو جەسک**
**بشە بومی ڤە بومی خاسە جانی**
**بەئین گیتی بڤایە چون بە شیری**
**چو من چین می شەڤەد لی ئان گومانی**
**بجوز شەمشیر ڤە بی مەرگ نەبام**
**بخوورێ سەگ ڤە چە مو کە زیڤ نەدانی** (مستوفی، ؟: ٥٦٩).

**١٣. عیزەدین هەمەدانیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز)**

خەڵکی هەمەدان بووە. لە کتێبی (تاریخ گزیده)دا شیعرێکی فەهلەویی وی تۆمارکراوە و لە دەستنووسی کتێبی (منتخب رونق المجالس)دا سێ فەهلەویی هاتووە، کە یەکێکیان ناوی عیزەدینی لە سەرە. بۆچوون وایە هەر ئەم شاعیرە هەمەدانییە بێت. ئەم دەستنووسە، وەرگێڕانە فارسییەکەی کتێبی (رونق المجالس)ە، کە شێخ ئیمام ئەبوحەفس عومەری کوڕی حەسەنی سەمەرقەندیی بە زمانی عەرەبیی نووسیویەتی و بریتییە لە کۆمەڵێک بەسەرهاتی عارفانیی. لە نوسخەکەی کتێبخانەی زانکۆی توبیگنی ئەڵمانیا کە ساڵی ١١٤٨ز نووسراوەتەوە، لە پەراوێزی لاپەڕە (١٠١)دا بە خەتێکی جیاواز و تازەتر شیعرەکەی عیزەدین هاتووە.

(١)

**جەمن نگا هەراشەد جەم نەیاوەم**
**خورەم سەوگەند جەم لوکی نەیاوەم**
**بە من واچەند چەشمێ ئەوکی نەیاوی**
**چەشم یاوەم بەژ چەشمێ ئەوکی نەیاوەم**

(٢)

**وەسی بین خاندە بمەرد و بزەنەند**
**گێهان یە یاویا بەکی بمەنەند**
**ئەژی هەر سوو لایی دارۆم ئاوەلا**
**بە مەرگ ئەویرە یی رۆجی هەنی چەنەند**

(٣)

........................................
**بە هەر کونجی وەبیە ئین خوان**
**دا یی نی وەش و ناهەخواز ئامۆرز**
**کیش رەمزەستە دەستانم بمان** (عمادی، ١٣٦٣، ١٤٢-١٤٤).

(٤)

**ئەژ تە دارۆم چە مێهری پەنهان راز**
**دە تەرا نە جەمال کەی دە گێهان راز**
**چە کنۆم کە گونەهـ ڕسوا بکەرە کار**
**جە چەشمۆم واچ ئەدواچە ئان راز**
**بادە بەند ئایە ئەژ دەۆمەن بەرئایە**
**سەر بشی ئەژ گونا ئەو دوو شەوان راز** (مستوفی، ؟، ٥٨٣).

**١٤. جەشنیی ( ١٣١٩ز لە ژیاندا بووە)**

شـــاعیر و عـــاریفێکی کـــورد بـــووە، کە لە ســـەدەی (١٤ز)دا ژیـــاوە. کۆچیـدوایی ئەم کەسـایەتییە نێـوان (٧١٩ تـا ٧٣٨ ک.م/ ١٣١٩ تـا ١٣٣٧ز) دیاریکراوە، چونکە لە مێژووی یەکەمیندا بەرهەمێکی بە ناوی (بلاغه المراد فی طریق الاوراد) نووسیوەتەوە و لە مێژووی دووەمیندا هەمان پەرتووک لەبەریگیراوەتەوە، بەڵام بە (رحمه الله) ئاماژەپێدەکرێت، بۆیە دەکرێت لە یەکێـک لە سـاڵەکانی دوای نووسـینەوەی پەرتـووکەکەی تـا پـێش لەبەرگرتنەوەکە، کۆچیدوایی کردبێت. شاعیر بە ڕەچەڵەک خەڵکی (خۆشـان) بووە و لە نەهاوەند ژیاوە. بەرهەمەکەیشی هەر لە نەهاوەند نووسیوەتەوە. سـاغکەرەوەی دەستنووسـی ئەم بەرهەمە، ئەگەرچـی جەشـنی هەر بە کـورد دەناسـێنێت، بەڵام خۆشـان بە خەبوشـان (قوچـان)ی دەڤەری خۆراسـان لێکداوەتەوە (موذنی و زهیر طیب، ١٣٩٧، ٤٢)، کە ئەمە هەڵەیە و خۆشان لە لای گونـدی ڕێـژاو بـووە لە نزیـک کرنـد. جەشـنی نـاوی عەیـد عاشـقـە و ناسـناوی شیعرییشـی (جەشـنیی) بـووە. لەم بەرهەمەیـدا ئاماژەمانپێـدا (١٠) چوارییەنەی هەیە، دەتوانین بە هەڵقەی نێوان فەهلەویی و گۆرانیی دابنێین.

جەشـنیی جگە لە دەفتەرەشـیعرەکەی، لە پەرتـووکی (بلاغـة المـراد فـي طریق الاوراد)شدا (٥٨) شیعری بە زمانی فارسیی هەیە و لە (٣٩) شیعریاندا ناسناوی جەشنیی بەکارهێناوە:

**ایا (جشنی) بیچاره در پی ره بی نشان می رو**
**چنان در گور رو زینجا که قلب مور نخراشی**

دوو پەرتـــووکی دیـــکەی هەیە بە ناوەکـــانی (لابـــالی نـــامە) و (کفـــایە السـالکین)، کە ڕەنـگە لەم دوو بەرهەمەیشـیدا شـیعر بە زمانەکـانی کـوردیی، فارسیی و عەرەبیی هەبێت. ئەمەیش دەقی شیعرە کوردییەکانی جەشنییە:

(١)

**ئازەرام و مەسۆژوون نار و نوورش**
**ئاوێ توفانتان ئەز چەهێ تەنوورش**
**ئیعتسامم (بحبل الله) دەرئاویت**
**جە فورقان هوندەمی سڕڕێ زەبوورش**

(٢)

**ئەز بە پەنهان مەبەروون ئەو خەزێنە**
**صافیش کەردەنان ئەورامەی سینە**
**مەنۆشوون جامێ مەی ئەز چەهێ مەدینە**
**ئەمن ئەورامەنی دی تو بوینە**

(٣)

**لائوبالی نام ئەز لائوبالی**
**سیفاتو زاتیام دوڕڕێ جەلالی**
**دوڕڕێ دەریائیام بەحرو لالی**
**زەڕڕەیێ ئافتابام ئەژ جەمالی**

(٤)

**نە شەمالی نام نە ئەژ یەمینام**
**نە سەماوینام نە ئەژ زەمینام**
**نە دە دۆژە نە دە خولدێ بەرینام**
**نە ئەرسالام و نە (روح الامین)ام**

(٥)

شودەم دە مسر و کەردم پادشاهی
سولەیمانیم و کەردم حلمیٚ شاهی
بڕیام ئەژ مەقامیٚ مورغ و ماهی
فارغیم ئەژ سپیدی و سیاهی

(٦)

ئەمن کورامەنی کەردان نەزەرگاه
نە دەرگاهینان نە وردیٚ دەرگاه
کودام ئویا کە نە عەرشی نە خەرگاه
دیم بیچون بدام ئەز صبغە اللە

(٧)

ئەز ئەو بازام ئەزەو بازام ئەزەو باز
کە گرد لامەکانم کەرد پەرواز
ئەهلیٚ ڕازام و ئەژ حەق مەکەروون ڕاز
نازەنینام وە ئەو حەق مەکەروون ناز

(٨)

ئەمن بە غەیب ئەوادی سڕڕیٚ لەولاک
شەرابو عاشقانم کەرد هەنناک
نووریٚ موحەممەدم دە لامەکان دی
وەژان نوورم بەدی ئەورامەنی پاک

(٩)

وە دەردام ئەژ مەقامیٚ لاف ئەلف لا
دیم نووری ئەژ ئەنواریٚ تەلالا
خونیٚ گیان و دڵم ئەودەر بەپالا
کودام ئویا کە نە ژیری نە بالا

(١٠)

**قەترە بەحریام و دوڕڕێ شەهسوار**

**بڕیام ئەژ موسڵمانی و کوففار**

**وێردو سڕڕێ غەیبیام و سڕڕێ ئیسرار**

**لام لوطفام و قافێ قەهر ئەلفوار**

(موذنی و زهیر طیب، ١٣٩٧، ٥٣-٥٤).

**١٥. ئەوحەدی مەراغەیی (١٢٧٥ - ١٣٣٨ز)**

ڕوکنەدین ئەوحەدی ئیسفەهانیی مەراغەیی لە شاری مەراغە لەدایکبووە، بۆیە بە مەراغیی بەناوبانگبووە و هەر لەوێش مردووە. ماوەیەکیش لە شاری ئیسفەهان ژیاوە، بۆیە بە ئیسفەهانییش بەناوبانگبووە. لە دیوانەکەیدا چوار غەزەلی لە ژێر ناونیشانی (فی اللسان الاصفهانیە) هەن. ئەدیب تووسیی لە سەر بنەمای دەستنووسێکی کۆن کە ٩٢ ساڵ دوای مردنی ئەوحەدیی نووسراوەتەوە، ڕاڤەی وشەکانی کردووە و بۆ زۆرێکیان ئاماژە بەوە دەکات، کە بە زمانی کوردییش هەر بەو جۆرەن:

یاقوتی حەمەویی (سەدەی ١٢ز) لە بەرهەمێکیدا ئاماژەی بە نیشتەجێبوونی کوردان لە ئیسفەهان کردووە، کە کوردانی لوڕن. ئیسفەهان شارێک بووە لە پێنج شارەکەی دەڤەری پەهلە. لە ماوەی حەوت سەدەی ڕابردوودا بەفارسکرا. پێش ئەو شەپۆلەی بەفارسکردنە.

(١)

**ئەۆ دیرە رادە ئەی مەه تا رۆ**

**ئەژ بویێ تو ڤا دە سوبح تارۆ**

**ئەندوهێ تو تا ڤە دڵ دەرئامە**

**نەشهشت کو دڵ دەمی ڤەرارۆ**

**گەر ژیرەکی عالەمت بوینۆ**

**سین گیژ ببۆ کو گیژە خارۆ**

**دیمێ تو خور و ڤە چەشمێ مو تەر**

هشكوش بكەر ڤە ئەۆن خورزارۆ
تاكەی ڤە كەی ئینتزارێ فەردا
ئارۆم بپرسن ئارۆ ڤە ئارۆ
زوڵفێ تو د گردێ گەنجێ دیموت
مارێو سیا كە دڵ نمارۆ
برتوش دڵی ڤیست شارو ئاهنەن
فەریاد كەرۆ كو دڵ كو دارۆ
دڵكەت پر زور غەم ڤەدی كرت
چاریش ببر كو سەخت زارۆ
ویداد كەرە هەمە رۆ ئاخر
كاری د بكە ئین چە كارۆ

(٢)

هەركش ئیرادەتێ چەشێ ئی حورزادە بوو
ڤا خوزم كەرەم هەمیشە كو بەختش ڤەژادە بوو
ئەی دوست م شەوی د وساڵێ تو برەسن
قەسدێ سەوارشن كو نە كار پیادە بوو
وی فكر ئەگەر بە دامێ تو دەركەفتە ڤە دڵم
عەیبش مەكەر كو ئین دڵ چی سەد سادە بوو
دڵێ مو هونا دە زوڵفێ تو خوازت نیكو هوناد
ها سایێ ئیمەنی تو هەمتای هونادە بوو
پایێ مو بەستەو بە وەفا سەر كیا كشی
ئەۆ سەر كشۆ بە مێهرێ تو كەس پا ڤەشادە بوو
واتت كو سەر فیدا كەرۆ هینی تو ساعەتی
ئین سۆتەدڵ بە مێهر جە تو وات ئیستادە بوو
هەركش سوكنێ تو زوهرە جەبینی ڤە شاهێ نەو
چەشمش هەمیشە روشن و كانش ڤەجادە بوو
ئە روویێ روزگار پد و مادێ روزگار

باوەر مەکەر کو مسلێ تو پوریش زادە بوو
واژەند کو (ئەوحەدی) خەت سەوزش ڤە روگ چژو
بیچارە چژ کەرو کو قەلەم سین روادە بوو

(٣)

هەردەم ئی دڵ بە کەمەندێ غەم یاری دەرکو
وینە ڤیبوو ڤە بەسەوادی نگاری دەرکو
پر کەر تو دلێ مو گرد زەنە سادە دڵبەر
ئین وینان و ترسان کە ڤە کاری دەرکو
پەندگیرو دڵم ئەنبا یەقین زانون ئەزانک
مەردێ عاقل نەببوو تا کە بە کاری دەرکو
پایێ شوخێ تو نەدارەن ئەو ویچارە خود
میحنەتی بوو کو پیادە بەسەواری دەرکو
نەپەسەندو سەرێ زولفش کە کورح دڵ ها سەید
گەر نە هەر لەحزە بەئان دام هەزاری دەرکو
ئەرچە وەس گوشەنشین دڵ و گوشم دەرهو
مەکەر ئیرۆش ڤە ئین گوشە ڤە زاری دەرکو
(ئەوحەدی) رەنج بکەر بەرت ئەگەر کامی کو
عاشقی سەعی بکەر بوو کە شاکری دەرکو
گەرت مەیل بە ئان دیم گرتوش کرت
بوو کە ئیرو ڤە غەلەت بەر بە کەناری دەرکو

(٤)

سەر ترسم کو پابەندێ هەوایێ تو نەبوو
دڵ نەشو کرت کە خاکێ کەفێ پایێ تو نەبوو
دیدیم خورشید کو لیسش ڤە سەر کەفت بە
روشنو ئین کو بە سەر و سیمایێ تو نەبوو
شیخ و قازیت بە نیەند بەر هووک بە مێهر

**چەشمێ شیخ و دڵێ قازی ڤە کەوایێ تو نەبوو**
**ڤەرەم هەر مالی هەژیرتر ئەگەر عەرز کەرەند**
**یعلم الله کە هیچ کییەم بە پایێ تو نەبوو**
**هزرت وات کو دین و دڵ و دینی دەرواز**
**سەهل بوو ئین هەمە ترسان کەرایێ تو نەبوو**
**مو زەمین بوسێ تو ناچار بکو گرت ئیرۆش**
**ڤە سەر کو ئەگەرم سەیر و سەرایێ تو نەبوو**
**ڤەر نەواژەن کە گرد جیهان کەمتر کوش**
**پایێ تو ویکارە تەوەقع بە وەفایێ تو نەبوو**
**پایێ تو جەور تو کشۆ دارت کە ئین چەرخێ کەڤود**
**مەرد ویدادێ زولفێ سەمەن سایێ تو نەبوو**
**ئەگەرت زەڕڕە سیفەت خەلق ڤەروستەند بە مێهر**
**سەر بە سەر نکوشتە کە یەک زەڕڕە ڤەنایێ تو نەبوو**
**چەشم ئان خود چە بوینۆ کە ڤە شایی تو نەبوو**
**(ئەوحەدی) تا کە بە شار تووشە چەش بدی...**

(مراغی، ١٣٤٠، ٤٣١-٤٣٢).

**١٦. جولاهە ئەبهەریی (سەدەی ١٣ و ١٤ز)**

خەڵکی ئەبهەر بووە. لە کتێبی (تاریخ گزیدە)دا چەند شیعرێکی فەهلەویی وی تۆمارکراوە:

**کیلە ئمرۆ کەمەندان تاو می دا**
**خونێ من وە ئەبرۆش هالاو می دا**
**سونبولانش دە ول واری هەمی کەرد**
**نەرگسانش جە سێبان ئاو می دا**
**واش بەبردە بۆ واشامە ئەج سەر**
**گۆنەیاش بەسوو دە ئاو می دا**
**جر من چین ئازەریش ئاوی رووهای یار**
**وەرنە جانێ منش ئاولاو می دا** (مستوفی، ؟، ٥٧٣).

**١٧. جەمالەدین رستق القطنی (سەدەی ١٣ و ١٤ز)**

ئەم شاعیر باسی لە کتێبی (تاریخ گزیدە)دا هاتووە، بۆیە دەشێت هەر لەو سەردەمەدا ژیابێت. تاک_دێڕێکی شیعری فەهلەویی لێماوەتەوە:

**داوودم جە حاشقان بڕەستە واش جە ئەسرێ مۆ**

**جە ئەبرە کە غوسسە می کونەد قسسەیێ ئەوریا جە من**

(فیروزبخش، ١٤٠٢، ٦٣).

**١٨ عوبەیدی زاکانیی (١٣٠٠ – ١٣٧١ز)**

خواجە نیزامەدین کوڕی عوبەیدوڵلای زاکانیی ناسراو بە عوبەیدی زاکانیی، شاعیرێکی تەنزنووس بووە. خەڵکی شاری قەزوین بووە و لە شیراز خوێندوویەتی و ماوەتەوە. ئەم شاعیرە لە بنەماڵەی خانەدانی (زاکان) بووە، کە تیرەیەکن لە هۆزی عەرەبی (بەنی خەفاجە)، کە لە قەزوین نیشتەجێبوون. لە نوسخەی دەستنووسی ژمارە (٥٥٥) لە کتێبخانەی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیی زانستەکانی کۆماری تاجیکستان، لە پەراوێزدی لاپەڕە (٨٥)دا شیعری فەهلەویاتی زاکانیی هاتووە. ئەم دەستنووسە مێژووی (٨٠٧ ک.م/ ١٤٠٤ز)ی لە سەرە و نووسەرەوە لە کوردانی لوڕی ئەبەرقوهییە بە ناوی ئیبراهیم کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عومەر ئەلحافز ئەلموعەللیم ئەبەرقوهی (صادقی، ١٣٧٧، ٢).

(١)

**تەرسەم ئەهمالە وێ کامم بوینەند**

**کەتە دە دوشمنان دامم بوینەند**

**زە هالەئەم ئەدشی مەبا کە دیدە مەردم**

**ئەوێ نەنگ و وێ نامم بوینەند**

(٢)

**گیان و دیلم بورنایان بهشت**

**خوەڕەم ئان دەم بەهەم دانمان بهشت**

**شیم بە کایرایی زرە یوەند**

**وڵینم وە ئەنە توانان بهشت**

(٣)

خوته بەختم جه خاوان ئەونەهیزه
گیانم ئەج وەر جه لاوان ئەونەهیزه
ڕەنگێ چێهرت چه وەر چەشمم نەشی
ئی چه ڕەنگی که به ئاوان ئەونەهیزه

(٤)

گیان و دڵ تەهره ئەندۆج ئەج ته رائیم
زه رەه بەر دەرد بەر سۆج ئەج ته رائیم
ئەج چو لاوی شوم سایه وا سەراوەر
که ئەژین کەته رۆج ئەج ته رائیم

(٥)

ئەوێ مهرێ تەم ئەج تەن تاو بشه
به رۆجم خۆرد و به شەو خاو بشه
وەس که ناوم ئاو چین گونه ئان شەند
ئاوم ئەج کار و کار ئەج ئاو بشه

(٦)

دەردمی هەرکه دەرمانێ ئەو نەتاوه
لاومی هەرکه وەر یان ئەو نەتاوه
ئەی نەفەس دووری ئەج وەر چەشمه یاوان
جه من دڵ نەشنەوۆ گیان ئەو نەتاوه (صادقی، ١٣٧٧، ٣–٥).

(٧)

خود هیچم ئەراد وا خود وەریجم
نەبێ نیک و وەدکاری وه کیجم
ده خود بی جه خود ئەهنامه واجار
ئەدیبێ سۆچیم ئەوێ ول بریجم (صادقی، ١٣٧٩، ١٧).

زاکانیی، لە کتێبێکیدا بە ناوی "رسالەی ریشنامە" بە جیا دوو دێڕی بە هەمان زمانی پەهلە تۆمارکردووە:

(١)

**نە ئەج پائەم روا نە ئەج دەست یاری**
**نەئەم ها بەختێ خود ئومیدەواری**

(٢)

**ریشا هەزار بار بە پای تە ئەدمریم**
**تا تو چەش تیە گۆنان سەرئەدبری** (صادقی، ١٣٧٧، ٧).

**١٩. پیر جەمالی ئەردستانیی (؟ - ١٤٧٤ز)**

ناوی فەزوڵڵاە محەمەد و ناسناوی شیعریی جەمالیی، ناسناوی تەریقەتیی محەمەدشا و بە جەمالەدین و عاشقی ئیسفەهانیی ناسراوبووە. لە بنەڕەتدا خەڵکی شیراز بووە و لە شارۆچکەی ئەردستانی باکووری ئیسفەهان ژیاوە. دیوانەکەی بە گشتیی بە زمانی فارسییە و (١١) فەهلەوییشی هەیە، کە وەکو لە چاپی دیوانەکەدا هاتووە بە (ئەورامە) ناسێنراون. لەگەڵ یەک پارچە شیعر بە زاری کۆنی ئەردەستانیی:

(١)

**بە دیلم وات کە ئەی دڵ چەند ئەسوجی**
**چە وینی چە کە دەر نەی بەند ئەسوجی**
**جوابش داد دیلم وە سەرێ دەرد**
**بە ئازەر واکە نەی ئسپەند ئەسوجی**

(٢)

**دیلم ها واکە دیلم بنەواجی**
**مانرا نا کە دیلم بوداجی**
**نازۆ واجی کە دیلت وانەواجم**
**ئەگەر وا دیمێ مسکینم بساجی**

(٣)
به دەردێ دیل و با عشقت بساجەم
خەیالێ دەردێ تە وا کە نەواجەم
بسۆجەم خود کە تا دیلت بسوجێ
بسۆجێ دیلێ تە دڵ وانەواجەم

(٤)
نەواجم یا بواجم یا بساجم
هەمان وەه بی کە رازێ دڵ نەواجم
نازۆ واجی ئەگەر داغم بساجی
ئاتی روزی کە دیلت وانەواجم

(٥)
دڵی کە داروییێ تە گەشتە بی مات
نەپەرداژی بە نی تە وات وات
هەرئان چەشمی کە چەشمانێ تە وینێ
چو ئاو ئاغشتە بی دەر کولێ زەڕڕات

(٦)
بە مەردان گەر ڕەسی مەردانە گەردی
بە نامەردان ڕەسی بیگانە گەردی
دڵا گەر دەر زەنی بیگانە خوئی
ئایی رۆجی کە دڵ دیوانە گەردی

(٧)
بە تەم پەیوەست کە دیلۆم دەق نەزەر بی
مە نەزانا کە خارم دەر جگەر بی
دڵا میساج و مەننال و وەفا کن
کە باغێ عاشقان ئینەش سەمەر بی

(٨)

لەسـەر ئەم شـیعرە هـاتووە: در مثنـوی نهایـت الحکـم گویـد: ... در سـر صدای نرم آن حضرت این پهلوی شنیده باشم.

**دڵی کە مێهر وا رووییٚ تە وەرزی**
**گریوان وادەری و وانەدەرزی**
**بە کەیهان دەر تەجی دیوانە و گیج**
**هەر کە وینی وە ئەحوالیٚ تە پرسی**

(٩)

**هەرکە وا رووییٚ تەش دانان بگیریٚ**
**نە با خود پەرداژی نە ئارام گیریٚ**
**نە رۆج ئەژ شەو شناسیٚ نە شەو ئەژ رۆج**
**هەرکە پەندش دەهی ئەفسانە گیریٚ**

(١٠)

**ئەد نیکن کە خۆی یاروم وەلدن**
**بوییٚ گول و بادە و بەهاروم وەلدن**
**می دام هەمیشە رووییٚ ماهش ببینم**
**ئیرا کە ولن وامم قەراروم وەلدن**

(١١)

**پیر جەمال چوارینەیەکی فەهلەویشی هەیە بە زاری ئەردەستانی:**
**بولانیٚ ماس و نانی چوندی و کەی بوو تا**
**سوال ئەژ مەرتە یوز و پیر مەنگەر**
**نگەر مو مەرتە ئان شا را ئازینە تا**
**مثنی پیش گرو و بالای سەف دەر تا** (اردستانی، ١٣٧٦، ٢١٦–٢٢٠).

(١٢)

**غەزەلێک بە زاری کۆنی ئەردەستانی:**
**موجزکەران خودا را کوم حال زاریٚ زارۆ**

**ئەز عشق ئان مرانە ئەو خا خەجەر نەدارۆ**
**چوند رۆ وزەشت تا مو ئەز شار دوور کەفتان**
**مەنزلگەهۆم زنان خا ئەز مارچو و مارۆ**
**بەر دەشتشان کو هنیان بو کوم نەزەر نمی نو**
**دەر بوند چوند هبو نشت خاسە کە نەوهوارۆ**
**پریان زە راهێ ئرسان گریان و زار و ترسان**
**هەر کوم بدید پەرسان کوم یار دەر چە کارۆ**
**سولحو دلەش با حەمد یا خا هەمانش وردۆ**
**ئاری ببود موسلمان یا کافرێ تەتارۆ** (اردستانی، ١٣٧٦، ٢١٧).

**٢٠. مەحویی هەمەدانیی (١٥٢٤ - ١٦٠٧ز)**

مەحویی هەمەدانیی بە پێی سەرچاوەکان، ناو و ناسناو و وەسفی بەم جۆرە هاتووە: (سیدنا و مولانا السادات و منبع السعادات جامع الحقایق و المعارف، قدوة و زبدة العارفین، سلالة اولاد سید المرسلین امیر مغیث الدین علي محوي همداني). کەواتە ناوی (مغیث الدین) بووە و ناوی باوکی (علی) بووە. لە سەیدەکانی هەمەدان بووە. ناسناوی شیعریی (مەحویی) بووە و تەنها چوار جار کورتکراوەی ناوی خۆی واتە (مغیث)ی وەکو ناسناوی شیعریی بەکارهێناوە. چەند بۆچوونێکی جیاواز لە سەر مێژووی لەدایکبوونی هەیە، یەکێک لەوانە گوایە لە ساڵی (٩٣٠ک.م/ ١٥١٤ز) واتە سەدەی ١٦ی زایینیی، لە گوندی (ئەسەداوا)ی کوردی نزیک هەمەدان لەدایکبووە، کە ئێستا شارۆچکەیە. تا تەمەنی (١٢) ساڵیی لەوێ ژیاوە. لە شیعرێکدا ئاماژە بە گوندەکەی خۆی دەکات، کە لە شاری هەمەدانەوە نزیکە:

**از رستاقم بهر تفوق به همه**
**این به که به شهر همدان نزدیکم**

مەحویی هەمەدانیی لە ئەسەداواوە دەچێتە هەمەدان، بۆیە هەر زوو ناسناوی هەمەدانییشی هەڵگرتووە. هەروەها زۆر گەشتیکردووە و لە زۆر شوێناندا ژیاوە. بۆ نموونە دە ساڵ لە نەیشابوور ژیاوە، بۆیە هەندێک لە

تەزکەرەنووسان، بە هەڵە بە خەڵکی نەیشابووریان زانیوە. جگە لە گوندەکەی خۆی و هەمەدان و نەیشابوور، هەروەها ئەردەبیل و شیروان و مەشهەد و هەرات و نەجەف و هندستان و کوردستان گەڕانەوە و لێیانژیاوە. باس لەوە دەکرێت سەردانی شاری مەککەیشی کردووە. مەحویی سەبارەت بە گەشتی بۆ کوردستان و مانەوەی، لە بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: لە کوردستان توشی سوپای ڕۆمیی بوومەوە و لە باخێکدا قەڵایەک هەبوو، هیچ بونەوەرێک نەیتوانیوە بە دەوری ئەو قەڵایەدا تێپەڕێت. لەبەرئەوەی من جلی دەرویشانەم لەبەربوو، بەو هۆیەوە گەیشتمە قەڵاکە. مەحویی بە گشتیی شیعری بە زمانی فارسیی و لە فۆڕمی چوارییەدا نووسیوە. تەنها سێ غەزەل و شەش تاک_دێڕیی هەیە لەگەڵ پێنج فەهلەویی، کە لە شیعرە کوردییەکانیەتی و باسیانلێدەکەین. جگە لەم لە ئەدەبیاتی فارسییدا سێ شاعیری دیکە بە ناسناوی (مەحویی) هەن، کە بریتیین لە: مەحویی ئەردەبیلیی، مەحویی ئیسفەهانیی و مەحوی بستامیی. مەحویی شاعیرێکی کورد بووە و خۆیشی لە چوارییەکانیدا دوو جار ئاماژە بە کوردبوونی خۆی دەکات:

یەکەم:

**جانا محوی گر صاف اگر درد از اوست**
**گر زیست درین مرض و گر مرد از اوست**
**گفتی محوی لرست و (کرد)ست چه کس است؟**
**محوی است اگر لر و گر (کرد) از اوست**

دووەم:

**تا چند پی صاف و پی درد نبوم**
**مردم تا چند در زد و برد نبوم**
**گفتی که مغیث ترک دزدی نکنی**
**باری چه کنم گر نکنم (کرد) نبوم** (عمرانی، ١٣٩٥، ١٥–١٩).

مەحویی لە شاعیرانی پەیڕەوکاری باباتاهیری هەمەدانیی بووە. دوای

نزیک بە پێنج سەدە هاوشێوەی باباتاهیر شیعری فەهلەویاتی نووسیوە. ڕاستە ژمارەیان کەمە و تەنها پێنج فەهلەویین، کە ساغکەرەوەی دیوانەکەی دەڵێت ئەمە بنزاری کوردیی خەڵکی ئەسەداوایە:

(١)

**بەشم تا چەشمەسارانی بوینم**
**چو سەحرا ئەور و وارانی بوینم**
**بە کاشان تا بەکەی ئەشکۆم چەرانۆم**
**بەشم ئەڵوەند دامانی بوینم**

(٢)

**چونم ئەژ هەر موژە دەریا نەواری**
**چونم ئاگر ژە سەر تا پا نەواری**
**توخمم ئەژ دەست داوا خاکم ئەندا[ج]**
**ترسم ئەوری وەرین سەحرا نەواری**

(٣)

**(مغیث) ئەر کارە ئین سەحرا بکەتی**
**وە ئین سەحرای پر پەهنا بکەتی**
**چەند گەردی کە روزد بە شەو ئایە**
**بشە پایی بکن ئەژ پا بکەتی**

(٤)

**کییەم کە ئەهنامەکارانم بدانەند**
**بە گورستان بە سامانم دەوانەند**
**وەقتێ مردن بە یاسینم چە حاجەت**
**سە چاروم پەهلوی ئەو سەر بخوانەند**

(٥)

**ژە دڵ پرسی چە دڵ سەد پارە با دڵ**
**ئەژان کاڤەئەرنن ئاوارە با دڵ**

**نی شاوم شەو نی روزم روزە ئەی روو**
**چەند و تاکەی سیا ئەستارە با دڵ** (عمرانی، ١٣٩٥، ١٢١-١٢٢).

**٢١. شێخی بەهایی (١٥٤٧ - ١٦٢١ز)**

دەستنووسی ژمارە (٩٠٤٩٧)ی کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامییدا کە بەشێکە لە کەشکۆڵی شێخی بەهایی، چەند شیعرێکی فەهلەویی هاتووە. نووسەرەوە کە ناوی حاجی بابایە لە چەند شوێنێکی کتێبەکەدا چەند مێژوویەکی یاداشتکردووە، یەکێک لەوانەیش ساڵی (١٠٢٤ ک.م/ ١٦١٥ز)ە. شێخی بەهایی بە ڕەسەن عەرەبە و خەڵکی لوبنان بووە. لە سەردەمی سەفەویی بە هۆکاری بیروباوەڕی مەزهەبییەوە ڕوودەکاتە ناوچەی دەسەڵاتی سەفەویی و لە ئیسفەهان نیشتەجێدەبێت. بە پێی ئاماژەکانی نووسەرەوە، بەشێک لە شیعرە فەهلەوییەکان هیی شێخی بەهایین:

(١)

لە ژێر ناونیشانی (للشیخ البهایی الفهلوي):
**شەهر شەهران بگەردۆم حاڵۆم ئین بی**
**سەرینۆم سەنگ و پەهلۆیم زەمین بی**
**جورمۆم ئین بی کە من تە دوس دارۆم**
**هەرکە تە دوست دارە حاڵش ئین بی** (بابا، ١٦١٥، ١٥١).

ئەم دووبەیتییە لە تێکستەکانی یارساندا بە هەندێک جیاوازییەوە بە ناوی باباتاهیرەوە هاتووە.

(٢)

لە ژێر ناونیشانی (وله سلم الله تعالی بلسان الراجي) لە دوای شیعرێکی عەرەبیی شێخی بەهایی هاتووە:
**خوڕەم ئانان کە هەر ئەژ بەر نەزانەند**
**نە حەرفی وانویسەند نە بخوانەند**
**هەمچو مەجنوون نەهەند سەر دەر بیابان**

**ئەژین کەوکەل رەمند ئاهوو چرانەند** (بابا، ١٦١٥، ١٠٣).

هەر ئەم شیعرە لە لاپەڕەی (١٦١)ی دەستنووسەکە جارێکی دیکە لە ژێر ناونیشانی (لکاتبە بلسان الفهلوی)دا هاتووە. لە سەرچاوەی دیکەدا، دراوەتەپاڵ باباتاهیری هەمەدانیی.

(٣)

لە ژێر ناونیشانی (قیل بلسان الراجی)، کە هەر مەبەستی شێخی بەهاییە:
ئەمەیشیان هەر مەبەستی شێخی بەهاییە:

**تە بنۆمان یا ئیلاهە کو بەرۆم راە**
**جوز ئیشتۆم بارەگاهە کو بەرۆم راە**
**گەر تیۆم رەە بە دەرگە نەنمانی**
**ئەز گومکەردە راهە کو بەرۆم راە**
**گوناە ئین کە کوهێ ئو کەردەنۆم بار**
**تەنێ چون بەرگێ کاهە کو بەرۆم راە**
**بە ئاب ئامورزشۆم چهرە نەشوراش**
**ئەز هەمی رووسیاهە کو بەرۆم راە**
**دوو چەشم ئەسریندە وەرلاوش گوناهان**
**وایە کوشۆم وە ئاهە کو بەرۆم راە**
**مەندە بین چاهێ زندانە نزانۆم**
**کە چین زندانە چاهە کو بەرۆم راە** (بابا: ١٦١٥، ١٠٣).

(٤)

ئەم تاک_دێڕە، لە کەشکۆڵەکەی شێخی بەهاییشدا هاتووە:

**هوبلوس هوبلوس کە گەر پاشۆ بزانی**
**کە دەروێشی چە چی بوو وا ستانی** (بابا: ١٦١٥، ١٦١).

## ٢٢. خواجەی شادان (؟)

هیچ لە بارەی ئەم کەسایەتییەوە نازانرێت. لە دەستنووسی کەشکۆڵی

ژمـاره (٩٠٤٩٧)، یەک شـیعری فەهلەویـی بە نـاویەوە لە ژێـر ناونیشـانی (خواخەء شادان باللسان الراجی) هاتووە:

خوڕەم ئانان کە ئەمرۆ کەشتشان تۆم
ئیشانی خوەشدڵن کە میزەنن شۆم
رابە من وێ بە من واوە چو من هێر
نە کاوۆم دە زەمین نە تۆم و نە شۆم (بابا، ١٦١٥، ٥٦).

**٢٣. میرزا حیسابیی (سەدەی ١٧ز)**

هـیچ لە بـارەی ناسـنامە و ژیـانی شـاعیرەوە نازانرێـت. لە دەسـتنووسـی (کشکول الفقراء)دا، کە مێژووی سـاڵی (١٠٨٦ ک.م/ ١٦٧٥ز) لە سـەرە، شـیعر بە زمانەکـانی فارسـیی و تـورکیی و حیکـایەت و بـابەتی دیکە لەخۆدەگرێت. بەشێکی کەمی تەرخانکراوە بۆ شیعر بە زاری ڕاجیی (ڕاژیی) لە ژێر نـاوی (تمە باب الخامس فی الراجی) چەند پارچەشـیعرێکی باباتـاهیری هەمەدانیی و مەولانا محەمەد سۆفیی مازندەرانیی و شـاعیرانی دیکەی تێدایە. لەم بەشـەدا دوو شیعریی فەهلەویی میرزا حیسابیی هاتووە:

(١)

**چەرە بازا عوقابت دەر کەمینی**
**چەند بەر کەبک و بە تەهیو نشینی**
**وەدش دی هەرکە دەر عاڵەم وەدش کەر**
**وەد مەکە وەد مەکە تا وەد نەبینی**

(٢)

**دڵم جوز مێهرێ تو مێهری نەگیری**
**بەجوز داروویێ تو داروو نەگیری**
**دڵێ ما سۆتە و مێهرێ تو ئازەر**
**تا نەبی سۆتە ئازەر دەرنەگیری** (ساوی، ١٠٨٦، ١٤٨).

**٢٤. نەزری شای ڕەزایی (سەدەی ١٧ز)**

هیچ لە بارەی ناسنامە و ژیانی شاعیرەوە نازانرێت. یەک شیعری فەهلەویی لە دەستنووسی (کشکول الفقراء)دا هاتووە:

**ئاهم ئەر سەر بکەی ئازەر بسۆچێ**
**ئاهێ دڵێ سۆتە بەحر و بەڕ بسۆچێ**
**بە سۆزێ دڵ ئەگەر روزی بناڵەن**
**زەمین و ئاسمان یەکسەر بسۆچێ** (ساوی، ١٠٨٦، ١٤٨).

**٢٥. میرزا قولی مەیلیی (سەدەی ١٧ز)**

هیچ لە بارەی ناسنامە و ژیانی شاعیرەوە نازانرێت. یەک شیعری فەهلەویی لە دەستنووسی (کشکول الفقراء)دا هاتووە:

**بورێ تازین تازینە بەوران**
**قەلقەلی بو کەیم دنبالێ گەوران**
**سمێ بەوران بە پەی گەوران بزانم**
**لالە ئەز خونێ گەوران گیریم[ن] ڕەنگ[ا]ن** (ساوی، ١٠٨٦، ١٤٩).

شیعری فەهلەویات تا سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ز لە لایەن شاعیرانەوە جاروبار هەر نووسراوەیەوە. نموونەی ئەو شاعیرانەیش سەید حوسەین ڕەزەویی ناسراو بە غوباری هەمەدانیی (١٨٤٨ - ١٩٠٤ز) لە دیوانە دارسییەکەیدا دوو فەهلەوییشی تێدایە:

(١)

**تو کە ڕوخێ لالەسان ئەفرۆتە دیری**
**چو داغێ لالەئەم دڵسۆتە دیری**
**یەکی فکرێ دڵێ بی حاسڵم کن**
**کە چەندین حاسڵ ئەندۆتە دیری**

(٢)

**چە خوەش بی دەر عەدەم وێرانەیی بی**
**مەرا چون جوغد دەر وی لانەیی بی**

**ببینم ئانکە جایی بی بە عاڵەم**
**کە ئانجا نامێ ئاب و دانەیی بی** (همدانی، ١٣٦١، ٧٣).

هەنـدێک سـیمای شـیعری فەهلەویـات لە هەرێمـی پەهـلە، لە زار و بنزارەکـانی دیـکەدا تـا درەنگـانێکیش مـاوەتەوە. نمـوونەی شـیعرەکانی مەلا سـەحەری تەهرانیـی (سـەدەی ١٧ز). تـاکو ئەم دوایـیە تەنهـا شـیعرێکی مەلا سـەحەر لە بەردەسـتدا بـوو، کە ئەمەیە لێرەدا خـراوەڕوو. لە دەسـتنووسـێکدا نزیک (١١) شیعری دیکەمان دەستکەوت، کە بۆ یەکەم جار بوو بناسرێن.

(١)

**ول و دیمۆم رەوەن مەڵڵا نمەشۆ**
**سووتە جانم بە تەماشا نمەشۆ**
**نەدە پێغام کە ئینها غسەس**
**تا تورا نەوینێ دڵم وا نمەشۆ**
**زوفڵێ تو واکو ئەگە دڵ مەبەری**
**موفر تا شەو نییەن جا نمەشۆ** (پناهی، ١٣٧٩، ١٤٢).

(٢)

**کی بوو کە هەنچی دەستە گوڵ گوڵ دیم من زەر دەرا**
**هەم روزێ بەد بەپا نەشۆ هەم شەو غەم بەسەر دەرا**
**عەشق خودایەگان شەوی قال کنی دەر سەراش**
**باشە لە قال و قیلشان بە سنفە سەر گوزەر دەرا**
**شەو دیم کوچەشان مەشۆ سوحب میانێ دوکان**
**ئەفتەو لەو دیڤار مەشۆ شام مەشۆ سەحەر دەرا**
**ئەز گوڵ کوچە وا دوکان جان مەدەهە هەزار کەس**
**سوحب ئەگەر تو خانەشان گیر زەرە دیر تەر دەرا**
**شەو دیم کوچەشان مەشەم بە خەت نوتق نەمی زەنەم**
**گوشەکەکی وایستەم و باشە کە بیخەبەر دەرا** (نردی، ١٠٩١، ١٤٦).

له کەشکۆڵێکی دەستنووسی ئەرشیفخانەی ڤاتیکاندا شیعرێک بە ناوی (کەفیی) هاتووە، بە شێوازی زمانەکەی بێت، پێدەچێت پەیوەندیی بە دەڤەرەکانی هێڵی بەرکەوتنی کورد و فارسەوە هەبێت. لە بارەی شاعیرەکەوە هیچ زانیارییەک لە بارەی شاعیرەکە و سەردەمی ژیانیەوە لە بەردەستدا نییە:

**موسڵمانان مورە ئەز جەور دڵ موشکیل ئوفتایە**
**دڵم هەردەم فغان موکنە برایێ دوختێ هەمسایە**
**چو مو ئو را نەدیدەست و نەیام خانەیێ خاڵۆ**
**برایێ هەردوو لەفجانەش کە روح ئەزمان می ئەفزایە**
**قەپەیش کەردەووم شووی کە بوسی چەندو ئەز ڤی گیرۆم**
**ڕەقیب ئەز دوور بایستیە مسالێ خەرسە مایە**
**بە دەستمان ئەگەر ئوفتە سەری لنگاش یەکباری**
**چنانش وەرکەشوم کویی مثال مەیم جون پایە**
**(کەفی) گوفتە چنین شعری رینلک و نیک شەریتەر**
**موسڵمانان مگەت عەیبی چنینە شعر کوە وایە** (؟، ؟: ٥٢راست)

هەروەها لە کەشکۆڵێکی دەستنووس بە ژمارە (٨٧٩٢٢)ی کتێبخانەی مەجلیسی شوورای میللیدا شیعرێک بە زاری ڕامەندیی، کە پاشماوەی زمانی دێریینی مادە، بە ناوی مەلا موزەفەری کاشانی ڕوودبارییەوە هاتووە:

**ئان سەروو قەدە تیغ دوو ئەبرۆ رە کەشستا**
**با تیغ جەفا ڕشتە سەبرم رە وەسستا**
**ئیمروز وەهاری دیمە خۆش تەڕ و تازە**
**گۆیا کە نیگارە دوو دڵان کۆنە را شستا**
**ئەبرۆش خەت ئەبجەدە [و] موژگان خەت ئینجیل**
**یا ڕەب کە نیگارینە چە مەزهەب پەرستا**
**ئاهوو بەڕەی چەشمشە وین مەست مەلەنگە**
**ئین سەبزەی باغ دڵ و دینم رە چەرستا**

**پوشستە قەسەب پیرهەن نیمشە قرمز**
**ئان غونچە دەهانە چە دڵ سورخ ئو کونستا**
**چابوک بوو میە چست ویەردە غەزەب ئاڵوود**
**ئین ڕشتە دڵ بە کرشمەها وەسستا**
**واتم کە فیدایی تە شۆم واتە کە خوبە**
**سەد جان بە فیداییش سوخەنم رە شنەوستا**
**ئان شۆخە رە پرسین کە خەلایق دڵە بەردا**
**عالەم هەمە دین [و] دڵ ئیمانە دوزستا**
**ئیمشەب چمەن مەجلسمان نوورئەفشانە**
**دڵدار مەگەر بەند نیقابش رە وەرسستا**
**نە هەستم [و] نە نیسم مەست ئەلەستم**
**جام ئەدەب شیشەی تاقەت رە شکستا**
**وەڵڵا (موزەفەر) شەرەف دەوڵەتش ئینە**
**واجەن کە نیگارت سەر و جانت تەڵەبستا** (خسروی، ١١٠١، ٦).

میرزا نەعیمای سمنانیی، کە لە سەردەمی فەتحعەلی شای قاجار (١٧٦٩ – ١٨٣٤ز) ژیاوە، چەند چوارییەیەکی بە زاری کۆنی سمنانیی، کە نزیکە لە زاری گۆرانەوە نووسیوە:

(١)

**ئە بیکەس و تو بیکەس ئە کەس کو بەروون**
**تا سورخە ولە بە جا دەبوو خەس کو بەروون**
**با ئون خەت و خال و زولف و چشی مەخمووری کو دار**
**ڕێحون مەنگەن سنوبول و نەرگەس کو بەروون**

(٢)

**ئون روز کو کاروان جوون بار کرەن**
**دەر راهی عەدەم قافلە ئیوار کرەن**
**ئە ئوشتری لاغەروون و مو بار پرە**
**تەرسوون کو سەری پولی مو وادار کرەن**

(٣)

**دەست و دل و دین و جون حەلالی ژۆ مەدوون**
**ئە هەرچی داروون بە یادیگاری ژۆ مەدوون**
**هەر دل کو دروست نییە، نەبوو، ڤەیتەرییە**
**ئن ئەشکەتە مورغنە بە عیدی ژۆ مەدوون**

(٤)

**حەیف ئەز تە کو تو یاری وەفار نیی**
**دل ماگیر و سەرمدی تو دلدار نیی**
**هەر رووز میا و دل مەبر عالەمی پی**
**تە دل بە هەمەن خوشە کو بیکار نیی**

(٥)

**دل بی غەم و شەرموندەگی هەرگز مەنبو**
**بی جورم و خەتا بەندەگی هەرگز مەنبو**
**بی بورمە و ئاهی دل مناشو هەرگز**
**بی ئاتەش و ئەو زندەگی هەرگز مەنبو**

(٦)

**دونیا بەتتون تەمام سیم و زەری رە**
**سەرگوشکی باتەن با ئاە و نالە کەری رە**
**ئاتەش دڤتەن بمرد هیزم تەر با**
**وازی ماکەروون ژۆ غوستە خاکستەری رە** (پناهی، ١٣٧٩: ٢٤ – ٢٦)

لە دەوروبەری ئیسفەهانیش شاعیرێکی وەکو دەروێش عەباسی گەزی ناسراو بە جەزیی (١٨٤٧ – ١٩٠٥ز) لە شارۆچکەی گەزبەرخوار ١٨کم باکووری ئیسفەهان بە زارێکی کۆنی ئیسفەهانیی (گەزی) شیعری نووسیوە. نوسخەی دیوانەکەی بە ژمارە (١١٢٧٩) لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسیی زانکۆی پترسبۆرگی ڕووسیا، زانکۆی لینینگراد پارێزراوە. لە کتێبی (نسخەهای خطی)ی لە نووسینی محەمەد تەقی دانش پژوە و ئیرج ئەفشار، ئەم

دیوانەیان بە کوردیی ناسێنراوە. توێژەران باس لە پەیوەندیی ئەم زارەوە بە زاری گۆرانی زمانی کوردییەوە دەکەن. ئەمەیش نموونەیەک لە شیعرەکانی:

(١)

**هەمین ڕۆوان و شەوان جامە پارەپارە کەران**
**خودا خودا مو زە دەست ئین پورە چە چارە کەران**
**ئەژ ئارۆ تا قیامەت هەمون کفاف نەتو**
**زە دەفتەریٚ غەموت ئەر گوم بو شومارە کەران**
**مو مەرتەمونی بویان ماچیم ئەژ لوپات وگی**
**ئەژ ئەورۆ تا بە زوقۆن عومروما دووبارە کەران**
**هەر ئانچە پیشیٚ مو ئایۆ موقەددەروم ئانۆ**
**نە ئیستیخارە وو نە ئیستیشارە کەران**
**زەقۆن یناخ دلوم بەرقەرارە وو ئارومۆ**
**کە جلوەیٚ تو وینان هەر کە را نیزارە کەران**
**یە وەقتی ئان خو موناجاتی وو موناجاتی**
**یە وەخ جی شانە خەرابات را ئیجارە کەران**
**(جەزی) نە ئەشنە مەگەر چژ بواتە هۆ حافیز**
**مو را چە کار کە مەنعیٚ شەرابخوارە کەران** (گزی، ١٣٧١، ٢١٣).

**بەشی دووەم: شیعری فەهلەویاتی هەرێمی ئازەربایجان**

هەرێمی ئازەربایجان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی مادە کوردەکان بەشێک بووە لە نیشتمانی مادەکان و پێیوتراوە مادی ئاترۆپاتکان، کە جگە لە ئازەربایجانی ئێستا کوردستانیشی گرتووەتەوە. سەبارەت بە زمانی ئەم هەرێمە لە چەرخی ئیسلامییدا، ئیبن نەدیم لە کتێبی (الفهرست)دا لە زاری ئیبن موقەففەع زانای سەدەی (٨ز) دەیگێڕێتەوە، کە زمانی خەڵکی ئازەربایجان پەهلەوییە. ئەم زانیارییە حەمزەی ئیسفەهانیی لە زاری یاقوتی حەمەویی و خوارەزمییش باسیانکردووە. یاقوتی حەمەویی، جوگرافیازان و مێژوونووسی ناوداری (سەدەی ١٣ز) لە کتێبی (معجم البلدان) لە بارەی

شاری مەراغەوە دەڵێت: ئەوان زمانێکیان هەیە کە پێیدەڵێن ئازەریی و جگە لە خۆیان کەس لێیتێناگەن (آهی و رویا سیفی، ١٣٩١، ١٢). بەو چەشنە نووسەرانی سەدەکانی دوای دەرکەتنی ئاینی ئیسلام، زمانی ئازەبایجان هەندێک جار بە (پەهلەویی ئازەریی) و هەندێک جاریش بە (ئازەریی) یان (فەهلەویی مەغربیی) ناویانهێناوە (حیدری، ١٣٩٢، ١٣٤-١٣٥). تا سەرەتای چەرخی سەفەوییەکان لە ئازەربایجان زیندووبووە، بەڵام لە ناوەڕاستی چەرخی سەفەویی کەم کەم لە گوندەکان و شارەکان کەوت و تەنها لە دەڤەرە سەختەکاندا کەم و زۆر ماوەتەوە (حیدری، ١٣٩٢، ١٣٩). بە درێژایی مێژووی ئەم هەرێمە، بە تایبەتیی لە سەردەمی مادەکانەوە، کورد ڕۆڵێکی گەورەی لە هەرێمەکەدا گێڕاوە. دەیان هۆزی کوردی لێجیشتەجێبوون و تەنانەت هەردوو میرنیشینی ڕەوادییەکان (٩٥٤ – ١٠٧٠ز) و شەدادییەکان (٩٥١ – ١٠٧٠ز) فەرمانڕەواییان لێکردووە و دەیان شاری دەڤەرەکەیان بەدەستەوەبووە. شیعری فەهلەویاتی ئەم هەرێمی ئازەربایجان، درێژکراوەی بزاوتی شیعری فەهلەویاتی هەرێمی پەهلەیە، بەڵام تایبەتمەندیی زمانی خۆی هەیە. جگە لە شیعری فەهلەویات، شیعر بە زار و بنزارەکانی دیکەیش نووسراوەتەوە کە زیاتر بە زمانی تەورێژیی ناویهاتووە. ئەم ئەدەبیاتە هاوشێوەی شیعری فەهلەویاتی هەرێمی پەهلە پەیوەندیی بە زمانی دێرینی کوردەوە هەیە.

### ١. کوجوجانیی (؟ – ١٢٧٩ز)

محەمەد کوڕی حاجی سدیق کوڕی محەمەد، ناسراو بە خواجە غیاسەدین شێخ محەمەد کوجوجانیی و کوجوجیی. لە سەر بەردی گۆڕەکەی مێژووی مردنی (٦٧٧ ک.م/ ١٢٧٩ز) هەڵکۆڵدراوە. لە نوسخەی دەستنووسی دیوانەکەی بە ژمارە (٧٧١) کە لە کتێبخانەی ڕاشید ئەفەندیی لە شاری ئیستانبووڵ پارێزراوە، ژمارەیەک شیعری فەهلەویاتی هەیە. بە هۆی نەنووسینی خاڵی هەندێک لە پیتەکان، خوێندنەوەیان سەختە:

(١)

**ئەر تو خو واکەری بویالە ئەج وەر**
**نە گێتی سوو نەدەهی ئاوشلە و خوەر**
**ئانەک ژیوەندە بی هەرگز نەمیرێ**
**وانەک بی مردە ئەج خا واکەری سەر**

(٢)

**ئەر تو خون خورەم ئایی دە باژەر**
**بەستە دیلم ئاوەر نی سەر چو خاوەر**
**تەن و جان و دڵ وارو ژە ئەهنام**
**هەمە دە پات ریزان جوملە مەی دەر**

(٣)

**سۆتە ژین باس بەرمەندە نە ژان باس**
**نەرم نەرم ئامرە کیلم بەنشناس**
**بە منش وات سەروو سایە چونی**
**ژین چەما دەردێ دڵ جەهنام وەسواس**

ئەم شیعرە بە هەندێک جیاوازییەوە بە هەڵە دەدرێتەپاڵ خواجە عەبدولڕەحیم خەڵوەتی تەبرێزیی (؟ - ١٤٥٤ز):

**شەو نە ژین پاسە بەرمەندە نە ژان پاس**
**نەرمە نەرم ئامرە کەیلم بەنشناس**
**وا منش واتە شەروینا تە جویی**
**ژین چما ریج و ژین جەهنام و وەسواس** (صادقی، ١٣٨٥: ٣٣ و ٣٤)

(٤)

**بەشتە وار و گلەکەردەن چە خوەش بو**
**دڵ بە وار و ستو دەردەن چە خوەش بو**
**سەرانجامان کار ئەر دەست بشۆ**
**دە پایێ تو مەردەن چە خوەش بو**

(٥)

ئەمن کیژی کەوی کو دەرد ژە بەر بۆ
جین چەما دەرد و داغش خەبەر بۆ
مایە کیانشینان بو بوان
خوەشە دەرد ژەری کو واژەوەر بۆ

(٦)

چنین سلەلان کەردم بەشتە وارو
مەست و حەیران کەردم بەشتە وارو
ژەرە نالان ئەوێ تیمار و بیمار
چێهرەیێ زار و زەردم بەشتە وارو

(٧)

نەبی کیژی کو وە بنالە دەمانی
ئەژان کەم باد بە کیژی بمانی
جە وازی ئەی (کوجوج) کە بی کەج و کونج
هەمە کونج و کەجاش وە هەر یانی

(٨)

ئەی کو دیمت بە مێهر و ماه مانی
هەمە شەهر و گێهان زریوان ئەرانی
خوەر کە بی مەه چە بی ئەی ئەرجە وارەن
خوەر و مەه هەرچە هەی ژە رەه رەوانی

(٩)

برون ئەژ ئەو و گوڵ من تازەبەست بور
بەسەر هەفت ئاسمانانم ژە رەه کور
وەهمێ ئەهنام داری مور زانست
وەهمێ جەهنامەداران بردمە گور

(١٠)

وه ئەژ مێهران کو دایە چە گویی
بەرز و زریوەن و مەست و موشکبویی
سەنگش بە لەعل مانی ئەو ماوەرد
کەرد گەرد..........................

(١١)

خەت وەرانێ تی دڵدارە بی تا
مێهرەوانیش بە گێتی کارە بی تا
سەرانجامان هەمە داری بە هوشمەند
هەمیشە زریوەن چو مێهرش دارە بی تا

(١٢)

شەوی سەرمەست ئەروستین چو زارۆ
گەرد گەردم کەتیان بستە و بارۆ
کینان نی و نیان نەرم می وات
کین بسپەردە رەە جەهنام دارۆ

(١٣)

چو رازم پەردە ئەهمانە دریوە
بەشتو ئیرۆ دڵم ئەج گیان بریوە
بزانم چەش هەرۆتە تەش هەریرش
یانکە تەش هەرۆتش چەش هەریوە (کجچی، ١٣٩٥، ٢١٥-٢٢٢).

(١٤)

لخواجە محمد الکجانی رحمە اللە علیە:
بزانیمر وۆم بەش کوی وە ئامان
سەرزەنۆشم کەرندی نەنگ و نامان
ئەژ ئان تەرسۆم کە ئین سەودا نەمانی
من ئین سەودا خوەش مە سەر مە سامان

(١٥)

**مەر دەریکە گێهان مەند ئەج وەسانە**
**خوڕەم ئانی کە واوش وە ئەستانە**
**سەلەف ئانی کە شەو وە راهیٚ بروان**
**تەلەف ئانی کە پەس ئەژ مەرگش خەزانە**

(١٦)

**هەمە کیژی نەهەند خوشتی بە خوشتی**
**بەنا ئەج چو کە دەستیٚ کیژ وە نیژە**
**هەمە پێغەمبەران خوبی و چۆکی**
**موحەممەد موستەفا کیژی وە نیژە** (المراغی، ١٣٧٢، ١٤٠-١٤١).

(١٧)

لە سەفینەی تەبریز: این فهلوی قطب الاولیا خواجه محمد کججی طاب ثراه فرماید:

**دە چەن دڵ دیوژەر بە دیرگاهان**
**دە چەن ویٚ دڵ نەوم ساڵان و ماهان**
**بولە چە سوری [ئەنو] من دیرەوانی**
**[وەرەردە کو بەج] دشواری راهان** (بوله، ١٣٢٣، ٥١٩).

(١٨)

**ویٚ تە مە دۆست با مە دۆستداران**
**ویٚ تە مە شەهر با مە شەهریاران**
**بە کامیٚ دڵ مەبا کیژی بە گێتی**
**دڵ پڕ ئەژ دەرد و خون ئەژ دیدە باران**

### ٢. شێخ سەفیدینی ئەردەبیلی (١٢٥٢ - ١٣٣٤ز)

باپیرە گەورەی شا ئیسماعیلی سەفەویی، کە دامەزرێنەری زنجیرەی فەرمانڕەوایانی سەفەوییە و باپیرەی بنەماڵەی بەناوبانگی حەیدەرییەکانی کوردستانە. بە پێی وتەی دەروێش ڕوکنەدین تەوەکەلی کوڕی شوجاعەدین

ئیسماعیل کوڕی حاجی مەحمود ناسراو بە ئیبن بەزاز (؟ - ١٣٩١ز) لە کتێبی (صفوة الصفا)دا، کە لە ساڵی (١٣٥٧ز) نووسیویەتی: ڕەچەڵەکی شێخ سەفی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوەسەر پیرۆزشای کڵاوزێڕین، کە لە ماڵباتی کوردانی شەنگالە و بە مەبەستی جەنگ ڕۆیشتووە بۆ ئازەربایجان. هەروەها لە کتێبی (سلسلەی النسب) لە نووسینی شێخ حوسێنی کوڕی شێخ ئەبداڵی پیرزادەی زاهیدییە، ژمارەیەک شیعری فەهلەویی بە ناوی شێخەوە هاتووە:

(١)

**سەفییم سافییم گەنجان نماییم**
**بە دڵ دەردەژاریم تەن بێ دەواییم**
**کەس بە هەستی نەبردە ڕا بە ئەویان**
**ئەز بە نیستی چە یاران خاکێ پاییم**

(٢)

**وەتم دەردەژەران ئەز بوچنم دەرد**
**ئاندە پاشان برم چوون خاک و چوون گەرد**
**مەرگ و ژیوم بە میەن دەردەژەران بور**
**ڕا بە ئەویان بە هەمڕاهی شەویم بەرد**

(٣)

**مەواتش هەژ چە ئەویان ماندە دوویرەم**
**ئەز چو ئەویان خاسان پشتێ زوویرەم**
**بهێشتم دۆش بە عەرش و کورسی**
**سوڵتان شێخ زاهیدێ چۆگان و گۆیەم** (حەسەن، ٢٠٢٣، ١٢١).

(٤)

**شاهەبازیم جوملە ماران بکوشتم**
**وەفاداریم بێ وەفایان بهەشتم**
**قوودرەتێ زنجیرم بە دەستێ ئوستاد**
**چەخمەقم ئاتەشم دیگم نوڤەشتم** (صادقی، ١٣٨٢، ٩).

(٥)
هەمان هوی و هەمان هوی و هەمان هو
هەمان کەوشەن هەمان دەشت و هەمان کو
ئەز واچم کە ئەویان تەنها چە من بور
بە هەر شەهری شرم هێی های و هێی هو

(٦)
بەشتە وەر ئامریم حاجەت ڕەوا بور
دلْم زندە بە نامێ موستەفا بور
ئەهرا داوەرم بوبور دارۆم بپەرسان
هەر دوو دەستم بە دامەنێ مورتەزا بور

(٧)
شێخە شێخی کە ئحسانش باهەمی نی
تەنم بوری عشقم ئاتەش کەمی نی
تەمامێ شام و شیراز ئەز نوریریم
شێخ سەر پەهلەوان بر ئەز خەبەر نی (زاهدی، ١٣٤٣، ٣١).

(٨)
بە من گیانی بدە ئەز گیانەوەر بووم
بە من نوتقی بدە تا دەماوەر بووم
بە من گۆهشی بدە ئەز بشنەڤا بووم
هەر ئەو جێ کە وانگێ بۆ ئەز ئاخەوەر بووم (حەسەن، ٢٠٢٣، ١٢٢).

(٩)
دلْر کۆهی سەر ئەوێ ویندە نەبور
عشقر جویی کە وریان بەستە نەبور
هەلەم باغێ شەریعەت ماندە زیران
ڕووحر بازی بە پەرواز وندە نەبور

(١٠)

**ئەویانی بەندەییم ئەویانی خانم**
**ئەز ئان بوری بەبەر ئەویانی ڕانم**
**ئەویانی عشقێ شوری دەر دڵێ من**
**ئەنەن کە زندەییم چە عشق دە ناڵم** (زاهدی، ١٣٤٣، ٣٢).

(١١)

**چەرا نایی کولە خەستۆم نەگیری**
**ئەوا دەردەمەندەئیم دەستۆم نەگیری**
**وەندەری دە دەیسی کو من بەری لاو**
**چەرا نایی ئەوا مەرزۆم نەگیری** (زاهدی، ١٣٤٣، ٨٢).

(١٢)

**سیخەن ئەهلێ دڵان دەرە بە گوشم**
**دە کاتب نشتەند دایم بە دوشم**
**سەوگەند هەردە بە دڵ چو مەردان**
**بە غەیر ئشتە بە جایی چەش نەروشم**

(١٣)

**هەرکە با لایەوان بە دۆست ئەگیرێ**
**هارۆ ئاسان بەروران ئاو ریزێ**
**من چو با لایەوان زرە بە ئاوۆ**
**خوە نیمزانر کۆرو ئاو را ئەگیرێ** (بزاز، ١٣٧٣، ٤٢٨).

(١٤) نیودێڕە:

**شەروە مەرزوان بە مەرز خود بی**

**٣. پیرە چەنگیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز):**

لە پێڕەوانی شێخ سەفیدینی ئەردەبیلیی بووە. لە کتێبی (صفوه الصفا)دا ئەم شیعرە فەهلەوییەی هاتووە:

هەرکە ئەورامەنە بە نامێ ئەو بخوەند
شەو و رۆ بەستە دارێ کامەر وەبەند
کار یا هەمی ڕەسی جەهنامەداران
خوداوەند بەندە بی بەندە خوداوەند (بزاز، ١٣٧٣، ٥٨٩).

**٤. هومامی تەبریزیی (١٢٥٨ - ١٣٣٦ز)**

مەولانا محەمەد هومامەدین کوڕی ئەفەریدوونی تەبرێزیی، ناسراو بە هومامی تەبرێزیی. لە هەردوو شاری تەورێز و مەراغە ژیاوە. خاوەنی دیوانێکە بە زمانی فارسیی و زۆر سەرسامی شیعرەکانی شێخ سەعدی شیرازیی بووە. گوایە سەعدیی لە سەردانەکەیدا بۆ تەورێز چاوپێکەوتووە. هومام دوو شیعری فەهلەویی هەیە:

(١)

**(بدیدم چشم مستت رفتم) ئەژ دەست**
**کوام ئازەردڵی گۆیا نەبی مەست**
**(دلم خود رفت و میدانم) کە ڕووژی**
**بە مهرت هەم بشی خوەش گیانم ئەژ دەست**
**(بە آب زندگی ای خوش عبارت)**
**لێوانت لاود جە من دیل و گیان بەست**
**(دمی بر عاشق خود مهربان شو)**
**کە ژ یێ سەر مهروەرزی گەست بی گەست**
**(بە عشقت گر –همام– از جان برآید)**
**مواژش کان جوان بمرت و وارەست**
**گەرم خاو ئەبەری بەشنم بوینی**
**بە بوویەت خەوتە بام ژە ئەهنام سەرمەست** (تبریزی، ١٣٥١، ٦٢).

د. محەمەد ئەمین هەورامانیی لە کتێبی (ڕەسەنیی زمانەکەت بناسە)دا تەنها دێڕی دووەمی خستووەتەڕوو، کە بەم جۆرە ساغیکردووەتەوە:

**به مێهرت هەم بەشی خوەشی گیانم ئەژ دەست**

**لێوانت لاو جە من دیل و گیان بەست** (هەورامانیی، ٢٠٠٥، ١٧).

(٢)

لە کۆتایی غەزەلێکی فارسییدا ئەم دێڕە فەهلەوییەی هەیە، کە بە گوێرەی سەفینەی تەبریز، کە لەوێ چوار دێڕە، هومان هیی خۆی نییە و تێهەڵکێشیکردووە:

**وەهار و ول وە جانان دیم خوەش بی**

**ئەوێ یاران مە ول بی مە وەهاران** (تبریزی، ١٣٥١، ١٣٤).

(٣)

هومام جگە لەمانە، دوو شیعری دیکەی هەیە لە نوسخەیەکی دەستنووسی دیوانەکەیدا لە کتێبخانەی (ایت الله مرعشی) لە شاری قوم، لە سەریان نووسراوە (وله به زبان تبریزی). تا ئێستا ئەم دوو شیعرە ساغنەکراونەتەوە. یەکێک لە گرفتەکانی ساغکردنەوەی ئەوەیە، کە بەو شێوازە نووسراوە، کە هەندێک جار خاڵ بۆ هەندێک پیت دانەنراون. شیعرەکان هاوشێوەی شیعری فەهلەویات نزیکایەتیی تەواوی لەگەڵ زار و بنزارەکانی زمانی کوردییدا هەیە. ئەمەیش چوار دێڕ لە غەزەلەکیان:

**دڤێندمە لەو جەتومان شەوا نە هوریمە نە هان**

**ئومرە ئەووم ڤە دەمان ئۆخ جە لەونر بمروون**

**دەهی ڤە شەرۆب رانگ جەتو لەو عەقل کەری دانگ جەتو لەو**

**جە دڵ بەرەند ژانگ جەتو لەو ئۆخ جە لەونر بمروون**

**تو ها چ کەرۆ تور نرهی شەوی ڤەمان رۆ نەدەهی**

**لەوم ڤە لەوم سا نەنەهی ئۆخ جە لەونر بمروون**

(فیروزبخش، ١٤٠٢، ٣٩-٤٠).

**٥. بانووی باغەبان (سەدەی ١٣-١٤ز)**

ئەم خاتوونە لە موریدانی شێخ سەفیددینی ئەردەبیلیی (١٢٥٢–١٣٣٤ز) بووە. یەک فەهلەویی لێماوەتەوە:

**دیەر کین سەر بە سەودای تە کیجی**
**دیەر کین چەش چو خونین ئەسرە ریجی**
**دیرە سەر بە ئەستانە ئەچ تە دارۆم**
**خود نەواجی ژە وەر بەختی چو کیجی** (بزاز، ١٣٧٣، ٦٧٧).

دکتۆر سدیق بۆرەکەیی ئەم شیعرەی بە هەڵە داوەتەپاڵ شێخ سەفیی (بۆرەکەیی، ١٣٧٠، ٣٩٩).

**٦. مەهان کەشفیی (١٣٣٤–١٣٩١ز)**

مەهان خەڵکی شاری نەمینی سەر بە ئەردەبیلیی ئازەربایجان بووە. کەسێکی سەر بە سۆفیگەریی بووە، بۆیە شاری جێهێشتووە و خەڵوەتی هەڵبژاردووە. زیاتر لە (١٠) فەهلەویی لێماوەتەوە:

(١)

**شەوی خوەش ئەز شەوانێ قەدر دیرا**
**کە سەدرێ عارفان دە سەدر دیرا**
**جە خوەر تاو ئەج دیمش خوەش دە ئیشۆ**
**ئەژ فرۆجان هەزاران بەدر دیرا**

(٢)

**جە ئەویانم چو ئەویان وەندەییمان**
**جە ئەویان یان و دڵ ئاگەندەییمان**
**چو ئەویانمان بە سویێ خویش خوانی**
**چەرا دە رەنجێ گێتی مەندەییمان**

(٣)

**یەرەم ئەج مان برانی مان بەئیجی**
**وەرەم یان رەنجە دیری ئان بەئیجی**
**بەهەر رەە چون بە ئاییێ وییەم من**
**هەمەم کوفر و هەمەم ئیمان بەئیجی**

(٤)

هەنو دە گۆش ئاواجیٚ ئەلەستم
هەنوو جە نعمەتیٚ ئەحسا دیلە مەستم
هەمیدون کوهنە عەهدم نوێی (کەشفی)
تە پەنداری مەگەر ئەمرۆجە وەستم

(٥)

بە غەم کامی کشانی دەوٚریٚ جەهرم
کە ئین ئاشوفتە گەردانی بە تەهرم
جە پیری ئایرم ئاڵاوە کەم کەرد
هەمانا هیزومیٚ ئاڵوودە وەهرم

(٦)

یەر ئەج پیری (مەهان) بی ڕەنگ و بوویی
جە دەردیٚ ناتەوانی زەردە ڕوویی
ئەجین نعمەت تەرا شوکری بەبایر
کە ئین ئەز خواهش ئەممارە دوویی

(٧)

ئەشتە چەشمان چە من دڵ بردەیی تە
لیو ئەز خونی دیلم خوردەیی تە
مەگەر خون بوهر ئان شری کە تە خورد
کە بە ئان خون نر خوو کەردەیی تە

(٨)

هەلا خوەر مەندە چە مانگ جوویی
بیٚ وەفایی جە مایان کینە جوویی
من نەزانست کە شەهرانی ئەمن وات
هەرکە ناکەس پەرستە رەنج روویی

(٩)

هەر سەباحی جە مورغان های و هوویی
زبان بە زکرێ حەق سوبحانەگویی
مەبش بێ یادێ حەق (کەشفی) توو صوبحان
ئەگەر جە حەقپەرستی ئارەزوویی

(١٠)

ئەشتە چەشمان چە من دڵ بردە ما
لەو ئەز خونێ دیلم خوردە ما
گوڵەر بە هەر ئان شیری کە تە خوەرد
کە بان خون خوردەنر خووکەردە ما (پناهی، ١٣٧٩، ١٢٦-١٢٩).

(١١)

تەنم خوشک و ئایرم تیژ ئەبەدایە
ئەز ئایر خوەش ڤەشا خوشک ئابیە چوو

(١٢)

دە پەس موشکین غەزاڵان وەس تەک و پۆ
کادە موسکم گتە کافوور هەر سۆ
ولین ئاڵاڵە ئین باغم خەزان کەرد
بشە ئاڵاڵە ئان رەنگ و ولان بۆ
دڵم چون وشکهە یا ڕەب کە وینم
سیا مەرگ ئایین را رەوشەن ئابە
هەرم تاری کە ئەسپی گەردە وە مۆ
پرە ئاهم پر ئەور ئایا عەجەب نی
کە وەهر ئاڵوودە هیزم پر دهە دۆ
یەنم خوشک ئایرم تیج ئابە دای
ژە ئایر خوەش وەشە خوشک ئابە چۆ
دەم ئەژ گەرمی مەزەن (کەشفی) دە پیری
خوەرزەردی نەبی تاو ئەو خوەر سۆ (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٧١).

**٧. عەبدولمەجیدی تەبریزیی (سەدەی ١٤ز)**

هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەی ئەم شاعیرەوە لە بەردەستدا نییە. لە دیوانەکەیدا دوو تاک_دێڕی شیعری فەهلەویی هەیە، کە یەکێکیان دەدرێتەپاڵ کەسانی دیکەیش:

(١)

**ئەوێ چێهرت خوەراکت ها چنان وەرد**
**چو سوبحم با دلێ گەرم و دەمێ سەرد**

(٢)

ئەم نیودێڕی بە هەندێ جیاوازییەوە دراوەتە پاڵ کەسانی دیکەش:

**نخواهم زندگی بی روی یاران**
**ئەوێ ئانان مە گوڵ با مە بەهاران**

(طرزی و طلوعی آذر، ١٣٩٦، ٣١٧-٣١٧).

**٨. حاج ئەمینەدین بولەی تەبریزیی (سەدەی ١٤ز)**

خاوەنی ڕیساڵەی مەئالیی، کە بەرهەمێکی عیرفانییە و زۆرترین شیعری فەهلەویی تۆمارکردووە و پاراستووە. چەند شیعرێکی فەهلەویی ئەم ڕیسالەیە دەدرێتەپاڵ خودی نووسەر:

(١)

**کیلە ئەج گیسووان بەرەشتە دامی**
**ئەوەندش [بوراران] تازە بامی**
**هەزارش سووتە دڵ ئاوەردە دە رام**
**کیژ ژە ئان نەوند ئەج دیل کامی**

(٢)

**کیلە ول بە وەهاران وێ تە خوەش نی**
**نشتەن ئەو جویباران وێ تە خوەش نی**
**کیلە ئەر تە خوەشی وێ کامیاران**

**ئی نەفەس کامیاران وێ تە خوەش نی**
**کیلە [بانر چو] وێ پا دیم و دیرار**
**کە ما شامان و بامان وێ تە خوەش نی** (بولە، ١٣٢٣، ٥١٩).

(٣)
**بولە چە سوودی ئەنۆتە دیر وانی**
**وەر ردە کو ریج دشوار راهان**

(٤) ئەورامنان:
**بەچ ئەویان تەجەر نی مەندە ئەهرۆ**
**ئەچ ول رەنگ و ئەج وانەوشە بۆ**
**منر بکەر تە چویان دەر و دەشت**
**نە ئەو شلە وەزی نە خورد می شۆ**

(٥)
**بەبەندم وا [لوا] پا دڵ بە زەنجیر**
**دە مێهر ئەج نادە ئان بەهرزت ئەج ویر**
**ژانکە وارویێ نادانش نشانەست**
**مەرز ئەوێ مەزروانان هیر ئەوێ هیر**
(طرزی و طلوعی آذر، ١٣٩٦، ٣٢٤).

**٩. ماما عیسمەت (سەدەی ١٤ و ١٥ز)**

ژنەسۆفیی ماما عیسمەت ناسراو بە (تاج النساء) لە خانەدانی بابا فەقێ ئەحمەدی ئسپستی ئەسەدە. ئسپستی گوندێکە لە نێوان سەردروود و ئسکویە. لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایانی پاشایەتیی (قەرەقویۆنلۆ ١٣٨٠ - ١٤٦٩ز) لە تەورێز ژیاوە. لە کتێبی (روضات الجنان و جنات الجنان) لە نووسینی حافز حوسەین کەربەلایی تەبریزیی (؟ - ١٥٨٩ز) فەهلەوییەکی هاتووە، کە بە زمانی ڕاژیی ناسێنراوە:

**هەنوو مەستی هەنوو مەستی هەنوو مەست**
**هەنوو وەش بادەیێ بوو ئایی ئەژ دەست**
**من بە مەستی خەطایی بامێر ئەژ دەست**
**زووان تاوان دەهان بێزووان وەست** (پناهی، ١٣٧٩، ١٢٥).

**١٠. شەمسی مەغریبیی (١٣٤٨ - ١٤٠٦ز)**

ئەبوعەبدوڵڵا شەمسەدین محەمەد کوڕی عیزەدین کوڕی عادلی بەزازینی تەبرێزیی، ناسراو بە مەلا محەمەد شیرین و مەغریبی تەبرێزیی، (قدوه العارفین و زبده الواصلین). مەغریبیی شاعیر و سۆفیی بووە، کە بۆچوون وایە لە سەر ڕێبازی سوهرەوردیی بووە. دیوانەکەی بە گشتیی بە زمانی فارسییە. مەغریبیی لە شیعرێکدا ئاماژە بە (کورد)ێک دەکات، کە بۆچوون وایە ڕێبەر سەرچاوەی ئەوینی مەعنەویی ئەوە:

**این کرد پریچهره ندانم که چه کردەاست**
**کز جمله خوبان جهان گوی ببردەاست** (مغریبی، ١٣٥٨، ٣).

لە کۆنترین نوسخەی دەستنووسی دیوانەکەیدا، کە لە کتێبخانەی پاشایەتیی لەندەن پارێزراوە، یەک غەزەل و (١٤) چوارینەی فەهلەویی هەیە:

(١)

**ئەر بە دەریا ڕەسەم دەریا تە وینم**
**وەر بە سەحرا ڕەسەم سەحرا تە وینم**
**بەجوز تە هیچ کیجی نی بە گێتی**
**ئەژ ئان هەریا ڕەسەم هەریا تە وینم**

(٢)

**سەحەرگاهان کە دیلم تاوە گیرێ**
**ئەژ ئاهم هەفت چەرخ ئالاوە گیرێ**
**چە دیلم ئازەرین ئاهێ وەرایێ**
**رۆج ئەج تاوە دیلم تاوە گیرێ**
**ئەم شیعرە لە سەرچاوەی دیکە دراوەتەپاڵ (کەشفیی).**

(پناهی، ١٣٧٩، )

(٣)

سەحەرگاهان کە چەشمم ئاوە گیرێ
گێهان ئەج ئاوێ چەشمم لاوە گیرێ
ئەنان خوناوە ئەج چەشمان بوارم
کە گێتی سەربەسەر خوناوە گیرێ

(٤)

دیلە ئەویان چو من سامانە بگرت
چو من بووم و بەر و دامانە بگرت
بەجوز ئەویان نەوینم بەئین بەر و بووم
بەر و بوومم هەمە ئەویانە بگرت

(٥)

خوەر ئەو زەردی شورین بە کەوشەن و هیر
کە دامۆ ئەنداتەمی ئەج رایێ نەچیر
ناگەهان ها کەتۆم بە دامێ چویان
دام و نەچیر و هیرۆم بشۆ ئەچ ویر

(٦)

ئەویان بە دیلە وات ئەج خویشە بوزەر
ها پەی ئەو کە گێهان و پیشە بوزەر
ئەو چەهنام داری کیشە وەرزی
ئەجین ئائین و ئینز کیشە بوزەر

(٧)

ئەو ناد کۆی ئەج خویشە بوزەر
وەرنە ژین فیکر و ئەندیشە بوزەر
نادم ئەهنام داری کیشە داری
ئەژ ئان کیشر ک وی ئین کیشە بوزەر

(٨)

دڵ به چەهنام ئازەر سوتەمی ناد
چەشم یان ئەج دوو گێتی دوتەمی ناد
لاوه چەهنام یەر بیباره ببورد
بەر چه وەه سالها ئەندوتەمی ناد

(٩)

ئەنەک وی سا و سامانی ئەژین ئەنژ
ئەنەک وی دیل و وی یانی ئەژین ئەنژ
ئەنەک پش ناد وه روو د شەو و رۆ
مشه بنگەشته لاوانی ئەژین ئەنژ

(١٠)

مرده دیلم چو ئەویان نیوه بشنیر
ببور چویان دیلم به بەر و ژیر
هەرکه ژیوەنده بوو ببوو چو ئەویان
نەمیرێ تا ک ویران و نەبوو پیر

(١١)

هەرچه ئەویان واته دیله بشنیر
دیله واته چو ئەویان نەشۆ ئەژ ویر
نەبور گێتی که دیلم نەویوان بور
نەویوانی مەتا گێتی بور و پیر

(١٢)

نه ئەمرۆ بور به گێتی و نه مشکیر
نه کۆه و کەوشەن بور نه گشته وهیر
که من بەج ناد کەوشەن تۆمه بنداست
که من بەج گیل کۆهان کرده نەجیر

(١٣)

**نە گێتی بور هەنوو نە کەوشەن و دەشت**
**کو ما چە ئەهنام داری تۆمە می کەشت**
**تۆم چە ئەهنام ئەما ئاوردە بین بووم**
**ئەما ڕەنگ ئەج ول و ئاڵاڵەوان ڕەشت**

(١٤)

**ئەشتە دەردی مەبا کەر با چە من با**
**کو تە دەردی مەبا کەر با چە من با**
**رشتە سەودا بەسەر دیرم شەو و روز**
**چە ما سەودا زەمانی ئەشنە سەر با**

(مغریبی، ١٣٥٨، ٢٥٣-٢٦٣).

(١٥) غەزەل:

لە کۆتاییەوە چەند وشەیەکی تەواونەکردووە. لە نوسخەیەکی کۆنی دیوانەکەیدا دەستمکەوت. لە ڕووی زمانەوە کاریگەریی زمانی فارسیی بە سەرەوەیە:

**هەنوو گێتی نەبود ئەج نیستی هەست**
**کە بود یان و دڵم جویان و سەرمەست**
**نەبود ئەج یان و دڵ نام و نیشانی**
**کە ئەویانێ من ئەویان عەهد می بەست**
**وەر ئان عەهدین کە ئەویان بەستە ها من**
**من ئەج ئەویان پەیمان هیچە نەشگەست**
**منو دەستی وە دامانی بە گێتی**
**کە من بەج ناد و دامان هازرە دەست**
**من ئەج ئەویان کە ئەو ئەهنام ئاورد**
**نام چە ئەهنام بە خوێشە نەبەست**
**مێهر ئەج مێهروانان میشە خوەش بی**

**پەنجە رۆ مێهروانی گەشتە بی گەست**
**نە ئیمرۆجی چەما پەیوەندەد ناد**
**نە ئیمرۆ ئەج دوو گێتی دڵ چەما رەست**
**کە ما دڵ ئەج گێهان ئا رۆژە وەرخاست**
**کە ما ناد یان ئان رۆژە ببریر**
**کە ما و نادمان دەمی وێ خوێشە بنەست**
**چو خویشم (مەغریبی) ئان ڕۆژە وەرخاست**
**کە ئەویانێ من ئان رۆژە پەیوەست**

(طرزی و طلوعی آذر، ١٣٩٦، ٣١٨-٣١٩).

لە کەشکۆڵی دەستنووسی ژمارە (٣٤٣٢)ی کتێبخانەی سولەیمانییەدا دوان لەم فەهلەوییانەی مەغریبیی لە ژێر ناوی (فهلوی)دا هاتوون، کە جیاوازییان لەگەڵ ئەمانەدا ئەوەیە، کە سەر و بۆری بۆ دانراوە و زیاتر بێژەیەکی زاری لوڕییان هەیە.

وەک چەشمم: چەشمۆم، دیلم: دیلۆم، ڕەسەم: ڕەسۆم. (؟، ١٤٢٤، ٤٢٩-٤٤٣).

## ١١. پیر حاجی حەسەنی زەهتاب تەبریزیی (سەدەی ١٤ و ١٥ز)

لە کتێبی (روضات الجنان و جنات الجنان) لە نووسینی حافز حوسەین کەربەلایی تەبریزیی (؟ - ١٥٨٩ز) هەواڵێک هاتووە، کە ئەسکەندەری کوڕی یوسف (؟ - ١٤٣٦ز) سێیەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی قەرەقۆیۆنلو، کوڕێکی پیر حاجی حەسەن دەکوژێت و تەرمەکەی دەنێرێتەوە بۆ بەردەم دەرگای خانەقاکەی. پیر حاجی حەسەنیش ئەم تاک_دێڕە فەهلەوییە دەڵێت:

**ئەسکەندەر روولەمۆ کوشتی روولەکەو کوشاد**
**ولی عومرم پەرپەر بی عومرت شی وە باد**

## ١٢. بەدر شێروانیی (١٣٨٧ - ١٤٥٠ز)

خواجە بەدر یان بەدرەدین کوڕی حاجی شەمسەدین شێروانیی، لە گوندی شماخی یەکێک لە گوندەکانی شێروانی وڵاتی ئازەربایجان لەدایکبووە.

به زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی شیعری نووسیوە. هەروەها دوو شیعریشی هەیە بە زمانێک کە خۆی ناویلێناوە زمانی (کنار آب: ڕۆخی ئاو) کە لە شێوەی شیعری فەهلەویاتە:

(١)

**چو من دڵبەر خوەش و صاحب جەمالە**
**بە ڕوخ بەدرە بە ئەبروان هەلالە**
**هەزاران دڵ بەری بە ناز و شیوە**
**بە ناز و دڵبەری صاحب کەمالە**
**ئەژ ئەو دەم ک شەوەندە ڕووژ بووە شەو**
**ڕوخانم زەرد و خوەنین ئەرسم ئالە**

(٢)

**ئەژ تو وێ سەبر و قەرارم چ کەرۆم**
**ئەژ غەمر خەستە و زار چ کەرۆم**
**بکشم جەور و جەفا و ستەمر**
**نییە غەیر ئەژ تو نگارم چ کەرۆم**
**دشمنم هەر چو بواژۆ گۆ بواژ**
**ئەر تویی دۆست نەدارم چ کەرۆم**
**ئەی دڵارام چو من کو بشریش**
**دە دڵ ئارام نەدارم چ کەرۆم**
**دڵ بە مێهرر چو بەستم چون (بەدر)**
**نییە یەک زەڕڕە قەرارم چ کەرۆم** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٦٠).

**١٣. مەولانا یەعقوبی ئەردەبیلیی (سەدەی ١٦ز)**

پیاوێکی زانا بووە و شارەزای بواری سەربازییش بووە. بە چەند زمان شیعری نووسیوە، لەوانە: فارسیی، تورکیی و کوردیی. لە کتێبی (تذکرەء هفت اقلیم)دا شیعرێکی هاتووە، کە ئاغا بزورگی تارانیی لە بەشی چوارەمی بەرگی نۆیەمی کتێبی (الذریعە)دا باسیدەکات و دەڵێت بە کوردیی شیعری

نووسیوه (الطهرانی، ١٩٨٦، ١٣١١)، که مەبەستی هەر شیعری فەهلەوییە:

**ڕشتەی دەستت بەڵا گوڵگون کری تە**
**تو بە دەستان هەزاران خون کری تە**
**دە ئایینە نەزەر کن تا بوینی**
**کە وینم زندەگانی چون کریتە** (پناهی، ١٣٧٩، ١٢٣).

**١٤. مەعالیی (؟):**

هیچ زانیارییەک لە بارەی ئەم شاعیرەوە لە بەردەستدا نییە، بەڵام شیعرە فەهلەوییەکانی بە ئازەریی ناسێراون، بۆیە لە ڕیزی شاعیرانی هەرێمی ئازەربایجاندا دانراوە.

(١)

**گرفتارم بە دەرد و ئەج دەوا دوور**
**موبتەلایەم بە زەخم و ئەشکێ ناسوور**
**سینە داروم ئەج تیغێ جەفایەش**
**رەخنە رەخنە بییە چون شانێ زەنبوور**

(٢)

**ئەنوی ناڵە غەم ئەندۆتە زانی**
**کە قەدرێ زەڕێ خاڵس بۆتە زانی**
**بووەران پەروانیا باهەم بسووزیم**
**حاڵێ سۆتەدڵان دڵسۆتە زانی**

(٣)

**وێ تە ئەج دەرد و محنەت وانە داروم**
**بە تەهرەمان بە غەم کاشانە داروم**
**ز چەورێ تیغ ئەج میشارێ محنەت**
**پارە پارە دڵی چون شانە داروم**

(٤)

**(مەعالی) دڵ چو دەردان دانە چو نیش**
**ئەوا چەو رو جەفا هەمخانە چو نیش**
**تەهرەوان یار و ئەندۆهان موساحب**
**محنەتان مان غەمان کاشانە چو نیش**

(٥)

**ئەگەر دیوانە هەستیم ئەش تویەم دۆست**
**ئەگەر بی پا و دەستیم ئەش تویەم دۆست**
**ئەری گەبرم بخوانی یەر موسڵمان**
**بە هەر میللەت کە هەستیم ئەش تویەم دۆست**

(٦)

**رۆشنایی مونیایی تو چەشمم**
**ئەسر خونینە ڕێجانی تو چەشمم**
**ئەر بە زهمن نەشام زهمن تۆتیام**
**مونیا زهمیانی تو چەشمم** (پناهی، ١٣٧٩، ١٣٠-١٣١).

**١٥. ئادەم (؟)**

هیچ زانیارییەک لە بارەی ئەم شاعیرەوە لە بەردەستدا نییە. تەنها لە سەرچاوەیەکدا بە هەڵە وا لێکدراوەتەوە کە مەبەست لەم ناوە، ئادەم باوکی مرۆڤە. شیعرە فەهلەوییەکانی بە ئازەریی ناسێراون، بۆیە لە ڕیزی شاعیرانی هەرێمی ئازەربایجاندا دانراوە.

(١)

**دڵا دەردین و داغین بە کیان شوم**
**دوو چەشمێ ئەسرین و خونین بە کیان شوم**
**هەمەم ئەج بەر برانی وا کیان شوم**
**یەرتەم ئەج دەر برانی بە کیان شوم**

(٢)

**چە ئەج ئەویان ختاب ئامە ئەلەستم**
**سیالا ویلاد زەڕڕە بەستم**
**بە پا وەشتم دەست ئەفشا نەمی کەرد**
**وەستەندم هەرچە غەیر ئەویان بە دەستم**

(٣)

**خەسە بانان کە غەم جویان نشینەند**
**پا بە دامانێ جیهان بویان نشینەند**
**خەسە بانان کە ئەج خەڵوەتگەهێ راز**
**زبان بەستە سەخەن گویان نشینەند** (پناهی، ١٣٧٩، ١٣١).

**١٦. خەلیفە سادق (؟)**

هیچ زانیارییەک لە بارەی ناسنامە و ژیانی شاعیرەوە لە بەردەستدا نییە. لە خەلیفەکانی ئاستانی سەفەویی بووە. شیعرە فەهلەوییەکانی بە ئازەریی ناسێراون، بۆیە لە ڕیزی شاعیرانی هەرێمی ئازەربایجاندا دانراوە.

(١)

**زار جا ئەشتە شامانر سەحەر نی**
**قەهقەهر زەهرێ خەندی ویشتەر نی**
**هەمی ناڵی تە دوور ئەز چەنگالێ باز**
**مەگەر جە دامێ سەییادر خەبەر نی**

(٢)

**دڵا غافڵ مەبەش خوەشتن زەمانی**
**قیمەتین گەوهەریش گەنجش چە کانی**
**مەبەش کەرکەس بە هەر مردارە مەنشین**
**شاهێ بازیش جە ئەوجێ لامەکانی** (پناهی، ١٣٧٩، ١٣٢).

**١٧. ڕاجیی (؟)**

هـیچ زانیـارییەک لە بـارەی ئەم شـاعیرەوە لە بەردەسـتدا نیـیە، بەڵام شـیعرە فەهلەوییەکـانی بە ئـازەریی ناسـێراون، بـۆیە لە ڕیـزی شـاعیرانی هەرێمـی ئازەربایجانـدا دانـراوە. دەشـێت مەبەسـت لە ڕاجیی، کەسـایەتییەک نەبێت، بەڵکو زمـانی ڕاجیی (ڕاژیی) بێت، چونکە لە دەستنووسـە کۆنەکانـدا شیعری فەهلەویی لە ژێر ناونیشانی (بالسان الراجی، راجی، راژی)دا هاتوون:

(١)

**من هومایەم سەریٚ کۆهان وەتەن بی**
**کشتگاهم ئەویٚ سەحرا چەمەن بی**
**ئیستخوانی خورەم سازەم قەناعەت**
**بە وەقتیٚ مردن پەڕ و باڵم کەفەن بی**

(٢)

**دنیا خوانی و مەردم کارەوانی**
**روزی ئاڵاڵە و روزی خەزانی**
**سیاە چاڵیٚ کەند و نامش نەهەد گۆڕ**
**بە من واجەن ئییەم ئیشتیٚ فان مانی**

(٣)

**خوشکە دارم بە کۆهان سایەئەم نی**
**بە بەرمان ماندە توفڵیم دایەئەم نی**
**بە بازاڕم شری بازاڕوانم**
**بە بازم شری هیچ پایەیەم نی**

(٤)

**کۆهانم سەربڵندی خوەر مساحب**
**ئەزەم دەردە جری بولبول مساحب**
**یە پەمج روزی دیگەر بایر بوینا**
**نە خانە ماندە نە خانە ساحب**

(٥)

**دنیا داری بەڵایێ من نەزانست**
**مەرگێ من دە سەڵایێ من نەزانست**
**شەهر و مەردم هەمە بایر بوینا**
**مایەئەم پەنج گەز هەلایێ من نەزانست** (پناهی، ۱۳۷۹، ۱۳۲).

**بەشی سێیەم: شیعری فەهلەویاتی هەرێمی فارس**

کورد لەمێژە لە هەرێمی فارسدا هەبوون و ژیاون. وا مەزەندەدەکرێت هەر لە سەرەتای کۆچی ئارياييەكاندا گەيشتوونەتە ئەو هەرێمە. لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لە نێوان هۆزە ڕەشماڵنشینەکانی هەرێمی فارسدا، ناوی کورد بەرچاودەکەوێت. بە هۆی هاوسەرگیریی (ماندانا)ی کچی ئاژیدەهاکی پاشای ماد (٥٨٤ – ٥٤٩ پ. ز) بە کوڕی پاشای هەرێمی فارس، دەستەیەک لە کوردان گەيشتوونەتە هەرێمی فارس (صداقت کیش، ١٤٠٠، ٥٩-٦٠). لە سەردەمی ئەشكانییەکاندا باسی بوونی کورتییەکان و ماردەکان لە هەرێمی فارس کراوە، کە بە باپیرانی کورد و (لوڕ) دادەنرێت (صداقت کیش، ١٤٠٠، ٦٢). لە سەردەمی ساسانییەکاندا هۆزی بازرنگی کورد لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی فارس بووە. هەروەها گۆپانان کە لە دەرەوەی شیراز بوون، کورد بوون (صداقت کیش، ١٤٠٠، ٦٢-٦٣). ساسان هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی ڕێبەرێکی بازرنگی بە ناوی (ڕام بەهەشت) کە لە بنەرەتدا ناوی (دەنگ) بووە کردووە و وانووسراوە کە (نەیریزیی) بووە. بۆیە ئەردەشێری پاپەکان دامەزرێنەری ئیپراتۆریەتی ساسانی بە ڕەچەڵەک کورد بووە (صداقت کیش، ١٤٠٠، ٦٧).

نووسەرانی عەرەب و مسوڵمانیش لەوانە ئیبن ئەسیر، ئیبن خوردادبە، ئیبن فەقیە، ئیستەخری، مەسعوودیی، ئیبن خەوقەل، مەقدەسیی، ئیبن بەڵخیی، یاقوتی حەمەویی و... هتد بە فراوانیی باسیان لە هۆز و ڕەمەکانی کورد لە هەرێمی فارسدا کردووە، کە بەناوبانگترینیان ڕەمەکانی گیلویە، لوالجان، دیوان، شەهریار و کاریان بوون. هۆزی شوانکارە لە بەرانبەر پەلاماری عەرەبەکاندا بەرگرییان لە یەزگورد کردووە (صداقت کیش، ١٤٠٠، ٧٣). ئەم هۆزە تەنانەت لە نێوان (١٠٥٦ – ١٣٥٥ز) لە بەشێکی گەورەی هەرێمی فارس فەرمانڕەواییانكردووە، کە ئەم شوێنانەی گرتووەتەوە: شیراز، کازرون، فەیروزئاباد، نەیریز، ئستبەهان، فەسا، داراب، بەشێکی خۆراوای کرمان و خوارووی ئیسفەهان.

لە مێژووی هەرێمی فارسدا بە ناوەندیی شیراز، شاعیرانێک هەبوون کە

جگە لە زمانی فارسیی دەریی بە زارێکی تایبەت شیعریان نووسیوە. شاعیرێکی وەکو شاە داعی شیرازیی (١٤٠٧ - ١٤٦٥ز) بە (شرزی) واتە شیرازیی ناویهێناوە. لە چوارییەیەکدا دەڵێت:

**سوخنە (عەرەب)ش نە ئەسڵێ خو بوو نمەکی**
**ئوش (پارسی) ئەز عەرەب بەیورووو نمەکی**
**شعر (شرزی)ش بوو مەلاحەت نە تەمام**
**شعر (کانێ مەلاحەت)ێ موە ئوزوو نمەکی** (شیرازی، ١٩٦٠، ٤٢٨).

ئەم دەقە شیعرییانە لە ڕووی زمانەوە پەیوەندیی بە زمانی کوردیی بە تایبەتیی زارەکانی گۆران، لوڕیی و لەکییەوە هەیە. پێدەچێت حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ - ١٨٩٧ز) ئاگاداری ئەم جۆرە شیعرانە بووبێت و بە بەشێک لە شیعری کوردیی گۆرانیی هەژمارکردبێت. بۆیە حاجی لەو بارەوە دەڵێت:

**هەر لە (شیراز)ەوە هەتا بابان**
**پاکی یەک نەزمە پێی دەڵێن گۆران** (کۆیی، ١٣٩٠، ٢٢٣).

بە پێی دەستنووسی دیوانی بوسحاق ئەتعەمە (؟ - ١٤٣٦ز) نوسخەی بەریتانیا، کە بۆ پێنج سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە شیعرە لە ژێر ناونیشانی (الکردیات و اللریات)دا هاتووە و ناسێنراوە. لەو سۆنگەوە بیر بۆ ئەوە دەچێت، کە ئایا بە ڕاستیی دەشێت ئەم زاری شیرازییە زمانی کوردانی دێرینی هەرێمی فارس بووبێت؟ ئەگەر ئەوە ساغبکرێتەوە کە بەڵێ ئەوە زمانی کوردانی هەرێمی فارس بووە، دەبێت ئاسایی وەریبگرین کە تێکەڵ بە زمانی فارسیی بووە. بوونی کورد لەو هەرێمە دوورە و بۆ ماوەی سەدان چاخ و لە ناو سەدان هۆزی غەیرە کورددا، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە وەکو زار و بنزارەکانی دیکەی ناوەندی نیشتمان پوخت مابێتەوە. بێگومان بە هۆی هەژموونی زۆرینەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. هەندێک لە شارەزایان ئەم جۆرە شیعرە بە درێژکراوەی هەژموونی شیعری فەهلەویات دەزانن، بۆیە وەکو شیعری فەهلەویات باسیانکردووە. ئەگەرچی لەو هەرێمەدا جگە

لەم شیعرانە، چەند شیعرێکی فەهلەویی و نەیریزیی ماونەتەوە.

**١. شێخ ئەبوئیسحاقی کازروونیی (٩٦٣ - ١٠٢٣ز)**

ئیبراهیم کوڕی شەهریا کوڕی زادان فەڕڕوخ کوڕی خورشید ناسراو بە ئەبوئیسحاقی کازروونیی. باوک و باپیرانی لە سەر پێڕەوی ئاینی زەردەشتیی بوون. لە کتێبی (فردوس المرشدیه فی اسرار الصمدیه) لە نووسینی (مەحموود کوڕی عوسمان) (١٣٢٧ز)، شیعرێکی فەهلەویی ئەم کەسایەتییە هاتووە. زەردەشتیبوونی باپیرانی، ڕەنگە هۆکاری بەستنەوەی ئەو بێت بە شیعری فەهلەویات و نەریتەکانی شیعری پێش ئاینی ئیسلام:

**من دۆست گوڵ نەبوم کە هەر سەل ماهی**
**من دۆست مۆرد بوم کە سال سالی**
**من دۆست مۆرد بوم خوسرەوانی**
**کە هەمە درەختی بەشەوت-ئەم تو بمانی** (پناهی، ١٣٧٩، ١٧).

**٢. شێخ ڕوزبەهانی بەقەلیی (١١٢٨ - ١٢٠٩ز)**

ڕوزبەهان کوڕی ئەبونەسر فەسەویی شیرازیی کازروونیی، سەدرەدین ئەبو محەمەدی بەقەلیی، لە شارۆچکەی فەسای نزیک شیراز لەدایکبوو. بەقەلیی یەکێک بووە لە عاریفە بەناوبانگەکان. خۆی دەڵێت: یەکەم پیر و مورشیدی من شێخ جاگیری کوردیی بووە. هەروەها دیداری لەگەڵ شێخ ئەبولحەسەنی کوردیەدا هەبووە، کە شێخێکی ناوداری کوردی شیراز بووە. بەقەلیی دوو پارچە شیعری فەهلەویاتی هەیە:

(١)

**شەش تێس هەن کە ڕووح ببدەزونت**
**هەمچو قەلعی کە ئوبدەزند ڤە ئاتەش**
**گەڕ و دونبەل و نەفسێ مەرغێ بەخیل**
**ئینتزار و زەنێ پیر و کەوشێ نەخوەش** (فیروزبخش، ١٣٩٢، ٤٧).

(٢)

**هەرکش وا خودایێ خو خوەش بووت**

**مودام تەر و نەغز و گەش بووت**
**کەش بووت هەمچنان گەش نی**
**گەش نی هەمچنان کەش بووت** (طيب زاده، ١٣٩٢، ٧٠).

**٣. سەعدی شیرازیی (١٢١٠ – ١٢٩٢ز)**

ئەبو محەمەد موشەرەفەدین موسڵیح کوڕی عەبوڵڵا کوڕی موشەرەف، شاعیرێکی بەناوبانگی فارسینووسی شیرازە، کە بەرهەمەکانی وەک گوڵستان و بوستان لە خوێندنی فەقیەتیی لە حوجرەکانی کوردستاندا مەنهەج بووە. لە ناوەندی ئەدەبیی کوردییدا زۆر جار باسی کوردبوونی خۆیشی کراوە. هەندێک جار ئەم دێڕە شیعرە کراوەتە بەڵگە، کە گوایە سەعدیی خەڵکی جوانڕۆیە و لە دووریی کەسوکاری ئەمەی نووسیوە:

**دور گشتم از قبيلەء عمر من برباد شد**
**حرف ابجد را شماريد دويست و هفتاد شد.** (عبدالعزيز، ٢٠١٦: ١٨)

ئەم شیعرەی نەقی یان (نەعتی) کراوەتەوە بەڵگەیەکی دیکەی کوردبوونی سەعدیی:

**نقی (نعتی) از قانون سعدی در غزل دم ميزند**
**خاک کردستان به سعدی غربت شيراز کرد** (عبدالعزيز، ٢٠١٦، ٢٧).

سەعدیی لە شیعرێکدا کە (١١) زمانی تێدا بەکارهێناوە، یەکێک لەو زمانانە وەک خۆی ئاماژەپێیداوە، کوردییە. ئەگەرچی زاری لوڕییشی وەک زمانێکی سەربەخۆ بەکارهێناوە:

**گە بە تازی آستين بر من زند گويد تعال**
**گە بە کردی گويدم: بورا هەنی وەرنا بوەر**

سەعدیی لەمەڕ شیعر بە زمانی دیکە، سێ دێڕی شیرازیی لە گوڵستاندا هەیە، بەڵام زیاتر شیعرێکی بەناوبانگە، کە بە (مثلث سعدی) ناوزەدکراوە. شیعرەکە (٥٤) دێڕە و بە هەرسێ زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و زاری کۆنی شیرازیی. ئەدیب تووسییش پێیوایە کە بە زاری کازروونیی

هۆنراوەتەوە (طوسی، ١٣٣٤، ١٧٥). ئەمەش شیعرەکە بەبێ دێڕە عەرەبیی و فارسییەکان:

**گوش ئە تهون دار غەت خاتر نەرەنزت**
**کە سوخەنی عاقلی دە بار ئوسەنزت**
**کو مونعیم بەی مەبر کول ئەسخ دەرویش**
**کو ئۆنش میبونەی دونبەل مەزەش نیش**
**ببات ئی دەهر و دوهنرا تیر ئەز ئی پوشت**
**نە هەم شوی تیر ئەنە کەمان بو کش ئوی کوشت**
**نە کت تەفسیر و فیق خواند ئەشتی ئەبهشت**
**بەسم دی کەسووری ماند پەیدە بەبدشت**
**کە مسکینی ئوڤەست ئوش حەق تو بەهریت**
**مەخەن شەزدوم نەواخەند ئانکە بگریت**
**عەزیزی کت هەن ئوش هەردەم مەدو پیش**
**کە سوحبەت زر مەلال ئارت بیش ئەز بیش**
**ڤە چە ترش روو ببەی کم تەرغێ خوان نی**
**تەزان مسکی خەبەر هەن کش خو نان نی**
**غەرش نان هاجە ئەز حەلوا نەپورست**
**نونیێ تی گولشەکەر هەن غەت بگورست**
**چە دوند ئوی کش سە پەخ خەردست و تەفتست**
**کە مسکینی ڤە سەرما گوسنە خەفتست**
**نەوا کە بەیفوتە ئەز هنجار و رەستە**
**پەشیمان بەی کە نم خو م تووشە نەستە**
**کە بپەسەندت کە مو خوز غوصە نەکشم**
**کە گردم کرد و نەخرم یا نەبەخشم**
**کە سوفی نادونە کوند ئوش جومە کوو**
**ئەگور جو مونت کش دەر بە ئەز تو**
**چنان تەزدوم دەڤت کت چون خو ڤاکوند**

**که پاکش خەرد ئەدیگ تی چە ڤاکوند**
**که ئحسان بکنه ڤا هەر وی ئوسوولی**
**شەنه میان هەم بجت ساحب قەبوولی**
**غەر ئەز مو مەیشنه ڤا هەر کەس مەگوی راز**
**که جومغی میبورەی خهتەر هود ئەنداز**
**تو ئەز دشمن بترسی غافل ئەز دوست**
**که غەت دشمن ببوت ئەت بپسونت پوست**
**کودەک می دی کەس ئیر و ئه جونی گوفت**
**مەزوم تەس کت قولاشی نەتون ئەشنوفت**
**که خەیرت بوازی مەعنا کت ئەشنوفت**
**بگوی رەحمەت ڤه سەعدی با کش ئی گوفت** (صادقی، ؟، ١١–٣٥).

**٤. قوتبەدین شیرازیی (؟ - ١٣١٠ز)**

له دەستنووسێکی کتێبخانەی (ملی ملک)ی تاران، که کەشکۆڵئاسایەکی بچووکه به ناوی (یتیمیه الدرر و کریمه الفقر) به ژماره (٥٨٧٤) و له مێژووی (٧٩٧ک.م/ ١٣٩٤ز) نووسراوەتەوە، شیعرێکی تێهەڵکێش به زمانی عەرەبیی و زاری تایبەتی شیرازیی له ژێر ناوی (مولانا الاعظم قطب المله و الدین الشیرازی)، که بۆچوون وایه هەمان (قطب الدین محمود بن مسعود)ی فەیلەسووف، بیرکاریزان، ئەستێرەزان و پزیشک بووە. سەبارەت به زمانەکه، ئەدیب تووسیی پێیوایه بنزاری نەیریزییه (صادقی، ؟، ١٣٦).

**فؤادی وا فؤادی وا فؤادی**
**خودا را یارێ مەهرووتان مەبادی**
**موش ئەز غەم می توزم هەر ڕۆ وه صەد بار**
**فلا یخشی من الیوم التنادی**
**نه شەو ئارام و نەز روزم قەرارەن**
**ئەز ئنکم دەر غەمێ هیجران نهادی**
**قەدش سەروەن جه جێ سەروێ رەوان هەن**

**لەوش قەندەن جە جێ قەندێ قەنادی**
**بحق الحب انظر في حبيب**
**بزعم الحب في رغم الاعادي**
**غەرەت جەنگەن برۆم سولحی وە واکە**
**ئەغەر جە دوشمنان نشان ئی نەشادی**
**تو گوفتەی (قوتب)ێ مسکی وانەوازم**
**بەست گوفتست وای زز هەم بوادی** (صادقی، ١٣٨٩، ١٣٧–١٤٠).

**٥. سەیید جەلالەدین تەبیبی شیرازیی (؟ - ١٣٤٣ز)**

ئەحمەد کوڕی یوسف کوڕی ئیلیاسی شیرازیی، ناسراو بە سەید جەلالەدین تەبیبی شیرازیی. حەکیم و شاعیر بووە. یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوشێوەی شاعیرانی شیراز، لە شیعرێکی (ملمع)دا لە پاڵ زمانەکانی عەرەبیی و فارسییدا زاری کۆنی شیرازیی بەکارهێناوە:

**متی ابصرته قلبی ینادی**
**کە دوژمان لولیی شەنگول وادی**
**ترا دی دیدەام در راه یارا**
**چە بودی گر بدی امروز ما دی**
**نە سەبرم وێ تو هەن ئە جان نە ئارام**
**و لا یبقی سکون فی فوادی**
**نبات مصری اندر چوپ گیرد**
**جویند شکری لعلت قنادی**
**چە ئشگەرفن چشێ مەستێ تو ئەی دوست**
**و قال الله من عین الاعادی**
**طبیب ادر شب هجران رویت**
**بە جان آمد دلش از نامرادی**
**شەوێ هجرێ تو ئاخر جون جونن خوە**
**احادا ام سداد فی احادی** (شیرازی، ؟، ١٦).

هەروەها لە غەزەلێکی دیکەیدا نیودێڕێکی فەهلەویی بەکارهێناوە:

**شبی از زیر زلف آن روی بنمای**

**شەو ئەر چە تەهرە بۆ هەم رۆجە وابی** (شیرازی، ؟، ١٥).

### ٦. ناسرەددین خەتیب شەفعەویی (سەدەی ١٤ز)

ئەم شاعیرە خەڵکی شیراز بووە. لە دەستنووسی بەیازێکدا بە ناوی (بیاض تاج الدین احمد وزیر)، کە لە مێژووی (٧٨٢ ک.م/ ١٣٨١ز) نووسراوەتەوە، (صادقی، ١٣٩٣، ١١٨) شیعرێکی (ملمع) تێهەڵکێشی هەیە بە هەرسێ زمانەکانی عەرەبیی، فارسیی و زاری کۆنی شیرازیی، لێرە تەنها دێڕە شیرازییەکان دەخەینەڕوو:

**موسەڵمونان وە سەرێ جەهل هەن چەشێ شۆخش**

**چونون ببرد دڵ ئەز ئەهلێ دڵ وە نائەهلی**

**کە هیز شوغل و عەمەلمی دی نی وە غەیر ئەز عشق**

**چە بووت ئەغەر نە گێهان شوهرەهەم وە وێ شوغلی**

**وە شکل و شیوە غەمان دڵ ببە حەڵاڵش با**

**کە نیست هەمتی لوولیی ئەما و خوەش شکلی**

**غە کیبورێ دوعیی موز ئە ئاسمان پەیمن**

**بوا ئەکەندو وە تیرە سپەرشێ بەدفعلی**

**خەلیفە زەدغ وە حەق شەعمێ ئەیوونێ ئیسلیم**

**کش ئاستونغ ئوین کەعبە جانبێ قەبلی**

**بناهێ خەسرەونێ موڵکێ بەڕڕ و بەحر گێهان**

**جە رووم و چین و خوراسان جە تانە وو دللی**

**شرێ نرێ بشی فەتح شاە ئەبوولحیرس**

**کە می رەست ئەنە مردیش لافێ وێ مسلی**

**کە موڵکشان ئەتو مەی دا وە ڕەسمێ موڵکیەت**

**نە ئون قەبالە نقشتە قەزاش کە حەدلی**

**کە شمشیرێ تو کلیلێ دەرێ مەمالک هەن**

**بشاش که وه بەره هەر که کاندن قوفلی**
**که خەسم تو بور ئەز ئەرسێ عەقیقشن جومێ چش**
**دومش ئوکش کته عومر ئەوزەیا مەی لەعلی**
**ئەزون دوو ره وه بەریکی ئولات هەر مەه مەه**
**که بوو که ئەسبێ تو کاندن قەبوول وەش نەعلی**
**وه بەدرەقی جونێ تو هەر کو سالحی هستن**
**شه پش نه دەست شەو و روز موسحەفی رەحلی**
**هەزار باب ئەنه دەفتەرت عومر با یا ڕەب**
**ئەزی رەسیلەی سالێ دراز چا فەسلی**
(افشار و تیموری، ١٣٥٣، ٧٩–٨٨).

**٧. پوس ناسر (؟ - ١٣٦١ز)**

شەمسەدین محەمەد کوڕی ناسرەدین عومەری شیرازییە و ناسراوبووە به شەمس پوس ناسر. دوو نوسخەی دیوانەکەی لە بەردەست بووە، کە ئێستا نەماون. نوسخەیەکی دیوانەکەی لە ئەڵمانیا، کە زیاتر لە (٨٠٠) دێڕ بووە، لە جەنگی دووەمی جیهانییدا لەناوچووە. نوسخەیەکی دیکەی لە مۆزەی ئاستانەی قودسی ڕەزەویی کە زیاتر لە (٢٠٠٠) دێڕەشیعر بووە، بە هۆی کەمتەرخەمییەوە فەوتاوە (فیروزبخش، ؟، ٣٤٩).

ئەم شاعیرە سەرسامبووە بە شیعرەکانی سەعدیی شیرازیی. کاریگەرییەکە تا ئاستێک بووە تەنانەت دێڕەشیعری سەعدیی وەکو خۆی وەورگرتووە و وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردیی شیرازیی.

سەعدیی:

**سفر دراز نباشد به پای طالب دوست**
**که خار دشت محبت گلست و ریحانست**

پوس ناسر:

**سەفەر دراز نەبوتن وه پەی تەڵەبگەرێ دۆست**
**که خارێ دەشتێ موحیبەت گوڵەن و ڕێحان هەن** (فیروزبخش، ١٣٩٢: ٤٤)

چەند نموونەیەک لە شیعرییەکانی شەمس پوس ناسر:

(١) یەکەم غەزەلی دیوانەکەی:

**خەتتش تۆ دی بەنەفشە دوودش وە سەر ئەدەرشۆ**
**ئی را ئە سەر پەرک تێت وەز بارێ غەم دوو تا هەن**
**وا رەنگێ رووتێ نێهکو بەڵگێ سەمەن گیا هەن**
**وا چینێ زوڵفێ خوەش بۆت موشکێ خوتا هەن**
**هەرجا کە شی مۆت ئەز دۆم چۆن سایە سەر گیان بم**
**سەر ئەز رەهم مەگەردان کەم وا تۆ سەر وە ڕا هەن**
**هەرکێت خۆنت وە ئەفتاو بەشجم قەفا ئەزێرەک**
**تۆ ئەفتەوی هی کێت شەمس چو سایە ئەز قەفا هەن**
**سەربر و قەرار و ئارام وەم جەی خۆ هەر یەکی بوو**
**تاتۆم دەست ئەز ئانها ئمرۆش جا وە جا هەن**
**مۆت کۆشت و نەت دەدم کام غەر هی دەری رەوا هەن**
**ئیها بۆری بەشێ مۆ نە تەرغ و تەز رەوا هەن**
**شەهریت سەرڤالا دا ئەز حەد مەبەر کە ئی شەهر**
**ئەز عەدلێ شاهێ عادل دوور ئەز وەلا وەلا هەن**
**تۆم گوفتە شەمسێ ناسر سی ڕەە کە عشقبازیش**
**هەفت جەل بوات و هەش جەل باقی هەمە فووت و با هەن**

(نوابی، ١٣٥٨، ٢ ٥٠-٥٠٣).

(٢)

**ساقی شەراب ها دە کە ئەمەدەست وەختێ گوڵ**
**بولبول ئەمە ئە جۆش ئو وە جۆشەن دەرەختێ گوڵ**
**ئەز بەس کەشان شەراب ئەنە پەی گوڵێ ئەزار رەهت**
**ئالودغێ ئان وە ئی رەهۆ بوو رەخت و پەختێ گوڵ**
**بەختێ موعاشەران ئەنە وەختێ گوڵێ جووان**
**یا ڕەب کە با جووان ئەنە هەر وەخت بەختێ گوڵ**
**گوڵ سوڵتونێ چەمەن هەن وە سونعەت گەران**

ئەز تەختهایێ زومرودشان ساخت تەختێ گوڵ
ئەز زەوقێ نەغمەیێ خوەشێ بولبول مەغش بدەرد
غەرنە چەرا هەن ئەدنە جومەی لوخت لوختێ گوڵ
ئێی دریغە و سەد دریغ کە وا بولبولێ عەشق
ناگە ببوت سستێ پەیمانێ سەختێ گوڵ
دەستێ بەدێ سەڤوک سەرێ سەرگەشتە کەت خەبەر
وێ بەرگ و ساز بەرێ بونت ئەز باغ رەختێ گوڵ
ئێی (شەمسێ ناسر) غە چە وێ شک حەرام هەن
تەرپی وەلی نەخۆردە حەرامەن وە وەختێ گوڵ
(فروزندەفرد، ١٤٠٠، ٣٧-٣٨).

(٣)
ئیمرۆم وە رەە سەرووێ نەزی دی کە رەوان بوو
یاقووت لەوێ بوو کە لەوش قووتێ رەوان بوو
زنجیل موویی ماە روویی برۆ هلالی
شۆجێ شرنی لەوشەکەری پستە دەهان بوو

(٤)
ئەفتاوەن ئەز پەسێ سوبح ئەوری وە رووی قەمەر هەن
یا گوڵ منە سەمەن یا خوەری زەرێ جە دەر هەن
جۆشی وە مروەری هەن کش گەردێ روو ئولەمدەست
یا سورخی شەفەق کش جۆشی سەتەرە وە سەر هەن

(٥)
ئیمروز چەن روزەن کە نەماندی روویێ تو دۆست
ئەز هیز باد ئەمەش نەرەسیمان بوویێ تو دەست
وەم ئاوە چە مەگیر وەمیرە ئانەش برۆە
چو خاک ئەگەر وە باد بەشم ئەز کوویێ تو دۆست
(مرادی، ١٣٩٠، ١٨٢-١٨٣).

## ٨. حافیزی شیرازیی (١٣١٥ - ١٣٩٥ز)

جـواجە شەمسـەدین مـحەمەد کـوڕی بەهـائەدین مـحەمەدی حـافیزی شـیرازیی، ناسـراو بە (لسـان الغیـب) و (ترجمـان الاسـرار)، یەکـێکە لەو شـاعیرانەی مێـژووی ئەدەبیـاتی فارسـیی، کە زۆرتـرین کـاریگەریی لە سـەر شـاعیرانی کورد داناوە و هاوشـانی سـەعدیی شـیرازیی لە هەموان زیـاتر لە ناوەنـدی ئەدەبیـی کلاسـیکی کوردییـدا نـاوێکی دیـار و ئاشـنایە. حـافیزی شـیرازییش یەکـێکە لەو شـاعیرانەی زاری شـیرازیی کـۆنی بەکارهێنـاوە. لە غەزەلێکی بەناوبانگ بە (سمت سلمی) هەرسێ زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و زاری شـیرازیی تێهەڵکێشـکردووە. هەنـدێک پێیـانوایە بە لـوڕیی بنـزاری تویسرکانییە. ڕەنگە ئەمە لەو دەنگۆیەوە هاتبێت کە حاجی زینعابدین شیروان (١٧٧٩ - ١٨٣٧ز) نووسەری کتێبی (ریاض السیاحە) لە باسی تویسرکاندا، کە ئێستا شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای هەمەدان و خەڵکەکەی کوردی لوڕن دەیگێڕێتەوە و دەڵێت لە ناو خەڵکی تویسرکان دەنگۆی ئەوە هەیە، کە حافیز خەڵکی ئێرەیە و دواتر چووەتەشاری شیراز. (شیروان).

حافیز لە غەزەلەکەیدا لە دێڕی چوارەمەوە زاری شیرازیی بەکارهێناوە:

**امن انکرتني عن عشق سلمی**
**تەز ئەووەڵ ئان روویێ نیهکو بوادی**
**کە همچون مۆت بەبوتن دڵ ڤە ئی رە**
**غریق العشق فی بحر الوداد**
**بە پەی ماچان غەرامت بسپریمن**
**غەرەت یەک وێرەوشتی ئەز ئەما دی**
**کە غەمت دڵ بواتن خۆرد ڤە ناچار**
**ڤەغەر نەئەوْبنی ئانچەت نەشادی** (شیرازی، ١٣٣٦، ٣٥٦).

## ٩. بوسحاق ئەتعەمە (؟ - ١٤٣٦ز)

شێخ جەمال ئەبو ئیسحاق ئەحمەدی کوڕی حەللاجی شیرازیی، ناسراو بە (بوسحاق اطعمە)، سەرەتا لە سەر بنەمای نوسخەیەکی دیوانەکەی کە بۆ

(٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لە ئەرشیفخانەی وڵاتی بەریتانیا پارێزراوە و چامەیەکی تێدایە بە زمانێکی تایبەت و لە سەری نووسراوە (الكرديات و اللريات)، هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش دیوانەکەی لە شاری ئیستەنبووڵ چاپ و بڵاوکرایەوە، چامەکە بە هەمان ناونیشانەوە دانرایەوە. تاکو ئێستا وادانراوە کە هەر ئەو چامەیەی هەیە لەگەڵ چەند دووبەیتییەک بە هەمان زمان، بەڵام بە پێی ئەم نوسخەیەی دیوانەکەی لە ئەرشیفخانەی نەتەوەیی بەرلین لە ئەڵمانیا، بوسحاق شیعری دیکەی بەم زمانە هەیە کە بەم جۆرەیە: غەزەلێکی تێهەڵکێش لەگەڵ زمانی فارسییدا، (١٣) غەزەل، چامەی ناسراو بە (الكرديات و اللريات)، چامەیەکی درێژی تەرجیعبەند، دوو دووبەیتیی و دوو تاک_دێڕ ناسراو بە فەهلەویات، غەزەلێکی تێهەڵکێش بە حەوت زمان، کە یەک دێڕی بە زاری شیرازییە و یەک دێڕی بە زاری فەهلەوییە.

(١)

چامەی ناسراو بە (الكرديات و اللريات)، لە چاپەکەی ئیستەنبووڵ تەنها (٢١) دێڕی هاتووە و ئامادەکاری چاپی دیوانەکە لە کۆتایی چامەکە ئەمەی نووسیوە: تصحیح این قصیده موقوف به دانستن زبان لوریست. (شیرازی، ١٣٠٣، ٢٠). واتە: ڕاستکردنەوەی ئەم چامەیە لە سەر زانینی زمانی لوڕیی ڕاوەستاوە.

**ئە ئی کەم ئارەزوویی تو هەن و قوتێ جان هەن**
**پوست کەندت بکەیم بوشتێ بەڕڕە بریان هەن**
**کەشکەکەن یا دومشەن سینەش چەربەن ڕووهن**
**وە حەق نان کە لەوخوشک موەش ئی دەرمان هەن**
**سفرە هەن چەتر شەهەن سەحنێ فەلەک تەفسی چەرخ**
**مەهێ بەدرەن نەزونم قورسێ خورەن تابان هەن**
**کاجەن ئان شەوشەن سەروو سەهی شاخێ موخەن**
**مۆردەن ڕەیحون صەوزەن نەزونم تەرخان هەن**
**مورغەن ئان کەوکێ تهو کەفتەرێ سەحرائی هەن**

کەز برنجش سەر ئولمدەست وە تەنش پەنهان هەن
جۆشێ بەرغی دولەیی هەن ئینە یا نمغی نان
یا قوطابی کە وینک نەجەقێ پەیکان هەن
نە ڕوی خەرمەنێ گوڵ ساعد و سەرساق ڕواس
دەستەی عاج دوو تا هەن یا مەهی دندان هەن
ئانک مەجمووعەیێ ڕەوغەن هەن و شیر و مسکە
دوکان هەن کە گومان هەن ئەیە بوستان هەن
شیردان هەن نەزونم زیچکەن ئەن یا سوری
یا بلووری وەجب تراشیدە ڕەخشان هەن
ئەنی توی دورجەک کیپا نوخوە کەم دی دڵ گوفت
بوندروی دوقتەک و دەستو دوری غەڵتان هەن
کەللەسەر کە وە سەرداری مێش دەعوای یوت
پاچەش وە دەست دەلیلەن کەدەکش بورهان هەن
ئەرس خونی چغەرک میرزتەن ئەز دەم چش
فارغ ئەز ئوی سەربەربان و لەوێ خەندان هەن
چەم بریان کەدەک شیرخورێ بوزغالە
بەخجەکی هەن کە کویاشانە بەر مامان هەن
ئانچە مەز گوشتێ مورادەن دومەیێ سروور کن
وانچە مەز کەللە عەزیزەن چش وازوان هەن
تو مەپەر گردێ عەدەس نە بزارێ سەودا
کە گران هەن پیش موە گەرچە ونهر ئەرزان هەن
مەیلێ مەیدان مقیلەن و مسلی شکلی مەبار
لە کویش کوند هەن و کوچەیێ ما چەوگان هەن
نون وەرکویی دوشی زمە روی یخنی نا
پەشمەک ئاسورخ کەمیتی نە زر بەشمان هەن
نە توی کورەیێ قزغان رون یخنی کو ببەر
ئەز سەرێ سەختی و سوفتی وە مون صندان هەن

گەر تو سەد ئیستر قوربان نسەنە خوانێ کەرەم
پش دە تا زللەبەن هەمچی کەسی قوربان هەن
نە سەر سفرەی تورکان نە تەرئاش یخنی
غارەتی هەن کە وە مەعنا نە کەم ئەز تالان هەن
ئە هەم دوا فتادانە ندیخ ئەسبان هەر روز
کەم یەکی ئەز فەلەک وەرد نەوە یەک نادان هەن
نونێ پوهنش ئەشونوز گوفت کە خاڵێ تو نە ڕووم
هندوویی هەن کە مەقامش ئەنە تورکستان هەن
نە موینێ چین کلوچە شەوقێ زەنگی خاڵ
عەنبەرین خوردەیی موشکن زرەیێ کرمان هەن
حەلوا توشە کە می شوت ئەصفەر و ئیخنی
خوردە ریزش زرە کاک ئەنە بەر خوفتان هەن
شەهیدی هەن بوتێ فرنی ئەکەنە رخسەن سەرحان
زەر و بالش هەمە هەمچوون دڵێ موە لەرزان هەن
نە بەین شەهیدن ئەتعمە نوورینە زخان
لعبەتی لەوشەرەن لەو لەری فەتان هەن
پستە لالەن ئەنە مەدداحی لەوزینەیێ قەند
بەضومش چش ئەنە یاقوتێ عەسەل حەیران هەن
ڕشتە هەر گە کە وە لەوزینە خوە وامی بیخت
تو کویاشا دوو شەکەر لەوان هەم پیجان هەن
نەزونی خوەش نەظەری غەر ئەنە باغی میرووت
مەم نەظەر کەر مەگەر ئان تەرەک ریحان هەن
حورمەتێ ڕووح خواودار و کولیچە و حەلوا
کە نەن گەردک و خورما پڕ گورستان هەن
نە گزر وادودە سەعبونی و قەندی و نەبات
کە پیشێ شعر موە هەمچوون چورگ و ئشنان هەن
ئینە حەلوا پخە دەر (بوسحاق) و نە تەرتیبێ تەعام
ئەنوەری هەن وە قەسیدە وە غەزەل سەلمان هەن (اطعمە، ؟: ١١٧)

(٢)

نموونەی غەزەلی بوسحاق:

**تەز عارض و رووی و زی**
**ئە شەمس و قەمەر تێتن**
**تەز قەندێ دوو لەۆ شوری**
**ئە میسر شەکەر تێتن**

**دە بنوقەی مشک ئاڵوو**
**بە شەهلە نە گولی ئەتلەس**
**کم دڵ سەراکە می نیت**
**هەر کەت ئە کەمەر تێتن**

**ئەز چەشمەیێ نۆش لەۆ مە**
**گولو حوجون ئەی قەترە**
**کەز گەرمیێ عشقی تو**
**قەشتم ئە جەغەر تێتن**

**ئەز قەندێ لەۆت شەکەری**
**ئی شەو وە روزم بوردەست**
**ئی ئوشرکەک ئە زانوی هەن**
**کم هەردەم ئەبەر تێتن**

**هەرچەن کە حەدەر میکاند دڵ**
**ئەز سەرێ زوڵفێ تو زەر**
**زولفێ تو وەریوی دە**
**وا ئایێ دڵ زەر تێتن**

**تەبنورم وەنی تو سوفی**
**کەی ئە هەم کیەتن**

**توت روو نە چلە و زوهدن**
**موم وە ئەی ئەسەر تێتن**

**روودێ دوو چەشمت (بوسحاق)**
**زینهار کە بشکی تی**
**کەز ئەرسێ تو دوو عاڵەم**
**ئە مەوج خەتەر تێتن** (اطعمە، ؟، ٩٥).

(٣)

دێڕە شیعرێکی فەهلەویی لە غەزەلێکدا لە ژێر ناونیشانی (این غزل مشتملست بر هفت لغت):

**بپەچیم بەهرێ تە ئەهرۆ درنتی پڵاو کونلی**
**تە بە فەقر ئەگەر بەساچی وەە بە ئین و ئەن نەواچی** (اطعمە، ؟، ١٠٩).

بوسحاق ئەتعەمە دوو چوارییینە و دوو تاک_دێڕیی فەهلەویی هەیە، ئەمەیش نموونەی چوارییینەکانی:

(٤)

**(بوسحاق) مەبش پوختە وە هەر لوقمە کە خامەن**
**گەردش مەپەر ئان سفرە کە بەر لوت حەرامەن**
**ئەمرۆ و بەرۆ ئە بەس نەن فەردا کە وە کار**
**وم شەو بەر بکناس کە بەندێ ئاب حسامەن** (اطعمە، ؟، ١٢١).

**١٠. قاری یەزدیی (١٤٦٢ز)**

مەولانا نیزامەدین کوڕی مەحمودی قاری یەزدیی، بە گشتیی شیعری گاڵتەجاڕانەی نووسیوە و باسی هەموو جۆرە جلک و پارچە چنراوەکانی کۆنی کردووە، بۆیە دیوانەکەی بە (البسە) بەناوبانگە. سێ تاک_دێڕیی فەهلەویاتی هەیە:

(١)

**پوستەک تاندەر نەدەت مەک بەر میخ لەبیس**

**شیعر ئەلبسە نەت قەیدس قیری وا هەن**

(٢)

**نەبوت ئەلبسە قەدرش ئەو وەکە ئەتعەمە من**

**کە دوستەر هەمشان خەڵق کشمش ئەز یەمدانەک** (یزدی، ١٣٠٣، ١٢٨).

**١١. پور فەرەیدوون (سەدەی ١٤ و ١٥)**

مەزەنــــدە وایە کە ســـــەدەی ١٤ و ١٥ز ژیابێــــت. یەکەم ســــەرچاوە ئاماژەپێکردبێت، (فرهنگ جهانگیری)یە، لە نووسینی جەمالەدین حوسەین کوڕی فەخرەدین حەسەن ئینجو، کە ساڵی ١٥٩٦ز تەواویکردووە. لە دوای ئەو، (نظم گزیده) باسیدەکات کە لە نووسینی محەمەد سادق نازم تەبریزییە و دەڵێت: پور فەرەیدوون لە کوردەکانی فارسە (بورەکەیی، ١٣٧٠، ٣٩١-٣٩٢).

بە هۆی ئەوەی زمانی شیعرەکانی هەمان زمانی شیعری باباتاهیرە، ژمارەیەک لە فەهلەوییەکانی کەوتووەتەناو دیوانی باباوە و بەو هۆیەوە پور فەرەیدوونیان بە باوکی بابا داناوە، بەڵام بە دەستکەوتنی کەشکۆڵ و تەزکەرە کۆنەکان دەرکەوت نزیک ٢٠ فەهلەویی پەرتەوازەی ماوەتەوە لەگەڵ تاک_دێڕێکدا، کە فەرهەنگی جیهانگیریی خستوویەتیەڕوو:

(١)

**موخلف خالداریَ مو لەوَ شەکر وە کەفا خوشەن**

**حاجەتیَ وەسفیَ بەندە نیە هەرکە خوشەن مەجا خوشەن**

(صداقت کیش، ١٤٠٠، ١٤٩).

(٢)

**مو ئەژ «قالوا بلی» تەشویش دیرم**

**گونەە ئەژ بەرگ و باران بیش دیرم**

**چو فەردا نۆومەخوەنون نۆومە خوەنن**

**مو دەر کەفیٚ نۆومە پیش دیرم**
**ئەم شیعرە لە سەرچاوەی دیکە دراوەتە پاڵ (مەعالی).**
(پناهی، ١٣٧٩، ١٣١).

(٣)

**ئەگەر مەستان مەستیم ئەژ تە ئیمان**
**وەگەر بی پا و دەستیم ئەژ تە ئیمان**
**ئەگەر گەوریم و تەرسا وەر موسڵمان**
**بە هەر میللەت کە هەستیم ئەژ تە ئیمان**

(٤)

**دیلا تا من وە سەردارۆم دەمیٚ تە**
**نەدارۆم عالەمی جوز حالەمیٚ تە**
**جیهان بشی و دڵ بشی و جان بشی**
**نەشی نەشی ژە دیل شەوقیٚ غەمیٚ تە**

(٥)

**دیلا جوز شەوقیٚ تو بازۆم نەبازۆم**
**بجوز تو وا کەسی سازۆم نەسازۆم**
**تویی ناز و نیازیٚ هەردوو کەونم**
**بجوز وەسڵت ژە حەق خوازۆم نەخوازۆم** (بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٣٩٣)

(٦)

**بورە کەژ دیدە جەیحوونی بسازیم**
**بورە لەیلی و مەجنوونی بسازیم**
**(فەرەیدوون)یٚ عەزیز ئەژ دەستیٚ مو رەفت**
**بورە ئەژ نو فەرەیدوونی بسازیم**

(٧)

**عەزیزا مەردی ئەژ نامەرد نایی**
**فغان و ناڵە ئەژ بیٚ دەرد نایی**

**حەقیقەت بشنەڤ ئەژ (پورێ فەرەیدوون)**
**کە شوعلە ئەژ تەنوورێ سەرد نایێ**

(صداقت کیش، ١٤٠٠، ٤٨-٤٩).

**١٢. شاهـ داعیی (١٤٠٧ - ١٤٦٥ز)**

سەید نیزامەددین مەحمود کوڕی حەسەن ئەلحەسەنی، یەکێکە لە شاعیرانی شاری شیراز، بۆیە بە (داعی شیرازی)یش بەناوبانگە. داعیی دوو کۆمەڵەشیعری بە زاری شیرازیی کۆن هەیە، بە ناوەکانی (کان ملاحت) و (سە گفتار)، کە زیاتر لە (٧١٩) دێڕەشیعرن. زمانی شیعرە شیرازییەکانی داعیی زیاتر لە هەموو شاعیری دیکە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی فارسییەوە.

چەند نموونەیەک لە کۆمەڵەشیعری (کان ملاحت):

(١)

**ئاوێ حەیات دەم وە دەم ئەخزەرێ سەوزە دەت**
**کەش قودرەتێ ئەورا هەم ئوە ئە بادێ نەوروزی**
**نەقشێ نەققاشێ چین خەجڵەن ئەز بەهار و گوڵ**
**سونعێ خوداش می بەرزەت عالەم ئەفروزی**
**وەش حەمد و شوکر جوملە مورغان نە غولغولەن**
**تەسبیح ئوی نە ئەز ڤەنێ قومری و بولبولەن**

(شیرازی، ١٩٦٠، ٤٢٣-٤٢٤).

(٢)

**ئەسڵێ هەستی پشێ مو زاتێ تو هەن**
**پەرتویێ زاتێ تو سفاتێ تو هەن**
**خزرێ دل کە علمێ ئوی عشقەن**
**زینە ئەز چەشمەیێ حەیاتێ تو هەن**
**موسا جان نە توورێ شەوق و وەلە**
**مەستێ ئەحوال و وارداتێ تو هەن**

**هەر کە سەبت ئەز تو بوو نە دەفتەرێ عشق**
**قەدرێ وەسڵێ ئوی ئەز بەراتێ تو هەن**
**قوربێ تەش و ئەت هەر کە بووت وەلی**
**چەرەمان نی کە وات واتێ تو هەن**
**دل هەر زەڕڕە شەز تو هەن وایە**
**تو هە مێهر و کەیهانت هەن سایە** (شیرازی، ١٩٦٠، ٤١٨).

(٣)

نموونەی شیعرێک لە کۆمەڵەشیعری (سە گفتار):
**سەعی بکان تا ئە مەقامی رەسە**
**وەرنە چە حاسڵ کە ئە نامی رەسە**
**کەم بخوە کەم خاو بکان کەم بگوی**
**عزلەت ئەبش کەی فەراغەت بجوی**
**زکر بکان فکر بکان هادە نان**
**نان ئەغەرت نیست عەوەز هادە جان** (شیرازی، ١٩٦٠، ٤٣٦).

## ١٣. ئەبولفتوحی تاوسیی (١٣٨٨ - ١٤٦٦ز)

ئەبولفتوحی تاوسیی، کە ناسراوبووە بە (مولانا شیخ الاسلام سعید نور الملة و الدین). هاوشێوەی شاعیرانی شیراز شیعرێکی (ملمع)ی بە هەرسێ زمانی عەرەبیی، فارسیی و شیرازیی کۆن هەیە. ئەم شیعرە لە دەستنووسی بەیازی ژمارە (٢٨٥٤)ی کتێبخانەی سولەیمانییە بەشی شەهید عەلی پاشا لە شاری ئیستەنبووڵدا هاتووە. بەیازەکە لە لایەن عەلی ئەکبەر یەحیا کوڕی مەحمودی زەنگی عەجەم قەلەندەر و ناسراو بە قوتبەدینی قەلەندەر نووسراوەتەوە. دێڕە شیرازییەکان بەم جۆرەن:

**وە بانگێ بولبولێ موتریب وە ڕەخسێ ئولستا سەرو**
**چنار دەست زە ئش کرد دامەنێ جەمە چاک**
**کە گوڵ دەمی وە چەکاوک نەلی وە وەختێ سەحەر**
**غەر ئەز مو میشن ئوش هو تەران دوو کاسەیێ پاک**

**که جامێ لاله نه باغ ئەر شەرابێ پاک پڕن**
**ده باک وا خوه سه جا کاسەکەت مباغم وه باک** (ایمانی، ١٤٠٠، ٤١).

## فەهلەویاتی خاوەننەزانراو

### ١. نامەکانی عەینولقوزاتی هەمەدانیی (١٠٩٨ - ١١٣٠ز)

عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی عەلی میانجی هەمەدانیی، ناسراو بە عەینولقوزاتی هەمەدانیی، عاریفێکی بەناوبانگ بووە. باباتاهیری بە مامۆستای خۆی باسکردووە. لە ساڵی (٥٢٥ک.م/ ١١٣٠ز) لە سەر بیروباوەڕەکانی شەهیدکراوە. بەرهەمێکی هەیە بە ناوی نامەکانی عەینولقوزات، کە لە سێ بەرگدا چاپکراوە. لەم نامانەدا هەندێک شیعری خستووەتەڕوو، کە خۆی بە ناوی (ئەورامەن) و (ئەوراما) و (ئەورامەنە)ی ناساندووە، کە هەموویان لە جۆری شیعری فەهلەویاتن. چەند دانەیەک لەم شیعرانە خاوەنیان دیارە، وەکو بونداری ڕازیی و شێخ فەخرەدینی لوڕ. ئەوانی دیکە ڕەنگە هیی خۆی بن.

(١)

**سیا واشامەی پیشین ئەما کەژ**
**وا دەران چە کەرد و ئین چە بوو**

(٢)

**من نه به ئان ئامەیم ئەبەر توو**
**که به جەفا شەم و به دشنام شەم**

(٣)

**ئەر به نادانمان گویی رەوایی**
**بمایی خوەرزەوەن بی بەشمایی**
**وەر نه هەر زندەمان به ئالاڵه ئین دەشت**
**وای بەج وادەران دیم ئەچ سیایی**

ئەم شیعرە لە (مفتاح التفاسیر) دووەم کتێبی (مجموعه رشیدیه)دا هاتووە.

(٤)

**به شەهر واجەن بەهەشت و دوزەخی نی**
**منیٚ ژیوەندە وا چەشمان خود دی**
**وەهەشت ئان رۆ کە دانا مێهر پەیوەست**
**دۆژە ئان رۆ کە دانا مێهر ببەری** (صادقی، ١٣٨٢، ١٤-٢٣).

**٢. دەستنووسێکی (سەدەی ١٤ز)**

لە دەستنووسێکی کتێبخانەی مۆزەی بەریتانیا بە ژمارە (Add 9838)، کە پێکهاتووە لە دوو کتێب و لە کتێبی دووەمدا کە چیرۆکی سولەیمانی کوڕی داودە و لە سەدەی (١٤ز) لە لایەن شەرەفەدین زینولئیسلام ئەبوو یەعقووبی کوڕی یوسفی کوڕی عومەری تەبرێزیی موفتیی و پێشەوای ئەڕڕان و ئازەربایجان نووسراوەتەوە، ئەم شیعرە فەهلەوییانە هاتوونە:

(١)

**دەمیٚ ئازەر زانی زانە کەردەن**
**دیەر کە مێهرەوانی زانە کەردەن**
**کە وە ئازەرم و مێهرش دڵ ببەندام**
**نە با کا و گەردەکانی زانە کەردەن**

(٢)

**ئارۆ کە من دە باغان ول نشانست**
**شەهران جە ئالاڵە ئەن نامی نەزانست**
**ئەمە وادی وە داری کەتە دە باغ**
**ژین جە من باغ ول پەرش بشانست**

(٣)

**بەج خودەم دەشت تەللە دە مەی ئامیت**
**نە وا خوردەن شەهۆم نە بوشەهۆم ریت**
**تاوان ئەز کە کەرۆم دیرەج خودم کەرد**
**بورم خود تاژەنت گەردم خود کەرد**

(٤)

**هەنگامیٚ تۆمە شانیم تۆمە نەستەند**
**ئاویٚ بەر بەستووی بووم و بەر وەمەند**
**ئەهرا کا میٚهر بیم بە کودشان شیر**
**ئەژ تۆم دڵ ویاوان زرە بوەند** (صادقی، ١٣٨٥، ٣٧).

**٣. مونس العشاق (سەدەی ١٢ و ١٣ز)**

لە کتێبخانەی مۆزەی بەریتانیا لە دەستنووسی کۆمەڵەیەک بە ژمارە (Or 5321) هەیە، کە پێکهاتووە لە (٤١) ڕیسالە و ڕیسالەی (٧١) بریتییە لە کتێبی مونس العاشقی ناوداری کورد شێخ سوهرەوەردیی. لە لاپەڕەی (٩٩)ی دەستنووسەکە لە ناو ڕیسالەکەی سوهرەوەردییدا شیعرێکی فەهلەویی لە ژێر ناونیشانی (بیت بالفهلویە)دا هاتووە، کە بە تەواویی ساغنەکراوەتەوە:

**بەردە لاوی کو دە رۆژان هەمە کام**
**گەر وەر ئین سوود ساوسەک ئەوا شی**
**با من ئەمەش نشان ئەری سوود مالم کوش**
**ئەز کو نە ری روژ یەک ئەوا شی** (صادقی، ١٣٨٥، ٣٥).

**٤. فەهلەویاتی (صار) (سەدەی ١٤ز)**

لە دەستنووسی کۆمەڵەی ژمارە (٥٩٨) لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامییدا چەند فەهلەوییەک لە ژێر ناونیشانی (المرحوم المغفور السعید الشهید طاب الله ثراه و جعل الجنه مئواه صار را (؟)دا هاتووە، کە مێژووی (١٣٦٩ز) لە سەر تۆمارکراوە. بڕگەی یەکەمی ناوی شاعیرەکە، کە شەهیدبووە (صار..)ە. بە دروستی نازاندرێت ناوی چی بووە، هەروەها دوان لە شیعرەکان زیاتر ساغکراونەتەوە:

(١)

**دڵڕا گوتە لکە دەربەند کنم وە ئازی**
**ئەو نە باوروەر تەرا دڵ کن ها بەرازی**

مەرو وە ئاینە کە بە خوەشدڵی نەنازی
داوا دڵر بو میشک ئەشک نەردوازی

(٢)
دڵرا کەتە ئی دڵ ئەنداجەنێ تو
کە تیبر بهلی فەلەک خوێشتن خو
گێتی نە ئیمرۆجینە تەرا خوەری سو
پەرتومە کە وێ [......] وە بوادی تو (صادقی، ١٣٨٥، ٤٥-٤٦).

### ٥. ڕاژی (سەدەی ١٥ز)

لە دەستنووسێکدا شیعرێکی فەهلەویی لە ژێر ناوی (ڕاژیی)دا هاتووە. بۆچوون وایە کە ناسناوی شاعیرێک بێت. ئەگەر وابێت، ڕەنگ مەبەست بونداری ڕاژیی بێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەمان دەستنووسدا دوو شیعری دیکەی فەهلەویی لە ژێر ناوی (فهلوی)دا هاتووە، کەواتە بە دڵنیاییەوە مەبەست لە ڕاژی زمانی شیعرەکەیە، نەک شاعیر یان ناسناوی شاعیر. ئەم دەستنووسە کە کەشکۆڵێکی گەورەی شیعری فارسییە، مێژووی (٨٢٧ ک.م/ ١٤٢٤ز) لە سەرە و لە کتێبخانەی سلێمانییەی ئیستەنبووڵ پارێزراوە:

شەوی روخت ئەو گێهان پڕ چیر مینا
هەرچە گەشتم بە دامان چیر مینا
من مونوستا کە ئەز نێچیرەوانیم
ئەوا ویندم کە خود نێچیر مینا (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٧٠).

### ٦. راحة الصدور في آية السرور (سەدەی ١٣)

لەم کتێبە مێژووییەدا، کە لە لایەن محەمەد کوڕی عەلی کوڕی سلێمانی ڕاوەندیی لە نێوان سالانی (٥٩٩ تا ٦٠٣ ک.م/ ١٢٠٢ تا ١٢٠٦ز) نووسراوەتەوە، چەند شیعرێکی فەهلەویی هاتوون:

(١)

**به واد ئەروەند کۆه ئەج پا بنەشی**<br>**ئەروەند ئەروەند بێ واد ئایەد و شی**

(٢)

**خوێش و بییانە و ئازاد و بەندە**<br>**وانکەشان وات ها کیە ئایی بتەندە**<br>**ئەر جە من خونشان باهت شەمشیر**<br>**وەر بە تەنگی دەریم ئەسپەر بوەندە**

(٣)

**ئەژان رۆ واکە بوو وەر وۆم مانۆم**<br>**نە ئەج خوێشان و نە ئەج بییانە ئانۆم**<br>**کی نەوا کەژ بە ئین بییانە بوومان**<br>**دانە ژیوەندە مانۆم یا نەمانۆم**

(٤)

**من کە بووسستە بی لەوبارێ جانان**<br>**جە هەر کی لەو بە نەدان ها نەگیرام** (صادقی، ١٣٨٥، ٤٠-٤١).

**٧. التدوين فی اخبار قزوين (سەدەی ١٣ز)**

ئەم کتێبە لە لایەن عەبدولکەریم کوڕی محەمەد ڕافیعی قەزوینیی (؟ - ١٢٦٧ز) نووسراوەتەوە. لە سەر زاری کەسایەتییەک بە ناوی ئیسفەندیار کوڕی ئەبی ئەلحەسەن کوڕی مەنسوور جالیزبانیی، شیعرێکی فەهلەویی تاک_دێڕیی دەگێڕێتەوە، کە ئیسفەندیار لە سەرەمەرگدا وتوویەتی. مخابن ئەم شیعرەیش بە دەردی زۆربەی شیعرە فەهلەوییەکان براوە. تەنانەت لە چاپەکەدا تەواوکراوە بە فارسیی. ئەوەی لێیدەخوێندرێتەوە ئەم جۆرەیە:

**ئەنۆن ئامەدی بەج نادە دیار**<br>**کە بچیە رەز بوو کەندە دیوار** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٦٢).

### ٨. مجمع الفوائد (سەدەی ١٣ز)

لە دەستنووسی کتێبێکدا بە ناوی (مجمع الفوائد) شیعرێکی فەهلەویی هاتووە، کە عەبدوڵڵا جەوهەریی لە ساڵی ١٢٨٧ز نووسیویەتی. تەنها نوسخەی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی تاران پارێزراوە. دەستنووسەکەی هیی خودی نووسەر نییە و هیی سەدەکانی دوایییە، بۆیە هەڵەی تێکەوتووە دێڕی سێیەم و چوارەم جێگۆڕکێیانپێکراوە:

**موسڵمانان وجوودم کیمیایە**

**وە سڕڕێ سینەئەم گێتی نمایە**

**ئەز خوە زانم کە ئەویانم گیانە**

**هەر ئانکە ئەویانە بوژە ئەو خوایە** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٥٨).

هەروەها تاک_دێڕێکی دیکەی جەوهەریی لە دەستنووسێکی دیکەی هەمان کتێبخانە و بە هەمان ناونیشان بە ژمارە (٣٢٩٠) هاتووە، کە لە بارەی چامەی (حولیە)ی کیمیای عەبدوڵڵا جەوهەریی تەبریزییە، ساڵی (٦٨٠ ک.م/ ١٢٨١ز) زیندووبووە. دەستنووسەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ز، کە لە لایەن یەحیا کوڕی ئەبولمەعالی حوسێنی ڕەزەوی هەمەدانییەوە نووسراوەتەوە:

**هەمین گێتی چە وێشان یادگارە**

**گەهێ دەر وی خەزان گەە نوبەهارە** (صادقی، ١٣٨٥، ٤٩).

### ٩. المعجم في معايير أشعار العجم (سەدەی ١٣ز)

ئەم کتێبە لە نووسینی شەمسەددین محەمەد کوڕی قەیسی ڕازییە. لە سەدەی ١٣ز ژیاوە. خەڵکی شاری ڕەی بووە. ڕازیی لەم کتێبەدا باس لە زانستی کێش، سەروا و ڕەخنەی شیعریی دەکات. نزیک بە ٨ پارچە شیعری فەهلەوییشی خستووەتەڕوو. ئەوانەی خاوەننەزانراون ئەمانەن:

(١)

**ئەر کەریمون بە خواری ئەج کە ترسی**
**وەر کەشیمون بە زاری ئەج کە ترسی**
**ئەزی نیمە دڵی نەترسم ئەج کیج**
**ئی گێهان دڵ تە داری ئەج کە ترسی** (رازی، ١٣١٤، ٩٨).

ئەم چوارییەیە سەردەمانی دواتر بە فۆڕمێکی دیکەوە دراوەتەپاڵ باباتاهیر.

(٢)

**دڵ بە گیان کەندەنی هەر شەو دە گێتی**
**تۆمی ئاو کەندە شی بە درەو دە گێتی**
**دەوایێ دەردێ ئاهر وە ئەسرێ شود**
**کە ئۆن کەس تە بستهە نەبوو دە گێتی** (رازی، ١٣١٤، ٩٩).

(٣)

**دڵێ دەردینۆم ئەی شەو شا ئەوا کەر**
**ئەی ڕوحۆم دەست گیرۆ پا ئەوا کەر**
**ڕاهی کەم بوو بە تە کەرهین ئەوێران**
**ئە نادونی مەکەر ئاوا ئەوا کەر**
**بەختۆم باهیدە تایۆم دوور ئا جونی**
**مەکە ڕەم کەردە بەختۆم ڕا ئەوا کەر**
**ئەزین گین بەخت کوری وینشی دە**
**وەژین کە خوتە وەریا ئەوا کەر**
**شەرۆ دووریێ تە یبرەد بکەردیم**
**بوین شتی ئەمن وەز نا ئەوا کەر** (رازی، ١٣١٤، ٩٨).

(٤)

**خوەری کەم زەهرە نی کەش سا ببوسۆم**
**نیوم ئون دەستڕەسی کەش پا ببوسۆم**

**بە واژی گۆ کوامش خا نەها پا**

**وەش خوادا بشۆم ئۆن خا ببوسۆم** (رازی، ١٣١٤: ١٦٧)

(٥)

**ببەرمانۆم شەوی بۆ تا بەوینی**

**بەهەم ئامێتە خون و خا بەوینی**

**بە سەربازی چما کە پا نەگیری**

**ئەر دواچی بواچۆم تا بەوینی** (صادقی، ١٣٧١، ٥٥).

لە نوسخەی دەستنووسی کتێبێکدا بە ژمارە (٦٥١) لە کتێبخانەی (ایت الله مرعشی) لە شاری قوم، کە ساڵی ١٢٥٣ز نووسراوەتەوە، ئەم شیعرە لە ژێر ناوی (بلسان البهلوی)دا هاتووە:

**بەبەرمانا شەوی بۆ دا بەبینی**

**بەهەم بەئامێتە خون و خا بەبینی**

**بە سەروازی چو من کە یا نەدارەد**

**ئەگەر خوازی دوازم دا بەبینی** (برجیان، ١٣٨٧، ٨٨).

**١٠. تذکره الشعرا (سەدەی ١٣ز)**

لە دەستنووسی ژمارە (٩٠٠)ی کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامیی لە ئێران، لە ژێر ناوی (فهلویات)دا ژمارەیەک شیعری فەهلەویی هاتوون، کە ئەم جۆرەن. پارچەی یەکەم: (٩) لە دەستنووسەکەی مەزاری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمیی لە شاری قۆنیەی تورکیادا بە هەندێک جیاوازییەوە بە ناوی باباتاهیرەوە هاتووە. پارچەی دووەم: (٤) دێڕە. پارچەی سێیەم: (٤) دێڕە. پارچەی چوارەم (٤) دێڕە.

ئەوانی تر هەموویان (١٠) چوارینەن. کۆی دێڕەکان (٤١) دێڕن.

نموونەی پارچەکان:

(١)

هەم دە چێهرە خوەری هەم گۆنە وڵبام
هەم دە لێو شەکەری هەم چەشم وادام
هەم گوڵ دە عەنبەری هەم بەشن شمشماد
هەم ئاوشمەد وەری هەم سەوسەن ئەندام
هەم خوەشی هەم گەشی هەم داوە ئینی
هەم پەری پەیکەری هەم خوەرە ئادام
تێ چە سوودی کە بەس نامێهرەوانی
خون دیل ئەتخوری نەتورزی ئەهنام

(٢)

ئەریژم خون و واخوردەن تەوانی
روژی ئەژ وەردەرئاوەردەن تەوانی
وەرچە وێشم کوشی با نیاسە و دەرد
ئەژینی وەهتەرم دەردەن تەوانی
مەگەر خواری خوەرا ئەومەن بە ئین زار
ئەندۆ دگەر کەوا بەردەن تەوانی
ئەژ گێهانی دە شیتی تاتە ئەری
بوین گیان بی کە بە گەردەن تەوانی

(٣)

ژارەجێ وەرجە بولێ مووری ئەتخوەرد
موورجی ئان میان دەست ئەو خودا دەرد
[بە وە دار تە وەدەرەت] بازێ وە دارێ
ژارەجش کوشت و mووران ژارە ئەوا خوەرد
داڵێ ئەژ بەرزە کۆهێ کەرد پەرواز
کەرد پەروازش بەشۆ باز ئەوا خوەرد
ئامە نەخچێرەوانێ دەست وە جا دەست
بواشا تیر و داڵ ئەژ کار ئەوا کەرد

**واتشا تە بە ئینت وستاخ مەبی**
**دەمەنش وا کەردەند ئین وەد کە من کەرد**
**خوڕەم ئان کیژ کە وەدکارە نەبی**
**خوەشدڵ ئان کیژ کو وەدنەتگۆیی کەرد**

(٤)

**ببۆ والە شەوی تە چێهرە رۆژی**
**تە چە سوودی کە [کن] نیەن ئەژ تە رۆژی**
**هەر هەمیدۆن کە گێتی وێ نەوایێ**
**هەر هەمیدۆن کە گەردوون وەد هەمۆژی**
**ئیشۆ ئە مێهرەوانی وا نەخوانی**
**ئیرۆژ ئە بەردە لاوی وا نەبۆژی**
**هەر کە نادش تە بی وارش خۆری خون**
**هەر چە گیانش تە بی دیلش بسۆژی**

چوارینەکان:

(٥)

**ببوو شستن چە خوەش بی دالە جانان**
**خوڕەم جانان کو دە ئەستارە جانان**
**ئەژان وەهتەر چی کە ئیرۆ دەهەد دەست**
**شەو و مێهر و مێ وە کو مالە جانان**

(٦)

**جە تە پیشە چە بود وەد زینهاری**
**جە من وەد بەردەن و وێداد خواری**
**تە و خواو و خۆر و ڕامش و خوەشی**
**ئەز و تاو و تۆڤ و ناڵش و زاری**

(٧)

**ئەژ نەدیدەم دڵاوێژ ئەژ تە خوەشتەر**

**پەری روو مەردم ئامێژ ئەژ تە خوەشتەر**
**بە بەد واژی کی شەه نادی هەنی گیر**
**وێ بترس ئەژ خواکیژ ئەژ تە خوەشتەر**

(٨)
**دڵم یەو پوتەکۆ ئەشتاو خوازۆ**
**جە بێماری کە بە شەو خاو خوازۆ**
**شوخمەزارێ کە خوازی سەیلێ واران**
**سەحەرگاهێ کە سەرمەست ئاو خوازۆ**

(٩)
**ئەند بە بەندە وا کەر ئامێتە گور**
**کە مان نەخچیرەوانان ئەتگری زور**
**ڕاهە کەلاهوان گوران گەوزەنان**
**شەروە ئیرا هەنی وە بەندە وا بور**

(١٠)
**شەو ئەرچە تەهرە بی هەم بامشی بی**
**دڵ ئەرچە سۆتە بی هەم کامشی بی**
**برۆ نیکی کەرو هەر یاگێ تە بی**
**هەرکە نیکی کەرێ هەم نامشی بی**

نیوەدێڕی یەکەم، بە هەندێ جیاوازییەوە دەدرێتە پاڵ (تەبیبی شیرازی) بەمجۆرە هاتووە: شەو ئەر چە تەهرە بو هەم رۆجە وابی.

(١١)
**ئەتبەرم ڕەنجە وێ بەر یا خو چوبی**
**دە زەرڕەم نەتۆزەد خوەر یا خو چوبی**
**دڵم بە ئازەرت کەردی چو کوران**
**بەپۆختم وا نەها سەر یا خو چوبی**

(١٢)

**بامدادان کەم ئەز کۆە خوەر وەزی خوەر**
**چە شاهان و چە شوانان خوەر وەزی خوەر**
**دڵم وێرانەیی وە چەشمم خوەر ئە روو**
**نە بە وێرانەها خوەشتەر وەزی خوەر**

(١٣)

**چەنی دیلم بە دەرد و دا بە هەرزی**
**بە بەشنم خانمیزم دا بە هەرزی**
**گەنج و هیر و گێهانم بە شما داد**
**بە من چە نازە ئان سەودا بە هەرزی**

(١٤)

**دڵ وە وید و ول و سونبول مەبەندید**
**میانێ لا گێهانش گڵ مەبەندید**
**بێش پەنج ڕۆ نەبی واژارێ گێتی**
**نی بەدین پەنج روژی دڵ مەبەندید**

(١٥)

**دڵم تاوێ شۆن سامان تە دارەت**
**گۆش بەر پرس و پەیامان تە دارەت**
**ئەر ئیرۆ داد بی و داوەری بی**
**دەست وینی کە وا دامان تە دارەت** (؟، سەدەی ١٣ز، ٥٠٢–٥٠٥).

**١١. شیعرێکی تەورێزیی (سەدەی ١٣ز)**

لە دەستنووسێکی کۆنی کتێبخانەی سولەیمانییە شاری ئیستەنبووڵ، کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٣ز) شیعرێکی فەهلەویی لە ژێر ناوی (بلسان تبریز)دا هاتووە:

**ئەوا من مێهرەوانی خەستشان کەرد**
**تا چو من یان و دڵ پابەستشان کەرد**

**ئانچەشان کەردە وا من واتەنی نی**
**چوە ئەژم شەرمشان با کەستشان کەرد** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٨٦).

**١٢. سەفینەی تەبریز (سەدەی ١٣ز)**

ئەم ناونیشانە، ناونیشانێکی تازەیە بۆ دەستنووسی کۆمەڵێک ڕیسالە. سەفینە لە زمانی فارسییدا بە واتای گەورەتر لە کەشکۆڵ دێت. ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن ئەبولمەجدی تەبریزیی لە نێوان ساڵانی (١٣٢١ بۆ ١٣٢٣ز) نووسراوەتەوە. (٢٠٠) ڕیسالە لە بوارەکانی بیرکاریی، مۆسیقا، پزیشکیی، فەلسەفە، ئەدەبیات، عیرفان، مێژوو و جوگرافیا لەخۆدەگرێت. لە دوو ڕیسالەدا شیعری فەهلەویات هاتووە، کە بریتیین لە ڕیسالەی (١٢٤) بە ناوی (مآلی: مەئالی) لە نووسینی ئەمینەدین ناسراو بە حاجی بولە و ڕیسالەی (طریق الآخرە)ی شەرەفدین عوسمان کوڕی حاجی بولە (حسنی، ١٤٠٣، ١٤٢). لەم دوو ڕیسالەدا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ شیعری فەهلەویی بە ناونیشانی (الپهلوی) و (الفهلوی) خراونەتەڕوو، کە کۆی فەهلەوییەکانی هەردوو ڕیسالەکە (١٣٠) دێرەشیعرن. جگە لە شیعرەکانی باباتاهیر، لە هیچ سەرچاوەیەکی کۆندا ئەو ژمارە زۆرەی شیعری فەهلەویی نەهاتووە.

نموونەی شیعری فەهلەویاتی ڕیسالەی مەئالی:

(١) الفهلوی:

**نە ئێدون دەشت گوراوی کە من وێند**
**وڵستانش نە بە ئان ئاوی کە من وێند**
**تەجەر وڵین وە ئان چنارە ئان دیم**
**وات ها خود نەبود خواوی کە من وێند**

(٢)

**گیان و دڵ سویێ چەشم ئارامێ گیانم**
**چو چەشمم چەشمەیا سەرووێ ڕەوانم**
**بە پور ڕاهان دیلۆت ها [روارین]**
**بگوت [یوران] کە بە زمانت نەزانم**

**وات چه کارت ئایی موهر ئو من**
**کوت بەری واد را نام و نیشانم**
**واتم ئەر دوور ئەوا مانم چوتە کوو**
**زوود ئاوەر خەوەر کنی راز و نهانم**
**وا بە تارە شەوان شەهران می کەرد**
**ئەو کە خوەر وەشتە بی ئان بی ویانم**

(٣)

**وێ تە گیانا گێهانم نامە دە چەشم**
**مانگ و خوەر ژە ئاسمانم نامە دە چەشم**
**وەر دە باغ شودین وێ تە وەهاران**
**بەشنی سەرووێ رەوانم نامە دە چەشم**
**ئەج خوەشیها کە من وێ دیمی تە ویند**
**وێش ژە ئاوی رەوانم نامە دە چەشم**

(٤) الفهلوی:

**شەوانم دیل دی ئەو دا نەهارە**
**بە بو چو ئەویان دیم ئەو خا نەهارە**
**واتم چیرە دڵا واتش نەزانی**
**شەوان ئەویان پا ئەو یا نەهارە**

(٥) الفهلوی:

**هەرکە ویرم کنی ئەج روز و نیش**
**ئان پویان گەرم چو ئەویان ژە ویش**
**من و ناد بە ئی کیا خوەش برە ژیر**
**بە گێتی بەتجا وازو بەرینش**

(٦) الفهلوی:

**هامە ژە ئان کە دڵتەنگم بەویند**
**بەستە بە ئەوسون و نەیرەنگم بەویند**

بناڵند و بەبورمند ئەو من بەمورند
کەژ مەیێ مهرێ تە دەنگم بەویند
گیرم ئەر راز ئەوا پوشم نەواژم
بە ناڵم بەشنەوند رەنگم بەویند

(٧)
نە دە نادان ئەدامێتەن تەوانم
نە دڵ ژە مێهرش ئەو پێتەن تەوانم
دە شوکرێ ئەوام جامی تەللە دامیت
نە وا خوردەن بەر رێتەن تەوانم

(٨) الفهلوی
خوەرا دیلم بە ئەهنامێ تە نازی
هەر کە چێهرر بوینی گیان دبازی
ئەرە باغ ئەج [یزسان] ول بگیرێ
ئین جەما دڵ جەتە دیدار خازی
هەمە کەسی یەر ئەژ چێهری [چویسا]
بە هەرکە دڵربایی نەت بەرازی

(٩) فهلوی:
بەج تە وارو دڵم دەرمان مەوینا
بەج تە سەوداسەرم سامان مەوینا
دڵ ئەر وێ دیمێ تە کامی وە خازی
[ئەناییینت] نە وا کامان مەوینا
ئانک ئەوێ دیمی تە شامی کەری بام
بە شامان مەرەسا بامان مەوینا

(١٠)
ئەرەم ژیوەندەوانی ئی نەفەس بی
بە گیانت کەئان نەفەس بەچ تەم هەوەس بی

به نازێ ئەو چە ئاسمانان سەر نەهەم پا
ئەرەم بە خاکێ پایەت دەسترەس بی

(١١)

ئەز تە دینشن تەم فەریادرەس بی
چوتە دووری چەمەن مەردەن هەوەس بی
بە چەشمانت کە تەم گیانی بە تەن دە
وەر نە ئان گیان کە واژەند ئی نەفەس بی

(١٢)

چو شەهرێ مەرد و زەن بە یە یا بەجوشەست
کە ئان دەریا چو وێ سامان بەخوشەست
چەما دەریا چو وێ سامان و وێ مەرز
بەرەو [ئەرولم] و بە خاشا بەپوشەست

(١٣) فهلوی:

ئایۆم ئالاڵە بە [چیانان میایی]
میانێ ئالالان نامی هەرایی
هەرکە چێهری بوینم کە ئایی ئەج دوور
وێ [کزین]ە تەجەم پەندارم ئایی

(١٤) فهلوی:

ئەمن ڕازی دە ئامێو نەرگسان وات
[کوردو] بە کۆهـ ئەوا کا با ڕەوان وات
[ئەزیدین] وە شەو و ئاوشلە وەننا
شەو نەواچی مەرە ئاوشلەوان وات

(١٥) الفهلوی:

بە چ ئەویان تەجەر نەی مەندە ئەهرۆ
ئەج ول رەنگ و ئەج وانەوشەیێ بۆ
[هەتەر] بگرت چو رامێ دەر و دەشت
نە ئاوشلە وەزی نە خوەر دەهی شۆ

(١٦)

تەهرینە دڵم بەج کیلە وارو
نە خواوم مەندە نەچ چەشلەوان سۆ
هەمی گەردان چو کیلانێ دەر و دەشت
بۆ کە موشکین ئالاڵە بەدەهی بۆ

(١٧) الفهلوی:

هەزارم بار داوەر بە دڵ ئاوەرد
هەزارم بار دڵ بە داوەران بەرد
بۆ کە خو وا شەهان کەرد ئەج تە وارو
ئەج تە وارو نە می بۆ خو ئەوا کەرد

(١٨)

دەستە دەستە دڵم ئەج ناز وەروەرد
بەئان وەت زینهار ئەویانە بۆسپەرد
وا نەهریز ئانکە کەردش ئەونشینی
بەبورش بە یە یا راز و بەنگیژەنش گەرد
ئەو سەر چەشلان کیژی شەهی خوەرد
کە ئار بە دەریا هەی بەنگیژەنی گەرد
بە هەر کە نەت رەسی ئەهنامە داری
کە هەر کە نەت شەهی جە ئەهنام پا دەرد
را بە ئەورامەنان کیژی شەهی بەرد
کە میشە تەهرین بو گیان پر ئەژ دەرد

(١٩)

چەو هەر جویباری کە ئاومی خورەد
بەوەندن نەت شەهان ئەج چەشلەئەش کەرد
چەو هەر باغی  کە من روژی ولی چیر
نەفرین بە باغەوانیش نەت شەهان کەرد

(٢٠)

رەنگن ئاوشلەئا بەج نادێ بەئان [شیش]
نەرم نەرمش ئەد ولینێ ویان [شیش]
وەلاو وەرەئەش ها گیرش ئەج وەر
بەر ئەمن را چو گیانش وەهریان [شیش]

(٢١)

شەوان مانگ و خوەر و کیل گەردەست
بە میانێ هەر سە ئان جەنگی ببەخست
مانگ وا کەژ کەرەن [بادە] شەوان رۆج
خوەر وا دە گێهان ئایینە مەن بەست
کیل وا کەج لەوانش وەهەریان شان
ئەزین کە وادەران وێ مەی کەران مەست
هەر سە بە هەم بودیند بە داوەران شیند
ئەج میان هەر سەئان کیلە ببەدەست

(٢٢)

ئەوا دیلم پر ئەج تاوی هەنیژی
دە چەشمانم خون و خواوی هەنیژی
تەنم بە مەزگەتی دل بە خەرابات
ئین خولاوی و ئان لاوی هەنیژی

(٢٣)

دل چو رەم ئارامەست ئان [جی] هەنیژی
وانکە ئەج رەم رەمەست ئان [جی] هەنیژی
بین چەما شەهر مەستوران پەسەندند
شیوە و کار مەستان [جی] هەنیژی
وەهەشت و دۆژە راز و بی کی واژەند
بی دە نادان شەوستان [جی] هەنیژی

(٢٤)

وەر تە چوە رام را کیژی چو زانی
کە روژ ئارام و شەو خواو ........

(٢٥)

رەنگ ئەج ئاوشلە و سۆ بەشی ئەج خوەر
سەتی ئەج سەنگ و ئاهن ئەبی ئەو بەر
تەری ئەج ئاو و ئارامەستەن ئەج خا
توندی ئەج واد بەشی تاو ئەج ئازەر
هەفت گەردوون بەشی بەج دەرزەنی سو
کین شەوپەرە گێهان ئاوەرێ پەر
بە نیرو بەکەنی ئەوگیری ئەژ یا
سیا موری گەران ئەڵوەندم ئەج وەر
ئین بەبی بی شی کەت وەهەریان شان
ئەج تە مێهر ئەج دڵ و سەودائەت ئەج سەر

(٢٦)

وارو ئەج وادەران وێ کام خوەش بی
بادە چە یاسە وێ جام خوەش بی
ئەرەت خازی کە بە ئەورامنان شی
ئەوێ وەررە ئەوێ واشام خوەش بی

(٢٧)

هەزارم دڵ کەد یی ئەج مێهرێ تە مەست
هەر دڵ تەهرا ئەهنامە پا بەست
تا بزانەند هەمە شەهر و گێهانی
هەمە ئەج مەی مەست بیند ئەز ئەج بووير مەست

(٢٨)

ژە رەنگینا و زەریوون مەریەژاران
دە خوەرم نی ئەوێ چێهرێ نیاران
وەهار و ول وە چ ئانان دیم خوەش بی
ئەوێ ئانان مە ول بی مە وەهاران
ئەوێ ئانان کە دە پاشان مرام ئەز
نەبی نشتەن بە کام ئەو جویباران
دە چ ئانان سا بەگینی ئەو چەما سەر
نەواری ئەو چەما سەر بەخت واران

(٢٩)

دە چەشمم بەچتە وارو ها رەسەست
بەجوز مێهرم چوتە مێهری نەوەرزەست
یەر ئەو وارو پەنامان پر بەماناش
ئەی چو دەردان دەوا ئەج تەهرەوان مەست

(٣٠)

بەشان ئی شاو دە دامانش ژەنم چەنگ
یەر بە ئەوسون توانم وەر بە نیرەنگ
کەرم کاری کەژونم میشا واژەند
نە هشت ئەو هشت بی نە سەنگ ئەو سەنگ
نام و نەنگم ئەر دامان بەگیرێ
پا بە [بومت] ژەنم مە نام و مە نەنگ
بخوەست خەندەم ئەر چێهرش بەوینم
گۆنەم ئەج گۆنە بەشی رەنگم ئەج رەنگ

(٣١) الفهلوی:

ئەی [خواو میر وەروان] کام وا میر
رەوا داری کە من هرزی [ئەنو میر]

ئی نەفەس وا نما دیم ئەج خوا را
کە وێ وینەشنێ تە [ئالوزمە] هیر

(٣٢)

ئەی چو ئەندۆهەییان عەید و نەورۆژ
وا منی کەس کە سەبرم ئامرە بۆژ
دڵم خانی چو دەردر کاروانان
تەهرە شامان ڕەسی [ئەندۆ] وەر ڕۆژ

(٣٣)

ئەوێ دیمر خوەرا کەت ها چونان دەرد
بە کام ئی شەوە من وا رۆژ نەکەرد
شەوم وا رۆژ بور کە من دیمێ تە بویند
خوەرم هاوەشت کە راهم وا تو ئاوەرد

(٣٤)

وێ تە هەر شەو دە زەرە سۆژم ئەدبی
ئازەرێ ئەهنام گیان ئەورۆژم ئەدبی
ئەج شەوم شەرم نایێ کە ئان بزانی
کە وێ دیمی تە چون وا رۆژم ئەدبی

(٣٥)

شەو چو گەردان دیانت بوزەمی نا
رۆژ ئاوا بوو بەیانت بوزەمی نا
تە دەست ئاوردە ئەچ من ئان گەردن
وەرت گەردم گێهانت بوزەمی نا

(٣٦)

دە دڵم ژەنگ و دە واشامەئەم ڕەنگ
وەزەت پۆشم بە واشامە جە دڵ ژەنگ

وا بە ئان ڕۆ کە واشامە بەری واد
جەما بە یەبا بەشی هەم نام و هەم نەنگ

(٣٧)

هەزارم ناڵە دە کومالان بەست
ویان ئەج هیندوانم [دویان] بەست
ئەنەندەم ئەرنین بامر ژین دوو چەشمان
لاومی ئەج گێهانی دە گێهان بەست
هندویان دویان و ئین نەواچی
چت بودی کا دەرت دە ئاسمان بەست

(٣٨)

من و نادم چو نوشین مەی بەهەم خورەد
چە ئان چێهرش ولین ئامەر چومن زەرد
ناد دڵ کە ئایی وەز تەهریێ بینین
ئان [کیدون] کوی ئەژ چە شەهان کەرد

(٣٩)

شەوی بەرمان نادانم ویەر کەرد
مێهرشان دەست وەج یانم کەمەر کەرد
شەوی بور مانگ ئەوا گەردون بە سەتیج
برهنە [زەنگیانش ژنگەوەر] کەرد
نە خوەر ئەج خاوەران دیرار بەنمار
نە چەو کۆهان خوڕەم ئاوشلە سەر کەرد
ها شورین ئەژ بوریێ بالینێ نادان
ئین چومن میژ ئان [جرساو] وەر کەر
ئەرسێ چەشم منش چەکەستە ها دیم
بە نازش نەرگسان ئەج خاوە وەر کەرد
وا کوان وادەری کەئین ئەرس ریژی

**که دەچ من موشک و ماوەردش ئەسەر کەرد**
**واتم ئان وادەرین کەم دڵ بە تە کو**
**بە نەوایی و گیان [نیجم] دە سەر کەرد**
**وا کە چون ئامەری شەیدا دە مانم**
**چونت بە ئارام ئەدین خوڕەم تەجەر کەرد**
**واتم ئەهنامت ئاوەردین بە تە کو**
**وەر نە کەی بور کە من شید ئین هونەر کەرد**
(بولە، ١٣٢٣، ٣٥٩-٣٦٨).

سەبارەت بەم شیعرە، هومامی تەبریزیی لە کۆتایی غەزەلێکی فارسییدا یەک_دێڕی لێتێهەڵکیشکردووە:

**وەهار و ول وە جانان دیم خوەش بی**
**ئەویٚ یاران مە ول بی مە وەهاران** (تبریزی، ١٣٥١، ١٣٤).

د. محەمەد ئەمین هەورامانیی ئەم دێڕەی لە کتێبی (ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە)دا خستوویەتەڕوو و بەم جۆرە ساغیکردووەتەوە:

**وەهار و ول و دیم یار خوەش بیٚ**
**ئەویٚ یاران مە ول بیٚ مە وەهاران** (هەورامانیی، ٢٠٠٥، ١٦).

هەروەها بە نیودێڕی هەندێک جیاوازەوە دراوەتەپاڵ عەبدولمەجیدی تەبریزیی (١٢٩٩ - ١٣٥٦ز)، کە لە حەوتەم مەسنەویی دیوانەکەیدا هاتووە:

**نخواهم زندگی بی روی یاران**
**ئەویٚ ئانان مە گوڵ با مە بەهاران** (تبریزی، ٢٠٢٢، ٢٥٦).

### ١٣. جامع الالحان (ساڵی ١٤١٥ز)

ئەم کتێبە لە نووسینی عەبدولقادر کوڕی غەیبی مەراغەییە (١٣٥٣ - ١٤٣٥ز)، بە زمانی فارسییە و لە بارەی هونەری مۆسیقاوەیە. ساڵی (٨١٨ ک.م/ ١٤١٥ز) نووسیویەتی. لە بەشی (المجلس الثالث و الثلثون فی العربیات و الترکیات و الفهلویات و السایر الالسنه)دا چەند شیعرێکی فەهلەویاتی چەند دەڤەرێکی جیاوازی خستووەتەڕوو. ئەوانەی خاوەن_نەزانراون ئەمانەن:

(١)

**ئەڵوەند واجی کە خوەشبوو ئەژ من ئایە**
**دوورٍ و گەوهەر بە دامان ئەژ من ئایە**
**هەر شەو ئەدینە باری بەوینە**
**گەر بهشت ئاوەش مان ئەژ من ئایە**

(٢)

زمانی قەزوینییەکان:
**وەر تە بەشی جە من کارۆم مەزەن بی**
**وەر تە نەشی جە من کارۆم ئەورژەن بی**
**هەر بەدی بە من بی کیم تە بەشی**
**وەر نە هەرجا کە تە شی خوەر وەزەن بی**

(٣)

**ئییەن کە جەنبەر عەنبەر بە زلفس ئەوها چی**
**دڵی نەبوو کە سەرئانجا بە جەنبەر ئو نەکنی**

(٤)

**بەبەرمانا شەوی بۆ دا بەبینی**
**بەهەم بەئامێتە خون و خا بەبینی**
**بە سەروازی چو من کە یا نەدارە**
**ئەگەر خوازی دوازم دا بەبینی**

(٥)

بە زمانی تەورێژیی:
**وەش مان تەرم ئان سەروو کش ئەدنە بەڵا بەرزەن**
**وابەش ئویش مەیلن هەر دڵ کە بەڵا وەرزەن**
**یامان نە ئەزەل پوشی جومعی کە موبارەک با**
**ئەژ بازنگێ تاسش تیهنێ تەبەق کام**
**سەتڵ بکەمم ئەورۆ ئیمرۆ کوم ئوتش بەرزەن** (المراغی، ١٣٧٢، ١٤٠–١٤٣).

به زمانی تەورێژیی:

**دە چان چو چەرخ شەکوەیت مە ئیرۆ مە دەورش**
**چەویژە کاردە شەکوەیت وەبۆل و داردەسەرێوە**
**بەرێ بە قەهر ئەرە مێردۆن چو پورزۆن و هونەرمەند**
**پر وە کەرێ ئە نەزۆنۆن منی کە ئان هونەرێوە**
**ئە کیژ بەختە وەر ئیمرۆ کە چەرخ ها نەزنۆنی**
**ژە ژوور منژ مەوقع چو بەختی ئەهۆن قەدەرێوە**
**نە چەرخ ئستە سەبۆتی نە رۆژوۆر وەفۆیی**
**ژەوم چو وامش خەلەلێوە ژەمم چو پور زەرەرێوە**

(فیروبخش، ١٤٠٢، ٥٢).

**١٤. کتێبێکی عیرفانیی (سەدەی ١٣ و ١٤ز)**

لە کتێبێکی دەستنووسدا چوار فەهلەویی هاتووە، کە بە هۆی لێکەوتنی سەرەتا و کۆتایی کتێبەکەوە ناوی نووسەری لە سەر نەماوە. مێژووی ئەم کتێبە بە مەزەندە دەیگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٣ و ١٤ز).

(١)

**شەهر ئەز باوەرم نەیرەنگ چە بابل**
**ئەرە بەندم بە نەیرەنگ ئان چەتە دل**
**ئاشۆ نم نەرگسان نیم مەستان**
**چەنم جە گۆنە کە ئاهان زاولی ول**

(٢)

**چە وەس ئیناسە و بیش و جودایی**
**زێدم زیندان سەهەد ئەز بنەوایی**
**هەروان چە کادەرایی وەر داوا کەرد**
**چەند دڵ زێد خوازەد کادەرایی**

(٣)

مە هەر ستەم را ئەز یار ئەندان ئەو ئەدان
مە نامە ناد بە دەست ئەوام زادان
هەم تە ئاورین خوان ئەج برایێ رۆج
ئێدەن کەکشخواران خوەرێ بامدادان
خومار ئەج وەر بەجوز مەی نەبرد حیچ
نەشید وا ڕویێ نادان جوز بە نادان

(٤)

موژدە دایی کە شیدین خوەر ئامە
جا زەر مەی ناد ئەوا مێهر سەرئامە
چون بەر سەوەڵان بادیشە شەروین
ئەهرۆ جەم مەست و خوان ئەج بەرئامە
ئەو ئەز ریون ئەو ئەبەد کوین خوەر ئامە

(٥)

وادا پرە چە نادیم کلجە با میج
بویێ پویاڵەئیش باوەر بە من پیچ
ئەنەند کو پرە تاواج و ریش بۆ
بچن باوەر بەسەر نانیم ئەرە ریج

(دانش پژوه، ١٣٣٧، ٣٣٠-٣٣٣).

**١٥. دەستنووسەکەی قۆنیە (سەدەی ١٥ز)**

لە نوسـخەی دەستنووسـی ژمـارە (٢٥٤٦)ی مـۆزەی مەزاری مەولانـا جەلالەدینـی ڕۆمیـی لە شـاری قـۆنیەی وڵاتـی تورکیـا، کە لە سـاڵی ١٤٤٣ز نووسـراوەتەوە، ژمارەیەک شیعری باباتـاهیری هەمەدانیی تێدا هـاتووە و بە کۆنترین نوسـخەی شیعری بابـا دادەنرێت. لەم دەستنووسـەدا یەک شـیعری فەهلەویی دیکە هاتووە و لە ڕیزی شیعرەکانی باباتاهیر نییە، بۆیە بە شیعری بابا دانەنراوە. ئەمەیش دەقی شیعرەکە:

**وەدان وەد کەرد ئەما نیکی کەریمان**
**یا بە نیک ئەژ وەدان گۆ ببەریمان**
**مەکافاتێ وەدی ئەرچە وەدی بی**
**بە یایێ وەد ئەما نیکی کەریمان** (فیروزبخش، ١٤٠٢، ٧٤).

**١٦. دەستنووس (؟)**

لە کتێبێکی دەستنووسدا دەستکەوتووە، کە هیچ زانیارییەک لە بارەی مێژوو و خاوەنی دەقەکەوە لە بەردەستدا نییە:

**عاقڵان وات ئاب بورازە نەشی**
**چکەنان وات بشی چون نەشی**
**دڵم پا چاهە مانە موژە بوراز**
**ئاب کە ئەز موژە چکە بورازە بشی**

## تاک_دێڕە خاوەن_نەزانراوەکان

**١. تاک_دێڕێکی فەهلەویی لە کتێبی (لغت فرس)دا**

لە کتێبی (لغت فرس)دا لە نووسی ئەبونەسر عەلی کوڕی ئەحمەدی ئەسەدی تووسیی (٩٩٩-١٠٧٢ز)، کە بە یەکەم فەرهەنگی فارسیی هەژماردەکرێت، تاک_دێڕێکی شیعری فەهلەویی هاتووە، کە بۆچوون وایە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام. بە هۆی نووسەرەوەکانەوە کە شارەزای ئەو زمانە نەبوون زۆر شوێندراوە، تەنانەت لە هەندێک دەستنووسی کتێبەکەدا لابراوە. ئەوەی ساغکراوەتەوە بەم جۆرەیە:

**ئەز دەمێ کە وە شەهریار کەت هیرێ وەسناذ**
**توندەر ئوروچەند وەنەم ساچاذ** (صادقی، ١٣٨٥، ٤٢).

**٢. فەهلەویی خەڵکی قەزوین (سەدەی ٧ز):**

تاکو ئێستا کۆنترین شیعری فەهلەویی تۆمارکراو، ئەو تاک_دێڕەیە کە حەمدوڵڵای کوڕی ئاتابەک ئەبوبەکری کوڕی حەمدی مستەوفیی قەزوینیی

(١٢٨١ - ١٣٤٩ز)، له سەر زاری خەڵکی قەزوینەوە لە کتێبی (تاریخ گزیدە)، بەشی چوارەمی دەروازەی شەشەمدا تۆماریکردووە. وادەردەکەوێت کە خەڵکی قەزوین لە سەروبەندی شاڵاوی سوپای عەرەبان و گەمارۆدانی قەڵای شارەکەدا وەکو دروشم دژی سوپاکە ئەم تاک_دێڕەیان وتووەتەوە. لە دەستنووسەکاندا بە شێوەی جیاواز هاتووە. لە یەکێک لە چاپەکانیدا بەم جۆرە ساغکراوەتەوە:

**نە مسلمان بیم و نە گزیەت دەهیم**

**بشی ئەو مەککە شی کا ما برەهیم**

واتە: نە مسوڵماندەبین و نە سەرانە (جزیە) دەدەین، بچن بۆ مەککە تا ئێمە ئازادببین. د. محەمەد ئەمین هەورامانیی لە کتێبی (ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە)دا، باسی لەم تاک_دێرە کردووە و بەم جۆرە ساغیکردووەتەوە:

**نە موسڵمان بیم نە گزیەت مەدەیم**

**بشین وە مەککە ئێمە وەڕ هەیم**

(هەورامانی، ٢٠٠٥، ١٣).

**٣. لە کتێبی نزهە القلوب:**

**ڕەستە بی ئەج سەنگواران هەم وەن و هەم شالێ وی**

**سەنگواران ویش بی ئەو باروەر نەو میوەدار**

(فیروزبخش، ١٤٠٢، ٦٤).

**٤. المختارات من الرسائل:**

ئەم کتێبە لە نێوان سەدەی (١١ و ١٢ز) نووسراوەتەوە. لە نامەیەکیدا لە ژێر ناونیشانی: نسخه کتاب العزاء الواصل من بغداذ من جمال الدین محمود، یەک تاک_دێڕ شیعری فەهلەویی هاتووە:

**ئینەم نەئان ئازەری کە ئیرۆ بەبی تار**

**یا مان ئەسری کە ڤابستن شەهن خوار**

(صادقی، ١٣٨٥، ٤٩).

**٥. سوڵتانیی**

له دەستنووسی ژمارە (٣٤١٥)ی کتێبخانەی (نور عثمانیه) که کتێبێکی ڕەشیدەدینی فەزڵوڵلایه و ناونراوه (سلطانی)، ئەم دوو تاک_دێڕە هاتووە:

(١)

**ئەژ گونەه سا سیمین بەشنت ئەو بووم**
**ساڵەها بووم بەر گیان ئاورە بار**

(٢)

**به هەر راهی که ئەویان ئەدشی ئەجان راه**
**رووحیَ یاران به دامان دڵ شه جی** (صادقی، ١٣٨٥، ٥٣).

**٦. فەهلەویی:**

بولبول ئاوەنگ زەنی هەر رۆ به دەستان
مەبا کیجی به کیجی وەسته دەستان
هەرکه چیزش نەبی کیجش نەخوانەند
سەلام ئەر ئاسمان نەچووە دەستانت

**٧. فەهلەویی:**

(١)

**ز بزورز بوندەوانی ویَ ته خوەش نی**
**کام وەهر باش گێهانم ویَ ته خوەش نی**
**به هیچم گونه دڵ نەگیرە ئارام**
**به هیچ ئاین گێهانم ویَ ته خوەش نی**

(٢)

**خو سەرووان سایه ویَ ته خوەش نی**
**ئەج وڵان رەنگ ئەویَ بویَ ته خوەش نی**
**خوەرە مەوینا که ویَ ته ران ساهتن**
**خوەش مەبا کش ده واز ویَ ته خوەش نی** (عمادی، ١٣٦٣، ١٤٠-١٤١).

(٣)

شەوان گەردان ویاوانان بەرئامان
خار ببریدە پا بدریدە دامان
جە چەشمان خودەمی کەی ژەنم لاو
بوو کە لاوم بریج کیلی سامان

(٤)

ئەگەر گێهان پر خوەر من سوویێ تە وەس
وەر گێهان پر گوڵ من بوویێ تە وەس
ئەر دوو گێتی دە دامانم زەنێ چەنگ
من ئەژ هەر دوو گێهان وا ڕوویێ تە وەس (طوسی، ١٣٧١، ٥٥-٥٧).

## تێکستی دیکەی پەیوەندییدار بە زمانی کوردییەوە

١. دەقێکی کۆن (سەدەی ١٢ز)

ئە نازۆنی هەری نی کۆفەری
زۆنە زۆنەک ئەنە زۆن جە دیرەی
ئیزالک ژە زانکی چو هۆزانک
تلی ئاستەرۆ بەندی چو لانک
جە ئاسترۆ وە لانکی
نۆشۆ لانکی ئەندا ئاستەری
ئیزانک نەلەیدۆن سەرو سا
هەلۆشۆ بەج ئاسپۆن سەرو سا
جە ئاسیبۆ مو یی بوهنا ژە وان چو هەزۆرۆن هەری
ئیزانک کەرۆن غەبۆر بوزیش دڵی مینبەر شۆند
بوزوا خەتیب کاردە نەبوو ئی ها بەسا مینبەری

(فیروزبخش، ١٤٠٢، ٨٧).

## ٢. دوو چامە (سەدەی ١٤ز)

ئەم دوو شیعرە لە دەستنووسی کەشکۆڵێکی شیعری فارسییدا هاتووە، کە لە کتێبخانەی ئەیاسۆفیای تورکیا پارێزراوە. کەشکۆڵەکە بە خەتی کەسێک بە ناوی محەمەد کوڕی ئەحمەد سیراجی تەبریزیی لە ساڵی (١٣٢٩ز) نووسراوەتەوە. ئەدیب تووسیی لە هەوڵی ناسینەوەی زمانەکەیدا دەڵێت: از حیث مفاهیم تا حد زیاد به لغات کردی بستگی دارد ولی مربوط به کردستان نیست. واتە لە ڕوانگەی واتاوە تا ئاستێکی زۆر پەیوەندیی بە زارەکانی کوردییەوە هەیە، بەڵام پەیوەندیی بە کوردستانەوە نییە. دواجار وەکوو نیمچە ئازەریی دەیناسێنێت. هەر خودی نووسەر دەڵێت ئەگەر شاعیری شیعرە فارسییەکانی کۆتایی کەشکۆڵەکە هەمان شاعیری ئەم دوو شیعرە بێت، ئەوا لە یەکێک لە شیعرە فارسییەکاندا ئاماژە بە گوندی (مارآباد: ماراوا) دەکات، کە هەمان (مادآباد: ماداوا) یان مادنشینی لای سورەبەردە سەر بە زەنگان. ئەگەر ئەم ئەگەرە بسەلمێنرێت، دەتوانین بڵێی بنزارێکی کوردیی گوندێکی سوهرەوەردە، کە لە لای هەموان ئاشکرایە سوهرەوەرد لە ڕابردوودا کورد بوون.

دەقی شیعری دووەم:

**کور میوەمان چو وونین ژە جەفو چو رۆژووۆرە**

**دە فکا کشی بە غوسا فەلەکم زە نو بە زۆرە**

**هەموۆن بسۆژ کورا من کورەیێ چو ئولوو**

**ژە گومان بە هیچ لوژێ نییە تون چو هیچ کۆرە**

**دڵ و گیۆن چمان بە دەشتی ژە جەراحەتا وو داردا**

**کو جەراحەتۆن و داردۆن نە مەرامە وو دۆرە**

**چو منوش وجوود نوهتا بە غەم ژە را قەزۆ بی**

**ژە جهەت لەو هەراسم نی نەفەسی ژە را بشۆرە**

**نە لەززەتی چجوتم ژە گومان بە هیچ موقۆمی**

**نە قەرۆر و سەبر روژی نە شەویوە هان و هۆرە**

**با شاهر شاهر بەئوندین کو ئۆتەشین خەندەق**

با قەلعەیین بە زندۆن کو ئاستین بۆرە
شریین ژەویر بە کوللی ئە چو مهرووۆن رەفیقۆن
کە کەریند بە سدق دەعوا هەمەیم بەیۆر و غۆرە
وەسی غەمایێ لیکن ژە غەمم ژە واس غەمی نی
ژە غەم غەموم کو دوورین ژە لقۆ چو غەمگوسۆرە
نی قۆسدی چو مشفق دە بوشۆوەگیۆ جمان کو
بدەهی خەبار چو حالم و چو خەلخی نگۆرە
بە نەسیحەتوش بوۆژی کو بەئون بەلا نەکە تەبع
وسە هاررەین چو سەعد زامک شیر هری شکۆرە
چو مورۆد وەعدەیێ تو وەۆ دوورە ئە وفو کا
چو کشی ئەژورەیێ تو بە عەذۆب چو ئنتەزۆرە
ئەمنان ژە کبر و نخوت بە جەمۆل و مۆل چو نۆزی
کو نە مۆلیە بە دنیێ نە جەمۆل پۆیەدۆرە
بە مەسەل زریوە دنیێ چیە عومر مێو و دۆروش
چو جەووۆنی عەهدە هانی ژ رەسۆ چو مێو و دۆرە
نەکەری ئەمان بەئون راز ژە رەسۆ چو دۆرو هەرگز
دە سەرش نەبوو غەبۆرین بیلو چو بارزووۆرە
نیە ئون رەزو ئە سوئی ژە کبو بەئون رەزاندا
یە جلۆوەتی خەزۆن یە تەرۆوەتی بەهۆرە
چو منوش بەئون رەزاندا بچۆ عومر دورە وۆنی
چو غەمۆن تو ئەرک هاشتا ئەسەری چو بەرگ و بۆرە
چو شەبی کو وخوراوی جومەن ئون چو عومر بۆقی
دە بای شوراندوری فەلەکم ژ وی قەرۆرە
بەرەهین ژە چەرخ و ئەختەر کو ئی بە تۆلەعاندا
خەلەلم چوم مەسیرو و زەرەرم چو مەدۆرە
نە چو وس کورو بی هیچ نە تەبۆلع بە ماهان
نە یەسیرە بین چو پەنج و نە بەباندە بین چو شۆرە

نەچو قودسو عالماندا نەچو عەقل پورە پۆرین
ئەکرین بە گیۆن تەمۆشۆ چو بقوی مورغەزۆرە
نە زەمۆنە وو نە ئەختەر ئەگەر نەدیمان تەحەکوم
نە چو دهرو قەهرە وینین نە چو چەرخ دونهۆرە
کو نەوبەتی چو چەشو وەژ زەخمەیێ چو سۆرە
بەدەمی و مان ژە تارا بەدەمی دەهوستکۆرە
چو عەجەب زەمۆنە وەکو بەعکسە بەهرمورە
یە شووۆنەیێ وو وارک یە وەهوی ئوستۆرە
نە هیچ ئەهل ئەووی بەلەد کودنون و گولون
چو مرۆد چو رەووۆن بەچ بەخت ئووۆیۆرە
ئەتنون کو خەیرە نینو ژە زەمۆنەشون تەوەقع
بەمونسوتەبند کو تریۆک ژە دەهان چلی چو مۆرە
چو هورام جەماعەتیوند کو بایو و نینشۆنە هان
بە نفۆق هامنشین بەج دیو کور و بۆرە
ژە غرورشۆن ماستە ژە ئەجەل خومۆرشۆن بو
ژەک هیچ کیژ کاردا نییە ماستە وی خومۆرە
تەنشۆن ژە سارە کورۆن بە سرۆت سا بەلا نەکی
کو چو بور کیژ لانل ژە کورونە بو چو بۆرە
بخوو کو ئی خەبەرشۆن ژەک هاردە پێ و باردە
بە حزوور چو ئەبیوئی چو خووی شارمۆرە (طوسی، ؟، ٣٧٣–٣٩٠).

# سەرچاوەکان

## کوردیی


١. بۆرەکەیی، صدیّق (صفی زاده). (١٣٧٠) میژووی وێژەی کوردی، ب١، کردستان: انتشارات ناجی – بانه.

٢. پاشا، ئیحسان نووری. (٢٠٠٣). میژووی ڕیشەی نژادی کورد. وەرگێڕان: وریا قانیع. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٢١٠.

٣. خەزنەدار، مارف. (٢٠٠١). میژووی ئەدەبی کوردی، لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم، ب١. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس – ژ: ٥٤.

٤. حەسەن، فەرهاد عەزیز. (٢٠٢٣). دەروازەیەک بۆ میژووی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری کۆندا. هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٤٢).

٥. حسن، فرهاد عزیز. (٢٠٢٠). زمانی کوردی پەهلەوی (فەیلی)، زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی یان شێوەزارێکی ناوچەیی. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەرگی ٢٤، ژمارە ٥. ل: ٦٠ – ٧٥.

٦. زەبیحیی، عەبدولڕەحمان. (١٤٠٢). میژووی زمانی کوردی. مەهاباد: انتشارات ڕاژە.

٧، عبدالعزیز، عمر. (٢٠١٦). سەعدی شیرازی فارسێکی شیرازی یان کوردێکی هەورامی؟ چ١. سلێمانی: ناوەندی سارا.

٨. کۆیی، حاجی قادر. (١٣٩١). دیوانی حاجی قادری کۆیی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

٩. لەشکری، حەیدەر. (٢٠١٥). پیرۆزکردنی زمانی خوێندنەوەیەک بۆ پێگەی زمانی کوردی لە گوتاری ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

FRITILLARIA KURDICA BULLETIN OF KURDISH STUDIES INSTITUT OF ORIENTAL STUDIES JAGIELLONIAN UNIVERSITY NATIONAL SCIENCE CENTRE KRAKÓW, P: 111 – 139.

١٠. موکریانی، کوردستان. (٢٠٠٨). سەردەمانی زمانی کوردی، کۆمەڵە زمانانی ئێرانی. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠٨.

١١. هورامی، هورام. (٢٠١٣). زبان و گویشی فرزندان یارسان. دیرینەشناسی زبان و فرهنگ هورامان. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

١٢. هەورامانیی، محەمەد ئەمین. (٢٠٠٥). ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە. هەولێر:

بڵاوکراوەی ئاراس – ژ: ٣٤٤.

**فارسیی**

١٣. آهی و رویا سیفی. (١٣٩١). تاریخ زبان آذری در مراغه. دو فصلنامه علمی – تخصصی علامه. سال دوازدهم ٠ شمارهء پیاپی ٣٦ بهار و زمستان. ص: ١ – ٢٥.
١٤. اذکائی، پرویز. (١٣٩٧). فرمانروایان گمنام. جلد یکم. چ١. تهران: مجموعهء انتشارات ادبی و تاریخی، شمارهء ٢٢.
١٥. اردستانی، پیر جمال. (١٣٧٦). دیوان پیر جمال اردستانی. چ١. تحقیق و بررسی د. ابوطالب میرعابدینی. تهران: انتشارات روزنه.
١٦. افشار، ایرج و مرتضی تیموری. (١٣٥٣). بیاض تاج الدین احمد وزیر (٧٨٢ هجری). اصفهان: انتشارات دانشگاه اصفهان. شمارهء ١٣٧. ص: ٧٩ – ٩١.
١٧. اطعمه، بوسحاق. (؟) دیوانی دەستنووسی ئەتعەمە. کتێبخانەی ئەڵمانیا: نەتەوەیی بەرلین. ژماره (Ms. or. oct. 2844)
١٨. اقبال، عباس. (١٣٢١) بندار رازی یکی از قدیمترین شعرای پهلوی زبان. مجلهء مهر شماره (١)، ص: ٢٨ – ٣٥.
١٩. اوشیدری، جهانگیر. (١٣٨٦). دانشنامەی مزدیسنا واژەنامەی توضیحی آیین زرتشت. چ٤، تهران: نشر مرکز.
٢٠. اومانی، اثیرالدین. (١٢٨٥). دیوان خطی. شماره (٣٣٠٧١). کتابخانهء مجلس شورای ملی.
٢١. ایمانی، بهروز. (١٤٠٠). سرودەهای نویافتهء پارسی در بیاض قطب الندر کرمانی. آینهء پژوهشی. سال سی و دوم، شمارهء چهارم، مهر و آبان. ص: ٣١ – ٥٦.
٢٢. بابا، حاجی. (١٦١٥) جنگ خطی: جنگ مختلف، کشکول شیخ بهائی. تهران: کتابخانهء مجلس شورای اسلامی. شماره (٩٠٤٩٧).
٢٣. برجیان، حبیب. (١٣٨٧). یک دوبیتی پهلوی. زبانشناسی، آیینهء میراث، دورهء جدید، سال ششم، شماره چهارم. زمستان (پیاپی ٤٣). ص: ٧٨ – ٩٢.
٢٤. برجیان، حبیب. (١٣٩٢). زبان گفتار شهر اصفهان کی و چگونه فارسی شد؟ زبان ها و گویش های ایرانی، شمارهء ٣، ص: ٩١ - ١١٠.
٢٥. بزاز، درویش توکلی بن اسماعیل. (١٣٧٣). صفوة الصفا. مصحح: غلامرضا

طباطبائی مجد. اردبیل: مصحح.
۲٦. بله، حاجی امین الدین (قرن ۸ ه.ق). کتاب خطی جنگ شماره (۹۰۸٤): رسالهء مآلی. سفینهء تبریز گردآرنده: ابوالمجد تبریزی. ص: ۵۰۸ – ۵۲۵.
۲۷. پرهام، خسرو. (۱۳۹۵). تولدی جاودانه از ترانه‌ها و سروده‌های محلی کردی کرماشانی، شور شیرین کامل. کرماشان: انتشارات دینور.
۲۸. پناهی، محمد احمد (پناهی سمنانی). (۱۳۷۹). دوبیتی های بومی سرایان ایران. چ۱. زندگی و نمونهء آثار. تهران: سروش.
۲۹. تبریزی، عبدالمجید. (۲۰۲۲). دیوان عبدالمجید تبریزی. د. نهات دغرمنجی. استانبول: دماوند.
۳۰. تبریزی، همام. (۱۳۵۱). دیوان همام تبریزی. تصحیح: فکتر رشید عیوضی. تبریز: دانشکدهء ادبیات و علوم انسانی تبریز. موسسهء تاریخ و فرهنگ ایران. انتشارات شماره ۱۸ – سلسلهء متون فارسی شماره ۵.
۳۱. تفضلی، احمد. (۱۳۸۵). فهلویات. تحقیقات ایران شناسی، نامهء فرهنگستان ۸/۱، ص: ۱۱۹ – ۱۳۰.
۳۲. حسنی، مهدی. (۱٤۰۳). استناد به دلایل و نوآوری در رد فه‌یضهء زبان آذری. فزلنامهء تخصصی مطالعات تاریخ آذربایجان و ترک. سال اول، شمارهء سوم. ص: ۹۲ – ۱٦۳.
۳۳. حیدری، حسین. (۱۳۹۲). خغرافیای ماد، لهچه‌ی نهاوندی و ارتباط آن با آذری فهلوی و لهجه‌ی قدیم طهران. فرهنگان ٤٤. ص: ۱۲۹ – ۲۰۰.
۳٤. خاتمی، محمد صادق و سلمان ساکت. (۱۳۹۷). جستارهای نوین ادبی. مجلهء علمی – پژوهشی، شماره ۲۰۱. ص: ۵۱ – ۷۵.
۳۵. خاتمی، محمد صادق و سلمان ساکت. (۱۳۹٦). ابیات فهلوی بندار رازی در جنگ ۱٤٤۵٦ کتابخانهء گنج بخش. آینهء میراث، شمارهء ٦۲. ص: ۷٦ – ۹۲.
۳٦. الرازی، شمس الدین محمد بن قیس. (۱۳۱٤). المعجم فی معاییر اشعار العجم. در اوایل قرن هفتم هجری. تصحیح: محمد بن عبدالوهاب قزوینی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران ۳۷٤.
۳۷. دانش پژوه، محمدتقی. (۱۳۳۷) چند ((فهلوی)) در کتابی عرفانی. فرهنگ ایران زمین، شمارهء ٦. ص: ۳۲۸ – ۳۳۳.
۳۸. دماوندی، مجتبی. (۱۳۸۸). فارسی نگاشته‌های آداب الفقراء. مجلهء تاریخ

ادبیات، شمارهء ۳/ ۶۰. ص: ۸۹ – ۱۰۱.
۳۹. ذالفقاری، حسن و لیلا احمدی. (۱۳۸۸). گونه‌شناسی بومی سرودهای ایران. ادب پژوهشی. شمارهء ۷ و ۸ بهار و تابستان. ص: ۱۷ – ۱۴۳.
۴۰. راوندی، محمد بن علی بن سلیمان. (۱۳۸۶). راحة الصدور في آية السرور. تهران: انتشارات اساطیر.
۴۱. زاهدی، شیخ حسن پسر شیخ ابدال پیرزاده. (۱۳۴۳). سلسلهء النسب صفویه. نسب نامهء پادشاهان با عظمت صفوی. برلین: چاپخانهء ایرانشهر.
۴۲. ساکت، سلمان و ملیحه گزی مارشک. (۱۳۹۶). معرفی، بررسی نسخهء شمارهء ۶۰۰ از مجموعهء وارنر در کتابخانهء دانشگاه لیدن. مجلهء علمی – پژوهشی، شمارهء ۱۹۶. ص: ۱۳۱ – ۱۵۳.
۴۳. ساوی، محمدامین ابن صدرالدین محمد. (۱۰۸۶). دستنویس کشکول الفقراء، شماره (۴۰۲۶)، استانبول: کتابخانهء فاتح.
۴۴. سجادی، سید عبدالحمید حیرت. (۱۳۷۵). شاعران کرد پارسی گوی. چ۱. تهران: نشر احسان.
۴۵. سمنانی، محمد احمد پناهی. (۱۳۸۴). شروه؛ شعر شیدایی شعر و موسیقی بومی جنوب. شعر فۆلکلور، شمارهء هفتم و هشتم، بهار و تابستان. ص: ۳۹۲ – ۴۰۰.
۴۶. سودآور، ابولعلاء. (۱۳۹۶). بازسازی تاریخ ایران باستان از لایه‌لای اوستا و فهلویات. ایران نامگ. سال ۲، شمارهء ۲، ص: ۱۴۰ – ۲۰۰.
۴۷. شمسیا، سیروس. (۱۳۷۴). سیر رباعی (با ضمیمهء در باب فهلوی). چ۲. تهران: انتشارات فردوس.
۴۸. شیرازی، مولانا ابو اسحاق حلاج. (۱۳۰۳). دیوان اطعه. قسطنطنیه: مطبعه ابوالضیا.
۴۹. شیرازی، حافظ. (۱۳۳۶). دیوان حافظ شیرازی. تهران: کانون معرفت.
۵۰. شیرازی، شاه داعی. (۱۹۶۰). کلیات شاه داعی شیرازی شاعر و حارف نامی قرن نهم هجری. به کوشش: محمد دیر سیاقی. تهران: کانون معرفت.
۵۱. شیرازی، جلال الدین. (؟). دیوان جلال الدین احمد بن یوسف بن الیاس الشیرازی. استانبول: کتابخانهء سلیمانیه، مجموعهء عمر اشبلر، شمارهء ۳۱۷۳۵۲.

٥٢. صادقی، علی اشرف. (١٣٩١). ابیات شیرازی سعدی در مثلثات. زبان ها و گویش های ایرانی، دورهء جدید. شمارهء ١، ص: ٥ – ٣٧.
٥٣. صادقی علی اشرف. (١٣٧١). اشعار محلی جامع الالحان عبدالقادر مراغی. مجلهء زبانشناسی، دورهء ششم، شمارهء چهارم. نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز. ص: ٥٤ – ٦٤.
٥٤. صادقی، علی اشرف. (١٣٧٥ – ١٣٧٧). فهلویات عبید زاکانی. مجلهء زبانشناسی، سال سیزدهم شمارهء اول و دوم. ص: ٢ – ٨.
٥٥. صادقی، علی اشرف. (١٣٧٩). یک فهلوی دیگر از عبید زاکانی. مجلهء زبانشاسی سال پانزدهم شمارهء اول. بهار و تابستان. ص: ١٥ – ٣٢.
٥٦. صادقی، علی اشرف. (١٣٨٢). فهلویات عین القضاه همدانی و چهند فهلوی دیگر. مجلهء زبانشناسی سال هجدهم، شمارهء اول. بهار و زمستان. ص: ١٣ – ٢٥.
٥٧. صادقی، علی اشرف. (١٣٨٢). فهلویات شیخ صفی الدین اردبیلی. مجلهء زبانشناسی. سال هجدهم، شمارهء دوم. ص: ١ – ٣٤.
٥٨. صادقی، علی اشرف. (١٣٨٥). چند فهلوی. مجلهء زبانشناسی سال بیست و یکم، شمارهء اول و دوم. ص: ٣٣ – ٥٦.
٥٩. صادقی، علی اشرف. (١٣٨٩). غزلی از قطب الدین شیرازی، به گویش قدیم شیراز. مزدکنامه (٣)، ص: ١٣٥ – ١٤١.
٦٠. صادقی، علی اشرف. (١٣٩٣). غزلی ملمع از ناصرالدین خطیب شفعوی به سه زبان عربی، فارسی و شیرازی. زبان ها و گویش های ایرانی، شمارهء ٤، ص: ١١٧ – ١٢٧.
٦١. صداقت کیش، جمشید. (١٤٠٠). کردان پارس و کرمان، ج١ و ٢.
٦٢. طاهری، طیب. (٢٠٢٣). پهلویان، گوران، هورامی، لک، کلهر، فیلی، دیملی. گذری بر تاریخ تحلیلی سرزمین آریایی با تاکید بر یارسان و حکمت خسروانی. چ١. آلمان: انستیتو فرهنگی یارسان.
٦٣. طوسی، ادیب. (؟) دو قصیده بدو لهجهء نیمه‌آذری. نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز. سال دهم، شمارهء زمستان. ص: ٣٦٧ – ٤١٧.
٦٤. طوسی، ادیب (١٣٣٣). فهلویات المعجم. تبریز: نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز. ص: ٣٧١ – ٤٧٨.
٦٥. طوسی، ادیب. (١٣٣٤). مثلثات شیخ سعدی. دورهء هفتم شماره دوم. ص: ١٧٥

– ۱۸۹.
٦٦. طوسی، ادیب. (۱۳۳٤). نمونه‌ای از فهلویات قزوین و زنجان و تبریز در قرن هفتم. نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز، سال هفتم، شمارهء سوم. ص: ۲۵۱ – ۲۷۳.
٦٧. طوسی، ادیب. (۱۳۳۷). فهلویات لری. نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز. بهار.
٦٨. طوسی، خواجه نصیرالدین. (۱۳۷۰). شعر و شاعری در آثار خواجه نصیرالدین طوسی به انضمام مجموعهء اشعار فارسی خواجه نصیر، متن کامل و منقح معیار الاشعار. تهران: سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
٦٩. طیب زاده، امید. (۱۳۹۲). بررسی تاریخی وزن در فهلویات. زبان ها و گویش های ایرانی ۳، اسفند. ص: ۵۹ – ۸۹.
۷۰. علیخانی، بابک. (۱٤۰۲). فهلوی نامه. مجموعه مقالات همایش سهروردی و احیاء حکمت فهلوی. به کوشش: بابک علیخانی. تهران: موسسهء پژوهشی حکمت و فلسفهء ایران.
۷۱. عمادی، عبدالرحمن. (۱۳٦۳). شناسائی پنج فهلوی کهن. آیندهء سال دهم. تحقیقات ایرانی. ص: ۱٤۰ – ۱٤٦.
۷۲. عمرانی، مرتضی چرمگی. (۱۳۹۵). رباعیات سید السادات امیر مغیث الدین علی محوی همدانی. تهران: انجمن آثار و مفاخر فرهنگی. سلسله انتشارات شماره ٦۰۹.
۷۳. فاریابی، ظهیرالدین. (۱۳۸۱). دیوان ظهیرالدین فاریابی. کتر اُیر حسن یزدگردی، به اهتمام دکتر اصغر دادبه. تهران: نشر قطره.
۷٤. فروزنده‌فرد، منوچهر. (۱٤۰۰). چند نکته دربارهء اشعار شیرازی پوس ناصر. فصلنامهء ادبی فرهنگی، شمارهء ۱٦، ص: ۳۷ – ٤۲.
۷۵. فیروزبخش، پژمان. (؟). دو غزل از شمس پس ناصر به گویش قدیم شیراز. ایران شناسی، دورهء جدید. سال ۲۳. ص: ۳٤۸ – ۳٦۲.
۷٦. فیروزبخش، پژمان. (۱۳۹۰). یک فهلوی نویافته از گوینده‌ءی به نام مرشد سیمینه و چند بیت نویافته از شعرای متقدم فارسی. گزارش میراث، دورهء دوم، سال پنجم، شمارهء ٤۵. ص: ٤۱ – ٤۳.
۷۷. فیروزبخش، پژمان. (۱۳۹۲). اشعار شیرازی دو کتاب نسیم الربیع و تاریخ

وصاف. زبان ها و گویش های ایرانی، شمارهء ۲. ص: ٤١ – ٥١.
۷۸. فیروزبخش، پژمان. (١٤٠٢). فهلویات، پژوهشی در اشعار بازماندهء از زبان ادبی مشترک عراق عجم و آذربایجان. تهران: انتشارات دکتر محمود افشار.
۷۹. طرزی، سعید و عبدالله طلوعی آذر. (۱۳۹۸). بررسی نمونه‌های فهلویات در شعر شاعران تبریز. آینهء میراث، شماره ٦٧.
۸۰. القزوینی، حمدالله مستوفی. (١٣٦٢). نزهه القلوب. تهران: چاپخانهء ارمغان.
۸۱. قوجه‌زاده، علیرضا. (۱۳۹۷). میراث ادبی عبدالمجید تبریزی، سرایندهء پارسی گوی آذربایجان در سدهء ۸ق. نشریه زبان و ادب فارسی دانشگاه تبریز. سال ۷۱ شماره (۲۳۱)، ص: ۱۹۹ – ۲۲۷.
۸۲. کججی، غیاث الدین. (۱۳۹۵). دیوان غیاث الدین کججی، خواجه غیاث الدین شیخ محمد کججانی (تبریزی) مشهور به خواجه شیخ (صدهء هشتم هجری). مقدمهء تصحیح و تعلیقات: مسعود راستی پور، احسان پورابریشم. تهران: مرکز پژوهشی میراث مکتوب. موسسهء فرهنگی هنری صفای امید. میراث مکتوب ۲۹٤، زبان و ادبیات فارسی ۷۱، دانشگاه تبریز – موسسهء تحقیقات علوم اسلامی و انسانی.
۸۳. گزی، درویش عباس. (۱۳۷۱). غزلیات درویش عباس گزی. تصحیح: حسینعلی محمد، محمد رضا قوتمند، احمد خاکسار. اصفهان: فیروز نشر سپاهان.
۸٤. مجیدی، فاطمه. (۱۳۹۷). دیوان بدر شروانی، سرودهء بدر بن شمش الدین شروانی (۷۸۹ – ۸٥٤ ه.ق). تهران: کتابخانهء موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی.
۸٥. المراغی، عبدالقادر بن غیبی الحافظ. (۱۳۷۲). جامع الالحان، خاتمه. به اهتمام: تقی بینش. تهران: موسسهء مطالعات و تحقیقات فرهنگی (پژوهشگاه).
۸٦. مرادی، محمد. (۱۳۹۰). بررسی گونه‌های اصلی وزن و تحول آنها در شعر گویش شیرازی. فصلنامهء ادبیات و زبانهای محلی ایران زمین. سال اول، شمارهء ۱، ص: ۱۷۸ – ۲۰۸.
۸۷. مراغی، اوحدی. (١٣٤٠). کلیات اوحدی اصفهانی معروب به مراغی. تصحیح و مقابله و مقدمه: سعید نفیسی. تهران: موسسهء چاپ و انتشارات امیر کبیر.
۸۸. مستوفی، حمدالله. (؟) تاریخ گزیده. گردآورنده: بهمن انصاری.
www.TarikhBook.ir
۸۹. مغربی، شمس. (۱۳۵۸). دیوان کامل شمس مغربی. شامل غزلیات – ترجیعات

– رباعیات – فهلویات به انضمام رسالهء جام جهان نما. مقدمه و شرح احوال و بیان افکار او. به اهتمام دکتر ابوطالب میر عابدینی. تهران: انتشارات زوار.
۹۰. مکری، محمد. (۱۹۹٤). تنظیم و طبقه‌بندی شعر هجائی در ترانه‌ها، بازیها و اشعار عامیانه و ویژگیهای عروضی در فرهنگ عامه، نغمه‌های جاودانی یا ترانه‌های کردی (شوقها و دردها) همراه با پژوهشهای فقه‌اللغوی و مردم شناختی. بخشهای ۱ – ۳. چ۲، پاریس – لوون: انتشارات زیگفرید.
۹۱. موذنی، علی محمد و زهیر طیب. (۱۳۹۷). نامدار گنام، بررسی متن بلاغه المراد فی طریق الاوراد اثر عید عاشق خبوشانی (جشنی) صوفی و عارف سده‌های هفتم و هشتم هجری قمری (زنده در ۷۱۹ ه..ق). فصلنامهء عرفان اسلامی، سال پانزدهم، شمارهء ۵۸. ص: ۳۹ – ۵۷.
۹۲. نخجوانی، محمد بن هندوشاه. (۲۵۳۵) صحاح الفرس. فرهنگ لغات فارسی از قرن هشتم هجری. به اهتمام: دکتر عبدالعلی طاعتی. تهران: بنگاه ترجمه و نشر ۱٤٦، مجموعهء متون فارسی ۱۲.
۹۳. نردی، صفی. (۱۰۹۱). جنگ صفی قلی بیگ بن محمد علی بیگ. تهران: کتابخانهء مجلس شورای اسلامی. شماره (۸٦٦۸۹).
۹٤. نوابی، ماهیار. (۱۳۵۸). نخستین برگ از دیوان بازماندهء شمس پس ناصر. آینده، جلد ششم، تحقیقات ایرانی. ص: ۵۰۱ – ۵۰٦.
۹۵. همدانی، غبار. (۱۳٦۱). دیوان غبار همدانی. تهران: انتشارات پدیده.
۹٦. یاری گل دره، سهیل. (۱۳۹۲). سه پاره. گزارش میراث، دورهء دوم، سال هفتم، شمارهء پنجم و ششم. ص: ۵٤ – ۵۸.
۹۷. یزدی، مومن. (۱۳۹٤). رباعیات مومن یزدی به همراه چند غزل و قطعه. سرودهء مومن حسین بن باقی تزدی. به کوشش: حسین. تهران: مرکز پژوهشی میراث مکتوب.
۹۸. یزدی، نظام الدین محمود قاری. (۱۳۰۳). دیوان البسهء مولانا نظام الدین محمود قاری یزدی. قسطنطنیه: مطبعهء ابوالضیا.
۹۹. ----. (قرن ۸ ه.ق). جنگ خطی: تذکره الشعرا. تهران: کتابخانهء مجلس شورای اسلامی. شماره (۹۰۰).
۱۰۰. ----. (؟)، جنگ خطی شماره (۳٤۳۲). اسطانبول: کتابخانهء سلیمانیه.
۱۰۱. ----. (؟) جنگ خطی: مختصر قانون فی الطب. اسطانبول: کتابخانهء آیا

صوفیا، شماره (٣٧٣٧).
١٠٢. ---. (؟) جنگ خطی: جنگ اشعار. كتابخانهء واتیكان: شماره Vat. Pers. 29.
١٠٣. خسروی، حاجی محمد بیگ. (١١٠١). جنگ خطی: سفینه حاجی محمد بیگ خسروی. كتابخانهء مجلس شورای ملی. شماره (٨٧٩٢٢).

**عەرەبیی**

١٠٤. حوقل، ابي القاسم بن حوقل النصيبي. (١٩٩٢). صورة الارض. بيروت: دار مكتبة الجنان.
١٠٥.الطهراني، آقا بزرگ. (١٩٣٦ – ١٩٨٦). الذريعة الى تصانيف الشيعة. جلد التاسع، قسم الرابع. بيروت: دار الأضواء.
١٠٦. قبيسي، محمد بهجت. (٢٠١٤). الاكراد و النبي، دراسة في تاريخ الاكراد و جغرافيتهم. دمشق: مكتبة درا طلاس للدراسات و الترجمة و النشر.
١٠٧. القرداغي، محمد علي. (٢٠١٤). كنوز الكرد في خزائن دار المخطوطات العراقية و بعض مشاهدات شاهد عصر حول ما جرى في دار المخطوطات العراقية. أربيل: من المطبوعات الأكاديمية الكردية (٢٩٤).

**توركیی**

١٠٨. چلبی، اولیا. (١٣١٤). سیاحتنامەسی اولیا چلبی محمد ظلی ابن درویش. دردنجی جلد. قسطنطنیه: اقدام مطبعەسی.

## ئەندازیار ڕزگار جەباری



- نـــاوی تەواوی (ڕزگـــار مـــحەمەد تەیـــب جەباری)یە.
- لە ســـاڵی ١٩٨٠دا لە شـــاری کەرکـــووک لەدایکبووە.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩–٢٠١٠ بەشی میکانیکیی لە کۆلێجی ئەندازیاریی تەواوکردووە.
- لە بوارەکـــانی شـــیعر و وەرگێـــڕان و تـــوێژینەوەی ئەدەبیـــی و دەستنووسناســـییدا کاردەکات.
- کۆمەڵێک باس و بابەت و توێژینەوەی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی وەکو: نووسەری کورد، ڕامان، هەنار، نەوشەفەق، گزنگ، وانەر، دیوان، دیالۆگ، کۆشکۆڵی/ لە مەهاباد، سلێمانیی، زەند/ لە ئەستەمبووڵدا بڵاوکردووەتەوە.
- بەشداریی لە ٣٠ کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵی ئەدەبیی و ڕووناکبیرییدا کردووە و زیاتر لە ١٢ خەڵاتی لەو کۆڕ و کۆنفرانسانەدا پێبەخشراوە.
- لە بوارەکانی شیعر و توێژینەوەی ئەدەبیی و دیوانی شیعری کلاسیکی کوردییدا چوار بەرهەمی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.
- لە ئامادەکردنی هەشت کتێبی هاوبەشدا بەشداریکردووە.
- کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ.

# بەشی سێیەم

# باباتاهیری هەمەدانیی
# پیر ی شاعیرانی کورد

نووسینی:

**د. آرمان حسینی آبباریکی***

وەرگێڕانی بۆ کوردیی:

**د. قادر وریا***

# بەسەرهات و بەرهەمەکانی
# بابە تایەری هەمەدانیی

**١. پێشبار**

ناوبانگی بابەتایەر دەگەڕێتەوە بۆ هۆنینەوەی ئەو فەهلەویاتانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا شێوەی عەروزیی بە خۆیەوە گرتووە و "تەرانە" (گۆرانیی) و "دووبەیتی"یان پێدەگوترێت. زۆربەی توێژەران بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕاوەندیی، بابەتایەریان بە هاوسەردەمی تۆغرۆلی سەلجووقیی زانیوە، هەر وەک ئوستاد سەفا نووسیویەتی: بابەتایەری هەمەدانیی لە شاعیران و عارفانی سەدەی پێنجەمی کۆچیی و هاوسەردەمی تۆغرۆل بەگی سەلجووقیی بووە. کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچییان وەک کاتی لەدایکبوونی تۆمارکردووە. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچییدا واتە لە دەوروبەری ساڵی ٤٤٧ی کۆچیی، کە تۆغرۆل بەگی سەلجووقیی چووبووە هەمەدان، بابەتایەر عارفێکی تەواو بووە و بە خاوەن_مەقامات دەژمێردرا (صفا، ١٣٥٢، ٢/٣٨٤).

توێژەران لە بارەی بەسەرهات و بەرهەمەکانی بابەتایەر، لێکۆڵینەوەی زۆریان کردووە، بەڵام ئەوەی بەرچاودەکەوێت ئەوەیە کە قسەی زۆربەیان بە جۆرێک هەر دوپاتکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشترە. دیارە لە ناو توێژەراندا پرۆفیسۆر مینۆرسکیی، ئوستاد پەرویز خانلەریی، ئوستاد جەواد مەقسوود و ئوستاد پەروێز ئەزکایی، هەندێک خاڵی جێگەی سەرنجیان لە بارەی بەسەرهاتی ژیان و بەرهەمەکانی بابەتایەرەوە باسکردووە.

بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانەیش بەر لە باسکردنی ژیاننامە و بەرهەمەکانی بابەتایەر، دوو خاڵ لە بارەی ئەوەوە دەبێت ڕونبکرێنەوە: یەکەم: ئەوە کە ئایا ناوبراو هەمان "طاهر جصّاص" بووە؟ دووەم: ڕوانگەی یارسان و دەقە ئایینییەکانی ئەوان لە بارەی بابەتایەرەوە.

### ا. بابەتایەر و "طاهر جصّاص همدانی"

توێژینەوەی ئوستاد نەسروڵڵا پوورجەوادیی لە بارەی کەسایەتیی مێژوویی بابەتایەرەوە، لە دەیەی ڕابردوودا زۆر ڕێنیشاندەر و لە هەمان کاتدا کێشەخوڵقێنیش بوو. ئەو توێژەرە پێیوایە بابەتایەر هەر هەمان "طاهر جصّاص همدانی"یە و ئەو قسەیەی لە بارەی چاوپێکەوتنی سوڵتان تۆغرۆلی سەلجووقیی و بابەتایەرەوە گێڕاویانەتەوە، ڕەتیکردووەتەوە و لە باری مێژووییەوە گومانی خستووەتەسەر ڕاستیی ڕاپۆرتەکەی ڕاوەندیی (پورجوادی، ١٣٩٧، ٧٤-٧٥). پوورجەوادیی کتێبەکەی خۆی لە چەند بەشی تا ڕادەیەک نایەکگرتوودا ڕێکخستووە: پێشەکیی، بابەتایەری ئەفسانەیی، تایەر و عەینولقوزات، طاهر جصّاص همدانی، یەک تایەر نەک زیاتر، کتێبی بابەتایەر لە زانستی سۆفیگەرییدا، پرسی شیعرەکانی بابەتایەر.

لەگەڵ ئەوەی پوورجەوادیی لەم کتێبەیدا لە ڕوانگەیەکی نوێوە ڕوانیویەتیە کەسێتیی و ژیانی بابەتایەری هەمەدانیی، بەڵام ئەو خاڵە وردانەی ئەویش باسیاندەکات یەقین و دڵنیایی تەواویان لەگەڵدا نییە. بۆ نموونە وتوویەتی چونکە ڕاوەندیی ویستوویەتی لە کتێبەکەیدا شەرعیەت بە میرایەتیی تۆغرۆل بەگ بدات و وەک "دیندار و وشیار" بیناسێنێت، ئەم چیرۆکەی چاوپێکەوتنی تۆغرۆڵ و بابەی دروستکردووە و لە ڕاستییدا خوڵقاوی مێشکی خۆیەتی. لەوەدا کە ڕاوەندیی قەڵەمی خۆی بۆ سەقامگیریی و شەرعیەتدان بە دەسەلاتداریتیی سەلجووقییەکان تاوداوە گومانێک نییە، بەڵام سەرەڕای ئەم لێکدانەوەیەیش ناکرێت هەموو ئەو ڕووداوانەی لە کتێبەکەیدا هاتوون بە هەڵبەستراو بزانین. پرسیاری سەرەکیی ئەمەیە: بۆچی ڕاوەندیی لە ناو ئەو هەموو پیر و عارفەدا قسە لە سەر بابەتایەر دەکات؟ ئایا ناوبانگی بابەتایەر بۆ خۆی هۆکارێک نییە بۆئەوەی ڕاوەندیی بیهەوێت بە سوودوەرگرتن لەو، ڕەوایی بە میرایەتیی تۆغرۆڵ بەگ بدات؟ خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ناوهاتنی بابەتایەر لە کتێبەکەی ڕاوەندییدا (کە دەوروبەری ساڵی ٦٠١ی کۆچیی دانراوە)، بە یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکان لە بارەی ناوبراوەوە دەژمێردرێت. جا چیرۆکی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ تۆغرۆل

ڕاستەقینە بێت یان هەڵبەستراو و دروستکراوی مێشکی ڕاوەندیی.

لە تـوێژینەوەکەی پوورجەوادییـدا، "طـاهر جصّـاص همـدانی" بەم جـۆرە ناسێندراوە:

نـاوی تەواوی تـایەر کـوڕی حەسـەن کـوڕی بـرایمە و نـاوی بنەچەکەی مـحەمەدە و پیشـەی گەچکـار (وەسـتای گەچ) بـووە. نەک هەر نەخوێنـدەوار نەبووە، بەڵکوو ئەهلـی زانسـت و ڕوونـاکیی بـووە و حەدیسـی لێدەگێڕنەوە. دوای عەینولقوزاتی هەمەدانیی، یەکەم نووسەر کە بە جصّاص یـادی تـایەری کردووەتەوە، عەبدولکەریمی سەمعانییە (لە ٦٥٢ی کۆچیی مردووە) لە بـارەی ڕەچەڵەکیەوە لە "الأنساب" لە ژێر مەدخەلی "جصّاص"دا نووسیویەتی: "طاهربن الجصّاص، شیخ الصوفیە فی عصرە بهمـدان". ئەبوشـوجاعی شـیرۆویە (٥٠٩-٤٤٥ی کۆچیی مـانگیی)، شەمسـەدین زەهەبیی (لە ٧٤٨ی کـۆچیی مـردووە) و سـەلاحەدینی سـەفدی (لە٧٦٤ی کـۆچیی مـردووە)، لە بەرهەمەکـانی خۆیانـدا باسیانکردووە. زەهەبیی، تایەری بە "اهل ملامت" (سەر بە "فیرقەی مەلامەت") زانیوە، دەگوترێت هۆی ئەوە کە شێخ سۆفیی درێژەی بە پیشـەی گەجکـاریی نەداوە ئەوە بـووە کـارەکەی ئەوەنـدە جـوان بـووە، ئەو گەچەی لە دیـواری هەڵســووە وەک زێــو درەوشــاوەتەوە. هەر بـۆیە بە گــوێرەی ڕێوشــوێنی ملامتیە[1] بـۆ دووربـوونەوە لە ناوبـانگ ئەم پیشـەیەی وەلانـاوە. زەهەبیـی و ســەفدیی ســاڵی ٤١٨ی کۆچییــان بە ســاڵی مردنــی تــایەری جەسســاس ناوبردووە (بڕوانە پورجوادی، ١٣٩٧، ٥١-٥٧).

شیاوی بەبیرهێنانەوەیە، کە توێژینەوەی ئوسـتاد پـوورجەوادیی ئەوەنـدە گرنگ بووە، کە زۆران کەوتـوونە بەرگرییلێکردنـی و ژمـارەیەکیش متمانەیـان بە بۆچوونەکـانی نەکـردووە و لەگەڵ گریمانەکـانی هـاوڕانەبوون. ئەحـمەد خامەیار هاوڕای پوورجەوادیی، پێیوایە بابەتـایەر هەمـان تـایەر جەسسـاسە، بەو ڕونکــردنەوەیە کە پـێ لە ســەر ئەمە دادەگرێــت جـگە لەو ســەرچاوە

---

[1] ملامتیە، ناوی دەستەیەک لە سۆفییەکان بووە، کە لە سەدەی هەشتەمی زایینیی لە ئێرانی سەردەمی ساسانییدا چالاکبوون. "ملامیّە" و "ملامتیە" لە وشەی "ملامت" وەرگیراون، کە واتای سەرکۆنە دەدەن (وەرگێڕ).

جۆراوجـۆرانەی پـوورجەوادیی نـاویبردوون، لە  "لطـائف الـذكار للحُضّــار و السُفّار ابن مـازه" (٥٦٦- ٥١١ی کۆچی)یشدا لە کاتی باسکردن لە گڵکۆکانی شــاری هەمـدان، نــاوی ئەو هــاتووە: "لەو خــاکەی ویـدا زۆر لە گەورەکـان نێـژراون، لە پێشــەوەی هەمـوان تـایەری گەچکـارە، سـڵاوی خـودای لێبێـت خاوەنی کەرامەتی بەئاشکرایە (ابن مازە، ١٣٩٢، ١٣٦). پاشان خامەیار هەر وەک پوورجەوادیی لە هەوڵدایە ڕاپۆرتەکەی ڕاوەندیی لە بارەی چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆغرۆل بە هەڵبەستراو دابنێت (بڕوانە: خامەیار، ١٣٩٤، ٩١-٩٩).

جەمشـید سروشـیار بنیـاتی تـوێژینەوەکە و هەروەهـا وەرگێڕانـی زۆر دەســتەواژە لە لایەن پــوورجەوادییەوە داوەتەبەر ڕەخــنە، بە تونــدیی و بە تەشــەری ئێشــهێنەر هێرشیکردووەتەســەر (سروشـیار، ١٣٩٥، ٧-١٣). دواتـر یەکێک لە هۆگرانی پوورجەوادیی وتارێکی ڕەخنەگرانەی لە سەر وتارەکەی سروشــیار نووســیوە و ڕەخــنە و نیــازەکەی ئەوی بە شــایانی کـۆمەڵی نووسەران نەزانیوە (بڕوانە: راشدی نیا، ١٣٩٧، ٨).

مێهـدیی بێهخەیـاڵیش لە نووســینێکیدا لە ژێـر نــاوی "لە بابەتــایەری یارســانەوە تــا تــایەری جەســـاس" لە پەیوەنـدیی لەگەڵ ئامــاژەنەکردنی پـوورجەوادیی بە یارســانبوونی بابەتــایەر ســەرەڕای ئەوەی لە کتێبەکەیـدا چەندین جار ئاماژە بە *بابەتایەری ئەزکایی* کردووە، نووسیویەتی:

ئەوەی کەمێک سـەیر دێتەبەرچاو ئەوەیە، کە پوورجەوادیی کەم تا زۆر هیچ ئاماژەیەکی بە "ئەهلی حەق" بوونی بابەتایەر نەکردووە و لەگەڵ ئەوەی لێرە و لەوێی کتێبەکەیدا پشت بە بابەتایەرنامەی ئەزکایی دەبەستێت، بەڵام هەر کە دەگــاتە تێبینیــی و پەراوێزەکــانی ئەزکــایی (لە ســەر وتــارەکەی مینۆرسکیی)، بێدەنگەییانلێدەکات. ئەزکایی لە چەندین جێی ئەم بەشەدا ئاماژە بە دەقـی گۆرانییەکـانی ئەهلـی یارسـان بە نمـوونە سـەرئەنجام و شـانامەی حەقــیقەت دەکــات و ئەهلــی حەق بــوونی بابەتــایەر دەســەلمێنێت، بەڵام پوورجەوادیی بە مەبەست یان نەخوازراو، بەبێ هیچ ئاماژەپێکردنێک بە لای ئەم نووسینانەدا ڕادەبرێت و بە تەواویی ئەم قسانە پشتگوێدەخات. هەر ئەمە وادەکـات لە کۆتـایی کتێبەکەدا توشـی هەڵە ببێـت، خوێنـدنەوە و واتـایەک لە

بارەی دووبەیتییەکانی بابەتایەرەوە بە گوێرەی تیۆری ئەفلاتوونیی (!) دەخاتەڕوو، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتایەرەوە نییە، کە یەک لە چوار فریشتەکانی ئەهلی حەق و یارانی تایبەتی شاخوشینی لوڕستانیی (موبارەک شا) بووە (بە خیال، ١٣٩٣، ١٠٠).

**ب. وێنەی بابەتایەر لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا**

بە گوێرەی سروودەکان و دەقەکانی یارسان، بابەتایەر مریدی یەک لە گەورەکان و ناودارانی ئەو ئاینە بە ناوی "شاخوشین" بووە. موبارەک شا کە ناسناوی شاخوشێن بوو، بە پێی باوەڕی یارسان لە دایکێکی پاکیزە[1]بە ناوی "مامە جەلالە" لە ماڵی میرزا ئامان باوکی جەلالە لە بلوران لەدایکبووە. ناوبراو لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم و سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیی وەک قەلەندەران لەگەڵ دەستەیەک لە مریدانی ناسراو بە دەستەی سوپای "نۆسەد نۆسەدە" ژیاوە. بە گوێرەی دەستنووسی پیاوە گەورەکانی وەک کاکە ڕەدا، خودادادا، سەید فەلەکەدین شەهریار، ئەحمەد بەرەندە، میرزا ئامان، غوسڵەدین، خۆشلدین، بابە بوزورگ، بابە فەقێ، حەیدەر، مەی زەرد، ڕیحان، کاڵ نازدار، حەسەن گایار، هیندوو، بابەتایەر، فاتمە لوڕە و... لە ڕیزی یارانی نزیک لە دەرگای وی بوون.

بەدبەختانە دەستنووسە فارسیی، کوردیی (گۆرانیی، سۆرانیی)، تورکیی و لوڕییەکانی بەجێما و لە گەورە گەورەکانی یارسان، مێژوویەکی ئەوەندە زۆریان نییە و مەودای نێوان هۆنینەوە و نووسینەوەیان زۆر کەمە. ئەگەر گومانێک لە سەر ساغیی و دروستیی دەقەکانی سەر بە ناودارانی ئەهلی حەق هەبێت، لە سەر کۆنترین نوسخە هەیە، کە ئاماژە بە بابەتایەری تێدایە، دەورەی کەلامیی ناسراو بە "دەفتەر/ دەورەی شاخوشین" (کۆتایی سەدەی چوار و سەرەتای سەدەی پێنجەم)، کە بە پێی ئەو دەقە شاخوشین دەچێتە هەمەدان و میوانی بابەتایەر دەبێت. لە "تذکرۀ اعلی"دا، وردەکاریی ئەم ڕوداوە بەم جۆرە گێڕدراوەتەوە:

---

[1] پاکیزە لە جێی "باکرە"، ئافرەتێک کە کچێنیی خۆی پاراستووە، بەکارهاتووە.

[شاخوشین] جڵەوی ئەسپەکەی بۆ لای بابەتایەر وەرسووڕاند، کە لە هەمەدان تەکیەی هەبوو، دیدەدار[1] بوو، خەڵاتێکی بەنرخی پێشکەشکرد. هەواڵ بە خەڵکی هەمەدان گەیشت، کە شای جیهان سەریلێهەڵیناون، کڕنۆشیان بۆ برد و گشتیان عەرزیانکرد، کە هەرچەند ئەوان لەوە کەمترن کە شایانی خانەخوێیی قیبلەگای عالەم بن، بەڵام بەم حاڵەیشەوە چاوی هیوایان بڕیوەتەوە ئەو خاکەی بەڕێزی هەنگاوی موبارەکی لە سەر داناوە و چاوەڕوانن شای عالەم هەر داوایەکی بە پەسند زانی، پێیانبڵێت. شای عالەم ئەمری بە ئامادەبوان کرد، کە دڵی هیچکامیان نارەنجێنیت، چونکە بە هیواوە ڕوویان لەو کردووە، فەرمووی جڵەوی ئەسپەکەم داوێمەسەر ملّی، ڕوویکردە هەر شوێنێک و پێی خۆش بوو با بچێت و ئێوەیش بەوە ڕازی بن. گەورە گەورەکان هەموو چاویانبڕییە هەنگاوە موبارەکەکانی، وردە وردە لە شار دوورکەوتەوە، سەرئەنجام چووە بەردەرکی تەکیەی بابەتایەر و ڕاوەستا. تەکیەی بابەتایەر یەکپارچە گومبەز بوو و شای عالەم دابەزی و چاوێک بوو بە هەزار چاو. شا فەرمووی تایەر میوانتین. بابەتایەر تیانچەیەکی هەبوو، چارەکێگ برینجی دەگرتەخۆی، کە بەشی جەمێکی خۆی و فاتمە لورەی بەرەشایی دەکرد، کە لە خزمەت بابەتایەردا بوو و تەرکی دنیای کردبوو. بە دابی جاران تیانی گۆرینیان خستەسەر ئاگر، دیسان چارەگێک برینجیان وەسەرنابوو و نۆسەد نۆسەدە، شای عالەم ڕەزامەندیی پیشاندا کە قوشوون دابەزن، چونکە بابەتایەر قاپ و ئامانی نییە، هەر کەس بەشی خۆی وەربگرێت و بیخوات. بابەتایەر وتی:

**یا شاه هر کس شاهش تویی حالش همینه**

**سرینش خشت بالینش زمینه**

**جرمم این است که تنه دوست دارم**

---

[1] دیدەدار، لە دوو وشەی "دیدە"(چاو) و "دار" (لە چاوگی هەبوون، خاوەنێتیی) پێکهاتووە و واتای "دیدەبان" (چاوەدێر) دەگەیەنێت و بە کەسێک دەوترێت، کە لە شوێنێکی بەرزەوە چاوەدێریی جموجووڵی دوژمن دەکات (وەرگێڕ).

## هـر كـس دوسـتش تـويى حـالش همـينـه[1]

شا فەرمووی:

طــاهر شــب ســارانه كــردم ميــل وا ميــل
طلــب كســى كَــرد ســوختش بێــو ديــل
اگـــر رنـــگرزان عـــالم حـــالم بداننـــد
جمـــله رنـــگرزان از مـــن برنـــد نيـــل[2]

دوای ئەم قسـانەیان لەگەڵ یەکتـر، شـای عـالەم داوای گەنجـی کـرد و گەنجـی عـالەم، کە لە هەنـاوی خاکدا شـاردرابووەوە، هـاتە پابۆسـی. تـایەر عەرزیکرد کە ئەی ڕووگەی جیهان! ئەمانەت بۆچی داواکرد؟ ڕووگەی جیهـان فەرمووی: چونکە تۆم بە هەژاریی دیت، داوای ئەم گەنـجەم کرد. ئەوەی لە نـاو خاکدا حەشـاردرابوو، خسـتمەخزمەتی تۆ. تـایەر گەنـجەکەی نەویسـت و سـوێندی بە زاتـی تاقـانەی خـوارد، کە مەبەسـتی ئەو لە گەنــج، جەمـاڵی شادییهێنەری شـایە نەک کەلەشی گەنجی شـاراوەی دنیا. لەمێژ بـوو ئـاواتی دیتنت لە سـەر دڵمـان ببووە مەراق، ئێسـتا کە تۆمـان هەیت چ گەنجێک لەمە بەنرختـر؟ شـا فەرمـووی کە تـایەر تـۆم تـاقیکردەوە، ئەگەر بەم جـۆرە نەجووڵابـایەوە، سـوێند بە جەمـاڵی مەردان، حیسـێبی پیـاوم بـۆ نەدەکردیت. ئەوجار تایەر داوایلێکرد بە کەرەمی خۆی لێیخۆشببێت و دین و ئیمانی بداتێ و گەنـجەکە بنێـرێتەوە بـۆ ئەو شـوێنەی لێیهـاتبوو. خـاوەن_کەرەم سـیلەی چـاوی بـڕییە گەنـجەکە و داوایلێکـرد بگەڕێتەوە شـوێنی خـۆی. سـەرئەنجام

---

[1] (پوختەی واتاکەی: هەر کەس تۆ بە شای خۆی بزانێت، خشت ڕایەخ و سەرینی بەرد دەبێت، هەمووی ئەمانەشی لە سۆنگەی خۆشەویستیی تۆوە دێتە سەرڕێی.)

[2] (پوختەی واتاکەی: تایەر! شەوگارم بە تاقیکردنەوە بەڕێ کردوە، بۆم دەرکەوتووە کەسێک داوایەکی هەبێت دەبێت لە پێناویدا بسووتێ، حاڵم ئەوەندە خراپە ئەگەر ڕەنگرێژانی جیهان ئاگایان لە حاڵی من بێت، ئاوی چەمی نیل وەسەرخۆیان دەگێڕن)

دوای ئەوەی لە تیانی گۆڕین، لەشکری شای عالەم هەر یەکەی بە گوێرەی پێویستیی، بەشی خۆیان تێکرد و بردیان، شوێنی کەوچکێک بەتاڵببوو و خواردنەکە وەکو خۆی مابووەوە.

بابەتایەر ئەمەی بەخەیاڵداهات، کە ئەگەر شای عالەم بڕوات، فاتمە لوڕەیش دەڕوات و بە تاقی تەنیا دەمێنێتەوە، ئەویش چ مانێک؟ واباشە عەرزی شای عالەم بکەم، کە بە فاتمە بڵێت مێردمپێبکات. شای عالەم بەبێ پێگوتن، لە قسەکەی تایەر تێگەیشت، چاوێکی لە فاتمە لوڕە کرد، مەبەستەکەی وەرگرت. فاتمە گوتی:

یا شاه[1] هر که ترا گوید جان را چه کند
فرزند عزیز، خانمان را چه کند
دیوانه‌اش کردی هر دو جهانش دادی
یا شاه دیوانه تو هر دو جهان را چه کند[2]

شا فەرمووی:

دوستم توئی دوست دلارام
دلکم از خَرمی نگیرد آرام
هر دلارامی که پنج روزی بو
نه او دوستم بی نه او دلارام[3]

---

[1] زۆرێک لە دووبەیتییەکانی سەردەمی شاخوشین، دەستەواژەی "یا شاه" لە سەرەتاکەیاندا هاتووە، کە لە سەر کێشی شێعرەکە زیادە و بارگرانیین. واپێدەچێت ئەم پێوەزیادکردنە کاری ئەو کەسانە بێت، کە دووبەیتییەکانیان نووسیوەتەوە بەبێ ئەوەی شارەزای کێشی عەروزیی بن.

[2] (پوختەی واتاکەی: ئەی شا، ئەوەی تۆی بوێت دەبێت لە پێناویدا دەست لە گیان و جگەرگۆشەی خۆشەویست و بنەماڵەی بەربدات، تۆ هەردوو جیهانی پێدەدەیت، بەڵام وەها لە خۆشەویستیی خۆتدا نوقم و شێتیدەکەیت، کە ئەم دوو جیهانەی ناوێت).

[3] (پوختەی واتاکەی: دۆستی من و هێمنکەرەوەی دڵی من تۆیت، دڵم لە خۆشیی تۆ ئارامیی نییە، (بەڵام) هەر دڵارامییەک کە کورتخایەن بوو نە ئەو دەبێتە دۆست و نە دڵ ئارامدەگرێت).

فاتمه وتی:

امـــروز دو روز اســـت يـــارم مهـــمانه
بـــر جـــامم منگـــر جامـــۀ خلقـــانه
بـــر ســـينه‌ام بنگـــر كه تخـــت ســـلطانه
بيا كه جـــان طفيل كنـم روز جـــان طفيلانه[١]

شا فه‌رمووی:

بـــر مـــن منگـــر كه مـــن بيهوشـــم
تـــار مـــوی زلفـــت به عـــالمی نميفروشـــم
جمالـــت جوشـــن كـــنم بـــر تـــنم پوشـــم
ياری كه به جانش خـره‌ام به زرش نمی فروشـم[٢]

تايه‌ر وتی:

يـــا شـــاه تيـــری زدی برجـــان [و] جگـــرم
مـــن از زخـــم تيـــر تـــو جـــان در نـــبرم
تـــو شـــادمانی بـــر مـــن تيـــری زده‌ای
من هم شـــادمانم زخـــم تيـر تو خـــورم[٣]

---

(١) (پوخته‌ی واتاكه‌ی: ئه‌مڕۆ دوو ڕۆژه يارم ليمیوانه، مه‌ڕوانه ڕواڵه‌تم كه جلوبه‌رگێكی شڕم له‌به‌ردایه، بڕوانه سینگم ده‌ڵێی ته‌ختی سوڵتانه، وه‌ره با گیانمان له پێناویدا پێشكه‌شبكه‌ین).

(٢) (پوخته‌ی واتاكه‌ی: ڕاسته له ڕواڵه‌تدا هه‌ژار و په‌ڕێشان دیارم، به‌ڵام ئاماده نییم تاڵێك له قژت به جیهان بگۆڕمه‌وه، جوانییت ده‌كه‌مه زرێیه‌ك و ده‌یپۆشم، یارێكی به نرخی گیانی خۆم كڕیومه، به زێڕ نایفرۆشم).

(٣) (پوخته‌ی واتاكه‌ی: ئه‌ی شا، تیری تۆ گیان و جه‌رگی ئه‌نگاوتووم، برینی ئه‌م تیره سه‌رئه‌نجام گیانم لێده‌ستێنێت، تۆ به‌مه شاد كه تیرت ئه‌نگاوتوومی، منیش به‌مه سه‌رخۆشم كه برینداری تیری تۆم).

شا فەرمووی:

**دلا دلگیـــر مشـــو کە دلگشـــای تـــو مـــنم**

**بیگـــانە خـــویش [و] آشـــنای تـــو مـــنم**

**گـــر بـــر سر کـــوی مـــا کُشـــتە شـــوی**

**خونخـوار مشـو کە خـون بهـای تـو مـنم**[1]

ئیتـر دوای ئەمە ماڵئـاوایی لە تـایەر کـرد و گەڕایەوە هەمەدان (بـڕوانە ایوانف، ١٩٥٠، ٤٤-٤٩).

لە کـۆمەڵە شـێعرێکی یارسـاندا -کە لە کتێبخـانەی مەجلیسـی شـورای ئیسـلامی بە ژمـارە ١٧٤٥٠ پارێزراوە-، فـاتمە لـوڕە وەک خوشـکی بابەتـایەر ناسـێندراوە، میوانبـوونی بابەخوشـین لە بابەتـایەر بە گـوێرەی ئەم دەقە بەم جۆرە گێڕدراوەتەوە:

شـا پێینایەنـاو شـاری هەمەدان[2] و ڕوویکـردە مـاڵی بابەتـایەر. بابەتـایەر پیاوێکی دەرۆزەکەر بـوو، ژیـان و بەڕێچـوونی بە هـۆی گـاوانییەوە بـوو. ئەو گـاوانە خوشـکێکی[3] هەبـوو، کە نـاوی فـاتمە لـوڕە بـوو. بە هەردوانیـان کراسـێکیان هەبـوو، هەر کـات بابەتـایەر دەچـووەبەر مانگایـان، کراسـەکەی لەبەردەکـرد و فـاتمە لـوڕە لە نـاو تەنـدووردا دادەنیشـت. هەر کـاتێکیش بابەتایەر دەگەڕایەوە، فاتمە کراسەکەی لەبەردەکرد و کاری مـاڵێی دەکرد. لە کورتییدا بیبڕینەوە، شـا لە مـاڵی بابەتـایەر وەژوورکەوت، مـاڵی بابەتـایەریش چووکە بوو، نۆسەدە نۆسەد لە ناو ئەو ماڵەدا دانیشـتن، بابەتـایەر دیزەیەکی چووکەی هەبوو، چـوو کەمێک برینجی وەرگرت و کردیەنـاو هەمـان دیزە و

---

(١) (پوختەی واتاکەی: دڵە دڵگیر مەبە چونکە ڕووناک کەرەوەی تۆ منم، بێگانەی خۆمم و ئاشنای تۆم، ئەگەر لە کۆلانی ئێمە بکوژرێی، مەکەوە بیری تۆڵە، چونکە خوێنبایی تۆ منم.)

(٢) دەقی دەستنووسەکەدا نووسرا وە حمدان.

(٣) لە دەقی دەستنووسەکەدا لە جیاتی "خواهری"نووسراوە "خاهری".

میوانداریی نۆسەد نۆسەدەی پێکرد. خەڵکی هەمەدان عەرزی شایان کرد، کە بابەتایەر دەرۆزەکەرە، شتێکی بدەیە. شا لە دیواریدا و فەرمووی دەرهەم وەرە بۆ لای خاوەن_کەرەم، کە لە نەکاو زێڕ و جەواهیراتی زۆر لە دیوار هاتنەدەر و هەڵڕژانەناو ماڵەکە. شا فەرمووی بابەتایەر هەڵیانبگرە و لە خۆتیان خەرجبکە. بابەتایەر عەرزیکرد: ئاگایی و بینایی من ماڵی دنیایان ناوێت، چونکە چڵکی دەستە و دێت و دەڕوات، من شتێکی نەمرم دەوێت. شا فەرمووی ئەی خەڵکی هەمەدان! ئەم زێڕە بۆ هەمووتان. خەڵکی هەمەدان هەموو زێڕەکەیان هەڵگرت و بردیان. بابەتایەر ڕووناکیی کەوتە دەروونی و کەلامی فەرموو (گ٩).

لە دەستپێکی نوسخەی سەردەمی شاخوشیندا پێشەکییەک دەبیندرێت، کە واپێدەچێت لە سەدەکانی دواتر (لەوانەیە سەدەکانی دوازدەیەم و سێزدەیەمی کۆچیی)دا هۆنرابنەوە، لەم هۆنراوانەدا هاتووە:

شاه چنی میردان شاه خوشین پَسَن
چه الوند کوه دا شی وَ آرومن
خلقِ همدان آمان وَ پیشواز
سر و مال کَردِن کشت وَ پای انداز
شاه واتِش وَ خلق خاران ظاهر
وعدەی مهمانیم وَ یانەی طاهر
شاه خوشین خوَش نام قدم رنجه کرَد
تشریف وَ یانەی بابا طاهر بَرد
طاهر چه هیبت شاه آما وَ در
چوب سر یانەی قاپیش کَفت وَ سر
شاه پِرسا طاهر اینه چیشَن چیش؟
فرق پیشانیت پَی چی بیَن ریش؟

طــــــاهر وَ آواز واتِـــــش وی وینـــــــه:
آکَس هواخــــوات فـــــرق اَو هُـــــوینه

(تبریزی کرندی. بی تا:٤٤)

šāh čanē mērdān šāh xwašīn pasan, ča aĺvan kūh dā šī wa ārūman.
xaĺqe hamadān āmān wa pīšwāz, sar-o-māĺ karden gešt wa pāyandāz.
šāh wāteš wa xaĺq xārān-e- zāher, wa’day mehmānīm wa yānay tāher.
šāh xwašīn xwašnām qadamŕanja kard, tašrīf wa yānay bābā tāher bard.
tāher ča haybat šāh āmā wa dar, čūb-e- sar yānay qāpīš kaft wa sar.
šāh persā tāher īna čīšan čīš?, farq-e- pīšānīt pay čī bīyan rīš?
tāher wa āwāz wāteš way wīna, ākas häwāxwāt farq-e- äw hūna .

وەرگێـڕدراوی دەقەکە: شاخوشـین و یـارانی -کە ئەویـان بە پێشـەوای خۆیان دانابوو-، لە کێوی ئەڵوەندەوە داگەڕان بۆ ئارومەند/ خەڵکی هەمەدان چوونە پێشوازییان و بە گیان و دڵ پێشوازییانلێکرد/ شاخوشین پێیگوتن من وام وەعدداوە میوانی ماڵی تایەر بم/ شاخوشینی ناوبانگخۆش قەدەمڕەنجەی کرد و تەشریفیبردە مـاڵی تـایەر/ تـایەر سەرسـام لە هەیبەتـی شـا بە پەلە لە مـاڵ وەدەرکەوت، بەڵام سـەری لە سـەردەرانەی مـاڵەکەی کوتـا/ شـاخوشـین لێیپرسـی ئەی تـایەر، ئەوە چیـت بەسـەرهاتووە؟ تەوێڵـت بـۆچی برینـدارە؟/ تـایەر بە دەنگـی بەرز بەم جـۆرە وەڵامیـدایەوە: هەر کەس تـۆی خۆشـبوێت تەوێڵی برینداردەبێت.

لە نوســخەیەکی دیــکەی دەفــتەری شاخوشــیندا هــاتووە: ئەو کــاتەی شاخوشـین بڕیاریـدا بچێـتە هەمەدان و چـووە ئەوێ، سـەردانی مـاڵی بـابە تـایەری کـرد. سـوپای "نوسـەد نۆسـەدە" لە دەرەوەی شـار جێگیربـوون و خەڵکی هەمەدان پێیانوابوو ئەم سوپایە هێرشدەکاتەسـەر شـارەکە، هەر بۆیە کەسـێکیان بە نـاوی " هینـدوو ڕوبـابە" نـاردە پێشـوازیی شاخوشـین. هینـدوو هەر کە چاوی بە شاخوشین کەوت، بینـایی گەڕایەوە چاوەکـانی و دەسـتی بە وتنی کەلام کرد:

**ای دیره سختا**[1]

**چنی چَن سالن ای دیره سختا**

(کلام :١٣٩٤: ٣٧-٣٨).

ī dīra saxta, čanē čan sāĺan ī dīra saxta.

وەرگێـڕدراو: ئەم چـاوەڕوانییە سـەختە [بێگومـان] ئەم چـاوەڕوانییە چەندین ساڵەیە زۆر سەختە.

پاشـان هینـدوو، ڕێـز لە شاخوشـین دەگرێـت و مزگێنیـی داهـاتوویەکی پڕشنگدار بۆ یاران لە سەدەی داهاتوویدا پێدەدات و بۆ خۆی دەبێتە مریدی شا. هەندێک دێڕەشێعر بە فارسیی، گۆرانیی و هەنـدێک جـار هـۆنراوەگەلێکی نزیـک لە فەهلەویـات، لە نێـوان شاخوشـین و هینـدوو بە شـێوەی گفتوگـۆ، بڵاوبوونەوە (هەمان سەرچاوە، ٣٨-٤٤).

لە نوسـخەی دەستنووسـی "سـەردەمی بابـا نـاوس" (هیـی سـەدەی شەشەمی کۆچی)یشدا باسی هاودەمەکەی ئەو "فاتمە لوڕە" کراوە:

**دادا بزانە**

**دادا وَ رنگـم شـیوە بـزانە**

**هاملوی طاهر بیت نَو همـدانە**

**فاطمە لرّە بیت جستە عریـانە**

**نە تنور کَـردی زاری و گریـانە**

**عشق آزَت بی جگـر بریـانە**

(دورۀ بابە ناوس، ١٧-١٥ :١٣٨٤)

---

[1] لە ئەدەبی کوردیی گۆرانییدا، ئەو شیعرانەی بە شێوەی بڕگەیی هۆنراونەوە، نەک درێژ یان کورتبوونی بڕگە، بەڵکو تەنیا یەکسانیی بڕگەکان مەبەستبووە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نیوەدێڕی یەکەمی بەیتی دەستپێک، بە شێوەی نیولەتەدێڕ (نیم مصراع) و لە پێنج بڕگەدا هۆنراوەتەوە. ئەمە تایبەتمەندیی هەموو ئەو هۆنراوانەیە، کە بە زاری گۆرانیی -شێوەی ئەدەبیی ستانداردی لای کوردان- هۆنراونەوە. لە لای شاعیرانی کورد باوبووە، کە نیوەدێڕی یەکەمی بەیتی دەستپێکیان بە شێوەی نیولەتەدێڕ وتووە و هەر ئەو نیولەتەدێڕە یان لانی کەمی سەرواکەیان دەقاودەق وەک خۆی لە نیودێڕی دووەمدا دوپاتکردووەتەوە.

dādā bezāna، dādā wa raŋem šēwa bezāna،

hāmluy tāher bīt näw hamadāna ،fātmma loŕa bīt jasta ’oryāna،

na tanūr kardī zāri-yo- geryāna ، ’ešqe azet bī jegar beryāna.

وەرگێڕدراو: هۆ دایە، ئاگاداربە و بزانە، هۆ دایە، لە نهێنییەکانی ژیانم ئاگاداربە/ تۆ لە هەمەدان هاوتای تایەر بوویت، ناوت فاتمە لوڕە بوو، کەسێکی چڵکن و ڕووتەڵە بوویت/ لە تەندووردا شیوەنتدەکرد و دەگریایت، بەڵی، ئەوە ئەوینی من بوو، کە ئاگری لە هەناوت بەردابوو.

بابە تایەر لە "سەردەمی زوڵاڵ زوڵاڵ" (تایبەت بە سەدەی هەشتەمی کۆچیی) لە هۆنراوەی " کەسی فریاڕەس"دا، ئاماژەی بە هێمای جارانی خۆی لە سەردەمی شاخوشین = (بابەتایەر) و هەروەها ئاماژەی بە هێمای جارانی شابرایم لەو سەردەمدا = (بابای گەورە) کردووە:

هم بابا بزرگ نازاریم ایمە

هم بابا طاهر انظاریم ایمە (حسینی، ١٣٨٢، ٦١١).

ham bābā bozorg nāzārīm īma، ham bābā tāher enzārīm īma.

وەرگێڕدراو: ئێمە (من و شابرایم) هەم بابە گەورەی نازدار و هەم بابەتایەری ئاگادار و نەزەرکردەین.

شابرایمیش هەر لەم سەرەدەمەدا ئەمەی هۆنیوەتەوە:

**زلال همدان،**

**یادگارِمَن زلال همدان**

**چاکا صف بستن نهصدەی میردان**

**شام خوشین بیا وَ طاهر مهمان**

**کاکەم ویش طاهر گدای تندورخان**

**نامیم قلندر آز بیم میر سلطان**

(کلام، ١٣٩٤، ٣٢٢).

zoĺāĺ hamadān، yādegār-e- men zoĺāĺ hamadān.

čākā saf bastan nohsada mērdān، šam xwasīn biyā wa tāher mehmān.

kākam wēš tāher gedāy tandūrxān، nāmīm qaĺandar az bīm mīrsoltān.

وەرگێڕدراو: (زات)ی پاکی هەمەدان، یادگاریی (زات)ی پاکی هەمەدانە/ ئەو کاتەی نۆسەدەی پیاوان ڕیزیانبەستبوو، پاشا شاخوشین بوو کە بوو بە میوانی تایەر/ براکەم = (بابە یادگار) تایەر خۆی بوو، هەمان سواڵکەری تەندوورخانە/ ناوی من قەلەندەر بوو، من میر سوڵتان بووم.

هەروەها لە سەردەمی کەلامیدا "بارگە بارگە/ ٧٢ پیر" (سەرئەنجام، بەبێ تاریخ، ٣٦٥)، هۆنراوەی "عالی قەلەندر" (دەفتەری حەقیقەت، ١٣٣٧، ٣٥)، کەلامی "سەید فەرزی" (شائیبراهیمی، ١٣٣٧، ٦) و کەلامی "زەنوور قەلەندەر" (خامووشی، ١٣٨٤، ١٠)، ئاماژە بە میوانبوونی شاخوشین لە بابەتایەر و ئەوە کە ناوبراو یەکێک لە حەوت کەسەکە و هێمای پێشووی بابە یادگار بووە، هاتووە.

بە شێوەیەکی گشتیی لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا، ئەوەی لە بارەی بابەتایەرەوە دەستماندەکەوێت ئەمانەن:

١. شاخوشین پیر و مرادی بابەتایەر بووە.

٢. شاخوشین وێڕای سوپای نۆسەد نۆسەدە لە تەکیە/ تەندوورخانەی چووکەی بابەتایەر لە هەمەدان میوانبووە.

٣. باباتایەر لە ڕووی ژیان و بەرێچوونەوە، ئەوەندە هەژار و دەستکورت بووە، کە شاخوشین دەیەوێت لە گەنجی دنیا بەشیبدات، کە بابەتایەر لێیوەرناگرێت.

٤. فاتمە لوڕە لە هێندێک لە دەقە دەستنووسەکاندا وەکو خۆشەویست و هەروەها لە ژمارەیەک لە دەستنووسەکاندا، وەک خوشکی بابەتایەر ناسێندراوە.

٥. بابەتایەر یەکێک بووە لە حەوت کەسە سەرەکییەکەی شاخوشین = (زەردەبام/ بابەتایەر لە سەردەمی سوڵتان سەحاکدا) بووە و لە کەلامەکانی یارساندا پەیتا پەیتا باسی ئەم شتە کراوە.

شایانی بەبیرهێنانەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران ئاماژەیان بە پەیوەندیی بابەتایەر و یارسان کردووە. مینۆرسکیی لە وتاری "ژیاننامەی بابەتایەر" (١٣٧٥، ١٢٠-١٢٣)، باسی پێگەی ئەوی بە گوێرەی نامەی

سەرئەنجام لە ناو یارساندا کردووە. پەروێز ئەزکایی لە نووسینێک لە ژێر ناوی "زیادە خستنەسەر و تێچن بۆ وتارەکەی مینۆرسکیی" (١٣٧٥، ١٣٢-١٤٤)، پەیوەندیی بابەتایەری لەگەڵ گۆرانەکان و یارسانەکان ڕونکردووەتەوە و لە بارەی بیرکردنەوەی عیرفانیی بابەتایەر نووسیویەتی: بابەتایەری هەمەدانیی، لە پیرانی تەریقەتی گنووسی ئێران "دینی حەق" بووە، کە بنەمای باوەڕەکانی بە توندیی لەگەڵ باوەڕەکانی زەروانی – مانەویی و حیکمەتی فەهلەویی کۆن پەیوەندیی هەبوو، هەر بۆیە دواتر لە ڕوانگەی بزوتنەوەی ئاینیی گۆرانیی - لوڕیی ئەهلی حەقدا کە لەگەڵ بزوتنەوەکانی جەلالییە، خاکسارییە و نوقتەوییە، پەیوەندیی و نزیکییان هەبووە، بەردەوام یەکێک لە پیر و ئەولیاکان بووە (هەمان سەرچاوە، ١٤٣).

مامۆستا زەڕینکووب لە کتێبی گەڕان بە دوای سۆفیگەریی لە ئێراندا، بابەتایەر بە یەکێک لە پیران و ئەولیای کۆنی ئەهلی حەق دەزانێت، کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێڕەوانی ئەم ئایینەدا -کە ئەوانیش لە ژێر کاریگەریی باوەڕەکانی گنووسی بەر لە ئیسلامدا بوون- هەبووە (زرین کوب، ١٣٥٧، ١٨٩). حیشمەتوڵڵای تەبیبییش بابەتایەری وەک یەکێک لە چوار یاری نزیک لە بارەگای شاخوشین ناوبردووە (طبیبی، ١٣٤٩، ١٢١١).

لە بارەی فاتمە لوڕەیشەوە توێژەران بیروڕای جۆراوجۆریان دەربڕیوە، مامۆستا زەڕینکووب نووسیویەتی: "بەسەرهاتێکی خۆشەویستییش -لەگەڵ خاتوو فاتمە ناوێک کە گڵکۆکەی لە تەنیشت گڵکۆی ئەوە- لە ناو خەڵکدا لە سەر زار و زمانانە کە دەتوانێت لە تێگەیشتنمان لە بارودۆخی نائاسایی و تێکەڵ بە کەراماتی ئەم پیرەی هەمدان تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بێت (زرین کوب، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٢). هەروەها مراد ئەورەنگیش لە بارەی ڕەچەڵەکی ئەوەوە پێیوایە: " فاتمە لوڕە یان فاتمە ڕەقەڵە و... هتد، هەمان بی بی فاتمە، خوشک و هاودەمی بابەتایەرە "(ادموندز، ١٣٦٧، ٢٠٩). مینۆرسکییش وتوویەتی کە گڵکۆی فاتمە لوڕە و هەروەها فاتمە -دایک یان خوشکی بابە- لە تەنیشت گڵکۆی بابەتایەر هەڵکەوتووە (مینۆرسکیی، ٥٥٨، ١٠٧).

لە درێژەی ئەم نووسینەدا بەسەرهات و ڕوداوەکانی ژیانی بابەتایەر لە زمانی سەرچاوە و ژێدەرە بەردەستەکان دەخەینەبەر سەرنج، بە سەرنجدان بەم ڕونکردنەوەیە بە مەبەست خۆمان لە بەراوردی ژیانی بابەتایەر لەگەڵ تایەر جەسساس، کە پێشتر باسمانکرد، خۆ دەبوێرین.

**٢. ناو و ناوبانگ**

لە دووبەیتییەکان و هەروەها ئەو دەقانەی باسی ئەویان تێداکراوە، دەردەکەوێت کە ناوی "طاهر" بووە. ئەوە کە کەنگێ ناسناوی "بابە"ی پێدراوە، ڕای جیاوازی لە سەر هەیە، شاعیر لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا خۆی بە "بابەتایەر" ناوبردووە:

**من از روز ازل طاهر بزادم**

**از آن رو نام بابا طاهرهستم** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٧١).

بەڵام بێجگە لەو هۆنراوەیە، کە لەوانەیە هیی ئەویش نەبێت، لە هۆنراوەکانی دیکەشیدا، هەروەها سەرچاوەکانی نزیک لە سەردەمی ژیانی ئەو، هەر بە ناوی تایەر (طاهر) یادیلێکراوە.

**خداوندا به فریاد دلم رس**

**کس بی کس تویی مو مانده بیکس**

**همه گویند طاهر کس نداره**

**خدا یار منه چه حاجت کس** (هەمان سەرچاوە، ٣٢).

❊

**دلی دیرم چو مرغ پا شکسته**

**چو کشتی بر لب دریا نشسته**

**همه گوین که طاهر تار بنواز**

**صدا چون میدهد تار شکسته** (هەمان سەرچاوە، ٥٣).

❊

**شو تارت بوینم خواهش از پی**

شده کون و مکان از خلقت حـــی
حقیقت بشنو از طاهر که گـــــردید
به یک کن خلقت کون و مکان طی (هەمان سەرچاوە، ٦٧).

*

خدایا عشق طاهر بی نشسان بی
که از عشق بتان بی پا سرسستم (هەمان سەرچاوە، ٧٠).

*

منم طاهر که در خونابه نوشـی
محمّد را کمینه چـاکرســــــتم (هەمان سەرچاوە).

*

منم طاهر که از عشق نکــویان
دلی لبریز خون اندر برســــــتم (هەمان سەرچاوە، ٧١).

*

لە نامەکـــانی عەینولقـــوزاتی هەمەدانییشـــدا (لە ٥٢٠-٥٢٦ی کـــۆچیی نووسراون) هاتووە:

- "حەزدەکەم بزانیت کە من بەو نیازە زیارەتی تایەر و فەتحە دەکەم، کە تۆیش بتوانیت زیارەتیبکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ نەتتوانی بزانە کە نیازی تۆ شایانی زانستی تۆیە و نیازی من شایانی زانستی منە" (عین القضات، ١٣٧٧، ٢٧).

- "لە بەرەکە (گۆڕی پڕ لە نوور بێت)م بیست کە تایەر گوتی خەڵک دێن و ئەژنۆی خەم بۆ ئێمە لەباوەشدەگرن، بۆ ئێمە بە داخ دەبن. (هەمان سەرچاوە، ٢٥٨).

"فەتحە -ڕەحمەتی خودای لێبێت- دەڵێت: حەفتا سالە هەوڵدەدەم هەتا ئیرادەتی خۆم بەرانبەر تایەر دروستبکەم، ناتوانم" (هەمان سەرچاوە، ٢٥٨).

- "ئەی ئازیز، ئەم نووسینەیشم لە سەر گڵکۆی تایەر نووسی، ڕۆژی شەمە" (هەمان سەرچاوە، ٣٥١).

- ئەمرۆ بۆ ناردنەکەی ئیستخارەمکرد، لە سەر خاکی گڵکۆی فەتحە و هەروەها گڵکۆی تایەر، هاتمەسەر ئەو بڕیارە کە شتێکی دیکە بنووسم هەتا لەویٚ کێشەی کەمتری هەبێت" (هەمان سەرچاوە، ٤٣٣).

لە دەقی دەستنووسی "سەردەمی شاخوشین" (بەندی ١٠٥)یشدا، هەر بە ناوی تایەرەوە یادیکراوەتەوە، هەروا کە شاخوشین هۆنیویەتیەوە: "طاهر شب سارانە کردم میل...وا میل"، لە سەردەمی بابە ناوسیشدا وەک خرایەبەرچاوتان، ناوی "طاهر" هاتبوو.

لەو دووبەیتییانەدا، کە بە هیی بابە تایەر دادەنرێن و عەلی مەردان عەسکەری ئاوڕیلێداونەوە، وشەی "طاهر" وەک ناسناوی شاعیر هاتووە.

مه طاهر ساکن پای گرینم
مه درویش مسلک و آگر درُینم
بوری در باغ خواوم لحظه‌ای چن
که شاید وخت خواو روی ته بُینم (عسکری عالم، ١٣٨٥، ١١٥).

ma tāher sāken-e- pāye garünem , me darwīš masĺak-o- āger darünem.
būrē dar bāqe xāwem lahzei čand , ke šāyad vaxte xāw rüye to bünem.

واتایەکەی: من تایەر دانیشتووی داوێنی کێوی گەڕوونم، من دەروێش مەسلەک و ئاگر لە دەڕوونم/ وەرە بۆ باغی خەونەکانم چەند ساتێک، بەڵکو لە خەوندا ڕووی تۆ ببینم.

خُشین گم بی و مَقصودم اِدس چی
لطیفی صوتِ داوودم اِدَس چی
بوری طاهر بِنیش اَر خاکِ ماتم
خراو بی تارم و پودم اِدَس چی (هەمان سەرچاوە، ١١٤).

xošīn gom bī-yo- maqsūdem ēdas čī , latīfī säwte dāvūdem ēdas čī.
būrē tāher benīš ar xāk-e- mātam , xrāw bī tārem-o- pūdem ēdas čī.

واتایەکەی: شاخوشین ونبوو و منیش بە مەقسوودی خۆم نەگەیشتم؛ لە

ئەنجامـدا دەنگـی نەرم و داودیـم لەدەسـتچوو/ ئەی تـایەر، وەرە و لە سـەر خاکی ماتەم دابنیشە، چونکە ڕایەڵ و پۆی بوونم لەبەریەکهەڵوەشا و فەوتام.

هەروا کە خرایەبەرچاوتان، بێجگە لە یەکێک لە هۆنراوەکانی بابەتایەر، لە هۆنراوەکـانی دیکەیدا و هەروەهـا لەو سەرچاوانەیشـدا کە لە سـەردەمی ئەو نزیک بوون، نـاوی ئەو واتە تـایەر تۆمـارکراوە، وادەردەکەوێت کە ناسـناوی "بابە"ی لە لایەن پیرانی تەریقەت و عارفانەوە پێدراوە و دواتر بە "بابەتـایەر" ناوبانگیدەرکردووە (اذکائی، ١٣٥٤، ١٥٢).

لە بارەی وشـەی "بابە"وە دەتوانین بڵێین ئەو ناسـناوەی لەبەر گەورەیـی پێدراوە، وەک شـێخ، پیر، ئوسـتاد و... هتد، کە بە تـایبەتیی ئەولیا، زاهیـدان و عارفان لە لایەن خەڵکەوە ئەم ناسـناوەیان دەدرێتەپاڵ ناوەکانیـان و هەر بەم جـۆرەیش ناوبانگیـان دەڕۆیشـت. فرانتـز ڕوزنتـال لە وتارێکـدا لە ژێـر نـاوی "تنبوات بابای حرانی"[1] (ڕانی کوللە/ ئەرمەغان نامەی تەقیزادە) وێرای ئاماژە بە گنوسیزمی حەڕانی/ سائیبی/ مەسیحیی، بەکارهێنانی زاراوەی "بابە"ی بۆ عارفانی ئێرانیی بە هاوشێوەی زاراوەی پاپ لە ناو مەسیحییەکانی ڕۆژئاوادا زانیوە، بۆ نمـوونە دەڵێت ئەم نـاوە "بـابە" لە نویکنـدەی "دوورا-ئوروپـوس" (سـەدەی سـێیەمی زاینیـی) بە شـێوەی "بـب" هـاتووە، بەڵام لە یۆنانییـدا بە شـێوەی "بابـا" هـاتووە، کە لەوانەیشـە لەگەڵ فۆڕمەکـانی "ببـی" لە ئارامییـدا پەیوەنـدیی هەبێـت. "بـابە یادگـار" یەک لە پیاوچاکـانی ئەهلـی حەقە و مزارگەکەی لە نزیک قەسری شیرین بەناوبانگە. هەروەها "بابە"کانی دیکە، کە ئوستادی کۆچکردوو جەلالەدین هومایی لە باسی گڵکۆی بابە و هەروەهـا لە باسی باباکانی ئیسفەهاندا وەک بابە ڕوکنەددین، بـابە عەلەمدار، بـابە نووش و... هتددا، یادیکردوونەوە و دەڵێت زۆربەیـان لە سـەدەی هەشـتەم و نۆیەمی کۆچییدا ژیاون" (بڕوانە: اذکائی، ١٣٧٥، ١٢٧).

لە دەقە عیرفانییە کوردییەکاندا، بێجگە لە بابە یادگار کە ئوسـتاد زەکـایی یـادیکردووەتەوە، هەنـدێک پیـری دیـکە، کە ناسـناوی "بابە"یـان هەبـووە ناویانهاتووە بۆ نموونە: بابە لوڕە، بابە نجووم، بابە ساڵەح، بابە حـاتەم، بـابە

[1] پێشبینییەکانی بابەی حەڕانیی.

سەرهەنگ، بابە جەلین، بابە بزۆرگ، بابە فەقێ، بابە ناوس، بابە شەمس، بابە هیندوو، بابە حەیدەر و... هتد.

ناسناوێکی دیکەی بابەتایەر "عۆریان"ە. زۆربەی توێژەران وشەی عۆریان بۆ بابە تایەر بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی ڕونکردنەوەیەکیان لە بارەیەوە هەبێت، هەروا کە لە "ئاتەشکەدەی ئازەر"دا هاتووە: "عۆریان، ناوی بابەتایەرە، دەلوویەکە لە هەمەدان و زانایەکە هەموو شتزان" (آذر بیگدلی، ١٣٣٧، ٢٦٣). واپێدەچێت کە ئەم ناسناوە، لەم دووبەیتییە بەناوبانگەی بابەتایەرەوە وەرگیرابێت:

ندونم لوط و عریانم که کـرده
خودم جلّاد و بیجانم که کـرده
بده خنجر که تا سینه کنم چاک
ببینم عشق بر جانم چـه کـرده (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٥٣).

"دێوانە" و "سووتەدڵ" لەو ناسناوانەن، کە توێژەران بۆ بابەتایەریان بەکارهێناوە، معصومە معدن کن لەم بارەیەوە نووسیویێتی: "لە ناو هەموو ناسناوەکاندا، لەوانەیە سووتەدڵ بۆوی لە هەموان گونجاوتر بێت" (معدن کن، ١٣٨٢، ١٢٥). ئەو بۆ خۆی زۆر جاران خۆی بەم ناوە ناساندووە:

بوره سوته‌دلان گـرد هم آییـم
سخن وا هم کریم غم وا نمائیم
ترازو آوریـم غمها بسـنجیم
هر آن سوته تریم سنگین تر آئیم (بابا طاهر، هەمان سەرچاوە، ٣٧).

سـحرگاهان فغان بلبلانه
به یاد روی پر نور گلانـه
ز آه مه فلک آخر حذر کـه
اثر در ناله سـوته دلانـه (هەمان سەرچاوە، ٥١).

### ٣. بابەتایەر و پووری فەرەیدوون

هەندێک لە توێژەران بە گوێرەی ئەم دوو دووبەیتییەی خوارەوە، پێیانوایە ناوی باوکی بابەتایەر فەرەیدوون بووە:

بوره کز دیده جیحونی بسازیم
بوره لیلی و مجنونی بسازیم
فریدون عزیز از دست مو رفت
بوره از نو فریدونی بسازیم (هەمان سەرچاوە، ٤٣).

عزیزا مردی از نامرد نائی
فغان و ناله از بی درد نائی
حقیقت بشنو از پور فریدون
که شعله از تنور سرد نائی (هەمان سەرچاوە، ٦٤).

وا دێتەبەرچاو ئوستاد وەحید دەستگردیی لە ژێر کاریگەریی هەر ئەم هۆنراوانەدا، لە چامەی "ابن سینا"دا، بابەتایەری بە "پوور فەرەیدوون" (کوڕی فەرەیدوون) بانگکردووە:

ای کاخ سخنوران دانا
وی عرش کنوز علم بیچون
ای مدفن پاک ابن سینا
وی مسقط پور آفریدون
مسعود و بدیع از تو پیدا
عین القضات در تو مدفون (مقصود، ١٣٥٤، ٥).

ئاغا بزورگی تێهرانیی خاوەنی "الذریعه" لەو کەسانەیە، کە فەرەیدوونیان بە باوکی بابەتایەر زانیوە، ئەو لە بارەی دیوانی بابەتایەرەوە نووسیویەتی: "وهو بابا طاهر الهمدانی ابن فریدون کما یظهر من شعره قال فی (مع اص ٣٢٦) انه کان حیا فی٤١٠ و فی شاهد صادق انه مات ٤١٠..." (آقا بزرگ طهرانی، الذریعه، تهران، طهوری، ج الف، ١٣٩١ق، ص ١٥٩، وەرگیراو لە مقصود، ١٣٥٤، ١٤؛ هەروەها بڕوانە: صداقت کیش، ١٣٧٩، ٢٥١).

مەهدی ئیلاهیی قەمشەیی لە پێشەکیی دیوانی بابەتایەردا نووسیویەتی: "ناوی باوکی تایەر، فەرەیدوونە؛ هەروا کە لەم چوارییناەیەدا فەرمووویە: نصیحت بشنو از پور فریدون/ کە شعلە از تنور سرد نایو. بە دوور دەزانرێت مەبەست لەم دەربڕینە لە فەرەیدوون، فەرەیدوونی پاشای عەجەم بێت، لێرەدا مەبەستی لە کوڕی فەرەیدوون خودی خۆیەتی. کەوایە فەرەیدوون ناوی باوکیەتی، بەڵام تایەر کوڕێکیشی هەبووە هەر بە ناوی فەرەیدوون، ئەو کوڕە هەر لە سەردەمی ژیانی تایەردا کۆچیدوایی کردووە. لە ماتەمی مەرگی ئەو کوڕەیدا وتوویەتی:

فریدون عزیزم رفتە از دست، بورە از نو فریدونی بسازیم؛ واتە منداڵێکی دیکە لەخودا داوا بکەین. بە ڕواڵەت لە چوارییناەیەکی دیکەدا هەر ئاماژە بە کۆچیدوایی ئەو منداڵەی دەکات:

گلی کە خود بدادم پیچ و تابش، بە آب دیدگانم دادم آبش" (بابا طاهر، ١٣٨١، ب).

مراد ئەوڕەنگیش لە ژێر دووبەیتیی "عزیزا مرد از نامرد نائی..."دا نووسیویەتی: ئەم دووبەیتییە لە ١١ نوسخەی جۆراوجۆردا بە هیی بابەتایەر دانراوە. یەکەمینیان لە جۆنگ (کۆکراوە)ی ژمارە ٩١٩٢ی کتێبخانەی مەجلیسی شورای میللییدایە، کە ساڵی ١٢٢٢ی کۆچیی نووسراوە. ئەم دووبەیتییە لە شەش نوسخەدا هەر بەم جۆرە هاتووە، واتە لە هەموویاندا "پور فریدون" هەیە، بەڵام لە چوار نوسخەی دیکەدا "طاهر قلندر" هەیە. ئەگەرچی زۆربوونی نوسخەکان و هەروەها بوونی وشەی تایەری قەلەندەر هەتا ڕادەیەک بەستراوەیی ئەم دووبەیتییە بە بابە تایەر دەگەیەنێت و بە دوور نازانرێت ناوی باوکی فەرەیدوون بێت، بەڵام چونکە لە کتێبی "نظم گزیدە"دا کە ساڵی ١٣٠٦ی کۆچیی نووسراوە، ناوی "پور فریدون شیرازی" هەیە، بەم هۆیەوە ناچارین لە ڕیزی دووبەیتییەکانی بابەتایەردا دەریبهێنین" (اورنگ، ١٣٥٠، ٦٢). لە ژێر دووبەیتیی "بورە کز دیدە جیحونی بسازیم..."، دەنووسێت: ئەگەرچی دەکرێت وابیربکەینەوە کە ناوی بابی تایەر، فەرەیدوون بووە و ئەم دووبەیتییەی بۆ مەرگی ئەو هۆنیوەتەوە، بەڵام بەو

هۆیەوە کە پێشینەیەکی زۆری نییە و لە کۆکراوەی کەلبادییشدا هەر بە ناوی فەرەیدوونی شیرازیی هاتووە، هەر بۆیە لە سەر بەستراوەییەکەی بە بابەی هەمەدانیی پێداگرییناکەین و پێمان ناخۆش بێت یان نا، هەر بە حسێبی "پوور فەرەیدوون" دایدەنێین (هەمان سەرچاوە).

یەکەم کەس کە بە نهێنیی تێکەڵبوونی شیعرەکانی پووری فەرەیدوون لەگەڵ شیعرەکانی بابەتایەری زانی، ئوستاد پەرویز ناتل خانلەریی بووە. خانلەریی ئەم دووبەیتییەی "عزیزا مرد از نامرد نائی..." بە شیعری پووری فەرەیدوون دەزانێت و لە ژێر دووبەیتیی "بوره کز دیده جیحونی بسازیم..." نووسیویەتی: لەوانەیە هیی پووری فەرەیدوون بێت (خانلەری، ١٣٢٤، ٣٠-٢٧).

سەعید نەفیسی دووهەمین توێژەرە، کە باسێکی لەم پەیوەندییەدا هەیە. ئەو بە دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی خانلەرییدا، وتارێکی لە ژێر ناوی" پور فریدون" لە هەمان گۆڤار(پیام نو، ساڵی یەکەم، ژمارەی یازدەیەم، ١٣٢٤ی هەتاوی، لاپەڕەکانی ٢٢، ٢٣و ٢٥) دەنووسێت و ئەم باسە دەخاتەڕوو. ناوبراو دەنووسێت: "کۆنترین شوێنێک کە ناوی پووری فەرەیدوون و شیعری ئەوی تێدا هاتووە، کتێبی "نظم گزیده" لە دانانی محەمەد سادق تەبرێزیی بووە. نازم تەبرێزیی لە شاعیرانی پلە دووی سەدەی یازدەیەم بووە و شا هەباسی گەورە پێیسپاردبوو کتێبێک کە هەڵبژاردەیەک لە شیعری باشترین شاعیرانی ئێرانیی تێدا بێت ئامادەبکات... لە بەشی یەکەمدا باسێک لە بارەی "پور فریدون"ەوە هەیە، کە بەم جۆرەیە: پووری فەرەیدوون لە کوردەکانی هەرێمی فارسە، لە یاخییبوون و حاڵەتی (دەمدەمی) بوون بەدەرنەبووە، قسەکانی بۆنی دەردیان لێدێت و... (نفیسی، ١٣٧٥، ٧٢).

"جەمشید سەداقەت کیش"یش لە وتارێکدا لە ژێر ناوی" شیعرەکانی پووری فەرەیدوون لە نوسخە چاپکراوەکانی بابەتایەردا" پاش سەلماندنی بۆچوونەکانی خانلەریی و نەفیسیی و لێکۆڵینەوە لە بارەی پووری فەرەیدوون، شیعرەکانی و هەروەها شوێنی ژیانی، ئەم دووبەیتییانەی ئاماژەیانپێکرا بە هیی ئەویان دەزانێت و دەنووسێت: "لەگەڵ هەمووی ئەم

لێکدانەوانەدا (کە بابەتایەر کوڕی فەرەیدوون بووە) ڕەتدەکرێتەوە" (صداقت کیش، ١٣٧٩، ٢٥٢).

### ٤. ساڵی لەدایکبوون و وەفاتی بابەتایەر

مێژووی لەدایکبوونی بابەتایەر لە ئێمە ڕوون نییە. هەندێک بە گوێرەی تێگەیشتنیان لەو سەرچاوانەی کە دواتر ئاماژەیانپێدەکەین، ساڵی ٣٢٦ی کۆچیی مانگییان بە ساڵی لەدایکبوونی و ساڵی ٤١٠یان بە ساڵی کۆچیدوایی بابەتایەر داناوە. ژمارەیەکی دیکەیش ساڵەکانی ٣٩٠ و ٣٩١ی کۆچیی مانگییان بە ساڵی لەدایکبوون و ساڵی ٤٥٠ و کەمێک دواتریان بە ساڵی کۆچی زانیوە. ژمارەیەک لە خاوەن "تذکرۀ"کان پێیانوایە بابە، هاوچەرخی "شیخ الرئیس ابوعلی سینا" (ساڵی مردن ٤٢٨) بووە و تاقمێکی دیکە پێیانوایە هاوچەرخی خواجە نصیرالدین طوسی (ساڵی مردن ٦٧٢) بووە (مقصود، ١٣٥٤، ٣).

ڕەزا قوڵی خانی هیدایەت لە کتێبی "مجمع الفصحا"، بابەتایەری بە هاوچەرخی دەیلەمییەکان زانیوە: "ناوی شەریفی بابەتایەرە، لە زانایان و حەکیمان و عارفانی سەردەمی خۆی بووە و خاوەنی کەرامات و پلە و پایەی بەرز بووە. ئەوە کە ئەویان بە هاوچەرخی شایەکانی سەلجووقیی زانیوە، ڕاست نییە. لە سەرجەلەی مەشایەخەکانی هاوسەردەمی دەیلەمییەکان بووە و لە ساڵی ٤١٠، بەر لە عونسوریی و فیردەوسیی و 'اقران'، کۆچیدوایی کردووە" (هدایت، ١٣٣٩، ٨٥٤).

ئوستاد ڕەشید یاسەمیی، بۆچوونی هیدایەتیی ڕەتکردووەتەوە و نووسیوێتی ساڵی لەدایکبوونی بابەتایەر کە زیندەیاد هیدایەتیی خاوەنی مجمع الفصحا لە لاپەڕی ٤١٠ نووسیویەتی، دروست نییە و بە گوێرەی شەرحێک کە لە "راحەالصدور"دا هاتووە، پاش٤٤٧ی کۆچیی ڕویداوە. هاوچەرخبوونی بابەتایەر لەگەڵ خواجە نەسیرەدینی تووسییش بە هیچ جۆر ڕاست نییە. سەرچاوەی ئەم هەڵەیە چیرۆکێکە کە لە زمانی بابە ئەفزەلی کاشییەوە بڵاوبووەتەوە. دەڵێن ڕۆژێک خواجەی تووسیی لە وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی پەیوەندییدار بە ئەستێرەناسیی دادەمێنێت و ڕوودەکاتە بیابان.

چاوی بە بابە ئەفزەل دەکەوێت، کە لە سەر زەویی ڕاکشاوە و بە پەنجەی پێی لە سەر خۆڵەکە وێنەیەک دەکێشێتەوە. کاتێک لێیوردبووەوە دیتی ئەوە ڕاست ئەم وێنە ئاسمانی (صور فلکی)یەیە، کە بەدوایدادەگەڕا. هەر ئەم چیرۆکەیان داوەتەپاڵ بابەتایەریش و هەڵەکە لێرەوە ڕویداوە (بڕوانە: ڕشید یاسمی، ١٣٠٨، ٦٧).

هەندێکیش بە گوێرەی ئەم دووبەیتییە، بە شێوەی جۆراوجۆر و هەندێک جاریش دوور لە لۆژیک، ساڵی لەدایکبوونی بابەتایەریان قەبڵاندووە:

**مو آن بحرم که در ظرف آمدستم**
**چو نقطه بر سر حرف آمدستم**
**به هر الفی الف قدی بر آیه**
**الف قدم که در الف آمدستم** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٣٧).

میرزا مەهدی خانی کەوکەب، کە ژیاننامەی بابەتایەری لە گۆڤاری ئاسیایی بەنگالە لە ١٩٠٤ی زایینی [=ی ١٢٨٣هەتاویی] نووسیوە، ساڵی لەدایکبوونی بابەتایەری بە پێی حسێبی ئەبجەد لەم دوو بەیتییە دەرهێناوە. "الف قد"، "طاهر" و "دریا" بە حسێبی ئەبجەد هەرکامیان دەکاتە ٢١٥. جا ئێستا ئەگەر بارتەقای "الف قد" کە ٢١٥یە، لەگەڵ بارتەقای "الف" کە ١١١یە، کۆبکەینەوە، ژمارەی ٣٢٦ بەدەستدێت، کە ڕاست هێندەی کۆکراوەی بارتەقای پیتەکانی وشەی "هزار"ە. ئەگەر "هزار" بەم شێوەیە بنووسرێت:" ها-زا-الف-را"، واتای دووبەیتییەکە بەم جۆرەی لێدێت کە دوای هەر هەزار ساڵێک، گەورەیەک سەرهەڵدەدات و من ئەو "الف قد" واتە "طاهر"ێکم، کە لە "الف" هاتوومەتەسەر دنیا.

ئوستاد ڕەشید یاسەمیی لە بارەی بۆچوونی میرزا مەهدی خانی کەوکەبەوە دەنووسێت: ئەو قسەیەی میرزا مەهدی خان، کە پرۆفیسۆر مینۆرسکیی گێڕاویەتیەوە و بە پێی ئەو لەدایکبوونی بابەتایەر لە ساڵی ٣٢٦ی کۆچیی بووە، ناتوانێت ڕاست بێت، چونکە بناغەی ئەم تویژینەوەیە لە سەر تەکلیف کردن و داتاشینی مێژوو بووە، کە بە هیچ جۆر لە گەڵ سروشتی بابەتایەر ناگونجێت و ئەگەر ئەم ساڵەمان قبوڵبێت (مردنەکەی بە

دڵنیاییەوە دوای ٤٤٧ بووە)، تەمەنی لە ١٢٢ساڵ تێدەپەڕێت. بەم پێیە دەبێت پیرێکی ١٢١ساڵە بووبێت کە لە سەر ڕێی ئۆردوو ڕاوەستاوە و لەگەڵ شا (تۆغرۆڵی سەلجووقیی) قسەیکردبێت، کە ئەمەیش ناچێتە عەقڵەوە" (رشید یاسمی، ١٣٠٨، ٦٨).

دیارە ڕەشیدی یاسەمییش بۆ خۆی بۆچوونێکی خستووەتەڕوو، کە ئەوەندە شایەنی قەبوڵکردن نییە. ناوبراو لە درێژەدا دەنووسێت: گرنگییەکی کە زۆربەی نەتەوەکان بە ژمارە هەزاری دەدەن، دیارە. لە پەندەکاندا هاتووە کە لە دوای هەزار، ژمارە نامێنێت. ناسر خوسرەوییش دەڵێت: 'هر چه شمار است، زیر هزار است' (هەرچی ژمارەیە لە ژێر هەزارەوەیە)؛ زەردەشتییەکان باوەڕیان وایە کە زەردەشت سێ تۆوی چاند، کە لە کاتی دیاریکراودا سێ کیژ بە هۆی ئەو تۆوانەوە ئاوسدەبن و هەریەکێکیان مەعسوومێکی دەبێت. یەکەمیان ناوی "هوشدار" و دووەمیان ناوی "هوشدارمە" و سێیەمیان ناوی "سوشیوس"ە لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا سەرهەڵدەدات و جیهان بەرەو پاکیی و کەماڵ دەبات. باوەڕ بە سەرهەڵدانی گەورەیەک لە سەری هەر هەزارساڵێکدا یەکێک لە باوەڕەکانی ئێرانییە کۆنەکانە و لەوانە مەسیحییەکانیش هەر لەوانیان وەرگرتبێت. خاقانی شێروانیی لە سەدەی شەشەم ئاماژەی بەم بابەتە کردووە:

**گویند که هر هزار سال از عالـــم**
**آید به وجود اهـــل وفایی محـرم**
**آمد زیـن پیش و مـا نزاده ز عــدم**
**آید پس از این و ما فرو رفته به غم** (خاقانی، ١٣٥٧، ٧٢٥).

بە گوێرەی ئەم پێشەکییانە، گومان نامێنێت کە بابەتایەر لەم دووبەیتییە ئاماژەپێکراوەدا، مەبەستی دەربڕینی ئەو باوەڕە گشتییە و خۆگونجاندنی لەگەڵ یەکێک لە مەعسوومان و گەورەکانە و بە هیچ جۆرێک نیازی تۆمارکردنی ساڵی لەدایکبوونی بە پێی "حِسَاب الجُمَّل" نەبووە. بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانە [= ڕەشید یاسەمی] هەزارەی زاینیی مەبەستە. یەکی دیسەمبری ساڵی هەزاری زاینیی لەگەڵ سەرەتای موحەڕەمی ٣٩١ی کۆچیی

هاوکات بووە، کەواتە لەدایکبوونی بابە دەکەوێتە دەوروبەری ساڵانی ٣٩٠ و ٣٩١ی کۆچیی کە دەبێتە سەرەتای هەزارەی زایینیی. لەم مێژووە تا تێپەڕینی سوڵتان تۆغرۆل لە هەمەدان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بابەتایەردا، خۆ لە نزیکەی ٥٦ ساڵ دەدات (رشيد ياسمی، ١٣٠٨، ٦٩-٧٠).

لە بارەی بۆچوونی میرزا مەهدی خانی کەوکەبەوە دەبێت بەبیربهێنینەوە کە لە دووبەیتییەکەی بابەدا، سوود لە وشەی "بحر" وەرگیراوە نەک "دریا"؛ بە حسێبی ئەبجەدییش ئەم مێژووە لە "بحر" نزیک نییە و شارەزایان دەزانن کە ناکرێت بە ئیشتیای خۆت جێگۆڕکێ بە پیتەکانی ئەبجەد بکەیت. بۆ نموونە ناکرێت "نهر" بکەیە" جو" (کە هەردوویان یەک واتایان هەیە). وێڕای ئەمەیش "بحر" وشەیەکی عەرەبییە و "دریا" وشەیەکی فارسییە، هەروەها "بحر" لە سێ پیت، بەڵام "دریا" لە چوار پیت پێکهاتووە (غضنفری امرايی، ١٣٦٤، ٣٧٤).

خاڵێکی دیکە لە بارەی ئەم دووبەیتییەوە ئەمەیە، کە ئایا دڵنیاین ئەم دووبەیتییە هیی بابەهایەرە؟ مراد ئەورەنگ لە ژێر ئەم دووبەیتییەدا بەبیریهێناوەتەوە کە: لە جۆنگ (کۆکراوە)ی ژمارە ١٤٨ی کتێبخانەی قوتابخانەی سپاسالار وەرگیراوە، کە ساڵی ١٢٧٦ ئامادەکراوە، بەڵام پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نوسخەی "طريقيان"، کە ساڵی ١٢٤٩ نووسراوەتەوە و لەسەریەک لە ١٧ نوسخەدا هاتووە (اورنگ، ١٣٥٠، ٢٣١).

پەروێز ئەزکاییش لە بارەی ئەم دووبەیتییەوە دەنووسێت: ئەم دووبەیتییە بە ئاشکرا ڕەگی "نقطوی"[1]ی تێدایە و ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمی ئەو "نقطوی"یانە بێت کە لە ئێران بۆ دەرباری جەلالەدین ئەکبەرشای تەیموریی هێندی ڕایانکردووە (وەک مەلا محەمەدی سۆفیی مازندەرانیی یان هیی دیکە)، کە بەهێنانەگۆڕی بابەتی "راس الفی" ئەو (بابەتایەر)یان بەو کەسە زانیوە، کە هەر هەزار ساڵی کۆچیی جارێک سەرهەڵدەدات، هەر ئەو کەسەی کە "تاريخ الفی"یشی بۆ نووسرا، بەڵام پاش

---

[1] "نقطويان" (نوقتەوییەکان) بزوتنەوەیەکی ئاینیی بوون، کە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠ی کۆچیی، لە سەردەمی شایەتیی تەیموریدا، بە هۆی مەحموود پەسیانی دامەزرا (وەرگێڕ).

گونجـــانی وتـــارەکەی مینۆرســـکیی لە "دایـــرە المعـــارف اســـلام" (چـــاپی یەکەم/١٩٢٩ی زایینیی = ١٣٠٣ی هەتاویی) دەستبەجێ عەلـلامەی کۆچکردوو مـــــحەمەدی قەزوینیـــــی، ئەو نووســـــینەی لە ڕیـــــزی "پاســـــاودانە سەیروســـەمەرەکان" نـــاوبرد و بە ســـەرنجدان بە هەنـــدێک لە کۆپلەکـــانی، بە یەکێک لە تێزەکانی بابیان و بەهاییەکانی دانا. ڕەشید یاسەمییش لە وتارێکدا لە ژێـر نـاوی " بابـا طـاهر عریـان"، قسـەی میـرزا مەهـدی خـانی کەوکەبـی ڕەتکـــردەوە و بەبیریهێنـــایەوە کە ئەم دووبەیتیـــیە لە گەڵ لـــوتفی تەبعـــی بابەتـایەردا نـایەتەوە، بەڵام خـودی ئەویش بەو پاسـاوە، کە سـەری هەزارەی میلادیـی دەبێـتە دەسـتپێکی مـانگی مـوحەڕەمی ٣٩١ی کـۆچیی، دەگـاتە ئەم ئەنجـامە، کە لەدایکبـوونی بابەتـایەر دەگەڕێـتەوە بـۆ دەوروبەری سـالەکانی ٣٩٠ یان ٣٩١ی کۆچیی مانگیی. ئەم بۆچوونەیش لە نووسینێک لە ژێر ناوی "از خـزاین تـرکیە"، کە موجتەبـا مینەویـی لە چوارچێـوەی زنجیرەوتـاری "بابەتـایەری لـوڕ"دا نووسـیبووی، بە تونـدیی ڕەخنەیلێگیـرا (اذکـائی، ١٣٧٥ب، ١٢٥).

ئەگەر دان بەوەدا بنێین، کە ئەم دووبەیتییە هیی بابەتایەرە، خاڵێکی دیکە قوتـدەبێتەوە، کە ئەویـش ئەمەیە کە بابەتـایەر مریـدی عـارفێکی قەلەنـدەر بە نـاوی شاخوشـینی لوڕسـتانیی، ناسـراو بە "هەزار" بـووە. جەلەوی یەک لە مریـدانی شاخوشـین، لە نوسـخەی دەستنووسـی "سـەردەمی شاخوشـین"دا ئەمەی هۆنیوەتەوە:

**یویش دیارا**

**هـــزار ســـــوارا یویش دیـــارا**

**پلی وش رامـا جە بـــر تا بـــارا**

**سوار شاه خوشین اسمش هزارا** (دورۂ شاه خوشین، بند ١٨).

yūēš dīyārā ، hezār suwārā yūēš dīyārā.

peĺē waš rāmā ja barr tā bārā ، suwār šāh xwašīn esmeš hezārā.

واتـاکەی: یەکێـک دیـارە، یەکێـک لەگەڵ هەزار سـوار لە یـارانی ئەوەتـا دیـارە. ئەمە هەر ئەو کەسـەیە کە دوڕی لە نـاو دڵـی دەریـادا شـکاند و بە هـاتنەدەر لە نـاو ئەو دوڕەدا، گیـانی بە وشـکانیی و ئـاو بەخشـی. ئەم سـوارە

شاخۆشینە و لەگەڵ یارانی کە هەزارانن، خاوەنی ئەو باوەڕەیە کە پێیدەڵێن ئاینی یاریی[1].

خاڵێکی دیکە لە بارەی شاخوشینەوە ئەمەیە، کە بە پێی باوەڕی یارسان، ئەو لە دایکێکی شوونەکردوو (باکیرە) بە ناوی "ماما جەلالە" بووە، بۆیە دەکرێت دووبەیتییەکەی بەم جۆرە واتابکەینەوە: "من ئەو بەحرەی حەقیقەتم (لە سەر بناغەی نفختُ فیە من ڕوحی) کە چوومەناو جەستە و لەش، هەروا کە خاڵ دەچێتەسەر پیت (بە سەرنجدان بە وتەی عەلی (سڵاوی خوای لێبێت): انا نقطە تحت باء بسم اللە). لەگەڵ مرۆڤی کامڵ، پیاوانی ڕاستەقینەی دیکەیش سەرهەڵدەدەن، بەڵێ، من "الف قد" و پیاوێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆم، کە لە سەردەمی "هەزار" (شاخوشین)دا هاتووم".

پەیوەندیی شاخوشین (=هەزار) لەگەڵ باوەڕی زەردەشتیان، کە پێیانوایە سەری هەر هەزارساڵێک، پیاوێکی کامڵ بە هۆی ئەو تۆوەی زەردەشت چاندوویە لە دایکێکی شوونەکردوو دەبێت، ڕوونە. ئەم بۆچوونە تەنیا ڕوانگەی نووسەرە و پێداگریی لە سەر ناکات، ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە سەرنجی توێژەر لە ڕێگەی "الف"ەوە دەچێتە سەر شاخوشین کە بە ناسناوی "هەزار' بووە.

لە بارەی لەدایکبوون و کۆچیدوایی بابەتایەر، شتێکی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیڵێین ئەمەیە، کە ئەو لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چوارەم لەدایکبووە و مردنەکەیشی لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچییدا ڕویداوە. دیارە بە مەرجی قەبوڵکردنی ڕوانگەی ئوستاد پوورجەوادیی -کە بابەتایەر هەمان تایەری جەسساسە- ناوبراو لە ساڵی ٤١٨ی کۆچیی مردووە.

**٥. بابەتایەر لە بەرهەمەکانی نووسەرانی پێشتردا**

زۆربەی لێکۆڵەران، "راحەالصدور"ی ڕاوەندی (ژیان لە ٦٠٠ی مانگیی) بە

---

[1] بۆ ساخکردنەوەی واتای ئەم دووبەیتییە، سوپاسی مامۆستا قادر ئەلیاسیی دەکەم، کە بە هاوکاریی شارەزاییەکی ئاینی یاریی، واتای ئەم دووبەیتییەیان بەم جۆرە بۆ ساخکردمەوە (وەرگێڕ).

یەکەم کتێب دەزانن، کە تێیدا باسی بابەتایەر کراوە:

وام بیستووە کە سولتان تۆغرۆل بەگ هاتووەتە هەمەدان، لە ناو پیاوچاکاندا سێ پیر هەبوون: بابەتایەر و بابە جەعفەر و شێخ حەمشا، تەپۆلکەیەک لە دەروازەی هەمەدان هەیە کە پێیدەڵێن 'خضر'؛ لە سەر ئەوێ ڕاوەستابوون. وەبەرچاوی سولتان هاتن. لەشکری ڕاگرت و لە ئەسپەکەی دابەزی. لەگەڵ وەزیر ئەبونەسری کۆندۆری هاتەلایان و دەستی ماچکردن. بابەتایەر ڕەقەڵەیەکی ڕووتەڵە بوو؛ ڕوویتێکرد و پێیوت: هۆ تورکە، چ لەو خەڵکەی دەکەیت؟ سولتان گوتی: هەرچی تۆ بفەرموویت! بابە گوتی: ئەوەی بکە کە خودا دەفەرموێت: إن الله يأمر بالعدل والإحسان [نحل،٩٠]. سولتان گریا و گوتی: هەروا دەکەم. بابە دەستیگرت و گوتی: بەقسەمدەکەیت؟ سولتان وتی: بەڵێ. بابە سەری گۆزەڵە شکاوێکی کە لەمێژ ساڵ بوو بۆ دەستنوێژهەڵگرتن بەکاریدەهێنا، لە قامکی خۆی دەرهێنا و کردیە قامکی سولتان و پێیگوت: ئەوە ئەم مەملەکەتەم بەم جۆرە بە تۆ سپارد. دادپەروەربە" (ڕاوندی، ١٣٦٤، ٩٨-٩٩). بەڵام ئەگەر نوسخەی دەستنووسی "سەردەمی شاخوشین" کە لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمدا نووسراوەتەوە، هەروەها دەقەکانی دیکە کە باسی چاوپێکەوتنی شاخوشین و بابەتایەریان کردووە، چاوپۆشییانلێبکەین، دەتوانین بۆچوونی ئوستاد محەمەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنیی بخەینەڕوو، کە نووسیویەتی: کۆنترین سەرچاوە کە باسی بابەتایەری کردووە، " کشف المحجوب هجويری"یە، کە ئەوی وەک "ابو طاهر مکشوف"(عریان) ناوبردووە" (شفیعی کدکنی، ١٣٦٨، ٢٦٣).

هجویریی، نووسینی "کشف المحجوب"ی بەر لە ٤٦٥ی کۆچیی دەستپێکردووە و و دوای ٤٦٩ تەواویکردووە. بەم جۆرە ئەگەر "ابو طاهر مکشوف" بە هەمان بابەتایەر بزانین "کشف المحجوب" یەکەمین کتێبە کە باسی ئەوی کردووە، بەڵام بە سەرنجدان بە نووسینێکی کە دۆستی زانام بەڕێز سوهەیل یاریی گوڵدەرەیی بۆ نووسەری ئەم دێڕانەی ناردووە، ناکرێت بۆچوونی ئوستاد شەفیعی کەدکەنیی بە ڕاست بزانین، ناوبراو لەو نووسراوەیەدا وتوویە:

ابن الشجری (له ٥٤٢ی مانگیی مردووه) له کتێبه بەنرخەکەی خۆیدا بە ناوی 'امالی' پەیتا پەیتا ناوی 'ابوطاهر بن عبدالکریم بن عبدالواحد بن محمّد الحسنابادی مکشوف الراس' دەهێنێت و هەندێک بابەتی وی دەگێڕێتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە وەک "شیخ الصوفیه در اصفهان" ناویدەبات (یەک لەوان ١٤١٢ی مانگیی، بەرگی ١، ٣٥٠). بوونی سێ ئاماژەی وەک "ابو طاهر"، "مکشوف"[ الراس] و "شیخ الصوفیه" ئەم گومانە کە "ابوطاهر مکشوف"ی ئاماژەپێکراو لە "کشف المحجوب"، هەمان "ابوطاهر مکشوف"ی ئاماژەپێکراو لە کتێبی "امالی"ی "ابن الشجری" بێت، بەهێزدەکات. وێرای ئەمەیش ئەگەر "ابوطاهر"ی ناو "کشف المحجوب" و"ابوطاهر"ی نێو "امالی"ی "ابن الشجری"، هەر یەک کەس بن، ئیدی "مکشوف" دەقاودەق بە واتای "عریان" نییە و دەبێت بە سەرنجدان بە "مکشوف الرأس"، "سر برهنه" (سەرڕووت)ی بکەینە جێگرەوەی "عریان"، بە دەربڕینێکی دیکە بە شک و گومانەوە دەتوانین پێمانوابێت کە ئەو مەندیلبەسەر (معمم) نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە سەمعانیی (لە ٥٦٢ کۆچیی مردووە) لە کتێبی "الأنساب" ئاوڕێکی خێری لە ڕەچەلەک و بنەچەی ابوطاهر و کوڕەکەی داوەتەوە (لە ژێر سەردێڕی "الحسنابادی" کە بەشێک بووە لە ئیسفەهان). سەمعانیی لە بارەی منداڵەکەیەوە نووسیویەتی: "من بیت التصوف و الحدیث"(لە بنەماڵەی تەسەوف و حەدیس) بوو. ساڵی مردنی کوڕی ئەبوتایەری بە ٤٨٤ی کۆچیی زانیوە. بەم جۆرەیش باسی ئەبوتایەرەکەی مەبەستی ئێمە دەکات: "کان من المعروفین بالخصال الحمیدة و الأخلاق المرضیة" [بە خوو و خدەی پەسندکراو و ڕەوشتی بەرز بە ناوبانگ بوو] (سمعانی، ١٣٨٢ی مانگیی، ١٥٨/٤).

یەکێک لەو هۆکارانەی وایانکردووە ئوستاد شەفیعی کەدکەنیی بەم جۆرە بۆ شتەکە بچێت، هاتنی ناوی "ابوطاهر مکشوف" لە ڕیزی عارفانی ناوچەی قەهستان (=کێوەکانی ناوەند)ە. لەم بارەیەوە دەبێت بگوترێت: هەروا کە لە سەرچاوەکانی سەرەوەدا هاتووە ئەم ئەبووتایەر... "مکشوف الرأس"(سەرڕووت)ی ئیسفەهانییە و ئیسفەهانیش لە ڕیزی ناوچەی چیاکانی

ناوەندا بوو. کەوابوو بە سەرنجدان بەو شتانەی باسکران، دەتوانین بڵێین "ابوطاهر مکشوف"ی یادلێکراو لە کتێبی "کشف المحجوب"، هەمان "ابو طاهر مشکوف الراس اصفهانی"یە، کە لە "شیوخ صوفیه" (مەلا سۆفییەکان) بووە و هەر بۆیە ئەم کابرایە ناتوانێت بابەتایەر بێت.

بەڵام بە لێبڕاوییەوە دەتوانین بڵێین بەرهەمێک کە بەر لە "ڕاحەالصدور" ئاوڕی لە بابەتایەر داوەتەوە، کتێبی "نامەکانی عەینولقوزاتی هەمەدانی"یە، کە لە نێوان ساڵەکانی ٥٢٠ بۆ ٥٢٥ی کۆچییدا نووسراوە. لەم بەرهەمەدا وەک عارفێک باسی تایەر کراوە، کە گڵکۆکەی لە هەمەدانە و هاوسەردەم و هاوڕێی نزیکی دوو لە عارفانی گەورەی ئەو شارە، شێخ بەرەکە و شێخ فەتحە بووە. ئاماژەکانی ناو ئەو نامانە (هەروا کە پێشتریش باسمانکرد) گومانێکمان بۆ ناهێڵنەوە کە مەبەستیان هەمان بابەتایەری عارفی هەمەدانییە. بۆ یەکەم جار پەروێز ئەزکایی ئەم بابەتەی بۆ دەرکەوت، پاشان ئوستاد عەبدولحوسێن زەرکووب لە کتێبی "جستجو در تصّوف ایران" (گەڕان بە دوای سۆفیگەریی لە ئێراندا) باسیکردووە (اذکائی، ١٣٧٥ب، ١٢٧).

**٦. زێد و شوێنی وەدیارکەوتنی بابەتایەر**

زێد و شوێنی لەدایکبوونی بابەتایەر بۆ ئێمە ڕوون نییە. هەندێک پێیانوایە "لوڕ" بووە و لە ئاکامدا بە خەڵکی لوڕستانیان زانیوە؛ هەروا کە ئیسفەندیار غەزەنفەریی ئەمرایی نووسیویەتی: "ئەم عارفە گەورەیە خەڵکی لوڕستان بووە و دووبەیتییەکانی خۆی بە زاری خۆجێیی و زمانی دایکیی خۆی هۆنیوەتەوە" (غضنفری امرایی، ١٣٦٤، ٣٧٧). نووسەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە بابەتایەر خۆی بە هەمەدانیی ناساندووە، لە درێژەی باسەکەیدا بۆ پاساودانی لوڕستانییبوونەکەی نووسیویەتی:

دەڵێن چونکە بابەتایەر لە هەمەدان نیشتەجێبوو، کەوابوو دەبێت بە هەمەدانیی بزانین. یەکەم، هەمەدان ئەو سەردەم بەشێک بووە لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتداریێتیی "عەلی شوکر" و ئەم هەرێمە لە هەمەدان، سەلاس، کرماشان، نیوەی کوردستان و لوڕستان پێکهاتبوو. یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی ئەم هەرێمە، شوێنێک بووە لە هەشت فەرسەخیی باکووری ڕۆژهەڵاتی خۆرماوا

(خرم آباد)، ڕۆژئاوای نەهاوەند و باکووری ڕۆژئاوای بروجێرد، شوێنیک کە ئەمڕۆ "ئەلەشتەر"ی پێدەگوترێت. لە ئەلشتەرەوە ڕێگایەک بەرەو هەمەدان و سەلاس هەبووە، کە تایبەت بەو سەردەمە بوو و بە ملەی گرنگی "گرازانە"، چیای گەورەی "گڕوون" [ =گرین]دا تێپەڕیوە. دووەم، شاری هەمەدان لە چاو خۆرماوا لەو بارەوە کە ناوەندی دەسەلاتداریتیی بووە، جێگەی سەرنجی زانایان و و شوێنی کۆبوونەوەی ئەدیبان، شاعیران و خاوەنانی بەهرە و لاوانی تینووی زانست بووە. سێیەم، لە دلفان و ئەلشتەرەوە، بەردەوام خێڵە کۆچەرەکان و هۆزە جۆراوجۆرەکان، هاوینان مەڕومالاتی خۆیان لە ملەی "گرازانە"وە، یان لەگەڵ خێڵەکانی "هەرسین" و "چەمچەماڵ" لە ڕێگای خەزەڵ و ماڵەمیر لەگەڵ تایفەکانی ترکاشوەند، کەنگاوەری کۆن و خەزەلییەکان دەبردە داوێنەکانی ئەڵوەند و دەیانلوەڕاندن. کە بەرەو زستان دەچوون بەرە بەرە لە هەمان ڕێگاوە دەگەڕانەوە، هەندێکیان بۆ لای "دووڕوودی فرامان"، "چەگەنیی" و "تەرهان" و گرووپێکیش بەرەو خۆرماوا و ئەلواری گەرمەسێر شۆڕدەبوونەوە. شتێکی ئاسایی بووە ئەگەر لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، کەسانێک لە لوڕستانەوە لەم گەرمێن و کوێستانکردنەدا، هەموو ساڵێک ڕێیانکەوتبێتە هەمەدان و هەڵکەوتی ئەوێیان بۆ مانەوە و درێژەی خوێندن و خۆپێگەیاندن بە گونجاوتر زانیبێت و پاشان بە هۆی هەبوونی بەهرە و توانای بەرز و زانیاریی پێویست، بووبن بە خۆشەویست و جێگەی پەسندی خەڵک و بارگەوبنەیان لێبەعەرزیدادابێت؟ (هەمان سەرچاوە، ٣٧٦).

لە یەکێک لەو دووبەیتییانەی بە هیی بابەتایەر دەزانرێن، خۆی بە دانیشتووی "پای گرین" دادەنێت، هەر چەند ئەم دووبەیتییانە بە زمانی لەکیی ئەمڕۆن و بە دوور دەزانرێت بەم شێوە نووسین و پێکهاتەی ئێستاوە هیی بابەتایەر بن، بەڵام دەکرێت نموونەی گێڕانەوەی پێشینیان بێت، کە بە شێوەی هۆنراوە، زار بە زار و پشتاوپشت هاتووە، نموونەی ئەو گێڕانەوانەی، کە بابەتایەر بە خەڵکی بناری چیای گرین دەزانن:

مِه طاهر ســـاکن پای گرینـــــم
مِه درویش مسلک و آگردرُیـنِــــم
بوری در باغ خواوم لحظه ای چَن
که شاید وقت خواو روی تو بُینِم   (عسگری عالم، ١٣٨٢، ١١٥).

ma tāher sāken-e- pāye garünem , me darwīš masĺak-o- āger darünem.
bürē dar bāqe xāwem lahzei čand , ke šāyad vaxte xāw rüye to bünem.

واتایەکەی: من تایەر دانیشتووی بناری گرینم. من دەروێش مەسلەکەم و دەروونێکی ئاگرینم هەیە. بۆ ساتێک وەرەناو باغی خەونەکانی من، بەڵکو لە خەوندا ڕووی تۆ ببینم.

لە بارەی قسەکانی ئیسفەندیار غەزەنفەری ئەمراییشەوە دەبێت چەند خاڵێک باسبکرێت: یەکەم ئەوە کە ناوبراو ناوچەی هەمەدانی سەردەمی بابەتایەری بە بەشێک لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی عەلی شوکر زانیوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە سەدەی نۆهەمدا بەو ناوچەیە گوتراوە عەلی شوکر. عەلی شوکر یەکێک لە میرانی جەهانشای میرزا قەراقۆینلوو بووە. ناودێرکرانی ئەو ناوچەیە بە عەلی شوکر بەم بۆنەوەیە، کە جەهانشای میرزا قەراقۆینلوو دوای مردنی شاڕوخ میرزا بە هیممەتی ئەمیر عەلی شوکر، سوڵتانییە، هەمەدان، قەزوین و دەرگەزێنی هەتا قوم داگیرکرد و ئەیالەتەکانی هەمەدانی بە دانیشتووانیانەوە بە عەلی شوکر سپارد. لەو ڕێکەوتەوە (٨٥٠-٨٦٠) هەتا ماوەیەک دواتر -کە سەردەمێک لە ژێر فەرمانڕەوایی عەلی شوکردا بوون- پێیگوتراوە عەلی شوکر (سنندجی، ١٣٦٦، ٤٤٢).

دووەم، بە گوێرەی قسەکانی غەزەنفەریی، خێلاتی هەرسین و چەمچەماڵیش چوونەتە ناوچەکانی هەمەدان. چۆن بزانین بابەتایەر یەک لەو خەڵکە نەبووە؟ ئەدی چ بەڵگەیەک هەیە کە ڕەتیبکاتەوە بابە خەڵکی خودی هەمەدان یان ناوچەکانی دەوروبەری بووە؟ خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە ئەو خێڵ و تایفانەی جەنابی غەزەنفەریی ئەمرایی ئاماژەپێکردوون (بۆ نموونە ترکاشوەند، خەزەڵ و...)، ئەمانە ناوی نوێن، لەوانەیە ئەو کات ئەو ناوانە هەر

نەبووبن، یان نیشتەجێی ئەو ناوچانە نەبووبن. ئایا ئەم کۆچکردنەی ئەو سەردەمەی خێڵات بۆ هەمەدان، لە سەردەمی بابەتایەریشدا باوبووە؟

سیسیل جی ئەدمۆندز لەمەیشی تێپەڕاندووە و بابەی بە خەڵکی دەشتی لوڕ ناساندووە؛ ئەو لە کتێبی: کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان"دا دەنووسێت: باباتایەر بە زۆری بە هەمەدانیی ناوبانگی هەیە و گومانی تێدا نییە، کە زیاتری تەمەنی لە دەرەوەی لوڕستان، لە هەمەدان تێپەڕکردووە. جگە لەمەیش دەگوترێت لوڕ بووە و بە لوڕیی ناسراوە، بەڵام لەو ئاماژانەدا کە لە کۆنەوە لە بارەی ئەوەوە هەبوون، وشەی "لوڕ" بەو جۆرە، کە لە دوای لامەکەی، واو هەبووە، بێژەکراوە. ئەمەیش لە کاتێکدایە کە وشەی "لُری" -کە ناسێنەری نەژادێک هەر بەو ناوەیە، بە واوی کورت و بەبێ ئەوەی لە کۆتاییەکەیدا"ی" هەبێت بێژەدەکرێت. هەروەها ناوی نوێی دەشتی نێوان دێزفوول و یەکەمین زنجیرە چیا کە لە باکووری ئەوێ هەڵکەوتووە، سەحرای 'لوور'ە بە واوی درێژ نەک "لُر". ئەم دەشتە هاوینەهەواری هۆزی دیرەکوەند و هۆزەکانی دیکەی لوڕە. بۆیە دوور نییە کە ناسناوی بابەتایەر نەک لە "لُر"، بەڵکو لە "لوور" وەرگیرابێت کە بە سەرنجدان بە بوونی مەزارگەی شازادە ئەحمەد، لەوانەیە ناوەندی تەریقەتێک بووبێت، کە بابە سەر بەو تەریقەتە بووبێت. ئەزقەزا ئەو تەریقەتەیش کەوتووەتە جۆغرافیای لوڕستانەوە "(ئەدمۆندز. ٣٧٢، ١٣٨٢).

ئەوە کە بابەتایەر خەڵکی "دەشتی لووور" بووە، لەو خاڵانەیە کە ناکرێت زۆر متمانەپێبکرێت؛ هەر خودی ئەدمۆندزیش دانی بەوەدا ناوە کە ناوە نوێیەکەی (دەشتی) لوڕە؛ لەوانەیە ئەو کات لوڕیی هەر واتای نەبووبێت، بەڵام بە هۆی قسەکانی ئەدمۆندزەوە بیری مرۆڤ بۆ لای ناوەندێکی تەریقەت دەچێت، کە شاخوشین لوڕستانیی لە سەدەی پێنجەمی کۆچیی ڕێبەرایەتییکردووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، کە لە ناو مریدانی شاخوشیندا، باسی کەسێک بە ناوی ئەحمەد بوڕەندە (لەوانەیە: ئەحمەد پەرەندە) هەیە، کە پێدەچێت هەمان شازادە ئەحمەدی ئاماژەپێکراو بێت. لەو نوسخە دەستنووسانەی لە بارەی شاخوشینەوە نووسراون، هاتووە کە

ناوبراو پاش گەشە و هەڵدان لە ناوچە لەکنشینەکانی لوڕستان (= بلووران)، بە هۆی یەکێک لە مریدانی بە ناوی "کاکا ڕەدا" چووەتە شووشتەر و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە. دوایی سوپایەک بە ناوی "نۆسەد نۆسەدە" پێکدەهێنێت و قەڵەندەرانە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو لوڕستان و دواتر بەرەو دالاهۆ و کرماشان و لەوێیشەوە بەرەو هەمەدان دەچێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە گڵکۆی زۆربەی مریدەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەک شوێنی پیرۆز چاویانلێدەکرێت، نموونەکەیان مەزارگەی بابە بزۆرگ لە دێلفانی لوڕستان و مەزارگەی بابە فەقێ لە ناوچەی دالاهۆی کرماشانە.

هەرچۆنێک هەیە زێدی بابەتایەر بە تەواویی بۆ ئێمە ڕوون نییە، بەڵام شوێنی نیشتەجێبوون و گڵکۆکەی، بە سەرنجدان بە ئاماژەکانی خۆی و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئاماژەکانی عەینولقوزاتی هەمەدانیی، ڕاوەندیی (کە پێشتر باسکرا)، هەروەها حەمدوڵڵا مستەوفیی و لە هەموویان گرنگتر گڵکۆکەی لە هەمەدان، دەریدەخەن کە بابە لە هەمەدان ژیاوە و هەر لەوێیش سەریناوەتەوە؛ وەکی دەبینین لە شێعرەکانیدا ئاماژەی بە هەمەدانییبوونی خۆی و ژیان لە داوێنی کێوی ئەڵوەندا کردووە:

از آن اِسـبیده بازم همدانـی
به تنهایی کَـرم نچیره‌وانـی (مینوی، ١٣٣٥، ٥٦).

بشـــم بالوند دامان مو نشانـم
دامن اژ هر دو گیتی ها وشانم (هەمان سەرچاوە، ٥٧).

سنبلی کشته بیم دامان الونـــد
اونم از طالعم زرده جه واجــم (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٤٠).

گلی کشـتم پـی الـوند دامــان
اوش از دیده دادم صبح و شامان (هەمان سەرچاوە، ٤٥).

### ٧. مەزارگەی بابەتایەر

مەزاری بابەتایەر لە سەر تەپۆڵکەیەک لە باکووری ڕۆژئاوای شاری هەمەدان بەرانبەر زیارەتگەی ئیمامزادە حارسی کوڕی عەلی هەڵکەوتووە. لە سەدەی شەشەمی کۆچییدا بورجێکی هەشت_لایی بە خشتان لە سەر گڵکۆی بابە دروستکرابوو (بحرالعلومی، ١٣٥٥، ٤٤٢)؛ عەینولقوزاتی هەمەدانیی بەم جۆرە ئاماژەی بە گڵکۆ و مەزارگەی وی کردووە:

"ئەی ئازیز، ئەم دێڕانەم لە سەر گڵکۆی تایەر نووسی، ڕۆژی شەممە" (عین القضات، ١٣٧٧، ٣٥١/١).

"ئەمڕۆ بۆ ناردنەکەی لە سەر گڵکۆی فەتحە و هەروەها لە سەر گڵکۆی تایەر ئیستیخارەمکرد، وا ساغبوومەوە شتێکی دیکە بنووسم تا لەوێ کێشەی کەمتر بخولقێنێت" (هەمان سەرچاوە، ٤٣٣).

حەمدوڵلای مستەوفیی لە کتێبی "نزهـةالقلوب"دا لە بارەی شاری هەمەدانەوە هەندێک شتی نووسیوە و ئاوڕی لە مەزارگەی بابەتایەریش داوەتەوە: "[هەمەدان] سەر بە هەرێمی چوارەمە، خەڵکی ئەوێ بە زۆریی موعتەزیلە و 'مشبهە'ن، زۆر مەزارگەی پیرۆزی وەک گڵکۆی خواجە حافیزی ئەبولعەلای هەمەدانیی، بابەتایەر [نوسخەی بەدەل: دیوانە] و عەینولقوزات و... هتد لەوێن" (مستەوفی، ١٣٣٦، ٧٩).

بینایەی پێشووی گڵکۆی بابە، هیی سەردەمی فەتحعەلیشای قاجار بووە، بەڵام ڕوون نییە کێ داینابوو. حوجرەکانی ئەم مەزارگەیە هەموو کات شوێنی حەوانەوەی ژمارەیەک دەروێش بوون. ڕێگەی مەزارگەکەی جاران بە کۆڵانە ئەستەم و بەردڕێژکراوەکانی "بن بازاڕ" و "ئیمامزادە حارس"دا تێدەپەڕی، بەڵام لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوییەوە، شارەداری هەمەدان، شەقامێکی بەرینی بە ناوی شەقامی بابەتایەر لێداوە، کە لە گۆڕەپانی شەش_لایی هەتا تەنیشت ئەو تەپۆڵکەیەی مەزارگەکەی لە سەرە، ڕاکێشراوە (بڕوانە صفایی، ١٣٣٨ الف، ١٢).

بە بۆنەی نزیکبوونەوەی جێژنی هەزارەی ئیبنی سینا، شارەداری هەمەدان لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوییەوە بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرقۆڵیی لە

تەواوکـردن و نـوێکردنەوەی مەزارگەی بابەتـایەر -کە لەمێـژ سـاڵ بـوو بە نیــوەچڵیی و وێرانیــی مــابووەوە-، هەڵمــاڵی. خەڵکــی هەمەدان بە دیتنــی مەزارگەی گەورەی ئیبنــی ســینا، هەســتیاندەکرد کە مەزارگەی بابەتــایەر لە ئاسـت بەرزیـی پلە و پایەی عیرفانیی ئەودا نییە، لەم پەیوەندییەدا هەندێک نــامە لە لایەن ئەوان و هەروەهــا ئیــدارە دەوڵەتییەکــانەوە بــۆ ئەنجــومەنی شــوێنەوارە نەتەوەییەکــان نــاردرا، کە تێیانــدا هــاتبوو: خەڵکــی هەمەدان داواکارییــان هەیە، دەیانەوێــت بینــایەک لە گــوێن بەرزیــی پــایەی عــارفی بەناوبانگی ئێران، لە سەر گڵکۆکەی دروستبکرێت (بحرالعلومی، ١٣٥٥، ٤٤٧). بۆ نموونە برایمی سەفایی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "مەزارگەی بابەتایەر"دا دەنووسـێت: "بەو هیـوایەی وەزارەتـی فەرهەنـگ و ئەنجـومەنی شـوێنەوارە نەتەوەییەکان و شارەداریی و ئەوقافی هەمەدان و سەرمایەدارانی بێهیممەت و لەخــۆڕازیی ئەو شــارە، هەموویــان لە جێبەجێکردنــی ئەم مەبەســتەدا یارمەتیـدەر بـن و ئـابڕووی شـاری هەمەدان بپـارێزن و حـورمەتی پـایەی عیرفانیی و ئەدەبیی بابەتایەریش ڕەچاوبکەن (صفایی، ١٣٣٨ب، ٢٨٥). پاشان تـابلۆیەکی لە وێنەیەکی خەیـاڵیی بابەتـایەر پێشکەشـی مەزارگەکە کـردووە و ئەم شیعرەیشی هۆنیوەتەوە:

ای جهـان شـعر و عرفـان و ادب تسـخیر تـو
افتخـــار عـــالمی از نـــام عـــالمگیر تـــو
شــاعران و عارفــان را پیــر روشــندل تــویی
ای روانــت شــاد و ای شــادان روان پیــر تــو
از دو بیتی های جانسوزت هنوز آید به گــوش
ســوز جــان دردنــاک و نــاله شــبگیر تــو
نــام بابــا طــاهرت کردنــد زیــرا از نخســت
حکـم دیـوان ازل رفـت اسـت بـر تطهیـر تـو
جـای در ویرانههـا کـردن سـزاوار تـو نیست
خود به ویران ساختی یا ایـن بـود تقـدیر تـو؟
این نه تقدیر است، تقصیر رجال شـهر تسـت

تـا چـرا لختـی نمـی کوشـند در تعمیـر تـو
بـاش تـا سر برفـرازد گنبـدت بـر آسـمان
گنبـد گـردون کنـد تکـریم تـو، تکبیـر تـو
گر چه نتوان صورت روحانیان را نقش بست
بهـر تقدیـم تـو کـردم نقشی از تصویر تـو

(صفایی، هەمان سەرچاوە، ٢٨٦).

لە بەفرانبـاری ١٣٣٨ی هەتاوییدا بەڕێز مـحەمەد فەرەهمەنـد، فەرمانـدار (قایمەقـام) و سـەرۆکی ئەنجـومەنی شـوێنەوارە نەتەوەییەکـانی هەمەدان، بە هـۆی نـامەیەکەوە بـۆ وەزیـری دەربـاری ئەوکـات، حوسـێن عەلا، داوای یـارمەتیی و هاوکـاریی کردبـوو. ئەم نـامەیە لە دەربـارەوە بـۆ ئەنجـومەنی شـوێنەوارە نەتەوەییەکـان نـاردرا و ڕۆژی دوازدەی مـانگی ڕێبەنـدان، لە کۆبـوونەوەی دەسـتەی دامەزرێـنەر قسـەیلێدەکرێت و بڕیاردەدرێـت کە لە لایەن ئەنجـومەنی شـوێنەوارە نەتەوەییەکـانەوە، ئەوەنـدەی گونجـاو بێـت، یـارمەتیی و هاوکـاریی پێویسـت بکـرێن. لە لایەکـی دیکەوە لە لایەن ئیـدارە دەوڵەتییەکانەوە هەندێک نـامە بە مەبەسـتی نـوێکردنەوەی ئەو مەزارگەیە بۆ ئەنجومەنی شوێنەوارە نەتەوەییەکان نووسران، سەرئەنجام لە سـاڵی ١٣٤٦ی هەتـاویی، بنـاغەی بینـایەی نـوێی مەزارگە دەسـتیپێکرد و لە هـاوینی ١٣٤٩ تەواوکـرا. ئوسـتاد جەلال هومـایی، ئەم پـارچە شـیعرەی خـوارەوەی بە مەبەستی تۆمارکردنی مێژووی دانانی مەزارگەکە هۆنیوەتەوە:

آنکـه شـد ایـن روضـهاش آرامگـاه
پیر اهـل عشـق، بابـا طـاهر اسـت!
چشم باطن را در ایـن قدسـی مقـام
جلـوۀ نـور حقیقـت ظـاهر اسـت
سـال اتمـام بنـا جسـتم، سـنا
گفت: مست جام معنی طاهر است

بیستوچوار دووبەیتیی کە عەلی ئەسغەری حیکمەت هەڵبژاردبوون، لە

سەر ٢٤ تەختەبەردی مەڕمەڕیین هەڵکەنراون و لە بەشی خوارەوەی دیوی ناوەوەی بیناکە دانراون (بحرالعلومی، ١٣٥٥، ٤٥٧). دوو لەوحی برینجییش (پێکهاتوو لە کانزای برینج) لە بەشی ناوەوەی مەزارگەکە دانراون، کە یەکێکیان ناوی دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شوێنەوارە نەتەوەییەکان لە کاتی دروستکردنی ئارامگەکە و ناوی داڕێژەر و جێبەجێکەران و نووسەری بەردەنووسەکانی تێدایە، ئەوی دیکەیش ناوی ژمارەیەک لەو کەسایەتییانەی لێنووسراوە، کە لە تەنیشت گڵکۆی بابەتایەر بەخاکسپێردراون (هەمان سەرچاوە، ٤٦٠-٤٥٧).

بەو هۆیەوە کە هەندێک کەس بابەتایەر بە لوڕستانیی دەزانن، شایانی بەبیرهێنانەوەیە کە لە خۆرماواش، مەزارگەیەک بە ناوی بابەتایەر بەناوبانگە؛ حەمید ئیزەدپەنا لە کتێبی "شوێنەوارە مێژوویی و کۆنیینەکانی لوڕستان"دا نووسیویەتی:" ئەم مەزارگەیە لە گەڕەکێک هەر بەو ناوە لە باکووری شار و لە ڕۆژئاوای قەڵای فەلەکولئەفلاک هەڵکەوتووە. مەزارگەکە بە شێوەیەکی کۆن دروستکراوە و دەرگای چوونەوەژووری بە لای باشووردا دەکرێتەوە. بینایە سەرەکییەکە هەشت_لاییە. بە باوەڕی خەڵکی خۆرماوا، ئەم مەزارگەیە هیی بابەتایەری عوریان شاعیر و عارفی بەناوبانگە" (ایزدپناه، ١٣٥٠، ١٤٢).

بە سەرنجدان بەوە کە عەینولقوزاتی هەمەدانیی لە سەرەتای سەدەی سەشەمی کۆچیی و هەروەها حەمدوڵلای مستەوفیی لە سەدەی هەشتەم ئاماژەیان بە شوێنی بەخاکسپاردنی بابە کردووە، گومانێک نامێنێتەوە کە ئەو مەزارگەیەی لە خۆرماوا ناوی ئەوی لە سەرە، هیی کەسێکی دیکەیە. یادداشتەکانی مەسعوود یوسفیی لەم بارەیەوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت. ناوبراو دەنووسێت: یەکێک لە خاتوونە بەتەمەنەکانی گەڕەکی بابەتایەر [هەڵکەوتوو لە خۆرماوا] بە ناوی "حاجیە زارا گوڵدۆست" کە بە خۆشییەوە زانایی و پێگەیشتوویەکی تەواوی پێوەدیارە، بە نووسەری ئەم دێڕانە و بەڕێزان سەید یەدوڵلا ستوودە و ڕەزا ئیقباڵیی لە توێژەرانی شەریف و پڕکاری خۆرماوای ڕاگەیاند لە سەر سەرپۆشێکی داریین، کە چەندین ساڵ

لەمەوبەر لە سەر ئەم مەزارگەیە دانرابوو و ئێستا نەماوە، ناوی "بابا طاهر عطایی" هەڵکەندرابوو. خاڵێکی دیکەی جێگای ئاماژە ئەمەیە، کە لە شارستانی کوهدەشتیش مەزارگەیەک کە بە "قبر آقا" (گۆڕی ئاغا) ناسراوە، لە گەڕەکێک هەر بەو ناوە هەیە، کە کەسێک بە ناوی "سەید عەبدولحوسێن شیرازیی عەتایی" تێدا نێژراوە. لەوانەیە ئەو کەسە لە پاشماوەکان و بن ئامۆزاکانی هەر ئەو بابەتایەرەی عەتایی بێت. بەم پێیە پێویستدەکات کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوارە کولتوورییەکانی لوڕستان، چاو بە هەنگاوی خۆی کە هەڵاوەسینی تابلۆی بابەتایەری عۆریان لە سەر ئەم مەزارگەیە لە گەڕەکی بابەتایەری خۆرماوادایە، بخشێنێتەوە" (یوسفی، ١٣٨٦، ٥٠).

**٨. بەرهەمەکانی بابەتایەر**

**٨. ١. دووبەیتییەکان**

تەرانەکان یان دووبەیتییەکانی بابەتایەر -کە بە فەهلەویات ناوبانگیاندەرکردووە- لە بەحری هەزەج و هەندێک لەوانیش لە بەحری مشاکلدا هۆنراونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەم هۆنراوانە بە زمانی خۆجێیی وتراون، هەروا کە نوسخەی قونیە ئەمە دەسەلمێنێت، بەڵام بە تێپەڕینی سەردەمەکان، بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک زۆریی ناوبانگ و برەوپەیداکردنیان لە ناو خەڵکی ئاسایی فارسیبزماندا، هەروەها کەمتەرخەمیی کاتبەکان لە نووسینەوەی وشەکاندا، هەندێک دەستکارییکراون و ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکهاتووە، بە زۆریی لە فۆڕمی سەرەکیی خۆیان دوورکەوتوونەوە و لە فارسیی دەریی نزیکبوونەوە.

ئەم دووبەیتییانە پەیتا پەیتا لە ئێران و هەندێک وڵاتی دیکە چاپ و بڵاوبوونەوە، وێڕای ئەمانەیش دوو پارچە شیعر (قطعه) و چەند غەزەلیشی بە هەمان زار لێبەجێماوە.

**٨. ٢. کلمات قصار (وتە کورتەکان)**

کۆمەڵێک وتەی بەنرخ (کلمات قصار) کە بە زمانی عەرەبیین، بە هیی بابەتایەر ناوبانگیاندەرکردووە. ئەم وتانە پێشاندەری بیروڕای عیرفانیی ئەو لە بارەی زانست، ماریفەت، زکر و عیبادەت، خۆشیی، خۆشەویستیی و...

هتدەوەن. سەرجەمی ئەو وتە کورتانە لە ٤٢٠ وتە لە پەنجا بەشی جیاوازدا پێکهاتوون، کۆتاییەکەیشی بریتییە لە بەشێکی پەیوەندییدار بە شتی بەربڵاو (مقصود، ١٣٥٤، ٥٨).

وا دێتەبەرچاو ڕوونترین و هەتا ڕادەیەک کۆنترین نوسخەی دەستنووسی وتە کورتەکان، کە بە پشتبەستن بەو دەتوانین بڵێین ئەم وشانە هیی بابەتایەرن، ئەو نوسخەیەیە کە لە بەشی سێهەمی دەستنووسە عەرەبییەکان لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس بە ژمارەی ١٩٣٠ پارێزراوە. ئەم بەشە هەمان ئەو وتە کورتانەی لەخۆگرتووە، کە عەینولقوزاتی هەمەدانیی و ئەوانی دیکە، شەرحیان لە سەر نووسیوە و وەک پاشکۆی هۆنراوەکانی بابەتایەر وێڕای شەرح و لێکدانەوەی جۆراوجۆر چاپ و بڵاوبوونەوە (هەمان سەرچاوە، ٢٣٢).

**ئەو لێکدانەوانەی لە سەر وتە کورتەکانی بابەتایەر نووسراون:**

١. شرح کلمات قصار بابا طاهر منسوب بە عین القضات همدانی: ئەم شەرحە کە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە و لە زۆربەی نوسخەکانیشدا بە "قاڵ" و "اقول" دەستپێدەکەن، لە پەنجا بەشدا ڕێکخراون و دانەرەکەی بە تەواویی ساغنەکراوەتەوە، زۆرتر بە گومانەوە دەیدەنەپاڵ عەینولقوزاتی هەمەدانیی، هەروا کە سەعید نەفیسی نووسیویەتی: "لە بارەی تایەرە ڕووتەی هەمەدانییەوە پێویستە بگوترێت ئەو وتە کورتانەی بە زمانی عەرەبیین و بە هیی ئەو ناسراون، لێکدانەوەیەک بە زمانی عەرەبیی لە سەریان نووسراوە، کە دەگوترێت هیی عەینولقوزاتی هەمەدانییە..." (نفیسی، ١٣٤٤، ٧١٥/٢).

بە هەندێک هۆکار دەتوانین بڵێین ئەم شەرحە هیی عەینولقوزاتی هەمەدانیی نییە:

الف) شیکەرەوە، لە سەرەتای ئەو لێکدانەوەیەدا، لە نموونەکانی دیکەی کتێبەکەیشدا ئاماژەیەکی بە ناوی خۆی و هەروەها دانراوەکانی دیکەی خۆی نەکردووە. وا دێتەبەرچاو کە ناچاربووە خۆی لە ناوهێنانی ببوێرێت و هیچ زانیارییەک لە بارەی خۆیەوە بەدەستەوەنەدات. ئەم جۆرە خۆپارێزییە لەگەڵ سروشتی عەینولقوزات، کە بە بێمنەتیی بەناوبانگ بوو، نایەتەوە و هەتا

ڕادەیەک نەگونجاو دەنوێنێت.

ب) شیکەرەوە لە پێشەکییدا دەنووسێت: کاتێک ڕێگام کەوتە هەمەدان و بە چاوپێکەوتنی دۆستان و برادەرانی خەڵکی ئەوێ شادبووم، خەڵکی ئەوێم بە هۆگر و تامەزرۆی وتەکانی بابەتایەر هاتەبەرچاو و داوایانلێکردم کە لێکدانەوەیەک لە بارەی وتەکانیەوە بنووسم، منیش بەڵێنمپێدان کاتێک گەیشتمەوە جێگا وماڵی خۆم، ماندوویێتیی سەفەرم لە خۆم دەرکرد، لێکدانەوەیەکیان لە سەر بنووسم. ئێستا ئەوە بەڵێنەکەی خۆم بردەسەر و دەست بە لێکدانەوەیان دەکەم.

هەروا کە لەم دەقە دەردەکەوێت، شیکەرەوەی گۆرین، هەر لە جێدا هەمەدانیی نەبووە و بە هەمەداندا تێپەڕیوە؛ کەچی عەینولقوزات خۆی و باوکی هەمەدانیی بوون و لە شاری هەمەدان ژیاون.

پ) عەینولقوزات ناوی زۆربەی دانراوەکانی خۆی لە کتێبی "شکوی الغریب عن الاوطان"دا هێناوە، بەڵام ئاماژەیەکی بە "شرح کلمات قصار بابا طاهر" نەکردووە (بڕوانە مقصود، هەمان سەرچاوە، ٢٤٧).

٢. الفتوحات الربانیّە فی مزج الاشارات الهمدانیّە: ئەم لێکدانەوەیە بە زمانی عەرەبیی، لە ٥٦ پەڕەدا نووسراوە و هەمان نوسخەی دەستنووسی کتێبخانەی نیشتمانیی پاریسە (فقیهی، ١٣٥٢، ٥٣٠).

ئوستاد ڕەشید یاسەمیی "جانی بەیگ عەزیزی"ی بە لێکدەرەوەی ئەم شەرحە ناوبردووە، هەروا کە نووسیویەتی: "لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس، نوسخەیەکی دەستنووسی عەرەبیی ل ەژێر ناوی 'الفتوحات الربانیّ فی الاشارات الهمدانیّ' کە جانی بەیگی عەزیزیی لە مانگی شەوالی ٨٨٩ لە سەر تکای ئەبوئەلبەقا ئەحمەدی شەرحیکردووە" (یاسمی، ١٣٠٨، ٦٢). جەواد مەقسوودیش لە سەرەتادا جانی بەیگی عەزیزیی وەک لێکدەرەوەی ئەم بەرهەمە ناساند (مقصود، ١٣٥٤، ٢٣٢)، بەڵام پاش ماوەیەک کە وتاری عەلی فەقیهی دەخوێنێتەوە، هەست بە نادروستیی بۆچوونەکەی خۆی دەکات و بەم شێوەیە ڕاستیدەکاتەوە: "لە بارەی لێکدەرەوەوە دەبێت بگوترێت ئەو، هەمان کەسە کە شەرحی لە سەر ڕیسالەی "شیخ ڕسلان"یش نووسیوە. ئەم شەرحە

به 'الفتوحات الربانیّه فی شرح الاشارات الرسلانیّه' ناسراوه، که لێکدەرەوەکەی محەممەد کوڕی برایمه و به 'خەتیبی وەزیری مالکی' بەناوبانگبووه. ئەم شەرحەی ساڵی ٨٩٨ی کۆچیی -ڕێک هەشت ساڵ پاش شەرحکردنی وتەکانی بابەتایەر- تەواوکردووه. هەر ئەم کەسە دانەری کتێبی ' الفتوحات الربانیّه فی مزج الاشارات الهمدانیّه'یه، که کتێبی ناوبراو بریتییه له لێکدانەوەی وتەکانی بابەتایەری هەمەدانیی (هەمان سەرچاوه، ٩٣٥). لێرەدا ئاکامی توێژینەوەکانی عەلی فیقهی، که جەوادی مەقسوود دوای خوێندنەوەی ئەمانه، نووسینەکانی خۆی ڕاستکردووەتەوه، دەخەینەبەرچاو:

"جانی بەیگی عەزیزیی، ناوی لێکدەرەوە نییه، بەڵکو ناوی نووسەری کتێبەکەیه، که پاش لێبوونەوه له کتێبەکه، واته له چواری شەعبانی ساڵی ٨٩٠، ناوی خۆی و ڕێکەوتی تەواوکردنەکەی وێرای چەند ڕستەی عەرەبیی نووسیوه و خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمیی به هەڵه پێیوابووه جانی بەیگ عەزیزیی لێکدەرەوە و نووسەری کتێبەکەیه. ئەم هەژاره دەستکورته [جانی بەیگی عەزیزیی]، توانایەکی زانستیی ئەوتۆی نەبووه تا بتوانێت تەنانەت ئەو چەند دێڕه به عەرەبییەکی بێهەڵه بنووسێت، چ بگات بەوەی وته عیرفانییه قورسەکانی بابەتایەر تێبگات و بەم جوانییه شەرحیانبکات" (فقیهی، ١٣٥٢، ٥٣١).

٣. شەرحی میر سەید عەلی هەمەدانیی (٧٨٦ی کۆچیی، مردووه): ئاقا بزورگی تێهرانی، له کتێبی "الذریعه" ئاماژەی بەم شەرحه کردووه (الذریعه، بەرگی ١٤، ٤٠). له کتێبی "مروج اسلام در ایران صغیر، احوال و آثار میر سیّدعلی همدانی"دا هاتووه، که ئەم شەرحه له لای خوالێخۆشبوو میرزا عەبدولڕەزاق واعیزی هەمەدانیی هەڵگیراوه (بڕوانه اذکائی، ١٣٧٠م ١٣١)، بەڵام هەتا ئێستا زانیارییەک له سەر ئەم شەرحه دەستنەکەوتووه (مقصود، ١٣٥٤، ٢٤٤).

٤. ایضاح: شەرحێکی عەرەبییه له سەر وته کورتەکانی بابەتایەر، که حاجی مەلا سوڵتان محەمەد کوڕی حەیدەر محەمەد گونابادیی (سوڵتان عەلیشا) (لەدایکبووی ١٢٥١ی مانگیی و خنکاو یان خنکێنراو له ساڵی ١٣٢٧ی

کۆچیی) نووسـیویەتی. ئەم شـەرحە لە سـاڵی ١٣٤٧ی کـۆچی بە هیممەتـی سـەرهەنگ دکتـۆر سـراج الاطبـاء (میـرزا رضـی خـان) و دوای چـاککردن و پێداچوونەوەی حـاجی شـێخ عەبـدوڵڵای حـائیریی (رحمـت علیشـاه) چـاپکرا (هەمان سەرچاوە، ٢٤٢).

٥. توضـیح: شـەرحێکی فارسـییە، کە حـاجی مەلا سـوڵتان مـحەمەد کـوڕی حەیـدەر مـحەمەد گونابـادیی (سـوڵتان عەلیشـا)، لە نیـوەی دووەمـی مـانگی شـەوالی ١٣٢٦ی کۆچیی نووسیویەتی (فقیهی، هەمـان سـەرچاوە، ٥٣٠). ئەم شەرحە یەکەم جـار سـاڵی ١٣٣٣ی هەتـاویی لە تـاران، بە هـیممەت و پەراوێز لەسەرنووسـینی حـاجی  شـێخ عەباسـعەلی واعیـزی قەزوینیـی ناسـراو بە "کەیوان" چاپکرا و لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویی لە ژێر چاودێریی شێخی عـارف جەنـابی سـەید هـبەالله جەزبیـی، لە تـاران بە چـاپێکی کەشـخە بڵاوبـووەوە (بڕوانە: مقصود، هەمان سەرچاوە، ٢٤٣).

٦. آیینە بینایان: شەرحێکی دیکەیە بە زمانی فارسیی لە سەر وتە کورتەکانی بابەتـایەر، نووسـەرەکەی حـاجی میـرزا موحسـینی مودەڕیسـی ئەردەبیلیـی (عماد الفقراء) بووە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە).

### ٨. ٣. سەرئەنجام

ژمـارەیەک لە تـوێژەران، "سـەرئەنجام"یش بە یەکێـک لە بەرهەمەکـانی بابەتـایەر دەزانـن؛ ئەوەتـا ئوسـتاد بحرالعلـومی نووسـیویەتی: "سـەرئەنجام کتێبێکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، ڕیساڵەیەکە کە بە وتەی کورت کورت لە شێوەی "کلمات قصـار" بیروڕای عارفـان و سـۆفییەکان دەناسـێنێت. بە گـوێرەی شـەرحێک کە لە پێشـەکییەکەیدا هـاتووە، بابەتـایەر وەک دانەری شـیعرەکان ناسـێندراوە. بەشـی دووەم، کتێبێکە بە نـاوی "الفتوحـات ربانیّە فی الاشارات الهمدانیّ"، کە دەگوترێت نووسەرەکەی جانی بەیگی عەزیزیی بووە (بحرالعلومی، ١٣٥٥، ٤٣٩).

مینۆرسـکیی لە لێکدانەوەیەکـدا کە لە بـارەی بابەتـایەر نووسـیویەتی – نوسرەتوڵڵا کاسمی وەریگێڕاوە- ئاوڕی لە کتێبی سـەرئەنجام داوەتەوە:" بە گوێرەی ئەو شتانەی لە نوسخەی دەستنووسی عەرەبیی کتێبی سـەرئەنجام،

(کە لە کتێبخـانەی نیشـتمانیی پـاریس بە ژمـارەی ۱۹۰۳ تۆمـارکراوە) و ئەو بەرهەمانەی دیکەیش کە دەسـتیانپێڕادەگات، بابەتـایەر هەندێک بە هەمەدانیی و ژمـارەیەکیش بە سـەرنجدان بە هەندێک نیشـانە بە لوڕسـتانیی دەزانـن و..." (مینۆرســـکی، ۱۳۰۸، ۵۷۸). نـــاوبراو دوای چەنـــد لاپەڕە، جـــارێکی دیـــکە دێتەوەسەر باسی کتێبی سەرئەنجام و دەڵێت: "لە کتێبی سەرئەنجامدا هاتووە پاشای عالەم (بابە خوشین) ڕۆژێک لە هەمەدان هاتەسەردانی بابەتـایەر و..." (هەمان سەرچاوە، ۵۸۷).

جەواد مەقســـوود، پـــاش خوێنـــدنەوە و چاوپێداخشـــاندنی ســـەرجەمی میکرۆفیلمی دەستنووسە عەرەبییەکەی ژمارە ۱۹۰۳ی کتێبخانەی نیشتمانیی پـــاریس، دەنووســـێت: "هەرچـــی گەڕام نـــاو و دەســـتەواژەیەکی ئەوتـــۆ (ســـەرئەنجام)م دەســـتنەکەوت. ڕوون نیـــیە کە ڕۆژهەڵاتناســـی ڕووســـیی، مینۆرسـکیی، وشـەی سـەرئەنجامی لە کـام یەک لەو چـوار ڕیسـالەیەدا کە کۆمەڵە دەستنووسـەکە پێکدەهێنن، دۆزیوەتەوە؟ ناوەکەی لە سـەر کـام یەک لەو چوار بەشەی کۆمەڵە دەستنووسەکە داناوە؟" (مقصود، ۱۳۵٤، ۲٤۱).

ئەم خاڵە کە بابەتایەر کتێبێکی بە ناوی سەرئەنجام نەبووە ڕاستە، بەڵام خـــۆزگە ئوســـتاد جەواد مەقســـوود دەگەڕایەوەســـەر نوســـخە ڕەســـەنەکەی مینۆرسکیی. جێی خۆیەتی ئامـاژە بە توێژینەوەکانی ئوسـتاد محەمەد تەقی دانـیش پەژووە لە بـارەی وتەی مینۆرسـکییەوە بکرێـت تـا ڕونببێـتەوە کە مینۆرسکیی بە دروستیی بابەتەکەی دەربڕیوە:

مینۆرسـکیی لە باسـی بەسـەرهاتی بابەتـایەردا، کە لە دایرەتولمعـاریفی ئیسلامیی بە زمانەکانی فەرەنسیی، ئینگلیزیی، ئەلمـانیی، عەرەبیی و تـورکیی لە هەمـوو چاپەکانـدا بڵاوبـووەتەوە، دەنووسـێت: "بابەتـایەر لە هەنـدێک لە ســـەرچاوەکاندا وەک نوســـخەی دەستنووســـی ژمـــارە ۱۹۰۳ی کتێبخـــانەی نیشتمانیی پاریس و لە سەرئەنجام (هەر ئەو کتێبەی کە بۆ خۆی هەیبووە) و سـەرچاوەکەی دیکەیشـدا، بە هەمەدانیی ناسـراوە و لە ژمـارەیەکی دیکەدا بە لوڕ دانراوە". ئەم بەندە لە گۆڤاری ارمغان کە هەمـوو وتـارەکەی بە فارسـیی تێـدا بڵاوبـووەتەوە، جۆرێـک تەرجەمەکـراوەتەوە، کە وادەگەیەنێـت کتێبـی ســـەرئەنجام لە نوســـخەی ژمـــارە ۱۹۰۳ی پاریســـدا هەیە، کەوایە دەبێـت بە

عەرەبییش هەبێت؛ بەڵام بابەتێکی ئەوتۆ لە ئەسڵی وتارەکەی مینۆرسکییدا نییە. هەر ئەمەیش بووە بە هۆی ئەوە کە هەندێک کەس سەرئەنجامی ئەهلی حەق بە بەرهەمی بابەتایەر بزانن و لەم بارەیەوە بکەونە گومان، بەڵام ئەگەر تەنیا پشتیان بەو وەرگێڕانە نەبەستبا و خودی وتارەکەیان خوێندبایەوە، توشی ئەو گومانە نەدەبوون و قسەیەکی ئەوتۆیان نەدەدایەپاڵ ڕۆژهەڵاتناسێکی زانا و پڕبەرهەم" (دانش پژوه، ١٣٥٤، ٩٤٥).

مینۆرسکیی باسی سەرئەنجامێکی کردووە، کە تێیدا باسی چۆنیەتیی چاوپێکەوتنی شاخوشین و بابەتایەر کراوە، کە کتێبی دینیی یارسانە و بە زمانی کوردیی (زاری هەورامیی) هۆنراوەتەوە. ئەم کتێبە لە سەردەمەکانی بابە سەرهەنگ، شاخوشین، بابە جەلیل، بابە ناوس، بەرزنجە، پەردیوەر، سیروان، پیرە و پیرالیی، هەفتەوانە، ڕۆیشتنی پیری بنیامین بۆ ساج نار و بیاوبەس، گەواهیی حەفتاودوو پیر (بارگە، بارگە)، گەواهیی شێستوشەش غوڵام، گەواهیی چل تەن و چلانە، گەواهیی نەوەدونۆ پیری شاهۆ، حەفت سەردار، حەفت گۆزەچیی، حەفت خەلیفە، دامیار دامیار، گروە گروە، ساوا، گلیمەکوڵ، کلام خزانە، بابە هیندوو، شیخ صفیلە، شاهباز، سەیدە شیانی، عابدین، کماکنان و... هتد پێکهاتووە، لە سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە دەستپێکردووە و سروودەکانی سەدەی هەشتەمیش دەگرێتەخۆی. هەندێک لە توێژەران، سەردەمەکانی بابە سەرهەنگ، شاخوشین، بابە جەلیل و بابە ناوس بە بەشێک لە کتێبی سەرئەنجام نازانن و بە شتێکی سەربەخۆیان دەزانن.

لای یارسانەکان "سەرئەنجام" بە دوو واتا بەکاردەهێنرێت: ا) بەو دەقانەی لە سەردەمی لەدایکبوونی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجییەوە هەتا مردنی، هۆنراونەوە (دەقەکانی سەدەی حەوتەم و هەشتەم. ب) بە هەموو ئەو دەقانەی بە هۆی گەورە گەورەکانی ئاینی ئەوان هۆنراونەوە؛ هەر بۆیە بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، سەرئەنجامی شاخوشین (سەدەی پێنجەم)، سەرئەنجامی بابە حەیدەر (سەرەتای سەدەی دوازدەیەم)، یان سەرئەنجامی خان ئاتەش (سەدەی دوازدەیەم) واتا پەیدادەکەن.

بە پێی گێڕانەوەی "مجمع الفصحا"، بابەتایەر هەندێک دانراویشی بە

شێوەی پەخشـان هەن، کە چەند تەفسیریشـیان لە سـەر نووسـراوە، یەک لەو بەرهەمـانە، وادیـارە نوسـخەیەکی دەستنووسـە لە ئاکسـفۆرد بە ژمـارەی 94 Walker f.302fb پــارێزراوە. ئەم بەرهەمە لەوانەیە هەمــان کــۆمەڵەی وتە کورتەکان (کلمات قصار)ی بێت (رادفر، ١٣٧٩، ١٦٢).

# توێژینەوەیەک لە سەر کێشی فەهلەویات

## ١. دەروازە

فەهلەویات بەو شیعرانە دەگوترێت، کە بە زمانێک جگە لە زمانی ڕەسمیی هۆنرابنەوە. توێژەران لە سەر کێشی فەهلەویات ناکۆکیی بیروڕایان هەبووە، بە جۆرێک کە ژمارەیەکیان کێشی فەهلەویات بە هجایی (بڕگەیی) و هەندێکیان بە عەروزیی تێکەڵ بە کێشەیان زانیوە. نووسەری ئەم دێڕانە لەم وتارەدا هەوڵدەدات یەکەم، زانیاریی لە سەر فەهلەویات و بەرینبوونەوەی پانتاییەکەی بخاتەڕوو، پاشان بیروڕای توێژەرانی هەڵکەوتە لە سەر کێشی فەهلەویات باسبکەم و بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتنیان، هەوڵبدەم جۆرە جیاوازەکانی فەهلەویات بناسێنم، بەم جۆرە ڕونیدەکەمەوە کە هەندێک لە فەهلەویات خاوەنی کێشی عەروزیی و هەندێکی دیکەیان کێشی بڕگەییان هەیە.

## ٢. پێشەکیی

ئەو دووبەیتییانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوون بە خاوەنی کێشی عەروزیی (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)، پاشماوەی هەمان فەهلەویاتە کۆنەکەن. فەهلەویی وەک وشە بەعەرەبییکراوی هەمان وشەی پەهلەوییە، پەهلەویی، زمانی سەردەمی ساسانییە کە پاش هاتنی ئیسلام وەکو زاری جۆراوجۆر لێرە و لەوێی وڵاتی ئێران مایەوە. ئەو شیعرانەی کە بەم زارانە لە سەر زمانی خەڵک هەن، بە تاک فەهلەویی و بە کۆ پێیاندەگوترێت فەهلەویات (شمیسا، ١٣٦٣، ٢٦٢). لە فەرهەنگی موعینیشدا هاتووە: "شیعرێک کە بە یەکێک لە زمانە خۆجێیەکانی ئێران (بە زمانی ئەدەبیی و ڕەسمیی نەبێت) لە سەر کێش یان کێشەکانی عەروزیی یان بڕگەیی هۆندرابێتەوە و بەشێکیان بە شێوەی دووبەیتین" (معین، ١٣٦٤: واتای وشەی فهلویه).

لە شیعری شاعیرانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچییدا، "پهلوی" و "پهلوانی" بە واتای "ایرانی" لە بەرانبەر تازی (عەرەب) و تورکدا هاتووە، بەڵام لە زۆربەی بەرهەمەکانی سەردەمی ئیسلامییدا، وشەی "فهلوی" بۆ زمان و

زاره خۆجێییەکان بەکارهاتووە؛ هەروا کە ئوستاد بەهار نووسیوەتی: "... واپێدەچێت چونکە ئەم شیعرانە بە پێی عادەتی کۆن بە زمانە ناوچەیی و خۆجێییەکان هۆنراونەوە و لە ناوەند و ڕۆژئاوا و باکوور و باشووری ئێران ماوەیەکی زۆر دوای هاتنی ئیسلام و تەنانەت تا ئەمڕۆیش ئەم ناوە هەر ماوە و هەر بەم ناوە ناودێرکراوە" (کوهی کرمانی، ١٣٧٩، ٩). ئوستاد خانلەرییش لە سەر ئەمە پێداگرە، کە فەهلەویات بەو شیعرە خۆجێیانە دەگوترێت و زۆربەی ئەم شیعرانەیش لە فۆرمی دووبەیتییدا هۆنراونەوە (خانلەری، ١٣٦١، ٧٠).

لە بارەی کێشی فەهلەویاتەوە ناکۆکیی بیروڕا هەیە؛ بە جۆرێک کە ژمارەیەک لە توێژەران، کێشی فەهلەویات بە بڕگەیی و ژمارەیەکی دیکە بە عەروزیی دەزانن. بەو هۆیەوە کە توێژەران لە هەڵسەنگاندنی کێشی فەهلەویاتدا گرنگییەکی زۆریان بە هۆنراوە خۆجییەکان نەداوە، بەو جۆرەی پێویستە نەیانتوانیوە لەم بوارەدا بگەنە ئاکامی یەکجاریی. لەم وتارەدا هەوڵدەدرێت دوای ئەوەی زانیاریی پێویست لە بارەی ناوچە فەهلەویی_زمانەکان و پانتایی بڵاوبوونەوەی زمانەکە خرایەڕوو، نموونەی جۆراوجۆری فەهلەوییان پیشانبدرێت، بۆئەوەی ڕونببێتەوە کە هەندێک لە فەهلەویاتی عەروزیی خاوەن_کێشە و هەندێکیشیان هەروا کێشی بڕگەییان هەیە.

### ٣. شارەکانی پەهلەوییەکان

بەو هۆیەوە کە زمانی پەهلەویی زیاتر لە ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران برەوی هەبووە، هەندێک لە نووسەرانی کۆن، شارە فارسزمانەکانیان لە شارە پەهلەویی_زمانەکان هەڵداوارد؛ هەر بەو جۆرەی کە " هەمزەی ئیسفەهانی لە کتێبی التنبیه و الإشراف دا هێناویەتی: ئێرانییەکان پێنج زمانیان هەبووە: پەهلەویی و دەریی و فارسیی و خوزیی و سریانیی. پەهلەویی_زمانێک بووە، کە پاشاکان لە کۆڕ و دانیشتنی خۆیاندا قسەیانپێکردووە، ئەم زمانە بە پەهلە ناسراوە و پەهلە ناوی پێنج شارە: ئیسفەهان و ڕەی و هەمەدان و ماە نەهاوەند و ئازەربایجان؛ شیرویەی

کوڕی شارەدار دەڵێت: شارەکانی پەهلەویان حەوتن: هەمەدان و ماسبزان و قوم و بەسرە و سەمیرە و ماه کوفە و کرماشان؛ شارەکانی ڕەی و ئیسفەهان و قومس و تەبرستان و... هتدیش شاری پەهلەویان نیین" (صفا، ١٣٥٢، ١/١٤).

بە گوێرەی گێڕانەوەی "ابن مقفع"یش فەهلە بریتیی بووە لە ناوچەکانی ئسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماه نەهاوەند و ئازەربایجان. "ابن خردادبە" لەو باوەڕەدا بووە، کە پەهلە یان فەهلە لە ڕەی، ئیسفەهان، هەمەدان، دینەوەر، نەهاوەند، مێهرەجانی کەزەک، ماسەبەزان و قەزوین پێکهاتووە. بەکارهێنانی فەهلە (لە فارسیی ناوەڕاستدا: pahlav) بۆ سەرزەویی مادەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی ئەشکانییەکان. هەندێک نموونە لە فەهلەویات لە دەقە فارسییەکاندا هاتوون، بە زۆریی دەگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچە ئاماژەپێکراوانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، دەتوانین سەرزەویی فەهلە تا گیلان گەورەبکەینەوە. بەم پێیە فەهلەویات بریتییە لەو شیعرانەی بە زارە ڕۆژئاوایی، ناوەندیی و باکوورییەکانی ئێران گوتراون (تفضلی، ١٣٥٨، ١١٩).

ئاکامێک کە دەتوانین لە نووسینەکانی هەمزەی ئیسفەهانیی و شیرویەی کوڕی شارەدار و ابن مقفع وەربیگرین ئەمەیە، کە زمانی پەهلەویی لە ڕۆژئاوا، باکووری ڕۆژئاوا و تەنانەت لە باکووری ئێران برەوی هەبووە و خەڵکی ئەو ناوچانە قسەیانپێکردووە. بەم پێیە وا دێتەبەرچاو کە نووسەرانی ئاماژەپێکراو، زمانەکانی کوردیی، تاتیی، ئازەریی کۆن، تاڵیشیی، تەبەریی، گیلەکیی و لوڕییان بە پەهلەویی زانیوە؛ ئەمڕۆیش دەبینین زۆر وشەی پەهلەویی و تەنانەت ئاڤێستایی، لە زارە جیاوازەکانی ناوچە ناوبراوەکاندا سوودیانلێوەردەگیرێت.

### ٤. پانتایی بڵاوبوونەوەی فەهلەویات

فەهلەویات بە هۆی هەڵگرتنی واتای بەرز و وشەی ساکار، نەک هەر بووە جێگەی سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای ئێران -کە بە شارگەلی پەهلەویی_زمان دەژمێردرێن-، بەڵکو کەوتەسەر زار و زمانی

بژارده و عەوامی خەڵکی ئێرانیش.

لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە جیاتیی فەهلەویی، زاراوەی دیکە بەکاردەهێنن؛ "بۆ نموونە زاراوەی ڕاژی/ ڕازیی کە هەر لە جێدا بۆ ئەو شیعرانەیان بەکارهێناون، کە بە شێوەزاری ڕەی وتراون، دواتر توشی فراوانبوونەوەی واتایی بوو و بۆ شیعرە خۆجێییەکانی ئازەربایجان و هەروەها شیعرە فەهلەوییەکانی شاعیرانی شیرازییش سوودیلێوەرگیرا. زاراوەکانی دیکە بریتیین لە: 'شهری' (بە واتای شار لە بەرانبەر دەشت و هاموون)، 'ڕامندی' (سەر بە ڕامندی ناوچەی قەزوین)، کە بۆ جۆری خوێندنەوەی شیعری خۆجێیی بەکارهاتووە" (تفضلی، هەمان سەرچاوە، ١٢٠). لە لای تالشییەکان بەم جۆرە هۆنراوانە دەگوترێت 'دستون' و بە زۆریی بە گۆرانیی و چەپڵە دەیانڵێنەوە" (رضایتی کیش خالە، ١٣٨٤، ١٤٤).

هەندێک لەحن (ئاواز) بۆ وتنەوەی فەهلەویات دروستکراون، کە پێیاندەگوترێت اورامنان (هەورامانان). واپێدەچێت مەبەست لە "اورامن"، "اورامین" یان "اورامی" هەمان زاری هەورامیی بێت، کە لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران قسەیپێدەکرێت، ئەوەی لە قسەکانی شەمسی قەیسی ڕازیی و ئەوانی دیکە دەستماندەکەوێت، ئەوەیە کە "اورامین" بە جۆرێک گۆرانییوتن و ژەنیاریی دەگوترێت، هەر وەک دەبینین لەگەڵ "لەحن"دا هاتووە: "قاوەخانەی عێراقییەکانم [مەبەست خەڵکی ڕۆژئاوا و ناوەندی ئێرانی ئێستا] بە عالم و عەوامەوە، بە ڕێزدار و ناکەسەوە، بە ناوەڕۆکی ئاشکرا و شاراوەی دێڕە شیعرەکانی فەهلەویی، دڵخۆش هاتەبەرچاو و تامەزرۆی ئاوازەکانی بوون؛ لە کاتێکدا هیچ ئاوازێکی بلاوێن و دانراوێکی شەریف کە نێوئاخنەکەی هۆنراوەی عەرەبیی یان غەزەلی دەریی بێت، یان هیچ گۆرانییەکی سەرسوڕهێنەر و نەغمەیەکی بزوێنەر ئاوا نەیدەبزاوتن و دڵ و هەستی ئەوانی بەم جۆرە نەدەهێنایە جۆشوخرۆش[1]، چونکە:

---

[1] دەقە فارسییەکە بەم جۆرەیە: "کافه اهل عراق را از عالِم و عامی و شریف و وضیع به انشاء و انشاد فهلوی مشعوف یافتم و به اصغاء و استماع ملحونات آن مولع دیدم بلکه

**لحـــن اورامین و بیت پهلوی**
**زخمەی رود و سماع خسروی** (شمس قیس رازی، ١٣٧٣، ١٦٢).

جێگای بەبیرهێنانەوەیە، کە شاعیرانی کوردزمان بۆ هۆنینەوەی شیعر توانا و مایەی خۆیان بە زاری هەورامیی تاقیدەکردەوە و بەرە بەرە بەم زارەیان وت "گۆرانیی". هەتا ئێستایش لە ناوچە کوردنشینەکان بەو فەهلەویاتەی بە ئاواز دەگوترێن دەڵێن "گۆرانیی" و بەو کەسەیش ئەم شیعرانە بە دەنگی خۆش دەڵێت، "گۆرانییچڕ" –gūrānī čeŕ– ئێژن (بڕوانە حسینی آبباریکی، ١٣٩٢، ٢٨). "گۆرانییچڕ"ی ئەم ناوچانە دەتوانین لەگەڵ "شروەخوان" (= ئەو کەسەی شروە دەڵێت)، یان لە گەڵ ڕاژیدان (= ئەو کەسەی شیعری خۆجێیی دەڵێت) و "شهری خوان" (= ئەو کەسەی شیعری شاریی دەڵێت) بەراوردبکەین. جۆرەکانی ئەمیریی، تالبا، نەجما، کتولیی، حەقانیی، سووتخوانیی و شەرەفشاهیی لە ناوچەکانی باکووری ولاتیش دەکرێت لەگەڵ گۆرانیی ناوچە کوردنشینەکان پێکبگرین (بڕوانە: ذوالفقاری و احمدی، ١٣٨٨، ١٤٥-١٤٦).

محەمەدەمین ڕەیاحیی خۆی لە بارەی ئەم خاڵەوە، کە بۆچی فەهلەویاتیان بە "ڕازیی" و دواییش بە "شەهری" ناودێرکردووە، نووسیویەتی:

زمانی فەهلەویی لە ڕەی هەتا باکووری ڕۆژئاوای ئێران (دیارە بە هەندێک جیاوازیی بچووک لە ناوچە جۆراوجۆرەکان) یەک زمان بووە و سەرچاوەکان وادەگەیەنن کە پێیانگوتووە "ڕازی". ئێستا با بزانین بۆچی بەو زمانەیان وتووە "ڕازی" و پێیاننەوتووە ئازەربایجانیی یان تەورێزیی؟ من پێمـوایە کە دەریی_زمانانی خۆراسان یان ئەو کۆچەرانەی کە لە خۆراسانەوە بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیانکردووە، کاتێک دەگەیشتنە ڕەی، بۆ یەکەم جار توشی زمانێک بوون لە زمانی دەریی خۆراسان جیاوازبووە و ئەو زمانە هەتا ئازەربایجان برەوی هەبووە، جا بەو هۆیەوە کە یەکەم لە

---

هیچ لحن لطیف و تالیف شریف از طریق اقوال عربی و اغزال دری و ترانه های مُعَجَّز و داستان های مهیج ، اعطاف ایشان را چنان در نمی جنباند."

ڕەی گوێیان لەو زمانە بوو و ڕەی گەورەترین شاری فەهلەویی_زمان بووە، زمانی فەهلەویی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان بە "ڕازیی" ناوبردووە. دواتر کە هەندێک کۆچەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە گەیشتوونە ئازەربایجان و لەبەر هۆکاری ئاژەڵداریی و ژیانی کۆچەریی نەک لە شارەکان، بەڵکو لە دەشتەکان و گوندەکان بارگە و بنەیان بە هەردیدا داوە و نیشتەجێبوون، هەر بە زمانی خۆیان قسەیانکردووە، بەڵام خەڵکی شارەکان هێشتا زمانەکەی خۆیان پاراستووە و زمانی فەهلەویی شارەکانیان ناوناوە زمانی "شهری" (ریاحی خوئی، ١٣٨١، ٣٠).

**٥. کێشی فەهلەویات**

**٥. ١. کێشی شیعر لە پێش ئیسلامەوە**

کۆنترین نووسینێک کە لە ئێرانییەکان بەجێماوە، گاهانە. گاهان کە بە واتای سروودەکانە و بە شیعر و لە سەر کێشی بڕگەیی هۆنراوەتەوە، هۆنراوەی زەردەشتە، کە هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ژیاوە. گاهان بەشێکە لە یەسنا. یەسنا ٧٢ هات (=بەش)ی هەیە. گاهان کە ١٧ هات لە یەسنا پێکدەهێنێت لە پێنج "گاە" پێکهاتووە. گاهی یەکەم حەوت هاتە (لە هاتی ٢٨ هەتا ٣٤) کە بریتییە لە چەند پارچەی سێ_بەیتیی. هەر بەیتێک ١٦ بڕگەیە؛ میسرەع (نیوەدێڕ)ی یەکەم حەوت بڕگە و نیوەدێڕی دووەم نۆ بڕگەیە. گاهی دووەم چوار هاتە (٤٣ هەتا ٤٦ی یەسنا)یە، کە لە پارچەی پێنج_بەیتیی پێکهاتووە. هەر بەیتێک ١١ بڕگەیە؛ چوار بڕگە کەوتوونە میسرەعی یەکەم و حەوت بڕگەیش کەوتوونە میسرەعی دووەم. گاهی سێیەمیش بریتییە لە چوار هات (لە ٤٧ هەتا٥٠ی یەسنا)، کە لە پارچەی چوار_بەیتیی پێکهاتوون و هەر بەیتێک ١١ بڕگەی لەخۆگرتووە. چوار بڕگە لە میسرەعی یەکەم و حەوت بڕگەیش لە میسرەعی دووەم. گاهی چوارەم، هاتی ٥١ی یەسنای لەخۆگرتووە، کە لە پارچەی سێ_بەیتیی پێکهاتووە و هەر بەیتێک ١٤ بڕگەی هەیە، حەوت بڕگە لە میسرەعی یەکەم و حەوت بڕگەیش لە میسرەعی دووەم. گاهی پێنجەمیش، هاتی ٥٣ی یەسنای لەخۆگرتووە، کە لە پارچەی چوار_بەیتیی پێکهاتووە، میسرەعەکانی یەکەمی

دووبەیتیی یەکەم حەوت بڕگە و میسرەعەکانی دووەم پێنج بڕگەیان هەیە، بەیتەکانی سێیەم و چوارەمیش، سێ میسرەعیان هەیە؛ میسرەعەکانی یەکەم و دووەم، حەوت بڕگە و میسرەعەکانی سێیەم پێنج بڕگەیان هەیە (ابوالقاسمی، ١٣٨٣، ١٠).

لە زمانی پەهلەوییدا بناغەی کێش لە سەر چەندایەتیی بڕگەکان و شوێنی تەکیە (هێز)ی وشە دادەمەزرێت و ئەم دوو هۆکارە پێکەوە کێش دروستدەکەن (خانلەری، ١٣٤٥، ٧٤). ئەوەی لە سەرچاوەکانی بەردەست بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە، کە شیعرەکانی سەردەمی ساسانیی بە لاساییکردنەوەی گاتاکان هۆنراونەوە؛ هەروا کە ئوستاد مەلیکولشوعەرای بەهار دەنووسێت:

"... زانیاریی زۆرمان لە بارەی سەردەمی ساسانییەکانەوە هەیە، چونکە جگە لە شیعرەکانی مانیی، کە ئەویش بە شێوە و شێوازی گاتای زەردەشتە، واتە شیعرەکانی بڕگەیی و بێسەروان، هەندێک شیعر لە ناو کەتیبەکانی سەردەمی ساسانییەکاندا وەک "بەردەنووسەکانی حاجی ئاباد" و لە ناو کتێبەکانی پەهلەویی وەک یادگاری زەریران و درەختی ئاسۆریکیشدا دەبینرێن، کە لە سەرجەمی ئەم بەرهەمانە و لە نیشانە و ئاماژەکانی دیکەی مێژوونووسانی ئیسلامیی، وەک مێژووی سیستان و فەرهەنگەکانی وشە وادەردەکەوێت کە لە ئێرانی سەردەمی ساسانییدا، شیعر و شاعیریی برەوی هەبووە. لە ئێرانی سەردەمی ساسانییدا وادیارە سێ جۆر شیعر برەوی هەبووە: یەکەم، سروود. دووەم، داستان. سێیەم، تەرانە" (بهار، ١٣٥١، الف، ٦٩/١).

### ٥. ٢. کێشی شیعر پاش ئیسلام

پاش ئیسلام، پارسیک تا چەند سەدە هێشتا لە ئیسفەهان، ڕەی، هەمەدان، نەهاوەند و ئازەربایجان، زمانی گفتوگۆ و هەروەها زمانی شیعر بووە، نموونەکەی هەمان شیعرەکانی بابەتایەرە کە واپیدەچێت کێشی شیعرەکانی کێشی سەردەمی ساسانیی بێت، کە شیعری دوازدە_بڕگەیین. ئێستا ئەم جۆرە شیعرە لە ناو کوردان و لوڕان، کە زارەکانیان درێژەی

هەمان پارسیی ناوەڕاستە، زۆرن و یادگاری چامەکانی سەردەمی ساسانیی، بە تایبەتیی چامەکانی مانەویین (برتلس، ١٣٧٥، ٣٤٠).

زۆر لە تـوێژەران، کێشـی فەهلەویاتیـان بە بڕگەیـی و هەنـدێکیش بە عەروزی تێگەیشتوون؛ ژمارەیەکیش کێشی ئەم شیعرانە بە عەروزیی تێکەڵ بە کێشە دەزانن. ئوستاد بەهار لەو بڕوایەدایە، کە کێش و ئاوازی فەهلەویات لە بەحـرە عەرەبییەکـان وەرنەگیـراون و بەر لە هـاتنی عەرەب بـۆ ئێـران و ئاشنابوونیان لەگەڵ مۆسیقا و ئاوازە خۆجێییەکان، لەم وڵاتەدا هەبووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە شیعرە فارسییەکان "سیلابی" (بڕگەیی) بوون و بە شێوەی عەروزیـــی و 'تقطیعـــی' نەبـــوون، میســـرەعەکانی ئەم شـــیعرانە واتە دووبەیتییەکـانی پەهلەویـی، وەک ئەمـڕۆ بە تەواویـی نەکەوتـوونە ئەو قـاڵبە تەقتیعییانە کە ئێمە ناومانناوە "بحر هزج مسدس"، بەڵکو لە جیاتیی "مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل"، هەندێک جار "فاعلاتن مفاعیلن مفاعیل" و جاری وایشە "مفعولاتن مفاعیلن مفاعیل" و هەندێک جاریش "مفاعلتن مفاعیلن مفاعیل" و کێشی دیکەی لەم چەشنە بووە. هەر بەو جۆرەی شەمسی قەیس کورتەیەکی لەم بـارەیەوە لە "المعجـم" لە ژێـر سـەردێڕی بەحـری "هـزج" و بەحـری "مشاکل"دا ناوبردوون (بهار، ١٣٥١ب، ٤٠).

ئوستاد خـانلەریی لە کتێبی "*وزن شعر فارسی*"دا دەنووسێت: "کێشـی شـیعر و گـۆرانییە خۆجێییەکـان، کە ئیسـتا لە زمـانی فارسـیی و زارە جیاوازەکانیدا ماوەتەوە، گوێڕایەڵی ڕێسا عەروزییەکان نییە، بەڵکو شێوەی نەزمی ئەو گۆرانییانە، لە سەردەمە کۆنەکانی پێش ئیسلامەوە ماوەتەوە و یادگـاریی شـیعرەکانی سـەردەمی ساسـانییە" (خـانلەری، ١٣٤٥، ٧٤). عەلـی ئەشرفی سادقییش ڕونیدەکاتەوە کە عەروزی فارسیی، دەزگایەکی گونجاو بۆ کێشانی چەندوچۆنی کێشی فەهلەویات نییە، چونکە سیستەمی کێشی زاڵ بە سـەر فەهلەویاتـدا، هەر لە جێدا لەگەڵ سیستـەمی کێشـی زاڵ بە سـەر شیعرە عەروزییەکانی فارسییدا جیاوازە (صادقی، ١٣٩٠، ١٣٧-١٤٩).

ئوسـتاد وەحیـدیان کامیـار لە زۆر کتێـب و وتارەکانیـدا هەوڵیـداوە بیسەلمێنیت، کە کێشی فەهلەویات لە سەر بناغەی چەندییە؛ بۆ نموونە لە

کتێبی *بررسی منشاء وزن شعر فارسی*، لە پێشەکیی (١٣٩٠، ٩-١٥)، بەشی "جۆری کێشی شیعری فارسیی پێش ئیسلام" (٧٦-٧٩) و بەشی "کتێبی مۆسیقای شیعر و سەرچاوەی کێشی شیعری فارسیی" (١٣٣-١٥٤) ویستوویەتی ئەم شتە گرنگە بسەلمێنێت. ناوبراو لە وتاری "کێشی فەهلەویات هەر وەک کێشی شیعری پێش ئیسلام چەندییە" بە ڕاشکاویی دەڵێت کە:

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە شیعری پێش ئیسلام و لە نێویاندا فەهلەویات، بە تەواویی کێشی چەندییان هەیە و بۆچوونی زانایانی ئێرانیی و بیانیی لە بارەی بڕگەیی و ضربی (ڕیتمی)بوونی ئەوان بایەخی نییە (وحیدیان کامیار، ١٣٧٦، ١٢٩). وحیدیان کامیار لە وتارێکی دیکەیشدا وێڕای ئەوەی کە بۆچوونی بەهار و خانلەریی ڕەتکردووەتەوە، کێشی فەهلەویات بە تەواویی بە عەروزیی دەزانێت (بڕوانە: وحیدیان کامیار، ١٣٧٠، ١٠٦). ناوبراو لەم بارەیەوە دەنووسێت:

شەمسی قەیس و مەلیکولشوعەرای بەهار و خانلەریی و توێژەرانی دیکەی ئێرانیی و بیانیی، کە کێشی فەهلەویاتیان بە بڕگەیی یان عەروزیی خاوەن_کێشە زانیوە، هەموویان توشی یەک هەڵە بوون، ئەویش ئەمەیە کە تەرانە خۆجێیەکان (فەهلەویات)یان بە پێوانەی کێشی شیعری ڕەسمیی پێواوە و پێیانوایە کە خەڵک، تەرانەی بە هەمان پێوانەی شیعری ڕەسمیی دەڵێن، ئەمە لە حاڵێکدایە، کە خەڵک تەرانەکان بەبێ هیچ کام لە فۆڕمە عەروزییەکان و بە تەواویی بە کێشی مفاعیلن مفاعیلن فعولن دەبێژن، بەڵام خاڵێک هەیە ئەویش ئەمەیە، کە خەڵک لە کاتی خوێندنەوە یان وتنی فەهلەویاتدا، لە هەر شوێنێک ڤاوڵ (دەنگدار)ێکی درێژ کێشی شیعر تێکبدات، بە شێوەی کورت بێژەیدەکەن، بە پێچەوانەیشەوە بە گوێرەی پێویستیی کێش، دەنگداری کورت، درێژدەکەنەوە (هەمان سەرچاوە، ١٠٧).

ڕوانگەی ئوستاد وەحید کامیار، لەوانەیە لە بارەی ژمارەیەک لە فەهلەویاتەوە ڕاست بێت، بەڵام لە بارەی ژمارەیەک لەوانەوە هەمیشە ڕاست دەرناچێت؛ هەروا کە ناکرێت بەیتی یەکەمی ئەم دووبەیتییەی بابەتایەر بە کێشی: مفاعیلن مفاعیلن فعولن" بخوێنینەوە:

**دیدم آلالەای در دامن خـار**
**واتم آلالیا کی چینمت بـار**
**بگفتا باغبان معذور می دار**
**درخت دوستی دیر آورد بار** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٣٠)

هەروا کە دەبینن لە بەیتی یەکەم لە ڕوکنی یەکەمدا، بە جێگەی مفاعیلن، فاعیلاتن هاتووە.

بۆچوونی ئوستاد شمیسایش هەر وەک بۆچوونی ئوستاد وەحیدیان کامیارە؛ ناوبراو دەنووسێت: "هەرچەند یەکێک لە کێشە تقطیعی فەهلەویی 'فاعیلاتن مفاعیلن فعولن'ە، بەڵام چونکە بە کردەوە گوێی ئێمە هەست بە کێشی حەقیقیی مفاعیلن مفاعیلن فعولن دەکات، دەبێت بۆ خۆگونجاندنی 'فاعلاتن' ی بەرهەمی تقطیع لەگەڵ 'مفاعیلن'ی بە گوێ هەستپێکراو، چارەیەک بدۆزینەوە. لێرەدایە کە دەڵێین دەکرێت بڕگەیەکی درێژ کورت و بڕگەیەکی کورت درێژبکەینەوە" (شمیسا، ١٣٦٣، ٣٠٣). ناوبراو بەم جۆرە تێگەیشتنەی، وشەکانی وەک "باغبانان" و "لالەکاران"ی کە لە سەر کێشی 'فاعیلاتن'ن، بەم جۆرە "ب غ بانان، ل لە کاران"ی کەرت کەرت کردووە (هەمان سەرچاوە، ٣٠٢)، تا بەم جۆرە ئەم وشانەی هێنابێتەسەر کێشی مفاعیلن! ئایا باشتر نییە قەبوڵبکەین کە لەم جۆرە شیعرانەدا دەکرێت لە ڕوکنی یەکەم، لە جیاتیی مفاعیلن، فاعیلاتن یان مفعولاتن بێت؟ بۆ شارەزابوونی زیاتر لەگەڵ فەهلەویاتێک کە لە بەحری مشاکلدا هۆنراونەوە، بڕوانە: (طبیب زادە، ١٣٩٢، ٦٤-٦٢).

بەڵام خاڵێک کە ئوستاد وەحیدیان کامیار و ئوستاد شەمیسا لە هەڵسەنگاندنی کێشی فەهلەویاتدا کەمتر سەرنجیانپێداوە، ئەوەیە کە فەهلەویات هەر بە دووبەیتیی سنووردارناکرێت، بەڵکو ئەو شیعرانەیش دەگرێتەوە، کە بە زمانە نارەسمییەکان هۆنراونەوە. کەوابوو جێی خۆیەتی ئەو جۆرە شیعرانەیش لێیانبکۆڵرێتەوە، لەوانەیە ئەم شیعرانە بڕگەیی بن و بە هیچ جۆر عەروزیان وەرنەگرتبێت، هەرچەند بۆچوونی ئوستاد وەحیدیان و ئوستاد شەمیسا لە بارەی دووبەیتییە خۆجێییەکانەوە جێگای

لێوەردبوونەوەیە.

خـاڵێکی سـەرنجراکێش ئەوەیە، کە ئوسـتاد کامیـار کاتێـک ڕەخـنە لە بۆچوونی 'ملک الشعرای بهار' دەگرێت، هەندێک نموونەی هێناونەوە، کە هەموویان فۆڕمی دووبەیتییان هەیە و لە فۆڕمەکانی دیکە هیچ نموونەیەکی نەهێناوەتەوە؛ ناوبراو دەنووسێت: "بۆئەوەی کە بیسەلمێنم ئەم قسەیەی بەهار [= فەهلەویات بە هۆی بڕگەییبوونی کێشیان بە شێوەی گشتیی بەحری هەزەجیان وەرنەگرتووە] بایەخی نییە، با سەرنجبدەینە ئاماری چەند کۆمەڵە فەهلەویـات تـا بۆمـان دەربکەوێـت لە سـەدا چەنـدی فەهلەویـات کێشـی عەروزییان هەیە و لە سەدا چەندیان نییانە. ئەو کۆمەڵەی تەرانەیەی بە هیی بابەتـایەر دەزانـرێن. تەرانە خۆجێیەکـانی فـارس (هەزاروچوارسـەد تەرانە). تەرانەکانی نیمرووز، دووبەیتییەکانی سیستان بە پێوەری شیعری ڕەسمیی، لە سەر کێشی 'هزج مسدس مقصور'ن" (وحیدیان کامیار، ١٣٧٠، ١١٢).

ئومێد تەبیب زادە بە شارەزاییەکی زیاتر و لێکدانەوەیەکی گونجاوترەوە فەهلەویـاتی لە سـەر بنـاغەی کـۆن یـان نوێبـوونی زمانەکەیـان و هەروەهـا عەروزیی یان ناعەروزییبوونی کێشیان، کردووە بە چوار دەستە: فەهلەویاتی کۆنی ناعەروزیی، کە شوێنەوارێکیان لە پاش بەجێنەماوە، فەهلەویاتی کۆنی عەروزیی، کە شاعیرانی خوێندەوار و ئاگادار لە بنەماکانی کێشی عەروزیی هۆنیویاننەوە، فەهلەویاتی نویێ، کە زمانەکەیان زۆر لە فارسیی و کێشیشیان زۆر لە کێشـی عەروزیـی هـزج نزیکبـووەتەوە، فەهلەویـاتی خـۆجێیی، کە بە زۆریی بە هۆی شاعیرانی بێناونیشان و کەمخوێندەوار هۆنراونەوە و کێشـی ناعەروزییـان هەیە (طبیـب زادە، ١٣٩٢، ٦٢)، بەڵام تەبیـب زادەیـش لە هەڵسـەنگاندنی فەهلەویاتدا تەنیـا لەو فەهلەویـاتەی لە قـاڵبی دووبەیتییـدان و هەندێک جاریش لە تاکەبەیتی کۆڵیوەتەوە؛ هەروا کە بۆ خۆی نووسیویەتی: "فەهلەویـات جگە لە دووبەیتیـی، لە قاڵب و کێشـی دیکەیشـدا دیتـراون، بەڵام ئـێمە لەم وتـارەدا بە مەبەسـتی سـنووردارکردنی باسـەکە، زیـاتر پەرژاوینەتەسـەر ئەو فەهلەویـاتەی کە لە سـەردەمی ئیسـلامیی و لە فـۆڕمی دووبەیتییـدا، جـار جـاریش بەیتێکی سـەروادار و بە زۆریـی یـازدە_بڕگەییدا

هۆنراونەوە" (هەمان لاپەرە، ٦٠).

نووسەری ئەم دێڕانە لەم وتارەدا جگە لە پێداچوونەوەی فەهلەویات لە قاڵبی دووبەیتییدا، زۆر نموونەی خۆجێیی کە لە قاڵبەکانی دیکەدا هۆنراونەوە، دەخاتەبەر سەرنج؛ کەوابوو بۆ سەرلەنوێ_ناسینی کێشی فەهلەویات، ئەوان بە سەر دوو لقی سەرەکییدا دابەشدەکەین:

ا) جۆرێک لە فەهلەویات -ئەمڕۆ زۆر لە توێژەران مەبەستیان لە فەهلەویات، ئەم جۆرە لە فەهلەویاتە-، کە لە فۆڕمی سەرەکیی خۆی دەرچووە و ڕێساکانی عەروزیان وەرگرتووە.

ب. فەهلەویاتێک، کە هیچ کات کێشی عەروزیان وەرنەگرتووە و هەتا ئەمڕۆ بە شێوەی بڕگەیی دەهۆنرێنەوە.

### ٥. ٢. ١. فەهلەویات بە کێشی عەروزیی

ئەحمەد تەفەززولیی لە بارەی ئەم جۆرە فەهلەویاتەوە دەنووسێت: بە هەڵبژاردنی عەروزی ناسراو بە عەرەبیی بۆ شیعری فارسیی و لە ژێر کاریگەرییەکەیدا، فەهلەویات بەرە بەرە ڕێسای چەندایەتیی بڕگەکان (کێشە عەروزییەکان)ی وەرگرت، کە بەرچاوترینیان بەحری هەزەج بوو، ئەگەرچی بەو تایبەتمەندییانەی هەیبوو جاروبار دەبووە هۆی سڵەمینەوەی کەسانێکی وەک شەمسەدینی ڕازیی، کە بە توندیی بە ڕێساکانی عەروز پابەندبوون (المعجم، لاپەڕەکانی ١٦٦-١٦٧). بەو هۆیەوە کە لە فەهلەویاتدا هێشتا هەتا ڕادەیەک ڕێسا شیعرییەکانی پێش هاتنی ئیسلام ڕەچاودەکران، ئەم جۆرە لادانانە لە ڕێساکانی پێوەری عەروزی شیعری فارسیی هەستپێدەکرا، بەڵام ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، کاتێک شیعرەکان بە شێوەی ئاواز پێشکەشدەکران، زۆر هەستپێکراو نەبوو، کەچی هەر ئەو شیعرانە کاتێک بە شێوەی ئاسایی دەخوێندرانەوە، عەروززانەکان دەستبەجێ کەموکوڕییەکانی کێشی ئەوانیان بە گوێرەی ڕێساکانی عەروز (ڕێساکانی سەرچاوەگرتوو لە شیعری عەرەبیی) بۆ دەردەکەوت (تفضلی، ١٣٧٥، ١٢١).

ئەم جۆرە لە فەهلەویات بە دوو بەیت یان زیاتر دەهۆنرێتەوە.

شیعرەکانی بابەتایەر (فەهلەویات)، شێخ سەفیەدین ئەردەبیلیی، محەمەد مەغریبیی و... هتد، لەو پۆلێنکردنەی ئیمەدا دەکەونە ڕیزی ئەم جۆرە فەهلەویاتە.

بابەتایەر:

گــر اژ زر او نهی دیوانه اژ گِـــل
به پرچینش کَرِی وانوشـــه و ولِ
گر او بشنش نهی آن دار شمشـــاد
کر [گر] او رونش کری آواج بِلبِل
ســـرانجامان بِشـــی، بیا بهـــر زی
یـــای ته گوروی ماوای ته گـــل      (ادیب طوسی، ١٣٣٧، ٢).

gar až zar äw nahī dīwāna až geĺ / be parčīneš karī wanūše-vo-weĺ،
gar äw bešneš nahī ān dar-e- šemšād / gar äw rūneš karī āwāj-e- beĺbeĺ،
saranjāmān bešī beyyā be harzī / yaeī te gūrawī ma’wāy-e- te geĺ.

واتایەکەی: ئەگەر دیوار و خانووە قوڕەکەت لە زێڕ دروستبکەیت و پەرژینی بە گوڵانی بۆ بکەیت، ئەگەر لە چواردەوری داری شمشاد بنێژیت، ئەگەر بولبولیان لە سەر دابنێیت هەتا بۆت بخوێنن، سەرئەنجام دەڕۆیت و [ئەو شتانەت] بە خۆڕایی بەجێدەهێڵیت، ماڵەکەت دەبێت بە گۆڕ و گڵ دەبێت بە ماڵت.

شێخ سەفیدینی ئەردەبیلیی وتوویەتی:

صَفیـــم صـــافیِم گنجان نمَایـــم
بـــدل دردَ ژَرِم تـــن بی‌دوایـــم
کس بهســـتی نبرده ره بـــاویـــان
اَژ به نیستی چو مردان خاک پایم      (ادیب طوسی، ١٣٣٤، ٤٦١)

safīyem sāfīyem ganjān namāyem /be deĺ darda žarem tan bē dawāyem.

kas be hastī naberda rah be ūyān /az be nīstī čo mardān xāk-e- pāyem.

واتایەکەی: سۆفیم و سافیم، گەنجەکان پیشاندەدەم، دڵێکی دەردەدار و

جەستەیەکی بێدەرمانم هەیە/ لە سەر ئەم دنیایە کەس بە دەردی نەزانیوم، بە نەمانیشم لە ڕیزی پیاوان، دەبمە خاکی بەرپێیان.

لەم دووبەیتییەی خوارەوەدا، کە هیی مەغریبی تەبریزییە، لە ڕوکنەکانی یەکەمی بەیتی یەکەمدا، لە جیاتیی مفاعیلن فاعلاتن هاتووە:

**ار به دریـــا رســـم دریا ته وینـــــم**
**ور به صحرا رسم، صحرا ته وینم**
**بجـــز تو هیـــچ کنجی نی بگیتی**
**از آن هر یا رســـم هـــــر یا ته وینم** (ادیب طوسی، ١٣٣٥، ١٢٦).

ar be daryā rasem daryā te wīnem / war be sahrā rasem sahrā te wīnem.
bejoz to hüč konjī nī be gītī / azān har yā rasem har yā te wīnem.

واتایەکەی: ئەگەر بچمەسەر دەریایە، تۆی تێدا دەبینم، ئەگەر ڕووبکەمە سەحرایە، لە سەحرایەیشدا هەر تۆ دەبینم/ بێجگە لە تۆ هیچ قوژبن و شوێنێک نییە لە سەر ئەم دنیایە؛ کە ڕوویتێبکەم و تۆی تێدا نەبینم.

عەبدولعەلی کارەنگ لە کتێبی *تاتی و هرزنی*، هەندێک لە فەهلەویاتی هومام تەبرێزیی، سەفیەدین ئەردەبیلیی و یەعقووب ئەردەبیلیی بە گوێرەی زارەکانی تاتیی و هەرزنیی وەرگێڕاون و لە ڕوانگەی پرسە زمانیی و واتاییەکانەوە هەڵیسەنگاندوون. ئەم فەهلەویاتە کێشی عەروزیان هەیە و بە زۆریی لە بەحری هزج مسدس مقصوردا هۆنراونەوە (کارنگ، ١٣٣٣، ١٥٥-١٦٣).

پێویستە بەبیربهێنیەوە کە کارەنگ لە بەشی دووەمی ئەو کتێبەدا، بە دوورودرێژیی لە بارەی زمانی ئازەربایجان پاش ئیسلامەوە، نووسیویەتی و زمانی ئەو ناوچەیەی بە ئازەریی (یەک لە زمانە ئێرانییەکان) زانیوە (هەمان سەرچاوە، ٦-٢٦).

حوسێنقوڵیی کاتبییش لە کتێبی *زبان های باستانی آذربایجان* نووسیویەتی، کە زمانی ئازەریی لە تەرانەکان، فەهلەویات و ئەدەبیاتی زارەکییدا برەوەی هەبووە و لە ئەفسانەکان، پەندەکان، تەنزەکان، تەمسیلات،

ورتەورتی ئەویندااران و شیعری شاعیرانی وەک هومام، مەغریبیی، مەعالیی، کەشفیی، ڕاجیی، شێخ سەفیی، یەعقووب ئەردەبیلیی، خەلیفە سادق و لە ڕیسالەی ڕۆحیی ئەنارجانییدا، سوودیانلێوەرگیراوە (کاتبی، ١٣٦٩، ٧٣-٧٤).

**٥. ٢. ٢. فەهلەویات بە کێشی بڕگەیی**

**٥. ٢. ٢. ١. هۆنراوە کوردییەکان**

زمانی کوردیی سەر بە دەستەی زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوایە. ئوستاد خانلەری لە "*تاریخ زبان فارسی*"*دا* دەنووسێت: "*ئەو زمانەی پێیدەگوترێت* کوردیی لە زاری جۆراوجۆر پێکدێت، کە عادەتەن ئەم زارانە دابەشدەکرێنەسەر دوو گرووپ، یەکەمیان کرمانجییە کە خۆی دابەشدەبێتەسەر دوو لق: لقی ڕۆژهەڵاتیی یان موکریی، کە دەکەوێتە سلێمانیی و سنە و...، دووەمیان لقی ڕۆژئاوایی کە دەکەوێتە ڕەزایە (ورمێ) و یەریڤان و...، گرووپە سەرەکییەکەی دیکە گرووپە باشوورییەکەیە، کە دەکەوێتە ناوچەی کرماشان و بەختیاری (١٣٥٨، ٣٢). "شمیت ڕۆدریگێر"یش پێیوایە گرووپە باشوورییەکانی زمانی کوردیی لە زارەکانی: کرماشانی (کە لە پارێزگای کرماشان برەوەی هەیە)، سەنجابیی، کەلهوڕیی، لەکیی و لوڕیی (سەر بە ناوچەی پشتکووە) پێکدێت (رودریگێر، ١٣٨٢، ج ١/٥٤٤).

کێشی شیعری کوردیی کلاسیک بە دوو شێوەیە: کێشی بڕگەیی و کێشی عەروزیی. شیعری کوردیی هەر لە ڕابردووی دوورەوە کێشی بڕگەیی هەبووە. هۆنراوە ئایینییەکانی یارسان، تەریقەتەکانی نەقشبەندیی و قادریی و...، کە بە شێوەی مەسنەویی هۆنراونەوە، هەموویان کێشی دە_بڕگەییان هەیە. هۆنراوە ئایینیی، قارەمانەتیی و مێژووییەکانیش کە بە زاری گۆرانیی دانراون هەموویان کێشی بڕگەییان هەیە؛ شیعری حەوت و هەشت_بڕگەییش لە شیعری هەندێک لە شاعیراندا هەیە. لە دوو سەدەی ڕابردوودا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە شاعیرانی سۆرانیی_ئاخیوی کورد، کە زۆرینەیشیان غەزەلیان هۆنیوەتەوە، بە لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی فارسیی و عەرەبیی، بۆ دانانی شیعر سوودیان لە کێشی عەروزیی وەرگرتووە. غەزەلەکانی نالیی، عەبدولڕەحمان سالم، شێخ ڕەزای تاڵەبانیی و... هتد کێشی عەروزیان هەیە.

له سـەردەمی ئێستایشـدا شـاعیرە نوێخوازەکـانی کـورد لە کێشـی نیمـایی و ئازاد سوودوەردەگرن (پرهیزی، ١٣٨٦، ٢٢٥-١١٥).

- **کوردیی (سۆرانیی، هەشت_بڕگەیی)**؛ سەیدای هەورامیی هۆنیویەتیەوە:

**شیرین آر بەی توم پەی نارە**
**کـاتیت زانـا گیـرم قارە**
**پیسە و موسای عصام شارە**
**ژیـوارم کـرَد زریبـارە** (صفی زادە، ١٣٧٨، ٢٠٠).

šī/rī/n ar/ bay/ tom/ pay/ nā/ra // kā/tēt/ zā/nā/ gē/ram/ qā/ra.
pēsaw mūsāy ʼasām šāra /žīwram kard zirē bāra.

واتایەکەی: ئەی شیرین، ئەگەر تۆم بۆ نەخوازن، بزانە ئەوەندە توڕەدەبم کە وەک موسـا گۆچـانەکەم فڕێـدەدەم و زێـدەکەت، گونـدی ژیـوار دەکەم بە زرێوار.

- **کوردیی (گۆرانیی، دە_بڕگەیی)**: غولامڕەزا ئەرکەوازی هۆنیویەتیەوە:

**داد وکـی بـروم وقـتم ضرورن**
**فریادرس تونی نامت مشهورن**
**هـاوار یـا علـی شـیر کردگـار**
**معجـزە پـریم بکـرە وَ کـار**
**ژَ گـرداب کـین بـرارم وَ بـر**
**دادرس تنگـی حیـدر صـفدر**
**دری ژَ رحمت پـریم بکـر واز**
**قَسَمت وَ ذات دانای بـی نیـاز**
**خیلی حسرتمن هم گرفتـارم**
**گـردش دوران مـدی آزارم** (ارکوازی، ١٣٨٦، ١٠٣).

dād/ wa/ kī/ ba/rūm/ waq/tem/ za/rū/ran // far/yād/ ras/ to/nī/ nā/met/ mašh/hū/ran.

hāwār yā ʼalī šēr-e- kerdegār / moʼjezay parīm bekara wa kār.

ža gerdāb kīn barārem wa bar / dād ras-e- taŋī haydar-e- safdar.

darē ža rahmat parīm bekar wāz / qasamet wa zāt dānāy bē neyāz.
xaylē hasratman ham gereftārem / gardeš-e- däwrān madē āzārem.

واتـایەکەی: داد بـۆ کـێ بەرم ئێسـتا کە لێمقەومـاوە. تـۆ وەک فریـادڕەس ناوبانگت ڕۆیشتووە. هاوار یا عەلی ئەی شێری خودای، پەڕجۆیەکت بۆ مـن وەکارخە و لەم گێژاوەی ڕق و کینەی دوژمنـان دەرمبێنەوە. ئەی حەیدەری سـەفدەر، تـۆ فریاڕەسـی کـاتی دامـاویی و لێقەومانیت، بە زاتـی ئەو خـودایەی زانـا و بێنیـازە، سـوێندتدەدەم کە دەرگـایەکی ڕەحمەتـم بە ڕوودا بـکەیەوە، چـونکە زۆر گرفتـار و حەسـرەتبارم، سـووڕی دەوران ئازارمـدەدات (سەرچاوەی پێشوو، ١٤٧).

- **کوردیی (لەکیی دە_بڕگەیی)**، مەلا پاپی هۆنیویەتیەوە:

**احمد میت بوشِم**
**چن بیتی در باب درد ویم بوشِم**
**بضـاعت نیرم سـیاه بپوشِـم**
**پکر و ماتم شـیت و مدهوشِـم**
**قویله کلەشـیر نمای وَ گوشِـم**
**گرفتار حرف موسی سی پوشِم** (غصنفری، ١٣٦٤، ٨٤).

ah/mad/ mēt/ bū/šem // čan/ bē/tē/ dar/ bāb/ dar/d-e- /wīm/ bū/šem.
bezā’at nērem seyāh bepūšem / pakar-o- mātem šēt-o- madhūšem.
qūlay kaĺa šēr nemāy va gūšem / gereftār-e- harf mūsā sē pūšem.

واتایەکەی: ئەی ئەحمەد، دەمەوێت پێتبڵێم: (بەڵێ) دەمەوێت چەند بەیتێک لە بارەی دەردی خۆمت پێبڵێم. توانـای ئەوەم نییە ڕەش بپۆشـم، پەرێشـان و دێوانە و گێژ و وێژم. [ لەم بارودۆخەدا] دەنگی کەڵەشێریش بەرگوێناکەوێت، من گیرۆدەی وتەی موسـای ڕەشپۆش بووم.

- **کوردیی (کرماشانیی، دە_بڕگەیی)** شامیی کرماشانی هۆنیویەتیەوە[١]:

[١] هەڵبژاردەی دەقی "کرانشینی"م لە جیاتیی گواستنەوەی دەقاودەق و بە گوێرەی ڕێنووسی ئەم توێژینەوەیە، (کە نووسینەوەی کوردیی بە ڕێنووسی فارسییە)، لە دیوانی "ئالەکۆک"ی شامی کرماشانیی و بە ڕێنووسە کوردییەکە وەرگرتووە (وەرگێڕ).

بەنـــــــدە یەی نەفەر کرانشـــــــینم
چــو عەزیــز مــردی دایــم غەمیــنم
نــە خــارج‌مەزەب نــە جــوداس دیــنم
ئەر دوعــات گیــراس بــکەر نفــرینم
شـــایەد لەی دونیـــا دیــتر نەمیـــنم
ڕاحەت بــووم لــە دەس کرانشـــینی
چە بــــکەم وە دەس کرانشـــــینی؟

تــوای بزانــی، ســەگ وە حــاڵم نەو
ئاســایش نەیــرم، نــە ڕۆژ و نــە شــەو
ســوب تــا ئیــوارە هــام لــە تەق و دەو
تا سەر مانـگ بـای دو تیکـە ئەسپەو
یــا بەم فرۆشــم، یــا نەمــە گــرەو
ئووشــم کــراکەم بەڵکــە نەمینــی
چە بــــکەم وە دەس کرانشـــــینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(سەرچاوەی پێشوو، ٣٤٧)

ban/da /yē/ na/far/ ke/rā/ ne/šī/nem // čü/ a/zīz/ mer/dē/ dā/yem/ qa/mī/nem.
na xārej masaw na sāhew dīnem / ar dūwāt gīrās bekar nefrīnem.
baĺkam žay sarāy mehnat namīnem / rāhat būm la das jäwr-o- badbīnī.
ča bekam la das kerā nešīnī?
tūwāy bezānī sag wa heĺem näw / āsāyeš nērem na rūž-o- na šäw.
su tā īwāra hām la taq-o- däw / tā sar-e- māŋ äw do tīka asbäw،
yā bam befrūšem yā nam wa geräw / üšem behtera kerām namīnī.
ča bekam la das kerā nešīnī?

ئەمن کەسێکی کرێنشینم، لە چەشنی کەسێکی ئازیزمردگ، هەمیشە خەمگینم. نە لە دین دەرچووم و نە دینێکی جیاوازم هەیە، [کەوابوو]، ئەگەر دوعات گیرادەبێت بە لەعنەتمبکە، بەڵکو لەم دنیایە ڕزگارم بێت و لە دەست

کرێنشینیی نەجاتم بێت. ئەگەر دەتەوێت ئاگاداری حاڵی من بیت، شەو و ڕۆژ ئاسوودە نییم، لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ڕاکردندام، بۆئەوەی هەتا سەری مانگ دوو کەلوپەل بفرۆشم یان بیانخەمە گرەو لە جێی کرێی خانوو، نازانم لە دەست دەردی کرێنشینیی پەنا بۆ کوێ بەرم؟ داد بۆ هەر کەس دەبەم، دادم ناستێنێت.

### ٥. ٢. ٢. ٢. تەبەریی (دوازدە هەتا چاردە_بڕگەیی)

زمانی تەبەریی، پاشماوەی زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست، واتە پارتیی یان پەهلەویی ئەشکانیی و فارسیی ناوەڕاستی سەردەمی ساسانییە. لە ڕوانگەی ڕەچەڵەکناسیی، وشەسازیی و ڕستەسازییەوە، هەروەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانی، زارەکانی ڕۆژهەڵاتی مازندەران زیاتر تایبەتمەندیی پەهلەویی ئەشکانییان هەیە و زارەکانی ڕۆژئاوای مازندەران بە زۆریی تایبەتمەندیی فارسیی ناوەڕاستی سەردەمی ساسانییەکانیان پێوەدیارە، ئەگەرچی بە تێپەڕینی ڕۆژگار تایبەتمەندییەکانیان ئاوێتەی یەکتر بوون (اسماعیل پور، ١٣٨٠، ٩٩). شیعرە تەبەرییەکان کێشی بڕگەییان هەیە و بە زۆریی لە دوازدە تا چاردە بڕگەدا هۆنراونەوە؛ ئەم شیعرەی خوارەوە کە هیی ئەمیر پازوارییە و لە دەوروبەری سەدەکانی ١١ و ١٢ی کۆچییدا ژیاوە، لە دوازدە بڕگەدا هۆنیویەتیەوە:

**امیر گته دشت پازوار خجیره**
**گشت پازوار در بهار خجیره**
**بی ریش ریکای زلف دار خجیره**
**چیت قلمکار بوته دار خجیره** (پازواری، ١٣٣٧، ١٣٠).

a/mīr/ ge/ta/ daš/t-e- /pā/ze/vār/ xe/jī/re //gaš/t-e- /pā/ze/vā/r -o-/ dar/ be/hār/ xe/jī/re.

bī rīš-e- rīkāy-e- zelfdār xejīre /čīt-e- qalemkār-e- būtedār xejīre.

واتایەکەی: ئەمیر وتی دەشتی پازوار جوانە، گەشت و گەڕان بە بەهاران لە پازوار خۆشە/ کوڕ بەبێ ڕدێن (تووکلێنەهاتوو) و بە زوڵفەوە جوانە، قوماشی چیتی بە قەڵەمنەخشێنراو ئەگەر بە ڕیشۆڵ بێت، باشە.

ئەبولقاسم ئیسماعیل پوور دوای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی ٢٧٢ تەرانەی ئەمیر پازواریی، کە لە کتێبی "کنزالاسرار مازندرانی"دا تۆمارکراون، گەیشتووەتە ئەو ئاکامە، کە ئەم گۆرانییانە بە زۆریی کێشی ١٢ بڕگەییان هەیە (اسماعیل پور، سەرچاوەی پێشوو، ١٠٧). بۆ ناسینی زیاتری ژیان و بەرهەمەکانی ئەمیر پازواریی بڕواننە (نیستانی، ١٣٧٦، ٨٠-٨٨).

غولامڕەزای کەبیرییش لە بارەی شیعرە خۆجییەکانی تەبەرییەوە بە تایبەتیی شیعرەکانی ئەمیریی، بڕوای وایە کێشی بڕگەییان هەیە و شیعری تەبەریی بە درێژەی شیعری بڕگەیی پێش هاتنی ئیسلام دەزانێت (کبیری، ١٣٨١، ٩). دوای ئەمیر پازواریی شاعیرێکی خۆماڵیی دیکە، کە شیعری خۆجێیی هۆنیوەتەوە و شیعرەکانی لە ناو خەڵکی دەڤەری مازندەراندا پێشوازیی گشتیی لێکراوە، ڕەزا خەراتییە. ڕەزا، خەڵکی خەرات -گەڕەکی کجور سەر بە شارستانی نەوشەهر- لە سەردەمی قاجارەکان و لە نێوان سالانی ١١٥٠ بۆ ١٢٢٠ ژیاوە (هومند، ١٣٧٢، ٦٦). هەندێک هۆنراوە لە خەراتی بەجێماون، کە کێشی بڕگەییان هەیە؛ ئەمە نموونەیەکیانە:

**مِن کە بمَینە، مِرِ بَورین مە دیما**

**اونجە بَورین روزی هزار بار شیما**

**اَتا خال نرگس، دِکارین خاکِ دیما**

**مِە مار کە بمِو، دونِە مِە خاکِ کِدیما**

(سەرچاوەی پێشوو).

men/ ke/ ba/mey/ne/ me/re/ ba/ve/rīn/ me/ dī/mā // ūn/je/ ba/ve/rīn/ rū/zi/ he/zār/bār/ šī/mā.

atā xāl، narges dekārīn xāk-e- dīmā / me mār ke bemū، dūne me xāk kedīmā.

واتایەکەی: کاتێک کە مردم، لە شوێنی خۆم بمنێژن، لەو شوێنەم بنێژن کە ڕۆژێک هەزار جار بۆی چووم، لە سەر گڵکۆکەم چڵێک نێرگز بڕوێنن، با هەر کات دایکم هات بزانێت کامەیە گۆڕەکەم.

لەتەدێڕی یەکەم سێزدە بڕگە و لەتە دێڕەکانی دیکە هەموویان لە دوازدە بڕگەدا هۆنراونەوە.

**٥. ٢. ٢. ٣. گیلەکیی (دوازدە و سێزدە_بڕگەیی)**

گیلەکیی وێڕای مازندەرانیی، تاڵشیی، کوردیی و بەلووچیی لە دەستەی باکووری ڕۆژئاوای زمان و زارە ئێرانییەکان دانراوە (خانلەری، ١٣٦١، ٧٥). گیلەکیی لە دوو زاری جیاواز یەک لە ناوچەی ڕۆژئاوا و ئەوی دیکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵات، پێکهاتووە (بیە پس و بیە پیش)[١] یەکیان زارێک کە لە ڕەشت، بەندەر ئەنزەلیی و لەشت نەشا، سۆمعەسەرا و کۆچ سەفەهان، قسەیپێدەکرێت. ئەوی دیکە زارێکی دیکە کە لە لاهیجان، لەنگروود، ڕوودسەر و... هتد برەوی هەیە (احمد پناهی، ١٣٧٩، ٨١). ئەو دووبەیتییە گیلەکییانەی لە قسم ئەنوار و پیر شەرەفشای دوولایی بەجێماون، کێشی بڕگەییان هەیە. ئەم دووبەیتییەی خوارەوە، کە هیی پیر شەرەفشای دوولاییە لە دوازدە و سێزدە بڕگەدا هۆنراوەتەوە:

**چاک بِزِنِم دیوَنەوار چند جا دامان**
**آوارە بِبام بە تی عشق من جە گیلان**
**تی شیوە و ناز و گفتار و باریک میان**
**نو واکُنِە نو هر دم می دل داغان**

(شمیسا، ١٣٦٣، ٢٧١).

čāk/ be/ze/nem/ dī/va/ne/ vār/ čan/ jā/ dā/mān// ā/vā/re/ be /bām/ be/ tī/ ešq/ men/ ja/ gī/lān.

tī šīve-vo-nāz-o-goftār-o-bārīk meyān//nū vākone nū har dam mī del-e-dāqān.

وەک شەیتان بەرۆکی خۆم دادەدڕم، من لە گیلان بە ئەوینی تۆ ئاوارەبووم، شێوەت، نازت، دەم و دووت، نێوقەدی باریکت، سات بە سات دڵی من دەتوێنێتەوە.

---

[١] بیەپس بە سەرزەوییەکانی بەشی ڕۆژئاوای گیلان دەگوترێت، کە دەکەوێتە ڕۆژاوای "سفیدرود" و لەم چۆمەوە هەتا "دولاب" دەگرێتەوە. بیە پس وێڕای بیەپیش و تاڵش، سەرزەویی گیلان پێکدەهێنێت. بیەپس لە ناوچەکانی وەک ڕەشت، فومەن، سۆمێعە سەرا، وشکەبیجار و خومام پێکدێت. (ویکی پیدیای فارسیی)، (وەرگێڕ).

هەروەها:

لوح نبو، قلم نبو، مـی دلـبر علـی بـو
عرش نبو، فرش نبو، می دلبر علی بو
محمّـد معـراج رفـتن سـبب علـی بـو
شیر جناب محمّد راه گیفتن علی بــو

(محیط طباطبایی، ١٣٢٠، ٣٦).

law/na/bū/qa/lam/ na/bū/mī/del/bar/ʼa/lī/ bū// ʼarš/ na/bū/ farš/na/bū/

mī/del/bar/ʼa/lī/ bū.

Mohammad-e- meʼrāj raftan sabab ʼalī bū // šīr jenāb-e- mohammad rāh gīftan ʼalī bū.

وەرگێڕانەکەی: (ئەو کاتەی کە) لەوح و قەڵەم نەبوو، دۆست و دڵبەری من عەلی بوو؛ (ئەو کاتەی) نە عەرش و نە فەرش هەبوون، دڵبەری من عەلی بوو؛ هۆی چوونی محەمەد بۆ میعراج عەلی بوو، ئەو شێرەی ڕێگای لە محەمەد گرت، عەلی بوو.

هەر لەتەدێڕێک لە ١٣ بڕگە پێکهاتووە؛ جگە لە لەتەدێڕی دووەم، کە لە دوازدە بڕگە پێکهاتووە.

## ٦. قسەی کۆتایی

فەهلەویات تەنیا بە دووبەیتییە خۆجێیەکان ناوترێت، بەڵکو هەموو ئەو شیعرانەی بە زمانێکی ناڕەسمیی هۆنراونەوە، فەهلەویاتن. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە، فەهلەویات دەکرێنە دوو بەش: یەکەم: ئەو فەهلەویاتەی کە کێشی عەروزییان هەیە و زیاتر بە شێوەی دووبەیتیی هۆنراونەوە، وەک هۆنراوەکانی بابەتایەری هەمەدانیی، سەفیەدینی ئەردەوێلیی، شەمس مەغریبیی، یاقووبی ئەردەوێلیی و ...هتد، کە توێژەران زیاتر لەم جۆرە فەهلەویاتەیان کۆڵیوەتەوە.

دووەم: ئەو فەهلەویاتەی کە کێشی بڕگەییان هەیە و بە زۆریی لە هەشت بڕگە، یان دە و دوازدە بڕگە پێکهاتوون. لە ڕیزی ئەم جۆرە شیعرانەدا دەتوانین شیعرە کوردییەکان (بە زاراوەی گۆرانیی، سۆرانیی،

لەکیی، کوردیی کرماشانیی و...) ناوبەرین، هەروەها ئاماژە بە هۆنراوەکانی ئەمیر پازواریی و ڕەزا خەراتیی بە زمانی تەبەریی، هەروەتر هۆنراوەکانی پیر شەرەفشای دوولایی لە زمانی گیلەکییدا بکەین. ئەم هۆنراوانە کێشی بڕگەییان هەیە و لە زۆربەی زمان و زارە ناوبراوەکاندا، بەردەوام برەویان هەبووە و هەتا ئێستایش درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

## پەراوێزەکان

١. ئەحمەد کەسرەویی، زمانی دووبەیتییەکانی شێخ سەفیەدینی ئەردەوێڵیی بە "ئازەریی" ناوبردووە، بەڵام میلێر و هێنینگ پێیانوایە زمانی ئەم هۆنراوانە زۆرتر لە تاڵشییەوە نزیکن. (بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر زمانی فەهلەویاتی شێخ سەفیەدین بڕوانە: رضایتی کیش خالە، ١٣٨٤، ١٤٢).

٢. لە بارەی زمانی ئازەریی و پەیوەندیی ئەو زمانە بە زمانە ئێرانییەکانەوە، زۆر توێژینەوە ئەنجامدراون؛ بە نموونە کتێبی "آذری، زبان باستان آذربایگان" (تاران، چاپخانەی سۆڤیتی، ١٣٠٤)، لە نووسینی ئەحمەد کەسرەویی، وتاری "سندی در بارە زبان آذری"(یادگار، ژمارە سێیەم، ١٣٢٤) لە نووسینی عەباس ئیقباڵ، کتێبی "گویش کرینگان" (تاران، ١٣٣٢) لە نووسینی یحیی ذکاء، کتێبی "زبان کنونی آذربایجان" (تەورێز، ١٣٢٤) لە نووسینی ماهیار نوابی، وتارە جۆراوجۆرەکانی محەمەدئەمین ئەدیبی تووسیی لە بارەی ئەو فەهلەویاتەی لە هۆنەرانی ئازەربایجان بەدەستهاتوون و لە ماوەی ساڵانی ١٣٣٤-١٣٣٥دا لە بڵاوکراوەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێزدا چاپبوون، کتێبی "گویش آذری، متن و ترجمە و واژەنامە رسالە روحی انارجانی (لە بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێرانی کۆن، ١٣٥٢) لە نووسینی ڕەحیم زادە مەلیک، کتێبی "بحثی در بارە زبان آذربایجان" (تەورێز، ١٣٤٦) لە نووسینی محەمەد ڕەزا شوعار، وتاری " آثار و اسناد مربوط بە زبان دیرین آذربایجان" (بڵاوکراوەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی تەورێز، ژمارە ١١٦، ١٣٥٤) لە نووسینی مەنووچێهری مورتەزەویی، وتاری "ملاحظاتی در بارە زبان کهن آذربایجان" (گۆڤاری اطلاعات سیاسی-اقتصادی، ١٣٨١) لە نووسینی محەمەدەمین ڕیاحی خۆیی و... هتد.

# تایبەتمەندییە زمانیی و ڕێزمانییەکانی دووبەیتییەکانی بابەتایەر

## ١. پێشەکیی

قسەکردن لە بارەی زمانی شیعرەکانی بابەتایەرەوە ئاسان نییە؛ ئەوەی وایکردووە دەستنیشانکردنی دانەری ئەم دووبەیتییانە ئاڵۆز بێت، ئەوەیە کە هەندێک جار ئەوانەی دووبەیتییەکانیان نووسیوەتەوە، بە گوێرەی حەزی عەوام و بە هۆی نەبوونی وردبینیی زانستییەوە، هۆنراوەی شاعیرانیان هێناوەتەسەر زمانی سەردەمەکەی خۆیان و هەر وشەیەکی کەمێک قورس بووە گۆڕیویانە، بە تایبەتیی ئەوانەی پێیاندەگوترێت فەهلەویات، لە زمانی ئەدەبیی نزیکتریانکردوونەوە؛ وەهایان گۆڕیون کە نازانرێت یەکەم جار بە زاری کام ناوچە هۆنراونە (مینوی، ١٣٣٥، ٥٤). خاڵێکی دیکە کە دەبێت ئاماژەیپێبکرێت بوونی وشەی زارەکانی زمانی کوردیی و زارەکانی لوڕیی، شیرازیی، کازرونیی، مازندەرانیی و... هتدە، کە ناڕەسەنبوونی ئەم دووبەیتییانە دەسەلمێنن. وایلێهاتووە هەر کەس، بابەتایەری بە گوێرەی نزیکیی لە بارودۆخی دەروونیی خەڵکی عەوام و ساکاربوونی لە زمان و دەربڕین و بوونی هەست و عاتیفەیەکی بەهێز، لە زاری ناوچەکەی خۆی نزیککردووەتەوە. هەر بەم پێیە گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە بارەی ئەم دووبەیتییانەوە هەن، کە لێکجیاکردنەوەی ئەوەی یەکەم جار وتراوە لەوانی دواتری زەحمەتکردووە (بڕوانە: فخرایی، ١٣٨٤، ٥٦).

لێکۆڵەران لە بارەی بێژەکردن، هەروەها چۆنیەتیی ڕاستکردنەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر کەمتر دواون؛ لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە وتاری ئیبراهیم سەفایی لە ژێر ناوی "شعرهای بابا طاهر را غلط می خوانند" (شیعرەکانی بابەتایەر بە هەڵە دەخوێننەوە) (١٣٤١)، وتاری "دووبەیتییەکانی بابەتایەر" (١٣٦٩) لە نووسینی ئوستاد خانلەریی، نووسینە بەربڵاوەکانی ئوستاد زەکایی لە "بابەتایەرنامە" و وتاری "چند نکته در بارۀ شیوۀ تصحیح دوبیتیی های بابا طاهر" (چەند خاڵ لە بارەی شێوەی ڕاستکردنەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر) (١٣٨١) لە نووسینی چەنگیز مەولایی بکەین.

لەم بەشـەدا هەوڵـدەدین هەنـدێک لەو نموونـانە بناسـێنین، کە بە هـۆی ئەوانەوە دەتـوانین دووبەیتیـیە ڕەسـەنەکان لە دووبەیتیـیە زیادکراوەکـان جیـابکەینەوە. جـگە لەمەیـش تێدەکۆشـین کە بە سـەرنجدان بە ژێـنگەی سـەرهەڵدانی بابەتـایەر و زمـانی ئاخـاوتنی، هەروەهـا بە سـەرنجدان بە نوسخەی قونیە -کە هەتا ئێستا کۆنترین نوسخەی دەستنووسی هۆنراوەکانی بـابە تـایەرە- فـۆڕمی دروسـتی دووبەیتییەکـان و تایبەتمەنـدییەکانیان ڕونبکەیـنەوە. بە ڕونبـوونەوەی تایبەتمەنـدییەکانی نوسـخەی قـونیە و بەراوردیـان لەگەڵ زمـانی ئاخـاوتنی بابەتـایەردا، بێـژەی خـۆجێیی ئەو هـۆنراوانە، فۆنـۆگرافیی (آوانویسـی) کـراوە و لە کۆتاییـدا وەک نمـوونە دە دووبەیتیی ڕاستکراوەتەوە.

## ٢. زمانی بابەتایەر

لە بـارەی زمـانی بابەتـایەرەوە بۆچـوونی جیـاواز هەن؛ دێهخـودا هۆنراوەکـانی بە گـوێرەی وشـەکانی بە  نزیـک لە "لـوڕیی" زانیـوە. ئوسـتاد خـانلەریی لە کتێبـی "زبانشناسـی و زبـان فارسـی"دا نووسـیویەتی: "دووبەیتییەکانی بابەتایەریش نموونەی شیعر بە یەکێک لەو زارە خۆجێیانەیە کە لە دەوروبەری هەمەدان قسەیانپێکراوە" (خـانلەری، ١٣٦١، ١٤١). ئێدوارد بـــڕاونیش هەر ئەم بۆچـــوونە (زاری خـــۆجێیی، زمـــانی هـــۆنینەوەی دووبەیتییەکانە)ی پەسندکردووە (براون، ١٣٦١، ٣٦٦). موراد ئەورەنگیش لە کتێبی "سرودەهای بابا طاهر همدانی"دا نووسیویەتی:

"خەڵکـی لوڕسـتان هەر لە کـۆنەوە بابەتایەریـان بە لـوڕ زانیـوە و هۆنراوەکانی بە زاری لوڕیی دەڵێنەوە. زانایانی کوردیش لە نووسینەکانیاندا ئەویان بە هاوڕەچەڵەکی خۆیان زانیوە و هۆنراوەکانی بە هۆنراوەی کوردیی دادەنێن" (اورنگ، ١٣٥٠، ٩٧).

بە هـــۆی ڕاوێـــژی دەربڕینـــی دووبەیتییەکـــانی بابەتـــایەر و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە زمانیی و ڕێزمانییەکانیان، دەتوانین لەکیی بە نزیکتـرین زار لە زمـانی شـیعرەکانی ئەو بـزانین. پێویسـتە لەبیرمانبێت کە بەردەوامیی و دوپاتبوونەوەی وشەی لەکیی لە هۆنراوەکانی بابەتایەردا زۆر

بەرچـاوە، بـۆ نمـوونە وشـەی "بـوورە" (وەرە) لە زۆربەی دووبەیتییەکانـدا دوپاتبووەتەوە. "حـروف اضـافی" (ئامرازە ڕێزمانییەکان) کە لە زاری لەکییدا هەن، لەگەڵ نوسـخەی قـونیەدا دێـنەوە. جـگە لەمەیـش زۆربەی ئەو کـردار (فعـل)انەی لە دووبەیتییەکـانی ئەودا هـاتوون، لە زاری گـۆرانییەوە نزیکتـرن. دیـارە شـاعیرانی لەکزمـانیش وەک هەمـوو شـاعیرانی نـاوچە کـوردییە جۆراوجۆرەکان بە زاری گۆرانیی شێعریان هۆنیوەتەوە.

جێـی خـۆیەتی ئاگـادار بـین لە دووبەیتییەکدا، کە لە زاری لەکیـی ئەمـڕۆ نزیکە و بە هیی بابەتایەر دادەنرێت، شاعیر خۆی بە لەک دەناسێنیت:

مِ دوریشـــم لکِــم اعجـــاز دِیــرم
مِ دوسی چُی خوشین دمساز دیرم
مِ معشـــوقی وَ نـــام فـــاطمه لُـــر
صنوبـــر قـــامت و پِر نـــاز دِیرِم

(عسگری عالم، ١٣٨٢، ١١٤).

me dorēšem lakem ejāz dērem، me dūsē čü xwašīn damsāz dērem.
me mašūqē va name fātema loŕ [laŕ] ، sanūbar qāmat-o- peŕ nāz dērem.

واتـایەکەی: مـن دەروێشـێکم لە قەومـی لەک و خـاوەن_کەرامـاتم، مـن هـاودەمی دۆسـتێکی وەک شاخوشـینم و خۆشەویسـتێکی نـازدار و قـامەت لە چەشنی سنەوبەرم بە ناوی فاتمە لوڕە هەیە.

### ٣. ناسینەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر

لێکجیاکردنەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر ئاسان نییە. هەندێک یادداشتی بەنرخـی د. خـانلەریی لە بـارەی لێکجیـاکردنەوەی دووبەیتیـیە ڕەسـەنەکانی بابەتایەر لەو دووبەیتییانەی دراونەپاڵ ئەو، هەن کە دەیسـەلمێنن ناکرێت ئەم دوو جـۆرە دووبەیتیـیە هیـی یەک کەس بـن، چـونکە مەودای نێـوان ئەو دوو جـۆرە هـۆنراوانە، هەم لە ڕووی واتـا و هەم لە بـاری دەربـڕینەوە یەکجـار زۆرە. وادەردەکەوێـت لەبەرچـاوگرتنی ئەم خـاڵە بـووە بە هـۆی ئەوەی نووسەرێک ئەم دووبەیتییە بێتامە بداتەپاڵ بابەتـایەر، یان هیی خـۆیەتی و بە ناوی بابەتایەریەوە کردووە:

هر آن دلبر که چشمی مست داره
هزاران چـون منـی پـا بسـت داره
میـــان عاشـــقان آن مـــاه ســـیما
چو شـعر من بلند و پســـت داره

(خانلری، ١٣٦٩، ١٩٤).

له درێژەی ئەم باسەدا ئاماژە بەو نموونانە دەکەین، کە دەکرێت بە هۆی ئەوانەوە دووبەیتیـیە ڕەســەنەکان لەو دووبەیتییــانەی دراونەپــاڵ بابەتــایەر، لێکجیابکەینەوە.

## ٣. ١. دووبەیتیی شاعیرانی دیکە لە ناو شیعرەکانی بابەتایەردا

زۆر لە هۆنراوەکــانی شــاعیرانی دووبەیتیی_بێـژ کەوتوونەنــاو دیــوانی بابەتــــایەرەوە. لە ڕاســــتییدا شـــیعرەکانی بابەتـــایەر چارەنووســـێکی وەک چوارییەنەکـــانی خەیامیـــان هەیە، بە جۆرێـــک کە بە دڵنیـــاییەوە نـــاتوانین دەستەیەکیان جویبکەینەوە و بڵێین ئەمانە هیی بابە تایەرن.

دەســـتەیەک لەو دووبەیتییـــانەی، کە دیـــارە هیـــی بابەتـــایەر نیـــین، ئەو دووبەیتییانەن، کە تێیاندا ئاماژە بە شوێنی ژیانی و ناوی دانەرەکەیان هەیە؛ بۆ نموونە ئەم دووبەیتییانەی خوارەوە، کە دانەرەکەیان پێدەچێت ئیسفەهانیی بێت (بڕوانە خانلەری، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨):

مو را نه فکر سودایی نه ســـودی
نه در دل فکر بهبودی نه بـــودی
نخواهم جوکنار و چشمه ساران
که هر چشمم هزاران زندەرودی (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٥٨).

صفاهونم صفاهونم، چه جا بی
که هـر یاری گــرفتم بی‌وفا بـی
شــوم یکسر برونم تا به شــیراز
که در هـر منزلم صد آشـــنا بی (سەرچاوەی پێشوو، ٦٢).

ئەمـڕۆ ئیـدی هـیچ گومـانی تێدا نیـیە، کە هۆنراوەکـانی "پورفریـدون"

کەوتوونەناو دیوانی بابەتایەر کە دیارە پێشتر لە نووسینێک لە ژێر ناوی "بابا طاهر و پورفریدون" باسی ئەمەم کردووە. محمّد رضا ضیاء بە هۆی توێژینەوەیەکەوە ڕونیکردووەتەوە کە هەندێک لە دووبەیتییەکانی بابەتایەر هیی شاعیرانی دیکەن، بە نموونە ئەو دووبەیتییە "بە آهی گنبد خضرا بسوجم" هی "مهذب اصفهانی"یە کە لە کتێبی "سفینه شاعران قدیم" (لاپەڕی ٤٤٠)دا هاتووە و لە بناغەدا ئەمە دووبەیتیی نەبووە:

**ببخشا گر نه گیتی را بسوزم**
**جهان را جمله سرتاپا بسوزم**
**اگر در نیم شب آهی برآرم**
**دماغ چرخ پر سودا بسوزم**
**بسوزم عالم، ار کارم نسازی**
**چه فرمایی بسازی یا بسوزم**

(ضیاء،١٣٩٤، ٢٥٧-٢٥٨).

یان دووبەیتیی "دلی دارم خریدار محبت..."، دانەرەکەی "تقی الدین اوحدی بلیانی" خاوەنی " تذکرۀ عرفات العاشقین"ە:

**دلی دارم خریدار محبت**
**کزو گرمست بازار محبت**
**لباسی بافتم بر قامت دل**
**ز پود محنت و تار محبت**
**غلط کردم رخ طاقت سیه باد**
**که پیشت کردم اظهار محبت**

(اوحدی بلیانی، ١٣٨٩، ٩٠٠).

لە دیوانی شەمسی مەغرییبیدا چەند فەهلەویی هاتوون، کە دوو نموونە لەوان بە هەندێک دەستکارییەوە لە دیوانی بابەتایەریشدا هاتوون:

**ار به دریا رسم دریا ته وینم**
**ور به صحرا رسم صحرا ته وینم**
**به جز ته هیچ کیجی نی به گیتی**

اژ آن هر یا رسم هر یا ته وینم
****
سحرهاگان که چشمم آوه گیری
کهان اج آو چشمم لاوه گیری
انان خوناوه اج چشمان بوارم
که گیتی سر به سر خوناوه گیری

(مغربی، ١٣٥٨، ٢٥٧-٢٥٨).

طاهری شهاب، ڕاستکەرەوەی دیوانی "صوفی مازندرانی"یش پێیوایە، کە ئەم سێ دووبەیتییە هیی سۆفیی مازندەرانیین، کە بە هەڵە کەوتوونە دیوانی بابەتایەر و بە ناوی ئەوەوە بڵاوبوونەوە:

چو من یک سوتەدل پروانەای نی
جهان را همچو من دیوانەای نی
همه موران و ماران لانه دارند
من دیوانه را ویرانەای نی
****
در این بوم بر انجم پرورش نی
شوانم خاو، روزانم خورش نی
سری دارم که مغزش اندرش نی
تنی دارم که پروای سرش نی
****
دل راه تو پر خار و خسک بی
گذارت بر سر چرخ و فلک بی
گر از دستت در آیو پوس از تن
بیوکن تا که بارت کمترک بی

(صوفی مازندرانی، ١٣٤٧، ٧٠).

جێی بەبیرهێنانەوەیە، کە مراد ئەورەنگ گومانی لەوەدا هەیە، کە ئەم

دووبەیتییانە هیی سۆفیی مازندەرانیی بن و نووسیویەتی: ئەوەی لە بارەی ئەم دوو بەیتییانەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە: لەوانەیە ئەم هۆنراوانە هیی بابەتایەر نەبن، بەڵام بە دووری دەزانم کە هیی سۆفیی مازندەرانیی بن، چونکە هۆنراوەکانی سۆفیی مازندەرانیی -سەدەی دەیەم- بە زمانی فارسیین و هیچ چەشنە نزیکیی و هاودەنگییەکیان لەگەڵ شێوەی هۆنینەوەی بابەتایەردا نییە (بڕوانە: اورنگ، ١٣٥٠، ٧٠). وەک نموونە ئەمە یەکێک لە هۆنراوەکانیەتی:

مـا را زغـم و غصّـه امـانی نرسـد
بی محنـت و رنـج نـیم نـانی نرسـد
تا رو نشود ز صد سگ و صد گـربه
از خوان جهانم اسـتخوانی نرسـد

جگە لەمەیش، دووبەیتیی "چو من یک سوتەدل پروانەای نی..."، کە یەکەم نوسخەی لە جۆنگ (بڵاوکراوە)ی ژمارە ١٠٩٧ی کتێبخانەی مەجلیسی شورای میللییدا بڵاوبووەتەوە، هیی ساڵی ٩٣٠ی کۆچیی هەتاوییە، واتە زیاتر لە سەدەیەک بەر لە هاتنەسەردنیای سۆفیی مازندەرانیی (سەرچاوەی پێشوو). هەروەها دوو دێڕ لە غەزەلێکی " تالیب ئاملی"، کە دەستپێکەکەی ئەمەیە: "دل عاشق به پیغامی بسازد..."، دراوەتەپاڵ بابەتایەر. دووبەیتیی: "به دشت خاطرم جز غم نروید" کە هی "احسنی خوانساری"یە [نصرآبادی، ١٣٧٨، ٤٥٢]، لە ڕیزی دووبەیتییەکانی بابەتایەردا هاتووە، بە کەمێک دەستکارییشەوە دووبەیتیی "شوره بختم که بختم سرنگون بی" هیی "صفیای اصفهانی" [ڕازی، ١٣٧٨، ٩٨٨/٢] هەر توشی ئەم چارەنووسە بووە. لە زانستنامەی جیهانی ئیسلامییشدا بەرانبەر ناوی بابەتایەر هاتووە: شاتر بەیگ محەمەد یەکێک لەو شاعیرانەیە، کە شیعرەکانی بە ناوی بابەتایەرەوە ناوبانگیان ڕۆیشتووە (بڕوانە ضیاء، ١٣٩٤، ٢٩٨-٢٩٥). دەگوترێت هەندێک لە شیعرەکانی "معانی تبریزی"یش تێکەڵ بە شیعرەکانی بابەتایەر بوون.

### ٣. ٢. جێناوی کەسیی یەکەمی تاک (بکەر و نابکەر)

بەکاربردنی جێناوی بکەریی "اَز"(az) و جێناوی نابکەریی "مِن"(men)، لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی دووبەیتییەکانی بابەتایەرن. جێناوی ئەز (az) پاشماوەی azəm ی ئاڤێستاییە، کە لە فارسیی کۆن و فارسیی ناوەڕاستی زەردەشتییدا جێناوی کەسیی یەکەمی تاک لە دۆخی بکەرییدا بووە و لە دۆخی نابکەرییشدا سوودیان لە "مَن"(man) وەرگرتووە (ابوالقاسمی، ١٣٧٥، ٩٩). لە "هادخت نسک (بەندی ١١) فەرگەردی[١] ٢، ١٣٨٢، ٤٥) و "بغان یسن" (بەندی ٦ و ٧ یسن١٩؛ ١٣٨٦، ٢٦)، azəm وەک جێناوی بکەریی کەسی یەکەم هاتووە.

دیارە لە بەرهەمەکانی دواتری پەهلەویی ساسانییدا، جێناوی نابکەریی "من" (man) بەرە بەرە بووە بە جێنشینی "ئەز" (az) یان "ئەن" (an) -جێناوی کەسیی یەکەمی بکەر لە فارسیی ناوەڕاستی سەردەمی مانەوییدا[٢]- و لە فارسیی دەرییدا بە یەکجاریی سوودلێوەرگرتنی کۆتاییپێهاتووە (بڕوانە: مولایی، ١٣٨٥، ٨٠)، بەڵام لە ناو زارە خۆجێییەکاندا هەتا ئێستایش جێناوی نابکەریی "ئەز" (az) بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کوردییدا تەنیا لە دوو زاری هەورامیی و کرمانجیی ژووروودا برەوی ماوە؛ لە زاری لەکییدا جێناوی کەسیی یەکەمی بکەریان نییە و "مە" (ma) وەک جێناوی تاکی نابکەر بەکاردەهێنرێت. لە زمانی تاڵشییشدا لە جێگەی "من"، سوود لە "ئەز" (az) وەردەگرن. "لە یادداشتەکانی ئوستاد یارشاتریشدا هاتووە، کە لە شێوەزارەکانی پارتیی، سوغدیی، خوتەنیی و یەغنوبیی، "من" هەر بەم مەبەستە بەکارهاتووە (براون، ١٣٣٥، ١/٤٥). "ئەز" (az) لە زاری تاکستانییشدا جێناوی کەسیی یەکەمی تاکە (بڕوانە: سەرکاراتی، ١٣٨٥، ٣٢١).

هەندێک جار "ئەز" (az) لە شوێنی خۆیدا بە شێوەیەکی دروست

---

[١] هەر بەشێک لە کتێبی وەندیداد پێیدەگوترێت فەرگەرد (فەرهەنگی آبادیس).

[٢] ئاینی مانەویی، ئاینێکی عیرفانیی و ئاوێتەیەک بووە لە ئاینەکانی میترائیزم، مەسیحیی، زەردەشتیی، بودایی و گنۆسیی، کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە بەغدا سەریهەڵدا (ویکی پیدیا).

بەکاردەهێنرێت؛ بە نموونە لە دەقە ئەدەبییەکانی زمانی کوردیی (زاری هەورامیی)دا هاتووە:

**دایم نام یا باران وَ زوان**

**زوان وَ اَز بۆ مأوا چ شیخان** (روحتافی، ١٣٨٤، ١٩).

dāyem nām-e- yā bārān wa zūwān ، zūwān wa az bū mäwā ča šēxān.

واتایەکەی: بەردەوام ناوی "یا" (= حەزرەتی حەق)تان لە سەر زار بێت [و لە دوای ئەو] هانا بۆ ناوی من بەرن، کە دانیشتووی ئاوایی "شێخان"م.

**حیدر نازدار**

**اَز چنی تو مَن حیدر نازدار** (صفی زادە، ١٣٦١، ٢٦٤).

haydar-e- nāzār/az čanē toman haydar-e- nāzār.

وەرگێردراوەکەی: ئەی حەیدەری نازادار و دلۆڤان، لەگەڵ تۆمە ئەی حەیدەری نازدار و دلۆڤان.

هەر وەک دیتتان لەم نموونانەدا ناکرێت لە جیاتیی "ئەز" (az)، سوود لە "من" (man) وەربگرین، بەڵام هەندێک جار هیچ جیاوازییەک لە نێوان "ئەز" (az) و "من" (man)دا نییە و دەکرێت لە جیاتیی "ئەز"، "من" بەکاربهێنین، هەر بەم جۆرەی لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە مەقامییەکاندا هاتووە:

**هی درویش درویش ایمانِم درویش**

**اَز وَ فدات بام پا بِنرَ وَ پیش**

hey darwīš darwīš īmānem darwīš ، az wa fedāt bām pā benar wa pīš.

واتایەکەی: ئەی ئەو دەروێشەی، کە وەک ئیمانی من وایت، من بە قوربانت بم، هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێ.

هەر وەک دەبینن لێرەدا دەکرێت لە جیاتیی "ئەز" (az)، سوود لە "من" (man) وەربگرین و بڵێین: "من وَ فدات بام پا بِنرَ وَ پیش".

لە دووبەیتییەکانی بابەتایەریشدا جاری وایە "ئەز" (az)، لە جیاتیی جێناوی یەکەمی تاک لە دۆخی بکەرییدا) بەکارهاتووە:

از آن اسپیده بازم همدانی
به تنهایی کَرِم نچیره‌وانـی (مینوی، ١٣٣٥، ٥٨).

هەنـدێک جـاریش لە جیـاتیی "ئەز" (az)، -بە تـایبەتیی لە دەقەکـانی ئەم دواییـانەدا- جێنـاوی نـابکەریی "مە" (ma) بەکاردەهێنرێـت. بە کـورتییەکەی سوودوەرگرتنی بەجێ و دروست لە "مـن" لە دۆخـی نـابکەریی لە فەهلەویـاتی کۆندا ئەو کاتەیە، کە "کردار"ی ڕستە، نیشـانەی ناسیاویی پێوە نییە و ئەگەر "کردار" نیشانەی ناسیاویی هەبێت، پێویستە "ئەز" (az)، جێیبگرێتەوە.

ئێسـتا بـۆ پیشـاندانی سـوودوەرگرتنی دروسـت لە "مــن" لە دۆخـی نابکەرییدا، چەند نموونە دەهێنینەوە:

- فنا مـی نشـه ایـن وِد که مـن کـرد
به من هم آن کرن هر ود که من کرد
- آن کـش اَد افِـرِی گـردُن گـردان
آنش اد ســات مَن انداجه ور کـرد

(مینوی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٦ و مولایی ١٣٨١، ٨٠).

هەروا کە دەبیـنن ئەم تایبەتمەنـدییە ئێسـتا لە هـیچ کـام لە زارەکانـدا بەرچاوناکەوێت.

### ٣. ٣. کاری ڕابردووی تێپەڕ

لە زمانەکـانی سـەردەمی نێوەڕاسـتی ڕۆژاوای ئێران، واتە لە پەهلەویـی ئەشکانیی و فارسیی ناوەڕاسـت (پەهلەویی ساسـانیی)دا، دوو جۆر کرداری ڕابـردوو بە دوو پێکهـاتەی بە تەواویـی جیـاواز هەبـوون. یەکێکیـان کـاری ڕابردووی تێنەپەڕ، کە لە قەدی چـاوگ و فۆڕمی جۆراوجۆری "ڕانەبردووی ڕاگەیاندن"ی کرداری "h" (بوون) پێکدێت (تەنیا ڕێزپەڕێک لەم نـاوەدا کەسـی سـێهەمی تـاکە، کە لەوێـدا هـیچ پێویسـتییەک بە سـوودوەرگرتن لە کـرداری "بـوون" نیـیە)؛ دووەمـیش کـرداری ڕابـردووی تێـپەڕ بـووە، کە بە یـارمەتیی (agent) و قەدی چـاوگ دروسـتدەبێت. قـەدی چـاوگ بەبـێ ئەوەی گـۆڕانێکی بەسەردابێت بە یەک فۆڕم بۆ هەر سێ کەسـی تـاک و کۆ و هەردوو ژمـارە

سوودیلێوەرگیراوە و کەسی کارەکە، نەک لە ڕووی نیشانەکانی کردار، بەڵکو لە ڕووی بکەری لۆژیکییەوە دەستنیشانکراوە:

| | مفرد | جمع |
|---|---|---|
| اول شخص | man zan | amā zad |
| دوم شخص | tō zad | ašmā zad |
| سوم شخص | ōylawē zad | ōyšān/ awešān zad |

ئەگەر ڕستەکە بەرکارێکی دیاری هەبێت، جا ئەو بەرکارە چ لە ڕستەکەدا دەرکەوتبێت، چ شاراوە بیت، لە دوای قەدی چاوگ (بن ماضی)، گەردانکراوەکەی لە کاری ڕانەبردوو (وەرگیراو لە بنکەی کرداری بوون-h) دێت، کە ئەم گەردانکراوەی لە باری کەس و ژمارەوە، لەگەڵ بەرکاری ڕستە ڕێکدەکەوێت نەک بکەر. بۆ نموونە:

tō mardān dīd hend= پیاوان بە هۆی تۆوە دیتراون؛ تۆ پیاوانت دیت.

پێکهاتەی کرداری ڕابردووی تێپەڕی سەردەمەکانی ناوەڕاست، هەرچەند نەگەیشتووەتە فارسیی دەریی، بەڵام بە هەمان چۆنیەتیی و تایبەتمەندییە تایبەتەی کە لە دەقە بەجێماوەکانی زمانەکانی سەردەمی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئێراندا هەیبووە، لە مۆزەخانەی قونیە (هۆنراوەکانی بابەتایەر)یشدا دەبینرێت؛ تەنانەت بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە ٢٥ بەیتی ئەو دەقەدا، لە هەر شوێنێک کاری ڕابردووی تێپەڕ هاتووە، نموونەیەکی ڕیزپەڕ کە پێچەوانەی ئەم ڕێسایە بێت، نابینین (بڕوانە مولایی، ١٣٨١، ٧٨-٧٩). بۆ نموونە لەم دووبەیتییەی خوارەوەدا، هەم بەکارهێنانی دروستی جێناوی کەسیی یەکەمی نابکەریی و هەم بەکارهێنانی کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبینرێت:

یا کِم دُر دی هنی دریه نبد یار
یا کِم خور دید گهان پیدا نبد یار
من اژ ان رو به دامان ته زد دست
ده گردونت پر و پایی نبد یار (مینوی، ١٣٣٥، ٥٧).

لە زارە کوردییەکاندا بە تایبەتیی لە زارەکانی لەکیی و گۆرانییدا -کە بابەتایەر ئاشنای ئەم زارانە بووە- لە زۆربەی نموونەکاندا سوود لە کاری ڕابردووی تێپەڕ وەردەگیرێت، هەروا کە دەرویش نەورۆز بە گۆرانیی هۆنیویەتیەوە:

مجموع نه حضور صاحب کارم دی
دیـــوان اعـــلای کـــرمـــدارم دی (نوروز، ١٣٧٤، ٢٣٥).

majmū’ na hozūr sāhebkārem dī ، dīwān-e- a’lāy karamdārem dī.

واتایەکەی: هەموویانم لە بارەگای خاوەنکار (=زاتی حەق) دیت، کۆڕی گەورە [و پڕ لە دادپەروەری]ی خاوەن_کەرەمم دیت.

دیوانی بەرزی خاوەنکەرەمم دی: دیوانی بەرزی خاوەن_کەرەم بە هۆی منەوە دیترا = من دیوانی بەرزی خاوەن_کەرەمم دیت.

لە زاری لەکییدا -ئەو زارەی بابەتایەر پییدواوە- کاری ڕابردووی تێپەڕ، زۆر سوودیلێوەرگیراوە:

| فارسی | لکی | معادل آن در آوانویسی |
| --- | --- | --- |
| تو مردان را دیدی | پیالَت دی | peyālat dī |
| آب خوردم | آوم وارد/ هورد | āwem wārd/ hūward |

### ٣. ٤. کردارەکانی زاری گۆرانیی

زۆربەی ئەو کردارانەی لە هۆنراوەکانی بابەتایەردا بەکارهاتوون، لەگەڵ زاری گۆرانییدا دێنەوە. وەک نموونە هەڵوێستەیەک لە سەر چەند کرداری زۆربەکارهاتوو لەم هۆنراوانەدا دەکەین:

- **کردن**

لە زاری ئەدەبیی گۆراندا، چاوگی "کردن"، /karden/ بێژەدەکرێت، بەڵام لە زارەکانی دیکەی زمانی کوردییدا، ئەم چاوگە بە شێوەی /kerden/ بێژەدەکرێت. لەم زارەدا کرداری "کرد" لەگەڵ "خورد" و "درد" هاوسەروان؛ جێگەی سەرنجە کە لە نوسخەی قونیەیشدا لەگەڵ ئەم وشانە کراوە بە

هاوسەروا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لە نوسخەی قونیەدا، "ڕەگی کردار"ی دروستکراو لە چاوگی "کـر" (kar)ە نەک "کُـن" (kon)؛ لە زاری گۆرانییشدا "ڕەگی کردار"ی کرداری ئاماژەپێکراو "کر" (kar)ە:

گـر اژ زر او نهـی دیـوانه اژ گِـل
به پـرچینش کَـری وانوشـه و وِل
گر او بشـنش نهـی او دار شمشـاد
کر [گر] او رونش کَری آواج بِلبِل

(مینوی: ١٣٣٥، ٦٥).

اَز آن اسـبیدەبازِم همـدانی
به تنهـایی کَـرِم نچیرەوانـی
همه به من ودیرند چـرغ و شـاهین
به نـام مـن کَرِند نچیـرەوانـی

(سەرچاوەی پێشوو، ٥٨).

خـان ئەلمـاس (لە شـاعیرانی دواسـاڵەکانی سـەردەمی سـەفەویی)دا هۆنیویەتیەوە:

مَکَرو حاشا بابو چه فـرزن
مواچن وَ یک حرف ناپسن (خان الماس، ١٣٧٦، ٤٦).

makarū hāšā bābū ča farzan، mawāčen wa yak harf-e- nāpasan.

واتایەکەی: [ڕۆژێک دادێت] باوک لە کوڕی خۆی بێزاردەبێت و قسەی ناشیرین بە یەکتر دەڵێن.

سەید فەرزی (لە شاعیرانی سەردەمی نادریی) هۆنیویەتیەوە:

هر کس بکَرو خدمتی و جـم
مَرژَو وَ نُویر چُین چراغ و شم (شاه ابراهیمی، ١٣٧٧، ١١).

har kas bekarū xedmatī wa jam ، mařažū wa nür čün čerāq-o- šam.

وەرگێردراوەکەی: هەر کەسێک خزمەتی کۆڕی پیاوانی ڕاستوێژ بکات، هەر وەک چرا و شەم بە ڕووناکیی دەڕازێتەوە.

سەید محەمەد سەعید کوردستانییش لە یوسف و زولەیخای کورییدا وتوویە:

**الهی غنچەی امیدم واز کَر**
**بلبل طبعـم بلند آواز کَــر** (کوردستانی، ١٣٦١، ١).

elāhī qunčay omēdem wāz kar ، buĺbuĺ-e- tab’em boĺand parwāz kar.

واتایەکەی: خودایە، خونچەی ئومێدم بپشکوێنیت و بولبولی تەبعم بەرزەفڕبکەیت.

کەوابوو جێی خۆیەتی ئەم "کردار"ە بە "کرم" (karem )، "کری" (karī) و... هتد، تۆماربکرێت.

- **شیین (= ڕۆیشتن)**

هاوتای ڕۆیشتن، لە هەورامییدا "لواین" (lowāyn) و لە زارەکانی دیکەی باشووردا (لەکیی، کەلهوڕیی، کوردیی کرماشانیی، فەیلیی و... هتد)، "چیین" (čīyen)ە. لە ئەدەبیاتی پێوەر -گۆرانیی- لە سەدەی هەشتەم بۆ دواتر، لە زۆربەی نموونەکاندا "شیین" بەکارهاتووە، واپێدەچێت وشەی (šīyen) فۆڕمێکی دیکەی وشەی (čīyen) بێت.

لە نوسخەی قونیەدا هاتووە:

**ســـرانجامان بشی بیا بهرزی**
**یای تە گور وی ماوای تە گل** (مینوی، ١٣٣٥، ٥٦).

**بِشـــم بە الوند دامان مَو نشانِم**
**دامن اژ هر دو گیتی ها وِشانِم** (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧).

سەید یاقوبی ماهیدەشتییش بە کوردیی گۆرانیی وتوویە:

**نَو دما بریا پای پیش و پَسِم**
**عنان طاقت بر شی نە دِسـم** (ماهیدەشتی، ١٣٦٣، ٥٠).

naw domā beŕyā pāy pīš-o- pasem ،’anān-e- tāqat bar šī na dasem.

وەگێڕدراوەکەی: دوای ئەمە کەوتمە تەنگانە و توانای هەنگاونان بۆ پێش یان دواوەم نەما و جڵەوی تاقەتم لەدەستدەرچوو.

- **واتن (=گفتن)**

بەردەوامیی بەکارهاتنی ئەم کردارە و گەردانکراوەکانی لە هۆنراوەکانی بابەتایەردا بەرچاوە. ڕەگی کردارەکەی "واچ" (wāč) و قەدی چاوگ (بن ماضی)ـەکەی "وات" (wāt)ە.

**نمی دانم کـه رازم وا کـه واژم**
**غم سـوز و گدازم وا کـه واژم**
**چه واژم هر که زونه بنگره فاش**
**دگـر راز و نیـازم وا کـه واژم** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٣٤).

**دیدم آلالەای در دامـن خار**
**واتم آلالیا کی چینمت بـار**
**بگفتا باغبان معذور میـدار**
**درخت دوستی دیر آورد بار** (سەرچاوەی پێشوو).

لە دووبەیتییەکانی بابەتایەردا، نوسخەی چاپکراوی وەحید دەستگردییدا، هەندێک جار لە جیاتیی "واجم"، "واژم" هاتووە.

میرزا شەفیعی کولیایی وتوویە:

**یه شفیع واتَن بی اجـزا و نمک**
**وَ سنەی هزار دو صد چنی یَک** (گجری، ١٣٨٠، ٢٤).

ya šafī’ wātan bē ajzāw namak ، wa senay hezār do sad čanē yak.

واتـایەکەی: (ئەم هـۆنراوەیە)، کە لە ڕازانـدنەوە و چێـژی جوانکـاریی ئەدەبیی بەدوورە، شەفیع لە ساڵی ١٢٠١ی هیجرییدا وتوویەتی.

سەید یاقووبی ماهیدەشتی وتوویەتی:

**واتم بیسـتون تو لـە سـنگەنی**
**پی کی پشیو حال خاطر تنگەنی؟** (ماهیدەشتی، ١٣٦٣، ٣٦).

wātem bīsetün to la saŋanī ، pay kī pašēw hāĺ xāter taŋanī.

واتـایەکەی: وتـم ئەی بێسـتوون، ئەتۆ کە خۆت لە بەرد دروسـتکراویت، بۆچ کەسێک پەرێشان و ماتەمباریت؟

خـــاڵی جێگـــای ســـەرنج ئەوەیە، کە لە هەنـــدێک لە دووبەیتییەکـــانی بابەتـایەردا، لە جیاتیی چاوگی "واتـن"، "گفتن" هـاتووە، بۆ نمـوونە لە جیـاتیی "واتم"، "واتش" و... هتد، سوود لە "گفتم"، "گفتا" و... هتد وەرگیراوە.

- **"دیین" (=دیدن)**

لە (زاری) گۆرانییدا قەدی چاوگ (بن ماضـی)ی دیدن (بە واتـای دیـتن) "دی" (dī) و ڕەگـی کـردار (بـن مضـارع)ەکەی "ویـن" (wīn)ە. لە نوسـخەی قونیەدا، گەردانکردنی ڕابردووەکەی چەندین جار بەکارهاتووە:

**زارجم دی ودای مورج اد خـورد**
**مورجانی دو دستی وَ خدا کـرد** (مینوی، ١٣٣٥، ٥٦).

**یا کِم دُر دی هنی دریە نبد یـار**
**یا کِم خور دید گهان پیدا نبد یار** (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧)

گەردانکردنـی ڕانەبـردووی ئەم کـردارە لە دووبەیتییەکـانی بابەتـایەردا بەردەوامیی و دوپاتبوونەوەیەکی بەرچاوی هەیە، بۆ نموونە:

**بە صـــحرا بنگرم صـحرا تە وینم**
**بە دریـــا بنگـــرم دریا تە وینـــم**
**بە هر جا بنگرم کوە و در و دشت**
**نشـــان از قامـت رعنا تە وینـــم** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٣٦).

**بمیـــرم تـــا تە چشـــمتر نـوینی**
**شـــــرار آە پـــــر آذر نـــوینـــی**
**چنان از آتش عشـقت بســوجم**
**کـــە از مو رنگ خاکســتر نوینی** (سەرچاوەی پێشوو، ٦٨).

لە هۆنراوەکـــانی زاری گۆرانییشـــدا جـــۆری ســـــوودوەرگرتن لە گەردانکراوەکـانی ڕابـردوو و ڕانەبـردووی ئەم کـرداره هەر بەم جـۆرەیە. هەروا کە لە هۆنینەوەی غولامرەزا ئەرکەوازییدا هاتووە:

**وَ باویال دیم**
**اَو رُو واویلا وَ باویال دیم**
**حاواس پریشان حالش حال حال دیم**
**سر تا برگش سیا زخال دیم** (ارکوازی، ٧٤، ١٣٨٦).

wa bāwayāĺ dīm ، äw rū wāwaylā wa bāwayāĺ dīm،
hāwās parīšān hāĺeš hāĺ hāĺ dīm ، sar tā pā bargeš seyā zoxāĺ dīm.

واتاکەی: لە باوەیاڵ دیتم، ئەوێ ڕۆژێ لە باوەیاڵ، خەم و واوەیلام دیت. هەسـت و هۆشـی پەرێشـان، بـارودۆخیم بە گـۆڕاویی و شـێواویی دیـت، سەرتاپای بەرگی ڕەش وەکو کۆی زوخاڵ.

سەید یاقوبی ماهیدەشتییش هۆنیویەتیەوە:

**هر کام موینی هر ناکامنی**
**هر کار مکری هر بدنامنی** (ماهیدشتی، ١٣٦٣، ٣٨).

har kām mawīnī har nā kāmanī ، harkār makerī har bad nāmanī.

واتـایەکەی: هەمیشـە ڕۆژگـار بە کـامی تۆیە، بەڵام ناکامیت، هەر کارێک دەکەیت، هەروا بەدنامیت!

- **زانستن (=دانستن)**

ئەم کاره جگە لە گۆرانیی، لە زارەکانی دیکەی هەرێمی باشووری زمـانی کوردییشـدا بـرەوی هەیە. لە هەنـدێک لە هۆنراوەکـانی بابەتـایەردا، ڕێـژەی ڕانەبردووی چاوگی "زانستن" هاتووە:

**ته که ناخوانده‌ای علم ســماوات**
**ته که نابـــرده‌ای ره در خرابـــات**
**ته که ســـود و زیان خود نزانـــی**
**به یارون کی رسی هیهات هیهات** (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٢٤).

هەندێک جاریش "دونم/دانم" لە چاوگی "دانستن" هاتووە (نوسخەی ڕیاز):

**وی تە سر در بیابانم شو و روج**
**سرشک از دیدە پالانم شو و روج**
**نە تو دیرم نە جایم میکرو درد**
**همی دانم کە نالانم شو و روج** (سەرچاوەی پێشوو، ٣١).

لە شانامەی گۆرانییدا هاتووە:

**ظاهر و باطن تو ویت مزانی**
**حقا کە معبود سر سبحانی** (شریفی، ١٣٧٤، ٢٧٢).

zāher-o- bāten to wēt mazānī ، haqqā ke ma’būd seŕ-e- sobhānī.

واتایەکەی: تەنیا تۆ ئاگات لە ڕواڵەت و ناوەوە هەیە، بە حەق شایانی پرستنی و سەرچاوەی ڕازە خوداییەکانی.

سەید یاقوب ماهیدەشتیی وتوویەتی:

**ایمرو راە تو درس ایمانن**
**فردا مزانی حق وَ کیمانن** (ماهیدەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ٤٦).

īmrū rāh-e- to dars-e- īmanan ، fardā mazānī haq wa kīmānan.

واتایەکەی: ئەمڕۆ تۆ لە ئیمان دەدوێیت، سبەینێ ڕوون نییە حەق بە کاممانە.

وا دێتەبەرچاو تۆمارکردنی ڕێژە جۆراوجۆرەکانی ئەم کردارە، هەر لە چاوگی "زانستن/ دانستن)ەوە سەرچاوەیانگرتبێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە "نزونم" دروست نییە و فۆرمە دروستەکەی "نزانم"ە. لەم بارەیەوە کە "ان" و "ون" کامیان دروستترە، لە داهاتوودا باسیدەکەین:

- **کاری پەیوەندیی "بی" (= بود/شد)**

ئەم کردارە جگە لە زاری گۆرانیی، لە زارەکانی دیکەی لای خواروویشدا

بـرەوی هەیە. لە هەنـدێک نـاوچەدا گوێتلیـدەبێت کە لە جیـاتیی "بـی" (bī)، "بـوٌ" (bü) بێژەدەکرێت. شـایانی بیرهێنـانەوەیە، کە بێـژەی دروسـت لە ئەدەبیـاتی گۆرانیی، هەروەها لە دووبەیتییەکانی بابەتایەردا، "بی" (bī)یە.

بلا بی دل خــدایا دل بلا بـــی
گنه چشمان کر و دل مبتلا بـی
اگر چشمان نکردی دیدەبانـــی
چه دانستی دلم خوبان کجا بی (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٥٦).

من آن پیرمِ که خــواننـدم قلندر
نه خانِم بی نه مانِم بی نه لنگــر
رو همــه رو ورایـم گــرد گیتی
شو دراویه و او سنگی نهم سـر (مینوی، ١٣٣٥، ٥٧).

### ٣. ٥. کردارە لەکییەکان

پێشتر باسی پەیوەندیی لەکیی و گۆرانیی، هەروەهـا ئاشـنایی شـاعیرانی لەک لەگەڵ ئەم زمانە پێوەرە ئەدەبییەمان کرد. بابەتایەر لە هەندێک نمـوونەدا لە جیـاتیی بەکارهێنـانی کـردارە گۆرانییەکـان، سـوودی لە کـردارە لەکییەکـان وەرگرتـووە. لێـرەدا چەنـد کـرداری لەکیـی کە لە هۆنراوەکـانی بابەتـایەردا بەکارهێنراون، دەخەینەبەرچاو:

- **کرداری فەرمانی "بورە" (=بیا)**

ئەم کـردارە تەنیـا لە زاری لەکییـدا بـرەوی هەیە، لە کەلهـوڕیی، کـوردیی کرماشانیی و فەیلییدا، "باو" و لە گۆرانیی ئەدەبییدا "بیو" لە جیاتیی بەکاردێت. ئەم کارە لە دووبەیتییەکانی بابەتایەردا زۆر سوودیلێوەرگیراوە:

بوره بوره که جانانـــم تویی تـــو
بوره بوره که ســـلطانم تویی تـــو
ته خود زونی که غیر ازتو نزونـــم
بوره بوره که ایمانـم تویـــی تـــو (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٤٨).

بوره یکدم بنالیـــــم و بسوجیـــم
از آن رویی که هر دو تیره روجیم
نه بلبل حاش لله مثـــل مو نـــی
نبو جز درد و غم یک عمر روجیم          (سەرچاوەی پێشوو، ٤٠).

بەو هــــۆیەوە کە زۆربەی شــــاعیرانی لەک بە گـــۆرانیی شـــیعریان هۆنیـــوەتەوە، ئەم کــرداره لە ئەدەبیــاتی هــۆنراوی کوردییــدا بە کەمیــی بەکارهێنراوە، تەنیا لە یەکێک لە هۆنراوەکانی "تەرکەمیر"دا هاتووە:

بوری وَ حاجتی قبلەگای حاجات
وختی وارد بیـــن ور ژَ مناجــات

būrē wa hājatē qeblágāy hājāt ، waxtē wāred bīn war ža monājāt.

واتـــــایەکەی: بــۆ داوای پێویســـتییەکت وەرە بەردەرگـــــای ڕووگەی پێویستییەکان، بەرلەوەی کاتی موناجات دەستپێکردبێت (غضنفری امرایی، ١٣٦٤، ١١٦ و هەروەها بڕوانە: یوسفی، ١٣٨٦، ٤٨).

شـــایانی بەبیرهێنـــانەوەیە، کە بێـــژەی دروســـتی ئەم وشـــەیە، "بـــوری" (būrē)یە نەک "بـوره"(būre)، بەو واتــایە کە دەنگــداری بـڕگەی دووەم، یــای مەجهـــوولەیە. خـــاڵێکی دیـــکە ئەوەیە لە زاری "تاتی"یشـــدا، کـــرداری فرمـــانی "آمـدن" (بە واتـای هـاتن) لە "بـورن" (buren)ەوە سـەرچاوەدەگرێت (پـورداود، ١٣٨٦، ٩٩).

- **"دیرم" (=دارم)**

لە زاری گۆرانییـــــدا "داروم/دارون" (dārūm/ dārūn) و لە زارەکـــــانی ناوچەی خوارووی زمانی کوردییدا، "دیرِم" (dērem)ی پێدەگوترێت. مەسعوود یوســفیی لە بــارەی ئەم وشــەیەوە نووســیویەتی: "یەکێــک لەو وشـــانەی لە شـیعرەکانی بابەتـایەردا سـوودی زۆریـان لێـوەرگیراوە، وشـەی "دیـرِم"ە، کە (dērem) بێژەدەکرێـت و بە هەڵە "دیـــرُم" دەخوێنـدرێتەوە. دەبێـت ئەمەیـش ڕونبکـرێتەوە ئەوەنـدەی مـن ئاگـادارم وشـەی "دیـرُم" لە هـیچ کـام لەو زار و زمانە ئێرانییـانەدا نییە و ئەم وشـەیە دەبێت هەمـان وشـەی "دیـرم" بە واتـای

(دارم) لە زاری لەکییدایە" (یوسفی، ١٣٨٦، ٤٧).

هزاران غـــم بدل اندوته دیــرم
به ســـینه آتشــــی افروته دیــرم
به یک آه سحرگاه از دل تنگ
هـزاران مدعی را ســـوته دیرم (بابا طاهر، ١٣٤٧، ٤٢).

دلی دیــرم دمی خــرم نمی‌بــو
غمی دیرم که هرگز کم نمی‌بـو
خطی دیرم مو از خوبان عالــم
که یــار بی وفا همــدم نمی‌بـو (سەرچاوەی پێشوو، ٤٧).

لە دیوانی بابەتایەردا کە وەحید دەستگردیی پێیداچووەتەوە، لە هەندێک دووبەیتییـدا "دارم" و لە ژمـارەیەکی دیـکەدا "دیـرم" هـاتووە. لە نوسـخەی قونیەدا، جارێک، ئەویش بە شێوەی "دارم" بەکارهاتووە:

یـــا که اژ مهرتم دم می زد ای یـــار
خویش و بیگانگان سنگم زد ای یار
جرمــم آینهٔ که از ته دوســـت دارم
نه خونم کرد و نم راهی زد ای یـــار (مینوی، ١٣٣٥، ٥٧).

ئەگەر ئەم "کـردار"ە بە زاری گـۆرانیی بخـوێنینەوە وا چـاکە بە "داروم" (dārūm) تۆماربکرێـت، ئەگینـا فـۆڕمی کـوردییە خـوارووەکەی (بە تـایبەتیی لەکییەکەی)، "دیرِم" (dērem)ە.

جـگە لەم کـردارانەی ئاماژەیـانپێکرا، لە دووبەیتییەکـانی بابەتـایەردا، هەنـدێک نمـوونەی دیـکە دەبینـرێن، کە لەگەڵ زارە لەکیـیەکەدا دێـنەوە؛ بە نموونە وشەگەلی وەک "اژ" (= وشەی ئامڕازی "از")، "لوت" (=عریان•)، "مکّە" (مکن)••"، "کَتِم"(=افتادم) •••و...

• بە واتای ڕووت، بێجلوبەرگ.
•• مەکە، ئەنجامیمەدە.
••• کەوتم.

## ٤. دەستکارییکردنی دووبەیتییەکانی بابەتایەر

ئەوەی ئەمڕۆ لە هۆنراوەکانی بابەتایەردا بۆمان ماوەتەوە، کۆمەڵێک دووبەیتیی دەستکارییکراو و نزیک لە فارسیی پێوەرە، کە تێیاندا شوێنەوارێک لە ڕەنگ و بۆنی خۆجێیی یان نیشانەیەکی دیکە لە ڕەسەنایەتیی ئەوان بەدیناکرێت. لە هۆنراوەکانی بابەتایەردا هەندێک دەستکارییکردن بەرچاودەکەوێت، کە دیارە بە لەبەرچاوگرتنی نوسخەی قونیە و هەروەها زاری ئاخاوتنی شاعیر دەکرێت تا ڕادەیەک ئەو دەستکارییانە دەستنیشانبکرێن و ڕاستبکرێنەوە. هەر وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بەم دەستکارییانە بکەین.

## ٤. ١. گۆڕانی "ان" بە "ون" و "ام" بە "وم"

بە لەبەرچاوگرتنی نوسخەی قونیە و هەروەها ئەو زارە خۆجێیی (=زاری لەکیی)یەی کە بابە قسەیپێکردووە، گۆڕانی "ان" بە "ون" لە جێی خۆیدا نییە. ئوستاد عەلی ئەشرەف سادقییش کە هەستی بەم خاڵە کردووە، نووسیویەتی: "لەو شیعرانەی لە بابەتایەر و زارە فەهلەوییەکانی دیکەی ناوچەکانی ڕۆژیاوای ئێرانیش، گۆڕینی "ان" و "ام" بە "اون" و "اوم" نابیندرێت، یان هەر لە جێدا ئەم گۆڕانە دروست نییە. کۆنترین نوسخەی شیعرەکانی بابەتایەر پێکهاتوو لە دوو "قطعه" و هەشت دووبەیتیی کە ساڵی ٨٤٨ نووسراوە. لەم شیعرانەدا کە وشەکانیان "an" یان تێدایە، ئەم گۆڕانە نابیندرێت، بەڵام لەو شیعرانەدا کە لە نوسخەکانی دواتر و کەممتمانەپێکراوتر وەرگیراون و لە چاپە جۆراوجۆرەکانی چوارییەکانی بابەتایەردا بڵاوبوونەوە، ئەوانەی چوارییەکانیان نووسیوەتەوە، بۆئەوەی خۆجێییبوونی ئەوان نیشانبدەن، لەو وشانەدا کە "an" یان تێدایە، کردوویانن بە "un" (سادقی، ١٣٣٦، ٦٣). لە نوسخەی مۆزەخانەی قونیەدا هاتووە:

از آن اسبیده بازم همدانی
به تنهایی کرم نچیره‌وانی
همه بمن ودیرند چرخ و شاهین
به نام من کرند نچیره‌وانی (مینوی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٨).

پنج روزی هنی خّـرم کهان بــی
زمین خندان برمّان آســمان بــی
پنج روئی هنی ها زید و سـامان
نه جینان نام و نژ آنان نشان بــی      (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧).

لە ئەدەبیاتی کوردیی گۆرانییشدا ئەم تایبەتمەندییە دەبینرێت:

ملائک آمان عرض کردن و شــا
خــاک ژَ آیمی مکـــرو حاشــا      (خان الماس، ١٣٧٦، ٦٩).

malāek āmān arz karden wa šā ، xāk ža āyemī makarū hāšā.

وەرگێــردراوەکەی: فریشــتەکانی لای شــا (=حەزرەتــی حەق) هــاتن و عەرزیانکرد، کە خاک لە بوونبەمرۆڤ خۆدەبوێرێت.

بِکُوشِن تمام تا گیان جه بـــدن
تا روح نه قالب جسِممان مَندَن      (کولیایی، ١٣٧٩، ٦٦).

bekūšen tamām tā gyān ja badan، tā ŕūh na qāĺeb jesmemān mandan.

واتـایەکەی: هەتـا گیانتـان لە لەشـدایە تێبکۆشـن، هەتـا ئەو کـاتەی ڕۆح لە جەستەدا دەمێنێتەوە.

## ٤. ٢. گۆڕانی "مە" (ڕاناوی کەسی یەکەم) بە "مو" و "م"ی پێش کەسرە (ژێر) (مکسور) بە "م"ی پێش "مضموم" (بۆر)

ئەم گــۆڕانە لە بێژەکردنـــدا پێکهــاتووە و لە نوســـخەکانی دواتــردا بە ژمارەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت. جێگای بە بیرهێنانەوەیە کە لە ناوچەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران، بە تـایبەتیی لە نـاو ئـاخێوەرانی نـاوچە کوردنشـینەکانی خواروو، ڕاناوی کەسی یەکەم بە شێوەی "مە" بێژەدەکرێت. ئیبراهیم سـەفایی لە بارەی بێژەی دروستی دووبەیتییەکانی بابەتایەرەوە نووسیویەتی:

"لە ڕۆژگــاری ئەمــڕۆدا زۆر لە خــوێنەران، تەنــانەت شــیعرەکانی ئەم سەردەمە بۆئەوەی ڕەنگ و بۆنی خۆجێیی بدەن، بە زاراوەیەکی خەست کە پێیــانوایە خــۆجێییە، دەخــوێننەوە. ئەم زاراوە خەســتە و گــۆڕینی شــیعری ئاسایی بۆ سەر ڕواڵەتی خۆجێیی بەم جۆرەیە، کە یەکەم ڕاناوی ئاخێوەر لە

جیاتیی "من"، بە "مو" (لە سەر کێشی دوو) بێژەدەکەن؛ دووەم پیتی ڕاناوی کەسی یەکەم واتە پیتی "م" وەک "م"ی پێش"مضموم/بۆر" بێژەدەکەن و...، هەر بەم جۆرە بە گۆڕینی بێژەی چەند ڕاناو، شیعری ئاسایی دەکەن بە شیعری خۆجێیی" (صفایی، ١٣٤١، ٢٩٨).

لە هۆنراوەیەکی گۆرانیی مەلا نەوشاددا هاتووە:

**مە تماشای زام تیر گازش کردم**
**دیــاوە چُـی دُی دمــاون دردم** (انجوی شیرازی، ١٣٥٥، ٣٢٤).

ma tamāšāy zām tīr gāzeš kardem ، deyāwa čü dü damāwan dardem.

واتایەکەی: من ڕوانیمە برینی تیر لە سەر لەشت و دوکەڵی دەرد و ژانی دڵم بە باڵای دەماوەنددا هەڵچوو.

ئەم جۆرە گۆڕانە لەوانەیە لە ناوچەیەکی دیکەدا سروشتیی بێت، هەروا کە لە خوراسان ڕاناوی ئاخێوەری "مو" لە سەر کێشی "بوو" و لە فارسیّدا "مو" لە سەر کێشی 'تو" بەکاردەهێنن، دیسان هەر لەم دوو ناوچەیە ڕاناوی کەسی یەکەم وەک دەنگی پێش بۆر (ما قبل مضموم) بێژەدەکەن. هەر بەم بۆنەیەیشەوە لە گۆرانییە خۆجێییەکانی ئەم دوو ناوچەیەدا، جێناوەکان بە شێوەی زاری خۆجێیی بە دروستیی بێژەدەکەن، بەڵام بێگومان گۆرانیی بابە تایەر بە زاری خۆراسانیی و فارسیی نەهۆنراوەتەوە (بڕوانە: سەفایی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٩).

### ٤. ٣. گۆڕانی ئامڕازی "اژ.اج" بە "از"

فۆڕمی دروستی ئەم ئامڕازەیش لە نوسخەی قونیە و هەم لە زارە کوردییەکان -بە تایبەتیی لەکییدا- "اَژ"ە. لە دەقە ئەدەبییە کوردییەکاندا، هەر کات لە جێی اَژ" بیانەوێت کورتکراوەکەی بەکاربهێنن، سوود لە "جَە" یان "ژَ" وەردەگرن. جێگای سەرنجە کە لە نوسخەی قونیەیشدا ئەم تایبەتمەندییە دەبینرێت. چەنگیز مەولایی لە وتاری "چەند خاڵ لە بارەی شێوەی ڕاستکردنەوەی دووبەیتییەکانی بابەتایەر"دا نووسیویەتی: "لە نوسخەی

قونیەدا لە هەموو جێیەک ئامرازی "از"، بە شێوەی "اژ" تۆمارکراوە و ئەمە پێشاندەری یەکێک لە گۆڕانە دەنگییەکانە، کە زمانەکان و زارەکانی باکووری ڕۆژئاوا لەوانی دەستەی باشووری ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە، چونکە هەر وەک دەزانین کۆنسۆنانتی (č)ی ناوەڕاستی ئێرانیی کۆن لە فارسیی ناوەڕاستدا بووە بە (z) و لە پەهلەویی ئەشکانییدا بووە بە (ž). هەر بەم پێیە، دەکرێت وای بۆ بچین کە دەنگی "ج" لە وشەکانی وەک "روج، سوج و واج" لە دووبەیتییەکانی بابەتایەردا ناسێنەری فۆرمی (ž)یە و بەم شێوەیە بێژەکراون: rōž، sōž، wāž (مولایی، ١٣٨١، ٨١).

چەند نموونەیەک لە نوسخەی قونیە:

اَژ:

گر اژ زر او نهی دیوانه اژ گِل
به پرچِینش کَرِی وانوشه و وِل (مینوی، ١٣٣٥، ٥٦).

بِشِم بالوند دامان مو نشانم
دامن اژ هر دو گیتی ها وشانم (سەرچاوەی پێشوو، ٥٧).

* ژ(=ج):

دالِ جالوند کوهان کرد پرواز
بازش بکشت خونش پاک وا خورد (سەرچاوەی پێشوو، ٥٦).

جەند نموونەیەک لە فەهلەویاتی گۆرانیی:

مِن اَر کُشته بُوم بِه ژَ زندگی
نَوینم ژَ دَور مِن شرمندگی (کولیایی، ١٣٩٧، ٦١).

men ar košta būm beh ža zendegī، nawīnem ža däwr men šarmandegī.

واتایەکەی: من ئەگەر [بە ناوبانگەوە] بکوژرێم، باشترە لە ژیانی [تێکەڵ بە شوورەیی] و بەم جۆرە ڕووزەردی ڕۆژگار نابم.

ژَ خاک بساط سازا جبرئیل
تا بی وَهامراز خالق جلیل (خان ئەلماس، ١٣٧٦، ٦٩).

ža xāk-e- basāt sāzā jebraeīl ، tā bī wa hämŕāz xāĺeq-e- jalīl.

واتـاکەی: لە خـاکی بەریـین جـوبرەئیلی خوڵقانـد، هەتـا ببێـتە هـاورازی دانەری جەلیل.

## ٤. ٤. گۆڕانی واوی مەجهوول بۆ نیمچە بزوێنی "-ُ"

واوی مەجهــوول لە فارســیی دەرییشــدا بەکارهــاتووە، هەروا کە لە بەرهەمەکـانی کۆنـدا، خُـوَر (=خورشـید) لەگەڵ "بَـر" بـووە بە هاوسـەروا. لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا بە هـۆی بە هەڵەخوێنـدنەوەی دووبەیتییەکـانی بابەتـایەر، وشــەکانی وەک "خوشــا" و... هتــد، کە بە واوی مەجهــوولە بێژەکــراون، بە /xošā/ بێژەدەکرێن.

نموونەیەک لە نوسخەی قونیە:

**ناگهان بامدند بازِ و درای**
**زارجش کُشت و موران زارج اد خُورَد** (مینوی، ١٣٣٥، ٥٦).

نموونەیەک لە فەهلەویاتی گۆرانیی:

**شاه خوشین خوشنام قدم رنجه کَرد**
**تشــریف وَ یانــەی بابا طاهــر بَــرد** (تبریزی کرندی، ١٣٨٠، ٤٤).

šāh xwašīn xwašnām qadamŕanja kard، tašrīf wa yānay bābā tāher bard.

واتـاکەی: شاخوشـینی بەناوبانـگ، قەدەمـڕەنجەی فەرمـوو و بـۆ یـانەی بابەتایەر تەشریفی برد.

## ٤. ٥. گۆڕانی جێناوی "تِە" بۆ "تو"

ئەم جــۆرە گــۆڕانە هەروا کە لە گــۆڕانی "مە" بە "مــو"دا دەبینرێــت، لە نوســخەکانی دواتــردا زۆر بەرچاودەکەوێــت، ئەمە لە حاڵێکــدایە کە فــۆڕمە دروستەکەی هەمان "تِە"یە.

نوسخەی قونیە:

**من اژ آن رو به دامان <u>تە</u> زد دست**

**دَ گـــردونت پـــر وپائی نبد یـــار** (مینوی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٧).

جێگای سەرنجە، کە هەتا ئیستایش لە زارە کوردییەکاندا -بە تایبەتیی لە زاری کوردیی کەڵهوڕییدا- جێناوی "تو" بە شێوەی "تِە" بێژەدەکەن.

## ٤. ٦. بێژەی "ل"ی خەست بە شێوەی "ل"ی ئاسایی

لە زمانی کوردیی و زارە جۆراوجۆرەکانیدا دوو جۆرە "ل" بێژەدەکرێت: جـۆری یەکەم: ئەو "ل"یەی لە وشـەی "گَـل" (کەڵ یـان بزنەکێـویی)دا هەیە؛ جۆری دووەم لە وشەی "گَل" (لق، ناتەواو و دەستلێدراو)دا هەیە. ئەگەر ئەم لامە بە شـێوەی دروسـتی خـۆی بێژەنەکرێـت -هەروا کە لەم وشـانەی سەرەوەدا دەبینرێت-، واتای وشەکە دەگۆڕێت؛ هەر بۆیە وشەیەکی وەک "بنالَم" دەبێت بە شێوەی benāĺem بێژەبکرێت.

## ٤. ٧. بێژەکردنی بزوێنی "اُی" (ü) بە شێوەی بزوێنی درێژی "و" (ū)

لە زمانی کوردییدا (= کوردیی ناوچەکانی باشووری ئێران) وشـەکانی "مو" و "دور" بە شێوەی "مُـی" (mü ) و "دُیـر" (dür ) و لە زارەکانی لوڕیی و مازنییدا بە شێوەی "می" (mī) و "دیر" (dīr) بێژەدەکرێن. پێویستە ئەمەمان لە بەرچـاو بێـت، کە ئەم بـزوێنەی وشـەکانی لەم چەشـنە بە شـێوەی /ü/ بێژەبکەین.

نوسخەی قونیە:

**نشـــانم تولە**• **و مویم به زاری**

**بی که بلبل هنی وا وِل نشانم** (مینوی، ١٣٣٥، ٥٧).

فەهلەویاتی گۆرانیی:

**چَن پادشاهان شاه صفی نسب**

• تولە (توولە tüla) وشەیەکی کوردییە بە واتای لق و نەمامە.

ژَ لام ویَــردِن چُین یـوز وَ ادب   (انجوی شیرازی، ١٣٥٥، ٣٢٩).

čan pādešāhān šāh safī nasab، ža lām wīyarden čün yūz wa adab.

واتـاکەی: چەنـد پاشـا کە ڕەچەڵەکیـان دەچـووەوە سـەر شاسـەفیی، بە ڕێزەوە بە لامدا وەک ڕەوەی پڵینگ تێپەڕیون.

**٤. ٨. بێژەکردنی "ی" مەجهووله (ē) به شێوەی بزوێنی درێژی "ای" (ī):**

وشەکانی وەک "دیر" (درەنگ بەرنبەر زوو)، سیر (تێر بەرانبەر برسـی) و... هتد، کە بە شێوەی یای مەجهوولە بێژەدەکرێن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە شێوەی dīrؚ و sīr بێژەدەکرێن. ئەم جۆرە بێژەکردنە بە دڵنیاییەوە نەک هەر هەڵەیە، بەڵکـو دووبەیتییەکـانی بابەتـایەریش لە شـێوەی سـەرەکیی خۆیـان دووردەخەنەوە. کەسانێک کە لە بەکارهێنانی یای مەجهوولە ئاگادارن، دەزانن کە لە نوسخەی قونیەیشدا یای مەجهوولە هاتووە:

نـــاگهان بــامدنــد بـــاز و داری
زارجش کُشت و موران زارج اد خُورَد
دال جـالوند کـــوهان کـــرد پـــرواز
بازش بکشت خونش پاک وا خـــورد  (مینوی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٦).

وشەکانی  باز و داڵ (=هەڵۆ)، کە کەوتوونە وشـەکانی دوای خۆیـان بەم جۆرە بێژەدەکرێن: bāzē و dāĺē.

لەم قسـانەوە دەگەیـنە ئەم ئاکـامە، کە بـۆ بێژەکـردن و ڕاسـتکردنەوەی دووبەیتییەکــانی بابەتــایەر -کە بە هــۆی تێپەڕینــی ڕۆژگــار ئاڵوگۆڕیــان بەســەرداهاتووە-، یەکەم دەبێــت بە ســەرنجدان بە نوســخەکانی پێشــتر، تایبەتمەنـدییە زمانییەکـانی بابەتـایەر دیـاریبکرێن، پاشـان بە لەبەرچـاوگرتنی فەهلەویــاتی هاوشــێوەیان، ئەم دووبەیتییــانە بێژەبکــرێن و ڕاســتبکرێنەوە. پێویســـتە بـــزانین، کە لەبەرچـــاوگرتنی ژیـــنگەی ســـەرهەڵدان و زمـــانی بابەتـایەریش لە بێژەکردنـی دروسـتی ئەم دووبەیتییـانەدا ڕۆڵێکـی زۆریـان هەیە؛ هەروا کە هەتـا ئێسـتایش زۆر لە بزوێنەکـان -واوی مەجهـوول، یـای مەجهوول و... هتد- لە زارە خۆجێییەکاندا برەویان هەیە.

# کتێبناسیی بابەتایەری هەمەدانیی

**١. پێشەکیی**

لە بارەی کتێبناسیی بابەتایەرەوە، هەتا ئێستا کارێکی گشتگیر نەکراوە. ئوستاد پەروێز ئەزکایی لە پێشدا لە گۆڤاری "*هنر و مردم*"، هەندێک ئاماژەی گشتیی بە ژمارەیەک لە چاپەکان و نوسخە دەستنووسەکانی دووبەیتییەکانی بابەتایەر کردووە (اذکائی، ١٣٥٤، ٧٦-٧٣). هەر ئەم نووسەرە لە وتارێکدا لیستێکی تەواوتری لەو توێژینەوانەی لە بارەی بەرهەمەکانی بابەتایەرەوە بڵاوبوونەوە، لە ژێر ناوی "کتێبناسیی بابەتایەر"دا خستووەتەڕوو (اذکائی، ١٣٧٥، ١٤٥-١٦٠). ئەبولقاسم ڕادفەریش لە وتاری "باباتایەر و ڕۆژهەڵاتناسان"، لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دواوە، کە لە سەر بەرهەمەکانی بابەتایەر توێژینەوەیان ئەنجامداوە (رادفر، ١٣٧٩، ١٦٠-١٧٢).

لەم بەشەدا نووسەر هەوڵدەدات لیستێکی گشتگیر لەو توێژینەوانە بخاتەڕوو، کە توێژەران لە بارەی هۆنراوەکانی بابەتایەرەوە، پێکهاتوو لە لیستی وتار و کتێبە چاپکراوەکان بەدەستەوەبدات. جێگای بەبیرهێنانەوەیە کە بۆ ئامادەکردنی لیستی وتارەکان، جگە لە "*فهرست مقالات فارسی*" لە نووسینی "ایرج افشار"، لە ماڵپەڕەکانی "پایگاه مجلات تصصصی نور" (www.noormags.com)، "مرکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی"(www.sid.ir)، پژوهشگاه علوم و فناوری اطلاعات ایران" (www.irandoc.ac.ir)، "بانک اطلاعات نشریات کشور" (www.magiran.com) ، "پرتال جامع علوم انسانی" (www.ensani.ir) و سیویلیکا (www.civilika.com)، سوودوەرگیراوە. نووسەر بۆ ئامادەکردنی لیستی کتێبەکان، جگە لە "*فهرست کتاب های چاپی فارسی*" لە نووسینی احسان یار شاطر، "کتاب شناسی دە سالە (١٣٣٣-١٣٤٢) کتاب های ایران" لە ئامادەکردنی ایرج افشار، فهرست کتاب های چاپی فارسی، لە ئامادەکردنی خان بابا مشار و... هتد، هەروەها پێگەی ئەنترنێتیی "سازمان اسناد و کتابخانۀ ملّی ایران" (www.nlai.ir.) سوودیوەرگرتووە.

**۲. وتاره‌کان**

- آتش زای، یحیی و سیّد آرمان حسینی آبباریکی. (۱۳۱۵). نکته‌هایی در احوال و آثار بابا طاهر همدانی"،*علامه*، شمارهٔ ٤۲، پاییز و زمستان، صص ۱-٤۰.
- آزاد همدانی، علی محمّد.(۱۳۱۵). "مشاهیر همدان"، *ارمغان*، سال هفدهم، شمارهٔ ششم، شهریور ماه، صص ٤٤۰-٤۳۳.
- آزادی علیرضا و محمّد آزادی. (۱۳۹۳). به دنبال معنی واحد در عبارات کثیر، نگاه اندرهم متنی به دوبیتی های بابا طاهر و کلمات قصار او"، *زبان و ادب فارسی*، دانشگاه تبریز، سال ٦۷، شمارهٔ ۲۹۹، بهار و تابستان، صص ۱-۲۱.
- آلن، ادوارد هرون.(۱۳۵۵). "ترانه‌های بابا طاهر"، ترجمه پرویز اذکائی، *یغما*، سال بیست و نهم، شمارهٔ چهارم، تیرماه، صص ۱۸۳-۱۸۵ و ۲۱۷-۲۲۲.
* چاپ شده با عنوان "*مویه‌های بابا طاهر*" در: *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۳۵-۳۷.
- ابراهیم زاده گرجی، رمضان علی. (۱۳۸۲). "بابا طاهر، دلدار بیدل"، *کیهان فرهنگی*، شمارهٔ ۲۰۲، مرداد ماه، صص۳٤-۳۷.
- ابراهیمی، علی اوسط. (۱۳۷۹). *آثار عربی بابا طاهر عریان و نقدی بر آن*"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریور ماه.
- احمدی، بهروز و همکاران. (۱۳۹٦). "شرح حالات و احوال بابا طاهر عریان"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ ص.
- احمدی امرجی، رویا. (۱۳۹٦)، " بررسی مقامات و احوال در دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ ص.
- ادیب طوسی، محمّدامین. (۱۳۳۷). فهلویات لُری"، *نشریه دانشکده ادبیات*

تبریز، سال دهم، شمارهٔ اوّل، بهار، صص ۱-۱٦.
* و نیز چاپ شده در: *بابا طاهرنامه*، تهران، توس، ۱۳۷۵، صص۸۷-۱۰۰.
- ادیب نیا، محمّد و علی شیخ الاسلامی. (۱۳۹٤). "تجلّی آیات قرآنی در اشعار بابا طاهر همدانی"، *کنفرانس بین المللی علوم و مهندسی*،۹ص.
- اذکائی، پرویز.(۱۳۷۵)."تاریخچه فهلوی"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، صص، ۱٦۱-۲۲۳.
- ------------(۱۳۷۵). "تکمله و تعلیق (برگفتار مینورسکی)"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، صص ۱۲۵-۱٤٤.
- -------------- (۱۳۷٤). "حکیم الاهی همدان"، *معارف*، شمارهٔ اوّل و دوم، فروردین-آبان، صص ۱۲۰-۱۳۸.
---------------(۱۳۷۹). "شخصیت عرفانی بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان، دانشگاه بوعلی سینا، شهریور ماه.
- ------------(۱۳۵٤). "کتاب [کتابشناسی بابا طاهر]"، *هنر و مردم*، شمارهٔ ۱۵۲، خردادماه، صص ۷۳-۷٦.
- ------------(۱۳۷۵). "کتابشناسی بابا طاهر"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، صص ۱٤۵-۱٦۰.
- اسلامی، ندوشن، محمّد علی. (۱۳۸۸). "بابا طاهر، شاعر مردمی"، *اطلاعات*، ۱۰ اسفند، ص٦.
- ------------ (۱۳۷۹). "چند نکته در باره بابا طاهر همدانی"، *هستی*، شمارهٔ چهارم، زمستان، صص ۱۱۸-۱۲۸.
- ------------ (۱۳۸۰). "سبک خاص بابا طاهر در شعر فارسی"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال دوم، شمارهٔ سوم و چهارم، بهار و تابستان، صص ۳۸-۵۱.
- ------------ (۱۳۷۹)." متن سخنان دکتر محمّد علی اسلامی ندوشن در همایش بابا طاهر"، *فرهنگ همدان*، شمارهٔ ۲۱و ۲۲، بهار و تابستان، صص۱۰-۱۳.
- افروغی نیا، افسانه. (۱۳۹٦). "عاشقانه‌های محلی در دوبیتی های بابا

طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا،۱۱ص.

- الواری دانش، حجت و مائده السادات میر طلایی.(۱۳۹۶). "نگاهی به واژه‌های لکی دیوان بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ص۷.
- الهی قمشه‌ای، حسین محی الدین. (۱۳۷٤). " کلمات قصار یا اشارات عارف همدانی بابا طاهر"، *صوفی*، شمارهٔ ۲۸، تابستان ۱۳۷٤، ص۲٦-۳۱.
- امامی نصراله و سیّد آرمان حسینی آببیاریکی. (۱۳۸۹). " نکاتی چند پیرامون قومیت بابا طاهر همدانی"، مجموعه مقالات نخستین *همایش بین المللی ادبیات کردی (۱۵ و۱٦ اردیبهشت)*، دانشگاه کردستان: مرکز پژوهش های کردستان شناسی، بهار، صص ۳۷٤- ۳۸۵.
- ----------- (۱۳۸۹). "نکاتی در مشرب عرفانی بابا طاهر همدانی"، *پرنیان سخن: مجموعه مقالات پنجمین همایش پژوهش های زبان و ادبیات فارسی*، دانشگاه تربیت معلم سبزوار، صص ۲٤۹۰-۲۵۱۰.
- اوّلیایی، مصطفی. (۱۳۸۳). " تجلّی سیر و سلوک قرآن در دوبیتی های بابا طاهر"، *دوهفته‌نامه گلستان قرآن*، شمارهٔ ۱۷۲، نیمه دوم فروردین، صص ۲٤-۲۷.
- بابا صفری، علی اصغر. (۱۳۷۹). "جلوه‌های قرآن و حدیث در سروده‌های بابا طاهر همدانی"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- باقری، مالک و حامد رِفعت جو. (۱۳۸۸). " تحلیل درون مایه‌های دوبیتی های بابا طاهر همدانی با رویکرد عرفانی"، *زبان و ادبیات فارسی*، شمارهٔ هفدهم، بهار، صص ۱٦۱-۱۸۰.
- ----------- (۱۳۹۷). " تحلیل زیباشناسی واژگانی-دستوری در دوبیتی های بابا طاهر، *زیبایی شناسی ادبی*، شمارهٔ ۳۵، بهار، صص ۱۹۵-۲۰۷.
- بقایی، سیّده عاطفه. (۱۳۹٦). "کتاب شناسی بابا طاهر، شاعر و عارف همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا*

*طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ ص.
- بهار، مهرداد. (۱۳۵۷). "شعری چند به گویش همدانی از بابا طاهر"، *پژوهش نامه فرهنگستان زبان ایران*، شمارهٔ سوم، آبان ماه، صص ۵-۲۲.
- و چاپ شده تحت عنوان "گویش بابا طاهر"در: بابا طاهر نامه، تهران: توس ۱۳۷۵، صص ۱۰۳-۱۱۲.
- به خیال، مهدی. (۱۳۹۹). "از بابا طاهر یارسان تا طاهر جصاص"، *گزارش میراث*، دورهٔ دوم، سال هشتم، شمارهٔ پنجم و ششم، آذر-اسفند، صص ۹۸-۱۰۰.
- بهمنی، مریم .(۱۳۹٦)."عرفان بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- بیات، محمّد حسین. (۱۳۷۹). "عرفان عصر بابا طاهر"، *مجلهٔ زبان و ادب دانشکده ادبیات فارسی دانشگاه علامه طباطبایی*، سال سوم، شمارهٔ یازدهم، صص۱٦۹-۱۹۸.
- بیانی، شیرین، (۱۳۸۰). "بابا طاهر عریان از اقطاب فرقه قلندریه"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال دوم، شمارهٔ سوم و چهارم، بهار و تابستان، صص ۵۱-٦٤.
- پارسا، سیّد احمد. (۱۳۷۹). تجلّی عرفان اسلامی در دوبیتی های بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان، دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- پورخالقی چترودی، مه‌دخت.(۱۳۸۰). "قوشما و ترانه‌های بابا"، *خلاصه مقالات نخستین گردهمایی پژوهش های زبان و ادبیات فارسی*، تهران، مرکز بین المللی تحقیقات زبان و ادبیات فارسی و ایران شناسی، صص ٤۹و ۵۰.
- تباری، پیمان. (۱۳۹٦). "کنایه در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- ترکاشوند، مریم (۱۳۹٦)، بررسی تجربه‌ای عاشقانه در دوبیتی های بابا

طاهر با تکیه بر فعل بر اساس نظریه نقش گرای هلیدی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.

- جعفری دهقی، محمود. (۱۳۷۹). بررسی واژگان گویشی در دوبیتی های بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت همایش بابا طاهر*، همدان، دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- جعفری دهقی، محمود و مجید رضا صارمی شهرستانی. (۱۳۹۶). "ویلیام جکسن و بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان*: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ ص.
- حاجی پارام، سجاد و همکاران.(۱۳۹۶). تأمّلی بر کاربرد آرایهٔ تناسب در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۹ ص.
- حجازی، بهجت السادات. (۱۳۷۹). "مشرب عرفانی بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- حجازی، سیّد علیرضا.(۱۳۹۶). تجلّی قرآن و حدیث در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ ص.
- حسنوند، رضا. (۱۳۹۶). "بابا طاهر همدانی ، بار دیگر، از اوّل"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ ص.
- ــــــــــــــ(۱۳۹۶). "رمزگشایی معنایی از چند بیت خوانده نشده زبان لکی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٤ ص.
- حسین پور، صدیقه .(۱۳۹۶). "مرگ اندیشی عرفانی بابا طاهر، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۷ ص.

- حسینی آبباریکی، سیّد آرمان.(۱۳۹۱). "بابا طاهر همدانی و کرامات او"، *ماهنامهٔ مهاباد*، شمارهٔ ۱٤۲، دی ماه، صص ٥۳-٥٦.
- ----------- (۱۳۹۲). " بررسی ویژگی های زبانی و دستوری دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *پیام بهارستان*، دورهٔ دوم، سال پنجم، شمارهٔ بیستم، تابستان، صص۳۹-٦۱.
- ------------- (۱۳۹۲)."نگاهی تازه به زبان شعر بابا طاهر همدانی"، *کتاب ماه ادبیات*، شمارهٔ هشتاد، آذرماه، صص ۲٤-۳۳.
-حسینی کازرونی، سیّد احمد (۱۳۷۹). " فهلویات، درآمدی بر دوبیتی سرایی"، *پژوهش نامه علوم انسانی*، شمارهٔ بیستم، پاییز و زمستان، صص ٤٦-٦٤.
- حضرتی، معیر، فرشاد. (۱۳۹٦)."بررسی ادله استفاده از ترکیب منفصل شرطی در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ ص.
- حکم آبادی، محمود. (۱۳۷۹). " نخستینه‌های ادبی و نخستینه‌سازان استان همدان"، *فرهنگ همدان*، شمارهٔ ۲۱و ۲۲، بهار و تابستان، صص ٦٤-٦۹.
- حکمت، علی اصغر.(۱۳٥۱). "سروده‌های بابا طاهر همدانی"، *وحید*، دورهٔ دهم، شمارهٔ هشتم، شهریورماه، صص ۸۷۸-۸۸۸.
- خالصی شیرازی، عباس. (۱۳۸۹). "تعریضی بر بابا طاهر عریان"، *ماهنامهٔ حافظ*، شمارهٔ ٦۹، اردیبهشت ماه، صص ٥۰و ٥۱.
- خالقی، حشمت الله. (۱۳۷۹). "بابا طاهر عارف لُرستانی"، *ماهنامهٔ حافظ*، شمارهٔ اوّل و دوم، بهار و تابستان، صص ۳۰-٤٥.
- خامه‌یار، احمد. (۱۳۱٥). "بازشناسی شخصیت تاریخی بابا طاهر همدانی"، *پیام بهارستان*، سال هفتم، شمارهٔ ۲٥، بهار و تابستان، صص۹۱-۱۰۳.
- خانلری، پرویز. (۱۳۲٤). "دوبیتی های بابا طاهر"، *پیام نو*، سال اوّل، شمارهٔ هشتم، صص ۲٦-۳۰ و شمارهٔ نهم، صص ۳۷-۳۹ و ٦۰.
* و چاپ شده در : *هفتاد سخن*، جلد سوم، تهران: توس، ۱۳٦۹، صص ۱۹۱-۲۰٥؛ و نیز در: بابا طاهرنامه، تهران: توس، ۱۳۷٥،صص ٥٥- ٦۹.

- خلیل پور، علیرضا. (۱٤۰۲). "نگاهی به چاپ های مهم اشعار بابا طاهر"، *جهان کتاب*، شمارهٔ ۳۹۸، فروردین و اردیبهشت، صص ٤٥و٤٦.
- خیاطیان، قدرت الله و طناز رشیدی نسب. (۱۳۹٦). "عرفانیات در دوبیتی های بابا طاهر همدانی(با تاکید بر عشق الهی، زهد و وحدت عرفانی)"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان، همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۷ص.
- دانش پژوه، محمّد تقی. (۱۳٥٤). "دفتر سرانجام اهل حق و بابا طاهر همدانی"، *راهنمای کتاب*، سال هجدهم، شمارهٔهای ۱۰-۱۲، دی- اسفند، صص ۹٤۱-۹٤۸.
- دانش پژوه، منوچهر. (۱۳۷۹). "بابا طاهر، عرفانی کننده دوبیتی های عاشقانه محلی"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارهٔ اوّل و دوم، پاییز و زمستان، صص ۲۲۹-۲۳۸.
- دانشفر همدانی، حسن.(۱۳۷٦). "تردید در فهلویه‌های بابا طاهر"، *کیهان*، ۸ خرداد، ص ۱۲.
- دزفولیان، سیّد مهدی و فهیمه توسلی مهر. (۱۳۹٦). "سبک زندگی اسلامی-عرفانی بابا طاهر عریان همدانی در آینهٔ آیات و روایات"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ص.
- دستمزد، فرزانه. (۱۳۹٦). " بازخوانی سروده‌های بابا طاهر از رهگذر واکاوی اندیشه، ساختار موسیقایی، تعابیر و تصاویر هنری"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- دلایی میلان، سیما. (۱۳۹٦). "بابا طاهر، بابای شعر عارفانه فارسی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- دوستی ثانی، نرتضی و طیبه بیضایی. (۱۳۹٦). "بابا طاهر در انعکاس عین القضات"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا*

*طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٤ص.
- دهقان، حسن. (١٣٩٦). " پیوند اندیشه مرگ در فهلویات بابا طاهر و کلّیات سعدی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٤ص.
- دهقانی فیروزآبادی، مرضیه و فاطمه کوپا.(١٣٩٦). تحلیل مرگ اندیشی چند وجهی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٩ص.
- دهقانی فیروزآبادی، مرضییه و حسین یزدانی. (١٣٩٦). "بابا طاهرعارف یا بابا طاهر عاشق"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١١ص.
- دیهیمی، سیاوش. (١٣٧٩). "موسیقی و دوبیتی" *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر، همدان*، دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- رئوفی مهر، محمّد. (١٣٧٤). "مروری بر گفتار و زندگی بابا طاهر شاعر و عارف دامن الوند"،*همدان*، شمارهٔ چهارم، زمستان ، صص ٢٩-٣١.
- رادفر، ابوالقاسم. (١٣٧٩). "بابا طاهر و خاورشناسان"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارهٔ اوّل و دوم، پاییز و زمستان، صص ٢١٥-٢٢٧.
- راشدی نیا، اکبر. (١٣٩٥). "بابا طاهر عریان همان طاهر جصّاص گچ کار(نه بنا) است"، *جهان کتاب*، سال ٢١، شمارهٔ ١١ و ١٢، بهمن و اسفند، صص ٨-١٠.
- رجب زاده، شهرام. (١٣٧٤). "بابا طاهر و نسبت شاعری"، *طلایه*، سال اوّل، شمارهٔ اوّل، خردادماه، صص ٦٠-٦٣.
- ---------- (١٣٨٠). "کارهای کوچک در سایه- نام های بزرگ"، **حیات نو**، ٩ اردیبهشت، ص ٦.
- رحمدل، غلامرضا. (١٣٨١)." خدا، انسان و طبیعت در دوبیتی های بابا طاهر"، *دوماهنامهٔ دانشور پزشکی*، شمارهٔ ٣٩، تیرماه، صص ٤٧-٥٨.
- رستمی. سمیرا.(١٣٩٦). "انسان مطلوب(کامل) از منظر بابا طاهر همدانی"،

*چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ص.
- رشید یاسمی، غلامرضا. (۱۳۷۳). "بابا طاهر"، *مقاله‌ها و رساله‌ها*، تهران: صص ۲۱۷-۲۲۰.
- ------------- (۱۳۸۰)."بابا طاهر عریان"، *ارمغان*، سال دهم، شمارهٔ اوّل، فروردین ماه، صص ٦٦-۷۰.
- رشیدی، ناصر و ایوب انصاری. (۱۳۹۰). "بررسی ساخت کلان دوبیتی های بابا طاهر همدانی (عریان)، *بوستان ادب*، سال سوم، شمارهٔ دوم، تابستان، صص ۱۲۳-۱٤۳.
- رضایی، احترام و سکینه غلامپور دهکی. (۱۳۹٦). "پارادوکس موضوعی و شخصیت در اشعار بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- رضایی، محمّد و فایزه بالایی. (۱۳۹٦). "تجلّی مقامات عرفانی رضا ، حضور، توحید در ابیات بابا طاهر عریان همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ص.
- رضایی اوّل، مریم و حسن دلبری. (۱۳۹٦). " تحلیل دوبیتی های بابا طاهر با رویکرد قاعده‌کاهی گونه جغرافیایی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۹ص.
- رضایی، شعبان، کمال. (۱۳۹٦)."نگاهی به تأثیرپذیری صائب تبریزی از بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- رضایی شعبان، کمال و مهدی شریفیان. (۱۳۹٦). "بررسی زهد در دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۷ص.
- رضایی همدانی، عمادالدین. (۱۳۷۸). "بابا طاهر، سالک شوریده‌دلِ وادی عرفان"، *جوان*، ۱۱ آبان، ص۱۱.

- رضوانی مقدم، الهام و همکاران. (۱۳۹٦). "اندیشه وحدت وجود از دیدگاه ابن عربی و بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۹ص.
- رفعت جو، حامد. (۱۳۷۹). "مصادیق صناعات ادبی در دوبیتی های بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- رفیعی راد، زهرا. (۱۳۹٦). "تلقی های فارسی پژوهان معاصر عرب از شخصیت، احوال و رباعیات بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- روزبهانی، محمود. (۱۳۹٦). "مرگ اندیشی عرفانی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۵ ص.
- سازمند، فهیمه. (۱۳۹٦). " پدیده مرگ اندیشی در دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- ساعی، ویدا.(۱۳٦٤). "بررسی روانشناسی شخصیت بابا طاهر"، *فصلنامه صرع و سلامتی*، شمارۀ ٥۱، زمستان، ص۱٥.
- سام خانیانی، علی اکبر.(۱۳۷۹). " وزن و قافیه ترانه؛ کهن ترین محمل اساسی ایران"، **خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر**، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- سپه‌وند، عزت الله. (۱٤۰۰). "رده‌شناسی زبان دوبیتی های بابا طاهر"، *زبان شناسی اجتماعی*، شمارۀ پانزدهم، تابستان، صص ٥۳-٦۳.
- سجادی، محمود. (۱۳۸۰)."شعر فریاد، شعر اعتراض"، *صدای عدالت*، ۱۱ مهر، ص٦؛ و نیز: ۱۲ مهر، ص٦.
- سرامی، قدمعلی و بهروز خیریه. (۱۳۹۱). " قله‌ای در دامن الوند: تأمّلی در عرفان بابا طاهر عریان"، *فصلنامه عرفان اسلامی*، سال نهم، شمارۀ ۳٤، زمستان، صص ۱۳-٤٦.

- سرمدی، عباس. (۱۳۷٤). " گفت‌وگو با حسن دانشفر همدانی در باره خیام و بابا طاهر"، *همشهری*، ۲۱ فروردین، ص۱۰؛ و ۲۳ فروردین، ص۱۰.
- سروشیار، جمشید. (۱۳۹٤). "بابا طاهرعریان بنّای قابلی هم بودا!"، *جهان کتاب*، سال ۲۱، شمارهٔ نهم، آذرماه، صص ۷-۱۳.
- سرولایتی، علی. (۱۳۷٥). "بابا طاهرنامه"، *آینهٔ پژوهش*، شمارهٔ ۳۸، خرداد-تیرماه، صص ۷٤و۷٥.
- سلمانی، حمیدرضا. (۱٤۰۰). " رساله شرح کلمات شیخ بابا طاهر جصّاص، مورخ ۸۳۰ق قدیم ترین شرح فارسی سخنان بابا طاهر"، *آینهٔ میراث*، شمارهٔ ۷۱، پاییز و زمستان، صص ۲٤۱-۲٥۳.
- سلمانی، علی. (۱۳۹٦)."غم در اندیشه عرفانی بابا طاهر همدانی؛ غم آگاهی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا،۱۰ص.
- - --- -- - (۱۳۹٦). "مفهوم شناسی قلب در اندیشهٔ عرفانی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا،۱۲ص.
- شفیعی، فاطمه و نیره حاج امینی.(۱۳۹٦). "جایگاه بابا طاهر در شعر عارفانه فارسی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا،۹ص.
- شکری، سمیه. (۱۳۹۹)."از زبان استوار شاعران مداح تا لهجهٔ محلّی بابا طاهر همدانی"، *ماهنامهٔ مدیریت ارتباطات*، شمارهٔ ۱۲۳، مردادماه، صص ٤۱و٤۲.
- شکری، یدالله. (۱۳۸۰). "نگاهی به جایگاه بابا طاهر در عرفان و ادب ایران"، *خلاصه مقالات نخستین گردهمایی پژوهش های زبان و ادبیات فارسی*، تهران: مرکز بین المللی تحقیقات زبان و ادبیات فارسی و ایران شناسی، صص ۱٤۳ و ۱٤٤.
- شیری، قهرمان. (۱۳۷۹). "زیبایی شناسی و نواندیشی در شعر بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا،

شهریورماه.
- صادقی، سهیلا و مژگان اسکندری. (۱۳۹٦). "بازتاب اندیشۀ عارفانه در شعر بابا طاهر همدانی با رویکرد عرفان نظری-عملّی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۲۳ص.
- صادقی، علی اشرف. (۱۳۷۹). "فهلویات قدیم"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- صحابی، شهربانو و آمینه احسانی. (۱۳۹٦). "بررسی تطبیقی مرگ اندیشی از دیدگاه بابا طاهر و خیام"،"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- صداقت کیش، جمشید. (۱۳۷۹). "اشعار پورفریدون در نسخه‌های چاپی اشعار بابا طاهر"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارۀ اوّل ودوم، پاییز و زمستان، صص۲۳۹-۲٦۱.
- صفایی، ابراهیم. (۱۳۳۸). "آرامگاه بابا طاهر و عین القضات"، *ارمغان*، دورۀ۲۸، شمارۀ اوّل، فروردین ماه، صص ۱۱-۱۸.
- ----------- (۱۳۳۸). "آرامگاه بابا طاهر و عین القضات"، *ارمغان*، دورۀ ۲۸، شمارۀ دهم، دی ماه، صص ٤۳۳-٤۳۸.
- ----------- (۱۳۳۸). " در آرامگاه بابا طاهر"، *ارمغان*، دورۀ ۲۸، شمارۀ ششم، شهریورماه، صص ۲۸٤-۲۸٦.
- ----------- (۱۳٤۱)." شعرهای بابا طاهر را غلط می خوانند"، *ارمغان* دورۀ ۳۱، شمارۀ هفتم، مهرماه، صص ۲۹۸ و ۲۹۹.
* وچاپ شده با عنوان "غلط خوانی ترانه‌ها" در: *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۱۰۱و۱۰۲.
- صدفی زاده، علی.(۱۳۸۵). مرغ آتشین، تأمّلی در شعر بابا طاهر"، *رشد آموزش زبان و ادب فارسی*، شمارۀ ۷۸، تابستان، صص ۷-۱۳.
- صفرپور مرکیه، طاهر. (۱۳۹٦). "بررسی اصطلاحات و مضامین عرفانی در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش*

*ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- صفری، حسین. (۱۳۹٦). "همانندی برخی واژه‌های دوبیتی های بابا طاهر با زبان راجی دلیجانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱٦ص.
- صفی زاده بوره‌که‌ای، صدیق. (۱۳٤۹). بابا طاهر همدانی، *هوخت*، سال ۲۱، صص ۳٤-۳٦.
- ضیایی، محمّدعلی. (۱۳۹٦). "ردپای هفت وادی عرفان در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱٤ص.
- طاهری، اسفندیار. (۱۳۹٦). "واژه‌ها و ساخت های گویشی در دوبیتی های بابا طاهر"، *پژوهش های زبان شناسی تطبیقی*، شمارهٔ چهاردهم، پاییز و زمستان، صص ۲۳-٤۲.
- طاهری، حمید. (۱۳۷۹). "آمیزش و آویزش دل و حزن در شعر بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- طاهری، سیّد محمود. (۱۳۸٦). "گلگشتی در دیوان بابا طاهر"، *ماهنامهٔ طوبی*، شمارهٔ بیستم، مردادماه، صص۳۰-٤۱.
- طاهری، محمّد و همکاران. (۱۳۹٦). "بررسی اصول زیبایی شناسی در سروده‌های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۹ص.
- عبدالله نژاد، مجتبی. (۱۳۹٤). "بابا طاهر در آینهٔ تاریخ، نگاهی به آخرین اثر دکتر نصرالله پورجوادی"، *بخارا*، شمارهٔ ۱۰۸، مهر و آبان، صص ۵۰٦-۵۰۹.
- عبدلی، علی. (۱۳۷۲). " تحقیقی در مورد سرودهٔ بابا طاهر عریان همدانی (به هر ملّت که هستیم...)"، *ادبستان*، سال چهارم، شمارهٔ چهلم، فروردین ماه، صص ۸٤-۸۹.
- عدالت کاشی، فروزنده و احمد فروزانفر. (۱۳۹٦). " تحلیل زبان شناختی

استعاره عشق، عاشق و معشوق در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- عدل پرور، لیلا. (۱۳۹٦). " بررسی تشبیه در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- عروتی موفق، اکبر. (۱۳۹٦). "نمود وحدت وجود و وحدت شهود در آثار بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔها بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- عّزتی پرور، احمد و همکاران. (۱۳۹٦)." مضامین مشترک عرفانی در سروده‌های بابا طاهر همدانی و ابن فارض مصری"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۹ص.
- عزیزی، ایوب و همکاران. (۱۳۹٦). " تأمّلی بر نگرش بابا طاهر بر دو عنصر بنیادین معنای زندگی و مرگ"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- علی آبادی، پونه.(۱۳۹۰). "بابا طاهر و دوبیتی هایش"، *ماهنامهٔ دردکشان*، شمارهٔ دوازدهم، صص ۲۱-۲۳.
- عناصری، جابر. (۱۳۹۲)."رباعیات بابا طاهر: معرفی کتب چاپ سنگی"، *ماهنامهٔ صنعت چاپ*، شمارهٔ ۳۸۱، صص ۸۲و۸۳.
- عین علیو، علی.(۱۳۹٦). "اعتقاد به مشیّت ازلی و بازتاب آن در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- غلامی، سالومه. (۱۳۹۹). " گویش شناسی اشعار بابا طاهر و اهمیت آن در بازسازی زبان بومی پیشین همدان"، *پژوهش های زبان شناسی تطبیقی*، دورهٔ دهم، شمارهٔ بیستم، صص ٤٥-۷۸.
- فروتن، عبدالرسول و عبدالرضا سیف. (۱۳۹۹). "تأمّلی در دوبیتی سرایی

به طرز بابا طاهر"، *سبک شناسی نظم و نثر فارسی*، شمارهٔ پنجاه، تیرماه، صص ۲۲۹-۲۴۷.
- فتحی، نصرت الله. (۱۳۵۱). "یک کتاب مهم: سروده‌های بابا طاهر همدانی"، *وحید*، دورهٔ دهم، شمارهٔ پنجم (مسلسل ۱۰۴)، مردادماه، صص ۵۹۲-۵۹۴.
- فضیلت، محمود و سیّد حشمت الله موسوی. (۱۳۸۹). "جستاری در زبان شعر بابا طاهر"، *کتاب ماه ادبیات*، شمارهٔ ۴۷، اسفندماه، صص ۲۵-۲۹.
- فقیه، نسرین و زینب علیرضا.(۱۳۹۶). "نگاهی پدیدارشناسانه به مرگ اندیشی دو عارف: بابا طاهر و شمس تبریزی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۴ص.
- فقیهی، علی. (۱۳۵۲). "الفتوحات الربانیّه فی مزج الاسارات الهمدانیّه" *گوهر*، سال اوّل، شمارهٔ ششم، تیرماه، صص ۵۲۴-۵۳۲.
- قاسمی، رضا. (۱۳۷۳). "اندیشه‌های عرفانی بابا طاهر عریان"، *صوفی*، شمارهٔ ۲۲، بهار، ص ۲۶-۳۱.
- قاسمی دورآبادی، طاهره و مهدی شریفیان. (۱۳۹۶). "نگاهی به کارکردها و برجستگی های ردیف و قافیه در شعر بابا طاهر عریان"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- قره‌آغاجلو، سعید. (۱۳۷۹). "از شاعری عارف تا عارفی شاعر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- قزوینی، محمّد. (۱۳۷۵). "طاهر همدانی"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۳۹-۴۴.
- کاظم خانلو، ناصر و شیلان آویهنگی. (۱۳۹۶). " تأثیر بابا طاهر عریان در پیدایش نوع دوبیتی جدید(دوبیتی های پیویسته)"، "، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- کدخدای طراحی، مهدی. (۱۳۹۴). "نگاهی به کتاب بابا طاهر: شرح احوال و

نگاهی به آثار ابو محمّد "طاهر جصّاص همدانی" "، *نقد کتاب ادبیات*، سال اوّل، شمارهٔ دوم، تابستان، صص ۲۷۵-۲۸۲.
- کرمی، مرضیه و همکاران. (۱۳۹٦). "طبیعت گرایی در اشعار بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ص.
- کرمی پور، محمّدرضا. (۱۳۸۵). "نقش دوبیتی های بابا طاهر در تقویت آموزه‌های عرفانی و اخلاقی"، *ماهنامهٔ حافظ*، شمارهٔ ۳۵، مهرماه، صص ٤٦-٤٨.
- کریمی نیا، مرتضی و هما هوشیار. (۱۳۹٦). "بررسی جایگاه قالب دوبیتی و قالب های مشابه آن در زبان عربی"، چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر، دانشگاه بوعلی سینا، ۹ص.
- کزازی، میرجلال الدین و احمد وفایی بصیر.(۱۳۹٦). "بررسی تطبیقی تفکّرات عرفانی بابا طاهر عریان و عین القضات همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۳۱ص.
- کلاهچیان، فاطمه و مریم کریمی. (۱۳۹٦). "کارکرد معنایی و تصویری عناصر طبیعت در دوبیتی های بابا طاهر"، "، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۵ص.
- کیمیافر، نیره‌السادات. (۱۳۹٦). "جهان بینی عرفانی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٤ص.
- لبافی، میترا.(۱۳۷۷). "بابای ادبیات"، *زن روز*، شمارهٔ ۱٦٦٤، ۳ مرداد، صص ۳۹ و ٤۰.
- مبارک، وحید. (۱۳۹۹). "پاره‌ها و نکته‌ها: جایگاه گزاره‌های پرسشی در اشعار بابا طاهر"، *کارنامه متون ادبی دورهٔ عراقی*، شمارهٔ نهم، زمستان، صص ۹۷-۱۰٤.
- متولی الموتی، محمّدرضا. (۱۳۸٦). "تأثیر یک دیدار بابا طاهر: مروری بر

عصر بابا طاهر همدانی"، *ایران*، ١٤ تیر، ص١١.
- محجوب، فرشته و فاطمه شکردست.(١٣٩٦). " هم آیی واژگانی و دستوری در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٧ص.
- محمّدزاده، زهرا. (١٣٩٦)."تصویرگری استعاره در دوبیتی های بابا طاهر عریان"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٧ص.
- محمّدی، زهرا و همکاران. (١٣٩٦). "منشور عشق در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٦ص.
- محمّدی، علی و مریم ترکاشوند. (١٣٨٨). "ویژگی های زبان شناختی و سبک شناختی در شعر بابا طاهر عریان"، *پژوهش علوم انسانی (زبان و ادب)*، سال دهم، شمارهٔ ٢٥، بهار وتابستان، صص ١٩-٥٦.
- مدرس زاده، عبدالرضا. (١٣٧٩). "تأثیر بابا طاهر بر سبک عراقی"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارهٔ اوّل و دوم، پاییز و زمستان، صص ١٩١-٢٠٧.
* و چاپ شده در: فرهنگ همدان، سال ششم، شمارهٔ ٢١ و ٢٢، بهار و تابستان ١٣٧٩، صص ٢٠-٢٥.
- ---------- (١٣٩٢). "مرگ اندیشی های بابا طاهر همدانی"، *عرفانیات در ادب فارسی (ادب و عرفان)*، شمارهٔ پانزدهم، تابستان، صص ٩٥-١٠٨.
- مدرسی، فاطمه. (١٣٧٩). "سوته‌دلی از تبار قلندران عاشق"، *فرهنگ همدان*، سال ششم، شمارهٔ ٢١ و ٢٢، بهار و تابستان، صص ١٤-١٩.
* و نیزچاپ شده در: *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه ١٣٧٩.
- مراد، ندا و همکاران. (١٣٩٦). "نظام ایقاعی(موسیقی) در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٨ص.

- مسبوق، سیّد مهدی و همکاران. (۱۳۹٦). "از عرفان بابا طاهر همدانی تا عرفان عبدالقادر گیلانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ص.
- مسعودی راد، امیر حسین و همکاران. (۱۳۹٦). "تأمّلی در بازتاب موسیقی درونی در دیوان بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۲ص.
- مسلمی زاده، محبوبه. (١٤٠١). " فنای کلّی در مقابل معشوق باقی در دوبیتی های بابا طاهر عریان همدانی"، *سیزدهمین کنفرانس بین المللی زبان، ادبیات، فرهنگ و تاریخ*، ۱۰ص.
- مشهور، پروین دخت. (۱۳۷۹). غم و دعا و نفرین در دوبیتی های بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- مظاهری، ذبیح الله. (۱۳۹٦). "مرگ در ساحت اندیشه بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- معدن کن، معصومه. (۱۳۸۲). "شخصیت بابا طاهر"، *نامه فرهنگستان*، دورهٔ ششم، شمارهٔ دوم (مسلسل:۲۲)، بهمن ماه، صص ۱۲۵-۱۲۷.
- منصوری، فرزاد. (۱۳۷۹)."ساخت گفتمانی اشعار بابا طاهر"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- منصوری، مجید و محمّد جواد یداللهی فر. (۱۳۹٦). "دیدار بابا طاهر و حافظ به روایت مثنوی راز گل"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۷ص.
- مولایی، چنگیز. (۱۳۸۱). "چند نکته در باره شیوهٔ تصحیح دوبیتی های بابا طاهر"، *نامه فرهنگستان*، دورهٔ پنجم، شمارهٔ سوم (شمارهٔ مسلسل: نوزدهم)، اردیبهشت ماه، صص ٧٤-۸۳.

* و نیز چاپ شده در: *دو فصلنامه سخن عشق*، شمارهٔ شانزدهم، بهارو

تابستان ۱۳۸۱، صص ۱۵-۲۲.
- مهدی پور، حسن. (۱۳۹٦). "معنای زندگی با رویکردی پدیدارشناختی به تجربه عشق در اشعار بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۹ص.
- میرابوالقاسمی، سیّد محمّد تقی. (۱۳۷۹). " تأثیر قرآن و حدیث بر دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *فرهنگ همدان*، سال ششم، شمارهٔ ۲۱ و ۲۲، بهار و تابستان، صص ۳٦-۳۹.
- مینورسکی، ولادیمیر. (۱۳۰۷). " شرح حال بابا طاهر عارف و شاعر ایرانی"، ترجمهٔ نصرت الله کاسمی، *ارمغان*، سال نهم، شمارهٔ دهم، دی ماه، صص ۵۷۲-۵۸۸.
* چاپ شده با عنوان " زیست نامهٔ بابا طاهر"، ترجمهٔ پرویز اذکائی، در: *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۱۱۵-۱۲۳.
- مینوی، مجتبی. (۱۳۳۵). "از خزاین ترکیه (بابا طاهر لُر)، *مجلهٔ دانشکده ادبیات دانشگاه تهران*، سال چهارم، شمارهٔ دوم، تهران، دی ماه، صص ۵۵-۵۸.
* و چاپ شده در: *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۸۱-۸۵.
- میهن دوست، محسن. (۱۳۸۲). "فهلوی گوی زروانی"، *کتاب ماه و هنر*، فروردین و اردیبهشت، صص ۱۲-۱٦.
- نادری مقدم، شهاب. (۱۳۸۰). "بابا طاهر همدانی"، *جام جم*، ۱۸ مرداد، ص۵.
- نجف پور، مجید. (۱۳۸۰). "افسانه‌ها و واقعیات زندگی بابا طاهر همدانی"، *کیهان*،۳ مهر، ص۹.
- نجفی، علی و آسیه عمران زبیح نیا. (۱۳۹٦). "بررسی و تحلیل درون مایه و مضامین اندرزی دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱`ص.
- ندری ابیانه، فرشته. (۱۳۹٦). "بررسی آرا و احوال عرفانی بابا طاهر بر مبنای مقامات عارفین بوعلی سینا"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر*

*همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ص.
- نعمت الله پورولی، لیلا. (۱۳۹٦). "تحلیل گفتمان انتقادی در دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر، دانشگاه بوعلی سینا*، ۸ص.
- نفیسی، سعید. (۱۳۲٤). "پورفریدون"، *پیام نو*، سال اوّل، شمارهٔ یازدهم، صص ۲۲ و ۲۳ و ۲۵.
* و نیز چاپ شده در: *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، ۱۳۷۵، صص ۷۱-۷۵.
- نوابی، سیّد کاظم. (۱۳۹٦). "صنایع لفظی در دوبیتی های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ص.
- نورمحمّدی شایسته، زهرا. (۱۳۹٦). " زمینه‌های عرفان عملّی در ترانه‌های بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۸ص.
- نوری، محمّد علی. (۱۳۹٦). "موسیقی درونی دوبیتی های بابا طاهر"، *همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۷ص.
- نوین، حسین.(۱۳۸۳). "وحدت وجود و بابا طاهر"، *ماهنامهٔ کیهان فرهنگی*، سال ۲۱، شمارهٔ ۲۱٦، مهرماه، صص ۲۸-۳۳.
* و چاپ شده در *فرهنگ همدان*، سال ششم، شمارهٔ ۲۱ و ۲۲، بهار و تابستان ۱۳۷۹، صص ٤۰-٤۵.
* و نیز ارائه شده با عنوان "بابا طاهر عریان؛ ملبّس به حریر وحدت وجودی" در: همایش بزرگداشت بابا طاهر، *همدان: دانشگاه بوعلی سینا*، شهریورماه ۱۳۷۹.
- نیک طبع، پروانه. (۱۳۷۹). "نگاهی به دوبیتی های الحاقی دیوان بابا طاهر، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر، همدان*: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- واحددوست،مهوش. (۱۳۷۹). "شگردهای زبانی در دوبیتی های بابا طاهر"،

*خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر، همدان: دانشگاه بوعلی سینا*، شهریورماه.
- واشقانی فراهانی، ابراهیم و همکاران. (۱۳۹٦). " تجلّی زندگی و مرگ در اشعار بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- ------------ (۱۳۹٦). "جستاری در زیبایی شناسی با محوریت کاربرد ضرب المثل و تمثیل در اشعار بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۷ص.
- واعظی، مرادعلی. (۱۳۸۷). "تصویر آفرینی در شعر بابا طاهر"، *کلک خیال انگیز*، دانشگاه بیرجند، شمارهٔ اوّل، پاییز، صص ۷۵-۸۸.
- وحیدی، مریم و محمّد برات زاده. (۱۳۹٦). " تأمّلاتی در اندیشه‌های دنیاگریزی و مرگ اندیشی بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۱ص.
- وفایی بصیر، احمد و محمّدرضا زمان احمدی. (۱۳۹٦). "اصطلاحات عرفان در کلمات قصار بابا طاهر عریان"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۳ص.
- وفایی بصیر، احمد و محمود طاووسی. (۱۳۹٦). "نقش کوه الوند در بالندگی و شکوفایی شخصیت عرفانی بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۰ص.
- وفایی بصیر، احمد و مهدی شریفیان. (۱۳۹٦). "اصالت و قدمت دوبیتی های بابا طاهر عریان: با تکیه بر جهان بینی عرفانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارهٔ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ۱۸ص.
- هاشمی، محمّد قاسم. (۱۳۷۵). "ادبیات عاشورا"، *درس هایی از مکتب اسلام*، سال ۳٦، شمارهٔ چهارم، تیرماه، صص٤٦-٥٢؛ و شمارهٔ پنجم،

مرداد، صص ٥٤-٥٩.
- هاشمی نژاد،[ ؟]. (١٣٧٩). "دوبیتی های بابا طاهر در لهجه کرمانی"، *خلاصه مقالات همایش بزرگداشت بابا طاهر*، همدان: دانشگاه بوعلی سینا، شهریورماه.
- هدنک، کارل. (١٣٧٥). "زبان چارپاره‌های بابا طاهر"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، صص ١٣-٣٣.
- هزاوه، پرستو. (١٣٩٢). "از بابا طاهر تا اورامانات"، *جهانگردان*، شمارۀ ٤٦، آذرماه، صص ٧٤-٨٧.
- یاسمی، فریده و همکاران. (١٣٩٦). "بررسی تشبیه در دوبیتی های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٧ص.
- یداللهی فر، محمّدجواد و همکاران. (١٣٩٦). "مقایسه آموزه‌های اخلاقی خواجه نصیرالدین طوسی در کتاب اخلاق ناصری و اشعار بابا طاهر"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ٢١ص.
- یزدانی، حسین و لیلا دهش. (١٣٩٦). "غم و نمود آن در ترانه‌های بابا طاهر همدانی"، *چهارمین همایش تجلیل از مفاخر همدان: همایش ملّی هزارۀ بابا طاهر*، دانشگاه بوعلی سینا، ١٠ص.
- یعقوبی، محمّدحسین. (١٣٨٢). "چگونه بابا طاهر یک شاعر عریان شد"، *ماهنامۀ گل آقا*، سال سیزدهم، شمارۀ دهم (پیاپی: ١٤٨)، دی ماه، صص ٤٢ و ٤٣.
- یوسفی، مسعود. (١٣٨٦). "گویش دوبیتی های بابا طاهر"، *کیهان فرهنگی*، سال ٢٤، شمارۀ ٢٤٩، تیرماه، صص ٤٦-٥٠.

### ٣. کتاب ها

- اذکائی، پرویز. (١٣٧٥). *بابا طاهرنامه (هفده گفتار و گزینه اشعار)*، تهران: توس.

- امیرشاهی، آق ملک بن جمال الدین. (۱۳۲٦ق). *دیوان شاهی با نصایح حضرت لقمان و رباعیات عمر خیام و بابا طاهر*، اسلامبول: محمّد افندی.
- اورنگ، مراد. (۱۳۵۰). *سرودهای بابا طاهر همدانی*، تهران: پرچم.
- بابا طاهر همدانی. (۱۳۸۱). *اشعار بابا طاهر عریان: فارسی- انگلیسی*، ترجمهٔ علاء الدین پازارگادی، تهران: رهنما.
- ------------ (۱۳۵۲). *بابا طاهرعریان و شاعر سوته‌دل همدان*، ترجمهٔ ارمنی بارون آرام گارونه، ترجمهٔ انگلیسی ادوارد آلن، ترجمهٔ فرانسه کلمان هوار، ترجمهٔ آلمانی گئورک لئون لس چینسکی؛ با تصحیح، مقابله، لهجه‌شناسی و گردآوری متون و ترجمهٔ ادالله مصطفوی، تهران [ بی نا].
- ------------ (۱۳۸۵). *بابا طاهر عریان: فارسی-انگلیسی*، ترجمهٔ ادوارد هرون آلن، تهران.
- ------------ (۱۳٤۲). *ترانه‌ها*، ترجمهٔ انگلیسی از ادوارد هرون آلن، به کوشش یوسف جمشیدی پور، تهران: فروغی، ۱۳٤۲.
- ------------ (۱۳۷۸). ترانه‌ها، تهران: رویان.
- ------------ (۱۳۸٦). *ترانه‌ها*، گردآوری آذر باروطیان، همدان: آسوده.
- ------------ (بی تا). *ترانه‌های آسمانی*: دوبیتی های عارف ربانی بابا طاهر همدانی،تهران: بی نا.
- ------------ (بی تا). *ترانه‌های بابا طاهر، از روی نسخهٔ تصحیح شده وحید دستگردی*، به اهتمام حسن معرفت، تهران: بی نا.
- ------------ (۱۳۸۱). *ترانه‌های بابا طاهر: از روی نسخهٔ تصحیح شده وحید دستگردی به انضمام دوبیتی های مشکوک*، تهران، بدرقه جاویدان.
- ------------ (۱۳۷٤). *ترانه‌های بابا طاهر: با پژوهشی نو در اشعار منسوب به او*، مقدّمه و تنظیم و شرح لغات شهرام رجب زاده، تهران: قدیانی.
- ------------ (۱۳۸٦). *ترانه‌های بابا طاهر*، گردآوری محمّد باقر باقری، مقدّمه و نظارت ح.م. صدیق. تهران: تک درخت.
- ------------ (۱۳۷۸). *ترانه‌های بابا طاهر*، تصحیح سهراب نفری،

تهران: چوگان.
- ----------- (۱۳۸٤). *ترانه‌های شیرین بابا طاهر*، گردآورنده داود لطف الله، تهران: پیدایش.
- ----------- (۱۳۷۱). چهار *صد ترانه از بابا طاهر عریان*، تهران، یاسین.
- ----------- (۱۳۸٦). *دوبیتی ها* (به انضمام دوبیتی های فایز دشتستانی) با مقدّمه صالح افشار تویسرکانی، تهران: هنرآفرین.
- -------------- (۱۳۸۷). *دوبیتی ها*، با مقدّمه منوچهر آدمیت، تهران: فرهنگ و هنر.
- ----------- (۱۳۸۱). *دوبیتی ها*، با مقدّمه مهدی الهی قمشه‌ای، تهران: پاکتاب.
- ----------- (بی تا). *دوبیتی ها*. به کوشش علی صفایی، تهران: میلاد.
- ----------- (۱۳۷٤). *دوبیتی ها*، مقدّمه حسن شکیبا، همدان: اسکاف.
- ----------- (۱۳۷٦). دوبیتی ها، خوشنویسی میترا میرزایی، تهران: پر.
- ----------- (۱۳۸۰). *دوبیتی ها*، (فارسی و انگلیسی)، گزینش، پیش گفتار و ترجمه از فرشید اقبال، تهران:اقبال.
- ----------- (۱۳۸٦). *دوبیتی ها*، تصحیح علیرضا اسدی، تهران: جمهوری.
- ----------- (۱۳۷۳). *دوبیتی ها*، تصحیح وحید دستگردی، مقدّمه از جمشید اسماعیلیان، تهران: پرتو.
- ----------- (۱۳۸٥). *دوبیتی ها*، مقدّمه رضا ایزدی، تهران: میلاد.
- -----------(۱۳۷٤). *دوبیتی ها*، به کوشش حمزه‌زاده، مقدّمه از محمّد حسین سیدان، تهران: طلایه.
- -----------(۱۳٦۳). *دوبیتی ها*، مقدّمه و تحقیق عزیزالله کاسبی، تهران، رشیدی.
- ----------- (۱۳۸٥). *دوبیتی ها*، مقدّمه و خط از عباس شاه‌قلعه‌ای،

تهران: مژگان.
- ---------- (۱۳۷۳). *دوبیتی ها به زبان فارسی و ترکی*، ترجمهٔ محسن مهدوی غروی، ،[ بی جا]: مؤلّف.
- ---------- (۱۳۷۱). *دوبیتی همراه با راهنمای شکسته‌خوانی*، به کوشش خسرو زعیمی، تهران: یدالله کابلی خوانساری.
- ---------- (۱۳٦٤). *دیوان(از روی قدیمی ترین نسخه معتبر برادران شاهرودی)*، چاپ سوم، تهران: طلوع.
- ---------- (۱۳۰٦). *دیوان*، به اهتمام حسن وحید دستگردی، تهران: ارمغان./ چاپ دوم: شرق، ۱۳۳۱/چاپ سوم: ابن سینا، ۱۳۳۲/ چاپ چهارم: ابن سینا، ۱۳٤۷ و...
- ---------- (۱۳۳۱ق). *دیوان*، به خط میرزا نعمت الله، تهران: حاجی شیخ احمد شیرازی.
- ---------- (۱۳۷۱). *دیوان*، تصحیح سعید سلطانی یکتا، تهران: مجید فدایی منش.
- ---------- (۱۳۸۵). *دیوان*، به‌کوشش امین مظلومی، [ تهران]: نیلوفرانه.
- ---------- (۱۳۸۷). *دیوان*، تصحیح علی راستگو، مقدّمه فرهاد اسکندری، تهران: اردیبهشت.
- ---------- (۱۳۱۵). *دیوان*، گردآوری محمّد اردکانی، بمبئی: [ بی نا].
- ---------- (۱۳۸۵). *دیوان*، گردآوری جواد نصرتی، کاشمر: عالم افروز.
- ---------- (۱۳۸۰). *دیوان*، مصحح علی راستگو، تهران: حریم یاس.
- ---------- (۱۳۷۹). *دیوان*، مقدّمه محمّد علی ذوالفقاری، تهران: اوسان.
- ---------- (۱۳٦۹). *دیوان*، مقدّمه و تصحیح: اسماعیل شاهرودی، تهران: فخر رازی.
- ---------- (۱۳۷٤). *دیوان شعر*، با مقدّمه مدرویش،[ بی جا]: جویا.
- ---------- (۱۳٦۷). *دیوان شعر*(استنساخ از متن مرحوم وحید دستگردی)، با مقدّمه و تصحیح زین العابدین آذرخش، تهران:اقبال.
- ---------- (۱۳٦۳). *دیوان کامل*، به تصحیح محمّد علی صادقی یغما،

تهران: ققنوس.
- ---------- (بی تا). *دیوان کامل*، تهران: کتاب فروشی رجبی.
- ---------- (۱۳۰۳ق). *رباعیات (به انضمام نان و حلوا و شیر و شکر)*، به اهتمام عبدالغفار، تهران: [ مطبعه مشهدی محمّد تقی].
- ---------- (۱۳۳٤ق). *رباعیات*، به اهتمام میرزا احمد کتاب فروش تهرانی، به خط محمّد قزوینی، تهران: مطبعه عبدالرحیم باسمه‌چی.
- ---------- (۱۳٦۵). *رباعیات*، به کوشش محسن رمضانی، ترجمهٔ انگلیسی از ادوارد هرون آلن، ترجمهٔ - فرانسه از کلمان هوار، ترجمهٔ- آلمانی از جرج لئون لچنسکی، تصاویر داخل کتاب از محمّد تجویدی، خط و حاشیه از محمّد سلحشور، تهران: پدیده.
- ---------- (۱۳٦۳). *گل هایی از گلزار ادب ایران [دیوان بابا طاهر]* ، به کوشش محسن رمضانی، تهران: پدیده.
- پورجوادی، نصرالله. (۱۳۹٤). *بابا طاهر: شرح احوال و نگاهی به آثار ابومحمّد "طاهر جصّاص همدانی"* ، تهران: فرهنگ معاصر.
- پارسای، کیومرث. (۱۳۸۰). *همه آنانی را که بزرگ می پنداریم[ دیوان بابا طاهر]*، تهران: دبیر.
- دانشفر، حسن.(۱۳۷۱). *اسپیده‌باز: سیری در احوال و اشعار بابا طاهر همدانی*، تهران: اقبال.
- رئوفی مهر، محمّد. (۱۳۷۰). *بابا چه می گوید: شرح و تفسیری از کلمات قصار فیلسوف و شاعر و عارف "اکباتان" بابا طاهر عریان*، همدان: میهن.
- سپیتمان(اذکائی)، پرویز. (۱۳۸۷). *ترانه‌های بابا طاهر (منضم به ترجمهٔ‌های انگلیسی آن ها)*، تهران: علم.
- سلطان علیشاه، سلطان محمّد بن حیدر. (۱۳٤۷ق). *الایضاح (شرح کلمات قصار بابا طاهر)*، تهران: میرزا رضی خان یاور سراج الحکماء.
- ---------- (۱۳٦۳). *توضیح (شرح فارسی بر کلمات قصار بابا طاهر عریان)*، [به تصحیح هبةالله جذبی]،تهران: کتابخانهٔ امیر سلیمانی.
- شاملو، احمد. (۱۳۸٤). *ترانه‌ها: ابوسعید ابوالخیر، حکیم عمر خیام، بابا*

*طاهر عریان*، تهران: نگاه.
- شیرمحمّدی، جعفر. (۱۳۸۱). *ترانه‌های روستایی (منتخبی از دوبیتی های بابا طاهر و فایز دشتستانی)*، تهران: هزار آفتاب.
- عابد ابراهیم. (بی تا). *بابا طاهر عریان همراه با ناله‌های جانسوز: اشعار عاشقانه*، تهران: کتاب نادر.
- عسگری، علی اکبر. (۱۳۸۵). *بابا طاهر*، تهران: مدرسه.
- عندلیب شادانی، وجاهت حسین. (۱۹۲٤م). *الدری الزهر فی شرح رباعیات بابا طاهر*، لاهور: شیخ مبارک علی- مطبع کریمی.
- فخرایی، مصطفی. (۱۳۸٤). *بابا طاهر همدانی*، تهران: تیرگان.
- فیضی، عباس. (۱۳٦۹). *آلاله‌های همدانی: گزیده اشعار محلی*، همدان: افشار.
- مدرس عماد، محسن. (۱۳۳۷). *آئینه بینایان: در شرح کلمات عربی بابا طاهر عریان همدانی*، تهران: چاپخانه بوذرجمهوری.
- مشیری، مهشید و مژده جعفرپور سلگی.(۱۳۸۰). *بابا طاهر و خاک دامنگیر غربت*، تهران: آگاهان دیده.
- مقصود، جواد. (۱۳٥٤). *شرح احوال و آثار و دوبیتی های بابا طاهر عریان: به انضمام شرح و ترجمه کلمات قصار وی منسوب به عین القضات همدانی با اصل و ترجمه کتاب الفتوحات الربانّیه فی مزج الاسارات الهمدانیّه به شرح و تفسیر محمّد بن ابراهیم، مشهور به خطیب وزیری*، تهران: انجمن آثار ملّی .
- نوذر اصفهانی، یاربخت. (۱۳٦٤). *از هر چمن گلی: برگزیده‌ای از دوبیتی های بابا طاهر عریان، فایز دشتستانی و نوذر اصفهانی*، تهران: غلامعلی شعبانی.

**کتاب نامه**

**الف) کتاب ها**


۱. آذر بیگدلی، لطفعلی بیگ. (۱۳۳۷). *آتشکده آذر*، با تصحیح، مقدّمه و تعلیقات سیّد جعفر شهیدی، تهران: مؤسسه نشر کتاب.

۲. ابن الشجری. (۱٤۲۲ق.). *امالی*، تصحیح محمود محمّد الطناحی، سه جلد، قاهره: مکتبه الخانجی.

۳. ابن مازه، محمّد بن عمر. (۱۳۹۲). *لطائف الاذکار للحضّار و السُّفّار فی المناسک و الاداب*، تصحیح رسول جعفریان، تهران: علم.

٤. ابوالقاسمی،محسن. (۱۳۷۵). *دستور تاریخی زبان فارسی*، تهران: سمت.

٥. ---------- (۱۳۸۳). *شعر در ایران پیش از اسلام*، تهران: طهوری.

٦. احمدپناهی، محمّد. (۱۳۷۹). *دوبیتی های بومی سرایان ایران*، تهران: سروش.

۷. ادموندز، سیسیل. جی. (۱۳٦۷). *کُردها، ترک ها، عرب ها*، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: روزبهان.

۸. اذکائی، پرویز. (۱۳۷۰). *مروّج اسلام در ایران صغیر، احوال و آثار میر سیّد علی همدانی*، همدان: انتشارات دانشگاه بوعلی سینا با همکاری انتشارات مسلم همدان.

۹. ارکوازی، غلامرضا خان. (۱۳۸٦). *دیوان اشعار*، تصحیح، ترجمه و شرح ظاهر سارایی، چاپ دوم، ایلام: رامان.

۱۰. *اسرار مذهبی فرقه اهل حق [مجموع اشعار یارسان]*. (بی تا). کتابخانهٔ مجلس شورای اسلامی، به شمارهٔ ۱۷٤٥۰.

۱۱. انجوی شیرازی، ابوالقاسم.(۱۳٥٥). *مردم و فردوسی*، تهران: سروش.

۱۲. اوحدی بلیانی، تقی الدین. (۱۳۸۹). *عرفات العاشقین و عرصات العارفین*، تصحیح ذبیح الله صاحبکاری و آمنه فخر احمد، تهران: میراث مکتوب.

۱۳. اورنگ، مراد. (۱۳٥۰). *سرودههای بابا طاهر همدانی*، تهران: پرچم.

۱٤. ایزدپناه، حمید. (۱۳٥۰). *آثار باستانی و تاریخی لُرستان*، تهران: انجمن آثار ملّی .

۱۵. ایوانف، و.(۱۹۵۰). *تذکرهٔ اعلی: مجموعه رسائل و اشعار اهل حق*، بمبئی: مطبعهٔ قادری.
۱٦. بابا طاهر عریان همدانی.(۱۳٤۷). *دیوان اشعار*، به تصحیح و اهتمام وحید دستگردی، چاپ چهارم، تهران: ابن سینا.
۱۷. ---------- (۱۳۸۱). *دوبیتی ها*، با مقدّمه مهدی الهی قمشه‌ای، خطاط فاتح عزت پور، تهران: پاکتاب.
۱۸. بحرالعلومی، حسین.(۱۳۵۵). *کارنامهٔ انجمن آثار ملّی* ، تهران: انجمن آثار ملّی .
۱۹. براون، ادوارد، (۱۳۵۵). *تاریخ ادبی ایران*، ترجمه و تحشیه از علی پاشا صالح، چاپ دوم، تهران: ابن سینا.
۲۰. ---------- (۱۳٦۱). *تاریخ ادبّیات ایران (از فردوسی تا سعدی)*، ترجمه فتح الله مجتبایی، چاپ سوم، تهران: ابن سینا.
۲۱. برتلس، آندره یوگنی یویچ. (۱۳۷۵). *تاریخ ادبیات فارسی(از دوران فردوسی تا پایان عهد سلجوقیان)*، ترجمهٔ سیروس ایزدی، تهران: هیرمند.
۲۲. *بغان یسن*. (۱۳۸۲). گزارنده مهشید میر فخرایی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
۲۳. پازواری، امیر. (۱۳۳۷). *کنزالاسرار مازندرانی*، گردآورنده برنهارد دُرن، به کوشش محمّد کاظم گل بابا پور، تهران: بی نا.
۲٤. پرهیزی، عبدالخالق. (۱۳۸٦). *وزن شعر کردی و تطبیق آن با وزن شعر فارسی*، تهران: کتاب زمان.
۲۵. پورجوادی، نصرالله. (۱۳۹۷). بابا طاهر: *شرح احوال و نگاهی به آثار ابومحمّد "طاهر جصّاص همدانی"* ، چاپ دوم، تهران: فرهنگ معاصر.
۲٦. پورداد، منصوره. (۱۳۸٦). *گویش تاتی*، تهران: هما.
۲۷. تبریزی کرندی، حسام الدین. (۱۳۸۰). *دورهٔ شاه خوشین لُرستانی*، کرمانشاه: خطی.
۲۸. حسینی، سیّد محمّد. (۱۳۸۲). *دیوان گوره*، کرمانشاه: باغ نی.
۲۹. خاقانی شروانی، افضل الدین بدیل. (۱۳۷۵). *دیوان اشعار*، تصحیح و

مقدّمه و تعلیقات سیّد ضیاءالدین سجادی، چاپ دوم، تهران، زوار.
۳۰. خاموشی، سیّد ایمان. (۱۳۸٤). *دفتر کلام زنور قلندر*، صحنه: خطی.
۳۱. خان الماس. (۱۳۷٦). *دیوان اشعار*، کرمانشاه: خطی.
۳۲. خانلری، پرویز. (۱۳۵۲). *تاریخ زبان فارسی*، تهران: بنیاد فرهنگ ایران.
۳۳. ---------- (۱۳٦۱). *زبان شناسی و زبان فارسی*، چاپ چهارم، تهران: توس.
۳٤. --------- (۱۳٤۵). *وزن شعر فارسی*، تهران: بنیاد فرهنگ.
۳۵. *دفتر حقیقت [ده دورهٔ کلامی از بابا خوشین تا عالی]*. (۱۳۷۷). به کوشش حقمراد کاکایی، توتشامی: خطی.
۳٦. *دفتر کلام بابا ناوس*.(۱۳۸٤). تصحیح حسین روحتافی، به خط سیّد ایمان خاموشی، صحنه: خطی.
۳۷. *دفتر کلام بارگاه بارگاه*. (۱۳۷۸). تصحیح حسین روحتافی، به خط سیّد ایمان خاموشی، صحنه: خطی.
۳۸. *دفتر کلام دورهٔ بابا هندو*. (۱۳۸٤). تصحیح حسین روحتافی، به خط سیّد ایمان خاموشی، صحنه: خطی.
۳۹. *دفتر کلام دورهٔ شاه خوشین*. (بی تا). کرمانشاه: خطی.
٤۰. رازی، امین احمد. (۱۳۷۸). *تذکرهٔ هفت اقلیم*، تصحیح محمّد رضا طاهری، ج۲، تهران: سروش.
٤۱. راوندی، محمّدعلی بن سلیمان. (۱۳٦٤). *راحةالصدور و آیةالسرور در تاریخ آل سلجوق*، به تصحیح محمّد اقبال، با حواشی مجتبی مینوی، چاپ دوم، تهران: امیر کبیر.
٤۲. رودیگر، اشمیت.(۳-۱۳۸۲). *راهنمای زبان های ایرانی*، مترجمان: آرمان بختیاری و دیگران، ۲ج، تهران: ققنوس.
٤۳. زرین کوب، عبدالحسین. (۱۳۵۷). *جست و جو در تصّوف ایران*، تهران: امیر کبیر.
٤٤. *سرانجام*. (بی تا). به کوشش سام الدین تبریزی کرندی، دو جلد، کرمانشاه: خطی.

٤٥. سنندجی، میرزا شکرالله. (١٣٦٦). *تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان*، حواشی و تعلیقات از حشمت الله طبیبی، تهران: امیر کبیر.
٤٦. سمعانی، عبدالکریم. (١٣٨٢ق.). *ألأنساب*، مصحح عبدالرحمن معلّمی، حیدرآباد: دایرهٔ المعارف العثمانیه.
٤٧. شاه ابراهیمی، سیّد امرالله. (١٣٧٧). *دیوان سیّد فرضی و یارانش*، صحنه: خطی.
٤٨. شفیعی کدکنی،محمّدرضا. (١٣٨٦). *قلندریه‌در تاریخ (دگردیسی های یک ایدئولوژی)*، تهران: سخن.
٤٩. شمس الدین محمّد بن قیس رازی. (١٣٧٣). *المعجم فی معاییر اشعارالعجم*، به کوشش سیروس شمیسا، تهران: فردوس.
٥٠. شمیسا، سیروس. (١٣٦٣). *سیر رباعی در شعر فارسی (به ضمیمه اجمالی در باب فهلوی)*، تهران: آشتیانی.
٥١. صفا، ذبیح الله. (١٣٥٢). *تاریخ ادبیات در ایران*، تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
٥٢. صفی زاده بوره‌که‌ای، صدیق. (١٣٦١). *بزرگان یارسان*، تهران: عطایی.
٥٣. ---------- (١٣٧٨). *تاریخ کُرد و کُردستان*، تهران: آتیه.
٥٤. صوفی مازندرانی، محمّد. (١٣٤٧). *دیوان*. تصحیح طاهری شهاب، تهران: ابن سینا.
٥٥. عسگری عالم، علیمردان. (١٣٨٢). *فهلویات (پهلویانه) یا تک بیت های کهن سور و سوگ به زبان لکی*، خرم آباد: افلاک.
٥٦. عین القضات همدانی. (١٣٧٧). *نامه‌ها*، به اهتمام علینقی منزوی و عفیف عُسیران، چاپ سوم، تهران: اساطیر.
٥٧. غضنفری، اسفندیار. (١٣٦٤). *گلزار ادب لُرستان*، چاپ دوم، خرم آباد: مفاهیم.
٥٨. کاتبی، حسینقلی. (١٣٦٩). *زبان های باستانی آذربایجان*، تهران: پاژنگ.
٥٩. کارنگ، عبدالعلی. (١٣٣٣). *تاتی و هرزنی: دو لهجه از زبان باستانی آذربایجان*، تبریز: واعظ پور (چاپخانه شفق).

٦٠. کُردستانی، سیّد محمّد سعید. (١٣٦١). *ئایین و ئەوین (یوسف و زلیخای کردی)*، به کوشش و اهتمام سیّد ابراهیم ستوده، تهران: سروش.
٦١. کلام *(کلامات دورهٔ شاه خوشین تا آ تیمور)*. (١٣٩٤). صحنه: جمخانهٔ شاه ابراهیمی.
٦٢. کلّیایی، ملا محمّد باقر. (١٣٩٧). *بهمن و فرامرز کوتاه گورانی*، تصحیح و ترجمه از سیّد آرمان حسینی، کرج: گیومه.
٦٣. کوهی کرمانی، حسین. (١٣٧٩). *ترانه‌های محلّی ایران*، تهران: پارسا.
٦٤. گجری، امین. (١٣٨٠). *نوفل و مجنون*، ضحاک و کاوه آهنگر، تهران: مِه.
٦٥. ماهیدشتی، سیّد یعقوب.(١٣٦٣). *دیوان اشعار*، مقدّمه و تصحیح از محمّد علی سلطانی، کرمانشاه: [مؤلف].
٦٦. مستوفی، حمدالله. (١٣٣٦). نزهةالقلوب، به کوشش محمّد دبیر سیاقی، تهران: طهوری.
٦٧. معین، محمّد. (١٣٦٤). *فرهنگ معین*، چاپ هفتم، تهران: امیر کبیر.
٦٨. مغربی، شمس.(١٣٥٨). *دیوان کامل به انضمام رساله جام جهان نما*، به اهتمام ابوطالب میرعابدینی، تهران: زوّار.
٦٩. مقصود، جواد.(١٣٥٤). *شرح احوال و آثار و دوبیتی های بابا طاهر عریان*...، تهران: انتشارات انجمن آثار ملّی .
٧٠. مولائی، محمّد. (١٣٧٧). مجموعه *رسائل خواجه عبدالله انصاری*، چاپ دوم: تهران: توس.
٧١. نصرآبادی، محمّدطاهر. (١٣٧٨). *تذکرهٔ نصرآبادی و تذکره‌الشعرا*، مقدّمه و تصحیح سیّد محسن ناجی نصرآبادی، تهران: اساطیر.
٧٢. نفیسی، سعید. (١٣٤٤). *تاریخ نظم و نثر در ایران و در زبان فارسی*، تهران: کتاب فروشی فروغی.
٧٣. نوروز سورانی. (١٣٧٤). *دیوان اشعار*، به کوشش حقمراد کاکایی، کرمانشاه: خطی.
٧٤. وحیدیان کامیار، تقی.(١٣٩٠). *بررسی منشأ وزن شعر فارسی*، چاپ

چهارم، مشهد: به‌نشر.
۷۵. *مادخت نسک*. (۱۳۸٦). گزارنده مهشید میرفخرایی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
۷٦. هجویری، علی بن عثمان. (۱۳۸٤). *کشف المحجوب*، تصحیح و مقدّمه از محمود عابدی، تهران: سروش.
۷۷. هدایت، رضاقلی خان، (۱۳۳۹). مجمع *الفصحا*، به کوشش مظاهر مصفّا، تهران: چاپ موسوی.

**ب) مقاله‌ها**

۷۸. ادیب طوسی، محمّدامین. (۱۳۳٤). "فهلویات زبان آذری در قرن هشتم و نهم"، *مجلهٔ دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز*، شمارهٔ ۳۵، صص ٤٦۰-٤۸۲.
۷۹. --------- (۱۳۳۵). " فهلویات مغربی تبریزی" *مجلهٔ دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز*، شمارهٔ ۳۷، صص ۱۲۱-۱۳۷.
۸۰. ----------(۱۳۳۷). "فهلویات لُری"، *مجلهٔ دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز*، شمارهٔ ٤٤، صص ۱-۱٦.
۸۱. اذکائی، پرویز. (۱۳۷۵). "تکمله و تعلیق بر گفتار مینورسکی"، *باباطاهرنامه*، تهران: توس، صص ۱۲۵-۱٤٤.
۸۲. ---------- (۱۳۵٤). "کتاب [کتاب شناسی بابا طاهر] "،*هنر و مردم*، شمارهٔ ۱۵۲، خرداد ۱۳۵٤، صص ۷۳-۷٦.
۸۳. اسماعیل پور، ابوالقاسم. (۱۳۸۰). "ترانه‌های طبری امیر پازواری و اشعار هجایی ایران"، پژوهش *نامهٔ علوم انسانی*، شمارهٔ ۳۲، صص ۹۹-۱۱۲.
۸٤. بهار، محمّدتقی. (۱۳۵۱ الف)." سبک شعر فارسی"، *بهار و ادب فارسی*، به کوشش محمّد گلبن، تهران: فرانکلین.
۸۵. ---------- (۱۳۵۱ب). "فهلویات". *بهار و ادب فارسی*، به کوشش محمّد گلبن، تهران، فرانکلین.

۸۶. به خیال، مهدی. (۱۳۹۳). از بابا طاهر یارسان تا طاهر جصّاص"، *گزارش میراث*، دورهٔ دوم، سال هشتم، شمارهٔ پنجم و ششم، آذر- اسفند، صص ۹۸-۱۰۰.
۸۷. تفضلی، احمد. (۱۳۸۵)."فهلویات". ترجمه فریبا شکوهی، *نامهٔ فرهنگستان*، دورهٔ هشتم، شمارهٔ اوّل، صص ۱۱۹-۱۳۰.
۸۸. حسینی آبباریکی، سیّد آرمان. (۱۳۹۲). " نگاهی تازه به زبان شعر بابا طاهر همدانی"، *کتاب ماه ادبیات*، شمارهٔ ۸۰، آذرماه، صص ۲٤-۳۳.
۸۹. خامه‌یار، احمد. (۱۳۹٤). "بازشناسی شخصیت تاریخی بابا طاهر همدانی"، *پیام بهارستان*، دورهٔ دوم، شمارهٔ ۲۵،بهار و تابستان، صص ۹۱-۱۰۳.
۹۰. خانلری، پرویز.(۱۳۲٤). " دوبیتی های بابا طاهر"، *پیام نو*، سال اوّل، شمارهٔ هشتم، صص ۲٦-۳۰ و شمارهٔ نهم، صص ۳۷-۳۹ و ٦۰.
۹۱. ---------(۱۳٦۹)." دوبیتی های بابا طاهر"، *هفتاد سخن*، جلد سوم، تهران: توس، صص ۱۹۱-۲۰۵.
۹۲. دانش پژوه، محمّد تقی. (۱۳۵٤). " دفتر سرانجام اهل حق و بابا طاهر همدانی"، *راهنمای کتاب*، سال هجدهم، شمارهٔهای ۱۰-۱۲، صص ۵۷۳-۵۸۸.
۹۳. ذوالفقاری، حسن و لیلا احمدی. (۱۳۸۸). "گونه‌شناسی بومی سرودهای ایران"، *ادب پژوهی*، شمارهٔ هفتم و هشتم، بهار و تابستان، صص ۱٤۳-۱۷۰.
۹٤. رادفر، ابوالقاسم. (۱۳۷۹)."بابا طاهر و خاورشناسان"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارهٔ اوّل و دوم، پاییز و زمستان، ص۲۱۵-۲۲۷.
۹۵. راشدی نیا، اکبر.(۱۳۹۵). "بابا طاهر عریان همان جصّاص/ گچ کار(نه بنّا) است"، *جهان کتاب*، سال ۲۱، شمارهٔ ۱۱ و ۱۲، صص ۸-۱۰.
۹٦. رشید یاسمی، غلامرضا. (۱۳۰۸). "بابا طاهر عریان"، *ارمغان*، سال دهم، شمارهٔ اوّل، فروردین، صص ٦٦-۷۰.
۹۷. رضایتی کیش خاله، محرم. (۱۳۸٤). *" تأمّلی دیگر در فهلویات شیخ صفی الدین اردبیلی"*، گویش شناسی *(ضمیمه نامهٔ فرهنگستان)، دورهٔ دوم،*

شمارهٔ اوّل، صص ۱۲۸-۱٤٦.
۹۸. ریاحی خوئی، محمّدامین.(۱۳۸۱). "ملاحظاتی در بارهٔ زبان کهن آذربایجان"، *مجلهٔ اطلاعات سیاسی- اقتصادی*، شمارهٔ ۱۸۱-۱۸۲، مهر و آبان، صص ۲٦-۳۵.
۹۹. سرکاراتی، بهمن. (۱۳۸۵). "زبان کهن آذربایجان"، *سایه‌های شکارشده*، چاپ دوم، تهران: طهوری، صص ۳۱۵-۳٤۰.
۱۰۰. سروشیار، جمشید. (۱۳۹۵). "بابا طاهر عریان بنّای قابلی هم بود!"، *جهان کتاب*، سال ۲۱، شمارهٔ نهم، صص ۷-۱۳.
۱۰۱. شریفی، احمد. (۱۳۷٤). "شاهنامهٔ کُردی، اثری مستقل یا ترجمه‌ای از شاهنامهٔ فردوسی"، *فرهنگ*، شمارهٔ شانزدهم، زمستان، صص ۲۳۹-۲۵۹.
۱۰۲. صادقی، علی اشرف. (۱۳٦۳). تبدیل "آن" و "آم" به "اون" و "اوم" در فارسی گفتاری و سابقهٔ آن"، *زبانشناسی*، سال اوّل، شمارهٔ اوّل، صص ۵۲-۷۱.
۱۰۳. ---------(۱۳۹۰). "وزن فهلویات"، *وزن شعر فارسی از دیروز تا امروز(مجموع سخنرانی های نخستین هم اندیشی وزن شعر فارسی و اشعار ایرانی در انجمن زبان شناسی ایران، اردیبهشت ۱۳۸۹)*، به کوشش امید طیب زاده، تهران، صص ۱۳۷-۱٤۹.
۱۰٤. صداقت کیش، جمشید. (۱۳۷۹). "اشعار پور فریدون در نسخه‌های چاپی اشعار بابا طاهر"، *پژوهش علوم انسانی*، دانشگاه بوعلی سینا، سال اوّل، شمارهٔ اوّل و دوم، پاییز و زمستان، صص ۲۳۹-۲٦۱.
۱۰۵. صفایی، ابراهیم. (۱۳۳۸الف). "آرامگاه بابا طاهر" *ارمغان*، دورهٔ ۲۸، شمارهٔ اوّل، فروردین، صص ۱۱-۱۸.
۱۰٦. ---------(۱۳۳۸ب). " در آرامگاه بابا طاهر"، *ارمغان*، دورهٔ ۲۸، شمارهٔ ششم، شهریور، صص ۲۸٤-۲۸٦.
۱۰۷. ---------(۱۳٤۱)." شعرهای بابا طاهر را غلط می خوانند". *ارمغان*، دورهٔ ۳۱، شمارهٔ هفتم، صص ۲۹۸-۲۹۹.
۱۰۸. ضیاء، محمّدرضا. (۱۳۹٤). "اوراق پریشان(٤)، *بخارا*، سال هجدهم،

شمارهٔ ۱۰۸، مهر و آبان، صص ۲۹۲-۳۰۲.
۱۰۹. طبیب زاده، امید. (۱۳۹۲). "بررسی تاریخی وزن فهلویات". *زبان ها و گویش های ایرانی*، شمارهٔ سوم، اسفندماه، صص ۵۹-۸۹.
۱۱۰. طبیبی، حشمت الله. (۱۳۴۹). "اهل حق ۲"، *وحید*، سال هفتم، شمارهٔ دهم، صص ۱۲۰۶-۱۲۲۲.
۱۱۱. فقیهی، علی. (۱۳۵۲). "الفتوحات الربانیّه فی مزج الاشارات الهمدانیّه"، گوهر، سال اوّل، شمارهٔ ششم، تیرماه، صص ٥٢٤-٥٣٢.
۱۱۲. کبیری، غلامرضا. (۱۳۸۱). "زمزمه‌های دیار بی خزان"، *اباختر*، شمارهٔ ٤٣، صص ١٥٦-١٥٩.
۱۱۳. محیط طباطبایی، محمّد. (۱۳۲۰)."شرفشاه گیلانی"، *موسیقی*، شمارهٔ دهم و یازدهم، دی و بهمن، صص ۲۵-٤٠.
١١٤. مولائی، چنگیز.(۱۳۸۱). "چند نکته در باره شیوه تصحیح دوبیتی های بابا طاهر"، *نامهٔ فرهنگستان*، دورهٔ پنجم، شمارهٔ سوم، صص ٧٤-٨٣.
۱۱۵. مینورسکی، ولادیمیر. "زیست نامهٔ بابا طاهر"، *بابا طاهرنامه*، تهران: توس، صص ۱۱۵-۱۲۳.
١١٦. ---------(۱۳۰۷)." شرح حال بابا طاهر عارف و شاعر ایرانی"، ترجمه نصرت الله کاسمی، *ارمغان*، سال نهم، شمارهٔ دهم، دی ماه، صص ۵۷۲-۵۸۸.
۱۱۷. مینوی، مجتبی. (۱۳۳۵). "از خزاین ترکیه"، *مجلهٔ دانشکده ادبیات دانشگاه تهران*، سال چهارم، شمارهٔ دوم، صص ٥٤-٥٨.
۱۱۸. نفیسی، سعید. (۱۳۷۵). "پور فریدون"، *بابا طاهر نامه*، تهران: توس، صص ۷۱-۷۵.
۱۱۹. نیستانی، جواد.(١٣٧٦). "بررسی احوال و اشعار امیر پازواری"، *نامهٔ فرهنگستان*، شمارهٔ نهم، صص ۸۰-۸۸.
۱۲۰. وحیدیان کامیار، تقی. (۱۳۷۰). "وزن فهلویات کمی است نه هجایی"، *حرف های تازه در ادب فارسی*، اهواز: انتشارات جهاد دانشگاهی اهواز.
۱۲۱. ---------(١٣٧٦). " وزن فهلویات همانند وزن شعر پیش از اسلام

کمی است"، *پژوهش های علوم انسانی*، شمارهٔ ۱و۲، پاییز و زمستان، صص ۱۱۹-۱۲۹.
۱۲۲. هومند، نصرالله. (۱۳۷۲). "بومی سرود: رضا خراطی"، *شعر*، شمارهٔ هشتم، دی ماه، صص ٦٦-٦٨.
۱۲۳. یوسفی، مسعود. (۱۳۸٦). "گویش دوبیتی های بابا طاهر"، *کیهان فرهنگی*، سال ٢٤، شمارهٔ ٢٤٩، تیرماه، صص ٤٦-٥٠.

## د. آرمان حسینی آبباریکی



- له ساڵی (١٣٦٦هـ/١٩٨٧ز)، له شارستانی (سەحنه)ی سەر به پارێزگای کرماشان هاتووەته دنیاوه.
- له ساڵی (١٣٩٧هـ/٢٠١٨ز) بڕوانامەی دکتۆرای له پسپۆڕیی زمان و ئەدەبیاتی فارسیی، له زانکۆی شەهید مەدەنی له تەورێز بەدەستهێناوه.
- له بوارەکانی تایبەت به ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و میللیی و ئەدەبیاتی نووسراودا شەش کتێبی چاپ و بڵاوکردووەتەوه.
- خاوەنی دوو پڕۆژه و پرۆپۆزەڵی زانستییه، کەوا له (زانکۆی ئازادیی ئیسلامیی – لقی کرماشان) و زانکۆی کوردستان – توێژینگەی کوردستانناسیی) کاریان له سەر کراوه و ئەنجامدراون.
- له زیاتر له ده کۆنفرانسی زانستیی نیشتمانیی و نێودەوڵەتییدا بەشداریکردووه و باس و بابەتی له بوارەکانی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی و فارسییدا پێشکەشکردووه.
- له چەندین کۆڕ و کۆنفرانسی ئەدەبیی و زانستییدا وەکو ئەندامی دەستەی داوەریی و هەڵسەنگاندن بەشداربووه.
- خاوەنی زیاتر له ١٠٠ باس و توێژینەوەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی و زانستییه له بوارەکانی کولتوور و زمانناسییدا، که له گۆڤار و وەرزنامه زانستییەکاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوه.

## د. قادر وریا



ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

لە تەمەنی مێرمنداڵیدا ڕووی کردووەتە هۆندنەوەی شێعر.

لە هاوینی ١٩٩٣ەوە لە بناری قەندیلەوە ڕووی کردووەتە دەشتی کۆیە و لە نزیک ئەو شارە گیرساوەتەوە.

لە ٢٠٠٢ لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، خوێندنی بەکالۆریۆسی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا دەست پێکردووە و لە ٢٠٠٦ سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هێناوە.

لە ٢٠٠٨ خوێندنی ماستەری لە بواری زمانی کوردی، لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین دەست پێ کردووە و لە ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە.

لە ٢٠٢١ خوێندنی دکتۆرای زمانی کوردیی لە زانکۆی کۆیە دەست پێکردووە و لە سەرەتای ٢٠٢٤، بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە.

لە ٢٠١٠ەوە لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە ٢٠١٧شەوە لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە، وەک مامۆستای زمانی کوردی، خزمەتی کردووە.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

جگە لە سەدان وتار و بابەت کە بە شێوەی مانگانە و حەوتووانە و ڕۆژانە لە ڕادیۆ و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخ یان هەرێمی کوردستان، یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی کردوونەوە، زیاتر لە ١٥ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیە.

# بەشی چوارەم

# کاریگەریی باباتاهیر
# لە سەر ئەدەبیاتی گۆرانیی و
# بیرووڕای یارسان

د. پەروین مەحمود وەیسی*
زانکۆی هامبۆرگ – ئەلمانیا

# کاریگەریی باباتاهیر
# لە سەر ئەدەبیاتی گۆرانیی و بیروڕای یارسان[١، ٢]

د. پەروین مەحمود وەیسی، زانکۆی هامبورگ

## پێشەکیی

ئەم لێکۆلینەوە باس لە کاریگەریی شیعری باباتاهیر[٣] لە گەشەپێدانی ئەدبیاتی گۆرانیی[٤] دەکات. باباتاهیر وەک کەسایەتییەکی جێی ڕێز لە ناو

---

(١) ئەم لێکۆڵینەوە بەشێکە لە کتێبی *The Dialectal Position and Historical-Linguistic Development of Gorani* کە بە پاڵپشتی دامەزراوەی DFG و لە زانکۆی هامبورگی ئاڵمانیا دەنووسرێت. هەروەها کورتکراوەی ئەم نووسراوە، لە وتارێک بە ناوی *Bābā Tāher's Influence on Gorāni Literature and the Yārsān Beliefs* لە کتێبێک بە ناوی Essays on Gurani Literature لە لایەن Springer Nature بلاوکراوەتەوە.

(٢) پێمخۆشە لێرەدا لەو کەسانەی کە لە نووسینی ئەم لێکۆلینەوەیە یارمەتییانداوم، سوپاسیانبکەم. سەرەتا سوپاسی تایبەتم هەیە بۆ هاورێ و هاوکاری ئازیزم، خاتوو ئازادە وەتەنپوور، کە هەم هاندەرم بوو بۆ نووسین و هەم زۆر یارمەتیداوم لە ئێدیتکردنی وتارەکەدا. ڕێز و سوپاسی تایبەتییشم هەیە بۆ بەڕێز دکتۆر سامان شەهابیی، کە بە دەست و دڵێکی فراوانەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە کتێب و وتاری نایەبەردەستم. هەروەها سوپاس و پێزانینێکی زۆرم هەیە بۆ هاوڕێی کۆنم فەریبورز عەباسیان، کە بە مێهرەبانیی زۆرەوە کتێب و سەرچاوەی پێویستی بۆ ناردم. سوپاسی هاوڕێی ئازیزم بەڕێز پرۆفسۆر کراینبروک دەکەم، کە بە وردیی کارەکەمی خوێندەوە و چەند ئامۆژگاریی بەنرخی بۆ ناردم. هەروەها سوپاسێکی فراوان و خوشەویستییم هەیە بۆ ئازیزانم ڕامان گورگین پاوە، دەریا وەڵەدبەیگیی و نەرگس مەحمود وەیسی، کە یارمەتییاندام لە دۆزینەوەی هێندێک سەرچاوەی دیکە بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

(٣) لە سەر ژیانی باباتاهیر، زانیاریی زۆر لە بەردەستدا نییە. بە پێی نووسراوەی ڕاوەندیی، ئەم زاتە لە ساڵی ١٠٥٥ پاش زاین لە ژیاندا بووە (بڕوانە: محمد بن راوندی، راحت الصدور و آیات السرور، به اهتمام م. اقبال (تهران: اساطیر ٢٠٠٧، ٩٨-٩٩).

(٤) وشەی گۆران کە دەتوانرێت بە گۆرانییش بدرکێندرێت، بە کۆی چەند زاراوە دەگوترێت، کە لە ڕوانگەیەکی تەقلیدییەوە لە بنەماڵەی ئەو زمانە ئێرانییانە دەژمێردرێن، کە بە باکووریی-ڕۆژئاوایی (شمال-غەربی) بەناوبانگن و خۆی خاوەنی چەند زاراوەیە. بۆ

نووســراوەکانی یارســان، نە تەنیـا یەکێـک لە یـارانی باباخوشـینە، بەڵکـو کەسایەتییەکی پایەبەرزە کە لە کاتی خۆی لە ناو خەڵکیدا دەنگ و ئاوازەی باشی هەبووە. لە سەر پەیوەندیی نێوان باباتاهیر و ئاینی یارسان، (کە بە ئەهلی حەق و کاکەییش بەناوبانگن) زانایانی بەناوبانگی وەک زەرینکووب[1] و ئەزکایی[2] کاری بەنرخیان کردووە. بە بۆچوونی ئەم زانایانە باباتاهیر دەبێت سـەر بە ئـاینی یارسـان بووبێـت. دەسـتکەوتی ئەم زانایـانە، هەوێنـی ئەم لێکۆلینەوەیەیە و لە سەر ئەوە ئیشدەکات کە چۆن شیعری فەهلەویی[3]، (کە باباتاهیر یەکێک لە باشترین نوێنەران و شاعیرانی ئەم جۆرە شیعرەیە) لە ناو شیعری ئەدەبی گۆران دەتوێتەوە.

هەروەهـا هەنـدێک لە شـیعرەکانی باباتـاهیر لەگەل شـیعری ئەدەبـی گـۆرانیی، بە تـایبەت شـیعری یارسـان کە بەشـێکە لە شـیعری گـۆران، بەراوردەکرێت و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆلینەوەیە، خستنەڕووی نزیکایەتیی هەردوو لایەنی چەمک و بابەتییە لە بەینی شیعرەکانی باباتاهیر و یارسانەکاندا.

بۆ ئەم مەبەستە، لەم باسە لە سەر وشەی گرنگی وەکو "بازی ئەزەلیی"، "شاهین"، "خۆشەویستیی" و هێندێک وشەی سروشتیی لێکۆڵینەوەدەکرێت تا چۆنیەتییـان لە هەردوو زمـانە ئەدەبیـیەکەدا بەراوردبکرێـت. لە ئاکامـدا

---

زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Mahmoudveysi, Parvin, Denise Bailey, Ludwig Paul, & Geoffrey Haig. 2012. *The Gorāni Language of Gawrajū, a Village of West Iran.* Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag; Mahmoudveysi, Parvin, & Denise Bailey. 2013. *The Gorāni Language of Zarde, a Village of West Iran*. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag; Paul, Ludwig. 2000. "Zur Lage der Gōrānī-Dialekte im Iran und ihrer Erforschung." In *Iranian Languages and Texts from Iran and Turfan: Ronald E. Emmerick Memorial Volume*, edited by Maria Macuch, Mauro Maggi, and Werner Sundermann, 285-296. Wiesbaden.

(1) عبدالحسین زرینکوب، *جستجو در تصوف ایران*، چاپ ١٦. (تهران: انتشارات امیرکبیر. ١٤٠٣، ١٦٣-٢٠٥)

(2) پرویز اذکایی، باباطاهرنامه (تهران: طوس، ١٣٧٥، ١٣٨-١٤٤).

(3) وشەی فەهلەویات بەو هۆنراوانە دەوترێت، کە لە ناوچەی پەهلە/فەهلە زۆرتر بە فۆڕمی دووبەیتیی هۆنراونەتەوە.

دەبیندرێت کە بەکارهێنانی ئەم وشانە لە هەردوو نەریتەکە نزیکی بیر و ڕای باباتاهیرِ بە بیر و ڕای یارسان دەخاتەڕوو، پاڵپشتیی ئەو بۆچوونە دەکات، کە بە ئەگەری زۆرەوە باباتاهیر یەکێک لە پیرە مەعنەوییەکانی ئاینی یارسان بووە.

هەروەها ئەم لێکۆلینەوەیە باس لە بایەخی کولتوور و زمانی هەردوو وشەی "ئەورامە" و "ئەورامان" دەکات. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، قورسایی دەخەمەسەر بەکارهێنانی ئەم وشانە، بە تایبەت وشەی "ئەورامە"، کە لە ناو کتێبە کۆنە ئەدەبییەکان ئاماژەپێکراوە. بۆ وێنە قەیسی ڕازیی، زانای سەدەی حەوتی هیجریی قەمەریی (١٣ زایینیی)، لە کتێبی *المعجم فی معابیر اشعار العجم*[١] دەنووسێت: "دانیشتوانی جبال، خۆشەویستییەکی تایبەت و زۆرتریان بۆ نەوای "ئەورامن" و شیعری فەهلەویی هەیە تا بە ئەشعاری عەرەبیی و ئەغزالی دەری"[٢]

**پێشینەی باباتاهیر**

ئەم زاتە، زۆرتر بە ناوی باباتاهیری عوریان (ڕووت) ناسراوە؛ کەسایەتییەکی بەڕێز بووە لە ناو ئەدەبیاتی ئێرانیی سەدەی یازدەی زایینییدا. بابا بە هۆی دووبەیتییەکانیەوە، کە ناوەڕۆکیان بریتییە لە خۆشەویستیی و بیری فەلسەفیی، ناسراوە. زۆربەی زانایان لە سەر ئەو بڕوایەن، کە بابا خەڵکی هەمەدان، شارێک لە ڕۆژئاوای ئێرانە. زانیارییەکی ئەوتۆ لە سەر کەسایەتیی و چۆنیەتیی ژیانی لە بەردەستدا نییە و تا ڕادەیەکی زۆر ون و سیحراویی دێتەبەرچاو. شیعرەکانی بە هۆی سادەیی و قووڵاییان و بابەتی عەشقی ئیلاهیی و خەم_دەروونیی، لە ناو دڵی خوێنەرانی جێگای خۆیان کردوەتەوە.

ناوی باباتاهیر، پەیوەندیی هەبووە بە ناوی پەهلەویی/فەهلەویی و ئەو

---

(١) قیس رازی، شمس الدین محمد: *المعجم فی معابیر اشعار العجم*. تصحیح محمد قزوینی، (تهران: انتشارات دانشگاه تهران ١٣٢٧).

(٢) قیس رازی، المعجم ١٦٦.

شـیعرانەی کە بە نـاوی فەهلەویـاتەوە بەناوبـانگن. شـاعیرانی ناوچەکـانی زنجان، تالش، ڕەی، قەزوین، تەبریز، ئەسفەهان، مراغە، کاشـان و هەمەدان[1]، فەهلەویاتیان هۆنیوەتەوە. ئەم شارانە دەکەونەناو ناوچەیەکی جوگرافیایی، کە بە ناوچەی پەهلە/فەهلە بەناوبانگبووە.

نـاوی باباتـاهیر تەنیـا لە چەنـد سـەرچاوەی دەگمەن، هـاتووە. بۆ وێنە عەبدئەلسـەمەد تـووداری لە *نورالانـوار*[2]، کە بە وتەی خـۆی سـاڵی ١٠٩٩ هێجریـی مـانگیی (١٦٨٧ زاینیـی) دەسـتی بە نووسـینی کـردووە، ئامـاژەیەکی کورتی بە ناوی باباتـاهیر کردووە، بەڵام یەکەم سـەرچاوە کە ئەزکـایی نـاوی باباتاهیری لە نـاوی دۆزیوەتەوە، *نامەکانی عین القضـاتی هەمەدانییە*[3]، کە لە سـاڵانی ٥٢٠-٥٢٥ هجریـی قەمەریـی (١١٢٦-١١٣٠ زاینیـی) نووسـراون. لەم نامانەدا ئیشارەت بە گۆڕی باباتاهیر دەکرێت، کە شوێنێکی پیرۆزە. دووەمین سەرچاوەی گرنگ کتێبی *راحت الصدور و آیات السروری*[4] ڕاوەندییە، کە لە سـاڵانی ٦٠٠-٦٠١ هجریـی قەمەریـی (١٢٠٣-١٢٠٤ زاینیـی) نووسـراوە و سـەبارەت بە حکـومەتی سـەلجووقییەکانە. لەم کتێـبە ئیشـارەت بە دیـداری

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: A. Tafazzoli, "Fahlavīyāt," *Encyclopædia Iranica*, vol. IX (New York, 1999), 158-162؛ ازکایی، باباطاهرنامە، ٨١-١٧١

(٢) تووداری، سەید عەبدئەلسەمەد، *نورالانوار*، (ئێدیتۆر: سید عبدالله سنندجی)، سنە (ساڵی چـاپ دیـار نیـیە)، هەروەهـا کـۆپیی دەستنووسـێکیش لە بەردەسـتدایە، کە تـاریخی نووسـینەوەی مـوحەرەمی ١٣٧٢ هیجرییە و لە نیهایەتنووسـەرەکەی نووسـیویە، کە تـا ئێسـتا شـەش نوسـخەی لێنووسـیوەتەوە. مـحەمەدی مەلا کەریـم بەشـێکی بە نـاوی چەمکێکی *مێژووی هەورامان و مەریوان* وەریگێڕاوەتەسەر کوردیی، سلێمانیی، ١٩٧٠.

(٣) ازکایی. پرویز: باباطاهرنامە. ص ١٢٧. عین القضـات همدانی، لە سـاڵی ١٠٩٦ پـاش زاین لەدایکبـوو. ئەم زاتە، سـۆفیی و فەیلەسـووفێک بـوو، کە بە چەنـد هـۆوە وەک ئیلحـاد و شەیتانپەرەستیی تۆمەتبارکرا و لە ساڵی ١١٣١ زاینیی لەسێدارەدرا. بۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانە:
G. Böwering, "ʿAyn-al-Qożāt Hamadānī," *Encyclopaedia Iranica*, 1987, https://iranicaonline.org/articles/ayn-al-qozat-Hamadāni-abul-maali-abdallah-b.

(٤) علی راوندی، *راحت الصدور و آیات السرور*. بـە کوشـش محمـد اقبـال، (تهران: اسـاطیر ٢٠٠٧، ٩٨-٩٩).

باباتــاهیر وەک پیــاوێکی ســۆفیی لەگەڵ ســوڵتان تــوغرولی ســەلجووقیی دەکرێت. چون (عین القضات)، ناوی گۆڕی باباتاهیر دەبات، دەبێت ژیانی باباتاهیر پێش ژیانی (عین القضات)ی هەمەدانیی (کە لە ساڵی ۱۱۳۰ زاینیی لەسێداردراوە) بووبێت و چونکە سەردانەکەی توغرول بەگی سەلجووقیی لە هەمەدان لە ســـاڵی ۱۰۵۵ زاینیـــی بـــووە، مینورســـکیی[١] لە ســـەر ئەوە جەختدەکاتەوە، کە مردنی بابا دەبێت لە پاش ساڵی ۱۰۵۵ زاینیی ڕویدابێت.

هەروەهــا کە وتمــان، نــاوی بابــا تەنیــا لە چەنــد ســەرچاوەی دەگــمەن دەبینـدرێت. جیـا لەم سـەرچاوانە تـا سـەدەی نـۆیەمی هیجریـی مـانگیی، کە یارسانەکان ناوی باباتاهیریان بەرزکردەوە، بێدەنگییەکی سەیر بەرانبەر بە باباتـاهیر هەیە. ئەوەیش لە کاتێکدایە کە نـاوی بابا لە ئەدەبی سـەرزارەکیی بـــوونی هەیە. لە لایەکـــی دیکەیشـــەوە ڕاوەنـــدیی[٢] بابـــا وەک پیـــر (ڕابەری تەریـقەت) ناودەهێنێـت و دەنووسـێت: "کاتێـک تـوغرول بەگ لە سـاڵی ٤٤٧ هجریـی قەمەریـی (۱۰۵۵ زاینیـی) هـاتەهەمەدان، باباتـاهیر و هاوڕێکـانی بابـا جەعـفەر و بابـا حەمشـاد لە سـەر بەرزاییـەک بە نـاوی خـدر لە دەروازەی شـاری هەمەدان ڕاوەسـتابوون. تـوغرول لە ئەسـپەکەی دابەزی و دەسـتیانی ماچکرد. بابا لێیپرسی: "چی لە خەلکی خودا دەکەیت؟" سـوڵتان وەڵامیدایەوە: "هەرچی تۆ بفەرموویت". بابا پێیدەڵێت بە عەدل و ئیحسان هەڵسوکەوتبکە و سـەری مسـینەکەی دەشـکێنێت و دەیکـاتە دەسـتی سـوڵتان و دەڵێـت: "ئـا بەم جۆرە مەملەکەتی عالەمم خستەناو دەستت، لە سەر عەدل بمێنە".

کەسێک بە ئاوا کەسایەتییەک، کە "مەملەکەتی عـالەم" دەخاتەنـاو دەسـتی سوڵتانێکەوە، دەبێت کـاتی خـۆی نـاو و بایەخێکی یەکجـار زۆری هەبووبێت، بۆیە زۆر جێی سەرسووڕمانە، کە لە کتێبێک وەکو *تذکره اولیای*[٣] عطـاری نیشابووریی (لە دەوروبەری سـاڵانی ۱۱٤٥/٥٤٠-۱۲۲۱/٦۱۸ لە ژیانـدا بـووە)،

---

(1) Vladimir Minorsky, "Ahl-e Haqq," *The Encyclopedia of Islam*, vol. 1 (1960), pp. 260-263.

(٢) راوندی، راحت الصدور، ٩٩.

(3) R.A. Nicolson, ed., *Taḏkerat al-awlīā'*, by Saikh Farīd Al-Dīn Pend'Attār, with introduction by M. Qazvīnī (London: Luzac, 1905).

کە نـاوی ۹۷ ئەولیـادی تێیـدایە، نـاوی باباتـاهیر بە هـیچ جۆرێـک نابرێـت. زەڕینکووب بە ڕێکیی ئاماژە بەم خاڵە دەکات و ڕونیدەکاتەوە، کە بە ئەگەری زۆرەوە، باباتـاهیر و هاوڕێکـانی بابـا حەمشـاد و بابـا جەعـفەر پەیوەنـدییان لەگەڵ "فرقەیەکـی گومانـاویی و شـاردراوە"[1] بـووە. زەرینکـووب هەروەهـا بڕیـاری کوشـتنی (عـین القضـاتی همـدانی)، (کە شـەرحێکی لە سـەر کەلیمـاتی قسـاری باباتـاهیر نووسـیبوو) لە لایەن مەلایـانی ئەو زەمەنە و لەسـێدارەدانی لە ساڵی ٥٢٥ هجریی مانگیی، هەر لەم پەیوەندییەدا دەبینێت[2].

ئەزکـاییش[3] ئامـاژە بە پەیوەنـدیی نێـوان باباتـاهیر و یارسـان و گـۆران دەکـات. ئەو پـاش ئەوەی باسـێک لە سـەر مێـژوو و ئـاینی گۆرانەکـان لە نـاو کوردەکانـدا دەکـات، دێتەسـەر باباتـاهیر و دەڵێـت کە باباتـاهیر یەکێـک لە پیرەکانی تەریقەتی ئەهلی حەق بووە و ئەم تەریقەتەیش پەیوەندییەکی قووڵی لە گەڵ بیروباوەڕی "زەروانیی-مانەویی و حیکمەتی فەهلەویی کۆن" بووە و دواتـریش وەکـو یەکێـک لە فریشـتەکانی ئەم تەریـقەتە لە نـاو گۆرانەکـان و لوڕەکان ناوی بەرزبووەتەوە[4].

چەن جار ئامـاژەم بە نـاوی نـاوچەی فەهـلە کـرد. بـا ببینین لە ڕوانگەی جوگرافییزانـانی سـەرەتاکانی دەورانـی ئیسـلامیی، فەهـلە بە کـام شـوێنەوار دەوترێت.

ناوچەی پەهلە/فەهلە هەر ئەو ناوچانە دەگرێتەبەر، کە پیشـتر لە زەمەنـی پـێش ئیسـلام بە نـاوی وڵاتـی ماد/میدیا بەناوبـانگبوو و پاشـتریش پێیگـوترا کوهسـتان، یـان جبـال و پاشـتریش لە دەورانـی سـەلجووقییەکاندا بە عێراقـی عەجەم ناویانلێبرد. جوگرافییزانەکـانی سـەرەتاکانی دەورانـی ئیسـلامیی وەکـو ئیـبن مقفـع (١٤٢ مـانگیی)، ئیـبن خـوردادبە (٣٠٠ مـانگیی)، ئیـبن فقـیە (٢٨٩ مـانگیی)، موقەدەسـی (٣٨٠ مـانگیی) بـۆ نـاوچەی فەهـلە چەنـد شـوێنەواریان

---

[1] زرینکوب، جستجوو ١٨٧-٢٠٧، ١٩٤.

[2] زرینکوب، جستجو، ٢٠٦.

[3] اذکایی، باباطاهر، ١٤٤-١٣٨.

[4] اذکایی، باباطاهر، ١٤٣.

وەکو مێهرجـان قەدەق (سـەیمرەی ئەمـڕۆ) و ماسـبەدان (سـیروانی ئەمـڕۆ)، قرمیسـین (کرماشـانی ئەمـڕۆ)، دینـەوەر، نەهاوەنـد، هەمەدان، قەزوێـن، ڕەی دابینکـــردووە[1]. ئەو جوگرافییزانـــانە کە ناویانهـــات، هەموویـــان لە ســـەر دابینکردنی سنووری پەهلە، هـاوڕێ نیین، بەڵام زۆربەیـان لە سـەر دینـەوەر، نەهاوەند و هەمەدان و مێهرجـان قەدەق (سـەیمرە) و ماسـبەدان (سـیروان) و هێندێکیان لە سـەر قرمیسـین (کرماشـان) هـاوڕان. پاشـتر بەشـی ڕۆژهەڵاتـی لێجیادەکرێتەوە و ناوی ئەو بەشـە دەنێن کوردسـتان. حەمدوڵڵا مستۆفیی لە نزهەت ئەلقلووب (نووسـراو لە ٧٤٠ هیجریـی مـانگیی)[2] دەنووسـێت، کە پەهلـە چـوار شـارە و بـریتییە لە ئەسـفەهان و هەمەدان و قـوم و ڕەی و ئەلێـت جوگرافیـاکەی بە ولایـاتی ئازەربایجـان، کوردسـتان، خوزسـتان و فـارس دابینـدەکات. کەواتە مێهرجـان قەدەق و ماسـبەدان و قرمیسـین ئیتـر لە سەدەکانی هەشتی هیجرییەوە، بەشێک لە پەهلە نەماون، بەڵام لە کاتێک کە باباتاهیر ژیاوە، ناوچە کوردیی و گۆرانییەکان بەشێک لە پەهلە بوونە.

هۆنراوەکـانی باباتـاهیر لە کۆمەڵێـک دەستنووسـیش لە بەردەسـتدایە، تۆمارکردوون. با بزانین دەستنووسەکان کامانەن.

### دەستنووسەکان

گـوایە کـۆنترین نوسـخە لە شـیعرەکانی باباتـاهیر لە مـوزەی قـونیە لە تورکیـادایە و تـاریخی ٨٤٨ هجریـی (١٤٤٨ زاینیـی) لە سـەردایە. لە سـاڵی ١٩٥٦مـوجتەبی مینـۆڤی چـوو بـۆ قـونیە، دەستنووسـەکەی بینـی و نووسیویەتیەوە و لەگەڵ خۆی هێناویە بۆ ئێران[3]. ئەو پێشەکییەکی لە سەری

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پژمان فیروزبخش، فهلویات: پژوهشی در اشعار بازمانده از زبان و ادبیات مشترک عراق عجم و آذربایجان (تهران: انتشارات محمودافشار ١٤٠١)، ٢٥-٣٢.

[2] نزهت القلوب، المقاله الثالثه، تالیف حمدالله مستوفی به اهتمام گای لسترانج، (تهران: ارمغان، ١٣٦٢، ٤٧).

[3] من لە ٣١/٣٠ ئاگوستی ئەمساڵ بۆ بینینی ئەو نوسخەیە ڕۆیشتم بۆ کونیا. بە داخەوە،

نووسی و له ژۆرنالّی زانکۆی تاران فاکولتی ئەدبیات چاپیکرد[1]. ئەدیبی تووسیی[2] ئەم نوسخە و هێندێک لە دووبەیتییەکانی دیکەی کە لە ناو کتێبی *راحت السدوری* و *المعجم*ی شەمسی قەسیی ڕازیی و چەند شیعری دیکە، کە لە دەستنووسێک لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامیی دەپارێزرێن و ژمارەی ٩٠٠یان لە سەرە، وەرگێڕایەسەر فارسیی. مێهرداد بەهاریش لە سەر ئەو نوسخەیەی مینۆڤیی وتارێکی نووسی[3].

یەکێکی تر لە سەرچاوە زۆر گرنگەکان، سەفینەی تەبریز لە ئەبوئەلمەجد محەمەد ئیبن مەسعوودی تەبریزییە، کە لە سالانی ٧٢١ تا ٧٢٣ هیجریی مانگیی نووسراوە. لەم سەرچاوەیە، کۆمەڵێک لە فەهلەویات تۆمارکراون، هەروەها واتای هێندێک وشە وەکو: ئەورامە" و "فەهلەوی" تێدا نووسراوە.

---

مینوی ناونیشانێکی ڕێکی نەداوە، تەنیا نووسیویە لە سەر مەزاری مەولانا لە کونیا. منیش چوومەسەر مەزارەکەی. لەوێ کتێبخانەیەکی لێیە. پرسیاری ئەو ژمارەم کرد. گەرچی کتێبخانەکە بە ڕەسمیی داخرابوو، بەڵام هاوکارییانکردم و ژمارەکەیان دۆزییەوە. بە داخەوە، ئەم هۆنراوانە لە ناو ئەو کێتبە کە بەو ژمارە بوو نەبوو، بەڵکو هەندێک هۆنراوەی سەردەمی نوێتری تێدابوو. لەوێ وتیان چەن ساڵێکە، کە ژمارەکان گۆڕاون، بۆیە ناکرێت بەو ژمارەیە ئەو نوسخە بدۆزرێتەوە. ئەوان منیان نارد بۆ کتێبخانەی یوسف ئاغە، لەوێش زۆر بە دوای هۆنراوەکانی باباتاهیر گەڕاین و هیچمان دەستنەکەوت. پاشان ڕۆیشتم بۆ سەنتەری ئارشیفی نوسخە کۆنەکان. لەوێش تەنیا چەند هۆنراوەی بابا لە ناو کتێبێک کە هۆنراوەکانی خەیامی تیابوو دۆزییەوە، کە تاریخی ١٢٨٥ هیجریی مانگیی لە سەر بوو و ئەو نوسخە نەبوو، کە بەدوایداچووبووم.

(١) مجتبی مینوی، "از خزائن ترکیه"، *مجله ادبیات دانشگاه تهران*، سال چهارم، شماره ٢، ١٣٣٥، ٥٦-٥٨). کۆپی ئەم وتارە بە ناوی "باباطاهر لر" لە کتێبی پرویز اذکایی، باباطاهرنامه، تهران: توس (١٣٧٥)، لاپەڕەکانی ٨٥-٨١ هاتووە.

(٢) ادیب طوسی، "فهلویات المعجم"، لە *نشریه دانشکده ادبیات تبریز*، سال ٦، (١٣٣٣ ش، ٤٧١-٤٧٦)، "فهلویات لری"، نشریه دانشکده ادبیات تبریز، سال ١٠، ١٣٣٧، شماره ١، ١٦-١، تێکەڵاوێک لەم دوو وتارە بە ناوی "فهلویات لری" لە کتێبی پرویز اذکایی، باباطاهر نامه، تهران: توس (١٣٧٥)، لاپەڕەکانی ١٠٠-٨٧ هاتووە.

(٣) مهرداد بهار، "شعری چند به گویش همدانی از باباطاهر"، در پژوهشنامه *فرهنگستان زبان ایران*، شماره ٣، ١٣٧٥ ش، ٥-٢٢. کۆپیی ئەم وتارە بە ناوی "گویش باباطاهر" لە کتێبی پرویز اذکایی، باباطاهر نامه، تهران: توس (١٣٧٥)، لاپەڕەکانی ١١٤-١٠٣ هاتووە.

پاشـــتر لە ســـەر ئەم دەستنووســـە زیـــاتر دەدوێـــم و ئەو وشـــانە زیـــاتر شیدەکەمەوە.

## ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

لەم بەشـەدا، ئامـاژەیەکی کورت بە ئامـانجی سـەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەم، چـــونکە لێکـــۆڵینەوەی زمـــانەوانیی یەکجـــار زۆر لە ســـەر ئەو دەستنووسانەی کە هۆنراوەکانی باباتاهیریان تێدایە، کراوە و گوتـار و کتێبی زۆر لەم بـارەیەوە نووسـراون. مـن نامەوێـت بە تەواوەتیـی لە سـەر زمـانی باباتـاهیر لە ڕێگـای زمـانەوانییەوە لێکۆڵینەوە بکەم و نزیکیـی زمـانی ئەو بە زمانانی دیکە نیشانبدەم. هۆکەیشی بۆ من ئەوەیە چونکە لە درێژایی زەمەندا، دەسـتبردراوەتەناو هۆنراوەکـانی باباتـاهیر و زمانیـان گـۆڕاوە و بە فارسـیی نزیککــراونەتەوە، بە جۆرێــک کە دەکرێــت بڵێــین هــیچ دەستنووســێک لە بەردەستدا نییە، کە بە تەواوەتیی زمانی خۆدی باباتاهیر نوێنەرایەتییبکات. بە هـۆی ئەو هەمـوو دەسـتکارییکردنانەوە، بۆمـان مومکیننابێـت تەنیـا لە ڕێـی زمـانەوانییەوە دابینبکەین کە بابـا چ زمـانێکی بـووە. گەرچـی سـەرەڕای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە کە بە سەر هۆنراوەکاندا هاتوون، هێشتا دەتوانین بە ڕوونی پەیوەندیی زمـانی باباتـاهیر لەگەڵ ئەدەبیـاتی گۆرانەوە ببینین. لە لاپەڕەکـانی داهـــاتوو، بەشـــێکم بەوە تەرخـــانکردووە، کە تـــا ئێســـتا چـــۆن لە ســـەر تایبەتمەنـدییەکانی زمـانی باباتـاهیر کـارکراوە و کێشـەکان لە کوێن، بەڵام لە ئاکامدا من دەمەوێت لە تەنیشت کـاری زمـانەوانییەوە، قورسـایی بخەمەسـەر ئەو بنەمایـانە و ئەو نەریـتەی کە دواتـر ئەدەبیـاتێکی بە نـاوی ئەدەبیـاتی گۆرانیی پێکهێنا و بوو بە هۆی ئەوەی کە نەریتی شیعر و ئەدەب لە نـاوچەی جوگرافیـایی جبـال (هەر ئەو نـاوچەیە کە باباتـاهیری دروسـتکرد)، نە تەنیـا لەناونەچێـت، بەڵکـو درێژەیپێبـدرێت و لە ئاکامـدا لە گـۆرانیی گەشـەی پەیدابکات.

بێگومان، گۆرانیی وەک گرنگترین زمـان بۆ شـیعر گوتنەوە لەو نـاوچەیە خـۆی نوانـد. ئامـانجی ئەم لێکـۆڵینەوەیە ئەوەیە کە نیشـانبدات، گۆرانیی هەر لەو نەریـتەوە سـەریهەڵهێناوە، کە شـاعیرانی وەک باباتـاهیری پەروەردەکرد؛

ڕەوتێک کە ڕێگای لە فارسیی جیا بوو و لە شیعر و شاعیرییدا بە سەر لوتکە گەیشت. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، کە گورانیی پاش فارسیی و لە دڵی شیعری فەهلەویی وەک گرنگترین زمانی ئەدەبیی لە هەموو ناوچەکەدا سەریهەڵێنا و ناسرا.

نزیکایەتیی زمانی باباتاهیر کە بەرچاوترین شاعیری فەهلەویی لە سەدەکانی چوار و پێنجی هێجریی قەمەریی بوو، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی گۆرانیی، جێی گومان نییە، بەڵام گیروگرفتی زۆر لە سەر خوێندنەوەی دەستنووسەکان هەیە. جیا لەمەیش هەروا کە پێشتر ئاماژەمپێدا، نووسەرانی دەستنووسەکان، دەستی زۆریان بردووەتەناو دەستنووسەکان و لە فارسیی نزیکیانکردوونەتەوە. ئەم کێشانە، ڕێگرن لەوەی کە بە ئاکامێکی جێمتمانە بگەین. بۆ گەیشین بە ئاکامێکی ڕوونتر دەتوانین خاڵی دیکە لەبەرچاوبگرین. ڕەنگە ئەم پرسیارانەی خوارەوە یارمەتییمانبدەن، ڕووناکیی بخەینەسەر ئەم بابەتە:

- لەو سەردەمەدا، لە هەمەدان و دەوروپشتی بە چەند زمان و زاراوەگەلێک قسەدەکرا؟

- پەیوەندیی باباتاهیر لەگەڵ ئاینیی یارسان چۆن بوو؟

- هەوێنی ئەدەبیاتی گۆرانیی چی بوو؟ پەیوەندیی نێوان فەهلەویات و ئەدەبی گۆران چییە؟

- ئەم نەریتە ئەدەبییەی گۆران کەی بەدیهات و کەی دەستیپێکرد؟

ئەم لێکۆلینەوە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

پێش وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، سەرەتا چاوێک دەخشێنینەسەر ئەو کارانە، کە لە سەر هۆنراوەکانی باباتاهیر کراوان و باس لەوە دەکەین، کە کێشەی ئەم جۆرە کارانە لە چیدایە. پاشان دێینەسەر زمان و ئەدبیاتی گۆران و تەفرەنجە/تەرکیز دەخەینەسەر دوو شاعیر، پیرشالیار و سەیدی هەورامیی. هۆی هەڵبژاردنی سەیدیی ئەوەیە، کە لە ناو بەشێک لە شیعرەکانی، هێندێک تایبەتمەندیی هەیە کە جیاوازیدەکات لە شاعیرانی دیکەی گۆران. هۆنراوەکانی پیرشالیاریش، نزیکیی تایبەتییان لەگەڵ هۆنراوەکانی

باباتاهیردا هەیە. پاشان دەچینەسەر بەراوردکردنی هۆنراوەکانی باباتاهیر لەگەڵ کەلامەکانی یارسان.

**ئیشی زمانەوانیی مێژوویی لە سەر شیعرەکانی باباتاهیر**

لێکۆڵەران، بایەخێکی تایبەتییان بە شیعری باباتاهیر و زمانی ئەدەبیی ئەو کە بە فەهلەویات بەناوبانگە، داوە. لە نیوەی سەدەی نۆزدەی زاینییەوە تا بە ئەمڕۆ کتێب و وتار و نووسراوەیەکی یەکجار زۆر لە ئەو ڕوباعیاتە کە بە ناوی باباتاهیرن، چاپکراون. کلمنس هوارت لە ساڵی ١٨٨٥ بە چاپی ڕوباعیاتی بابا لە گۆڤاری ئاسیاتیک، ڕێگای بۆ وەرگێڕان و ناسینی شیعرەکانی باباتاهیر لە دەرەوەی سنووری ئێران، کردەوە[١].

پێشتر ئاماژەمدا، کە کۆنترین نوسخە لە شیعرەکانی باباتاهیر لە موزەی قونیە لە تورکیادایە و تاریخی ٨٤٨ هجریی (١٤٤٨ زاینیی) لە سەردایە، کەواتە ئەم نوسخەیە چوارسەد ساڵ پاش ژیانی ئەو نووسراوەتەوە. لە درێژایی زەمەن و ساڵیان، کاتیبەکان شیعرەکانیان بە فارسیی ستاندارد نزیکیانکردووەتەوە. زۆرێک لە توێژەران باسی ئەم کێشەیەیان کردووە[٢]. بە هۆی ئەم دەستکارییکردنانەوە، هەڵسەنگاندنی شیعرەکان کارێکی ئاسایی نییە. هێندێک لە زانایان شێوازیان بۆ ڕاستکردنەوەی شیعرەکان پێشنیازکردووە[٣]. هەروەها هێندێک توێژەر لە ڕێگای زمانەوانیی مێژووییەوە

---

(1) Cl. Huart, "Les quatrains de Bābā Ṭāhir ʿUryān en pehlevi musulman," *Journal Asiatique* 8, no. 6 (1885), 502–45.

(٢) بۆ وێنە، ازکایی ١٣٧٥ ش، لاپەڕە ١٣٤؛ ادیب طوسی، "فهلویات المعجم"، ١٣٣٣ ش؛ مینوی "از خزائن ترکیه"، ١٣٣٥ ش.

(٣) ناتل خانلری، "دوبیتی های باباطاهر"، لە مجلە *پیام نو*، سال ١، شماره ٨، (١٣٢٤ ش) ٢٦-٣٠، شماره ٩: ٣٧-٣٩ و ٦٠؛ کۆپیی ئەم وتارە لە کتێبی پرویز اذکایی، باباطاهر نامە، تهران: توس (١٣٧٥)، لاپەڕەکانی ٦٩-٥٥ هاتووە؛ ادیب طوسی، "فهلویات لری" ١٣٣٥؛ قزوینی، "طاهر همدانی" لە *یادداشت های قزوینی*، طبع ایرج افشار، دانشگاه تهران، ج. ٥، (١٣٣٩ ش): ٢٨١-٢٨٤، کۆپیی ئەم وتارە لە کتێبی پرویز اذکایی، باباطاهر نامە، تهران: توس (١٣٧٥)، لاپەڕەکانی ٤٤-٣٩ هاتووە.

هەولّیانداوە، تایبەتمەندیی زمانی شیعرەکان هەڵبسەنگێنن[1].

لە هەر حالّدا دەتوانین بلّێین، کە لە ناو ئەدەبی غەیری فارسییدا، دووبەیتییەکانی باباتاهیر زۆرترین گرنگییانپێدراوە و لێکۆلّینەوەیان لە سەر کراوە، بەلّام لێکۆلّینەوە زمانەوانییەکان کیشەیان زۆرە. تا ئێستا بە تەواویی کەسیان نەیانتوانیوە دابینیبکەن، کە پەیوەندیی هۆنراوەکانی باباتاهیر لەگەلّ زمانە نوێکانی ئێرانییدا چۆنە و بە کامیان نزیکترە. هەر کامەیان بۆچوونێکی جیاوازی هەیە: لوڕی[2]، لەکیی و گۆرانیی[3]، گۆرانیی[4]، زمانی تێکەلّاو[5]، زمانی هەمەدانیی کۆن و زمانی جوەکانی هەمەدان[6]، تاتیی[7]، زمانی هاوبەشی ولّاتی پەهلە[8].

---

(1) سالومه غلامی، "گویش شناسی اشعار باباطاهر و اهمیت آن در بازسازی زبان بومی پیشین همدان"، له: *پژوهش های زبانشناسی تهران*، سال ۱۰ شماره ۲۰ (۱۳۹۹)؛ مولایی، چنگیز، "چند نکته درباره شیوه تصحیح دوبیتی های باباطاهر"، له *نامه فرهنگستان*، دوره ٥، شماره ۳ (پیاپی ۱۹) (۱۳۸۱ ش): ۷٤-۸۳؛ حسینی آبباریکی، سید آرمان، "بررسی ویژگی های زبانی و دستوری دوبیتی های باباطاهر همدانی"، *پیام بهارستان*، دوره ۲، سال پنج، شماره ۲۰ (۱۳۹۲ ش): ۳۹-٦۱.

(2) مینوی (۱۳۳٥ ش) "از خزائن ترکیه"؛ ادیب طوسی (۱۳۳۳ ش) "فهلویات لری،"؛ صفایی ملایری، "غلط خوانی ترانه ها" له *مجله ارمغان*، سال ۳۱، شماره ۷ (۱۳٤۱ ش): ۲۸۹-۲۹۹.

(3) حسینی آبباریکی، بررسی ویژگی.

(4) اکبری مفاخر، "زبان دوبیتی های باباطاهر"، پژوهش های زبانی-ادبی قفقاز و کاسپین، سال ٤، شماره ۱ و ۲ (پیاپی ۹-۱۰) (۱٤۰۱-۱٤۰۲ ش)

(5) Karl Hadank, „Die Sprache der Vierzeilier des Bābā Tāhir“ (IV). *Die Mundarten von Khunsār, Mahallāt, Natänz, Nâyin, Sämnân, Sîvänd und Sô-kohrûd*. Kurdisch – Persische Forschungen von Oskar Mann. Berlin: Verlag von Walter de Gruyter (1926): 37-55.

(6) R. Abrahamian, *Dialecte des Israélites de Hamadan et d'Ispahan et dialecte de Baba Tahir* (Paris: Adrien-Maisonneuve, 1936); غلامی، "گویش شناسی،

(7) حسین جعفری چهرقانی، "واژگان تاتی در اشعار باباطاهر"، *فصلنامه دیار*، شماره ٥، ۱۳۹٦.

(8) فیروزبخش، فهلویات.

یەکێک لە ڕاستییەکان ئەوەیە، کە زمانە باکوور-ڕۆژئاواییەکان نە تەنیا هاوبەشیی زۆریان پێکەوە هەیە، بەڵکو ئەوان تەنانەت لەگەڵ زمانە باشوور-ڕۆژئاواییەکانیش لە هێندێک تایبەتمەندیی زمانییەوە لە بواری فۆنێتک و مۆرفۆلۆژیی هاوبەشییان هەیە[١].

بۆئەوەی تێبگەین، کە مەبەست لە زمانە باکوور-ڕۆژئاواییەکان چییە، نەخشەیەک کە لە وتاری لودویگ پاول[٢] هەیە، لێرە دایدەنێم:



Fig. 1. Sketch-map showing the geographical location of the most important West Iranian languages and dialect groups

لە ڕووی ئەم نەخشەوە، بێجگە لە لوڕیی، بەختیاریی و لاری باشکەندیی، کە دەکەونە بەشی زمانە باشووری-ڕۆژئاواییەکان، ئەوانی دی هەموو گرووپێک پێکدەهێنن، کە لە زۆرێک بواری نزیکایەتییان پێکەوە هەیە.

لێرەوە باس لە سەر تایبەتمەندیی فۆنۆتیکیی ئەم گرووپە، کە بە باکووریی-ڕۆژئاوایی بەناوبانگن دەکەین، تا زیاتر لەوە تێبگەین، بۆ توێژەران ناتوانن لە سەر ئەوە ساخببنەوە کە زمانی باباتاهیر بە تەواوەتیی سەر بە چ

(1) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Agnes Korn, “A partial tree of Central Iranian: A new look at Iranian subphyla”. In: *Indogermanisce Forschungen 121*, (2016) pp. 401-434.

(2) Ludwig Paul "The Position of Zazaki among West Iranian Languages", in: Nicholas Sims-Williams (ed.): Proceedings of the Third European Conference of Iranian Studies held in Cambridge, 11th to 15th September 1995. Part I: *Old and Middle Iranian Studies*. Wiesbaden (1998): 163-177

زمـانێکە. ئەم جەدۆلەی خـوارەوەم لە سـەر ئەساسـی جەدۆلێـک کە لودویـگ پـاوڵ[١] دانیـاوە، وەرمگرتـووە، ئـاگنس کـۆرن[٢]، هێنـدێک تێبینیـی لە سـەر جەدۆلەکەی پاول هەبوو، بۆ وێنە چەند دانە لە ئیزۆگلۆسـەکانی[٣] ڕەتکردەوە و خۆی ئێزۆگلۆسێکی تازەی (ژمارە هەشت) پێشنیازکرد.

لەم جەدۆلەی خـوارەوە، تێبینییەکـانی کـۆرنم لەبەرچـاوگرتووە و ئەو ئیزۆگلۆسە کە پێشنیازیکرد، گونجاندوومە لە ناو جەدۆلەکەدا. لە لای چەپەوە کە بە زمـانی PIR Pre Iranian دەستپێدەکات، هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ هەندێک زمـانی دیـکە وەکـو لاتینیـی، یۆنـانیی کۆن، سانسکریت، فارسیی باستان، ئەوستایی و مادیی، دروستیانکردووتەوە؛ پاش ئەم زمانە، بە دوای یەکدا: ئەوستایی (Av)، پارتیی (Par)، گۆرانیی (Gor)، زازا (Za)، سـمنانیی (Sem)، ئـازەریی (Az)، تاڵشـیی (Tal)، کاسـپیی (Casp)، سـنتراڵەکان (CD)، بەلـووچی (Bal)، سـۆرانیی (Sor)، فارسـیی نـوێ (NP)، فارسیی ناوەڕاست (MP) و فارسیی کۆن (OP) دێن[٤]. ڕێکخستنی جەدۆلەکە ئاوایە، کە پەیوەندیی فۆنۆتیکیی نێوان زمانە کۆنەکان و زمانەکانی سـەردەمی ئەمڕۆ دەتوانین تێیدا ببینین:

| | PIR | Av | Par | Gor | Za | Sem | Az | Tal | Casp | CD | Bal | Sor | NP | MP | OP |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | [٥]*ś | s | S | s | s | s | s | s | s | s | S | S | H | h | Θ |

---

(1) Ludwig Paul "The Position of Zazaki ،1998

(2) "Balochi and the Concept of North-West Iranian", in: Jahani / Korn, (2005) pp. 49-60.

(٣) لێرە مەبەست لە ئیزۆگلوس، ئەو فۆنێمانەن، کە سنووری ناو دوو زمان دیاریدەکەن.

(٤) بێگومـان دەکرێـت، ئەم جەدۆلە پەرەپێبـدرێت و لەقوپۆکـانی دیـکەی کـوردیی وەکـو کرمـانجیی سـەروو یان کوردیی خواروو تێدا بگـونجێنین. بۆ ئەم ئیشـە، لێرە تەنها سـۆرانیی بۆ نوێنەرایەتیی لە کوردیی هەڵبژاردراوە. هیوادارم لە کارێکی دی، هێندەی دی لە زاراوەکانی کوردیی و لەکیی و گۆرانیی بە جیا بەراوردبکەین.

(٥) نیشـانەی ئەسـتێرە بە واتـای ئەوەیە، کە بەڵـگە بـۆ ئەو فونێمە لە بەردەسـتدا نییە و بە بەراورد لەگەڵ زمانانی دیکە دروستکراوەتەوە.

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **2** | **⁎ź** | z | Z | z | z | z | z | z | z | z | Z | Z | d | d | D |
| **3** | **⁎ϑr** | ϑr | Hr | yar- | hr | hr | hr | hr | r | r | S | S | s | s | Ç |
| **4** | **⁎č /V_V** | č | Ž | ž/-č- | j | j/ ž | ž | ž | ǰ(z-) | ǰ, ž, z | Č | Ž | z | z | Č |
| **5** | **⁎du̯-** | duu | b | b | b | b | b | b | b | b | d/b | D | d | d | duv |
| 6 | ⁎hu̯- | huu/xv | wx (wh) | w | w | x(u),f | h | h | x(u) | x(u) | w,h | xw | xw | xw | huv |
| **7** | **⁎u̯-** | v | W | w/v | v | ? | | v | v/b | | g(w) | b/g | b,g | g, w | g,d |
| **8** | **⁎r̥** | ərə | ur/ir | ar | ar | ar | ar | ar | ar | ar | Ur | Ir | ur | ur/ir | ? |

بۆ هەر کام لەم ئیزۆگلۆسەکان، وێنەیەک یان دوو وێنە دەهێنینەوە، کە بە سۆرانیی یان بە گۆرانیین، هێندێکیشیان بە فارسیین و لە زمانانی دیکەیش کەڵکوەرگیراوە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | Sor/Gor> asənNP> ahæn | 'ئاسن' |
| 2 | Sor/Gor>zan; NP> dān (Av> zān, OP> dān) | 'زانین' |
| 3 | Gor>yære, Sor/NPr> se; Av> Φritiia; OP. çitiya 'third' | 'سێ' |
| 4 | Sor/Gor> žən, žan(i); NP> zan/ Gor> řoče; Sor> řožū; NP> ruze | 'ژن' 'ڕۆژوو' |
| 5 | Gor> bæræ; Sor> dærga; NP> dær Par> bær | 'دەرگا' |
| 6 | Gor> wardæy; Sor> xwardən; NP> xordæn | 'خواردن' |
| 7 | Gor>wəl; Sor/NP> guɫ/gul; NP>war (<⁎warda-), MP. gul (<⁎wr̥da)<br>Gor> wæhar, Sor/NP> bæhar . | 'گوڵ' 'بەهار' |
| 8 | Gor> mærd, bærd, kārd<br>Sor> mərd, bərd, kərd<br>NP> murd, burd, kard | 'مرد'، 'برد'، 'کرد' |

هەروا کە لە جەدۆلەکەی سەرەوە دەردەکەوێت، لەم هەشت ئیزۆگلوسە،

زۆربەی زمانەکان هاوبەشن: ئیزۆگلوسی ١ و ٢ لە ئەوستایی و پارتیی، لە گۆرانیی تا سۆرانیی، کە هەموو لقی باکووریی-ڕۆژئاواییین هاوبەشیی دەبینین؛ لە ئیزۆگلوسی ٥ هاوبەشیی نێوان پارتیی و گۆرانیی تا بەلووچیی دەبیندرێت؛ ئەم ئیزۆگلوسە لە سۆرانیی و ئەوستایی و فارسیی کۆن و ناوەڕاست و فارسیی نوێدا هاوشێوەن؛ ئیزۆگلوسی ژمارە ٨ هاوشێوەیی نێوان گۆرانیی، زازایی، ئازەریی، سمنانیی، زاراوە سنتراڵەکان و کاسپییەکان دەخاتەڕوو. ئەم ئیزۆگلوسە زۆر گرانگە، چونکە لە زمانی باباتاهیر هەر بەم شێوەیە هاتووە. هەروەها ئیزۆگلوسی ژمارە ٧ لە زمانی باباتاهیر بەکارهاتووە و دەبینین کە ئەم ئیزۆگلوسە لە گۆرانیی تا سنتراڵەکان بوونی هەیە.

هەروەها کە دەبینین، زۆرێک لەم زمانانە لە بواری فونۆتیکییەوە لە یەکەوە نزیکن. ئەمە خاڵێکی گرنگە، بۆئەوەی نیشانیبدەین تەنیا بە بەراوردی زمانەوانیی مێژووییەوە ناکرێت بیسەلمێنین، کە زمانی باباتاهیر بە کام زمانی نوێ نزیکایەتیی هەیە.

بەڵام ئەمە ڕاست ئەو کارەیە کە لێکۆڵەڕان دەیکەن. بۆ وێنە غولامیی[1] ئاماژە بە ئاڵوگۆڕی چەند فۆنێم لە زمانە کۆنەکانەوە بۆ زمانی کەلیمییەکانی هەمەدان دەکات و ئەم فونێمانە لەگەڵ زمانی باباتاهیر بەراورددەکات و دەگاتە ئەو ئاکامەی کە باباتاهیر، زمانی لە زمانی کەلیمییەکانی هەمەدان نزیکە. چەند نموونەیەک لەو ئاڵوگۆڕە، کە غولامیی ئاماژەیپێداون، لێرە دەهێنمەوە:

*-č->-ž-/ ǰ/č- : žer “ ژێر“

*v-> v-:vīn/ vād/ vil “ بینین/ با/ گوڵ“

*y-> y-: yā “ جێگە“

*dz> z: zān “ زانین“

*-xt> -(h)t ~ -(t)t: sote "سووتاو" , vāt "وتی"

---

[1] غلامی، گویش شناسی (١٣٩٩ ش).

نووسەری کتێبی "فهلویات"یش[1]، بە چەند ئیزۆگلوس ئاماژەدەدات، کە بە ڕای ئەم بەڕێزە تایبەتمەندیی زمانێک بە ناوی فهلەویی بووە و لە نێوان وڵاتی فەهلە وەک زمانی ئەدەبیی بەکارهاتووە. لێرە ئەو وێنانەی هەڵبژێردراون، کە بۆ فهلەویاتی هەمەدان ناویلێبردوون، بۆ وێنە:

*č /V_V > j, ž

*hu̯–> $x^w$ : $x^w$

*j–> z

ئەم تایبەتمەندییانە کە لە جەدۆلەکەی سەرەوەدا دیارە، لە زۆربەی زمانەکانی باکووریی–ڕۆژئاوایی و بە تایبەت هەموویان لە گۆرانیی بوونیان هەیە. بۆ وێنە ئاڵوگۆڕی فونێمی *–ǰ/č /–ž–>–č– لە هەردوو شکڵەکەی یانی گۆڕانیی بۆ /ž/ یان /č/ بوونی هەیە، بۆ وێنە لەم وشانە دەیانبینین: چێر 'ژێر'، *ڕۆچی* 'ڕۆژوو' یان وەک / / *ژەنی* 'ژن'؛ فونێمی *v <–v لە گۆرانیی هەر وەک خۆی ماوەتەوە، بۆ وێنە *ویناى* 'بینین'، *وا* 'با'، *ولی* 'گوڵ'؛ فونێمی *y <–y– ئەمەیش هەر لە گۆرانیی دەبیندرێت، وەکوو *یاگێ* 'جێگە'؛ فونێمی *z <dz لە هەموو زمانەکانی باکووریی–ڕۆژئاوایی دەیبینین؛ *–– ~ t(h)– <xt (t)t لێرەیش، زۆربەی زمانەکان هاوبەشن بۆ وێنە لە گۆرانیی *سووتە*؛ *وات*، بەڵام سەیر ئەوەیە کە هیچ کام بەوە ئاماژەنادەن کە ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانی گۆرانیی، کە ئەدبیاتێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی هەیە، بوونیان هەن. غوڵامیی زمانی باباتاهیر لەگەڵ زمانی کەلیمییەکانی هەمەدان بەراوردەکات، ئەو جۆرەیش کە خۆی دەڵێت، لە هەمەدان تەنیا یەک بێژەری ئەم زمانەی دۆزیوەتەوە؛ فیرووزبەخشیش بڕوای ئەوەیە کە فەهلەویی خۆی زمانێکی سەربەخۆ بووە و لەناوچووە، بەڵام هیچ کام لەم توێژەرانە ئاوڕ لەوە نادەنەوە، کە لە هەر ئەو شوێنەی کە باباتاهیری لێبووە، ئەدبیاتێکی بەقەوەت گەشەی پەیداکردووە.

هەردوو لێکۆڵەر، لە بواری مورفۆلۆژییش هەر بەو ئاکامەی خۆیان دەگەن. من لێرەدا نامەوێت لە باسە سەرەکییەکەی خۆم دووربکەومەوە، بۆیە

[1] فیروزبخش، فهلویات (١٤٠٢ ش).

زۆر بە کــورتیی ئامــاژە بەوە دەدەم کە لەم بــوارەیش، زۆربەی زۆری ئەم تایبەتمەندییانەی کە ئەوان ئاماژەیانپێکردووە، لە گۆرانیی ئەدەبیی بوونیان هەیە و تایبەت بە ئەو زمانانە، کە ئەوان ئاماژەیپێدەدەن نییە.

لە ئاکامدا، دەتوانین بڵێین کە شیعرەکانی باباتاهیر، لە هەندێک بواردا هاوبەشیی لەگەڵ زۆرێک لەو زمانانەدا هەیە، بەڵام هەروەها کە وتم، خاڵی ســـــەرەکیی زۆر گرنـــــگ ئەوەیە زۆربەی زۆری ئەو تایبەتمەنـــــدییانەی زمانەوانیی و ئاڵوگۆرە مێژووییەکان لە گۆرانیی ئەدەبیی دەدۆزرێنەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە لەو سەردەمەی باباتاهیر ژیاوە، هێشتا شتێک بە ناوی نەتەوەوە بوونی نییە، بەڵکو عەشیرەت و قەوم و تایفە و گرووپی خەڵک وەکو لوڕ، گۆران و کورد لە تەنیشت یەکدا دەژین. لە کتێبە مێژووییەکاندا ئاماژەی زۆر بە ناوی گۆران لە هەمەدان و دوەروپشتی کراوە (لە سەر ئەم خاڵە، پاشتر قسەدەکەم)، کەواتە بۆ هەڵسەنگاندی شیعرەکانی باباتاهیر، بێگومان دەبێت تێگەیشتن و زانیارییمان لە سەر زمان و زاراوەکانی ئەو سەدەی هەمەدان هەبێت. خاڵی دیکە ئەوەیە کە نە تەنیا گۆرانیی بێژەرەکان لەو کاتە لەو شوێنە ژیاون، بەڵکو هەر لەو کاتەوە دەستیانکردووە بە هۆنینەوەی شیعر (لە سەر ئەمەیش پاشتر دەدوێم).

هەر ئاوا کە پێشتر ئاماژەمپێدا، چۆن هۆنراوەکانی باباتاهیر زۆر دەستیانتێبراوە، بە تەواویی ناتوانین پشت بە تەنیا هۆنراوەکان ببەستین. خاڵی دیکەیش ئەوەیە زمانی شیعری ڕێکترە کە لەگەڵ زمانی شیعریی بەراوردبکرێت، نەک لەگەڵ زمانی ئاخافتن و بە دوای تێپەڕینی هەزار ساڵ، بەراوردیانبکەین. کەواتە دەبێت زمانەکە لەگەڵ ئەو زمانە ئەدبییانەدا بەراوردبکرێت، کە نزیکیی کاتیان لەگەڵ یەکدا هەیە. لەو ناوچەیە کە باباتاهیر ژیاوە، تەنیا زمانێکی ئەدەبیی کە توانیبێتی سەر هەڵبهێنێت و خۆی ڕابگرێت، زمانی ئەدەبیی گۆرانیی بووە. لە بەشی خوارەوە لە سەر ئەم بابەتە دەدوین.

## زمانی گۆرانیی و سەرهەڵدانی ئەدەبی گۆران

زمانی گۆرانیی لە مێژوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕۆژئاوای ئێران و

کوردستانی باشوور هەبووە. ئەدەبیاتی گۆرانیی، بە تایبەت تێکستە ئاینیی و ڕۆحانییەکانی یارسان دەکرێت بڵێین پارێزەری بیر و ڕای ئاینیی و میراتهەڵگری کولتووری کۆمەڵگای گۆران بووە. ئەم نەریتە ئەدەبییە نە تەنیا بریتییە لە تێکستی ئاینیی، بەڵکو شیعر و پەخشانیش دەگرێتەخۆ.

گۆرانیی یان گورانیی (ئەو جۆرە کە لە ناوچەی کرماشان ئەدادەکرێت)، لە دەستەواژەی تەقلیدیی زمانەکان، وەک زمانێکی ئێرانیی لە بنەماڵەی زمانی باکووریی-ڕۆژئاوایی (شیمالیی-غەربیی) دەژمێردرێت. بە واتایەکی دیکە، کۆمەڵێک زمان (نزیک بە شەست زمان) کە لە بواری زمانەوانییەوە بە زمانە ئێرانییەکان بەناوبانگن، چەند گرووپێک پێکدەهێنن. تا پێش هێرشی ئیسلام بۆ سەر ناوچەی ئێران و کوردستان، بەڵگەی مێژوویی لە سەر چەند زمان وەکو: فارسیی کۆن، ئەوستایی، مادیی، سوغدیی، بەلخیی، سەکایی، فارسیی ناوەڕاست و پارتیی لە بەردەستدایە. هیچ کام لەم زمانانە، ئێستا نەماون. پاش ئیسلام، قۆناغی نوێی زمانە ئێرانییەکان دەستپێدەکات، کە زۆربەی ئەو زمانانە لە ناوچەی جوگرافیایی ئێران، کوردستان، ئەفغانستان و تاجیکستان و چەند شوێنی دیکە دەگرێتەخۆ. لە دابەشکردنی ئاخریین قوناغی زمانە ئێرانییەکاندا، کوردیی، گۆرانیی، زازاکیی، بەلووچیی، سمنانیی، ئازەریی، تاڵشیی، گیلەکیی، زمانە مەرکەزییەکانی ئێران و هێندێک زمانی دیکە، گرووپێک پێکدەهێنن کە نزیکایەتیی تایبەتییان پێکەوە هەیە[1].

لە هەر حاڵدا، بێژەرانی گۆرانیی، زۆرتر لە ناوچەی کرماشان و کوردستان لە ڕۆژئاوای ئێران، لە باشووری کوردستان بە تایبەت لە ناوچەی هەورامان، هەڵەبجە، خانەقین، کەرکووک، هەولێر، موسڵ و نەینەوا دەژین. ئەو زاراوانەی کە نزیکیی تایبەتییان پێکەوە هەیە و دەتوانین وەک

---

(1) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

: Ludwig Paul, The Position of Zazaki, 1998; Rüdriger Schmitt, Die iranischen Sprachen in Geschichte und Gegenwart. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert 2000; Gernot Windfuhr, “Dialectology and topics”. *The Iranian Languages*, edited by Gernot Windfuhr. Routledge Taylor & Francis Group, London and New York 2009; Gernot Windfuhr, “Isoglosses: A Sketch on Persians and Parthians, Kurds and Medes.” *Monumentum Henrik S. Nyberg II [Acta Iranica 5]*, (1975) 457–472.

لقوپۆی گۆرانیی ناویانببەین، بریتیین لە هەورامیی، کەنوولەیی، زەردەیانە، گەورەجویی، ماچۆ (زاراوەی عەشیرەتەکانی جمور، باجەلان، ڕۆژبەیانیی، زەنگەنە و...)، شەبەکیی و کاکەیی. واتە ناوی *گۆرانیی* هەم بە کۆمەڵێک زاراوەی نزیک لە یەک دەگوترێت، هەم بە *زمانی* ئەدەبیی کە لە سەر بنەمای ئەم زاراوانە بەدیهاتووە. *گۆرانیی ئەدەبیی* بە زمانێک دەوترێت، کە لە ئەدەبیات و شیعردا بەکارهاتووە و زمانی شیعرەکانی یارسانەکانیشە. کۆگایەکی (corpus) گەورە لە هۆنراوە لە بەردەستدایە، کە هۆنراوەی شاعیرانی هەورامان، کەنوولە، کرماشان، ئیلام و... تا کەرکووکی لە ناودایە.

لە سەرەوە پرسیارێکمان ئاراستەکرد، کە سەرهەڵدانی ئەدەبی گۆران کەی و چۆن بوو؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە ئاسان نییە. ئەگەرچی ئەدەبی نووسراومان مێژوویکی کۆنی هەیە، بەڵام کۆنترین دەستنووس، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دەستنووسێک کە بریتییە لە کۆمەڵێک هۆنراوە، بە تایبەت هۆنراوەکانی بێسارانیی و لە نێوان ساڵانی ١٧٨١-١٨٧٣ زایینیی لە لایەن شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخییەوە کۆکراونەتەوە و لە کتێبخانەی بەریتانیا بەشی ڕۆژهەڵات (The British Library, Oriental and India Office Collections ) بە ژمارە MS. Or. 6444 پارێزراوە. بەڵام لە ئەدبی زارەکیی و بە بڕوای خەڵکی هەورامان، ئەدەبی گۆران مێژوویکی زۆر کۆنتری هەیە.

هەندێک کەس بڕوایان وایە، کە ئەم نەریتە شیعرییە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئاخیرەکانی سەدەی ١٣٠٠ زایینیی، کە یەکەم شاعیری گۆران، مەلا پەرێشان (لە ئاخیرەکانی سەدەی ١٣٠٠ ژیاوە) شیعری بە گۆرانیی هۆنیوەتەوە. لە ناو سەدەکانی ١٦٠٠ بۆ ١٨٠٠ زایینیی، ئەدەبی گۆرانیی گەیشتە لوتکەی خۆی و شاعیرانی بەناوبانگی وەک مەلا مستەفا بێسارانیی (١٦٤٢-١٧٠١)، خانای قوبادیی (دەوروبەری ١٧٠٠-١٧٧٨)، ئەحمەدی کۆماسیی (دەوروبەری ١٧٨٩-١٨٧٨)، ئەڵماس خان کەنوولەیی (دەوروبەری ١٧٣٩-١٨١١/١٨٢١)، سەیدی هەورامیی (دەوروبەری ١٧٨٤-١٨٥٢)، مەستوورەی ئەردەڵان (١٨٠٥-١٨٤٩) و شاعیر سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزیی ناسراو بە مەولەویی (١٨٠٦-١٨٨٢) و زۆرێک شاعیرانی دی بەدیهاتن، بۆیە بۆ چەند

سەدە، ئەدەبیاتی گۆرانیی زمانی دەربڕینی شیعر بوو و ڕۆڵێکی گرنگی کولتووریی و ئەدەبیی لە ئەستۆ بوو.

بە بڕوای خەڵکی ناوچەی هەورامان، ئەدەبی گۆرانیی کۆنترە لە سەردەمی مەلا پەرێشانیش و پێیانوایە کە پیرشالیار، یەکێک لە شاعیرە هەر کۆنەکانی ئەدەبی گۆرانە. شیعرەکانی پیرشالیار، لە ئەدەبی زارەکیی و لە ناو دڵی خەڵکییدا پارێزراوە. چەند هەوڵێکیش بۆ کۆکردنەوەیان دراوە. لە یەکێک لە کتێبە چاپکراوەکانی یارسان *سەرەنجام* کە لە لایەن تەیب تاهیرییەوە[1] ئەدیت بووە، لە ناو دەورەی باباخۆشین، کۆمەڵێک لە شیعرەکانی پیرشالیار بەدیدەکرێن. لە ئاینی یارسان و لە ناو کتێبەکانیان، نە تەنیا پیرشالیار، بەڵکو نەوەدونۆ پیری هەورامان، وەک پیرانی یارسان چاویانلێدەکرێت.

لەم بەشەدا باسی پیرشالیار و هۆنراوەکانی دەکرێت.

### پیرشالیار

لە بارەی ژیان و لەدایکبوونی پیرشالیارەوە، زانیاریی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە. بە ڕای عەبدئەلسەمەدی تووداری (خاوەنی دەستنووسێک کە لە ساڵی ١٠٩٩دا نووسیویەتی) پیرشالیار لە زەمانی حەزرەتی غەوس و ئەلعەزەم ژیاوە و مەدحیکردووە و وتوویەتی "پیاوی کاملە" و لەقەبی "*پیش الله یارّ*"ە و لە زمانی هەورامییدا بە ناوی *پیرشەهریار* بەناوبانگە. مەبەست لە غەوس و ئەلعەزەم، شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، کە لە ساڵانی ١٠٧٧-١١٦٦ ژیاوە. ئەگەر ئەم ڕایە بە ڕاست بزانین، ماوەی ژیانی پیرشالیار و باباتاهیر هاوکات نییە، بەڵام زۆر دووریش نیین لە یەکترەوە. باباتاهیر لە ساڵی ١٠٥٥ زایینیی، پیاوێکی بەساڵداچوو بووە. لە هەر حاڵەتدا، کەمتر لە سەد ساڵ نێوانیان دەبێت.

مەردۆخیی لە تاریخ مشاهیر کرددا[2]، دەنووسێت، "پیرشالیار کوڕی

---

[1] طیب طاهری، سرانجام (اربیل: آراس، ٢٠٠٧، ٥٢-٣).

[2] روحانی (شیوا)، بابامردوخ. *تاریخ مشاهیر کرد*، جلد اول، (به کوشش محمد ماجد مردوخ روحانی ) تهران: سروش، (١٣٨٢) ٣-٢.

جاماسب یەکێک لە موغەکانی زەردەشتیی بووە و کتێبێکی بە ناوی ماریفەتوو پیرشالیاری بە شیعر نووسیوە، کە بریتیی بووە لە پەند و قسەی نەستەق و زانست و ڕێنموونیی لە بواری ئاداب و نەریتی کۆن و پاراستنیان". ڕۆحانیی هەروەها درێژەدەدات، کە ئەم کتێبە نایابە و تەنیا هەندێک لە وتەکانی لە دڵی خەڵکییدا ماوەتەوە.

محەمەد ئەمین هەورامانیی[1] لە سەر ئەو بڕوایەیە، کە وشەی *ماریفەت* بە واتای بەیتی شیعریی بەکارهاتووە. پێدەچێت کە *ماریفەت* لە هەردوو واتاکەی یانی هەم واتا سەرەکییەی بریتییە لە *زانست یان حیکمەت* و هەم بە واتای هۆنراوە هاتبێت.

هەندێک کەس لە سەر ئەو بڕوایەن، کە پیرشالیار دوو کەس بووە. دووەمیان هەر ئەوەیە، کە تووداریی ناویلێدەبات کە لە کاتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی (١٠٧٧-١١٦٦) کە تووداریی بە غەوس ئەلعەزەم ناویلێدەبات، ژیابێت[2]. ڕۆحانیی لە سەر ئەو بڕوایەیە، کە ئەم زاتە لە سەر داوای خەڵک، ماریفەتی پیرشالیاری ئەدیت کرد؛ پەند و حیکمەتەکانی دەستلێنەدا، بەڵام ئەو قسانە و نەریتانە کە سەبارەت بە ئاینی زەردەشتیی بوو، لایبردن و لەگەڵ ئاینی ئیسلام ڕێکیخستن[3].

حکایەتێکی کۆن لە هەورامان هەیە، کە دەڵێت: کچی شاعەباس (شاعەباس یەکێک لە شاهانی سەفەویی و تاریخەکەی ناخوات بە ئەو سەرچاوانە کە باسمانکردن. ڕەنگە مەبەست دەورانی عەباسییەکان بووبێت) توشی نەخۆشیی نەفسیی دێت و شێتدەبێت. پیرشالیار وەک پیاوچاکێک، ناوبانگیدەرکردووە. شاعەباس وەعدیدابوو هەر کەسێک کچەکەی چاکبکاتەوە، کچەکەی پێدەدات. شا کچەکەی لەگەڵ یەکێک لە وەزیرەکانی دەنێرێت بۆ هەورامان تا بە دوای پیرشالیاردا بگەڕێن، ئەم دوانە دەڕۆن و دەگەنە نزیک هەورامان، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونە نشینگەی پیرشالیار،

---

(١) محەمەد ئەمین هەورامانیی، مێژووی هەورامان (بلخ: تهران، ١٣٧٩)، ٦٣٩.

(2) Fuad, *Kurdische,* XI.

(٣) روحانی ١٣٨١: ل: ٤٧.

کچەکە بە قوەی نفوسی پیرشالیار بەرە بەرە چاکدەبێتەوە و وەختێک دەگەنە ماڵی پیر، بە تەواویی چاکدەبێتەوە. هەر بۆیە کچەکە دەدەن بە پیر و تا بە ئەمڕۆ لە هەورامانی تەختدا چەند ڕۆژێک جێژن دەگێڕن بۆ زەماوەندی پیرشالیار لەگەڵ کچی شاعەباسدا[١].

با چاوێک بخشێنین بە سەر ئەو هۆنراوانەی، کە بە هۆنراوەی پیرشالیار بەناوبانگن و ماریفەتیان پێدەوترێت[٢]:

| | |
|---|---|
| وەروە وارێنە، وەروە وارێنە<br>وەرێسە بڕیۆ، چوار سەرێنە<br>کەرگە سیاوە، هێڵە چەرمێنە<br>گوشڵێ مەمێڕیۆ، دوێ بەرێنە | 'wærwæ warenæ wærwæ warenæ[(3)]<br>wæresæ bəřyo, čwar særenæ<br>kærga siyawæ hełæ čærmenæ<br>gošłe mæmeřyo dua bærenæ' [(4)] |

لە ئەخیری هەر بەشێک لە شیعری پیرشالیار، تاک_بەیتێک دوپاتدەبێتەوە:

| | |
|---|---|
| گۆشت جە واتەی پیرشالیار بۆ<br>هۆشت جە کیاستەی دانای سیمیار بۆ | 'gošət ǰa watæy Pir Šālyār bo<br>hošət ǰa kiyastæy dana-y simyar bo'[(5)] |

کەمال فوئاد[٦] لە سەر ئەو بڕوایەیە، کە مەبەست لە *سیمیار* هەر هەمان کەسایەتیی زەردەشتە. نموونەیەکی دیکەی ماریفەت:

---

(١) بەراوردبکە لەگەڵ: محەمەد ئەمین هەورامانیی، *مێژووی هەورامان*.

(٢) مەعریفەت لە هەورامان بە ماریفەت ئەدادەکرێت.

(٣) لە هەندێک زاراوەی هەورامان وەکو زاراوەی هەورامانی تەخت، یان نۆتشە، /w/ لە وشەی wærwæ و warenæ وەکو /v/ ئەدادەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕێت.

(٤) دارا محەمەد عوسمان (هەورامانیی)، مێژووی موزیکی هەورامان، (سەردەم: کوردستان، ٢٠١٤)، ٣٣.

(5) Kamal Fuad, *Kurdische Handschriften* (Wiesbaden: Franz Steiner Verlag, 1970), XI.

(6) Fuad, *Kurdische,* XI.

| | |
|---|---|
| 'daran giyan daran, ǰærg u dəɫ bærgæn<br>gahe pæř bærgæn, gahe be bærgæn<br>kærgæ ǰæ heɫæ, heɫæ ǰæ kærgæn<br>řuwas ǰæ ruwas, wærg ǰæ wærgæn'[(1)] | داران گیان داران، جەرگ و دڵ بەرگەن<br>گاهێ پەڕ بەرگەن، گاهێ بێ بەرگەن<br>کەرگە جە هێڵە، هێڵە جە کەرگەن<br>ڕواس جە ڕواس، وەرگ جە وەرگەن |

خەڵکی هەورامان بڕوایشیان وایە، کە ٩٩ پیر لە هەورامان ژیاون. لە زۆر شوێنی هەوراماندا زیارەتگای پیرەکان دیارن. جێی سرنجیشە کە گۆڕی سوڵتان سەحاک، یەکێک لە گەورەترین پیرانی یارسان لە هەورامان، لە لای ڕووباری سیروان لە دێهاتی شێخانە. دەتوانین بڵێین، کە هەر لە کۆنەوە هەورامان جێگای پیرانی ئاینیی بووە. لەمەیش زیاتر شوێنی هۆنینەوەی شیعر و پەروردەی شاعیران بووە. شیعرە کۆنەکان زۆرتر لە ڕێی ئەدەبی سەرزارەکییەوە لە نەوەیەک گوێزراوەتەوە بۆ نەوەی دیکە. ئەو شیعرانەی بە ناوی پیرشالیارن، ئەمە دەگەیەنێت، کە نەریتی هۆنینەوەی شیعر لە ناو هەورامییەکان نەریتێکی زۆر کۆن بووە. لە لاپەرەکانی داهاتوو، زۆرتر لە سەر ئەمە دەڕۆین.

با چاوێک بخشێنین بە سەر هۆنراوەیەکی باباتاهیردا، کە لە دوو نوسخەی جیاوازدا، دەیانبینین: یەکێکیان ئەوەیە کە مینۆوی[٢] لە شاری کۆنیا لەگەڵ خۆی هێنای و دووەمیان نوسخەیەکە کە لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئیسلامیی بە ژمارە ٩٠٠[٣] پارێزراوە. ئەم نوسخەیە ناوی نووسەرەکانی بە سەرەوە نییە، بەڵام پێدەچێت ئەم هۆنراوەیە، کە لێرەدا باسیدەکەم، هیی باباتاهیر بێت.

[(1)] Fuad, *Kurdische,* XII, and ʕUsmān (Hawrāmānī), *Mĕžūy,* 34.

[(٢)] مینوی، ازخزائن ترکیە، ١٣٣٥.

[(٣)] ئەم هۆنراوە لە وتارێک لە مهرداد بهار بە ناوی "شعری چند بە گویش همدانی از باباطاهر" لە پژوهشنامە فرهنگستان زبان ایران، ش ٣، آبانماه ١٣٧٥ شو ص. ٢٢-٥ چاپکرا و هەر ئەم وتارە لە کتێبێک "باباطاهرنامە ی پرویز ازکایی ساڵی ١٣٧٥ ش لاپەڕەکانی ١٠٣ تا ١١٤ هاتووە.

وێنەی هەردووکیان لێرەدا دەهێنم، وێنەی دەستی ڕاست، دەستنووسی مەجلیسی شورای ئیسلامیی بە ژمارە نۆسەدە، وێنەی دەستی چەپ، دەستنووسەکەی کۆنیایە[١]:



زارجی ورجه بولی موری نخورد / مورجه آن میان دستاو خدا برد
به وزارته وذرت بازی وذاری / زارجش کشت و موران زار اوا خورد
دالی اثر برزه کوی کرد بپرواز / کرد بروازش بش باز اوا خورد
آمه نخجیروانی ساته بسکیم / بواشا تیر و دال از کار وا کرد
واتشا نخجیروان دست وجا دست / که اینت وذکره اشکار وا کرد
واتشا ته به این وستاخ مبی / دمش وا کره ندا این وذ که من کرد
خرم آن کیژ کو ود کاره نبی / خوش دل ان کیژ کو وذ تلوی کرد
دلم تاوش سامان ته دارت / کوش بربر وساما ن ته دارت
ادیر و داذی وداور کی نی / دست وینه که وادامان ته دارت



٢
زارجم دی ودای مو رج ادخورد / مو رجانی دو دستی وا خدا درد
ناگهان بامدند باز وداری / زارجش کشت و موران زارج ادخورد
دال جالوند کوهان کرد پرواز / بازش بکشت و خونش پاک واخورد
بمد نخچیروان در دین ود آئین / بوکذش تیر و دال از کار بدرد
بشه نخچیروان دستش وچادست / چه منت بدکره از کار بدرد (هذا)
بنامی نشه اینی که من کرد / بمن هر آن کرند هر ود که من کرد
٣

---

[١] طوسی لە "فهلويات لرى" هەردوو هۆنراوەکەی داناوە و پێشنیازی بۆ ڕاستکردنەوەی هۆنراوەکان داوە و بە فارسیی وەریگێڕاونەتەوە و بهاریش لە "گويش بابا طاهر" هۆنراوەکەی کۆنیای هێناوە و بە فارسیی وەریگێڕاوەتەوە.

لێـرەدا هەردوو هـۆنراوەکە هەر ئەو جـۆرە کە نووسـراون، بـۆ باشـتر خوێندنەوە دەیاننووسمەوە:

نوسخەی مەجلیس:

زارجی ور جە بولی موری اتخورد    مورجی آن میان دست او خدا درد
بە وذارتە وذرت بازی و داری    زارجش کشت و موران ژار اوا خورد
دالی اژ برزە کوهی کرد پرواز    کرد پروازش بش باز اوا خورد
آمە نخجیروانی ساتە بسکیم    بواشا تیر و دال اژ کار وا کرد
واتشا نخجیروان دستت و جا دست    کە اینت وذکرە اشکار واکرد
واتشا تە بە این وستاخ مبی    د منش وا کرند هر ود کە من کرد
خرم آن کیژ کو ودکارە نبی    خوش دل آن کیژ کو ود نتگوی کرد
دلم تاوشن سامان تە دارت    گوش بر پرس و پیامان تە دارت
اریرو داذ بی و داوری بی    دست وینی کە وا دامان تە دارت

نوسخەی کۆنیا

زارجم دی، ودای مورج اتخورد    مورجانی دو دستی و خدا درد
ناگهان بامدند باز و داری    زارجش کوشت و موران زارج اد خورد
دال جە الوند کوهان کرد پرواز    بازش بکوشت و خونش پاک واخورد
بمد نچیروان دردین و ودآیین    بوکدش تیر و دال اژ کار بدرد
بشە نچیروان دستت و چا دست    چە منت بد کرە اژ کار بدرد
بنامی نشە اینی کە من کرد    بە من هر آن کرند هر ود کە من کرد

١. نوسخەی مەجلیس[1]

| | |
|---|---|
| کەوێکم بینی لە بۆڵە (ترێیەکی) | zarəji wær jæ buɫi muri atxwærd |

[1] لێـرەدا نامەوێـت هۆنراوەکـان وشـە بە وشـە شـیبکەمەوە، چـونکە ئەمە خـۆی ئیشـێکی بەرفراوانە و دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازی بۆ تەرخانبکرێت. ئامانجی ئەم کارە، زیاتر بەراوردی بابەتییانەیە، بۆیە لە وەرگێڕانی بۆ کوردیی، بە قووڵیی ناچمەناو شیکاریی زمانەوانییەوە. هیوادارم لە داهاتوودا لە ئیشێکی جیاوازدا، ئەم ئەرکە بەڕێوەببەم.

| | |
|---|---|
| murəji an miyan dæst æw xɔda dærd<br>bæwzartæ wzæræt bazi wæ dari<br>zarəjəš kɔšt u muran zar awa xwærd<br>dałi æž bærzæ kuhi kærd pærvaz<br>kærd pærvæzəš bæš-ɛ baz awa xwærd<br>amæ načirwani satæ bəskiyæm<br>bɔwæša tir u dał-ɛ æž kar wa kærd<br>watša næčirwan dastət wa ja dast<br>ka inət wædkæræ æš[1]kar wa kærd<br>watša tæ bæ in wæstax mæbi<br>dæ mənəš wa kærand in wæd ka mən kærd<br>xɔřæm an kiž ku wædkaræ nabi<br>xwæš dəł an kiž ku wæd nætgoy kærd<br>dəłm tāwəšæn saman-ɛ tæ daræt<br>guš bær pərs u pæyaman tæ daræt<br>ær iro, dad bi u dawæri bi<br>dæst wini kæ wæ daman-ɛ tæ daræt | مێروستانی ئەخوارد/ مێروستان لەو ناوە، دەستی بۆ لای خودا ڕاکێشا<br>لەوناوەدا، بازێ لە دارێک تێ پەڕی<br>کەوی کوشت و مێروستانەکان ئەویان (کە زەلیل بووبوو) ئاوا خوارد<br>داڵێ لە بەرزەکێوێ فڕی<br>فڕی و بەشی بازی ئاوا خوارد<br>نەچیروانێ هات، ساتێ بحەوێتەوە<br>تێرێک هاویشت و داڵی لە پێ خست<br>وتیان نەچیروان، دەست لە جێ دەست<br>کە ئەم بەدکردارەت لە کار وا پێ کرد<br>وتیان تۆ بە ئەمە لەخۆبایی مەبە<br>بە من هەر ئەو کارە ئەکەن کە خۆم کردم<br>خۆزگە بەو کەسەی کە خرابکار نیە<br>خۆشدڵ ئەو کەسەی کە قسەی خراب ناکات<br>دڵم تاوییە، سامانی تۆی هەیە<br>گوێ لە پرس و پەیامی تۆی هەیە<br>ئەگەر ئەمڕۆ (ڕۆژی) داد و داوەری ببا<br>دەستت ئەبینی کە بە داوێنی تۆ گیراوە |

نوسخەی دەستنووسی کۆنیا

| | |
|---|---|
| zarəjəm di wædaye murəj æd-xwærd<br>muræjani do dæsti wæ xɔda dærd<br>nagæhan bamædænd baz wæ dari<br>zarəjš kɔšt u muran zarəj æd-xwærd | کەوم بینی، بەشی مێروستانی ئەخوارد<br>مێروستان دو دەستی بۆ لای خودا ڕاکێشا<br>لەناکاو هاتن بازێ لە دارێ<br>کەوی کوشت و مێروستانان کەویان |

[1] ئەم وشە پێناچێت دروست بێت، ڕەنگە وەک نوسخەی کۆنیا ئەژ /æž/ 'لە' بووبێت.

| | |
|---|---|
| dał jæ ælvænd kuhan kærd pærvaz<br>bazəš bækošt u xunæš pak wa xwærd<br>bæmæd næčirvan dærdin wæd-ayin<br>bæwkædəš tir u dał æž kar bədæřd<br>bəša næčirwan dæstət wæ ča dæst<br>čæ mənət bæd kæræ æž kar bədæřd<br>bənami næšæ ini kæ mən kærd<br>ba mæn hær an kærænd hær wæd kæ mən kærd | خوارد<br>داڵ لە کێوی ئەلوەند فڕی<br>بازی کوشت و خوێنی تەواو خوارد<br>نەچیروان دردەدار (و) بەدئایین هات<br>تیری هاویشت و داڵی تێکدڕاند<br>بڕۆ نەچیروان، دەستت لە جێی دەست<br>بە من خرابت کرد کە لە کار هەڵتدڕاندم<br>ناودار نابم، بە ئەمەی کە من کردم<br>بە من هەر ئەوەی ئەکەن، هەر کارێ خراپ کە من بیکەم |

بە چاوخشانێکی خێرا، دەتوانین ببینین کە دوو هۆنراوەکە، گەرچی لە بنەڕەتدا یەک هۆنراوەن، بەڵام جیاوازییشیان پێکەوە هەیە. پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، کە هۆنراوەکانی باباتاهیر، زۆر دەستکارییکراون و ناتوانین متمانەمان بێت کە ئەم هۆنراوانە بە تەواوەتیی نوێنەری زمانی سەردەمی باباتاهیر یان خودی باباتاهیر بن، بۆیە تا ئەمڕۆیش لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە دەکرێت، کە ئایا زمانەکە چەندە گۆڕاوە و چی و چۆن ساخبکرێتەوە.

لەم هۆنراوەیەی سەرەوەدا، شاعیر لە ڕێی حیکایەتێکی کورتەوە، حیکمەتێک دەگوێزێتەوە، باس لە بیرێکی ورد دەکات، کە چۆن ئاکامی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بۆ خودی ئەو مرۆڤە هەڵدەگەڕێتەوە.

دەتوانین بڵێین، کە نزیکایەتییەکی سرنجڕاکێش لە نێوانی شیعرەکانی پیرشالیار و باباتاهیردا دەبیندرێت، بە تایبەت لە بەکارهێنانی بابەتی *ماریفەت*. لە شیعری هەردووکیاندا، واتای *ماریفەت* بە تێگەیشتنی ڕاستییەکان و قووڵتر لە گەردوون، بوونی مرۆڤ و خۆشەویستیی ئیلاهیی، هەڵدەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، شیعرەکانی پیرشالیار زۆرتر بریتییە لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی قووڵ و تێڕوانین بە سروشت و گەردوون، وەک ئەم بەیتە: "داران گیان دارەن، جەرگ و دڵ بەرگەن/ گاهێ پەڕ بەرگەن، گاهێ بێ بەرگەن". لە شیعرەکانی باباتاهیریش بیرکردنەوەی قووڵ و عیرفانیی لە باباتگەلێک وەک

بوون و گەردوون دەبیندرێت. هەردوو کەرەستەکانی سروشت وەک خوازە (metaphor) بۆ دەربڕینی کونسێپتی دژواریی فەلسەفیی و ڕۆحیی بەکاردەهێنن. بۆ نموونە پیرشالیار لە ئیمەیجی (imagery) وەک بەفر، باڵندە، دار و هێلکە بازنەی (cycles) ژیان و پەیوەندیی لەگەڵ گەردوون بەکاردەهێنێت. باباتاهیریش لە سیمبولەکانی سروشت وەک با، مانگ و زەویی بۆ چوونەناو بابەتی خۆشەویستیی، جودایی و کێشە مرۆڤایەتیی بەکاردەهێنێت.

دەبێت ئەمەیش لەبیرنەکەین، کە شیعرەکانی هەردوو شاعیر لە نەریتی ئەدەبی زارەکیی (oral tradition) بۆمان بەجێماوە؛ بیرۆکەکانیان نەوە بۆ نەوە گوێزراوەتەوە. نزیکیی بابەتیی و زمانی شیعریی ئەم دوو زاتە، بەو ئاکامەمان دەگەیەنێت، کە هەردوو شاعیر لە یەک بنەمای هاوبەشی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی سەریانهەڵهێناوە و گەشەیانکردووە.

پاش ئەم باسە، لێرەدا جێی خۆیەتی، کە بێینەسەر باسی چەمکانی فەهلەویی، ئەورامە و ئەورامەنان.

## تایبەتمەندیی کولتووریی و زمانەوانیی فەهلەویی، ئەورامە و ئەورامەنان

چەمکی فەهلەویی/پەهلەویی چەند واتای جوراوجۆر دەگریتەخۆ، هەر بۆیە بابەتی زانستیی زۆر لە سەری نووسراوە. گیلبرت لازار لە *La formation de la langue persane* زۆر بە وردیی شیکاریی ئەم چەمکەی کردووە. بە ڕای ئەم زانایە، ئەم چەمکە بە چوار واتای جودا بەکارهاتووە:

١. پەهلەویی بە واتای زمانی ئەشکانیی، واتە زمانی سەردەمی ئەشکانییەکان لە ئێران.

٢. پەهلەویی بە واتای زمانی فارسیی ناوەڕاست، کە لە دەورەی پاش بە ئیسلامییکردنی ناوچەکە ئەم واتایەی بە خۆی گرت.

٣. پەهلەویی یان شکڵی بە عەرەبکراویی یانی *فەهلەویی* و کۆی ئەم وشە *فەهلەویات* بە نەوعی شیعرێک وترا، کە لە ناوچەیەکی تایبەت، بۆ هۆنین بەکارهات.

٤. پەهلەویی بە واتای زمانی فارسیی[١].

لە نـاو ئەم چـوار چەمـکەدا، کە لازار زۆر بە وردیـی و زانسـتییانە لە سەریان لیکۆڵینەوەی کردووە، چەمکی سێیەم بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگە. لەو سـێکەی دی دەگەڕێـین. لە نـاو کتێـبە مێژووییەکـانیش، هەروەهـا کە پێشـتر ئاماژەیپێـدرا، شەمسـی قەیسـی ڕازیـی لە کتێبـی *ئەلمـوعجەم فـی مەعـاییر ئەشعار العەجەم*، کە لە سـەدەی حەوتی هیجریی بە درێژیی باسـی شـیعری فەهلەویی و بەکارهێنـانی لە ناو خەڵکی جبال[٢] یان عێراق دەکات. لە بەشـی کێشی وەزنی *مەشاکیل* دەڵێت کە فەهلەویی ئەم نەوعە کێشە بەکاردەهێنێت[٣].

قەیسـی ڕازیـی، سـەری سـووڕدەمێنێت لە خەڵکـی نـاوچەی جبـال، کە زۆرتـر کەیفیـان بە بەیتـی فەهلەویـی و لەحنـی ئەورامەن دێـت تـا شـیعری عەربیی و ئەغزالی ناسکی دەریی[٤] و ئەم بەیتەی خوارەوە دەنووسێت:

لحن اورمن و بیت پهلوی

زخمه ی رود و سماع خسروی

لە ڕوانـگەی قەیسـەوە، شـاعیرانی فەهلەویـی لە بەکارهێنـانی وەزنـی شیعریی توشی هەڵە دێن. بۆ نموونە، ئەم بەیتانە دەهێنێت:

خوری کم زهره ( نی ) کش سا ببوسم۱ — نینم۲ آن دست رس کش پا ببوسم

مفاعیلن مفاعیل فعولن — فاعلاتن مفاعیلن فعولن

بواژی «کوکوامش۳» خانهایا — وش خوادا بشم آن خا ببوسم۴

مفاعیلن مفاعیلن فعولن — فاعلاتن مفاعیلن فعولن

قەیـس دەنووسـێت، کە شـاعیری ئەم هـۆنراوەیە، دوو وەزنـی جیـاوازی بەکارهێنـاوە، لە نیـوبەیتی یەکەم و سـێیەم وەزنـی *مەفـاعیلون مەفـاعیلون*

---

(1) Gilbert Lazar, *The Formation of the Persian Language*, trans. Mahrasti Bahraini (Tehran: Hermes, 2005), 69–84.

(٢) لەو سـەردەمەدا وشـەی عێـراق دوو بەش بـوو: عێراقـی عەجەم و عێراقـی عەرەب. مەبەست لە عێراقی عەجەم، ناوچەی فەهلە بوو.

(٣) رازی، المعجم، ١٦٥-١٧٠.

(٤) رازی، المعجم.

*فەعوولون*، کە دەڕواتە بەحری مەشاکیلەوە و لە نیوبەیتی دووەم و چوارەم وەزنــی فــاعلاتون مەفــاعیلون فەعوولــون، کە دەڕواتە بەحــری هەزەجەوە، بەکارهاتووە.

قەیــس دەڵێــت هەوڵێکــی زۆری دا، تــا شــاعیرەکان تێبگەیەنێــت کە بەکارهێنـانی کێشـی مەفـاعیلون مەفـاعیلون فەعوولـون لە بەحـری هەزەجـی موسەدەس جائیز نییە، چونکە ئەم وەزنە هیی بەحری مەشاکیلە[1]. لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت کە شاعیرە فارسەکان هەڵەی وایان نەدەکرد. پاشان بنداری ڕازیـی (شـاعیرێک کە لە سـاڵی ١٠١٩ زاینییـدا مـردووە) دەداتەبەر ڕەخـنە، بۆئەوەی ئەویش کە بە ڕای ئەو، ڕازیی زمانەکەی نزیکترە بە فارسیی تا بە فەهلەویی، هەر هەمان هەڵەی کردووە.

تــا ئەوەی ڕۆژێــک لەگەڵ جەماعەتێــک لە گەورەکانیــان کــۆدەبێتەوە و یەکێک لەوانە کە هاوڕێیەتیی لەگەل قەیس هەیە و دەنگی خۆشە، دەستدەکات بە خوێنـدنەوی چەنـد بەیتـی خەسـرەو و شـیرین، کە لە بەحـری مەشـاکیل هۆنراوەتەوە. قەیس پرسیاریلێدەکات، ئایا شیعریان هەیە کە هەر لە سەر ئەو وەزنە و لەحنە بیخوێنن. هەمـوو حـازران بە یەکڕا دەڵـێن وەزنـی فەهلەویـی هەمـووی بەم کێشـەیە و هەمـوو **ئەورامەنەکـان** بەم شـێوەیە. قـیس چەنـد

---

[1] لە شێمایەکی دیاریکراو، بڕگەی کورت و درێژ لە دوای یەکدا دێن. یەک پێ دەتوانێت بریتیی بێت لە یەک بۆ پێنج بڕگە؛ هەر نیوبەیتێک دەتوانێت دوو، سێ یان چوار پێی هەبێت. لە ئاکامـدا شـێمایەکی دیـاریکراو بەدیـدێت. شـاعیران لە سـەر نـاوی "فەعەل"ی عەرەبییـەوە، نـاوی پێکانیـان دیـاریکردووە. بـۆ وێـنە شـێمایەک دەتوانێـت ئـاوا بێـت: مەفــاعیلون مەفـاعیلون فەعولــون. لەم شـێمایەدا، مەفـاعیلون چـوار بـڕگەی هەیە، کە یەکەمینیان کورتە (مە) و ئەوانی دی کە سێدانەن درێژن. درێژیی و کورتیی بڕگەکان لەم شێمایەدا دەتوانن ئاوا نیشانبدرێت:

(u) ( u - - / u - - - / u - - - نیشانەی بڕگەی کورت و /–/ نیشانەی بڕگەی درێژە). شاعیر دەتوانێت بۆ وێنە ئەم شێمایە لە هەموو شیعرەکەیدا بەکاربهێنێت. نزیک ٣٠٠ شێمای جیاواز بۆ شیعری فارسیی دیاریکراون، بەڵام لە سێ شێما لە شیعری فارسیی کەڵکوەرگیراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سیروس شمیسا، *آشنایی با عروض و قافیە*، ویرایش چهارم، (تهران: میترا، ١٣٨٣)؛ عبدالحسین نجفی، "اختیارات شاعری"، لە: *جنگ اصفهان*، شماره ١٠ (١٣٥٢)، ١٤٧-١٨٩؛ عبدالحسین نجفی، "درباره طبقه بندی وزن شعر فارسی"، لە: *آشنایی با دانش*، (١٣٥٩) ٥٩١-٦٢٦.

شیعر کە بە دوو کێشی جیاواز دەبن پێیاندەڵێت بیخوێنن، لە کاتی خوێندنی ئەو بەیتانەی کە وەزنی جیاوازیان هەیە، ئیتر دەستیان دەوەستێت و تێدەگەن کە ئەو جۆرە تێکەڵکردنی وەزنە، هەڵەیە[1].

ئەم ڕەخنە کە ڕازیی لە شاعیرانی پەهلەویی_بێژ گرتی، ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین هۆکان بووبێت کە دەستی کاتبی دەستنووسەکان لە هەر کوێ هەستیان کردبێت، دوو بەحری جیاواز لە شیعرێک بەکارهاتووە، وەک هەڵە چاویانلێکردبێت و هەوڵی چاککردنیان دابێت. هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان ئەوندە بەرفراواندەبێت، کە هۆنراوەکان لە سەرچاوەی سەرکیی خۆیان دووردەخرێنەوە و هەر کەس بە زەوق و سەلیقەی خۆی، وشەیەک یان ڕستەیەک دەگۆڕێت و لە ئاکامدا ئەوەی بە ئێمە دەگات لە ڕاستییدا زۆر دوورە لەو زمانەی کە لە کاتی خۆی بووە.

گەرچی قەیسی ڕازیی یەکێک لە زانایان لە بواری خۆی و لە سەردەمی خۆی بووە، بەڵام ئەو کەسەی کە هەڵەیکرد، شاعیران نەبوون، بەڵکو ئەو بوو کە بە پێوەری زمانی فارسیی، شیعری فەهلەویی هەڵدەسەنگاند. قیس، خۆی ئاماژەی بە ئەوە دا، کە زمانی فەهلەویی جیاواز لە زمانی فارسییە، بەڵام سەرەڕای ئەمە، چاوەڕێدیەکرد کە سیستەمی وەزنی فارسیی و پەهلەویی یەک شت بن. کێشەکە لێرەوە سەریهەڵدا. لە جیاتیی ئەوە دەبوایە ئەو ڕاستییەی قەبووڵبکردبا، کە بۆ بیسەرانی شیعری فەهلەویی وەزنی فەهلەویی کێشەی نەبوو، بۆیە هەموو خۆشیاندەویست.

تەبیب زادە[2] سەبارەت بە فەهلەویاتی کۆن دەڵێت کە زۆربەی فەهلەویاتی کۆن تێکەلێکبوون لە کێشی هەزەج و مەشاکیل، بەڵام بە گوێی بێژەرانی فەهلەویی، ئەم تێکەڵاوییە کێشەی وەزنی دروستنەکردووە، چونکە ئەوی لە گوێی فارس_زمان بە وەزنێک نوقسان دەبیسترێت، دەتوانێت لە زمانێکی دیکە وەک فەهلەویی جیاواز بێت و هیچ نوقسانییەکی لە وەزن

(1) رازی، المعجم، ١٦٨-٧٠.

(2) امید طبیب زاده، "بررسی تاریخی وزن در فهلویات"، له: *زبان ها و گویش های ایرانی* ٣، اسفند ١٣٩٢.

نەبێت، بۆیە نابێت لە سەر بنەمای عەرووزی فارسییەوە هۆنراوەی فەهلەویی هەڵبسەنگێنن. بە ڕای تەبیب زادە، تا سەدەی هەشتەم هێشتا فەهلەویات ڕەنگ و بۆنی فارسییان نەگرتووە. تەبیب زادە چەند وێنەی شیعری لە شاعیرانی فەهلەویی_بێژ دەهێنێتەوە کە تێکەڵاویی کێشی هەزەج و مەشاکیل لە ناو شیعرەکانیاندا هەیە. تەنانەت بەکارهێنانی پێیەک وەک مەفعولاتون کە بریتییە لە چوار برگەی درێژ (– – – –)، دەبینرێت. بە ڕای تەبیب زادە لە ژێر کاریگەریی فارسییەوە ئەم تێکەڵاوییە لە هۆنراوەکانی شاعیرانی پاشتر کەمدەبێتەوە؛ ئەو وێنە لە شاعیری بەناوبانگ سەعدیی شیرازیی دەهێنێت، کە شیعری بە زمانی شیرازی کۆن لە سەر کێشی هەزەج هۆنیوەتەوە و دەڵێت سەعدیی چونکە خۆی مامۆستایەکی پایەبەرزی عەرووز بووە، هەوڵیداوە وەک شیعری فارسیی، دوو وەزنی هەزەج و مەشاکیل تێکەڵنەکات.

لە شیعری ڕەسمیی فارسییدا لە سیستەمێک بە ناوی سیستەمی وەزنی *عەرووزی* کەڵکوەرگیراوە، کە ئەمەیش خۆی لە وەزنی شیعری عەرەبییەوە هاتووەتەناو شیعری فارسیی و هەندێک لە زمانە ئێرانییەکان.

لە عەرووز، ژمارەی برگەکان نابێتە هۆی دروستکردنی وەزن، بەڵکو کورتیی و درێژیی برگەکانن کە وەزن پێکدەهێنن، کەواتە دەبێت برگەی کورت و درێژ لە هەموو نیوبەیتەکانی هۆنراوەیەکدا ڕێکبخرێن.

هەر نیوبەیتیک لە چەند، پێیەک[1] پێکهاتووە، کە دەتوانێت بریتیی بێت لە دوو بۆ چوار برگە. بۆ ئاسانیی کار، ناوی هەر پێیەک لە سەر بناغەی فرمانی عەربیی *فەعەل* ناونراوە. بۆ وێنە پێیەک وەک *مەفاعیلون* لە یەک برگەی کورت و سێ برگەی درێژ پێکهاتووە، کە دەتوانین وا نیشانیبدەین: (u – – –)[2]. بۆ پێکهێنانی وەزن، دەبێت دوو بۆ چوار پێ لە هەر نیوبەیتێک پێویستە. ئەم پێیانە دەتوانن وەک یەک بن، دەتوانن جیاواز بن، بۆ وێنە وزنێک دەتوانێت بریتیی بێت لە فەعولون فەعولون فەعولون، کە سێ پێی وەک یەکن؛ پیکان دەتوانن جیاوازیش بن، وەکو فاعلاتون، مەفاعیلون

---

(١) foot

(٢) نیشانەی /u/ کورتیی برگە نیشاندەدات و نیشانەی /–/ درێژیی برگە.

فەعولـون. ئەگەر شـاعیر بـۆ وێـنە لە شـیعرێکی وەزنێـک وەکـو *مەفـاعیلون مەفـاعیلون فەعوولـون*–ی بەکارهێنـا، ئیتـر دەبێـت ئەو وەزنە لە هەمـوو نیوبەیتەکـان دوپـاتببێتەوە، تـا وەزن دروسـتببێت. لە فارسـییدا نـزیکەی ٣٠٠ شێمای وا هەیە، بەڵام شاعیرانی فارس لە تەنیا ٣٠ شێما کەڵکیانوەرگرتووە[١].

لە ناو شاعیرانی گۆراندا، تەنیا چەند شاعیری دەگمەن کەڵکیان لە وەزنـی عەرووزی وەرگرتووە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە سەیدی هەورامیی بکەین، کە لە هەنـدێک لە هۆنراوەکانی لە بـواری وەزنیوە، نزیکایەتیی لەگەڵ وەزنـی شـیعری فەهلەوییـدا هەیە و ئەو بە نـاو "هەڵانە" کە ڕازیـی بـۆ شـیعری فەهلەویـی دەستدەنێتەسـەریان، هەر هەمـان شـت لە شـیعری سەیدییشـدا پەیدادەبن. بەشی خوارەوە تایبەتە بەم باسە.

### وەزنی هۆنراوەکانی گۆرانیی

شـاعیرانی گـۆرانیی، وەزنێکـی تـایبەت بە نـاو وەزنـی بـڕگەییـان بـۆ هـۆنینەوەی شـیعری گـۆرانیی بەکارهێنـاوە. لە وەزنـی بڕگەیـی، ژمـارەی بڕگەکان، بنەڕەتی وەزن پێکدەهێنێت. زۆر بە کورتیی دەتوانین بڵێین، کە لەم سیستەمەدا هەر نیوبەیتێک، بریتییە لە دە بڕگە و وەسـتانیکیش پاش بڕگەی پێنجەم هەیە؛ جووتقـافیەیش لە زۆربەی شـیعرەکاندا بەکارهـاتووە. هەروەهـا هاودەنگیی پیتەکانی سـەرەتا، ناوەڕاسـت و ئەخیـر لە لایەن شـاعیرەکانەوە بە فراوانیی بەکارهاتووە[٢].

هۆنراوە ئاینییەکانی یارسان، لە تەنیشت سیستەمی دە بڕگەییدا هەندێک جـار لە ژمـارەی بڕگەکانیـان زیـاتر یـان کەمتـر لە دەدانەیە، بەڵام زۆربەیـان بریتیین لە دە بڕگە.

هەروەهـا کە پێشـتر وتـم، لە نـاو شـاعیرانی گۆرانـدا بە دەگـمەن کێشـی

---

[١] بۆ باسی وردتر بڕوانە: شمیسا ١٣٨٣، طبیب زادە، ١٣٨٢، نجفی ١٣٥٢ و ١٣٥٩.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر وەزنی شیعری هەورامیی بڕوانە:
Parvin Mahmoudveysi, *The Meter and the Literary Language of Gūrānī Poetry*. Doctoral dissertation, Universität Hamburg. Accessed August 6, 2024. http://ediss.sub.uni-hamburg.de/volltexte/2016/7935/pdf/Dissertation.pdf.

عەرووزی بەکارهاتووە. یەکێک لەوانە کە ئەم کێشەی بەکارهێناوە سەیدی هەورامییە. سەیدیی نە تەنیا کێشێکی جیاوازی لە شاعیرانی گۆرانیی بەکارهێناوە، بەڵکو زمانەکەیشی هەندێک جیاوازیی لەگەڵ شاعیرانی دی دەنوێنێت. ئەم زمانە نزیکە لە زاراوەیەک کە لە دێهاتی بزڵانە لە نزیکی شاری سنە، قسەپێدەکرێت[١].

هەندێک لە توێژەران لە سەر ئەو باوەڕەن کە دوو سەیدیی هەبووە، یەکێکیان ناوی سەید محەمەد سادق بووە و لە سەدەکانی پازدەی زایینییدا ژیاوە[٢]. هەندێکی دیکەیش پێیانوایە کە تەنیا یەک سەیدیی بووە، لە سالانی ١٧٨٤ تا ١٨٤٣/١٨٤٨ ژیاوە و بە دوو زاراوە شیعری نووسیوە[٣].

لە هەر حاڵدا، زۆربەی ئەو شیعرانەی کە کێش و زمانیان جودا لەوانی دیکەیە، کێشەکەیان هەر هەمان کێشی هۆنراوەکانی فەهلەویاتە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە سەیدییش وەک شاعیرانی فەهلەویی، کێشی هەزەج و مەشاکیلی تێکەڵکردووە و تەنانەت پێیەک وەک مەفعولاتون کە بریتییە لە چوار بڕگەی درێژی بەکارهێناوە. سەیدیی شیعری بە فارسییش نووسیوە، بەلام لە شیعری فارسییەکاندا ئەم تێکەڵاوییانە نابینرێن. ئەمە نیشانیدەدات کە سەیدیی، عەرووزی بە باشیی ناسیوە، بەڵام نەیویستووە لە سەر بنەمای عەرووزی فارسییەوە، شیعرەکانی خۆی ڕێکبخات. هەر ئەم خاڵە نیشانیدەدات کە ئەو شیعرانەی کە بە سیستەمی عەرووزی هۆنراونەتەوە،

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: لێکۆڵینەوەی مەحمود وەیسی
Parvin Mahmoudvaysi: “The Gūrānī variety of Bzłāna and the literary language of Saydī”. In: Gorani in its Historical and Linguistic Context. Edited by Shuan Osman Karim und Saloumeh Gholami. De Gruyter Mouton.
(https://doi.org/10.1515/9783111168852-003) (2024).

(٢) بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین ١٣.٢.١٩٥٨، ژمارە ١٣٨٩؛ روحانی ١٣٨٢، جلد اول، لاپەڕە. ١٤٧؛ صفی زادە ١٣٨٧: ٥٦٠؛ سجادی ١٩٩٦: ٥٥٨، ...

(٣) بڕوانە: عەبدوڵلا حبیبی، *دیوانوو سەیدی هەورامی* (سنندج: انتشارات کردستان ١٣٩٨)؛ محەمەد ئەمین کاردۆخیی (پێداچوونەوەی محەمەد ئەمین ڕەشیدیی)، دیوانی صەیدی (سنندج: انتشارات کردستان ١٣٨٥)؛ عدنان معازی، مفتاح القلوب، کلام سید عبدالله کلجینی (بلبری)، (پاوە: نشر آرو ١٤٠٢).

دەبێت تەمەنیان زۆر کۆن بێت.

لێــرە دوو نمــوونە لە هۆنراوەکــانی ســەیدیی دەهێنــین. ئەم هــۆنراوانە ئەساسـیان وەزنـی *مەفاعیلون مەفاعیلون فەعوولون*-ە، بەڵام تێکەڵاویـیش لە ناویانـدا هەیە. بـۆ نیشـاندانی وردەکـاریی وەزنـی، هۆنراوەکـانی ئەم بەشـە بە خەتــی لاتــین نووســراونەتەوە، هەروەهــا لە ژێــری چەنــد بەیتێکــدا کێشــی شــیعرەکان دیــاریکراوە، ئەوانــــی دی، هەمــــوو هەر لە ســــەر ئەو کێشــــە ڕاوەستاون، بۆیە لە ژێر ئەوانی دیدا دوپاتنەکراونەتەوە:

| | |
|---|---|
| 1 | **æz** æwromon mækonəm bew wæłætəm<br>– u – –   u – – –   u – – |
| 2 | særu piri xəway da be næjatəm<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 3 | bɔro dærweš ləvo sæyru wæłato<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 4 | næništo hič wæłatewnæy næsatəm<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 5 | ləvo žiwar bɔro šetu nəšate<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 6 | nəšatæ ševənaš ʕæyšu nəšatəm<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 7 | nəšatæw kakæ baromi xəǰəłno<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 8 | xæmeš bærgəm, pæžaræš bo xæłatəm<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 9 | čənu ax[o] **axmo, mən pæy** nəšate<br>u – – –   – u – –   u – – |
| 10 | səwaw axo **næbur hič dæ**sæłatəm<br>u – – –   u – – u   u – – |
| 11 | gɔnanu řawu æšqiš be sær u pa<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 12 | mæzonu hatəmo ya xo næhatəm<br>u – – –   u – – –   u – – |
| 13 | nəšat! ær mi**r u mæla pær**sæ dadəm<br>u – – –   – u – –   u – – |

| | |
|---|---|
| 14 | šəkat-u tæn, šəkat-u tæn šəkatəm<br>u – – – u – – – u – – |
| 15 | næživɔnu mæživu be tæ diḍæm<br>u – – – u – – – u – – |
| 16 | **ħæyatmæni, ħæyatmæni**, ħæyatəm<br>u – u – u – u – u – – |
| 17 | næba be tæ vəyaru žifi tałæ<br>u – – – u – – – u – – |
| 18 | **bɔreni, šæ**kærəm, qændəm, næbatəm<br>u – – u u – – – u – – |
| 19 | tæ xo næbræt wæfa hærgiz čæni mən<br>u – – – u – – – u – – |
| 20 | **binayim**, be wæfayit bɔr wæfatəm<br>– – – – u – – – u – – |
| 21 | xæyałəm be qəsewæt wačū lawæ<br>u – – – u – – – u – – |
| 22 | næbur fursæt niyazi wem næwatəm<br>u – – – u – – – u– – |
| 23 | æz ær dewɔnænu ær šet u særsam<br>u – – – u – – – u – – |
| 24 | pækəm toni, tæ vəstæn mɔškəłatəm<br>u – – – u – – – u – – |
| 25 | tæmæm bæstenænæ a čał-u zənǰi<br>u – – – u – – – u – – |
| 26 | kæ dæy ča kæw**særi ʕæzæb** fɔratəm<br>u – – – u – u – u – – |
| 27 | ləvanowæ sær-ū tof-u jæhełi<br>u – – – u – – – u – – |
| 28 | dæræk pirno, šɔræn wæxt u sæħatəm<br>u – – – u – – – u – – |
| 29 | tæ færzo dæy zækæt-ū nazæninit<br>u – – – u – – – u – – |
| 30 | æzič dærweš-u tæ, sa dæ zækatəm<br>u – – – u – – – u – – |

لەم هۆنراوەی سەرەوەدا، لە یەکەم نیوبەیتەوە دەبینین کە شاعیر وەزنی فاعلاتون مەفاعیلون فەعوولونی بەکارهێناوە، هەر ئەو وەزنەی کە قەیسی ڕازیی دەڵێت شاعیرانی فەهلەویی_بێژ بەکاریاندەهێنا. لە نیوبەیتییەکانی ژمارە ٩، ١٠، ١٣، ١٦، ١٨، ٢٠ و ٢٦ تێکەڵاویی وەزنی دەبیندرێت. لە ژمارە ٩ وەزنی مەفاعیلون فاعلاتون فەعولون؛ لە ژمارەکانی ١٠، ١٣ و ٢٦ وەزنی مەفاعیلون فاعلاتو فەعولون؛ لە ١٦ وەزنی مەفاعلون مەفاعیلون مەفاعیلون؛ لە ژمارە ١٨ مەفاعیلو مەفاعیلون فەعولون و لە ژمارە ٢٠ شاعیر بە وشەی *بینابیم* کێشی مەفعولاتون مەفاعیلون فەعولونی بەکارهێناوە. هەموو ئەم تێکەڵاوییانە، لە ناو شیعری شاعیرانی فەهلەویی_بێژدا دەبیندرێت و تەبیب زادە[1] بە وردیی باسی لە سەریان کردووە. بۆیە دەتوانین سەیدیی وەک وێنەیەک لە شاعیرانی گۆران ناوببەین، کە لە بواری بەکارهێنانی وەزن، جیاوازییەکی لەگەڵ شاعیرانی فەهلەویی نەبووە.

ڕەنگە نەریتی هۆنینەوە بە وەزنی فەهلەویات، لە کۆنەوە لە شیعری گۆرانیی نموودیی بووبێت، بەڵام پاشتر، شاعیرانی گۆران بە تەواویی ئەم وەزنەیان نابێتەلاوە. پاشتر نیشانیدەدەین کە شیعری گۆرانیی، لە هەمەدانەوە سەرچاوەیگرتووە. کەواتە پێدەچێت کە شیعرە هەرە کۆنەکان وەک فەهلەویات، خاوەنی وەزنی فەهلەویی بووبن، یان هەر جیاوازییەک لە نێوان فەهلەویی و گۆرانییدا نەبووبێت.

لە باسی خوارەوەدا دێینەسەر پەیوەندیی نێوان فەهلەویات و چەمکی ئەورامە و ئەورامەنان.

**ئەورامە، ئەورامەنان**

لە سەر باسەکەی قەیسی ڕازیی سەبارەت بە کێشی فەهلەویات، چەند خاڵی نایاب و گرنگ دەکەوێتە بەردەستمان. ڕازیی بە ئاشکرایی لە فەهلەوییدا وەک زمانێکی جیاواز لە دەریی ناودەبات. توێژەران بە وردەکاریی زۆرەوە

---

(١) امید طبیب زاده، بررسی تاریخی.

باسی ئەم جیاوازییەیان کردووە[1]، بەڵام خاڵی گرنگ بۆ ئەم باسەی ئێمە، ئاماژەی ڕازیی بۆ دوو وشەی ئەورامەنان و ئەورامەیە. قەیسی ڕازیی سەبارەت بە بەحری هەزەجی مەسەدەسی مەحزووف (مەفاعیلون مەفاعیلون فەعولون) دەنووسێت: "و این وزن خسرو و شیرین نظامی و ویس و رامین فخری گرگانی است... و خوشترین اوزان فهلویات است که ملحونات آن را اورامنان خوانند"[2] و (ئەمە وەزنی خەسرەو و شیرینی نزامیی و وەیس و ڕامینی فەخری گورگانییە... و خۆشترین وەزنی فەهلەوییاتە، کە بە خۆشترین مەلحووناتی، دەڵێن ئەورامەنان). وشەی مەلحوونات کە کۆی مەلحوونەیە، بە شیعرێک دەوترێت کە لەگەڵ موسیقیی و مەقامات دەخوێندرێت. کەوایە ئەورامە یان ئەورامەنان بە شیعرێک دەوترێت کە بۆ خوێندن بێت.

چەمکی ئەورامە لە چەند نوسراوەی کۆنی دی، ئاماژەپێکراوە. لە کتێبێک ئەلوزەرا، نووسینی ئەبوو الرجای قومی، کاتێک کە کەنیزەکان خەریکی لێدانی دەف و چەنگ بوون، قوامەدین (کە لە ساڵی ٥٢٧ هجریی ١١٣٢ زاینیی کوژرا و وەزیری سەنجەری سەلجووقیی بوو) بە یەکێک لەو کەنیزانە دەڵێت: "ئەورامەنی بژەنە"[3]. لە نامەکانی عین القضاتی هەمەدانییشدا (٤٩٢-٥٢٥ هجریی/ ١٠٩٨-١١٣٠ زاینیی) چەند جار بە وشەی ئەورامە وەکو هۆنراوە ئاماژەپێکراوە[4].

جەلالەدین هومایی[5] دەڵێت: "بە ڕای ئەو ڕیشەی وەزن ڕوباعی هەر ئەو لەحنی *ئەورامن* یان "ئەورامنان"ە کە لە زمانی پەهلەویی یازدە بڕگە بووە و لە وەزنی هەزەجی موسەدەسی مەقسوور و مەحزووف، کە دەکاتە هەر ئەو

---

(١) بۆ وێنە بڕوانە: بە لازار ٢٠٠٥، فیروزبخش ١٤٠٠.

(٢) رازی، المعجم: ٩٧.

(٣) نجم الدین ابورجا قمی (بە کوشش محمدتقی دانش پژوه) *تاریخ الوزرا*، در سال ٥٨٤، (تهران: موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، ١٣٦٥)، ١١.

(٤) بۆ وێنە بڕوانە: علینقی منزوی، عفیف عسیران: نامە های عین القضات همدانی، جلد اول (تهران، گلشن: ١٣٦٢)، ١٦٨، ١٧٣، ١٧٦، ٣٧٤.

(٥) جلال الدین همایی، نامە های ادبی، جلد اول (تهران: هما، ١٣٦٩)، ٤٣.

وەزنەی کە 'خەسرەو و شیرینی' نیزامیی و 'وەیس و ڕامینی' فەخروئەلدین ئەسعەدی گورگانی پێنووسراوە". لە درێژەی باسەکە دەڵێت: "لە فارسییدا بە زیادکردنی بڕگەیەک یان یەک ڕوکن بووەتە "تەرانە" یان "دووبەیتی". بۆیە دەبێت ڕیشەی ڕوباعی و زیادکراوەکانی هەزەج لە لەحنی "ئەورامەن" و ئەلحان و ئەشعاری زمانی پەهلەویی بدۆزینەوە، کە زۆری لە ئەسراری میللەتان لە ناو ئەدەبی فارسیی و ئەم پەردەیەدایە"[1].

لە ڕاستییدا ئەم شیکارییە زۆر ئاڵۆزە و لە ئەخیردا خوێنەر تێناگات، *ئەورامە* یان *ئەورامەنان* چییە. عەلی ئەشرفی سادقیی بۆ ڕونکردنەوی ئەم چەمکە، لە پێنج فەرهەنگی جەهانگیر، سەروەریی، بورهانی قاتێع، هدایەت و ڕەشیدی کەڵکوەردەگرێت[2] و دەڵێت کە هەموو ئەم سەرچاوانە لە سەر ئەو بڕوایەن، کە *ئەورامە* جۆرێک لە خوێندن بووە، کە تایبەتە بە فارسەکان و شیعرەکەی بە پەهلەویی بووە. بۆ جەهانگیریش دەنووسێت کە وایداناوە کە ئەورامەن دێهاتێکە سەر بە کوشکان، بەڵام هدایەت کە باسی دێهاتی کوشکان کە بە جوشقان بەناوبانگە دەکات، دەڵێت ئەم دێهاتە لە لای کاشانە[3]. سادقیی خۆی دەڵێت کە ئەم ناوی *ئەورامن*-ە کورتکراوەی *ئەورامەنان*-ە، کە *ئان* وەک پاشگری بۆ نسبەتدان بە شوێنە، ئەمڕۆ شوێنێک بە ناو ئەورامەن لە نزیکی جۆشقان بوونی نییە، بەڵام لای سنە دوو ناحیە بە ناوی *ئەورامان* هەن، کە بە ئەگەری زۆر *ئەورامەنان* کورتکراوەی *ئەورامانان* بێت[4].

شیکارییەکەی سادقییش هێشتا تەواو نییە، چونکە ئەو ئەورامان تەنیا بە دوو ناحیەت دەزانێت. جێی سەرسووڕمانە کە کەسایەتییەکی وەک سادقیی، ناوچەی گەورەی ئەورامان نەناسێت و نەزانێت کە نە تەنیا گوندەکانی لە

---

(١) همایی، نامه های، ٤٣.

(٢) علی اشرف صادقی، "شروینان یا عشق نامه شروین دشتبی و شروه سرایی"، لە: یادنامه دکتر احمد تفضلی (تهران: سخن ١٣٧٩)، ٢٣٦.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صادقی، شروینان، ٢٣٦؛ رضاقلی خان هدایت، مجمل الفصحا (به کوشش مظاهر مصفا) (تهران: موسوی: ١٣٣٩).

(٤) صادقی، شروینان، ٢٣٦.

دەورووپشتی سنە، بەڵکو تا کوردستانی باشووریشی گرتووەتەبەر، بەڵام لە ئاکامدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سادقیی، پەیوەندییەک نێوان، ئەورامەن/ ئەورامەنان و ناوچەی جوگرافیایی ئەورامان دەبینێت. هەڵبەت ئەزکایی و تەفەزولیش چەمکی ئەورامەن هەڵدەگەڕێننەوە بۆ ناوچەی *ئەورامان*[1]. کەواتە نووسەرەکانی ئێران، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم وشانە پەیوەندییان بە خەڵکی ناوچەی هەورامان هەیە.

باشترین و بەقوەتترین باسێک کە سەبارەت بە وشەی "ئەورامەنان" کرابێت، لە ناو دەستنووسێکی کۆن بە ناوی سەفینەی تەبریزە، کە زانیارییەکی زۆر گرنگ دەخاتە بەردەستمان. بە هۆی گرنگیی ئەم زانیارییەوە، وێنەی نووسراوەکە کە لە ناو ئەم دەستنووسەیە و لە بەشی *فواید امالی* نووسراوەی ئەمین ئەلدەولەی حاج بلە[2] (مردنی لە ساڵی ٧٢٠ هیجریی/ ١٣٢٠ زایینی)، هاتووە، لێرە دایدەنێم و تەرجوومەکەشی دەبێتە: قەبیلەیەک لە هەمەدان بوون کە پێیاندەوتن ئەورامەنان و بەردەوام دووبەیتییان دەوت، بۆیە بە دوو بەیتیی فەهلەویی دەڵێن ئەورامەنان.


جمیع بلاد عراق عجم را فهلوه می‌گویند و سخنان ایشان را فهلویات
و قبیله بودند در همدان که ایشان را اورامنان گفتندی که همه
دوبیتی گفتندی دو بیت فهلوی را بحسب آن اورامنان می‌گویند

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، دەبینین کە یەکێک لە نیشتنگەکانی گۆرانەکان هەمەدان و دەورووپشتیە. ئەم بەڵگەیەش زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت، کە

---

(1) Tafazzoli, "Fahlavīyāt,"; Azkāyi, *Bābā Tāhir*, 132.

(٢) "فواید امالی" (لاپەڕەکانی ٥١٩ تا ٥٣٨) وتارێکی بەنرخە، کە نووسەرەکەی "امین الدولە حاج بلە"یە و لە دەستنووسێک بە ناوی *سفینەی تبریز*دایە، کە لە لایەن "ابو المجد محمد ابن مسعود تبریزی" لە بەینی ساڵانی ٧٢١-٣ هجریی قەمەریی نووسراوە و کۆکراوەتەوە. وێنەی ئەم دەستنووسە لە لایەن زانکۆی تاران: مرکز نشر دانشگاهی تهران لە ساڵی ١٣٨١ هیجریی شەمسیی چاپکراوە. ئەم دەستنووسە بایەخێکی زۆری هەیە و کۆمەڵێک وتاری تیادایە و لە چەند بەشدا فەهلەویاتی تیدا هاتووە. لە فواید امالی، ئاماژە بە ناوی ئەورامەنان، فەهلەویات و چەند وشەی گرنگی دی دەکرێت، کە تێگەیشتنمان لە هۆنراوەکانی ئەو سەردەمە بۆ ئاساندەکات.

گۆرانەکان و بەشێکیان کە هەورامییەکان بن، قەومێک بوون لە ناو هەمەدان و هۆنینەوەی شیعر لە ناویاندا زۆر باوبووە و دەزانین کە شاعیری زۆر گەورە لە ناویاندا سەریهەڵداوە.

هەورامان بە بۆنەی چیا سەربەرزەکان، ڕووبارەکان، سروشت و میلۆدییەکانی بەناوبانگە. لە ناو کوردان و جەماوەری خەڵکی ئیراندا، ناوی هەورامان و هەورامییەکان وەبیرهێنەری گۆرانییە. بە پاڵپشتیی لە بەهمەن حاج ئەمینیی، موزیکی هەورامان تایبەتمەندیی خۆی هەیە: "بۆ نموونە ئاوازی بوونی موتڵەقی موسیقیی، چەپڵەلێدان لەگەڵ ئاواز، زاڵبوونی وەزنی ٢/٨ و ٣/٨، خوێندنی هاوکاتی دوو خوێنەر (پاراڵێلیسم)، جیاوازیی نێوان گۆرانیی بە وەزنی ئازاد و وەزنی دیاریکراو"[١].

لە ناو ئاوازەکانی هەورامییدا گرنگترینیان ئەمانەن: *سیاوچەمان* (کە خۆی دابەشدەبێتەسەر *بەرزەچڕ، دەرەیی* و *شێخانە*)، *وردەبەزم* (بە میلودێک ڕیتمی بۆ هەڵپەرکێ)، *چەپڵە* (ئەمەیش هەر بۆ هەڵپەرکێ)، *لای لای* و *هۆرە جافیی* (وەک *سیاوچەمانەیە*، بەڵام بە زاراوەی جافیی). لە ئەوگۆرانییانە کە شادن، کاتی خوێندن چەپڵە لێدەدرێت، بەڵام بۆ زکر و شیوەنگێڕیی سازی دەف بەکاردەهێنرێت[٢]. شیعر، گۆرانییوتن و موزیک وا لە ناو ژیانی گۆرانەکان پەیوەندیی خواردووە، کە لە زۆربەی شوێنەکانی سۆران_زمان بە سترانبێژی دەڵێن *گۆرانیی*[٣]. جێی گومان نییە کە ئەم ناوە، لە هەمان ناوی *گۆران*-ەوە وەرگیراوە. چەمکی *گۆرانیی* لە واتای سترانبێژیی هەر لە هەمان واتای *ئەورامەیە*، کە قەیسی ڕازیی باسیدەکات. ڕەنگە وشەی *ئەورامە*، کە لە

---

(١) بهمن حاج امینی، موسیقی کردهای هورامان، (تهران: موسسه فرهنگی هنری ماهور، ١٣٨١).

(٢) ئەم زانیارییانەم لە وتوێژێک لەگەڵ بەڕێز ئیرەج کەریمیی، موزیسیەن و بەرهەمهێنەری ئامێری موزیک لە ساڵی ٢٠٠٣ لە شاری نەوسوود ئەنجامدا. هەروەها بڕوانە: بهمن حاج امینی، موسیقی کردهای هورامان.

(٣) محمد مکری، *گورانی یا ترانه های کردی*، (تهران، کتابخانه دانش، ١٩٥١)، ١٢؛ محەمەد حەمەباقی، موزیک و گۆرانیی کوردیی (هەولێر: هێوی، ٢٠١١)، ٦٢-٣.

سەرەتادا بۆ ئەو شیعرانەی کە بە میلۆدیی دەخوێندران بەکاردەهات، دواتر گوێزرابێتەسەر وشەی *گۆرانیی*. ئەم ڕاستییە لەوەوە دەردەکەوێت، کە هەورامیی خۆی یەکێک لە زارەکانی گۆرانییە[١] و تا ئەمڕۆیش جافەکانی ناوچەی جوانڕۆ و پاوە، بە هەورامییەکان دەڵێن *گۆران*. تەنانەت حەمەی مەلاکەریم[٢]، کە بەشێک لە کتێبی عەبدولسەمەدی تووداریی بە ناوی *نورالانوار*ی وەرگێڕاوەتەوەسەر سۆرانیی و دەڵێت، تووداریی لە جیاتیی وشەی هەورامیی وشەی گۆرانیی بەکاردەهێنێت. ئاماژەی مەلاکەریم بە هۆنراوەیەک لە شیخ شەهابەدالدینە کە لە ناو نورالانوار نووسراوە: "بە زمانی گۆرانیی وتوویەتی".

پێدەچێت کە ئەم دوو وشەیە (ئەورامە/ گۆران) بە درێژایی ساڵان وەک دوو وشەی هاوواتا بەکارهاتبن و لە ئاکامدا *گۆرانیی* جێگەی *ئەورامە*ی بە واتای سترانبێژیی گرتبێت.

تویژەران پێیانوایە کە وشەی گۆران، لە وشەی *گاوارە*وە سەرچاوەدەگرێت. مینۆرسکیی[٣] ئاماژە بە ئەمە دەکات و وایلێکدەداتەوە کە وشەی *گاوارە* هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەری سلسیلەیەک لە گیلان، کە باکووریی ئێران و تەبەرستانیی پێکەوە نوساند و ناوی *گیل گاوبارە* بوو. مینۆرسکیی دەڵێت کە ئەم ناوە بە بیرهێنەری نەریتی پاڵەوانەتیی فەریدوونە، کە بە *گاسوار* بەناوبانگ بوو، ئەگەر *گیل* ناوی پاشایەکەیە، *گاوبارە* ناوی ئەو زەویوزارەیە کە نوساندی بە گیلانەوە و لە ناو مینیاتۆرەکانی ئێرانییدا

---

(١) بڕوانە:

Mahmoudveysi, Parvin, Denise Bailey, Ludwig Paul & Geoffery Haig 2012: “The Gorāni Language of Gawrajū, a village of West Iran”. Dr. Ludwig Reichert Verlag: Wiesbaden; Parvin Mahmoudveysi & Denise Bailey, *The Gorāni Language of Zarde, a Village of West Iran* (Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag, 2013); Parwin Mahmoudveisi and Denise Baily, "Gorāni," in *Oxford Handbook of Kurdish Linguistics*, ed. Jaffer Sheyholislami, Geoffrey Haig, Haidar Khezri, Salih Akin, Ergin Öpengin (forthcoming).

(٢) نورالانوار ١٩٧٠: ٥.

(3) The Gūrān, 1943

ڕەنگیداوەتەوە[1]. پێدەچێت کە ئەم شیکارییە لە ڕاستییەوە نزیک بێت، چونکە یەکێک لە سەنتەرە گرنگەکانی گۆرانەکان، شاری گاوارەیە کە بە فارسیی بە *گهوارە* دەیخوێننەوە، بەڵام خەڵکی ناوچە هەموو بە *گاوارە* دەیناسن.

لە هەر حاڵدا، لە دووبەیتییەکی باباتاهیر ئەم وشەیە دەبیندرێت. ئەم دووبەیتییە لە ناو کۆمەڵێک دووبەیتیی نووسراوەی (تقی الدین محمد)ە، کە لە ساڵی ١٠٠٧ هیجریی مانگیی نووسراوە. هاوکاری بەڕێزم دکتۆر فیرووزبخش کۆپیی نووسراوەکەی پێدام. لە کتێبەکەی خۆیشی ئەم شیعرەی داناوە، کە وەک خۆی دەینووسمەوە:

*پاییز آمه که انده و رزان شی      نازنین برگ داران در خزان شی*
*کرد از کوه شی گاواره از رو      باغوان تهروین وا خان و من شی*

فیرووزبخش[2] *کرد* بە *شوان* و *گاوارە* بە *گلەی گا* لێکدەداتەوە و لە واتای *رو* تێناگات.

بە لێکدانەوەکەی مینۆرسکییدا تێدەگەین، کە مەبەست لە *گاوارە* هەمان وشەی *گۆرانە*. وشەی *رو* دەتوانێت بە واتای *ڕۆخانە (ڕووبار)* یان *ڕۆد* بێت، کە /د/ی ئاخری نەماوە. ئێستایش لە هەندێک ناوچەی هەورامان وەک پاوە و نۆتشە وشەی *ڕۆ* یان *ڕۆخانە* بەکاردەهێنرێت، یان لە ناوی جوانڕۆ، کە شارێکە لە هەرێمی کرماشان و بە فارسیی کردوویانە بە جەوانروود، وشەی *ڕۆ* دەبیندرێت، کەوایە واتای میسرەعی سێهەم دەبێتە:

کورد لە کێو (چیا) ڕۆیشت (تێپەڕی)، گۆران لە ڕۆ

ئەم دووبەیتییە و هەندێک هۆنراوەی دیکە، پەیوەندیی باباتاهیر لەگەڵ کورد و گۆران دەخەنەڕوو. لە هەرحاڵ دا نەریتی خوێندنی گۆرانیی لە سەر

---

[1] This original name is most likely to be connected with the Caspian provinces. The eponym founder of the dynasty under which Gilan became united with Western Tabaristan 3 was called Gil-Gaubara. This name clearly follows the legendary tradition. If GTI refers to the king's origin, Gdubdra apparently symbolizes his newly acquired territory connected with the memory of Faridfin. Ibn Isfandiyar, 15, and Zahir al-Din, 13, call this hero gav-savar "bull-rider ", and so he is represented on Persian miniatures.

[2] فهلویات ١٤٠١ ش: ١٣٤.

ئەساسی یەک تاک_بەیت یان دووبەیتیی لە ناو کورد و گۆراندا تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. بۆ وێنە کۆمەڵێک لە تاک و دووبەیتیی، کە لە لایەن محەمەدی موکرییەوە[1] کۆکراونەتەوە، ببینین. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە نەریتی شیعری تاک یان دووبەیتیی لە ناوچەی پەهلە/فەهلە نە تەنیا لەناونەچووە، بەڵکو درێژەی پەیداکردووە.

پێشتر ئاماژەمدا، کە بەشێک لە ئەدەبی گۆران بریتییە لە تێکست و کەلامەکانی یارسانیش لە خوارەوە بە کورتیی ئاماژە بە زەمەنی نووسینی کەلامەکانی یارسان دەکرێت.

## نووسینەوەی کەلامەکانی یارسان

یارسانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەرەدان بە ئەدەبی گۆرانی بووە. ئەو سروود و مەقاماتەی، کە ئەندامانی یارسان دەیخوێنن، بە گۆرانیی هۆنراونەتەوە و بۆ لایەنگرانی ئەم ئاینە وەک زمانێکی پیرۆزە. پێدەچێت کە کەلامەکانی یارسانەکان مێژوویەکی کۆنیان هەبێت و لە سەردەمانێک بە ئەگەری زۆرەوە لە ڕێگای ئەدەبی زارەکیی لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دی گواسترابنەوە. کەی و لە چ سەردەمێکدا، یارسانەکان دەستیانکردووە بە نووسینەوەی تێکستەکان، بە تەواویی بۆمان ڕوون نییە. یارسانەکان بە هۆی پاراستنی خۆیان، نووسینەکانیان، لە جەماوەری خەڵکی غەیری یارسان دەشاردوە و لە ناو خۆیاندا دەیانهێڵایەوە. بۆ یەکەمین جار کە تێکستەکانی یارسان لە دنیای دەرەوەی کوردستان چاپکران لە لایەن ئیوانۆف[2] و کارە بەنرخەکانی مینۆرسکییەوە[3] بوون.،بەڵام لە سەدەی ڕابردوودا چەندین

(1) محمد مکری، گورانی یا ترانه های کردی، ١٩٥١.

(2) Ivanow, W., *The Truth-Worshippers of Kurdistan: Ahl-i Haqq Texts*, Leiden, 1953.

(3) Minorsky, V., 'Notes sur la secte des Ahlé Haqq', *Revue du Monde Musulman* 40/41, (1920) pp. 19–97.; 'Notes sur la secte des Ahlé Haqq II', *Revue du Monde Musulman* 44/5, (1921) pp. 205–302; 'Etudes sur les Ahl-i Haqq', *RHR* 97, (1928) pp. 90–105; 'Ahl-i Ḥaḳḳ', in: *Encyclopaedia of Islam* (New Edition), Leiden and London, (1960) pp. 260–263

تێکستی یارسان لە ئێران و کوردستان بڵاوبوونەوە، کە پاشتر ئاماژەیانپێدەدەم.

بە بڕوای یارسانەکان، پیرموسی یەکەم کەسە کە تێکستەکانیان دەنووسێتەوە[1]. تا بەر لە زەمانی ئەو، تێکستەکان لەبەردەکران و لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرایەوە. تێپەڕین لە قوناغی ئەدەبی زارەکیی بۆ ئەدەبی نووسراوەیی، بێگومان هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ پاراستنی بیروڕا و ئوسووڵ و بنەمای یارسانەکان. بە پێی بڕوای یارسانەکان، پیرموسیی و سوڵتان سەحاک هاودەورە بوون، بەڵام ڕایەکی تەواو و هاوبەش سەبارەت بە زەمەنی ژیانیان لە بەردەستدا نییە. برونسن[2] دەنووسێت کە لەدایکبوونی سوڵتان لە ئاخرەکانی سەدەی ١٥ زاینییەوە بووە، کەچی سەیەد محەمەد حوسەینیی ڕۆژی لەدایکبوونی سوڵتان لە نەورۆزی ٦٧٥ هیجریی (١٢٧٦ زاینیی) دادەنێت[3].

هەڵبەت، محەمەدی موکریی[4] لە وتارێک لەساڵی ١٩٦٣، بەڵگەیەک نیشاندەدات، کە سەبارەت بە پێشکەشکردنی پێنج دانگ زەویی بە هەموو دەشت و کانیی و تەپۆڵکەی زەوییەک بە ناوی ئەنزەلە لە مەزراکانی قەلعەی شاهین بە بابایادگار، کوڕی سوڵتان سەحاکە. لەم بەڵگەیەدا، حیکایەتێک دەگێڕدرێتەوە، کە کەسێک بە ناوی قەوامەدین، کوڕی عوسمان کورد دانیشتووی زەهاو، لە سجن دەبێت. دایکی پێیدەڵێت ئەگەر لە دڵەوە لە شێخ بابایادگار بپاڕێیتەوە، لە سجن ڕزگارتدەکات. ئەویش وادەکات و شەو

(١) بەڕێز سەید فەریدوون حوسەینیی ئەم خاڵەی بۆ باسکردم. هەروەها لە دیوانە گەورەی خەلیفە حەیدریی، لاپەرەی ١ و لە دیوانە گەورەی محەمەد حوسەینیی (کرمانشاه: باغ نی، ١٣٨٢)، ١٠، ئاماژەپێکراوە.

(2) M. Bruinessen, "Ahl-i Haqq," in *The Encyclopaedia of Islam, Third Edition*, Part 2009-2, pp. 51-58 (2009), 2.

(٣) سید محمد حسینی، "دیوانه گەوره"، ١٠.

(4) M. Mokri, "Etude d'un Titre de Propriété du Début du XVIe Siècle Provenant du Kurdistan," *Extrait du Journal Asiatique* (1963): 229–256.

بەڕێز پرۆفیسۆر کرایەنبرووک، بە مێهرەبانییەوە ئەم وتارەی بۆ ناردم.

بابایادگار دێتەخەوی و دەڵێت ڕزگاربوویت. ئەویش بۆیە ئەو موڵکە دەکات بە نـاوی بابایادگـارەوە. بە وتەی مـوکریی، ئەم بەڵـگەیە لە شەشـی مـانگی ڕەجەبی ساڵی ٩٣٣ هیجریی مانگیی (١٥٢٦ز) تۆمارکراوە. هەڵبەت چەند دانە کۆپیی لەو بەڵـگەیە کەوتـووەتە ژێردەسـتی مـوکریی، نەک خـودی بەرگەکە. پرســیارێک کە دێتەئــاراوە ئەوەیە، کە ئەم بەڵــگەیە تــا چ ڕادەیەک جێــی متمانەیە؟ بە دوای ئەم پرسیارەدا دەبێت بپرسـین، کە ئایا لە قەباڵەی زەویـی دەکرێت حەکایەت هاتبێت؟ لێرەدا نـاتوانین وڵامـی ئەم پرسـیارانە بدەینەوە، بەڵکو دەبێت لە داهاتوودا کاری زانستیی و وردی لە سەر بکرێت.

لە هەر حاڵـدا، بە پێـی ئەم بەڵـگەیە، سـوڵتان دەبێـت پـێش سـاڵانی ١٥٢٦ ژیابێـت. بە داخەوە، بەڵگەیەکـی دی کە بە تەواویـی بسـەلمێنێت کە سـوڵتان کەی ژیاوە، لە بەردەستدا نییە. هەڵبەت یارسانەکان لە سـەر ئەو بڕوایەن، کە ئاینی یارسان پێش سوڵتان هەبووە. بۆ وێنە یەکێک لەو کەسایەتییانە، کە بۆ باســەکەی ئـێمەیش زۆر گــرنگە، کەســایەتیی باباخۆشــین-ە، کە بە وتەی یارسـانەکان، پـێش دەورەی سـوڵتان سـەحاک ژیـاوە و هەنـدێک زانیـاریی لە سـەر ژیـانی لە بەردەسـتدا دایە، کە پاشـتر ئاماژەپێدەکەم، بەڵام لە درێژەی ئەم باسە گرنگەدا، با زۆر بە کورتیی ئاماژەیەک بە پەیوەندیی ئـاینی یارسـان لەگەڵ باباتاهیر لە ڕێگای بڕوا بە دوناودونەوە بکەم.

دونــاودون یەکێـک لە بنەڕەتیتـرین بڕواکـانی یارسـانە. لەم پڕۆســەی دونـاودونەدا، نە تەنیـا مـرۆڤ تێـدەپەڕێ، بەڵکـو خـودی خـودایش لە چەنـد دەورەدا لە شــکڵی ئینســان دێتەســەر زەویــی. لە هەر دەورەیەکـیش چــوار مەلائـیکەت لەگەڵــی دێــن. لە دوەرەی یەکەم، خــودا لە خاوەنـدگار تەجلــی پەیدادەکات، لە دووەمین دەوەرە لە عەلی، لە سێهەمین دەوەرە لە باباخۆشین و لە ئــاخریینی لە ســوڵتان ســەحاک. لە دەورەی باباخۆشــین، یەکێــک لە مەلائیکەتەکـان کە لەگەڵـی بـووە، باباتـاهیرە[1]. لە لاپەڕەکـانی داهـاتوودا، بە

---

[1] بەراوردبکە لەگەڵ: Minorsky, “Ahl-e Haqq,” 262. بۆ تێگەیشـتنی زیاتر لە بیروبۆچوونی یارسـانەکان بڕوانە: Kreyenbroek (2014a, 2014b, 2015, 2020, 2022), Martin Van Bruinessen (2019, 2021), Edmonds, C.J. (1969), Mokri (1962, 1967, 1974), among

وردیـی لە سـەر پەیوەنـدیی نێـوان باباتـاهیر و باباخۆشـین قسـەدەکەین تـا نیشـانبدەین، کە چـۆن ئەم دوو زاتە لە بـواری مێژوویـی و ئـاینییەوە لەگەڵ ئاینی یارساندا گرێیانخواردووە.

بۆ چوونەناو ئەم باسە، پێویستە چاوێک بخشێنین بە سـەر نـاوی گـۆران لە کتێبە مێژووییەکاندا.

## جێپێی گۆران لە ناو کتێبە مێژووییەکاندا

یەکەمین سەرچاوە کە باس لە ناوی گۆران دەکات، کتێبی جوگرافییزانی یۆنانیی سترابۆیە (لە ٦٤/٦٣ پێش زاین تـا ٢٤ زایـن)ـە. سـترابۆ لە گێۆگرافیی (*Geography*) شـارێک بە نـاو *سـاراپرای* وەسـفدەکات و دەڵێت ئەم شـارە، لە بەینـی مادەکـان و گۆرانەکـانە (Γουρανὶων Gorānians)[١]. مینۆرسـکیی پێیـوایە ئەم شارە کۆنەی گۆرانەکان، لە نزیکی هەولێر لە باشووری کوردستانە[٢].

لە سەدەی چواری هیجرییدا حکومەتی حوسنەویی لە نـاوچەی جبـال لە سەر دەستی حوسنەویەی ئیبن حوسەینیی بەرزیکانیی لە نـاو تـایفەی گـۆران لە شــارەزوور (نــاوچەیەک لە نزیکــی ســلێمانیی لە کوردســتانی باشــوور) جێگیربـوو[٣]. ئەم حکـومەتە زەمانێـک دامەزرا، کە خەلـیفەی ئیسـلام لە بەغـدا حوکمیدەکرد و ئـالی بوویە (لە سـاڵانی٩٣٤-١٠٥٥ زایینیی حکومەتیـان کـرد)، چەنـدین نـاوچەی گرنگـی هەر لە بەغـدادوە تـا نـاوچەی جبـال (ڕۆژئـاوای ئەمـڕوی ئێـران) و تـا باشـووریش و ئەو ناوچـانەی کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتـی باشوورەوە وەکو سیسـتان و بەلووچسـتانی ئێرانـی هێنـابووە ژێر کۆنترۆڵی

---

.others

(1) Karl Hadank, *Mundarten der Gūrān, besonders das Kändūläī, Aurämānī und Bādschälānī* (Berlin: Verlag der Preussischen Akademie der Wissenschaften in Kommission bei Walter De Gruyter & Co., 1930).

(2) Vladimir Minorsky, "The Gūrān," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* 11, no. 1 (1943): 80.

(٣) ازکایی، پرویز، "آل حسنویه"، لە: مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی (مرکز پژوهشـهای ایرانی و اسلامی) ١٣٩٨.

خۆیەوە. لەو لایشەوە سامانییەکان (٩٩٩-٨١٩ ز) ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئەمڕۆی ئێران هەتا ئاسیای ناوەندیان هێنابووەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

بەدر ئیبنی حوسنەوییە (٩٧٠ تا ١٠١٤زایینی)، کوڕی حوسەینی بەرزیکانیی، چەند شاری گرنگی وەکو دینەوەر، هەمەدان و نەهاوەندی هێنایەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[١]. ئەو قەڵای سەرماجی (نزیکی شاری هەرسین) کردە شوێنی فەرمانڕەوایی. شاری گۆراننشینی دینەوەر ئەوندە گرنگ بوو کە ناوی لە تەنیشت شارانێک وەک ڕەی، قوم، هەمەدان، قەزوین و ئیسفەهان هاتووە[٢]. شوێنی دەسەڵاتداری ئەم بنەماڵەیە لە شارەزوور تا خووزستان بوو و بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ فەرمانڕەواییانکرد[٣].

چۆنیەتیی کێشەکانی ناوخۆیی حوسنەوییەکان، ڕۆڵی گۆرانەکان و پەیوەندییان لەگەک ئالبویە لە کتێبە مێژووییەکان وەکو (الکامل فی التاریخ) ئیبن ئەسیر[٤] (مردن ١٢٣٢/٦٣٠)؛ ئەلعبەر لە ئیبن خەلدوون[٥] (مردن

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: *مجمل التواریخ و القصص* (نووسراوە لە سەدەی ٦ هیجریی مانگیی ٥٢٠/ ١١٢٦ پاش زایین)، لە لایەن م. بەهار ئێدیتکراوە. نووسەر دیار نییە کێیە، (تهران: مرکز تحقیقاتی رایانە ای قائمیە اصفهان، ١٩٣٩) و ٤٠١؛ پرویز اذکایی، "آل حسنویە"؛ حسن جاف، "بدربن حسنویە، فرمانروای مقتدر و دادگستر ایرانی" لە: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، پرتال جامع علوم انسانی. شمارە ٥٦ (١٩٧٥).

(٢) نظام علی دهنوی، "حکومت بنی حسنویە ازظهور تا سقوط (٣٣٠ تا ٤٠٦ ق/ ٩٤١ تا ١٠١٥م)"، لە: پژوهش های تاریخی (علمی -پژوهشی). دانشکدە ادبیات و علوم انسانی- دانشگاه اصفهان، سال پنجاهم، دورە جدید، سال ششم،شمارە دوم (پیاپی)، تابستان ١٣٣٩، ص. ١٠٥-١٢٤.

(٣) ابن اثیر، *تاریخ کامل*، جلد ٢١، ترجمە: حمیدرضا آژیر (تهران، اساطیر، ٢٠٠٥)؛ بهار (مصحح) *مجمل التواریخ*؛ Vladimir Minorsky, "The Gūrān," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* 11, no. 1 (1943): 75-103..

(٤) ابن اثیر، تاریخ کامل، جلد ١٣.

(٥) عبدالرحمن ابن خلدون، *العبر*، جلد سوم، ترجمە: عبدالحمید آیتی (تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ١٣٨٣).

١٤٠٥/٨٠٨)؛ ئەلعومەری[1] (١٣٣٣/٧٣٤)؛ مەجمەل ئەلتەواریخ (١١٢٦/٥٢٠) لە نووسەرێکی نەناسراو لە ئەسەدئاباد بە وردیی باسکراوە. لەم کتێبانەدا زۆر جار ئاماژە بە ناوی گۆران کراوە، هەندێک جار بە ناو جەبارق و هەندێک جار بە ناو الگوورانیە[2]. بۆ وێنە ئەلعومەری (مردن ١٣٤٨) لە کتێبی مێژوویی مەسالک الئەبسار فی ممالک الئەمسار باسی جێگای نیشتەجێبوونی کوردەکان دەکات و دەڵێت: لە ناویاندا قەبیلەی ئەلگوورانیە هەیە، کە لە شارەزوور تا هەمەدان نیشتەجێن و پێنج هەزار کەس دەبن[3]. مینۆرسکیی لە وتاری گوران نموونەی زۆر لە کتێبە مێژووییەکان کە باسی گۆران دەکەن، دەهێنێت و شیدەکاتەوە، کە ئەوان لە باکووری لوڕستان تا هەمەدان نیشتەجێبوون[4]. بۆ نموونە لە ئیبن فەقی (لە ٨٩٥/٢٤٥ لە ژیان بووە) نەقڵدەکات، کە وتوویەتی کوردەکان و جەبارق (گۆرانەکان) خوێیان لە دەریاچەی فەراهان بۆ هەموو میدیا دەنارد[5].

لە مەجمەل ئەلتەواریخ و ئەلقسەس دەخوێنین، کە هیلال کوڕی بەدر ئێنی حوسنەوییە، دژی باوکی دەوستێتەوە و کوردەکان لایەنی هیلال دەگرن. بەدریش پەنادەباتەبەر گۆرانەکان، گۆرانەکانیش یارمەتیی بەدر دەدەن. لە ئاکامدا بەدر ئەو کوردانەی کە یارمەتیی هیلالیان دابوو، دەکوژێت و عیلاقاتی لەگەڵ گۆرانەکان پتەودەکات و دەبنە جێگای سیقە و متمانە بۆ بەدر. بەدر پاش ماوەیەک لە شوێنێک بە ناو کۆسخود لە لای ڕووباری سپید لەگەڵ کەسێک بە ناوی خۆشین مەسعوود شەڕدەکات[6]؛ بەدر خۆشین گەمارۆدەدات و لەوانەیە کە بە زوویی بیبەزێنێت، بەڵام گۆرانەکان کە پێشتر

(1) Ibn Faḍl Allāh al-ʿUmarī, *Masālik al-abṣār fī mamālik al-amṣār* (Paris: Bibliothèque nationale de France, Département des manuscrits, Arabe 5867, 1938), [Collection name: 9200519_Ag_BnF_Gallica_typedoc_manuscrits].

(2) Minorsky, The Gūrān, 82.

(3) ʿUmarī, *Masālik* , 111.

(4) Minorsky, The Gūrān, 79-86.

(5) Minorsky, "The Gūrān," 81.

(٦) بهار، مجمع التواريخ، ٤٠١.

پەیوەندیی زۆر باشیان لەگەڵ بەدر بوو و کەسیش گومانیلێنەدەکردن، ئەم جارە دژی بەدر دەوەستن و یەکدەگرن بۆ کوشتنی بەدر. کەسێک دێت و بەدر ئاگاداردەکات، کە گۆرانەکان ئاوا مەبەستێکیان هەیە، بەڵام بەدر بڕواناکات، تا ئەوی کە هجومدەکەنەسەری و دەیکوژن و خۆشین ڕزگاردەکەن. خۆشین لە قەلاکە دێتەخوار و جەنازەی بەدر بۆ ئەسپێردەکردن دەنێرێتەلای مەزاری ئیمام عەلی[1].

بە ڕای مینۆرسکیی سپیدڕوود، ڕووباری سیروانە کە لە هەورامانەوە سەرچاوەدەگرێت و مەبەست لە کۆسخود، کۆسەی هەجیجە لە هەورامان[2]. ئەزکاییش پێیوایە کە خۆشین مەسعوود بە ئەگەری زۆر، شاخۆشینە کە لە لە ڕوانگەی یارسانەکانەوە سێیەمین تەجەلی ئیلاهیی لە سەر زەوییە[3].

لەو کتێبە مێژووییانەی کە ناومانبردن، باس لە خیانەتی گۆرانەکان بە بەدر دەکرێت. ڕاستە کە گۆرانەکان پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵ بەدر ئیبنی حوسنەوییە بوو، بەڵام ڕەنگە خیانەتیان بە ئەو بە هۆی دوژمنی بەدر لەگەڵ خۆشین بووبێت، چونکە لە ڕوانگەی گۆرانەکان، خۆشین سێیەمین تەجلی ئیلاهیی لەسەر زەویی بوو. ناردنی جەنازەی بەدر بۆ کوفە بۆ لای مەزاری ئیمام عەلییش سرنجڕاکێشە. ڕەنگە ئەمەیش نیشانی دیکە لە بڕوای گۆرانەکان بە ئاینی یارسان بدات، کە عەلی وەک کەسایەتییەکی تایبەت و دووەمین تەجەلی ئیلاهیی دەبینن. ئەم فاکتانە دەیسەلمێنن کە لەو کاتەدا گۆرانەکان بڕوایان بە ئاینی یارسان بوو و ئەو کەسایەتییە کە لەگەڵ بەدر بەشەڕهات، لە ڕاستییدا هەر باباخۆشینی یارسانەکان بووبیت. پێشتر ئاماژەم بە حەکایەتی دیداری توغروڵ بەگ و باباتاهیر دا، کە ڕاوەندیی باسیکردووە. ئەو جۆرە کە ڕاوەندیی باسیدەکات، دیدارەکە لە ساڵی ٤٤٧ هیجریی/ ١٠٥٥ زایینیی بووە و لەو کاتەدا باباتاهیر پیاوێکی بەساڵداچوو بووە، کەوایە دەبێت باباتاهیر ساڵانی گەنجیی خۆی لە نێوان دەسەڵاتداری بەنی حوسنەوییەکان

---

(١) بهار، مجمع التواریخ، ٤٠١.

(2) Vladimir Minorsky, The Gūrān, 75-103.

(3) Minorsky, Ahl-i Hakk 1960: 261

بەســـەربردبێت. لەو کـــاتەدا کوردەکـــان و گۆرانەکـــان لە نـــاو هەمەدان و دەوروپشتی نیشتەجێبوون، بۆیە زۆر پێدەچێت کە هەر بە ڕاستیی باباتاهیر لە یـارانی باباخۆشـین بووبێـت و کەسـایەتییەکی بەرچـاوی ئـاینی یارسـان بووبێت.

لە تێکستەکانی یارسـاندا، بە تـایبەت لە دەفتەری سـەرئەنجام لە دەورەی پریدوەریی، ناوی باباتاهیر وەک پیرێکی یارسانیی هاتووە و چەند بەیتێک بە نـــاوی ئەوەوە نووســـراوە. لە نـــاو کەلامەکانـــدا هەنـــدێک کەلام هەن، کە ئەبیاتەکانیـــان زۆرن، بەڵام زۆربەی کەلامەکـــان دووبەیتیـــین و نـــاوی نووســـەرەکە لە ســـەرووویانەوە نووســـراوە. بـــۆ نمـــوونە: زۆر جـــار نـــاوی باباخۆشـین یـان شاخۆشـینی لوڕسـتان دەبیندرێت. بە بڕوای ئـاینی یارسـان، باباخۆشـین لە دایکێکی پاکیزە لەدایکبووە بەو جـۆرە کە ڕووناکیی ئیلاهیـی چووەتەناو دەمی دایکی ماماجەلالەوە. خۆشین مەسعوودی کوردیی، ناسـراو بە موبارەک شا یان شاخۆشین، لە سەدەی چواری هیجریی ژیاوە[١].

لە دەفـتەری سـەرئەنجامدا[٢] لە بەشـی دەورەی شاخۆشـین، دیالۆگێـک لە بەینـــی شاخۆشـــین، باباتـــاهیر، فـــاتمە لەڕە، کـــاکە ڕدا و چەنـــد کەســـی دی دەبیندرێت. بۆ نمـوونە: لە دیـالۆگی بەینی شاخۆشین و باباتـاهیردا، ئەم دوو بەیتییەی خوارەوە نووسراوە:

---

(١) طاهری، سرانجام، ١٨-٢٠.

(٢) کراینبرووک لە سـەر ئەو بڕوایەیە، کە لە هەر *دەورەیەکی* یارسـانیی، چەند کەسـایەتیی مـــوقەدەس ئامـــادەبوون و هەر نـــاوی ئەو کەســـایەتییانە لە ســـەرووی کەلامەکـــانی پردیوەریی کە بەشێک لە دەفتەری سەرئەنجامن، هاتووە. بە ڕای کراینبرووک، یەکێک لە پێـوەرە گرنگەکـان بـۆ لەبەرچـاوگرتنی هەر *دەورەیەک*، وەکـو *دەورەیەکـی* ڕاسـتەقینە، ئامادەبوونی حەوت تەنە (حەوت کەس) یانی گرووپێکی حەوت کەسە، کە زاتی ئیلاهیـی لە ناویاندا بەرجەسـتەدەبێت. ئەم کەسـایەتییانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە مێژووی ئـاینی یارسـاندا بـووە، بە تـایبەت لە دەورەیەکـی گرنگـی وەک دەورەی سـوڵتان. بـۆ زانیـاریی زیاتر بڕوانە: Kreyenbroek, God First، لاپەڕەکانی ٨٥، ٩٢، ١١٨.

| | |
|---|---|
| هەر کەس شاهی تۆ بێت، خۆشی بە خۆی ئەکات | هەرکەس شاهش تۆیی، بویش خۆش ئایۆ |
| لە هەر مەجلیسێک (کە) دانیشێت، پێکەنینی دێت | بە هەر مەجلیس نیشۆ، خەندەش ئایۆ |
| هەر کەس تۆ بانگ کات بە دڵ و گیان | هەر کە تۆ را گوید با دل و جان |
| هەمیشە کابینی دووشەش دێنێت | هەمیش کابینش هەر دۆشەش ئایۆ |

هەڵبەت دەبێت ئەوەیش بگوترێت چونکە تێکستی یارسان لە زەمانانی کۆنەوە سەرزارەکیی بووە و بە شێوەی زارەکیی گوێزراوەتەوە بۆ ئێمە، بە ڕوونیی ناکرێی دەستنیشانی کەی و کێ نووسیونی بکەین؛ کۆنترین دەستنووس کە لە بەردەستدایە و لە لایەن مینۆرسکییەوە چاپکرا، تاریخی ١٨٤٠ زاینیی لە سەرە. ئەو شیعرانەی کە بە ناوی باباتاهیرەوە هاتوون، زمانیان نزیک لە فارسیی کراوەتەوە، بۆیە پێدەچێت، زۆربەی ئەو شیعرانە کە بە ناوی باباتاهیرن، مێژوویەکی درێژیان لە ناو تێکستەکانی یارساندا نەبێت. پێشتر ئاماژەمان بەوە دا، کە لە سەر ئەساسی وتەی یارسانەکان، تا پێش زەمەنی سوڵتان سەهاک، تێکستەکان لەبەردەکران و لەو کاتەوە دەستیانکرد بە نووسینەوەی کەلامەکان. تەنانەت لە هەندێک کەلامدا زمانی کەلامەکانی باباخۆشین فارسییە و لە هەندێکیان گۆرانیی. بە ڕای من، باباخۆشین لە گۆرانەکانی لوڕستان بووە و زمانیشی هەر بە گۆرانیی بووە. ڕەنگە کاتبەکان، چونکە زانیارییان لە سەر هەبوونی گۆرانەکان لە هەمەدان و لوڕستان نەبووبێت، ئەو کەلامانەی کە بە ناوی باباخۆشینە و باباتاهیرەوە بە فارسییان کردبێت، چونکە بە هەردوو زمانی گۆرانیی و فارسیی، کەلام لە بەردەستدایە، ڕاستیی ئەم بۆچوونە کە ئاماژەمپێدا، دەسەلمێنێت. بە هەر حاڵ، باباتاهیر وەک یەکێک لە چوار فریشتەکانی باباخۆشین ناودەبرێت.

باباتاهیر نە تەنیا وەک یەکێک لە ئەندامانی یارسان لە تێکستە ئاینییەکاندا ناوپلێدەبرێت، بەڵکو توێژەران بۆ ئەوە دەچن کە خودی بابا، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم ئاینە بێت. زەرینکووب پرسیارێکی گرنگ ئاڕاستەدەکات، کە بۆ باباتاهیر و هاوڕێکانی بابا جەعفەر و بابا حەمشاد ناویان لە ناو کتێبە

بەناوبانگەکـانی سـوفییەکانەوە نەهـاتووە؟[1] هەروەهـا باسـی کوشـتنی عـین القضـــاتی هەمەدانیـــی دەکـــات کە تـــۆمەتی جۆراوجـــۆر وەک ئیلحـــاد و شەیتانپەرستییان لێدا. هەروەها باسی نەناسراوبوونی شێخەکەی، شێخەکەی عین القضات، شێخ برکە دەکات، کە پێدەچێت شێخێکی مەزن بووبێت، بەڵام ناوی ئەویش لە مێژوودا ونە. زەرینکووب، وا بۆی دەچێت کە ئەم بێدەنگییە بەرانبەر بەم شێخ و بابایانە کە لە سەردەمی خۆیان بەناوبانگبوون، کەچی لە کتێبە مێژووییەکاندا ناویاننەهـاتووە، سـەرەڕای ئەوەیش لەسـێدارەدانی عـین القضـات ڕەنگە بە هـۆی پەیوەنـدیی ئەوان لەگەڵ ئـاینی یارسـانەوە بووبێت. لەمەیـش زیـاتر پێیـوایە عـین القضـات بە مەبەسـت بێـدەنگیی بەرانـبەر بە شرۆڤەی قسەکانی باباتـاهیر هەڵبـژاردووە. مەبەست ئەوەیە کە عـین القضـات زۆر بە وردیی شـرۆڤەی قسـەکانی نەکردووە و هۆکەیشـی هەڵدەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی خۆی و سۆفییەکانی دەوروپشتی وەک شێخ برکە لە تۆمەتی ناڕەوا بپارێزێت.

هەڵـبەت دەبێـت ئەمەیـش بڵێـین کە شـاردنەوەی بیـر و بـڕوا لە لایەن یارســـانەکانەوە نەریتێکـی کـۆنە و بە نـاوی *سـرمەگوو* ناسـراوە و تـا بە ئەمـــڕۆیش ئەم نەریـــتە پـــارێزراوە. مـــونزەویی[2]، ئامـــاژە بە پێشـــهاتەیەکی سرنجڕاکێش دەکات. بە ڕای ئەوان، ئێرانییەکان بە هۆی ئەو بیروڕایانەی کە لەگەڵ ئیسـلامی سـەردەمی خەلافەت نەدەگونجـا، لە ژێـر گوشـار و ئـازار و کوشـتندا بـوون. بـۆیە ئێرانییەکـان بە هەر جـۆرەک ببـوایە پەنایانـدەبردەبەر شـاردنەوەی بیـروڕای خۆیـان. بـۆ شـاردنەوەی بیروڕا، چەنـد شـێواز وەکـو شطح، طامەنووسی، تەقیە، ناوی خـوازراو و دوو زمـانی لە تێکسـتە عەرەبیی و فارسییەکان بوو. بۆ وێنە مونزەویی بۆ شـرۆڤەی شطح ڕستەیەکی عین القضات دەهێننەوە و دەنووسێت: "شـطح عبـارتی اسـت غریب کە گوینـدە اش در حالت سکر و شدت غلیان عرفانی باشـد، و در آن حـال از خـود بی خـود

---

[1] زرینکوب، جستجو در تصوف، ١٨٥-٢٠٧.

[2] علینقی منزوی، *نامە هـای عـین القضـات همـدانی*، جلد سـوم، تهران: انتشـارات اسـاطیر (١٣٧٧): ٧٣-٧٩.

بـود" (هەر ئەو سـەرچاوە، لاپەڕە ٧٤). مەبەسـت ئەوەیە کە شـطح، لە کاتێتـک دەردەبڕا کە بێژەر لە کاتی مەستی عیرفانیی بـوو و شـتێکی دەڕدەبـڕی کە لە هۆشـیاریی نەیدەوێرا دەرییبڕێت، چونکە دەربڕینێکی لەو چەشـنە، دەیتوانی مەترسیی لە سەر ژیانی بێژەری شطح دروستبکات. نووسەری "نامەهای عین القضــات همــدانی"، ســەبارەت بە "طامــات"یش ڕەســتەیەک لە غەزالیــیەوە دەهێنێــتەوە کە وتــوویەتی، طامــات هەم واتــای شــطحی تێیــدا و ســەرەڕای ئەوش، هەڵگەڕانــدنی دەربڕینــی شــەرعی لە واتــای ڕواڵەتیــی بــۆ واتــای دەروونیــی دیــکەیە، بەڵام حەرامە (لاپەڕە ٧٥). هەروەهــا ســەبارەت بە دوو زمـانی لە تێکسـتەکانیش دەنووسـێت کە نووسـەرانی ئەو سـەردەمەی ئێـران، چــونکە دەســەڵاتدارانی عەرەب لە زمــانی فارســیی تێنەدەگەیشــتن لە ئەو تێکستانەی کە بە زمانی فارسیی بوون، بیروبۆچوونی خۆیان، کە ڕەنگ و بـۆنی دەورانـی پـێش ئیسـلام لە ناویانـدا بـوو دەبینـدریت، بەڵام لە تێکسـتە عەرببیەکانیـان بیـر و ڕای ئیسـلامی سـوننە دەبینـدرا و هەر بـۆیە لە شـطح، طامــات، دووزمــانیی، تقــیە و هەمــوو ئەم پێشــهاتانە وەک تێکەڵاویــی دوو کولتووری حاکم و مەحکوم، ناودەبن.

بەم لێکدانەوەی مونزەویوە، زۆرتر تێدەگەین کە بۆ یارسانەکان، تا چەنـد ساڵی ڕابردوو، ئەوەندە بیروبۆچوونی خۆیان دەشـاردەوە و تـا بە ئەمـڕۆیش زۆر کەسیان، دژی ئەوەن کە تێکستەکانیان چاپبکرێت. تەنانەت مـن لە سـەر ئەو بـڕوایەم کە هەڵبژاردنـی گـۆرانی وەک زمـانی ئـاینیی، ڕەنـگە یەکێـک لە هۆکانی ئەوە بووبێت کە نە عەرەب و نە فارس، لێیتەنەدەگەیشتن و باشـترین زمان بوو بۆ خۆ شاردنەوە. بە واتـایەکی دی، زمـان بـوو بە چەکـی بەرگریـی لە خۆ و پاراستنی خۆ.

لە هەر حــاڵ و بە خۆشــحاڵییەوە، لە ســاڵانی ڕابــردوو، کۆمەڵێــک لە تێکســـتەکانی یارســـان چـــاپکران و خـــرانە بەردەســـتی هەمـــوانەوە[1]. لە

[1] ئەو تێکسـت و کتێبـانەی کە لە بەردەسـتمدان، بـریتیین لە: دیـوان پردیـوەریی و دیـوانە گەورە کە لە لایەن خەلیفە حەیدەریی، سکن و پرینتکراوە؛ سـەرئەنجام لە لایەن تەیب تـاهیریی لە سـاڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر لە دەزگـای چـاپی ئـاراس، چاپکرا؛ دیوانە گەورەی

دەستنووسێک کە سەید فەرەیدوون حوسەینیی هیی بنەماڵەی خۆیەتی و پێیدام، چەند شیعری تێدایە کە بابەتیان دیالۆگی بەینی باباتاهیر و باباخۆشینە. لە شاری سلێمانییش لە سەنتەری بنکەی ژین، دەستنووسێکی زەبووری حەقیقەت دەپارێزرێت کە تاریخی ١٢٨٢ هیجریی (١٨٦٥ زایینیی) لە سەردایە. لە ئەخیری ئەم دەستنووسەدا، بە خەتێکی جیاواز لە لاپەڕەکانی پێشوو، چەند لاپەڕە لە دەورەی باباخۆشین دەبیندرێت. لەم دەورەیە دیالۆگی بەینی بابا خۆشین و باباتاهیر نووسراوەتەوە. لە تێکستەکانی یارسانەکان[١]، بابا خۆشین، نەوەی میرزا ئامانەیە و کوڕی ماما جەلالەیە. بە بڕوای ئەوان ماما جەلالە لە تیشکی خۆر بە باباخۆشین دووگیاندەبێت. باوکی ماما جەلالە کە ڕەئیسی قەبیلەی لوڕستانە، کچەکەی بە زینا تۆمەتباردەکات و لە کوێستان بە تەنیایی بەجێیدەهێڵت. لەم کاتە، بابا ڕدا دەردەکەوێت و دڵی ماما جەلالە دەداتەوە و پێیدەڵێت کە تۆ بابا خۆشین بەدنیادەهێنیت. لە ناو دەستنووسەکەی بنکەی ژین ئەم تەفاسیلە نابیندرێت، بەڵکو بە کورتیی باس لەوە دەکرێت، کە بابا خۆشین لە پێی چیای یافتە (چیایەک لە لوڕستان) لە ماما جەلالە لەدایکبووە.

| | |
|---|---|
| næ pa-y yaftæ-ko | نە پای یافتە کۆ |
| řo-ye næ řɔwān næ pa-y yaftæ-ko | ڕۆیێ نە ڕوان نە پای یافتە کۆ |
| kaka Řədā be, yaran čæni to | کاکا ڕدا بی یاران چەنی تۆ |
| æwæł na yaftæ mirza zəhur kærd | ئەوەڵ نە یافتە میرزا زهوور کەرد |
| gɔzær næ bārgæ-y Ša Xošin awærd | گوزەر نە بارگەی شاخۆشین ئاوەرد |
| næ bætn mamæ Jælalæ bær ama | نە بەتن مامە جەلالە بەر ئاما |
| nam-ɛ weš niya wa mɔbaræk-ša | نام وێش نیا وە موبارەک شا |

سەید محەمەد حوسەینیی، لە ساڵی ٢٠٠٣ لە نەشری باغی نەی چاپکرا؛ مجمل الکلام سەرنجام ئەهل حەق، بەرگی دوو، لە لایەنک سام الدین تبریزیان چاپکراوە (ساڵی چاپی دیاریکراو نییە). هاوڕێی خۆشەویستم، ئازادە وەتنپوور ئەم سەرچاوەی ئەخیری نایەبەردەستم.

[١] خلیفە حیدری، پردیوری؛ طیب طاهری، سرانجام؛ سام الدین تبریزی، سرانجام.

ئەگەرچـــی بەڵـــگەی مێژوویـــی، کە بە تەواویـــی بســـەلمێنن باباتـــاهیر پەیوەنـــدیی بە ئـــاینی یارســـانەوە هەیە، زۆر کەمـــن بەڵام ئەو ئەگەرانە کە لە ســـەرەوە باســـیانکرا و جـــێگەی بابـــا لە نـــاو یارســـانەکاندا نیشـــاندەدەن، کە پەیوەندییەکی قووڵ لەو ناوەدا لە ئارادا بووە.

لە دەستنووســەکە بنکەی ژیندا، ئەم پەیوەندییە باسیلێدەکرێت. ســەرەتا باسی دیداری شاخۆشین لەگەڵ کەسایەتییانێکدا وەک بابا فەقی، بابا ڕدا و مەهدی دەکرێت. پاشان شاخۆشین دەگاتە هەمەدان و دەڵێت کە کاتی بەڵێنی جێژن لە ماڵی باباتاهیر هاتووە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 | bæyon kæłam-xwan ša ta wæ šaho<br>čə šaho tæšrif bærd æw æłwænd-ko | بەیۆن کەلام-خوان شاە تا وە شاهۆ<br>جە شاهۆ تەشریف بەرد ئەو ئەڵوەند کۆ |
| 2 | ša čæni merdan gæřæki [1]pæsænd<br>čə æłwænd kɔwæ ši wæ aromænd | شاە چەنی مێردان گەرەکی پەسەند<br>جە ئەڵەوند کۆوە شی ە ئارۆمەند |
| 3 | xæłq hæmædan aman wæ pešwaz<br>sær u mał kærdæn gəšt wæ payændaz | خەڵق هەمەدان ئامان وە پێشواز<br>سەر و ماڵ کەردەن گشت وە پایەنداز |
| 4 | ša watəš wæ xæłq xaran-ɛ zahər[2]<br>wæʕdæ-y memanim wæ yanæ-y tahər | شاە واتش وە خەڵق خاران زاهر<br>وەعدەی مێهمانیم وە یانەی تاهێر |
| 5 | ša xūšin æw řo qædæm řænǰæ kærd<br>tæšrif wæ yanæ-y baba Tahər bærd | شاە خۆشین ئەو ڕۆ قەدەم ڕەنجە کەرد<br>تەشریف وە یانەی باباتاهێر بەرد |

---

(١) The meaning of 'Garki' is not clear to me; in conversation with Sayed Faridun Hosseini, he believes the orrect meaning for 'neighborhood' is used for 'Garki'.

(٢) The meaning of this word is not clear to me.

| | | |
|---|---|---|
| 6 | Tahər ǰæ hæybæt ša ama wæ bær čūb-ɛ sær yanæ qapiš kæft wæ sær | تاهێر جه هەیبەت شاه ئاما وه بەر چووب سەر یانه قاپیش کەفت وه سەر |
| 7 | ša færma Tahər inæ češæn češ færq-ɛ pišanit češæn biyæn řeš | شاه فەرما تاهێر ئینه چێشەن چێش فەرق پیشانیت چێش بییەن ڕێش |
| 8 | baba Tahər ʕærz kærd:<br>hær kæs to ǰuyæd hælæš hæminɛ<br>sær dær řu-y xɛšt bałinæš zæminɛ | بابا تاهێر عەرز کەرد:<br>هر کس تو جوید حالش همینه<br>سر در روی خشت بالینش زمینه |
| 9 | ša ħærf-ɛ Tahər wænæš ama gæs<br>ši næ ǰamæ-y qar čærxəna færs | شاه حرف تاهێر وەنش ئاما گەس<br>شی نه جامەی قار چرخنا فەرەس [١] |
| 10 | fatəmæ ǰamæy wæ xæłqi sana<br>wat ša ši næ bæxtəm hana sæd hana | فاتمه جامەی وه خەڵقی سانا<br>وات شاه شی نه بەختم هانا سەد هانا |
| 11 | fatəmæ ǰamæ-y xæłqan næ wær kærd<br>dæst gərd wæ sinæ tæʕzim-ɛ ša kærd | فاتمه جامەی خەڵقان نەوەر کەرد<br>دەست گرد و سینه تەعزیم شاه کەرد |
| 12 | dæxil bi wæ ša wænæt ʕæyanæn<br>mæzani ǰamæm næ digæranæn | دەخیل بی وه شاه: ونەت عەیانەن<br>مەزانی جامەم نه دیگەرانەن |
| 13 | sær tæxt-ɛ sinæm tæxt-ɛ sułtanæn æmšæw sæ šæwæn sułtan məhmanæn | سەرتەخت سینەم تەخت سوڵتانەن<br>ئەمشەو سه شەوەن سولتان مێمانەن |
| 14 | ša eđ šənæft pa awərdæwæ<br>ǰa-y nɔhsæd nɔhsædæ æw řo kærdæwæ | شاه ئێد شنەفت پا ئاوردەوه<br>جای نۆسەد نۆسەد ئەو ڕۆ کەردەوه |
| 15 | Tahər nædar be hič nəmæwærd řa<br>yani kæ kæro memani wæ ša | تاهێر نەدار بیٚ، هیچ نەمەوەرد ڕا<br>یانی که کەرۆ مێمانی وه شا |

[١] Possibly meaning he turned his horse in the opposite direction.

| | | |
|---|---|---|
| 16 | ša Xūšin æw řo kæræm nəmana<br>wæ lutf-ɛ širin fatəmæ wana | شا خۆشین ئەو ڕۆ کەرەم نمانا<br>وە لوتف شیرین فاتمە وانا |
| 17 | yæk qæđre bərənǰ čænd danæ fəlfəl<br>da wæ fatəmæ čašt kæro ħasəł | یەک قەدرێ برنج چەن دانە فلفل<br>دا وە فاتمە، چاشت کەرۆ حاسڵ |
| 18 | fatəmæ sana næ xwaǰa-y xamūš<br>kærdəš wæ dige mudam hær næ xoǰš | فاتمە سانا نە خواجای خامووش<br>کەردش وە دیگێ مودام هەر نە جۆش |
| 19 | dæst næ fatəmæ bærækæt næ ša<br>čašt-ɛ nɔhsædæ wæ æw digæ da | دەست نە فاتمە، بەرەکەت نە شا<br>چاشت نۆسەدە وە ئەو دیگە دا |

| | |
|---|---|
| کەلام خوێنەکانی شاه بێن تا شاهۆ<br>لە شاهح تەشریفی برد بۆ ئەلوەند کێو | 1 |
| شاه لەگەڵ پیاوانی مەقبوول<br>لە چیای ئەڵوەندەوە چوو بۆ ئارۆمەند | 2 |
| خەڵکی هەمەدان هەموو هاتنە پێشواز<br>سەر و مالیان کرد هەموو کردە ڕایەخی ژێر پێی | 3 |
| شا خۆشین بە خەلکی خاران ظاهر(١)<br>کاتی مێوانی لە ماڵی تاهێر هاتووە | 4 |
| شا خۆشین ئەو ڕۆژە قەدەمی ڕەنجە کرد<br>[و] تەشریفی بردە ماڵی بابا تاهێر | 5 |
| تاهێر لە شکۆی شا هاتە دەر<br>داری سەری دەرگای ماڵەکەی کەوتە سەری [کەوتە سەر باباتاهێر] | 6 |
| شا فەرمووی، تاهێر، ئەمە چیە، چیە؟<br>وەسەتی ناوچاوانت بۆ بریندار بووە؟ | 7 |
| بابا تاهێر عەرزی کرد: | 8 |

(١) لێرە بە تەواوی تێناگەم کە مەبەست لە "خاران ظاهر" چییە. وشـەی *خـار* بە مانای *درِک* دێت، *خاران* ئەکاتە کۆی *درِک*، *ظاهر* بە مانای ڕواڵەت دێت. ئەکرێ بوترێت *خەڵکی کە بە ڕواڵەت درِکن*. بەم حاڵە تێ ناگەم بۆ *خەڵک* بە *درِک* تشبی کراون.

| | |
|---|---|
| | هەر کەس بۆ تۆ بگەڕێ، حاڵی هەر وایە<br>سەری لە سەر خشت، سەرینی زەوینە |
| 9 | شا قسەی تاهیر، تاڵ هاتە بەر چاوی<br>چووە جلێ قینەوە و سەری ئەسپی هەڵسووڕاند |
| 10 | فاتیمە، کراسێکی لە خەڵک وەرگرت<br>وتی، شا چوو لە بەختم، هانا سەد هانا |
| 11 | فاتیمە کراسی خەڵکی لەبەر کرد<br>دەستی نا سەر سنگ و کوڕنوشی برد بۆ شا |
| 12 | دەخیل بوو بە شا: لێت دیارە<br>ئەزانی کە کراسم هی کەسانە |
| 13 | سەر تەختی سنگم، تەختی سوڵتانە<br>ئەمشەو سێ شەوە سوڵتان مێوانە |
| 14 | شا ئەمەی بیست و پێ ڕاکێشایەوە<br>جێگە نۆسەد نۆسەدەی[١] ئەو ڕۆژە کردەوە |
| 15 | تاهیر نەدار بوو، هیچ پێ نەئەچوو<br>یانی بکات مێوانی شا |
| 16 | شا خۆشین ئەو ڕۆژە، کەرەمی نواند<br>و لوتفی شیرینەوە فاتیمەی بانگ کرد |
| 17 | کەمی برنج و چەند دنکە بیبەر<br>دا بە فاتیمە، چێشت دروست بکات |
| 18 | فاتیمە لە خواجەی بێ دەنگ وەریگرت<br>کردیە ناو مەنجەڵێ، بەردەوام هەڵئەقوڵێ |
| 19 | دەست لە فاتیمە، بەرەکەت لە شا<br>چێشتی نۆسەدە بە ئەو مەنجەڵە درا |

لە دەستنووسێک کە لە کتێبخانە مەجلیسی ئێران بە ناوی *کتابی مشتمل بر اسرار مذهبی فرقه اهل حق* بە ژمارە ١٧٤٥٠ دەپارێزرێت، لە لاپەڕەی ٩

[١] مەبەست لە نۆسەد نۆسەدە ئەو سوپایەیە کە لەگەڵ شاخۆشین بوون

ڕونکەردنەوەیەک لە سەر ئەم کەلامە دەدات، سەرەتای ڕونکردنەوەکە ئاوایە:
باباتاهیر گاوان بوو، بابا خوشکێکی بوو کە ناوی فاتمە لەڕە بوو. باباتاهیر و خوشکەکەی پێکەوە تەنیا کراسێکیان بوو، هەر کات باباتاهیر دەچوو بۆ گاوانیی، کراسەکەی دەکردەبەری و خوشکەکەی لە ناو تەنوور دادەنیشت تا براکەی بێتەوە و کراسەکەی لێوەربگرێت و بیکاتەبەری.

ئەوەی لەم دیالۆگەی سەرەوەدا بەرچاوە، ئەوەیە کە لە بەشی وڵامی باباتاهیر پێدەچێت شتێک نوقسان بێت. یەک وڵامەکەی باباتاهیر بە فارسییە. ئەگەر باباتاهیر لەگەڵ باباخۆشین بووە، چۆنە کە باباخۆشین بە گۆرانیی قسەی لەگەڵ دەکات و ئەو بە فارسیی جوابدەداتەوە. دووەم پێدەچێت وڵامی باباتاهیر زیاتر لەوە بێت کە لەم تێکستە و لانی کەم لەو نوسخانە کە لە بەردەستی مندان، بێت. دەبێت باباتاهیر شتێکی تری وتبێت کە باباخۆشین ڕەنجاوە. ئەو وەڵامە لەگەڵ مەنتقی تێکستەکە ناخوات. ماباقیی تێکستە حەرەکەیەکی ڕوون و دیاریان هەیە، فاتیمە دەچیتەلای باباخۆشین و داوایلێدەکات کە لە لایان بوەستێت و باباخۆشین وڵامی داواکەی دەداتەوە و چەند دانە برنج و چەند دانە بیبەری پێدەدات و لە بەرەکەتی وجودی خۆی، بەرەکەت دەکەوێتەناو مەنجەڵەکەی فاتیمە و ئەتوانێت نانی نۆسەد یاری باباخۆشینی لێبدات. بە داخەوە، پێدەچێت کە ئەو دیالۆگ و کەلامانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ باباتاهیردا هەیە، بە تەواویی لە لایەن یارسانەکانەوە نەگوزراوەتەوە. لە هەندێک دەفتەری دیدا، کە برای خۆشەویستم فەرەیدوونی حوسەینیی پێدام، جیاوازییەکی ئەوتۆم لەگەڵ ئەو هۆنراوانەدا کە زۆرتر لە زمانی فارسییەوە نزیکن و چاپکراون و لە بەردەستدان، نەبینی، بۆیە پێموایە کە ئەو هۆنراوانە لە ڕووی کتێبە چاپکراوەکان و پاشتر خرابنەناو دەفتەرەکانی یارسانەوە. فەرەیدوونیش ئەم بۆچوونە بە ڕاست دەزانێت.

با بێینەسەر چەمکی بنەڕەتیی لە ئاینی یارسان و بەراوردیانبەکەین لەگەڵ ئەو شیعرانەی کە بە ناوی باباتاهیرەوە ناوبانگیاندەرکردووە. هەندێک لەو شیعرانە باباتەکانیان زۆر نزیکیی لەگەڵ بنەماکانی بیر و ڕای یارسانەکان هەیە و پاڵپشتیی لەو هایپۆتێزە دەکات، کە بابا لە یارسانەکان

بووه.

**باز و شاباز لە هۆنراوەکانی باباتاهیر و یارساندا**

چەند چەمکی زۆر بنەڕەتیی لە ئاینی یارسان بریتیین لە باز، شاباز و دامیار. لە کتێبی دەورەی دامیاریی، کە محەمەدی موکریی بڵاویکردەوە، دەنووسێت: "بە پێی ئەم کتێبە، حەزرەتی پیر بنیامین کە دەبێت ئەو وەک مرۆڤێکی ڕۆحانیی و یەکەمین ئافەریدەی خاوەندگار بەر لە خێلقەتی جیهان و مرۆڤی بزانین، لە درێژایی دەوران و سەدەکان و لە تەجەلیاتی زۆرەوە وەک نێچیروانێک داوی لە دەستدایە و بە دوای شابازی ئەزەلییدا یانی حەزرەتی خاوەندگار، لە سەر دنیادا دەگەڕێت. شابازی ئەزەلیی لە سەدەی چواری هیجریی لە جامەی موبارەک شا بەناوبانگ بە شاخۆشین (شکڵێک لە وشەی بازخەشین: بازی سپیی) کە وەک وێنەی خوایە لە دایکێکی پاکیزە بە ناوی ماما جەلالە لە ناو ئێڵەکانی لوڕ دەردەکەوێت و هەندێک لەوانەی ئاگا و چاودارن (دەروون_ڕوون)، فێری ئەسراری حەقیقەتیان دەکات. جارێکی دی بەر لە ئەوەی لە جامەی سوڵتان سەهاک خۆی بنوێنێت (لە سەدەی هەشتی هیجریی)دا لە سەر کانییەک لە چیای شاهۆ هەر بەو شکڵ و شەمایلی شاباز خۆی بە چەند کەس لە پیرانی حەقیقەت کە دیاردەی یارانی هەمیشەیی "جەمعی یاری" دەنوێنێت و ئەوان لە هاتنی خۆی ئاگاداردەکاتەوە"[١].

بابەتی سەرەکیی دەفتەری *دەوەری دامیاریی* لە سەر بناغەی *بازی ئەزەلی*یە. لەم دەفتەرەدا لە سەر هەر کام لە دووبەیتییەکانەوە ناوی شاعیر یان بڵێین پیرێک بە سەریانەوە نووسراوە. وەک نەریتی زۆربەی شیعرەکانی گۆرانیی، چ ئاینی چ ئەوانی دی، میسراعی یەکەم بریتییە لە پێنج بڕگە. لێرەدا نموونەیەک لە دەفتەری *دەوەری دامیاریی* دەهێنینەوە:

---

(1) Mohammad Mokri, *Le Chasseur de Dieu et le mythe du Roi-Aigle (Dawra-y Dāmyāri)* (Wiesbaden: Otto Harrassowitz, 1976), 2-3.

| | |
|---|---|
| binyāmīn maramo<br>dāmim dā nīšān<br>na dūn-i duřī dāmim dā nīšān<br>gēłāymē awham čanī darwīšān<br>šāmān pēdā kard, xwāǰā-y bē-kīšān[1] | بنیامین مەرەمۆ:<br>دامم دا نیشان<br>نە دوون دوڕی دامم دا نیشان<br>گێلایمێ ئەوهەم چەنی دەوریشان<br>شامان پێدا کەرد، خواجای بێ کیشان |

بنیامین دەفەرموێت:
داوم دا نیشان
لە دوونی مرواری داوم دا نیشان
گەڕاین پێکەوە لەگەل دەروێشان
شامان پەیدا کرد، خواجای دەروێشان

لەم کەلامەدا، بنیامین کە لە دوونی مروارییە[٢]، بە داوی دەستیەوە لەگەڵ یارانی بە دوی خاوەندگاردا دەگەڕێت و دەیدۆزنەوە.

لێرەدا هۆنراوەیەکم لە باباتاهیر هەڵبژاردووە، کە موتیڤی *بازی سپیی* لە ناودایە. ئەم هۆنراوەیەم لە نوسخەکەی مینوڤی کە لە موزەخانەی کۆنیا لە تورکیا هێنای، هەڵبژاردووە، چونکە ئەم نوسخەیە بەرانبەر بە ئەوانی دی، پێدەچێت کەمتر دەستیتێبرابێت:

| | |
|---|---|
| æz an æspedæ bazæm hæmædani<br>bæ tænhayi kærum næxčiræwani<br>hæmæ bæ mən wəderænd čærx u šahin<br>bæ nam-ɛ mən kærænd næxčiræwani[3] | ئەز ئان ئەسپیدە بازەم هەمەدانی<br>بە تەنیایی کەرۆم نەخچیروانی<br>هەمە بە من ودێرەند چەرخ و شاهین<br>بە نام من کەرەند نەچیروانی |

(1) Mokri, *Le Chasseur,* 20.

(٢) ئاماژە بە دەورەیەکە، کە دنیا کشوماتە و تەنیا مروارییەک هەیە، کە یارانی ئەزەلیی لە ناویدان و لەوێ پەیمانی ئەبەدیی دەبسترێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :
Minorsky, V. 1960. "Ahl-e Haqq." *The Encyclopedia of Islam* 1(1960): 260-263.

(٣) مینۆویی بۆ یەکم جار ئەم دەستنووسەی لە تورکیاوە هێنا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: موجتەبا مینۆوی، "باباطاهر لر"، لە گۆڤاری دانشکدە ادبیات دانشگاە تهران، سال چهارم، شمارە ٢ (١٣٥٥): ٥٤-٥٨.

من ئەو بازە سپییەم، هەمەدانیی
بە تەنیایی نەچیروانیی ئەکەم
هەموو لە من تێ ئەپەڕن چەرخ[1] و شاهین
بە ناوی منەوە ئەکەن نەچیرەوانیی

لەم دووبەیتیەدا *بازی سپیی* باباتاهیر، کە بە تەنیایی نێچیروانییدەکات، بە ڕوونیی *شابازی ئەزەلیی* لە بیروڕای یارساندا بەبیردەهێنێتەوە. شیعرەکە وەسف/پەسنی ئەوە دەکات کە ئەوانەی بە دوایدا دەگەڕێن، ناتوانن بیبینن، لە هەمان کاتیشدا کەسانی دی بە ناوی ئەوەوە ڕاودەکەن، بەڵام هەر ئەو خۆیەتی کە بازی سپییە.

شیعرێکی دی لە دیوانە گەورەی خەلیفە حەیدەرییدا، دیالۆگێک لە نێوان کاکە ڕیا (ڕدا) و فەقی بەم جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| سفیدەبازم، سەر یاڵم کووی<br>مەلەوانیمان کەردەن جە ئاو ئامووی<br>ڕۆژمان کەردەن وە شەو، شەومان کەردەن وە ڕووی<br>خرقەی خووشین بێ تەن و پووی<br>تۆ چێشەنی چەنی شا و شابازان بکەری داوا و عەدووی | səfidæ bazəm, sær yałəm kuy<br>mælæwaniman kærdæn ǰæ aw amuy<br>řožman kærdan wæ šæw šæwman kærdæn wæ řuy<br>xərqæy Xošin be tan u puy<br>to češæni čæni šah u šahbazan bəkæri dæʕwa w ʕæduy[2] |

سپی بازم، سەریاڵم چیایە
مەلەوانیم کردوە لە ئاوی ئاموو
ڕۆژمان کردوە بە شەو، شەومان کردوە بە ڕۆژ
خرقەی خۆشین بێ عەیبە
تۆ چیت کە لەگەڵ شا و شابازان شەڕ و دوژمنی بکەیت

---

(١) نەوعێک لە بازە.
(٢) خلیفە حیدری، ٣٣.


٣
یا کم دُردی هنی دریه نبد یار
یا کم خوردید گهان پیدا نبد یار
من اژ آن رو بدامان نه زد دست
ده گردونت پر و پائی نبد یار

ئەم کەلامەی سـەرەوە، وتـوویژێکە لەگەڵ فەقـیە، کە لە سـەرەتاوە لەگەڵ باباخۆشــین دوژمنایەتییــدەکات، بەڵام پاشــان دەبێــتە هــاوڕێیەکی نزیکــی. لێرەشــدا مــۆتیڤی بــازی ســپیی، وەک دووبەیتیــیەکەی باباتــاهیر، خۆیــان دەردەخات. بە واتایەکی دی، دەبینین کە لە هەردووکیاندا ئەم مۆتیڤە بە یەک جۆر بەکارهاتووە.

پێشــتر ئامــاژەم بەوە دا، کە لە بــڕوای یارســاندا، خاوەنــدگار پــێش دروســتکردنی گەردوون، لە نــاو دوڕ (مرواریــی)دا بــوو[1]. یەکەمــین تەجەلــی خۆی، وەک خاوەندگار نواند.

لە هـۆنراوەیەکی باباتـاهیردا ئامـاژە بە دوڕ و دەریـا و گەردوون کـراوە. ئەم دووبەیتییەیشـم لە نوسـخەی کتێبخـانەی کۆنیـا هەڵبـژاردووە، کە وێنەی دەستنووسەکەیشی لەگەڵ دادەنێم.

| | |
|---|---|
| ya kəm dɔřdi hæni dæryæ næbɔd yar<br>ya kæm xɔr did, gæhan pæyda nabɔd yar<br>mæn æž an řo bæ daman-ɛ tæ zæd dæst<br>dæ gærdunət pæř u paʕi næbɔd yar | یا کم دۆر دی هەنی دەریە نەبود یار<br>یا کم خور دید گهان پیدا نەبود یار<br>مەن اژ ئان ڕۆ بە دامان تە زەد دست<br>دە گردونت پروپائی نەبود یار |

(1) Minorsky 1961 , Ahl-e Haqq.


گرئژ زرئو نهی دیوانه ئز گل [١] نه پرچینش گری وانوشه و ول
گر ئو بشنش نهی آن دار شمشاد گر ئو رونش گری آواج بلبل
سرنجامان بشی پیا بهرزی یای نه کور وی ماوای نه گل

مهرداد بهار[١] بەهار وا دایدەنێت، کە وشـەی یا کم لە وشـەی پەهلەوانی ناوەڕاست yad kad بە واتای "کاتێ کە" و واتاکەی وا لێکدەداتەوە:

کاتێ کە دۆرم بینی، هێشتا دەریا نەبوو، ئەی یار
کاتێ کە خۆرم بینی، جیهان پەیا نەبوو ئەی یار
من بۆیە دەستم گرت بە داوێنی تۆ.
کە لە گەردوون پەڕ و پۆیەک نەبوو، ئەی یار.

من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەی بەهـاردا نییم، چونکە لە هۆنراوەکانی دیکەی بابادا، جێگری لکێنەدراوی نـاو بەم شـێوازە کە بە جێنـاوی لێکدەری (حەرفی ڕەبت) کە بنووسرێت نەهاتووە، بەڵکو ئەگەر بەرکار لە نـاو ڕەسـتەدا بێت بە بەرکـارەوە دەنووسـرێت. بـۆ وێنە لە هـۆنراوەیەکی باباتـاهیردا، کە پێشـتر بە تەواویـی هێنـام، لێـرەدا ئەو ئەبیـاتە کە جێگـری لکێنـدراویان تێـدا دەبینـین، دەهێنم:

زارجش کوشت و موران زارج ئەو خەرد
بازش بکوشت و خوونش پاک واخەرد
و یان لەم بەیتانەی خوارەوە:
گەر ئەژ زەر ئەو نەهی دیوانە ئەز گل
بە پەڕچینش کەری وانەوشە و ول
گەر ئەو بەشنش نەهی ئان دار شمشاد
گەر ئاوڕوونش کەری ئاواج بلبل

لەم هـۆنراوانەی سـەرەوەدا، هەروا کە دەبینـدرێت، جێنـاوی لکێـنەدراو لەگەڵ بەرکـاردا هـاتووە و هەر بە ئەو جـۆرە کە لە هۆنراوەکـانی گۆرانییـدا بەکاردێت، بەکارهاتووە. بۆ وێنە ئەتوانین سەیری بەیتێکی شاعیری گەوەر و

(١) بهار، شعری چند به گویش همدانی، ١٣٥٧ ش.

بەناوبانگ مەلەویی[1] بکەین:

| | |
|---|---|
| namækæt kiyast wæ la-y mən yawa<br>pæyapæy næ řu-y du diđæm sawa | نامەکەت کیاست، وە لای من یاوا<br>پەیاپەی نە ڕووی دوو دیدەم ساوا |

لەم بەیتەیشدا هەر ڕاست وەکو هۆنراوەکانی باباتاهیر، جێناوی لکێنەدراوی دووەم کەسی تاک /ت/ و جێناوی لکێنەدراوی یەکەم کەسی تاک /م/ لەگەڵ بەرکارەکانی *نامەکە* و *دیدە* هاتوون.

بۆیە من بەیتی یەکەم وا ئەیخوێنمەوە:

*یاگەم دۆر دی، هەنی دەریا نەبیٚ یار*

*یاگەم خۆر دی، گەهان پەیدا نەبیٚ یار*

جێگەم لە ناو دۆردا بینی (خۆم لە ناو دۆڕ دۆزییەوە)، هێشتا دەریا نەبوو، ئەی یار

خۆم لە ناو خۆردا بینی، دنیا هێشتا دیارنەبوو، ئەی یار

ئەم دووبەیتە، بە جوانیی ئاماژە بەو بیرۆکەی یارسان دەکات، کە پێش لە گەردوون، تەنیا دۆرێک بوونی هەبوو و هیچی تر، کە ڕووناکییەک دێت و هەموو دنیای لێبەدیدیت.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری نزیکایەتیی نێوان تێکستی یارسان و هۆنراوەکانی باباتاهیر، باشترە کە بابەتی هاوبەش وەک عیرفان، گەڕان بە دوای خۆشەویستیی ئیلاهیی و کردنی سروشت بە نماد شیبکەینەوە.

---

(1) لە دەستنووسی ژمارە ٩٨٧٦ Hs or 185 کە لە کتێبخانەی دەوڵەتی بەرلین دەپارزدرێت و لە ژێر ئادرەسی ئەلکترۆنیکی دەتوانن بینینن.
http://resolver.staatsbibliothek-berlin.de/SBB000017A600000000

**دواوتە**

لێکــۆڵینەوەکەی ســـەرەوە، دەتوانێـــت لەم خـــاڵانەی خـــوارەوەدا کورتبکرێتەوە:

١. زۆربەی تـوێژەران و لێکۆڵەران لە سـەر ئەو بڕوایەن، کە بە درێژایی زەمەن، دەستبراوەتەناو هۆنراوەکانی باباتاهیرەوە، بۆیە بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانـــانی ئەمڕۆیـــی نە مـــومکین و نە دورســـتە. تەنـــانەت ئەگەر وایـدابنێین کە هۆنراوەکـــان کەمتـــر دەســـتیانتێبراوە، زمـــانی ســـەردەمی باباتـاهیر کە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەدەی چـواری هیجریـی لە گەڵ زمـانی مودێرنی ئەمڕۆدا بەراوردناکرێت.

٢. لە درێژایـی زەمەنـدا زمـانێکی ئەدەبیـی ناسـراو بە گۆران وردە وردە گەشـــەی پەیـداکرد، کە لە ڕۆژئـاوای ئێـران تـا باشـووری کوردسـتانی گرتەبەر و بوو بە زمانی ئەدەبیی بۆ هەموو دانیشتوانی ناوچەکە.

٣. تێکســـتە مێژووییەکـــان نیشـــانیدەدەن، کە جێگـــای نیشـــتەجێبوونی گۆرانەکان لە لوڕستان بۆ هەمەدان و تا هەولێر بووە.

٤. لە هۆنراوەکانی یارسـان، نـاوی باباتـاهیر وەک یەکێک لە هاوقەتارانی باباخۆشین هاتووە.

٥. نـاوێکی دیـکە بـۆ فەهلەویـات "ئەورامە یـان ئەورامەن/ئەورامەنان"ــە. ئەورامیی/هەورامییش، کە ناسـراوترین زاراوەی گۆرانە. نـاوی ئەورامیی وەک خەڵکێک کە خەریـک هـۆنین و گـۆرانیی بـوون، لە کتێبی مێژوویـی فوایدی مالی نووسـراوەی ئەمـین ئەلـدەولەی حـاج بلە (مـردوو لە سـاڵی ٧٢٠ هیجریـــی قەمەریـــی) هـــاتووە. ئەم ســـەرچاوە، هەورامـــان هەم بە هۆنراوە و هەم بە ناوچەی هەورامان پێوەنددەدات.

٦. نەریتـی هـۆنین لە نـاو پیرانـی هەورامانـدا، بە تـایبەت هۆنراوەکـانی پیرشالیار کە بابەتی هاوبەشیان هەیە، سرنجڕاکێشە.

ئەم تـوێژینەوەیە پـێ لە ســـەر ئەوە دادەگرێـت، کە بە ئەگەری زۆرەوە باباتـاهیر پەیوەنـدییەکی زۆر نزیکـی لەگەڵ یارسـانەکاندا هەبـووە. نە تەنیـا خودی باباتاهیر، بەڵکو ئەو سۆفییانەیش کە لەگەڵی بوون، پێدەچێت یارسان

بووبن، بۆیە جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێین، کە پەیوەندیی نێوان باباتاهیر و باباخۆشین بووە بە هۆی پەرەپێدانی زیاتری ئاینی یارسان. نەریتی ئەدەبیی، کە لە زەمەنی باباتاهیردا باوبوو، لە لایەن یارسانەکان و هەورامییەکانەوە لە کاتی زەمەنی بابا و پاش مردنی درێژەپێدرا و هەموو ناوچەکە ڕۆژئاوای ئێران و باشووری کوردستانی گرتەخۆ. ئەم نەریتە وەک زمانی ئەدەبیی جێی خۆی سەقامگیرکرد و لە بەرانبەر زمانی ڕەسمیی فارسییدا بۆ چەندین سەدە بەردەوامبوو.

ئەم لێکۆڵینەوە، باس لە پەیوەندیی نێوان باباتاهیر و ئاینی یارسان و کۆمەڵگای گۆرانیی کرد و لە تێکستە مێژووییەکان بەهرەیوەرگرتووە، هەروەها پشتی بە لێکۆڵینەوەکانی توێژەرانێکی وەک زەرینکووب و ئەزکایی بەست.

ئەم باسە، وڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە، کە لە سەرەتای باسەکەدا ئاڕاستەکران. بوونی بەربڵاویی تایفەکانی گۆران لە هەمەدان و ڕۆڵی گرنگیان لە زەمەنی باباتاهیردا، ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیی-سیاسییەی ڕەخساند کە شیعری فەهلەویی بوو بە بنەمای شیعری گۆرانیی. ئەم تێکەڵاوییە ڕەنگە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕویدابێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، هاتنەدەری گۆرانیی وەک زمانێکی ئەدەبیی و ئاینیی لە ناو یارسانەکاندا لە زەمەنی بابا و پاش ژیانی ئەو، نیشاندەری ئەوەیە کە نەریتی باباتاهیر لە گۆرانیی ئەدەبیی وەک ئەمرێکی مێژوویی درێژەپێدراوە و گۆرانیی بووە بە میراتهەڵگری زمانی ئەدەبیی و ئاینیی.

References

**سەرچاوە فارسیی و کوردییەکان**


- ابورجا قمی، نجم الدین. *تاریخ الوزرا*، تصحیح محمدتقی دانش پژوه، تهران: موسسه مطالعاتی تحقیقی فرهنگی ۱۳۶۳.
- ابوزید عبدالرحمن ابن محمد ابن خلدون. *العبر، تاریخ ابن خلدون*، جلد سوم، ترجمه: عبدالمحمد آیتی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ۱۳۸۳.
- ادیب طوسی، محمد امین. "فهلویات المعجم"، *نشریه دانشکده ادبیات تبریز*، سال ٦، ۱۳۳۳ شمسی.
- اذکایی، پرویز. *باباطاهرنامه*: هفده گفتار و گزیده اشعار. تهران: طوس، ۱۳۷۵.
- اذکایی، پرویز. "آل حسنویه". مرکز *دائره المعارف بزرگ اسلامی (مرکز پژوهشهای ایرانی اسلامی)*. ۱۳۹۸ https://www.cgie.org.ir/fa/article/237629.
- اکبری مفاخر، آرش. "زبان دوبیتی های باباطاهر"، *پژوهش های زبانی-ادبی قفقاز و کاسپین*، سال ٤، شماره ۱ و ۲ (پیاپی ۹-۱۰) (۱٤۰۱-۱٤۰۲ ش).
- بهار، مهرداد. "چند شعر به گویش همدانی از باباطاهر"، *پژوهشنامه فرهنگستان زبان ایران*، شماره ۳ (۱۳۵۷): ۵-۲۲.
- بهارو مهرداد (مصحح). *مجمع التواریخ و القصص*. به همت محمد رمضانی، اصفهان، نشر چاپی ۱۳۱۸. نشر دیجیتالی مرکز تحقیقات رایانه ایی قائمیه اصفهان
- بیدآبادی، م. "معرفی مشاهیر انوار الیقین"، *علوم حدیث*، شماره ۲۲ (۱۳۹۱): ۱۳٤-۱٦۹.
- تبریزیان، سام الدین . *مجمل الکلام سرانجام اهل حق*، برگ دوم، (سال و ناشر نامشخص).
- توو‌داری، سید عبدالصمد. *نورالانوار*، به کوشش: سید عبدالله سنندجی، سنندج (سال چاپ نامشخص).
- جاف، حسن. "بدربن حسنویه، فرمانروای مقتدر و دادگستر ایرانی"، *پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی*، پرتال جامع علوم انسانی. شماره ٥٦ (۱۹۷۵).
- جعفری چهرقانی، حسین. "واژگان تاتی در اشعار باباطاهر"، فصلنامه *دیار*، شماره ۵، ۱۳۹٦.
- حاج امینی، بهمن. *موسیقی کردهای هورامان*، تهران: موسسه فرهنگی هنری

ماهور، ۱۳۸۱.
- حبیبی، عبدالله. *دیوانوو سەیدی هەورامی*، سنندج: انتشارات کردستان ۱۳۹۸.
- حسینی، محمد. دیوانه گەوره، کرمانشاه: باغ نی، ۱۳۸۲.
- حسینی آبباریکی، سید آرمان، "بررسی ویژگی های زبانی و دستوری دوبیتی های باباطاهر همدانی"، *پیام بهارستان*، دوره ۲، سال پنج، شماره ۲۰ (۱۳۹۲ ش): ۳۹-۶۱.
- حەمەباقی، محەمەد. *موزیک و گۆرانی کوردی*، هەولێر: هێوی، ۲۰۱۱.
- خانلری، ناتل. "دوبیتی های باباطاهر"، مجله *پیام نو*، سال ۱، شماره ۸، (۱۳۲٤ ش) ۲٦-۳۰، شماره ۹: ۳۷-۳۹ و ٦۰.
- دهنوی، نظام علی. "حکومت بنی حسنویه ازظهور تا سقوط" (۳۳۰ تا ٤۰٦ ق/ ۹٤۱ تا ۱۰۱۵م)، *پژوهش های تاریخی (علمی -پژوهشی)*. دانشکده ادبیات و علوم انسانی-دانشگاه اصفهان، سال پنجاهم، دوره جدید، سال ششم،شماره دوم (پیاپی)، (تابستان ۱۳۹۳): ۱۰۵-۱۲٤.
- راوندی، علی *راحت الصدور و آیات السرور*، مصحح: محمد اقبال، تهران: اساطیر ۱۳۸٦.
- روحانی (شیوا)، بابامردوخ. *تاریخ مشاهیر کرد*، جلد اول، (به کوشش محمد ماجد مردوخ روحانی ) تهران: سروش، ۱۳۸۲.
- زرینکوب، عبدالحسین. *جستجو در تصوف ایران*، چاپ ۱٦. (تهران:انتشارات امیرکبیر. ۱٤۰۳)، ۱٦۳-۲۰۵.
- شمیسا، سیروس. *آشنایی با عروض و قافیه*، ویرایش چهارم، تهران: میترا، ۱۳۸۳؛
- صفایی ملایری، ابراهیم. "غلط خوانی ترانه ها" مجله *ارمغان*، سال ۳۱، شماره ۷ (۱۳٤۱ ش): ۲۸۹-۲۹۹.
- صادقی، علی اشرف. "شروینان یا عشق نامه شروین دشتبی و شروه سرایی"، *یادنامه دکتر احمد تفضلی* (تهران: سخن ۱۳۷۹): ۲٤۳-۲۳۳.
- طاهری، طیب. *سرانجام* .اربیل: آراس، ۲۰۰۷.
- طبیب زاده، امید. "بررسی تاریخی وزن در فهلویات"، *زبان ها و گویش های ایرانی* ۳، (اسفند ۱۳۹۲): ۸۹-۵۹.
- عزالدین بن اثیر، *تاریخ کامل*، جلد ۲۱، ترجمه حمیدرضا آژیر، تهران، اساطیر،

.۲۰۰۵
- علینقی منزوی، *نامه های عین القضات همدانی*، جلد سوم، تهران: انتشارات اساطیر ۱۳۷۷.
- غلامی، سالومه. "گویش شناسی اشعار باباطاهر و اهمیت آن در بازسازی زبان بومی پیشین همدان"، *پژوهش های زبانشناسی*، تهران، سال ۱۰ شماره ۲۰ (۱۳۹۹): ۷۸-٤٥.
- فیروزبخش، *فهلویات: پژوهشی در اشعار بازمانده از زبان و ادبیات مشترک عراق عجم و آذربایجان*، تهران: انتشارات محمودافشار (۱٤۰۱): ۲٥-۳۲.
- قزوینی، محمد. "طاهر همدانی"، *یادداشت های قزوینی*، طبع ایرج افشار، دانشگاه تهران، ج. ٥، (۱۳۳۹ ش): ۲۸۱-۲۸٤.
- قیس رازی، شمس الدین محمد. *المعجم فی معاییر اشعار العجم*. تصحیح محمد قزوینی، تهران: انتشارات دانشگاه تهران ۱۳۲۷.
- کاردۆخی، موحەمەد ئەمین. (پێداچوونەوەی محەمەد ئەمین ڕەشیدی)، *دیوانی صەیدی*، سنندج: انتشارات کردستان ۱۳۸٥.
- مینوی، مجتبی. "از خزائن ترکیه"، *مجله ادبیات دانشگاه تهران* ٤، شماره ۲، (۱۳۳٥): ٥٦-٥۸.
- مستوفی، حمدالله. نزهت *القلوب، المقاله الثالثه*، به اهتمام گای لسترانج، تهران: ارمغان، ۱۳٦۲.
- معاذی، عدنان (مصحح)، *مفتاح القلوب: کلام سید عبدالله کلجینی (بلبری)*. پاوه: انتشارات آرو، ۱٤۰۲.
- مکری، محمد. *گورانی یا ترانه های کردی*، تهران، کتابخانه دانش، ۱۹٥۱.
- منزوی، علینقی. *نامه های عین القضات همدانی*، جلد سوم، تهران: اساطیر ۱۳۷۷.
- مولایی، چنگیز، "چند نکته درباره شیوه تصحیح دوبیتی های باباطاهر"، *نامه فرهنگستان*، دوره ٥، شماره ۳ (پیاپی ۱۹) (۱۳۸۱ ش): ۷٤-۸۳.
- نجفی، عبدالحسین. "اختیارات شاعری"، جنگ *اصفهان*، شماره ۱۰ (۱۳٥۲)، ۱٤۷-۱۸۹.
- نجفی، عبدالحسین. "درباره طبقه بندی وزن شعر فارسی"، *آشنایی با دانش*، (۱۳٥۹) ٥۹۱-٦۲٦.
- نجم الدین ابورجا قمی (به کوشش محمدتقی دانش پژوه) *تاریخ الوزرا*، در سال

٥٨٤، تهران: موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، (١٣٦٣)، ١١.
- هدایت، رضاقلی خان. *مجمل الفصحا*، به کوشش مظاهر مصفا، تهران: موسوی ١٣٣٩.
- همایی، جلال الدین. *نامه های ادبی*، جلد اول، تهران: هما، ١٣٦٩.
- دەستنووسێک لە مەولەویی، بە ژمارە ٩٨٧٦ Hs or 185 کە لە کتێبخانەی دەوڵەتی بەرلین دەپارزدرێت و لە ژێر ئادرەسی ئەلکترۆنیکی http://resolver.staatsbibliothek-berlin.de/SBB000017A600000000

## سەرچاوە ئینگلیزیی و ئەلمانییەکان

- Edmonds, C.J."The Beliefs and Practices of the Ahl-i Ḥaqq of Iraq." *Iran* 7 (1969): 89-101.
- Fuad, Kamal. *Kurdische Handschriften*. Wiesbaden: Franz Steiner Verlag 1970.
- Hadank, Karl. *Mundarten der Gūrān, besonders das Kändūläī, Aurämānī und Bādschälānī.* Berlin: Verlag der Preussischen Akademie der Wissenschaften 1930.
- ——*Die Sprache der Vierzeilier des Bābā Tāhir (IV). Die Mundarten von Khunsār, Mahallāt, Natänz, Nâyin, Sämnân, Sîvänd und Sô-kohrûd. Kurdisch – Persische Forschungen von Oskar Mann*. Berlin: Verlag von Walter de Gruyter 1926.
- Henning, W. B. "Mitteliranisch." In *Handbuch der Orientalistik: Iranistik*. Erste Abteilung, vierter Band. Leiden: Brill, 1958.
- Heron-Allen, Edward. *Lament of Bābā Ṭāhir*. London: Bernard Quaritch 1902.
- Huart, Cl. "Les quatrains de Bābā Ṭāhir ʿUryān en pehlevi musulman." *Journal Asiatique*, 8, no. 6 (1885): 502-45.
- Kreyebroek, Philip G. "The Yezidi and Yārsān Traditions". In *The Wiley Blackwell Companion to Zoroastrianism.* pp.499-504.Edited by M. Stausberg, and Y.S.-D. Vevaina with A. Tessmann Chichester 2015.
- Kreyenbroek, Philip G. *God First and Last: Religious Traditions and Music of the Yaresan of Guran. Volume 1: Religious Traditions.* Göttinger Orientforschungen. III. Reihe: Iranica, neue Folge, Band 18. 2020.
- Leszczynski, G. L. *Die Rubāʿīyāt des Bābā-Tāhir ʿUryān oder Die Gottestränen des Herzens.* Munich: Schahin Verlag 1920.
- Mahmoudveysi, Parvin. "The Meter and the Literary Language of Gūrānī Poetry." Hamburg: Universität Hamburg. Doctoral dissertation. Accessed August 6, 2016. URL: http://ediss.sub.unihamburg.de/volltexte/2016/7935/pdf/Dissertation.pdf
- Mahmoudveysi, Parvin, Denise Bailey, Ludwig Paul, & Geoffrey Haig. *The Gorāni Language of Gawrajū, a Village of West Iran.* Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert

Verlag 2012.
- Mahmoudveysi, Parvin, & Denise Bailey. *The Gorāni Language of Zarde, a Village of West Iran*. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag 2013.
- Minorsky, V. "Notes sur la secte des Ahlé-Haqq." *Revue du monde musulman* 40 (1921): 205-302.
- Minorsky, V. "The Gūrān." *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* 11, no.1(1943): 75-103.
- Minorsky, V. "Ahl-e Haqq." *The Encyclopedia of Islam* 1(1960): 260-263.
- Mokri, M. *Le Chasseur de Dieu et le mythe du Roi-Aigle (Dawra-y Dāmyāri)*. Wiesbaden: Otto Harrassowitz 1976.
- Paul, Ludwig. "Zur Lage der Gōrānī-Dialekte im Iran und ihrer Erforschung." In *Iranian Languages and Texts from Iran and Turfan: Ronald E. Emmerick Memorial Volume*, edited by Maria Macuch, Mauro Maggi, and Werner Sundermann,(2000) 285-296. Wiesbaden.
- Paul, Ludwig "The Position of Zazaki among West Iranian Languages". Nicholas Sims-Williams (ed.): Proceedings of the Third European Conference of Iranian Studies held in Cambridge, 11th to 15th September 1995. Part I: *Old and Middle Iranian Studies*. Wiesbaden. (1998): 163-177;
- Schmitt, Rüdriger. *Die iranischen Sprachen in Geschichte und Gegenwart*. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert 2000.
- Tafazzoli, A. "Fahlavīyāt." *Encyclodia Iranica*, Vol. IX, (1999):158-162. New York.
- Van Bruinessen, M. "The Ahl-i Haqq (Yārsān) of South Kurdistan and Their Enchanted Umwelt." Paper presented at Alpine Borderscape Religiosities – Towards a Comparative Approach, Erlangen-Nürnberg 2019.
- Windfuhr, Gernot L. "Dialectology and topics". *The Iranian Languages,* edited by Gernot Windfuhr. Routledge Taylor & Francis Group, London and New York 2009.
- Windfuhr, Gernot L. "Isoglosses: A Sketch on Persians and Parthians, Kurds and Medes." *Monumentum Henrik S. Nyberg II [Acta Iranica 5]*, (1975): 457–472.

# ژیاننامە



ناو: پەروین مەحمود وەیسی
پیشـــە: پۆســـت دکتـــۆرا، تـــوێژەر لە زانکـــۆی هامبورگ.
خوێندن:
– ٢٠١٢-٢٠١٦ : پی ئێچ دی لە زانکۆی هامبورگ – ئاڵمانیا.
– ٢٠٠١-٢٠٠٦ ماستر: زمانە کۆنە ئێرانییەکان، ئەدەبی جیهانیی، زانکۆی گۆتینگن، ئاڵمانیا.
– ١٩٩١-١٩٩٥، باچلێر: زمانی ئاڵمانیی، زانکۆی تاران.
– بواری ئیشی ئاکادمیی: داکیۆمێنتکردنی زمان، فیلۆلۆژیی زمانە ئێرانییەکان، بە تایبەت کوردیی، گۆرانیی و زمانەوانیی مێژوویيە.

## بڵاوکراوە ئاکادمییەکان

- Mahmoudveyesi, Parvin. “Bābā Tāher's Influence on Gorāni Literature and the Yārsān Beliefs”. *Essays on Gurani Literature*. Springer Nature, forthcoming.
- Mahmoudvaysi, Parvin. “The Gūrānī variety of Bzłāna and the literary language of Saydī”. *Gorani in its Historical and Linguistic Context*. Edited by Shuan Osman Karim und Saloumeh Gholami. De Gruyter Mouton, 2024.
- (https://doi.org/10.1515/9783111168852-003)
- Mahmoudveysi, Parvin & Bailey, Denise: “A basic description of Gorani/Hawrami”, within section two, *Varieties of Kurdish*. Oxford Handbook of Kurdish Linguistics. Forthcoming.
- Mahmoudveysi, Parvin & Bailey, Denise. “Hawrami of western Iran”. The Languages and Linguistics of Western Asia, an Areal Perspective. DE Gruyter Mouton. 2018, pp. 533-568.

- Mahmoudveysi, Parvin 2016: *The meter and the literary language of Gūrānī poetry*. 2016. E- Book: http://ediss.sub.uni-hamburg.de/volltexte/2016/7935/
- Mahmoudveysi, Parvin & Denise Bailey. *The Gorani Language of Zarde, a Village of West Iran: Texts, Grammar, and Lexicon*. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag, 2013.
- Mahmoudveysi, Parvin, Denise Bailey, Ludwig Paul & Geoffrey Haig. The Gorani Language of Gawrajū, a Village of West Iran: Texts, Grammar, and Lexicon. Wiesbaden: Dr. Ludwig Reichert Verlag, 2012.
- Mahmoudveysi, Parvin / Geoffrey Haig. "The typology of modality in some West Iranian languages". *From Daēnā to dÎn, Religion, Kultur und Sprache in der Iranischen Welt. Festschrift für Philip Kreyenbroek zum 60. Geburtstag.* Herausgegeben von Christine Allison, Anke Joisten-Purschke und Antje Wendtland. Harrassowitz Verlag, 2009, pp. 41-52.
- Mahmoudveysi, Parvin. *Das Metrum der kurdischen Poesie* (The Meter of Kurdish Poetry). Master's Thesis, 2006.

# بەشی کۆتایی

## بابەتاهیرناسیی
## کوردیی

**د. عوسمان دەشتی**

## بابەتاهیرناسیی کوردیی

بابەتاهیرناسیی، بە شێوەیەکی گشتیی هەموو ئەو باس و بابەت و کتێب و وتار و لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە، کە بە درێژایی ڕۆژگار و بە هەر زمان و زاراوەیەک بێت، لە بارەی ژیان و بوون و پێڕاگەیشتن و سەردەم و بیر و بەرهەمەکانی بابەتاهیرەوە نووسران و چاپ و بڵاوکراونەتەوە. لە پاڵ بەرهەمەکانی خودی بابەتاهیر خۆی چ لە شێوەی هۆنراوەدا بن لە وێنەی دووبەیتیی، غەزەل، پارچە و قەسیدە، یان بەرهەمە فیکرییە پەخشانئامێزەکانی لە وێنەی (کلمات قصار/ گوتە کورتەکان) و ئەو شەرح و لێکۆڵینەوانەی لە بارەیانەوە نووسراون. کۆی هەموو ئەو باس و بابەتانە، بە هەموو لق و جۆر و بەشەکانیانەوە لە سێ سەرچاوەی سەرەکییدا بناوان هەڵدەگرن:

یەکەم: بابەتاهیرناسیی ئەورووپیی.

دووەم: بابەتاهیرناسیی ئیرانیی.

سێیەم: بابەتاهیرناسیی کوردیی.

بەرلەوەی بپەرژێینەسەر مەبەستی سەرەکییمان، کە (بابەتاهیرناسیی کوردی)یە، بە خێرایی ئاوڕێک لە دوو بەشەکەی دیکە دەدەینەوە.

### یەکەم: بابەتاهیرناسیی ئەوروپیی

بابەتاهیرناسیی لە سەرەتادا لە لای ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرە ئەوروپاییەکانەوە دەستیپێکردووە، بە تایبەتییش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەم شێوەیە:

- کلیمان هیوارت: وەرگێڕانی (٨٧ تەرانە و غەزەل)ی بابەتاهیر بۆ سەر زمانی فرەنسیی، بە ناونیشانی: چوارپارەکانی بابەتاهیری عوریان بە پەهلەویی ئیسلامیی: Les Quatrains de Bãbã Tãhir, uryan en Pehlevi Musulman.

ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئاسیایی پاریس (خولی ٨، بەرگی ٦، ژمارە ٣)، ڕێکەوتی نۆڤێمبەر- دیسێمبەری ساڵی ١٨٨٥دا چاپ و بڵاوبووەتەوە.

- ئیـدوارد هێـرن ئـالن و ئیلیزابێـث کـۆرتیس بریسـتۆن، وەرگێڕانـی ئینگلیزیـی (٦٢ چـوارینی بابەتـاهیر) بە شـیعر و بە پەخشـان، بە ناونیشـانی: (ناڵەی باباتاهیر):

The Lament of Bãbã Tãhir (being the Rũba, iyãt of Bãbã Tãhir, Hamedõni, London, Benard Quaritch, 1902.

- گیـورک لیـون لیچسـکی: وەرگێڕانـی ئەڵمـانیی (٨٠ چـوارین و یەک غەزەل)، بە ناونیشانی: چوارینەکانی باباتاهیری عوریان، یان (ناڵەی دەروون) بە شێوەزاری ڕەسەنی مادی ڕۆژئاوا:

Leszczynski. G. L: Die Rubãiýat des Bãbã Tãhir úryãn order Gottsst rãnen des Herzens.

میونیخ، ساڵی ١٩٢٠.

- ئیـدوارد گرینفیڵـد بـراون: لە کتێبە ناودارەکەیـدا، مێژووی ئەدەبیـاتی فارسیی، بەرگی دووەم، لە فیردەوسییەوە تا سەعدیی:

Littrary history of Persia; from Firdowsi to Saádi).

چاپی کامبریج، ساڵی ١٩٢٨.

- ڤلادیمێـر مینۆرسـکیی: ژیاننـامەی باباتـاهیری هەمەدانیـی (٣٧٠- ٤٥٠ کـۆچیی)، ئەم بـابەتە بـۆ یەکەم جـار لە ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلام The Encyclopaedia of Islam، چاپی فەرەنسیی، لە سـاڵی ١٩٢٩دا بڵاوبووەتەوە. لە پاشـان وەرگێڕدراوەتەسـەر زمانەکـانی: ئینگلیزیـی، ئەڵمـانیی، عەرەبیـی و تورکیی و...

ئەنجـا ئەم لیسـتە درێژەیـدەبێت تـا ئەوەی ئۆسـکارمان، س.ج ئیدمۆنـدز، ڕاولنسـۆن، کـارل هادانـک و... خەڵکـانی دیکەیـش دەگـرێتەوە. وەکـو چـۆن کۆمەڵێـک وەرگێڕانـی جیـاوازی دووبەیتییەکـانی بابەتـاهیریش بـۆ سـەر زمانەکانی ئەرمەنیی، ڕووسیی، ئوردۆ، ئیتاڵیی، گورجیی و... کراون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە (اذکائی، ١٣٧٥، ١٥١).

**دووەم: بابەتاهیرناسیی ئێرانیی**

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەی دەستنووس و دەستخەتەکانی بەرهەمە شیعرییەکانی بابەتاهیر لە (چوارین و پارچە و غەزەل)، لـە نامەخانە

و ئەرشیفخانەکانی ئێران و جیهان بەردەستبوون، بەڵام ئیرانییەکان خۆیان بە درەنگەوە پەرژاونەتەسەر چاپ و لێکۆڵینەوە و بژارکردنی ئەو شیعر و بەرهەمانە. سەرنجێکی خێرا لەو لیست و خشتانەی لە کتێبی (باباطاهر نامە)دا خراونەتەڕوو، لە وێنەی شایەتحاڵێکی زیندوو و ڕاستەقینەی ئەو بارە ڕووندەکاتەوە. بە نموونە لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی ئێران و دنیادا زیاتر لە (٥٥) نوسخە دەستنووس و دەستخەتی جۆراوجۆری بەرهەمە شیعرییەکانی بابەتاهیر هەبوون، بەرلەوەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٢٧٤ک – ١٨٥٧ز) یەکەمین چاپی سەنگیی (چوارینەکانی بابەتاهیر لە پال چوارینەکانی خەیام)دا بڵاوبکرێنەوە (اذکائی ، ١٣٧٥، ١٤٩).

تا ئەوەی لە ئێستادا، وەکو چۆن لە بەشی (کتێبشناسیی بابەتاهیری هەمەدانیی)، لێکۆڵینەوەکەی هاوڕێمان (د. ئارمان حوسەینی ئابباریکی)دا هاتووە کۆی ئەو بابەتانەی لە شێوەی وتار و توێژینەوە لە گۆڤار و بڵاوکراوە دەورییەکاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە ژمارەیان گەیشتووەتە (٢٠٦) وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر سەرباری (٦٩) کتێب و دیوان و چاپکراوی تایبەتیی، کە لەم ژمارەی دواییدا (٤٥) دانەیان تایبەتن بە کۆبەرهەمی شیعریی بابەتاهیر لە ژێر سەردێڕ و ناونیشانگەلێکی وەکو: دیوانی بابەتاهیر، تەرانەکانی بابەتاهیر، چوارینەکان و دووبەیتییەکانی بابەتاهیر، سروودەکانی بابەتاهیر، گوڵاڵەکانی بابەتاهیر و ...هتد (آبباریکی، ٢٠٢٤، ٩٤).

**سێیەم: بابەتاهیرناسیی کوردیی**

بە پەیوەندیی لەگەڵ دوو لقەکەی پێشەوە، لێکۆڵینەوە کوردییەکان سەبارەت بە بابەتاهیر و بیر و بەرهەمەکانی لە دواوەی ڕیزبەندییەکەوە دێن. دیارە ئەمەیش پاساوی مێژوویی خۆی هەیە، کە لە ڕابردوودا کورد نەیتوانیوە خۆی بۆ خۆی بێت، هەر ئەمەیش وایکردووە نەتوانێت بپەرژێتەسەر ئەم جۆرە کارانە. هەڵبەت لە ناو بابەتاهیرناسە ئێرانییەکاندا توێژەرانی کوردیش هەبوون، کە بە زمانی فارسیی کاریان لە سەر بابەتاهیر کردووە، بەڵام مخابن بەرهەمەکانیان ناچێتە خانەی بابەتاهیرناسیی کوردییەوە. لە سەردەمی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە ئەستەمبووڵدا (١٨٩٨ –

١٩٢٠)، هەروەها لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە وڵاتی شامیش (١٩٣٠ - ١٩٤٠)، بەندە شتێکی ئەوتۆم پێشکنایەت کە لە سەر ژیان و شیعر و بەرهەمی بابەتاهیر بڵاوکرابێتەوە. لە چاپەمەنیی کوردیی لە عیراقییشدا، تا دەگەینە ڕۆژگاری گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩)، شتێکی ئەوتۆ بەرچاوناکەوێت. تا ئەوەی مامۆستای گەورە د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە فەسڵی یەکەم و دەستپێکی کتێبە ناودارەکەی (مێژووی ئەدەبی کوردیی، ب١)دا سەرنجمان بۆ لای ئەوە ڕادەکێشێت، کە یەکەمین کەسێک لە بارەی بابەتاهیرەوە نووسیبێتی، ئەوا (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)ی مێژوونووس بووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. محەمەد ئەمین زەکی بەگ:

- وتارێکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە، بە ناونیشانی "زمانی کوردی و ادبی، گەلاوێژ، ژمارە (١)، ساڵی (١)، ١٩٣٩، ل٣"، کە تیایدا ناوی (بابەتاهیری هەمەدانیی و بیبی فاتیمەی خوشکی) دەهێنێت، کە هەردووکیان شیعر و بەرهەمیان بە کوردیی هەیە و خاوەنی دیوانن. ئەنجا هەر ئەو زاتە لە ژمارەی دواتری گۆڤارەکە (گەلاوێژ، ژمارە (٢)، ساڵی (١)، ١٩٤٠، ل١)، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (زمانی کوردی)، ناوی بابەتاهیر وەکو یەکەمین و پێشەنگی شاعیرانی کورد دەهێنێت، کە لە ڕۆژگارێکی دێرینەوە شیعر و بەرهەمیان بە زمانی کوردیی گوتووە. ئەم جارەیان لە ژمارە (٧)ی گۆڤارەکەدا و لە ژێر سەردێڕی (کوردی بەناوبانگ- باباطاهر)، بە شێوەیەکی تێروتەسەل و تایبەت، گەڕاوەتەوەسەر بابەتاهیر و لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ بابەتاهیر و سەردەمی بوون و ژیانی لە چەند لاپەڕەدا نووسیوە.

لەو وتارەیدا بابە تاهیری کوردیی بەناوبانگ، بە سۆفیی، قەلەندەر، ئەهلی هەق و شاعیرێکی مومتاز و... هتد، وەسفدەکات. هەندێک بۆچوونی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکان لەمەڕ ژیان و سەردەمی ڕەتدەکاتەوە و باری سەرنج و ڕای خۆیشی لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو (زەکی، ١٩٤٠، ٥).

لە دوایدا هەر ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە، وەکو بابەتێکی تایبەتیی بە زمانی عەرەبیی لە دوو کتێبە ناودارەکەیدا دوبارەدەبنەوە:

- مشاهير الكرد و كردستان في العهد الأسلامي، بغداد، ١٩٤٥.
- خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، ط ٢، بغداد، ١٩٦١.

٢. هەر لە سەرچاوەی پێشوودا د. عیزەدین باس لە وتارێکی (پیرەمێرد) دەکات، بە ناونیشانی (بابەتاهیر)، کە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوبووەتەوە. پیرەمێرد لە بەدواداچوونی بۆ وتارەکەی ئەمین زەکی بەگ، باس لە چاپێکی تورکیی دیوانی بابا دەکات و دەڵێت: ئەسڵی شێوەی چوارینەکانی بەزمانی (ڕاجی)یە، لەو وتارەدا بۆ یەکەم جار (١٢) چوارینی هێناوەتەوە، کە (٦)یان وەرگێرانی دەقاودەقن و (٦)یان بە دارشتنەوەی خۆیەتی بە شیعر. ئەنجا د. عیزەدین لەمەڕ بۆچوونەکەی پیرەمێرد لە سەر زمان شیعری بابەتاهیر دەڵێت: وەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە (ڕاجیی) هەر کوردی لوڕییە (ڕەسووڵ، ٢٠١٢، ٦٠).

٣. مامۆستا عەلادین سەجادیی، کە بە حەق مامۆستای مێژوونووسی ئەدەبیاتی کوردییە، بۆ یەکەم جار لە کارە گەورە و بەنرخەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردیی)، بابەتاهیری شاعیری کوردیی، لوڕیی، هەمەدانیی، لە دووتوێی کتێبی مێژووی ئەدەبەکەیدا، وەکو پیر و سەرقافڵەی شاعیرانی کورد هێناوەتەوە. بە شاعیری کوردیی (ڕەند و دێوانە و قەلەندەر) ناویدەبات و پێ لە سەر کوردبوونی خۆی و کوردییبوونی ئەدەبیاتەکەی دادەگرێت و بەرپەرچی هەر بیر و ڕایەکی دژ دەداتەوە. بۆ یەکەم جاریش ژیاننامەی بابەتاهیری بە گوێرەی شیکردنەوەی (میزا مەهدی خانی کەوکەب) بە حیسابی ئەبجەد بۆ یەکێک لە چوارینەکانی، هێناوەتەوە[1].

---

(١) وەکو لە لێکۆڵینەوە بیانیی و ئێرانییەکانیشدا بەدیدەکرێت، بەرهەمە شیعرییە ناودارەکانی بابەتاهیر، جگە لە دوو-سێ پارچە و چەند غەزەلێک، بە ناونیشانی (رباعیات، چارپارە، چارگانی ها، ترانە، دوبیتی، سروود) ناویانهاتووە. لە کوردییشدا هەر وایە و بە (چوارین، ڕوباعیی، چوارخشتەکیی و دووبەیتیی) ناویانهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕووی زانستییەوە (دووبەیتیی) لە هەموویان دروستترە.

موئان بەحرەم کە دەر زەرەف ئامادەستەم
موئان نوقتە کە دەر حەرف ئامادەستەم
بەهەر ئەلفی ئەلف و قەددی بەر ئایۆ
ئەلف قەددم کە دەر ئەلف ئامادەستم

به پێی ئەم حسابە بابەتاهیر وەک مامۆستا سەجادیی هێناویەتەوە لە نێوان (٣٢٦ بۆ ٤٠١ی کۆچیی) ژیاوە، کە بەرانبەر ساڵی (٩٣٥ بۆ ١٠١٠ز) دەوەستێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە (٣٢٦ی کۆچیی) بەرانبەر (٩٣٧ز) دەوەستێت و ئەم مێژووە لە هەردوو چاپی مێژووەکەی مامۆستا سەجادییدا بە هەڵە لێکدراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم مێژووی ژیانەی بابەتاهیر (٩٣٧ بۆ ١٠١٠ز) لە دواییدا بۆ هەموو نووسەرە کوردەکان بووەتە سەرچاوە و تاوەکو ئێستایش پشتیپێدەبەسترێت.

خاڵێکی دیکە لە پەیوەندیی نێوان بابەتاهیر و یارسانەکاندا، مامۆستا بەم جۆرە ئاماژەیپێداوە: دکتۆر سەعیدخان دەڵێت "پیاوێکی گاوری کورد دەڵێت: کە باباتاهیر چەند شیعرێکی بە شێوەی (گۆران)ی پەتیی داناوە و ناردوویەتی بۆ (حەق)ەکان بۆئەوەی لە بیروباوەڕی یەک بگەن و ئەوانیش بخاتەسەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لە سەری بووە" (سەجادیی، ١٩٥٢، ١٤٩).

لێرەدا تێکەڵاوییەک دروستبووە، ڕاستیی مەسەلەکەیش بەم جۆرەیە، مینۆرسکیی لەو بابەتەی کەوا لە ئینسکلۆپیدیای لە سەر ژیاننامەی بابەتاهیر نووسیویەتی گوتوویە: "هەر لەو ڕۆژگارەی ئێمەدا کوردێکی کریستیان (یان گاور بە زاراوەی مامۆستا سەجادیی) ڕایگەیاندووە، کە بابەتاهیر کۆمەڵێک لە شیعرەکانی بە شێوەزاری گۆرانیی هۆنیوەتەوە، کە بە تەواویی لە زمانە شیعرییەکەی خۆی جیاوازە وەکو بابەتێک بۆ (ئەهلی هەق)ەکانی ناردووە". یەکەم شت ئەوەیە خاوەنی ئەم چەند دێرە مینۆرسکییە نەک سەعیدخان، دووەمیش مەبەستی مینۆرسکیی لەم (کوردە گاورە)، ئەوە هەر (دکتۆر سەعیدخانی کوردستانیی) خۆی بووە، هەروەها ئەو سەرچاوەیەیش لە لای مامۆستا دیارینەکراوە، کە گوتەکەی سەعیدخانی لێهەڵێنجراوە، کە بریتییە لە

وتارێک لەمەڕ بابەتاهیر، کە لە (گۆڤاری جیهانی ئیسلامیی، ژمارەی مانگی ژاینوەری ساڵی ١٩٢٧، ل٤٠)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا سەجادیی لە درێژەی ئەو باسەی مێژووی ئەدەبی کوردییدا لە سەر بابەتاهیر (١٢) دووبەیتیی (ئەو دەڵێت چوارخشتەکیی) بابەتاهیری هێناوەتەوە و بە پەخشان شەرح و لێکدانەوەی بۆ کردوون. لە کۆتاییدا لە زمانی مینۆرسکییەوە هەندێک زانیاریی لە بارەی چاپەکەی (وەحیدی دەستگردی ئیسفەهانی)، (دیوان باباطاهر) دەگوازێتەوە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧دا هاتووەتە چاپکردن: لە بارەی مەسەلەی ناسناو و ناوبانگڕۆیشتنی بە (بابا)وە دەڵێت: لەبەر ڕەوشتێکە کە لە ناو کوردەوارییدا باوە، لە ناو کوردەکاندا یەکێک شێخ بێت یان لە بنەماڵەیەکی شێخ بێت لەبەر ڕێزلێگرتن و خۆشەویستیی پێیدەڵێن بابە فلان وەکو بابە شێخ، بابە ڕەسووڵ، بابە عەلی، بابە تاهریش وایە.

لە دوای (مێژووی ئەدەبی کوردیی، چاپی یەکەم، ١٩٥٢) دوو جاری دیکەیش مامۆستا سەجادیی، لە دوو کتێب و دانراوی تریدا، گەڕاوەتەوەسەر باسوخواسی بابەتاهیر، یەکەمیان لە کتێبی (ئەدەبی کوردیی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیی)یە، کە لەوێدا گفتوگۆیەکی زانستییانە لە سەر دووبەیتییەکان و هۆکاری گۆڕین و دەستکارییکردن و بەرەو فارسیی_بردنیان دەکات. هەروەها تیشکدەخاتەسەر دووبەیتییە گومانلێکراوەکان، تا ئەوەی باس لە شێوازی ناسکیی و سادەیی دەربڕینیان دەکات و دەڵێت بۆیە بە (تەرانە یان سروود) ناودەبرێن.

لەمەڕ دووبەیتییە تازەدۆزراوەکانی بابەتاهیریش دەڵێت: "مجتبای مینوی مامۆستای دانیشگا لە کتێبخانەی ئەستەمبووڵ (ڕاستییەکەی مۆزەخانەی قونیەیە بە لای مەزاری مەولانا جەلالەددینی ڕۆمییەوە. ع.د)، هەندێک لە دووبەیتییەکانی بابەتاهیری بە دەستنووس دەستکەوتووە و تا کاتی دەستکەوتنی ئەو دەستی هیچ بڵاوکەرەوەیەکی بازرگانی پێینەگەیشتووە، ئەم دووبەیتانە بە تەواویی لە سەر شێوەی لوڕیی کوردیی ڕۆیشتوون. ئەم دووبەیتانە ئەوە بۆ ئێمە دەردەخەن، کە زمانی هۆنراوەکانی بابەتاهیر هەر

بەو جۆرە بووە و ئەوانەی وەکو ئەو نیین هەموو بە ناوی ئەوەوە دانراون و هیی ئەو نیین" (سەجادیی، ١٩٦٨، ١٩٦). هەر لەو باسەیدا سەجادیی (١٣) دووبەیتیی بابەتاهیری هێناوەتەوە و بە پەخشان ڕاڤە و لێکدانەوەی تێروتەسەلی بۆ کردوون. لە کارێکی دواتری مامۆستادا (دەقەکانی ئەدەبی کوردیی) جارێکی دیکە لای لە بابەتاهیر کردووەتەوە و چوار دووبەیتیی بە شیعر گۆڕیوە و هێناویەتەسەر شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست. لە پاڵ ئەوەیشدا کورتەیەک لە ژیانی و کورتەیەک لەمەڕ ڕوخسار و ناوەڕۆکی دووبەیتییەکانی بابەتاهیر باسدەکات. لە دواییدا دەڵێت: "چوارخشتەکییەکانی بابەتاهیر هەر وەکو وتمان دووبەیتییشی پێدەڵێن، چونکە لەبەرئەوەی کە کێشەکەی جیایە لەگەڵ کێشی چوارخشتەکیی و وەکو گۆرانیی سروود وایە، زۆر لە زانایان کە دیراسەی ئەم جۆرە هۆنراوە دەکەن، ناویدەبەن بە هۆنراوەی (گەلی) یان (لادێیی)" (سەجادیی، ١٩٧٨، ٤٨).

مامۆستا لە گوتەی (جیایە لەگەڵ کێشی چوارخشتەکیی...)، مەبەستی کێشی (چوارین - ڕوباعیات)ە، کە لە کێشدا لەگەڵ دووبەیتییدا جیاوازن.

**لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک کار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی لەمەڕ بابەتاهیر و بەرهەم و دووبەیتییەکانی ئەنجامدراون، کە بەم شێوەیە بوون:**

١. ئەحمەد موفتی زادە (أ.م) لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا لە ژێر سەردێڕی (وێژەی کوردیی- بابا طاهر) زنجیرە وتارێکی لە (٥٨) ئەڵقەدا لە ڕۆژنامەی هەفتیانەی (کوردستان)ی تاران (١٩٥٩-١٩٦٣)دا بڵاوکردوەتەوە، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و شیعر و بەرهەم و بیروباوەڕەکانی بابەتاهیر تەرخانکراون. بابەتەکەی لە ژمارە (٢٢)ی ڕۆژنامەکە، ڕێکەوتی ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٩دا دەستپێدەکات تاوەکو ئەڵقەی کۆتایی، کە لە ژمارە (٦٩)ی ڕۆژنامەکە ڕێکەوتی ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٦٠دا دەبڕێتەوە. گۆشەکە لە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا بەدیناکرێت و جارناجار ناوبڕی تێدەکەوێت. ئەم وتارانە لە کۆدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە لە بارەی بابەتاهیری هەمەدانییەوە، وەکو سەردەستەی شاعیرانی کۆنی کورد، ئەویش لە لایەن کەسێکی نزیک و

شـــارەزاوە، کە تیشکدەخاتەســـەر زۆر لایەن و کونجـــوکەلەبەری ژیـــان و ســـەربردەی، زێـد و مەڵبەنـد و زمـان و شـێوازی شـیعرەکانی و بـاوەڕ و بۆچوونەکانی باباتـاهیر، لە ئاست مەسـەلەکانی تـایبەت بە ئـاین و سۆفیزم و جیهانبینیی تایبەت بە خۆی و بە سەردەمەکەی. هەموو ئەمانە بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە لایەن نووسـەرە ئیرانییەکـانەوە لە بـارەی ڕەچەڵەک و زمـان و شیعرەکان و باوەڕی بابەتاهیر چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

هـات و هەمـوو ئەم ئەڵقانە لە نووسـینەکانی مـوفتی زادە لە نـامیلکەیەکی تایبەتـــدا چـــاپ و بڵاوبکـــرێنەوە، ئەوە لێکـــۆڵینەوەیەکی بەپێـــزی لەمەڕ ســـەرەتاکانی ئەدەبـی کـوردیی و بابەتـاهیری لـوڕیی کـوردیی هەمەدانیـی لێــدەردەچێت. هەر ئەم نووســین و لێکۆڵینەوەیەیشـــە لە دواییــدا بـــووە بە بنەمـایەک بـۆ نووســەرانی کـورد و لەوانەیـش (بەڕێـز د. کەمـال فـواد)، کە بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەمەڕ ئەو بابەتانەی پێشوو لە سەر دامەزراندووە (ژین، ٢٠١١، ب١-ب٢).

٢. لە بەشـــی بابەتاهیرناســـیی ئەورووپییـــدا باســـمان لە کـــارەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزیی (ئیدوارد جرنفیل براون)، (مێژووی ئەدەبی فارسیی) کـرد، کە لە نێـوان سـاڵانی (١٩٠٢-١٩٢٤)دا چـاپ و بڵاوکـراوەتەوە. بەرگـی دووەمی کتێبەکەی براون کە تەرخانکراوە بۆ (مێژووی ئەدەبی فارسـیی -لە فیردەوسـییەوە تـا سـەعدیی- سـەرەتای سـەدەی ١١ تـاوەکو ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٣ی زایینیی)، باسـێکی تـایبەتی بـۆ بابەتـاهیر و ژیـان و بەرهەمـی تەرخـانکردووە، لەوێـدا دان بە کوردبـوونی بابەتـاهیر و دووبەیتییەکانیـدا نانرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێت: "چوارییەکـانی بە شـێوەزارێکی تـایبەت گوتـووە". واتە بە دوور لە زمـانی ئەدەبیـی ڕەسـمیی و پێـوەر، کە زمـانی فارسـییە، هەروەهـا "شـیعرەکان لە سـەر کێشـی (چـوارییین - ڕوباعیـات)ی ئاسایی ناڕۆن و لە هۆنینەوەی خەڵکانێکی سادەی دێهاتنشین دەچێت، بۆیە لە زمانی داڕشتن و دەربڕین و واتاسازییدا ناگەن بە پلەی ئەو چوارییینانەی کە خەڵکانی هونەروەری وەکو عومەری خەیام نووسیویانە" (براون، ١٩٥٤، ٣٢٣). ئەم باسـە لە کتێـبەکەی بـراون لە شەسـتەکاندا لە لایەن مامۆسـتا

عەبدولڕەزاق محەمەد (بیمار)ەوە، بە ناونیشانی (بابەتاهیری هەمەدانیی) وەرگێڕدراوەتەسەر زمانی کوردیی و لە گۆڤاری (هیوا، ژمارە ٣٢، ساڵی ٤، ١٩٦١، ل: ١٤٢-١٤٦)دا بڵاوکراوەتەوە. بیمار لەو کورتە پێشەکییەدا کە بۆ بابەتەکەی نووسیوە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە (لوڕ) و (گۆران) فارس بن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان وایانگوتووە.

**٣. دەستەیەک لە نووسەر و توێژەرانی کورد لە زووەوە تاکو ئەمڕۆ دووبەیتییەکانی بابەتاهیریان گۆڕیوە بۆ سەر زاری کوردیی ناوەڕاست، کە هەوڵدەدەین لێرەدا ئاماژەیانپێبدەین:**

٣. ١. دلزار، ١٩٦٠، گەنجینە، چاپخانەی وەفاء، بەغدا: نامیلکەکە بریتییە لە (٧٧) دووبەیتیی بابەتاهیر، کە بە شیعر گۆڕاونەتەسەر زاری کوردیی ناوەڕاست و دواتر و لە چاپێکی دیکەدا لە سوید، دلزار (٣١) دووبەیتیی دیکەی خستووەتەپاڵیان و تا ئەوەی سەرجەمی بووە بە (١٠٨) دووبەیتیی.

٣. ٢. ڕازی، ١٩٧٩، چوارییەکانی باباتاهیری عوریان، چاپخانەی بابل، بەغدا: بریتییە لە (٢٧٣) دووبەیتیی باباتاهیر، کە نووسەر بە شیعر هێناویەتەسەر زاری کوردیی ناوەڕاست.

٣. ٣. سەدیق بۆرەکەیی، ١٩٩٦/١٣٧٥، دووبەیتییەکانی بابا طاهیری هەمەدانی، تاران، بەو ناوەوە (وەرگێڕاوەی: سەدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، زانای ڕووناکبیری کورد د. سەدیق بۆرەکەیی ژمارەیەک لە دووبەیتییەکانی بابەتاهیری هێناوەتەسەر زاری کوردیی ناوەڕاست.

٣. ٤. ئەحمەد تاقانە، ٢٠٠٧، باباتاهیری هەمەدانیی ژیان و بەرهەمی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر: نووسەر (٧٤) دووبەیتیی بابەتاهیری بە ناوی وەرگێڕان و داڕشتنەوە، هێناوەتەسەر زاری کوردیی ناوەڕاست. لە دوای ئەوەی بەشی یەکەمی کتێبەکەی بۆ (بابەتاهیر و ژیان و بەرهەم و چواریین و غەزەلەکانی) تەرخانکردووە. واتە لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە چەند بڕگەدا لەمەڕ ژیان و سەردەمی بابەتاهیر (٩٣٨؟-١٠١٠)، زمانی بابەتاهیر، شاعیرێتیی بابەتاهیر، ناسنامەی ئەدەبیی بابەتاهیر و سوفیەتیی ئەوی خستووەتەڕوو. نووسەر لە پاڵ چوارییە سۆرانییەکان یەک

به یەک چوارینە ئۆرجینالە لوڕییەکانیشی هێناوەتەوە.

٣. ٥. کـــاروان عوســـمان عەلـــی، ٢٠٠٩، چوارینەکـــانی بابەتـــاهیری هەمەدانیـی، چـاپی یەکەم: نووسـەر (٣٨٨) دووبەیتیـی بابەتـاهیری بە شـیعر گۆڕیوەتەسـەر زاری کوردیی ناوەڕاست. لە دوای پێشـەکییەک بە ناونیشـانی (بابەتاهیری هەمەدانیی – کلتوورێکی گەورەی کوردەوارییە)، کە لە نووسـینی سـاڵح هەلاجە و نووسـەر تێیدا بە کـورتیی تیشکیخستووەتەسـەر ژیاننـامە و چوارینەکانی بابەتاهیر.

٣. ٦. ڕەحـــیم لوقمـــانیی، ٢٠١٣/١٣٩٢، چوارینەکـــانی بابەتـــاهیری هەمەدانیی، پەخشانگای زانست کالیج: لە دوای (بەرایی)ـەک لەمەڕ ژیاننامەی بابەتـاهیر، بە پشتبەسـتن بە سـەرچاوەکان، باسـێک لەمەڕ سـەردەم ژیـانی بابەتـاهیر و پەیوەنـدیی و تێکەڵاویـی لەگەڵ دەوروبەر و سروشـت و بیـری سۆفیەتیی و خەڵوەتی دەروونیی دەهێنێتەوە لە پاڵ بیروباوەڕی بابەتـاهیردا. ئەنجـا بە ناونیشـانی گـۆڕینی بـۆ سـۆرانیی، (٣٤٥) چـوارینی بابەتـاهیری بە شـیعر هێنـاوەتەوە. لە کۆتاییشـدا بە لێکدانەوەی هەنـدێک لە نـاو و وشـەکان فەرهەنگۆکێکی بۆ کتێبەکە سازکردووە.

**٤. بابەتاهیری هەمەدانیی لە کتێبەکانی (مێژووی ئەدەبی کوردیی)دا**

لە هەرسـێ سـەرچاوەی سـەرەکیی، کە تـاوەکو ئەمـڕۆ لە باشـووری کوردستان بە ناونیشانی (مێژووی ئەدەبی کوردیی) چاپ و بڵاوبوونەتەوە. بابەتاهیری هەمەدانیی وەکو یەکەمین شاعیری کۆن و ناوداری کورد شـوێنی شـیاوی خـۆی گرتـووە. لێرەدا بە کـورتیی لە سـەر سـەرچاوەکان و کـار و خەباتی خاوەنەکانیان لەمەڕ بابەتاهیرەوە دەوەستین:

٤. ١. عەلادیـن سـەجادیی، ١٩٥٢، مێـژووی ئەدەبـی کـوردیی، چاپخـانەی مەعـاریف، بەغدا. چـاپی دووەم، بەغـدا، ١٩٧١: لە پێشدا و لە باسـی مامۆسـتا سـەجادیی و کارەکـانی لەمەڕ بابەتـاهیر باسـیلێوەکراوە. وەکـو ڕاسـتییەکی درەوشاوە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە سەجادیی یەکەمین نووسـەری کوردە لە کـارێکی گەورەدا، بابەتـاهیری وەکـو پێشـەنگی شـاعیرانی کـورد و سەرامەدی ئەدەبی نووسراوی کوردیی دەستنیشانکردووە. لە پاڵ ئەوەی لەم

کاره بەنرخەیدا هەم ماوەی ژیانی ساغکردووەتەوە (٣٢٦-٤٠١ک) بەرانبەر (٩٣٧-١٠١٠ز)، هەم داکۆکیی لە شوناسی بابەتاهیر کردووە وەکو کوردێکی لوڕیی هەمەدانیی و ئەدەبەکەیشی وەکو بەشێکی ڕەسەن و دانەبڕاو لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی، لە چنگ نووسەرانی بیانیی و ئیرانیی سەندووەتەوە و گێڕاویەتیەوە بۆ ناو سنووری نەتەوە و هۆز و عەشیرەتەکەی خۆی (ڕەسووڵ، ٢٠١٢، ٥٨).

٤. ٢. د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردیی، ٧ بەرگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر. چاپی دووەم، ٢٠١٠، ئاراس، هەولێر: لە بەرگی یەکەمدا بەشێکی تایبەت لە (٤٠) لاپەڕەدا بۆ بابەتاهیر تەرخانکراوە. ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و هەمەلایەنەیە لەمەڕ شاعیر، کە ئەم بابەت و بڕگانەی گرتووەتەوە:

- ژیانی بابەتاهیر.
- باباتاهیر و ئاینی یارسان.
- دووبەیتەکانی بابەتاهیر:

ا. لە ڕووی ڕوخسارەوە. ب. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

- دەستنووس و چاپی دووبەیتەکانی بابەتاهیر.
- دۆزینەوەی شیعری تری بابەتاهیر.
- گەشتێک بە ناو دووبەیتەکانی بابەتاهیردا.
- کەرەستە و هێماکانی سۆفیزمیی لە لای بابەتاهیر.

ا. یاری نادیار: من = بابەتاهیر و هەموو قەلەندەرێک.

ب. تۆ = مەعشووق. ج. نزیکی دوور دووری نزیک.

د. یەکێتیی بوون و پاڕانەوە.

هـ ڕێکخراوی دڵداران و... هتد.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا، د. خەزنەدار وەکو ئەنجامگیریی و قسەی دوایی دەڵێت: "سەردەستەی شاعیرانی کورد بابەتاهیری هەمەدانیی لەگەڵ نموونەی داهێنانی بەرز، دووبەیتەکانی لاپەڕەی زێڕیینیان لە مێژووی ئەدەبی کوردیی کلاسیکدا بۆ خۆیان تەرخانکردووە. بابەتاهیر بە کوردیی ژیاوە و بە

کوردیی بیریکردووەتەوە، باوەڕی بە ئاینێک (یارسان) بووە، زمانی کوردیی زمانی لاهووتیی و پیرۆزی ئەو ئاینە بووە. سروودەکانی بابەتاهیر بە شێوە و ڕوخسار کوردیین، بەڵام ناوەڕۆک و ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی هەموو مرۆڤایەتیین و لە قالبی سۆفیزمیی کۆزمۆسییدا خۆیان دەنوێنن" (خەزنەدار ،٢٠٠١، ب[١]، ٢٢٣).

لە ڕێکەوتێکی زووتردا دکتۆر خەزنەدار لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ بیری سۆفیزمیی لە لای بابەتاهیر، لە ژمارەکانی (١١٦٣-١١٦٨)ی ڕۆژنامەی (هاوکاریی) ساڵی ١٩٩٠دا، لە ژێر ناونیشانی (پێداچوونەوەیەکی فەلسەفیانە و سۆفیزمیانە بە هەندێک لە دووبەیتەکانی بابەتاهیر) بڵاوکردووەتەوە، کەوا نوێشکی ئەم بیروبۆچوونانەی لەو لێکۆڵینەوەدا گفتوگۆیان لە بارەوە کراوە، هەمان ئەو بەشی کۆتایی باسەکەی د. خەزنەدارە، لەمەڕ بیر و کەرەستە و هێماکانی سۆفیزمیی لە لای بابەتاهیر، کە لە باسەکەی بەرگی یەکەمی مێژووەکەی لەمەڕ بابەتاهیرەوە دوبارەکراوەتەوە.

٤. ٣. د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٢، مێژووی ئەدەبی کوردیی، بەرگی یەکەم، سلێمانیی: لە دوای پێشەکییەکی دووردودرێژ، کە زیاد لە پەنجا لاپەڕە دەبێت و تییدا دکتۆر هەندێک بیر و ڕای خۆی سەبارەت بە چۆنیەتیی مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردیی دەهێنێتەوە، کە لە کتێبەکانی پێشوویدا باسیکردبوون. ئەنجا دێتەسەر باس و بابەتی بابەتاهیر، باسەکە خۆی لە بنەڕەتدا لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم بەم ناونیشانەیە (بابەتایەری عوریان – لە بارەی ژیان و بەرهەمیەوە). نووسەر هەر لە ناونیشانەکەوە حەواڵەی پەراوێزێکمان دەکات، کە تێیدا هاتووە: لەساڵی ١٩٨٣دا نزیکەی ساڵێک لە بەرنامەی هەفتانەی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی ڕادیۆی کوردیی بەغدا باسی بابەتایەرم کرد. دوای ئەو وتارانە چەند باس و وتارێکم دی ناوەڕۆکی ئەو ڕیزە وتارەی تێدا دوبارەکرابووەوە. ئەم وتارە بریتییە لە ڕێکخستن و چڕکردن و خەستکردنەوە و لێزیادکردنی ئەو وتارانە (ڕەسووڵ، ٢٠١٢، ١٠٢).

نووسەر لە سەرەتادا باس لەو سەرچاوە کوردییانە دەکات چ لە شێوەی

وتار بن یان کتێب، کە دەستپێشخەربوون لە ناوهێنان و ناساندنی بابەتاهیر و باسی شیعر و بەرهەم و ڕێ و ڕەچەڵەکی کوردانەی ئەو و دووبەیتییەکانی ئەویان هەر لە زوویێکەوە هێناوەتەگۆڕێ. لە پاشان دێتەسەر کوردییبوونی زار و زمانی شیعریی دووبەیتییەکانی و هەوڵ و تەقەللای نووسەرانی ئێرانیی لەو بوارەدا بۆ بەفارسیی_ناساندنیان. دواتر باس لەو بیروڕایانە دەکات، کە لە چاپە جیاوازەکانی دیوانی بابەتاهیردا هاتوون و هەڵوەستە لە سەر ژیان و سەردەم و بیروباوەڕ و فەلسەفەی سۆفیانە لە شیعری بابەتاهیردا دەکات بە پێی ڕاوبۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان و بەرپەرچی بۆچوونە نادروستەکانیان دەداتەوە. ئەنجا لە ڕێی خوێندنەوە و شیکاریی دووبەیتییەکانەوە تیشکدەخاتەسەر زۆر لایەنی بۆچوونەکانی شاعیر و فراوانیی بیروباوەڕ و ئاسۆی تێگەیشتنی لەمەڕ ژیان و مرۆڤ و جیهان و دەوروبەر. بەشێکیش لە بیروبۆچوونی پێشەکیی_نووسانی دیوانی بابەتاهیر وەک پاڵپشتییەک بۆ بیروڕاکانی خۆی دەهێنێتەوە. دواتر چەند سەرگوزەشتە و (حیکایەتی ئەفسانەیی) لەمەڕ کەسێتیی ڕاستەقینەی باباتاهیرەوە دەگێڕێتەوە، کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتوون. ئەم بەشی یەکەمە لە لێکۆڵینەوەکە بە پوختەیەکی عەرەبیی کۆتاییپێدێت.

دواتر بەشی دووەمی باسەکە دەستپێدەکات بە هەمان ناونیشانی پێشووەوە: (بابەتایەری عوریان – لە بارەی ژیان و بەرهەمیەوە).

ئەم بەشی دووەمە بە گوێرەی ئاماژەی دکتۆر عیزەدین خۆی، لە بنچینەدا بریتییە لە وەرگێڕانی ئەو پێشەکییەی، کە کاتی خۆی شاعیر و توێژەری ئێرانیی (حەسەن وەحیدی دەستگردی/ ١٨٨٠-١٩٤٢ز) بۆ چاپی دیوانی بابەتاهیر نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٢٧دا وەکو پاشکۆی گۆڤاری (ارمغان) چاپ و بڵاویکردووەتەوە.

لە ڕاستییدا وەکو د. عیزەدین نووسیویەتی، ئەم چاپەی دیوانی بابەتاهیر و ناوەڕۆکەکەی، بووە بە سەرچاوە بۆ زۆربەی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە کە لە دوای ئەوەوە لە سەر بابەتاهیر چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ژیان و سەردەم و بنەچە و ڕەچەڵەکی بابا و زمان و

شێواز و ڕوخساری ڕاستەقینەی دووبەیتییەکان و ئاڵوگۆڕ و تێکەڵاویی لەگەڵ هیی خەڵکانی تر و دەستکارییکردنیانەوە هەبێت. ئەم زانیارییانە وەک ئەوەی لە چاپەکەی دەستگردیی هاتووە، لە دەیان وتار و کتێب و سەرچاوەی ئێرانیی و بیانیی بە سەرچاوە کوردییەکانیشەوە دوبارە و چەندبارە دەکرێنەوە. تەنانەت ئەو دانپێدانانەیش کە دەستگردیی بە قەناعەتەوە پێیانگەیشتووە، کە بە قازانجی مێژووی ئەدەبی کوردیی و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە تەواودەبن.

د. عیزەدین لە زۆر شوێندا لە قسە و بۆچوونەکانی دەستگردیی، هەڵیداوەتێ و لە پەراوێزدا شەرح و ڕونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بۆ کردوون. وەکو نموونە بۆ دانپێدانانەکانی دەستگردیی بە ڕاستییەکان نووسیویەتی: ئەگەر بەشی زۆریی ئەم چوارییانە و ئەوانی تریش لە داڕشتن و زمانی بابەتایەر جیاواز بن، ئەوە هۆی ئەوەیە کە نووسەرانی دەستکاریی بێجێیان تێداکردووە. وشەکانی ئەو شیعرانەیان بە پێی سەلیقەی خۆیان گۆڕیوە بە وشەی فارسیی بەکارهێندرا و بە تەواویی دێڕەکانیان لە شێوەی جوانی سەرەتایی خۆی لاداوە و شێواندوویانە.

د. عیزەدین سەبارەت بەم دانپێدادانان و سەلماندنەی دەستگردیی دەڵێت: بە ڕاستیی دانپێدانانێکی باشە، با کەموکووڕییشی تێدابێت. دیارە بە ڕوونیی دان بەوەدا دەنێت، کە شیعری بابەتایەر تەواو بە دیالێکتی لوڕییە و بە دەست نووسەرانی فارس، کە گێڕاویانەتەوە و لەچاپیانداوە شێوێندراوە. هەروەها د. عیزەدین لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: نووسەر (مەبەستی دستگردییە)، هەستدەکات کە سۆزی ڕاستەقینە و واتای ڕاستەقینەی شیعرەکانی بابەتایەر لەوەدایە، کە بە دیالێکتە لوڕییەکەی خۆی بێت یان بەو جۆرە بێت کە خۆی نووسیویەتی، بەڵام تازە بۆی ناکرێت شیعرەکان بباتەوەسەر دۆخی جارانی. وتمان دانپێدانانێکی باشە، بەڵام ناتەواوە، چونکە دانی بەوەدا نەناوە کە دیالێکتی لوڕیی دیالێکتێکی زمانی کوردییە و فارسیی نییە، هەرچەندە بەفارسییکردنی وشەی لوڕیی، بە شێواندن داناوە (ڕەسووڵ،٢٠١٢، ١٧٨).

ئەم دوو لێکۆڵینەوەیەی لە پێشەکیی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی د. عیزەدیندا هاتووە، کێومالێکی زانستیی فراوان و بەپیتە، لەمەڕ دنیای بابەتاهیر و شیعر و بەرهەمەکانی، وەکو زەخیرەیەکیش بۆ مێژووی ئەدەبی کوردیی زۆر بایەخدار و پێویستە. هەروەها د. عیزەدین لە پێشتریش وتارێکی لە بارەی بابەتاهیر و چوارییەکانی بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشانی: (لە چوارییەکانی بابەتایەری عوریان، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٦٠)، ١٩٨٩) کە تێیدا کۆمەڵێک دووبەیتیی شاعیری بە زاری کوردیی ناوەڕاست دارشتووەتەوە. وەکو چۆن لەم وتارەیدا ناوی هەندێک لەو نووسەر و شاعیرە کوردانە دەهێنێت، کە پێشتر دووبەیتییەکانی بابەتاهیریان بە کوردیی ناوەڕاست داڕشتووەتەوە لە وێنەی عەلی کەمال باپیر ئاغا (کەمالیی)، مەلا محەمەدی ڕوغزایی و هیی تریش.

لە پێشەوە ئاماژە بەوە دراوە، کە لە هەرسێ سەرچاوەی ناودار بە (مێژووی ئەدەبی کوردیی)، بابەتاهیر وەکو شاعیری یەکەم و پێشەنگی ئەدەبی نووسراوی کوردیی و دەستپێکی مێژووی ئەدەبی کوردیی ناسێندراوە. واتە لە درێژەی باس و لێکۆڵینەوەکاندا بابەتاهیر (بە یەکەمین و کۆنترین شاعیری کورد و سەرقافڵەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیی) دراوەتەقەڵەم و لە ڕیزی ئەوانیشدا، وەکو جەزیریی و نالیی و باقیی هاوڕێکانیان حیسابی بۆ کراوە، وەک لە هەرسێ سەرچاوەکەدا بەدیاردەکەوێت. لە کاتێکدا ئێمە پێمانوایە قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی لە سەدەی شازدەهەمدا لە سەر دەستی مەلای جزیریی چەکەرەیکردووە و بنیاتنراوە، بۆیە ناشێت و ناکرێت لەگەڵ بابەتاهیردا لێکبدرێت و کۆبکرێتەوە. بابەتاهیر و جزیریی سەر بە دوو دنیای ئەدەبیی و هونەریی جیاوازن لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا، کە هەرکامیان هەم لە سەردەم و هەم لە ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبیی و هەم لە ئەدگار و خاسیەت و تایبەتمەندیی بەرهەم و ئەدەبەکانیشان، لە ڕووی هونەریی و فیکری ئەدەبییەوە یەکناگرنەوە.

بابەتاهیر خۆیشی و بەرهەم و ئەدەبەکەیشی لە چوارچێوەی قۆناغی

یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردییدایە، **قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردیی بەر لە کلاسیک**، بە تایبەتییش لەو قۆناغەدا سەر بە قوتابخانەی ئەدەبیی (فەهلەویی) لەک و لوڕە، کە یەکەمین ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبیی کوردییە، لە کاتێکدا جزیریی سەر بە قۆناغی دووەمە لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا، واتە قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی و بە تایبەتییش قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجیی.

لە قۆناغی ئەدەبی کۆن و قوتابخانەکەی بابەتاهیردا (قوتابخانەی فەهلەویی - لوڕیی)، ئەدەبی کوردیی هێشتا لە ژێر چەتری بنەماکانی ڕەسەنایەتیی سەردەمی ماد و پەهلەوییدا بووە و پاراستوویەتی، ئەنجا نەریتێکی ئەدەبیی بەرهەمهێناوە بە ناوی (فەهلەویات)، کە دووربووە لە هەر چەشنە لاساییکردنەوەو تانوپۆ و یاسا و ڕێساکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیی-عەرەبیی و فارسیی و تورکیی.

٤. ٤. نزیک لە ناونیشانی ئەو سێ کتێبەی بە ناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەوە هەمانە، بەرهەمێکی دیکەیشمان هەیە، کە بریتییە لە:

- سەدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، ١٩٩١/١٣٧٠، مێژووی وێژەی کوردیی، دوو بەرگ، ئینتیشارات ناجی بانە، چاپی یەکەم.

- چاپی دووەم، سێ بەرگ، ٢٠٠٨، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

لە بەرگی یەکەمدا بەشێکی بۆ بابەتاهیر تەرخانکردووە سەبارەت بە ژیاننامەکەی دەڵێت لە نێوان (٣٩٠ بۆ ٤٥٠ی کۆچیی)دا، واتە (٩٩٩-١٠٥٨ی زایینیی)دا ژیاوە. وەکو بەرهەمیش دەڵێت هەم (کلمات القصار) و هەم (الفتوحات الربانی فی اشارات الهمدانی) بەرهەمی ئەون لە پاڵ دووبەیتیی و شیعرەکانیدا.

لە باسەکانیدا شتێکی تازەی زیاتری تێدا نییە، ئەوە نەبێت ئەو لە مێژووکەیدا ناوی (١١) شاعیر و ئەدیبی کورد دەهێنێت، کە بەر لە بابەتاهیر ژیاون و شیعر و بەرهەمیان هەبووە و لە ناودایە، لە وێنەی بالوولی ماهیی، بابە لوڕەی لوڕستانیی، بابا ڕەجەبی لوڕستانیی، بابا حاتەمی لوڕستانیی، بابا نجوومی لوڕستانیی و... هتد، کە هەموویان لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی

کۆچییدا ژیاوون، ئاماژە بۆ بڕێک لە شیعر و بەرهەمیشیان دەکرێت، بەڵام ئەمانە هەموویان لە پیران و یارانی یارسانن و زیاتر لایەنی ئاینیی زاڵە بە سەر سروود و بەرهەمەکانیشیاندا وەکو بەشێک لە (کەلام)ی یارسان سەیردەکرێت، کە لە (سەرەنجام)دا هاتووە، بۆیە بە بەرهەمی شیعر و ئەدەبی خالیس ناژمێردرێت. ئەگەر هات و ئەو بەرهەمانە حیسابی ئەدەبیاتیشیان بۆ بکرێت، ئەوە دەبێت لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی قوتابخانەی گۆران - بەشی ئەدەبیاتی ئاینی یارساندا جێگیربکرێن. واتە ئەم زاتانە شوێنی ئەوە ناگرنەوە، کە بەر لە بابەتاهیر بێن.

هەروەها دکتۆر سەفیزادە لە بەرهەمێکی دیکەیدا، کە بە ناونیشانی (دانشنامەی نام اوران یارسان، چاپ اول، تهران، ١٩٩٦/١٣٧٥، تهران)ـە و ناوەڕۆکەکەی لە بارەی ئەحواڵ و ئاساری ناودارانی یارسانە، باسێک لە بابەتاهیریش دەکات و وەکو یەکێک لە پیرانی ئاینی یارسان دەیناسێنێت.

٥. دکتۆر محەمەد نووری عارف، ١٩٩٧، وشە و زاراوەکانی بابرتاهیر و بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردییدا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەر، هەولێر: کتێبێکی بەنرخ و بایەخدارە لە بواری بابەتاهیرناسییدا، پێشتر لە شێوەی لێکۆڵینەوەیەک لە دوو بەشدا لە ژمارەکانی ١٦-١٧ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورددا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کارەی دکتۆر لە سەر بنچینەی کتێبێکی فارسیی دامەزراوە، بەڵام بە وەرگێڕان و لێزیادکردن، بە لێکدانەوەی وشە و زاراوەکان و نموونەی تازەوە لە بەرگێکی کوردانەدا پێشکەشکراوە. د. محەمەد نووری بە هۆی شارەزایی و پسپۆڕییەکەیەوە، بەو هۆیەوەیش کە یەکەمین مامۆستای کوردە لە زانکۆکانی کوردستان و لە بابەتی ئەدەبی کۆنی کوردیی (ژیاننامە و دووبەیتییەکانی بابەتاهیر)ی بە دەرس بە خوێندکارانی زانکۆ لە هەردوو قۆناغی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵادا گوتووەتەوە، شارەزاییەکی قووڵ و تێروتەسەلی لەمەڕ دنیای بابەتاهیرەوە هەیە. هەروەها وتارێکیشی لە ژێر ناونیشانی (پووری فەرەیدوون)، بە پشتبەستن بە زانیاریی تازە لە سەرچاوە

فارسییەکاندا، لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (ئەکادیمیی)، ساڵی (٢٠٠٧) هەولێر، بڵاوکردووەتەوە، کە تیشکدەخاتەسەر ژیان و بەرهەمی ئەم ئەدیب و کەسایەتییە کوردەی، کە بەر لە بابەتاهیر ژیاوە، یان هاوچەرخی بووە. هەروەها کۆمەڵێک لە فەهلەویاتەکانیشی دەخاتەڕوو، کە پێشتر تێکەڵ بە دووبەیتییەکانی بابەتاهیر کرابوون. هەروەها بەرپەرچی ئەو بۆچوونانەیش دەداتەوە، کە لە پێشدا (پووری فەرەیدوون)یان بە باوک یان کوڕی بابەتاهیر ناساندووە.

لێرەوە و لە بۆنەی تۆمارکردنی ئەم چەند دێڕەوە، پێویستە بە ڕاشکاویی دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ئەم کەمەزانیاریی و شارەزاییەی ئێمە لەمەڕ بابەتاهیر و دووبەیتییەکانیەوە دەیزانین و شانازییشی پێوەدەکەین، هەم بۆ بەندە و هەم بۆ خەڵکانی تریش، لە سایەی زانیاریی و شارەزایی ئەم مامۆستا پایەپەرزەوە بووە.

**٦. بابەتاهیری هەمەدانیی لە کارە زانستییەکانی د. ئیبراهیم ئەحمەد شواندا**

پرۆفیسۆر دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان، لەم ساڵانەی دواییدا یەکێک بووە لەو مامۆستا ڕووناکبیرە ئەکادیمییە بەڕێزانەی زۆرترین بەرهەم و لێکۆڵینەوەی لە بارەی بابەتاهیری هەمەدانییەوە پێشکەش بە ناوەندەکانی زانست و خوێندنی کوردیی کردووە، کە بریتیین لەم کار و بەرهەمانەی لای خوارەوە، کە خودی سەردێڕ و ناونیشانەکانیان گوزارشت لە ناوەڕۆکی بەپیت و دەوڵەمەندیان دەکەنەوە:

٦. ١. لە بارەی بیروباوەڕ و سۆفیگەریی بابەتاهیری هەمەدانییەوە، ١٩٩٨، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦. ٢. گوتە کورتەکانی بابەتاهیری هەمەدانیی، ٢٠٠٦، (وەرگێڕان لە فارسییەوە)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦. ٣. ئەدەبی کۆنی کوردیی، ٢٠١٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

لەم بەرهەمەدا بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ (ئەدەبیاتی زاری لوڕیی) و لە دووتوێی ئەو بەشەدا لێکۆڵینەوە لە بارەی بابەتاهیر و بەرهەمەکانی پشکی شێری وەبەرکەوتووە و لە چەندین بڕگە و بابەتی جیاوازدا وەکو:

- سەردەمی بابەتاهیر.
- زانا و عاریف و سۆفیی و شاعیرانی سەردەمی بابەتاهیر.
- بەرهەمەکانی باباتاهیر – دووبەیتییەکانی.
- ڕەگەز و بیروباوەڕی بابەتاهیر.
- ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی.
- دووبەیتییە دەستکارییەکراوەکانی بابەتاهیر.

هەروەها لە کۆتایی ئەم بەشەدا و هەر بە پەیوەندیی لەگەڵ بابەتەکانی تایبەت بە بابەتاهیر، باسێکیشی لەمەڕ (پووری فەرەیدوون) و ژیان و سەردەم و دووبەیتیی یان (فەهلەویات)ەکانی هێناوەتەوە. ئەم بەرهەمەی دوایی د. ئیبراهیم (ئەدەبی کۆنی کوردیی)، دەچێتە خانەی مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردییەوە. بەشی دووەمی تەرخانکراوە بۆ ئەدەبیاتی زاری گۆران و بەشی سێیەم بۆ ئەدەبیاتی کرمانجیی سەروو و بەشی چوارەم و کۆتاییشی تایبەتە بە ئەدەبیاتی کرمانجیی ناوەڕاست. لێرەدا لە بەرانبەر ئەم کتێبە بایەخدارەی مێژووی ئەدەبی کوردیی هەڵوەستەیەک دەکەین و دەڵێین:

- بۆ یەکەم جارە بە پەیڕەویی لە شێوەی میتۆدێکی زانستیی و واقیعیی، مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی بە پێی قۆناغە مێژووییەکان، لە چوار بەش و چوار قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبیی، بە گوێرەی دابەشبوونی مێژوویی و زمانە ئەدەبییەکەیان پۆلێنبکرێت، بەبێ ئەوەی ناوبراو بە ڕاشکاویی پەنجە بۆ ئەو لایەنانە و ئەم جۆرە لە پۆلینبەندیی مێژوویی بە گوێرەی قوتابخانە و زمانی ئەدەبیی درێژبکات.

- لە ئەدەبیاتی (گۆران)دا، بە تایبەتییش ئەدەبیاتی ئاینی یارسان، ئاماژە بۆ دەقەکانی پەخشانیش دەکرێت، کە ئەمەیش دەستپێشخەرییەکی دیکەیە لە بواری مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردیی.

بەڵام بە ڕای ئێمە ئەوەی کارەکەی تا ڕادەیەک ئاڵۆزکردووە ئەوەیە، کە

مامۆستای ناوبراو هەموو نەریت و سامانی ئەدەبیی (لوڕ و گۆران و کرمانجیی و بابانیی) بە ئەدەبی (کۆن) دەداتەقەڵەم، وەکو خۆیشی ڕونیکردووەتەوە مەبەستی لە (ئەدەبی کۆن)یش ئەدەبیاتی (کلاسیک)ە.

واتە هەرچوار نەریتە مێژووییە ئەدەبییە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کلاسیک دەناسێنێت، چونکە زاراوەی (کۆن)ی بە شوێنگرەوەی (کلاسیک) بەکارهێناوە.

بەو پێیە بابەتاهیر و دووبەیتییەکانی، ئەدەبیاتی گۆران و شاعیرانی، وەکو ئەدەبیاتی کرمانجیی و بابانیی و شاعیرەکانیان (جزیریی، نالیی...) دەژمێرێت. لە کاتێکدا وەکو لە پێشوودا باسیلێوەکراوە ئەدەبیاتی (لوڕ و گۆران) لەگەڵ ئەدەبیاتی (کرمانجیی و بابانیی) سەر بە دوو نەریت و دوو قۆناغ و دوو دنیای ئەدەبیی و هونەریی جیاوازن: خاڵێکی دیکەیش ئەوەیە، کە بە هەمان پەیڕەوی سەرچاوەکانی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردیی، شیعر و بەرهەمی شاعیران و ئەدەبی میلیی کوردیی لە وێنەی (فەقێ تەیران) و (عەلی بەردەشانی) بە تێکەڵیی و هاوشانی شاعیرانی خاوەنی ئەدەبیاتێکی هونەریی و بەرزی کلاسیک دەهێنێتەوە.

٦. ٤. ڕاڤەی دووبەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانیی، ٢٠١٥، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر: کتێبێکی بایەخدارە لە بواری بابەتاهیرناسییدا و تێیدا (٣٦٤) دووبەیتیی و (٤) پارچەی غەزەل، لە دیوانی بابەتاهیر، چاپی وەحیدی دەستگردی ئێرانیی وەرگیراوە، بە خوێندنەوەیەکی دروست و بە ڕێنووسی کوردیی تۆمارکراون. هەروەها لە پاڵ لێکدانەوەی وشە گرانەکانی هەر دووبەیتییەک، واتای گشتیی دووبەیتییەکەیش لێکدراوەتەوە. جگە لەوەی (٢٩) دووبەیتیی لە سەرچاوەیەکی دیکەیشەوە وەرگرتووە و بە هەمان شێوە ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆیان کردووە.

٦. ٥. بابەتاهیرنامە، ٢٠١٩، ستایش بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر: لەم کتێبەدا سێ لێکۆڵینەوە کۆکراونەتەوە:

٦. ٥. ١. دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانیی لە نێوان دوو دەقدا، بریتییە لە ڕاڤە و لێکدانەوەی (٥٩) دووبەیتیی بابەتاهیر و بەراوردکردنیان لە

نێوان هەردوو چاپی (کلیمان هەوار)ی فرەنسیی و (وەحید دەستگردی) ئێرانیی.

٦. ٥. ٢. شیعری ئاینیی، دڵداریی، سۆفیانە لە لای باباتاهیر.

٦. ٥. ٣. ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) لە (کلمات قصار)ی بابەتاهیردا.

د. ئیبراهیم مامۆستایەکی بابەتاهیرناسیی دیارە لە سەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و لە ناوەندی ڕووناکبیریی کوردییدا، باوەڕی تەواوی بە سۆفیەتیی بابەتاهیر هەیە، لەم بارەیەوە خاوەنی بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی، هەم سەبارەت بە کوردبوونی بابەتاهیر و زمانە شیعرییەکەی، هەم سەبارەت بەوەی کە باباتاهیر بە لای ئەوەوە سۆفییەکی سوننیی_مەزهەبی خالیس بووە دوور لە هەر چەشنە بۆن و بەرامەیەکی شیعەگەریێتیی. لە کاتێکدا بەشێک لە توێژەرانی بیانیی و هەرە زۆریش لە نووسەر و توێژەرانی کورد، بابەتاهیر بە یەکێک لە پیر و پەیڕەوکارانی ئاینی یارسان دەزانن، بەڵام د. ئیبراهیم بە دوور و نزیک بە لای ئەم مەسەلەدا ناچێت.

٧. مامۆستا هەیاس کاکەیی و کار و خەبات و نووسینەکانی لەمەڕ بابەتاهیر:

٧. ١. هەیاس مەحمود کاکەیی، ٢٠٢٢، باباتاهیری هەمەدانیی، ئەنستیتۆی فەرهەنگیی یارسان، سوید: ئەم کتێبە یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٠دا لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. پێشکەش بە یادی هەزار ساڵەی کۆچیدوایی بابەتاهیری هەمەدانیی (١٠١٠-٢٠١٠ز) کراوە، لە سەرەتاکەیدا کۆچکردوو فەلەکەدین کاکەیی (وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق لەو سەردەمەدا)، وەکو نووسەر و پسپۆڕێکی شارەزا، پێشەکییەکی فراوانی لە شێوەی توێژینەوەیەکدا لەمەڕ بابەتاهیر و ژیان و باوەڕ و ئاین و فەلسەفەی شیعرەکانیەوە لە (٤٥) لاپەڕەدا نووسیوەتەوە. ئەنجا لە دوای ئەوە پێشەکیی نووسەر دێت و لە دوای ئەوەیش باس و بابەتەکانی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەستپێدەکات. ئێمە لە هێنانەوەی بڕگە و بابەتەکان پشتمان بە چاپە نوێیەکە بەستووە. ئەم کتێبە

بەرهەمێکــی گشــتگیر و هەمەلایەنەیە، بــاس و بــابەت و لێکــۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەمەڕ بابەتاهیرەوە لەخۆگرتووە. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا ئەم سەرەبابەت و ناونیشانانە بەدیدەکرێت:

- بابەتاهیر و ناسناوەکانی، مێژووی ژیانی بابەتاهیر، بابەتاهیر کێ بوو؟ بابەتاهیر و سەیدەکانی بەرزنجە، زمانی بابەتاهیر، بابەتاهیری سۆفیی، بابەتاهیری شاعیر، ئایا بابەتاهیر بیرۆکەی سیاسیی هەبووە؟ خوابگاهی بابەتاهیر.

- بەشــی دووەم تەرخــانکراوە بــۆ دووبەیتییەکــانی بابەتــاهیر و ڕاستکردنەوەیان، نووسەر (٣١٢) دووبەیتیی هێناوەتەوە لە پاڵ لێکدانەوەی وشە گرانەکان و واتای گشتییان. ئەنجا لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا باس لەو گۆڕانکاریی و هەڵەوپەڵانە دەکات، کە دوچاری دووبەیتییەکان هاتوون و لەو بارەوە ئاماژە بۆ (١٩٥) دووبەیتیی شوێوێندراو دەکات لەگەڵ دوبارە ڕاست و دروستکردنەوەیان. دواتر دێتەسەر دووبەیتییە تازەدۆزراوەکان، کە مەبەست لێی ئەوانی مۆزەی قونیەیە، کە ئەمیش بریتیین لە (٣٠) دووبەیتیی و لە کتێبەکەی د. مارف خەزنەدارەوە (مێژووی ئەدەبی کوردیی، ب[١])، ڕایگواستوون لە پاڵ شیکردنەوە و ڕاستکردنەوەیان. لە دواییشدا بەشێکی بۆ (هەڵبەستە غەزەلییەکان)ی بابەتاهیر تەرخانکردووە. لە کۆتاییدا لە چەند لاپەڕەیەکدا باس لە (بابەتاهیر و یارسانبوونی) دەکات. نووسەر هەم لێرە و هەم لە زۆر لایەنی کتێبەکەیدا پێ لە سەر پەیڕەوکردنی بابەتاهیر لە ئاینی یارسان دادەگرێت و بە بەڵگە و نیشانەی زۆریشەوە دەیسەلمێنێت، تا ئەوەی وەکو ڕابەر و پێشەوا و نوێکەرەوە و کەسایەتییەکی بلیمەتی یارسانەکانی دەداتەقەڵەم. ئەم بەرهەمە کتێبێکی دەوڵەمەندە، باس و بابەتی بەپیت و هەمەجۆری گرتووەتەخۆ. بە یەکەم کتێبێکی کوردیی هەم تازە و هەم تایبەت دادەنرێت، کە بەم فراوانییە بۆ ژیان و بەرهەم و بیروباوەڕەکانی بابەتاهیر تەرخانکرابێت.

٧. ٢. هەروەها مامۆستا هەیاس لە دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی (بابەتاهیری هەمەدانیی، چاپی دووەم، ٢٠٢٢)، لە مێژوویەکی دواتردا

کۆمەڵێک باس و بابەتی لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بەم شێوەیە:

٧. ٢. ١. هەقیقەتی چوارییەکانی بابەتاهیری هەمەدانیی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٦٥)، ٢٠١٩.

٧. ٢. ٢. لایەنە نهێنییەکان لە فەلسەفەی بیروباوەڕی بابەتاهیری هەمەدانیی لە ناو چوارینەکانیدا، گۆڤاری (چریکە)، ژمارە (٦)، زستانی ٢٠٢٢، سوید.

٧. ٢ ٣. بابەتاهیری هەمەدانیی لە ناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٣١٢)، ٢٠٢٣.

٧. ٢. ٤. بابەتاهیری هەمەدانیی و زمانی کوردیی، گۆڤاری (زمان و زار)، ژمارە (١٢)، بەهاری ٢٠٢٤.

٧. ٢. ٥. ئایا بابەتاهیری هەمەدانیی یارسان بوو؟ گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٣٢٢)، هاوینی ٢٠٢٤.

٨. سەنتەری هاوبەشی لوڕ، کە لە سلێمانیی لە ساڵی (٢٠٠٨ز)دا دامەزراوە، ڕۆژانی ١٤-٢٠١٠/١٢/١٥ فێستیڤاڵێکی تایبەتیان بە ناونیشانی: فێستیڤاڵی بابەتاهیری لوڕیی هەمەدانیی سازکردووە. تێیدا کۆمەڵێک باس و بابەت و توێژینەوەی بەپێز لە لایەن دەستەیەک لە نووسەران و شارەزایانەوە لە بابەت ژیان و شیعر و بیر و بەرهەمی بابەتاهیرەوە پێشکەشکراون. بەشێک لەوانە نووسەران و توێژەرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. دواتر هەموو ئەو باس و بابەتانە لە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤارەکەیان (گۆڤاری لوڕ، ژمارە (٢)، ژمارەی تایبەت بە فیستیڤاڵی بابەتاهیری هەمەدانیی، سلێمانیی، ٢٠١٠) چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

گۆڤارەکە ئەم باس و بابەتانەی گرتووەتەخۆی:

**بەشی سۆرانیی**

- هەنگاوێکی دیکە — جەبار یاوەر
- بابای سووتەدڵان، ژیانی، بەرهەمەکانی، باوەڕی — ناسری حیسامیی
- بابەتاهیری لوڕ — بەهرۆز مەلەکشا

- شێوازی ئەسپێدەباز: عیرفان، ئاین، شیعر.     شێخ موعتەسەم هاشمیی
- خوداوەندی ناکام، چەند نیگایەک لە سەر ژیان و شیعری باباتاهیر
ئەکرەمی میهرداد
- بابەتاهیری هەمەدانیی یەکەمین شاعیری کوردی کاکەیی
نەوزاد محەمەد کاکەیی
- کەسێتیی ڕاستەقینەی بابەتایەر لە نێوان خوێندنەوە جیاوازەکاندا
ڕەفعەت مورادیی
- باوەتاهیر هەر کورد بووە و هەر کورد دەبێت     شۆڕش گوڵکار
- درەوشانەوەی فەرهەنگ لە دووبەیتییەکانی بابەتاهیردا
کەلسوم عوسمان پور
- ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ئاینی یارسان لە چوارییەکانی بابەتاهیری لوڕدا
فەهمی کاکەیی
- بابەتایەر، زایەڵەی ڕەسەنی شێوازی هۆرامیی (ئۆرامەن)
عادل محەمەد پوور

**بەشی لوڕیی**

- خوەش وەحاڵێ لوڕسۆ     حەمید ئیزەد پەنا
- لەک قەومی لەمللەت کورد   گردەوکەر: جەهانبەش خالدیی
ئەلگەردانن:     شۆڕش شاواز
- لوڕ، کورد، هەریەکن     شۆڕش شاواز

**بەشی عەرەبیی**

- باباطاهر-حیاته و رباعیاته و رؤیاه و فلسفته     د. حسین جاف
- المنظور الفكری العام لباباطاهر الهمدانی اللوڕی
دراسة: عبدالرحمن كریم- راجعها: جان الیزید خلو

**بەشی فارسیی**

- باباطاهر لر همدانی     حیدر میرانی

- جستاری بر واژەی «بابا» «پیر» و تاریخچەی دوبیتی های زاگرس نشینان

حسین حسن زاده رهدار

- پرتوی از زندگینامه باباطاهر عریان گردآوری کننده: موسی امیدی

- جایگاه باباطاهر درعرفان و ادب سرزمین اش تقدیم به استاد پرویز اذکایی

نگارنده: حسین زندی

- گذری بر ابعاد مختلف شخصیتی و شعری باباطاهر (مژگان قانعی دیلمی- سمانه غلامی)

- باباطاهر لر همدانی، روایتی دیگر از مانی اسطورەای است جواد مفرد کهلان

- لرستان، سرزمین افسون بهمن توتونچی سفندجی

**بەشی کرمانجیی**

- Ji Berpirsiyrên Mihricana-BabaTahirê Uryan Re: silemani/ Kurdistana Federal. Bawê Tahirê Uryani Abdusamet Yigit.

**٩. زیاتر لەو کتێب و بەرهەم و باس و توێژینەوانەی، کە ناومانبردوون و باسمانلێکردووە، لە ماوەی ئەم چل-پەنجا ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێک وتار و بابەت و لێکۆڵینەوەی دیکە لە بارەی بابەتاهیر و دووبەیتییەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەم شێوەیە:**

٩. ١. شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٧٧، بابەتاهیری هەمەدانیی مەشهوور بە عوریان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا. پێشتر لە بەرگی پێنجەمی ١٩٧٧ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوبووەتەوە.

٩. ٢. لوقمان لهۆنیی، ١٩٩٨، بابەتاهیر و هەندێک بیروڕای نوێ، گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە (٣).

٩. ٣. حەکیم مەلا سالح، ٢٠٠٠، بابەتاهیری هەمەدانیی و تێڕوانینێکی دی،

گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٤١)، هەولێر.

٩. ٤. عەلی بەرزنجیی، ٢٠٠٠، چوارییەنەکانی بابەتاهیر بە زمانی ئوردوو، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٩٥)، (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە).

٩. ٥. ڕۆڤار، ٢٠٠٦، بابەتاهیری عوریان - یەکەمین چراوگی شیعری کوردیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی.

٩. ٦. فەهمی کاکەیی، ١٩٩١، بابەتاهیری عوریان، ژیانی و... لێکدانەوەی چەند چوارینیەیەک لە شیعرەکانی بە پێی بیروڕای ئاینی یارسان، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە (١١)، سوید. هەمان ئەو بابەتەی نووسەر لە سێ ئەڵقەدا لە گۆڤاری (سروە)، ژمارەکانی (٩٠، ٩١، ٩٢)دا، ساڵی (٩)، ١٩٩٣/١٣٧٢ دوبارە بڵاوکراوەتەوە. ئەم بابەتە بۆ جاری سێیەم لە گۆڤاری (نەوشەفەق، ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٣)دا لە ژێر ناونیشانی (بابەتاهیری عوریان، ژیانی و لێکدانەوەی چەند چوارییەنەیەک لە شیعرەکانی) چاپ و بڵاوبووەتەوە.

٩. ٧. ناسر حیسامیی، ٢٠١٢، بابای سووتەدڵان، ژیانی، بەرهەمەکانی، باوەڕی، گۆڤاری K21، ژمارە (١٦)، ب[٢]، هەولێر. هەمان ئەو بابەتەیە کە لە فێستیڤاڵی بابەتاهیری لوڕیی هەمەدانیی، لە سێلێمانیی پێشکەشکراوە و دواتر لە گۆڤاری (لوڕ)، ژمارە (٢)، ٢٠١٠دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٩. ٨. باقی شەفیعیی (سەیاد)، ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، دیوانی بابەتاهیر بە هەورامیی، چاپی سنە.

٩. ٩. مامۆستا جەعفەر (فازل کەریم)، ٢٠١٥، باباتاهیری هەمەدانیی، سەرەداوەکانی ئەفسانە و ڕاستیی، گۆڤاری (ژین)، ژمارە (٧)، سلێمانیی.

٩. ١٠. خالید مەنسووریی، ١٩٩٦/١٣٧٥، بابەتاهیری هەمەدانیی و زمانەکەی، گۆڤاری (سروە)، ژمارە (١١٨)، ساڵی (١٢)، ورمێ.

٩. ١١. نیعمەت زەحمەتکێش، ٢٠٠٧/١٣٨٦، بابەتاهیر و چوارییەنە کوردییەکانی، گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٧٩)، مەهاباد.

٩. ١٢. هاشم عاسی کاکەیی، ٢٠٠٧، بابەتاهیری دین یار و یاری نادیار، گۆڤاری (کەرکووک ٣٢)، ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٧.

٩. ١٣. پ. د. ڕەفیـــق شـــوانیی، ٢٠١٦، لێکـــۆڵینەوەی جۆراوجـــۆری زمانناسـیی، وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی، بەڕێـوەبەرایەتیی گەیانـدن و چـاپ و بڵاوکـردنەوەی هەولێـر. مامۆسـتای نـاوبراو لەم کتێبەیـدا لێکـۆڵینەوەیەکی زانسـتیی فراوانـی بە ناونیشـانی (کوردبـوونی شـاعیرێتیی بابەتـایەری هەمەدانیـی بە پێـی زمـانی شـیعرەکانی) زیـاتر لە پەنجـا لاپەڕەدا بڵاوکردووەتەوە. سەردێڕ و بڕگە و بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە بەم جۆرەیە:

- پێشەکیی.
- ڕونکردنەوە.
- هەوڵی گۆڕینی شیعرەکانی بابەتاهیر.
- بەڵگەی کوردبوونی بابەتاهیری هەمەدانیی.
- زمانی شیعریی بابەتاهیری هەمەدانیی.
- کرتانی مۆرفێمی کاتی فرمان لە شیعری بابەتاهیردا.
- کرتان و بەکارنەهێنانی نیشانەی بەردەوامیی.
- دیاردەی گۆڕانی دەنگ و نیشانە لە شیعرەکانی بابەتاهیردا.
- گۆڕانی نیشانە ڕێزمانییەکان لە شیعری بابەتاهیردا.
- جێناوی نیشانە لە شیعری بابەتاهیردا.
- بەکارهێنانی ڕاناوە کەسییە سەربەخۆکان.
- نیشانەی ئاوەڵفرمانی نەرێ لە شیعری بابەتاهیردا.
- پەراوێز و سەرچاوەکان.

٩. ١٤. هـەردەوێڵ کاکـەیی، شـاعیر و نـاودارانی کاکـەیی، چاپخانـەی ڕۆشنبیریی و لاوان، هەولێر، ١٩٩٠.

نووسەر لەم کتێبەدا چەند لاپەڕەیەکی بۆ بابەتاهیر تەرخانکردووە، باس لە ڕێکەوتی لەدایکبوون و کۆچیدوایی بابا دەکات وەک لە دوو سەرچاوەدا هاتوون. پاشان لە پەیوەندیی نێوان (شاخوشینی لورستانی، ١٠١٦-١٠٧٥ز) دەدوێت، ئەم چیرۆک و سەربردەیەیش دەگێڕێتەوە، کە تایبەتە بەو دیدەنیی و سەردانەی نێوان بابا خۆشین و موریدان و سوارەکانی بۆ یانەی بابەتاهیر لـە هەمـەدان. ئـەنجا باسـێک لـە هـۆگریی نێـوان (فاتمـە لـوڕە) و بابـایش

دەهێنێتەگۆڕێ. تا ئەوەی دەڵێت بابا بە یەکێک لە کەڵەشاعیرانی هەرە گەورەی کورد دێتەژمارە، هۆنراوەکانی کە بە شێوەی دووخشتەکییە بە شێوەزاری لوڕیی هۆنراوەتەوە. بابە جگە لە هۆنراوەکانی دوو کتێبیشی هەیە بە ناوەکانی (کلمات قصار) و (الفتوحات الربانی فی اشارات الهمدانی). هەروەها دەڵێت بە پێی لێکۆڵینەوەی هەندێک لە مامۆستایان و خۆرهەڵاتناسان، بابەتاهیر کەسێکی لوڕ و لوڕستانیی بووە و لە هەمەدان دانیشتووە و بە ناوی بابەتاهیری هەمەدانییەوە ناو و ناوبانگی دەرکردووە و زۆربەی هۆنراوەکانی بە شێوەی لوڕیی داڕشتوون، لە دواییدا نووسەر ئەو سەربردەیەیش دەهێنێتەوە کە لە نێوان سوڵتانی سەلجووقیی (توغرووڵ بەگ) و بابادا ڕویداوە، وەک چۆن لە کتێبی (راحة الصدور)ی (راوندی)دا هاتووە.

لە کۆتاییدا دوو بەندی لە دووبەیتییەکانی بابای بە نموونە هێناوەتەوە و بە کورتییش واتاکانی لێکداونەتەوە.

٩. ١٥. لە کتێبی (وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست، م.ب.رۆدینکۆ، ٢٠٢٠، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانیی: لەم بەرهەمەدا و لەو بەشەی کە بۆ(سۆفیزم) تەرخانکراوە، کە دێتەسەر پەیدابوونی سۆفیزم و تەریقەتەکانی لە کوردەوارییدا، لایەک لە بابەتاهیر دەکرێتەوە وەکو هەوەڵین شاعیرێکی کوردی سۆفیی، کە بەرهەمەکانی لە بەردەستدان. باسەکە سەرەتا پرسی کوردبوونی بابەتاهیر و زمانە شیعرییەکەی گەنگەشەدەکات، وەک چۆن لە لای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان هاتووە و گومانی خراوەتەسەر، پاشان دێتەسەر ژیاننامە بابەتاهیر و چیرۆکە ئەفسانەییەکەی (أمسیت' کردیا واصبحت' عربیا) لە پاڵ چەند سەربردەیەکی دیکە لەمەڕ بابەتاهیر دەگێڕێتەوە. پاشان کە دێتەسەر دووبەیتییەکانی و شیکاریی بیری سۆفیانە لەو شیعرانەدا دەکات و درێژەپێدەدات، تا لە کۆتاییدا دەڵێت: "زمانی شیعریی بابەتایەر سەرنجڕاکێشە، ڕەوانە و زۆرلەخۆکردنی پێوە دیارنییە، هەموو کەس تێیدەگات. فۆڕمی شیعرەکانی چوارینەیە، سەرواکەی (أ أب أ)یە،

کێشەکەیشی (هزج مسدس محذوف)ـە و هەمیشە ڕەچاودەکرێت و بەم جۆرەیە:

ب_ _ _/ب _ _ _/ب _ _

شیعرەکانی بابەتایەر مۆرکی درەوشاوەی شاعیرێتیی ئەویان پێوەیە، لە هەموو چواردێڕێکیدا هەمیشە هەست بە تایبەتمەندیی شاعیرانەی ئەو دەکەین، سۆفیی، دەروێش، کە پشتی لە هەموو شتێکی دنیا کردووە" (ڕۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٧٦).

٩. ١٦. ڕزگار جەباریی، هاوڕێی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری دەستخەتناسیی و کتێبخانە و ئارشیفە کۆنەکان. وتارێکی لە (گۆڤاری کاروان، ژمارە٢٥٣، بەهاری ٢٠٢٣)، لە ژێر سەردێڕ و ناونیشانی (شیعری تازەدۆزراوەی باباتاهیر)دا بڵاوکردووەتەوە، تێیدا باس لەوە دەکات کە لە کۆپە و پەراوێز و گۆشە و کەناری گەلێک لە سەرچاوە و کەشکۆڵ و دەستخەتەکاندا شیعر و بەرهەمگەلێک لە (دووبەیتیی و پارچە و غەزەل)، کە بە ناوی باباتاهیرەوە تۆمارکراون بەرچاودەکەون، کە هەندێکیان بە دەستکاریی و جیاوازییەوە لە چاپ و دیوانە بڵاوکراوەکانی بابەتاهیردا هەن و هیی وایشیان تێدایە کە بۆ یەکەم جارە بەرچاودەکەون، وەلێ بۆ دڵنیابوون لەو تێکستە تازەدۆزراوانە، ئەوا پێویست بە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. وتارەکە زانیاریی جۆراوجۆری زۆری لە بارەی بابەتاهیر و زادگە و دووبەیتییەکانیەوە ئەوەی لەخۆگرتووە، کە لەوان شوێن و جێگە و چاوگە کەونانە و مێژووییانەوە هاتوون. لە کۆتاییشدا ئاماژە بۆ پۆلێک لە فەهلەویاتەکانی بابا کراوە، کە لە چاپ و دیوانەکانیدا نیین و بۆ یەکەم جارە بڵاودەکرێنەوە.

**١٠. دەستەیەک لە نووسەر و توێژەرانی کوردستانی باشوور، باس و بابەتیان بە زمانی عەرەبیی لەمەڕ بابەتاهیر و بەرهەمە شیعرییەکانیەوە چاپ و بڵاوکردووەتەوە. پێمان باش بوو لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:**

١٠. ١. محمەد البدري، ١٩٦٩، رباعيات باباطاهر الهمداني، بغداد.

نووسەر لەم کتێبەدا لە پاڵ باسی ژیان و بەسەرهات و سەردەمی

بابەتاهیر بە کوردیی (٣٨٧) چوارییەنەی بە شیعر وەرگێڕاوەتەسەر زمانی عەرەبیی.

- محمەد البدري، ١٩٨٠، قراءة في رباعيات باباطاهر، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٥٨)، بغداد.

- هەیاس کاکەیی لە کتێبەکەیدا (بابەتاهیری هەمەدانیی، ل: ٦٠)دا دەڵێت: هەروەها پێش ئەویش (مەبەستی محەمەد بەدری)یە، شاعیری خوالێخۆشبوو (ساڵح نەجەفیی) هەندێک لە چوارینەکانی بابای وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبیی.

١٠. ٢. هياس كاكەيى، ١٩٩٦، وقفة على الانتماء القومي للشاعر والمرشد اللاهوتي باباطاهر الهمداني، جريدة (خەبات)، العدد (٨٢٦).

١٠. ٣. حسين احمد الجاف، ٢٠٠٢، الشاعر الكردي باباطاهر الهمداني- لمحات من حياته وآثاره الشعرية والتصوفية، مجلة المجمع العلمي العراقي- الهيئة الكردية، العدد (٢٩-٣٠)، بغداد.

١٠. ٤. ادريس عبدلله، ٢٠٠٦، باباطاهر الهمدانى، مجله(رۆڤار)، العدد (٣٨)، السليمانية.

١٠. ٥. حمدى عبدالمجيد السلفي-تحسين ابراهيم الدوسكى، ٢٠٠٨، معجم الشعراء الكرد- باباطاهر العريان الهمدانى، دار سپيرێز للطباعة و والنشر، دهۆک.

## ١١. بابەتایەرناسیی بە زاری کرمانجیی و ڕێنووسی لاتینیی

لە کوردیی شێوەزاری بادینانی کوردستانی باشوور، لەگەڵ ئەوەی لە دوای ساڵانی نەوەدەوە (١٩٩٠) تاوەکو ئەمڕۆ بزاڤ و جووڵانەوەیەکی ڕووناکبیریی بەرچاو لە ئارادایە و بزوتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان برەوی زۆری هەبووە، بەڵام مخابن بەندە شتێکی وام بەرچاونەکەوتووە لەمەڕ ژیان و بەرهەمی بابەتاهیرەوە چاپ و بڵاوکرابێتەوە تەنها ئەم دانەیان نەبێت:

- مەلا خەلیل سلیمانیی (مشەختی)، چار بەندێن باباتاهیر- بەکرمانجیا

ژووری، چاپخانا زاگرۆس، میدیا، سوید، ١٩٩٩.

ڕەنـــگە هیـــی دیکـــەش بووبێـــت و هەیشـــبێت، بەڵام ئـــێمە چاومـــانپێینەکەوتووە. چەنـد کارێـک شـکدەبەین کە بە زاری کرمـانجیی و ڕێنووسی لاتینیی لەمەڕ بابەتایەرەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەم شێوەیە:

١١. ١. د. ئەبـدوڕەحمان ئەداک، ٢٠١٤، دەسـپێکا ئەدەبیاتـا کـوردی یـا کلاسیک، چاپا دوهەم، نوبەهار، ئیستانبۆل.

لە بەشی (B) و لە ژێر ناونیشانی ناڤەندێن ئەدەبی یێن دیالێکتێن کوردی (ل: ١١٥)، بەشێکی لاوەکیی هەیە بە ناونیشـانی بـن بەشـا یەکەم، ئەدەبیاتـا کوردیـا لـوڕی-باباتـاهیرێ عوریـان (ل:١٢٠-١٣٢)، ئەم بەشـە لاوەکیـیە سەبارەت بە بابەتاهیر ئەم بڕگە و بابەتانەی گرتووەتەوە:

١. ژیانا وی: ا. کونیەیا وی. ب. سەردەما وی.

١. ١. تێکەلیا باباتاهیر ب یارسانێ ڕا.

١. ٢. بەرهەمێن بابا تاهیر.

ا. کەلیماتول قیسار

ب. دووبەیتێن باباتاهیر:

١. بیبلۆگرافیایا دووبەیتیان.

١. ١. نوسخەیێن دەستخەت یێن دوو بەیتیان.

١. ٢. نوسخەیێن چاپکری یێن دووبەیتیان.

٢. زمانێ دووبەیتیان.

٣. ناڤەرۆکا دووبەیتیان.

c. غەزالێن باباتاهیر.

١١. ٢. فەقێ حوسێن ساگنیج، ٢٠٠٢، دیرۆکا وێژەیا کوردی، ئەستەمبۆل.

بـاس و بـابەتی بابەتـاهیر و شـیعر و بەرهەمـی، کە لە بەشـی یەکەم دەسـتپێکی ئەم سـەرچاوەیەدا هـاتوون هەمـان ئەو بـاس و بـابەت و زانیارییـانەن، کە لە بەرگـی یەکەمـی مێـژووی وێـژەی کـوردیی (د. سـەدیق بۆرەکەیی/ سـەفی زادە)دا هـاتووە، بە هەنـدێک دەسـتکاریی و داڕشـتنەوەی تازەوە. واتە زانیارییەکان هەموویان دوبارەن، بەڵام بۆ خوێندەوارانی کورد

له کوردستانی باکوور دیاره سەرچاوەیەکی باش و تازە و بەسوودە.

١١. ٣. له بڵاوکراوەی "ڕۆڤار، ژماره (٣٨)، ساڵی ٢٠٠٦"دا وتارێک هاتووه سەبارەت بە بابەتاهیر و هەندێک لە دووبەیتییەکانی، وتارەکە بە لاتینیی نووسراوه و ئەمەیش ناونیشانەکەیەتی: بابەتاهیر هەمەدانیی (٩٣٥-١٠١٠)، چەند نموونە ژ چارینێن هەمەدانی.

(بە ئەداپتاسیۆنا کرمانجی یاکو ژئالی بەشیر بۆتانی ڤەهاتیەکرن).

١١. ٤. قەدری یەڵدرم، ٢٠١٣، ئەسپیدە بازێ هەمەدانی- باباتاهیرێ عوریان، ئاڤێستا، ئیستەمبۆڵ.

کتێبێکی گشتگیری کوردیی-لاتینیی و تورکییە، بە درێژیی لە سەر ژیان و شیعرو بەرهەم و ڕێ و ڕەچەڵەکی بابەتاهیر وەستاوە، دواتر (٢٩٢) چوارییەنەی بابەتاهیری بە شێوازەکانی: لوڕیی، هەورامیی، کرمانجیی و تورکیی هێناوەتەوە.

١١. ٥. سەباح کارا، ٢٠١٢، دووبەیتیی بابەتاهیرێ عوریان، نوبەهار، ئەستەمبۆڵ.

لە ژێر ناونیشانی (کلاسیکێن کوردیی)، لە وەشانخانەی (نوبەهار)، ساڵی ٢٠١٢، چاپی سێیەمی ئەم بەرهەمە بڵاوبووەتەوە. لە پێشەکییدا کورتەباسێک هاتووه بە ناونیشانی، بابەتاهیرێ عوریانی هەمەدانیی و دووبەیتیێن وی. پاشان گۆڕینی دووبەیتییەکان دەستپێدەکات. لە لاپەڕەیەکدا چەند دووبەیتییەکی دیوانی باباتاهیر/ چاپی وەحیدی دەستگردیی وێنەیان هێنراوەتەوە، لە لاپەڕەی بەرانبەریشدا دووبەیتییەکان بە کرمانجیی و بە لاتینیی هاتوون. لە کۆتایی کتێبەکەدا دەستنووسی (نوسخەی کتێبخانەی ئەزمیر)ی دیوانی دووبەیتییەکانی بابەتاهیر هێندراونەتەوە و جیاوازییەکانی لەگەڵ نوسخەی دەستگردیی دەستنیشانکراون. کتێبەکە لە کۆدا لە (٢٨٠) لاپەڕە پێکهاتووه.

١١. ٦. د. پەرویز جیهانیی، ٢٠٢٣، دووبەیتیێن باباتاهیرێ هەمەدانی. ئیستانبۆڵ.

له ژێر ئەم ناونیشانەدا وەشانخانەی (نوبەهار) لە ئیستامبۆڵ چاپی یەکەمی ئەم بەرهەمەی بڵاوکردووەتەوە، کە بریتییە لە بەکرمانجییکردنی (٣٣٦) دووبەیتیی بابەتاهیر و چاپ و بڵاوکردنەوەیان بە ڕێنووسی لاتینیی. کارەکەی د. پەرویزی جیهانییش لە سەر بنەمای دووبەیتییەکانی باباتاهیر- چاپی وەحیدی دەستگردیی دامەزراوە.

## چەند وتەی کۆتایی

لە نـــاو نووســـەرانی بێگـــانەدا هیـــی وا هەن، کە بەڕاشـــکاویی دان بە کوردبـوونی لـوڕ و کوردییبـوونی شێوەزارەکەشـیان، واتە شـێوەی لوڕییـدا نـانێن و زیـاتر بە لای نەتەوەی (فـارس)دا دایاندەشکێننەوە، یـان لە باشـترین حاڵەتدا دەڵێن (لوڕ) گەلێکی سەربەخۆن و بە لای کورد و فارسدا ناشکێنەوە. بەشێکیش لە توێژەر و مێژوونووسە ئێرانییەکان لە ڕوانگەیەکی شـۆڤینیزمی فارسییەوە بۆ مەسەلەکان دەڕوانن و دان بە ڕاستییەکاندا نانێن.

لە نـاو ڕۆژهەڵاتناسـەکاندا کەسـانی وەک (ئەدوارد بـراون، مینۆرسـکیی، ئوسکارمان) گومانیان لە کوردبوونی لوڕەکان هەبووە. تەنانەت هەریەک لە مینۆرسکیی و ئۆسکارمان (زاری گۆران)یش وەکو زارێکی سـەر بە زمـانی کوردیی سـەیرناکەن و دەڵێن لقێکە لە زمـانی فارسیی، لە کاتێکدا زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناســــــەکان و جوگرافیی_ناســــــەکانی عەرەب و عەجەم دان بە کوردبوونی لوڕەکاندا دەنێن و لوڕستانیش وەکو بەشێک لە خاکی کوردستان دەناسـێنن، لە بیانییەکـان خەڵکانی وەکو (کلۆدس جیمس ڕیچ، لیدل هـارت، ڕاوولف...)، لە عەرەبەکانیش زانایانی وەکو (ئیبن بەتووتە، المسعودي، ئیبن قـوتەیبە و تەبەری و...) لوڕەکـان بە ڕەچەڵەک وەک بەشـێک لە گەلـی کـورد دەناسێنن (الگورانی، ١٩٧٤، ١٠٨).

لە نـاو نووسـەرانی کورددا دکتـۆر کەمـال فوئـاد و نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، بە گومـانەوە لە کوردبـوونی (لوڕەکـان) و زمانەکەیـان دەڕوانـن، بە تایبەتییش ئەو بەشەیان کە بە (لوڕی گەورە) دەناسرێت. د. کەمـال فوئـاد لەو بارەوە دەڵێت: "لە ڕووی ڕێزمانەوە (لوڕیی) بە زمانێکی (ئێرانیی باشووریی-ڕۆژئـاوایی) دادەنرێـت، بەڵام (فارسـیی) نیـیە، بەڵکـو زمـانێکی سـەربەخۆیە. بەشـی یەکەمیـان (بەختیـاریی) وەکـو لە ڕووی زمـانەوە (کـوردیی) نیـیە، خۆیشیان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد نـازانن" (فؤاد، ١٩٧١، ٦). هەروەهـا لەمەڕ بابەتـاهیریش ڕای خـۆی بەم شـێوەیە دەردەبڕێـت: "هەنـدێک لەو بـاوەڕەدان، کە چوارینەکـانی (بابەتـایەری عوریـان)، کە لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی یانزەهەمـدا ژیـاوە، سـەرەتان بـۆ ئەدەبـی کـوردیی، هەر کەسـێک

نەختێک ئاشنای زمانی فارسیی و زمانی کوردیی بێت و سەرنج لەو چوارییانە بدات، بە ئاسانیی بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو چوارییانە بە هەموو ئەو شێوانەی ئێستا لە بەردەستدان لە فارسییەوە نزیکترن تا کوردیی، لەبەرئەوە ناتوانرێت بکرێت بە سەرەتا بۆ ئەدەبی کوردیی، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدەی یانزەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم، هیچ جۆرە ئەدەبێکمان بەو شێوەیە بەرچاوناکەوێت" (فؤاد، ١٩٧٤، ١٨). لە ڕاستییدا د. کەمال فوئاد زیاتر لە ژێر کاریگەریی بیرورایەکانی (ئۆسکارمان) و (مینۆرسکیی)دا بووە، بۆیە بەو قەناعەتە گەیشتووە. ئەو لێکۆڵینەوە تازانەی لەمەڕ زمان و ئەدەبی لوڕییدا ئەنجامدراون، تا دەگاتە زمان و ئەدەبی بابەتاهیریش، بەرپەرچی بیروبۆچوونەکانی ناوبراویان بە تەواوەتیی داوەتەوە.

لەم سالانەی دواییدا بەڕێز (نەوشیروان مستەفا ئەمین)یش بۆچوونێکی نزیک لە بیروڕای د. کەمال فوئاد دەربڕیوە و لەمەڕ (سەرەتاکانی ئەدەبی نووسراوی کوردی)یەوە دەڵێت: "هەندێک لەوانەی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردییدا خەریکبوون، هەوڵێکی زۆریان داوە کوردبوونی بابەتاهیر و ڕوباعییەکانی بسەلمێنن. وشەکانی بابەتاهیر لە ڕوباعییەکاندا بەکاریهێناون زۆری لە کوردیی ناچن، ئەوانەیشی کە لە کوردیی دەچن یان نزیکن لە کوردییەوە، ئەوانەن کە هاوبەشن لەگەڵ زمانی فارسیی. جگە لەمانە گۆڕینی سەرچاوەکانی وشە بۆ کردار، لەگەڵ ڕێزمانی هیچ کام لە لەهجەکانی کوردییدا ناگونجێن. تەنانەت ئەگەر بابەتاهیر ساخبووەوە کە کوردە و چوارییەکانی هەمووی کوردیی بن، هێشتا گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ ئەدەبی کوردیی نییە، چونکە:

یەکەم: دابڕانێکی درێژ و قووڵ لە نێوان ئەو و شاعیرانی کوردی دوای ئەو هەیە.

دووەم: هیچ کاریگەرییەکی بابەتاهیر لە سەردەمی خۆی و لە سەردەمی دوای ئەویشدا لە ئەدەبی ئاینی یارسان و لە ئەدەبی گۆراندا بەدیناکرێت، بە تایبەتیی لە ڕووی:

- لاسییکردنەوەی قاڵبی شیعرەکانی، کە ڕوباعییە و لە بەحرەکانی

عرووزە.

- لاساییکردنەوەی زمانی هۆنینەوەی شیعرەکانی، کە بە لەهجەی گۆران نییە.

پێناچێت هیچ کام لە شاعیرانی هەورامان بابەتاهیریان خوێندبێتەوە، یان بیستبێت، لە کاتێکدا کاریگەریی شاهنامەی فیردەوسیی، خەمسەی نیزامیی گەنجەویی، مەسنەویی مەعنەویی مەولانای ڕۆمیی، دیوانەکانی حافزی شیرازیی و سەعدیی و... هتد، لە ئەدەبی گۆراندا دیار و بەرچاون" (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٢٨).

لە بارەی زمانی شیعریی باباتاهیر و شێوەزارەکانی دیالێکتی کوردیی خواریین (لوڕیی، کەلهوڕیی، بەختیاریی، مامەسەنیی، کۆهگیلوییی)ەوە، ئەوە دەبێت زمانەوانەکان ڕای کۆتایی لەو بارەوە بدەن، کە ئایا گرماتیکی وشە و کردار و پێکهاتەکانی زمانی شیعریی بابەتاهیر و شێوەی لوڕیی، لەگەڵ بنچینەکانی ڕێزمانی کوردییدا دەگونجێن یان نا.

لەمەڕ گرنگیی بابەتاهیر و ئەو دابڕانەیش کە باسدەکرێت، ئەوە لە کەمیی زانیاریی و سەرچاوە و ئەو لێکۆڵینەوانەوە دێت، کە لەمەڕ بابەتاهیر و شیعر و بەرهەم و سەردەمەکەیەوە لە بەردەستدابوون، کە لە ئێستادا بە ئاڕاستەیەکی سەدوهەشتا پلە فەرقیکردووە.

فۆڕمی شیعری بابەتاهیر، کە بە (فەهلەویات) دەناسرێت بووەتە سیمای قۆناغێکی ئەدەبی دێریینی تایبەت و جیاواز لە مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییدا، کە دەیان شاعیری کوردی فەهلەویی وێژی کۆن و دێریینی لە ژێر چەتری خۆیدا کۆکردووەتەوە، کە هەتا دوێنێ گومناو و نەناسراو بوون، یان بە فارس و ئازەریی و عەجەمیی دەدرانەقەڵەم. لەمەڕ پەیوەندیی بابەتاهیریش بە (گۆران و هەورامیی) و (یارسانەوە)، ئەوە سەرنجێکی ئەدەبیاتی ئاینی یارسان و کتێبی سەرەنجام دەردەخات، کە بابەتاهیر یەکێک لە پیرەکانی یارسان و خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بڵندیش بووە لە ناویاندا و کۆمەڵێک (سروود) لە (سەرنجام) بە شێوەی (گۆرانیی - هەورامیی) تۆمارکراون، کە لە پلەیەکی ئاینیی پیرۆزدان.

مەسەلەی بەعەرووزدەرهاتنی دووبەیتییەکانیشی، ئەوە تا ئێستا جێگای گومـان و گەنگەشــەیە و بەنـدە دەمـێکە لەو بـڕوایەدام، کە دووبەیتییــەکانی بابـەتاهیر لە ئاکـامی دەسـتتێوەردان و گۆڕانکـاریی و لەقاڵبـدان بە درێژایـی ڕۆژگار بوون بە عەرووزیی، دەنا لە توێژەر و زانا ناودارەکانی ئیرانیی لە وێنەی (شەمسی قەیسی ڕازیی) و (خانلەری)یش لەو بڕوایەدان، کە بەشێک لە دووبەیتییەکـانی بابەتـاهیر، نـاچنە چوارچێـوەی پێوەرەکـانی عەرووزی عـادەتییەوە. ئەمە لە لێکـۆڵینەوەکەی هاوکارمـان (د. ئاببـاریکی)دا قسـەی لە سـەر کـراوە، کە دووبەیتییەکـانی بابەتـاهیر لە ئێسـتادا شـێوەی عەرووزیـان بەسەرداسـەپاوە! نابێـت ئەوەش نادیـدەبگیرێت کە یەکەمـین مێژوونووسـی کـورد (ئەمیـر شـەرەفخانی بتلیسـیی)، لوڕەکـانی لە ڕیـزی یەکێـک لە چـوار تایفەکـانی کـورد ئەژمـارکردووە. هەروەهـا لە دوای ئەویـش مێژوونـووس و زانایانی کورد لە وێنەی: محەمەد ئەمین زەکی بەگ و عەلی سەیدۆ گەورانیی و توێژەرانی بواری مێژوونووسیی ئەدەبیی کوردیی، عەلادین سەجادیی، د. مارف خەزنەدار، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. سەدیق بۆرەکەیی، قەناتی کوردۆ و... هتد، هەموویان بابەتاهیریان بە کورد و زمان و شیعرەکانیشیان بە کوردیی داوەتەقەڵەم. لە ئێستادا مەسەلەکان لە گومان دەرچووە، هەر بۆ نمـوونە مێژوونووسـی بەرجەسـتەی ئیرانیـی (المسـتوفي القزوینـی) لە کتێبە ناودارەکەیـدا (تـاریخ گزیـدە)، مێژوونووســی عوسـمانیی نـاودار (ئەحـمەد جەودەت پاشا) لە کتێبی (مێژووی جەودەت پاشـا)دا دان بە کوردبوونی لوڕ و کوردسـتانییبوونی لوڕسـتاندا دەنێن. سـەبارەت بە زارەکەشـیان لە بەرگـی پێنجەمی، ژمـارە (٣٤)ی ئینسکلۆپیدیای تورکییدا Turk Ansiklopedisi هـاتووە: هەنـدێک لە زانایـانی زمـان پێیـانوایە کە دەکرێـت لـوڕیی و بەختیـاریی هەردووکیـان بە یەکێک لە شـێوەزارە کوردییەکـان بـدرێنەقەڵەم، وەک چـۆن ئەوان زۆر لە کۆمەڵەی شێوەزارە باشوورییەکانەوە نزیکن (الگورانی، ١٩٧٤، ١١٣).

لەم دواییـانەدا کۆمەڵێـک سـەرچاوەی بەپێـز و زانسـتیی کەوتـونەتە کتێبخانەی کوردییەوە، لەوێنەی:

- د. اسماعيل قمندار، ٢٠١٤، دراسه اللهجات الكردية الجنوبية، مكتبة عدنان للطباعة و النشر. نامەی دکتۆرای زانا و زمانناسی ناوبراوه، ١٥ ساڵ کاری له سەر کردووه، له بنەڕەتدا بە فەرەنسیی نووسیویەتی و پێشکەش بە زانکۆی سۆربۆنی کردووه، دواتر هەر خۆی له (١٠٤٠ لاپەڕەدا) کردووەیەتی یه عەرەبیی و له بەغدا لەچاپیداوه.
- ئیدریس پیری، ٢٠٢١، کوردانی لوڕ و بەختیاریی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی.
- أ.د.خطاب اسماعيل احمد و أ.م.د.توفيق رشيد يوسف، ٢٠٢٣، أتابكية لرستان الكردية من خلال رحلة ابن بطوطه، الدول والامارات الكردية فی العصرين الوسيط الحديث، مركز زاخو للدراسات الكردية، جامعة زاخۆ.
- رامين گارا، ٢٠٢٢، طوفانی آرام برستيغ زاگرس (تاريخ لرستان)، مركز انتشارات پژاک.

دیاره لەم ساڵانەی دواییدا له وێب سایتەکان و له سەر ڕووی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت، زۆر باس و بابەت لەمەڕ ژیان و سەربردەی بابەتاهیر و شیعر و بەرهەم و دووبەیتییەکانی نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. هەروەها ڕەنگە وتار و نووسینی دیکەیش هەبن و له گۆڤار و پەخشننامەکاندا چاپ و بڵاوبووبێتنەوه، بەڵام ئێمە ئەوەی لێرەدا هێناومانەتەوه و تۆمارمانکردوون و ناومانبردوون، ئەوانەن کە پێمانزانیون و بینیومانن و دەستمانکەوتوون.

لەو لایەنەوە داوای لێبوردن دەکەین و کورد گوتەنی لەگەڵ نەزانیندا هیچ ناکرێت، هەر بۆیە ئەوەی شکمانبردووه و دەستمانکەوتووه، لە بابەتی بابەتاهیرناسیی کوردییدا لێرەدا خستوومانەتەڕوو.

**سەرچاوەکان**


١. أنكائى، پرويز، باباطاهرنامه، ١٣٧٥، انتشارات توس، تهران.

٢. أ.م. (ئەحمەدی موفتی زادە)، ٢٠١١، ویژەی کوردستان-بابە طاهر، ڕۆژنامەی کوردستان(تاران)، ب[١] ب[٢]، بنکەی ژین، سلێمانی.

٣. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، لبنان.

٤. براون، ادروارد جرنفيل، ١٩٥٤، تاريخ الادب فى ايران-من الفردوسى الى السعدى، نقله الى العربية، الدكتور ابراهيم أمين الشواربي، مطبعة السعادة بمصر.

٥. خەزنەدار، د.مارف،٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی. کوردی، ب[١] دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. ڕۆدینکۆ، م.ب.، ٢٠٢٠، وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٧. ڕەسول، د.عیزەدین مستەفا، ٢٠١٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٨. زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، کوردی بەناوبانگ-باباطاهر، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧)، ساڵی یەکەم، ١٩٤٠، بەغدا.

٩. سجادی، علاء الدين، مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٥٢، چاپخانەی مەعاریف-بەغدا.

١٠. سجادی، علاءالدين، ١٩٦٨، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف-بەغدا.

١١. سجادی، علاءالدين، ١٩٧٨، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری-بەغدا.

١٢. فوئاد، د. کەمال، ١٩٧١، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری (زانیاری)، ژمارە(٤)، بەغدا.

١٣. فوئاد، د. کەمال، ١٩٧٥، چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە(١٢).

١٤. الگورانی، على سيدو، ١٩٧٤، اللرولرستان، مجلة المجمع العلمى الكردي، المجلد/٢، العدد/٢، بغداد.